



Raman

# ڕامان RAMAN

138

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی سێزدە/ تشرینی دووەم ٢٠٠٨



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


● **دەق**

– گەلا تینووەکانی باران/ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ 3
– لە کوێی/ ڕێبین ئەحمەد خدر/ 5
– مە دەستی خوە ب کار ئانی، پێشییێ/ ڕۆژەن بارناس/ 7
– ئولفەت/ هێدی هیدایەت/ 9
– فڕین/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 10
– ڕۆچوون بە ڕۆشناییدا/ سەعید سلێمانی/ 13
– پشکنین/ شەپۆل مەجیدپوور/ 19
– هێڤی/ کامیران حاجۆ/ 21
– تیرۆر کرام/ فەرهاد پیربال/ 23
– هەروەک چاڵێک/ لە فارسییەوە: د. هیمداد حوسێن/ 25

● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار (سەردار سنجاوی)/ ئا: تاریق کارێزی/ 28

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– دەستنووسە تازە دۆزراوەکەی «مەم و زین»/ مارف خەزنەدار/ 50
– پوختەیەک لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری/ ئیدریس عەبدوڵڵا/ 61
– ئاستی مەرجەکانی دارشتن لە درەختی کەتناوەدا/ سالار ئیسماعیل سەمین/ 72

● **ئەزموون**

– پاریس.. نیتشە.. شەهیدی گەورە/ لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی/ 78

● **هزر و فەلسەفە**

– بەزاندنی میتافیزیک بەهۆی شیکردنەوەی لۆژیکیانەی زمانەوە/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 93
– بوون – نەبوون (خوێندنەوەیەک لەبەر تیشکی بیری چەند فەیلەسووفدا)/ فەرۆخ نیعمەتپوور/ 109

● **مێژوو**

– قشڵەی عەسکەری لە هەولێر/ عەبدولڕەقیب یووسف/ 113

● **زمانزانی**

– پێشکاری (بـ) لە تەرازووی زمانی نووسیندا/ د. شێرکۆ بابان/ 116

● **وتار**

– شیعر و هەتاو/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 121
– ئاگر لە نەورۆز و لە ئەفسانەدا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 125

● **هونەر**

– ڕیژیسۆر و کۆستوم و ئیکسسوار/ د. فازیل جاف/ 128
– گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 137
– چەند جۆرە هەڵپەڕکێیەکی دەڤەری هەورامان/ دارا محەمەد عوسمان هەورامانی/ 142

● **خوێندنەوەی کتێب**

– ڕۆژێک تا نەفخی سوور/ جەبار سابیر/ 148
– ئایینی زەردەشت/ هاشم سەڕاج/ 152
– دمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە/ سەباح ڕەنجدەر/ 156

● **زاراوەسازی**

– جۆرەکانی ئەدەب/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 158

● **ئێستێک**

– ئەدەبیاتی زارۆکانی کورد/ سەلام مەنمی/ 160

# گەڵا تینووەکانی باران

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

ڕووناکییەکی تینوو بێ ئەوەی بوەرێ
بەر عەتری باران دەکەوێ
ئاو وەک نیگایەکی هەڕەشەلێکراو
شین دەبێتەوە
لەبەرانبەر جانتایەکی پڕ یادەوەری
ئێمەش بە نیازی یەکتر لە ئامێز گرتن
لە پاڵ سێبەری زەردی بیابان
دڵمان لە دڵۆپێک ڕاست دەکەینەوە
ڕاست ڕاست
وەک باران لە دەریا پەشیمان بێتەوە.

لە کتێبی خۆکوشتندا
چوار کۆتری شین لەسەر نیگا
وەکو گەڵا
نائومێدی لەبەر دەکەن
چەشنی باران
پەشیمانی دادەکەنن
من و تۆش لەنێوان شین و پەشیمانی
دەست لە خەیاڵێکی قووڵ دەشۆین
بەرەو نادیار
لەوێ جانتایەکی پڕ یادەوەری
بەشانی بارانەوە دەکەین
دڵمان کوت کوت دەگۆڕینەوە
پێش ئەوەی بەر یەک بکەوین
وەک نیگایەکی هەڕەشە لێکراو
نغرۆی شین دەبین
جانتاکە دادەگرین

لەبەر باران گەڵا گەڵا
بەر لەوەی بە بیابانی خەیاڵدا بڕۆین
پەشیمانی دەمانگرێ
لەبەر باران



لە دڵی خۆمان دەڵێین
سەفەر چەند لە گومان نزیکمان دەکاتەوە
لە دڵی خۆمان دەڵێین
تێکەڵبووغان زەمەنێکە لە چوار کۆتری شین
بەجێما
چوار کۆتری شین
وەکو ئەوەی لە شۆڕشێکی لەناکاو
هەڵبفڕن.

دەست لە خەیاڵێکی قووڵ دەشۆین
جانتاکەمان دەکەینەوە شان
لەبری با
دڵمان بە بیابان ڕاست دەکەینەوە
چەشنی شەو
دنیا دەخەینە دەرەوەی خۆمان
دوور دەچینەوە لە باران.

بڵێ ژیان بیابانێکە
ئەگەر خەیاڵ نەبێت نیگا نیگا هەڵدەوەرێت
نیگا هەڕەشە لێکراوەکە ئاشنایی دەنوێنێ
وەک بڵێی سەعاتی دەستم هەڵە ناکا
منیش دەڵێم سەیری گەڵای باران بکە
تەنیایی دڵۆپە ئاوێ
خۆت بە باخێک بچوێنە کە واڵایە وەک بەیانی.

نیگا هەڕەشە لێکراوەکە کۆڵان کۆڵان
وەک شەو لە ئاو دەرکا
بەیانی کۆ دەکاتەوە
گوڵەکانی شەو لە ئامێز دەگرێ
ئێمەش پێش ئەوەی بەر گەڵای باران بکەوین
لە جەستەیەکی نادیار
شین دەبینەوە
شین شین
بەسەر جانتایەکی پڕ یادەوەری
لەبری ئاو
پەشیمانی دەمانگرێ
شین شین
پەشیمان دەبینەوە
لە گەڵای تینووی
باران.

٢٠٠٨/٩/٩

# لەکوێی؟

**ڕێبین ئەحمەد خدر**

کتێب فرۆشەکە دوا کتێب؛ «کۆشک»ی
کافکای فرۆشت و
دەرگای دووکانی داخست،
وەک تارماییەک.. دوو تارمایی.. سێ،
بەش بەش.. وێنەی کتێبێک
بەسەر شەقامدا ڕۆیشت،
بڕیاری دا بەدوای تۆدا بگەڕێ.

نانەواکە دوا نانی دا بە منداڵێک
بێ ئەوەی هیچی لێ وەربگرێ،
بە هەویر نووسی «سووتام»
خۆی کۆکردەوە...، وێنەی نانێک بە ترسەوە
بەدوای هەژارێک کەوتبێ،
بڕیاری دا بە دوای تۆدا بگەڕێ.



کوتاڵ فرۆشەکە دوا مەتر کوتاڵی دا
بەخاوەن پرسەیەک،
خۆی ئامادەکرد و ڕۆیشت..
وێنەی کوتاڵی جادوویی هەر جارێ و
ڕەنگێکی دەنواند،
بڕیاری دا بەدوای تۆدا بگەڕێ.

گۆڕهەڵکەنەکە دوا گۆڕی
بۆ مۆسیقا ژەنێک هەڵکەند،
بە دیاری چەند شمشاڵێکی
لەسەر گۆڕەکەی دانان،
گۆڕستانی جێهێشت
وێنەی مردووییەک..
بڕیاری دا بەدوای تۆدا بگەڕێ.

باخەوانەکە دوا ئەمامی ئاودا و
بە گوڵەکانی وت: /بۆن/ تان
بۆ دێنم و دێمەوە،
وێنەی پەپوولەیەک
بەسەر باخدا هەڵفڕی،
بڕیاری دا بەدوای تۆدا بگەڕێ.

سۆفییەکە دوا نزای ئەمە بوو:
/ خودایە ببەخشە
کە بە تەنیا جێت دەهێڵم.. ببەخشە/
دەرگای خەڵوەتگای داخست و
وێنەی درەختێکی گەڵا سپی،
بڕیاری دا بەدوای تۆدا بگەڕێ.

ئەم ناوە بە تەواوی خرۆشاوە
هەموو خەڵکی پەیان
بەجوانی تۆ بردووە،
هەریەکەو.. بەڕێگایەک..
بەدوای تۆدا دەگەڕێن.

دەمێکە ئێرە
بێ کتێب
بێ نان
بێ کوتاڵی ڕەنگاوڕەنگ
بێ گۆڕ
بێ باخ
بێ نزا و خەڵوەتگا بووە


من ڕێگای شیعرم هەڵبژارد
دەبێ بتدۆزمەوە،
یان ئێرە بێ شیعریش دەکەی؟

# مه دەستێ خوه ب کارئانی، پێشیێ

رۆژەن بارناس
(ستۆکهۆلم)

مه دەستێ خوه ب کارئانی، پێشیێ
د دەستپێکێ
دەست و لەپێن مه زەغەل
ل هەڤ وەربی
بێکێر
لێ
هێدی هێدی
ب خەباتێ
لڤین،
ڤەزەلین،
لەیستن
هێز هات وان
شارەزایی
پێکایی چێریا ل تلیان.

مه دەستێ خوه ب کارئانی، پێشیێ
و ملێن خوه
هێز،
مینا شیرکا د زیانێ
مینا ئاڤا د ڕەهێ دارا
هلکشی،
چێریا
ل مێژی
دینا بیبکێن مه کوورتر
بیناهیا چاڤان بالووپال
هلبەرین پێشڤه چوو
هلبەرین
ژ بەرێ بێتر.
ب بەرهەڤکرنێ
ب نێچیرڤانیێ، پێشیێ
ب حەدان
ب کەدی کرنا تەباییێن کووڤی
و
ب شڤانی...
ب ئافراندنا ئاگر



مە پێشیێ سفر،
قلیێ،
هەسن
ژ هناڤیێ کەڤر
دەرخست،
دیت
مە هەلاند مینا روونیێ د سیتلیێ
و ب تۆڤ کرن
ب چاندنا جەهـ،
گلگلی،
گارس،
گەنم.

مە دەستیێ خوە ب کارئانی، پێشیێ
ژیێ
مێژی خەبتی ب کوورایی
بێناهی فەرە بوو، بالووپال...
رامان
ژ کارێزا هلبەرینیێ نۆلا لەهییێ
زا.
لیستک و گۆڤەند جور ب جور
ئاواز رەنگین
ئاڤاهی
گەورە،
زراڤ،
نارین
و پیشەکار
ژ کەڤانیێ زمان
بێژەیێن مراریڕەنگ ژەنین
سترانا رێستن ب هونەرمەندی
رەوێرتن
ژ مەرمەر و پۆلا
شوونوارێن بێنا
یێن هیێ ژی ناڤدارن، ل دنیێ
ب قۆزاخی،
ب لەوەندی.

کەسی ئافرۆدیت نەدیبوو
نە کرۆنۆس،
نە زەوس،
نە ڕا
نە ل ئۆلیمپووسیێ،
نە ل کنیدۆس.
مە،
ژ خوە رە
د دەریا رامانی دە ئافراند
و نەجراند
ل سەر دارنگیێ
مە،
بەژن و بال، سەر و سنجیێ ویێ
ژ قەشەنگی،
قۆزاخی
تۆلیتی
یا مرۆڤی
بەرهەڤ کر،
ل هەڤ دانی.
مە دەستیێ خوە ب کارئانی، پێشییێ.
ئاگر نەدتەبتی
ئاڤ سەرهلاتی بوو د جۆیان دە
دووکەل بەرەدایی
ب تێکل – برنا دەستیێ مە؛
ئاگر ب کێرهاتی،
ئاڤ ب سەرووبەر
و دووکەل
هەڤسارکری
د ماکینێن خوەگەڕ
دە
ڤەگەڕی
ب بزۆتیا لباتی
گەرمی
و رۆناهییێ

مە دەستیێ خوە ب کارئانی، پێشییێ.
بەریێ
ژ تەبایان ڤەقەتین
دوورە
هلبەرین
پێشڤەچوو
ب پێشڤەچوونا هلبەرین
پێلپێلین دەریاییێن رامانی
و ئەم
هێدی هێدی ب حەدان
ل ریا شارسانیەتیێ پێشڤەکشین.

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (شعر –١–) رووپەلێن ١٥٤ – ١٥٨ هاتیە وەرگرتن کو ژ وەشانێن نوودەمیێ یە و ل سالا ٢٠٠٢ێ ل ستوکهولیێ چاپ بوویە.**

**«ڕامان»**

# ئولفەت

هێدی هیدایەت
(سلێمانی)

سبەینان زوو، مەلێک دنیام دەکاتە باخی جریوە
بە قووونە قوون، لە گوێسوانەی ماڵەکەمان دەردەپەڕێ
دەچێ لەگەڵ داری باخی هاوسێکەمان
دەیکاتە شایی و قریوە
خۆی لە پرژ و گەڵاو چڵۆسکی باخ دەسوێ
لەگەڵ شنەی سپێدەیا
ملوانکەیەک وێنەی – ئۆخەی.. ئۆخەی – دەگرێ
کە بەچرپە بۆ باخ دەدوێ
درەخت هەزار گوێچکەی گەڵاو گوڵ دەگرێ
خوناو شەوقی لێ دەتکێ
لەگەڵ باخا خەونەکانیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە
هاژەی گەڵا لەچریکەی مەل تێ دەگا
خەمەکانیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە
دوو هاومالّی بێ شەیتانن
ئالوودەی ئولفەتی یەکن
ئەنوای سۆز و خەمی یەکن
دڵیان لەلای خەمی یەکە و
سبەینان و ئێوارانیش بۆ تەسکینی
خەون و خولیا و ئومێدەکان
نزاو نەواو سەربوردەکان
دەگۆڕنەوە
سەر لە ئاشووب دەشێوێنن
نەبا لە توێی کورکە کورکی فاڵچییەکا
جێی ئەختەبووت و سیخورمە بکەنەوە



٢٠٠٨/٦/٧

# فڕین

**فەڕوخ تەمیمی**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

دەسـتێک پانتای سـەوزی فڕین
لە پەنجەیدا ڕێک دەگوشێ
جەوهـەری پەڕ و باڵیشـی
لەنێو گەرووی داکەوتندا
دەوەرێنێ
خوێنی باڵندە
بوو بە ئاوێنە و
ئاوێنەش لەبەر تروووسـکەی
وشـەی فڕین
هـەتاکو دەربەندەکانی
حەنجەرەی شـەڵاڵی فڕین
جۆگە جۆگە بەڕێوەیە.
ئێسـتا باڵندە ئێسـتا باڵ
ئێسـتا دڵی ئاوێنەی چڕژاوی فڕین
میـلی ژەنگ هێناوی ڕکە
هەموو لەبەر دەخوێننەوە.


## گوڵ وشە

**شکۆفە فەقێ**

گەڵایەکی زەردی خەمبار
لە سـەرخۆشیی با شـەرمەزار
دیسـان بۆتە پینەی مەخمەرێکی سـەوز
ئێوەش چەمیوانی ڕووتاڵ
خێرا، خێرا پارووی ڕەش و ڕەووتەکان
هەڵمەقووت دەکەن.

❊ ❊ ❊

لە خاکا جێی نابێتەوە
کەلاکی ڕزیوی ماتەم
ئەی هەنگەکان وێرانی کەن
بە چزووی ڕق
پلووره ژاراوییەکان
بۆ دەترسن لە شیلەی تاڵ
کە لەمێژە
گوڵاڵەی کاغەزیمان لە کتێبی شاردا چنیوە
شەهیدان،
گوڵ وشەکانی سبەینێن، لە سنووری تێکۆشانا
ئێوە سرووەدی ڕزگارین لە بەستێنی مێژووی سوورا
زانیوتانە؟
چۆڵە چرا سووتاوەکان
مزگێنی پڕشنگی گەش و پڕ لە هیوان.



## نەورۆز

**مەفتوون ئەمینی**

گوڵاڵەی کاغەزین و
خۆشەویستی کاغەزین
شیرینی ویشک و
پێکەنینی ویشکتر
دەستی سارد و سڕ و
ماچی سارد و سڕ تر
یەکیەتی گەڕۆکی تەنزیلی بەستراوی بنەماڵە
خەتی تیژی پاتۆڵی ئوتوو کراو و
نووکی کوڵی نینۆخەکان
دووکانی تەختە کراو و ماڵانی نیوە کراوە
پردی چکۆڵەی تەنیشت و پەیژەی دوازدە نێو دەڵانەی لەق
و لەوێر
بیلانی* نووسراوە بە جەوهەری چینی و
بەرنامەگەلێکیش بە
قەڵەمی کەم ڕەنگ
سەفەر بۆ دەربازبوون و گەڕاوە بۆ لێبووردن
پەسڵانی گێژ لەنێو کوێستانی بەفرینا و
دارستانی چرۆ لەبەر
یارمەتی خوازیی پڕ شەرمی مرۆڤەکان
لە دار و
لە گیا و
لە سروە و
جۆگە و ڕووبار
بۆ وسڵ پێدان و
خەملاندن و
مۆمیا کردن و
بە زیندوو زانینی ئەوین.

*** بیلان: وشەیەکی فەرانسەوییە بە مانای سووڕەتی حیساب، سیایی.**

## نەتزانی گوڵ

**ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی**

نەتزانی گوڵ هەقیقەتی خۆرەتاوە
نەک دارستان
با لەبەر هەتاو دانیشین و
گوڵ بدەین
* * *
چاوانت ترێ بۆ گەیشتن بانگهێشتن دەکەن
هەزاران ڕەنگی پیاوانەی هێرش بەریش
هێشتاکە خۆیان بە ڕەنگ نازانن
ئێمەش
ئەوا دوور لە یەکتر
گەیشتووینە یەکەم ئەزموونی بەهاری خەونەکانمان

– بەهارێک لە بە ئاگایی ئاسمانی زاماری شەرق
* * *
مرۆڤی بەیان نەکراو
وشە تەمومژاوییەکان
لە بەربەیانی پەننەمووسی* هەستا دەنێژن.
ئاسمانی ڕۆژهەڵاتیش لەسەربانەکانی ئێمە
هەموو زامەکانی خۆی لەبیر چووەتەوە.

## لە ناکاو

**بیژەن جەلالی**

لە ناکاو ناوت لێ دەنێم
لە پاشان لەگەڵت دەدوێم
چاو لە دەستانی خۆم دەکەم
کە پڕ لە تۆن
لەسەر تاپای ئەندامما
هەست بە گەرمای لەشت دەکەم
ناوت لە مێشکم هەڵاوە
لە ژاوەژووی تەواوی ئەم جیهانە بەرزترە
بەڵام ئیتر تۆ لەبیر خۆم دەبەمەوە
وەک باخەوانێک کە گوڵان
بە بێ دەنگی باخ دەسپێرێ
چونکە دیسان بەرەو لات دەگەڕێمەوە
لە ناکاو ناوت لێ دەنێم
لە پاشان لەگەڵت دەدوێم.

## دەریایی

**یەدوڵڵا ڕوئیایی**

بێ دەنگی، چەپکە گوڵێک بوو
لە ناخی حەنجەرەی مندا
سترانی ڕۆخ، شنەبای ماچێکی من بوو
لەسەر پێڵووی کراوەی تۆ.
باڵندەی با لەسەر ڕووبەری ئاوەکان
لە نێوان هێلانەی سەدان جریوەدا پەشێوابوو
لەسەر ئاوەکان باڵندە وەڕز ببوون
شریخەی هەور گرمەی تەڕ
– تیشکیش، ڕوونتر لە برووسکە –
ئاوێنەی لە دڵی ئاودا دروست دەکرد
چوارچێوەکەشی بلێسەی دەریاکان بوو
شنەی ماچ و
پێڵووی تۆو
باڵندەی دەم با
هەموو بوونە گڕ و دووکەڵ
لە ناخی حەنجەرەی مندا
بێ دەنگی چەپکە گوڵێک بوو

## جێگا پێی ئاسک

**ئیسماعیل شاهڕوودی**

چاوانی تۆ
دەروازەی پاتە بوونەوەی ڕۆژهەڵاتن
دەستەکانت
گەشایی چەپکە گوڵان
دەهۆنێتەوە
مەجنوون
دارەبییەکی قاقڕە
کارێزیش
جێگا پێی ئاسک
تۆش
پێت خۆشە دارەبی بە، یان ئاسک بە،
یان هەردووکیان
مانای ئەمن!–
بەڵام کارێز کۆتری دەوێ و
لە ئاوێنەی چاوەکانی مەجنوونیشدا
داهاتووی ڕێبوارێک...

## سەنگفەڕش

**نوسرەت ڕەحمانی**

ئەی سەنگفەڕشی ڕێ!
گەلێ شەوانی ڕەشی بێ بەیان
ماچی هەنگاوی منت نۆشیوە
ئەی سەنگفەڕشی ڕێ!
گەلێ شەوگاری تاڵی کپ و کڕ
گۆرانی ترپەی هەنگاوەکانم خەوتی زڕیوە

هەر ڕێبوارێک هات پێی نایە سەرت و خێرا تێپەڕی
تەنیا من نەبێ ساڵەهای ساڵە لەلای تۆ ماوم
لەسەر بەردی تۆ هەنگاوی ماندووم، ئەوە عومرێکە
شەو تا بەیانی تەرمەکەی خۆمی پێ ڕاکێشاوم

ئەی سەنگفەڕش تۆ لە نێو شەوگاری ئەنگوستەچاودا
دەنگی ئاوازی ئاشنایەکت کەوتۆتە بەر گوێ؟
بۆ کوێ بە شوێنیدا سەرم هەڵگرم، پێم بڵێ تۆ خوا
خۆشەویستەکەی بێ سەروشوێنم قەت بە لات دێ؟

*** پەننەمووس: پەنگڵەمووس، ماسیو، هەڵماساو (متورم)**

**سەرچاوە:**
**صدای شعر امروز ایران، گزینش، بهمن مە أبادی و احد منطقی تبریزی، چاپ دوم، انتشارات تلاش، تبریز.**

# ڕۆچوون بە ڕۆشناییدا

سەعید سلێمانی
(تاران)



شەوان دەهات لەگەڵ باراندا، شنەی ئەو شاپەڵکانەی کە لە بادا ڕادەوەشان. منیش لەگەڵ شنەدا خەیاڵم وە شنە دەکەوت و بیرم لە شنە دەکردەوە کە هەر تەنیا شنە نەبوو، لەگەڵ ئەو پچپچەیەدا زەینم پڕ دەبوو لە پچپچەی دیکە و ئیتر منیش دەڕۆیشتم بۆ دووری دوور، بۆ ئەو شوێنانە کە ئیتر سنوورێک نەدەما و هەموو شوێنێک هەر شنە بوو، هەر سریوە بوو، هەر پچپچە بوو بە خەیاڵ و بە دیدە و بە ڕوح و دواتریش بە خەوندا گوزەری دەکرد.

شەوان دەهاتی لەگەڵ باراندا، لەگەڵ شنەی ئەو شاپەڵکانەی کە لە ڕوحدا ڕادەوەشان. شنەی تۆ لە پێش بادا دەگەیشتە کۆڵانەکانی ڕوح، دەگەیشتە شەقامەکانی دڵ. تۆ خرمەی باران و خشەی گەڵا و شنەی شەوت هەموو لەگەڵ یەکدا دەهێنا و کەچی خۆت هەرگیز نەدەهاتی!

شەوان دەهات لەگەڵ باراندا، شنەی ئەو شاپەڵکانەی کە ئاوێتەی بۆنی تۆ بوون، ئەو بۆنەی کە بە ڕوحدا گوزەرییە نەک دەم و لووت. ئەو بۆنەی کە دەمارەکانی دڵ دەکاتەوە و خوێن دەخاتە گەڕیانێکی هەمیشەیی و خەرمانەیەک لە گەرما و کسپە هەموو ئەندام دادەپۆشێ و ئیتر ئەوکات وا هەست دەکەیت لە نێوان زەوی و هەوادا ڕاگیراوی و هیچ پێوەندییەکت بەم زەوییە ناپاکەوە نەماوە کە هەموو شتەکانی قێزەون و بێزەرەوەن.

ئێستا کە دێت بۆن و سریوەی جارانی نەماوە، هەربۆیەش بیری ون بوویەک دەکەمەوە کە سەری هەڵنەگرتووە، بەڵکو لە ئاڵۆزی و ژاوەژاوی ئەم جیهانە قەرەباڵغەدا هەر بە ڕاست لێم ون بووە و ئومێدێک بۆ دۆزینەوەی نەماوە.

ئێستا هەموو ئەو شەوانەم بۆ زیندووە کە زەین هیچ ڕێی نەدەبردە ئێرە، زەین هەندێک جار ئەوەندە داخراوە کە هیچ دیمەنێک لە داهاتوو بە دەستەوە نادات، ئەگەر نا هیچ کات نەدەگەیشتمە ئێرە کە زەین هیچی لە دەست نەیەت جگە لە ڕاواندنی شنەکانی ڕابردوو.

زۆر شت لە ناکاو ئاڵوگۆڕیان بە سەردا دێت، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، مرۆڤ- وا هەست دەکات لە

بەرزاییـەکی بەرزەوە کـەوتـوّتە خـوار و کـەچی هێـشـتـا زیندووە و شەکەتی کەوتنە خوارەوە نەک لە جەستـەیدا، بەڵکو هەمــوو پانتــایی ڕوحی تـەنیــوەتـەوە. ون بوون و دیارنـەمـانی تۆ، لە زەینمـدا لەو چەشنە خـۆی نواند، بە شێوەیەک بوو کە ڕەنگدانەوەی لای هەر کەسێکی دیکە هەسـتێکە نامـۆ و غـەریب. کـەمـڕەنگ نـەبوو، بەڵام نەک ئەوەندە تۆخـیش کـە ئینسـان دەست لە تۆ بشـواتەوە و بە دەڤەرانەوە سەرگەردان بێت و دووچاری فـەرامۆشی بێت. چونکە من هەر لە شـەوانی یەکـەمــەوە زراوم چووە لە فەرامۆشیت.. هەندێک جاریش ئینسان دەپەشۆکێت، بۆ هەمــیـشــە لە بیــری دەچێــتــەوە کــە چی بکات، یان دەستەکانی بۆ کوێ هەڵزنێت کە بۆ دۆزینەوەی تۆ بکەونە گەڕ. دەکەوێتە دۆخێکەوە کە هەر تەنیا دەزانێ زیندووەو بەس. هەربۆیەش لە کــونجـــێکدا هەڵدەتووتێ و بێ دەسەڵات دەکـەوێتـە پەلەقـاژەیەکی لەجێـدا کـە جگە لە مــاندوویـتی، شــتــێکی دیکـەی لێ نایەتە بەرهەم. تۆ بەلامــەوە لە دەرەوەی بازنەی ئەم شــتــانەدا بـووی. واتە قەت هەستم بەوە نەدەکرد کە ڕۆژێک بێت و لە دنیایەکدا بژیم ئیـتـر بۆنی تۆ شـەوان لەگـەڵ باراندا، لەگـەڵ شنەی شـاپەڵکەکـاندا نـەیەت و خـۆی نەکـات بە ناو قـووڵـترین ورکەدەمارەکانی هەناو و جەستەدا. لەو ڕۆژانە تەنیا شنە و بۆن ماوەتەوە کە هیچ کات فـەرامۆش ناکرێن، پیـاو وا هەست دەکـات ئەو شنەیە هەمـیـشـە بە ناو دەمـارەکـانیـدا گـــــــوزەریـەتـی و ئـەو بـۆنـەش هـەتـا ئـەبـەد – نـەک لـە مەڵاشوویدا – لە ڕوحیدا جێی خۆش کردووە.

* * *

تەنیا دڵخۆشی ئێرە ئەو کچانەن کە هەندێک جار دێن و هەروەک تۆ هەنـدێک کـتـێب دەبەن و هەندێک نـیگا بە جێ دێڵن و هەندێکیـان دەسـتـەکانیـان لە دەسـتـەکانی تۆ دەچێت و هەندێکیشیان چاوەکانیان لە تۆ دەکات:

**دەستەکانت لە ڕەگەزی بەفر بوون و**
**چاوەکانت لە توخمی هەتاو**
**کە من لە دەستەکانتا توامەوە و**
**لە چاوەکانتا بوومە بەفر**
**چ پێکهاتەیەکی خەم ئەنگێزە**
**توانەوە لە ناو بەفرا و**
**شەختە بەستن لە ناو هەتاو!**

بڕوا مــەکــە، دە تێــمــەگــە، ئەو هەمــوو ســاڵگـارە تێنەگـەیشتی، ئێـسـتـاش هەر تێـمەگە، تۆ لە تـێگـەیشتن شتێکی ئەوتۆ تێنەگەیشتی. تۆ و کەسانی دیکە هەرگیز لەوە تێناگەن کە کەسێکی دی لە ناو بەفرا بتوێتەوە و لە هەتاوا ببێتە شەختە. هەرگیز بڕوا بەوە ناکەن کە بۆنێک بە ڕوحـدا تێـپــەڕێت و تا مــردن دەوامــەی بێت، بەڵام دەسـتــەکـانت و چاوەکـانت لە جنسی خـۆت نین، ئەوان تێدەگەن، ئەوان بێ گەردن و لە ڕەگەزی بەفر و هەتاون. من کە زیندووم بە ئومێدی بێ گوناهی ئەوانەوە دەوامەم هەیە. دەزانم، تێـدەگـەم کـە ئەوان لە بێ گـوناهی هەتاو دەدوێن و لە پاکییەتی بەفر.

مەخابن! کە تۆ دیار نەمایت پاییزەکانیش کۆچیان کرد. پـاییـــزەکـــانیش هەروەک تۆ بە بێ دەنگی ڕۆیشتن. ئەوانیش بـە ڕۆشنـاییــــدا ڕۆچوون، هەر وەک چۆن تۆ ڕۆچوویت، ئێستـا ساڵگاری ئەم کـتێبخـانەیە تەنیا سێ وەرزە، هەر سێکیشی وەک یەک: ڕووتەن و بێ ڕەنگ و بۆن. چمـا تۆ خـودی زەمـەن بوویت، هەر کـە ون بوویت هەمـوو شتێک ڕاوەستـا و بێ سرەوت پۆنگی خواردەوە. ئیـتر من لەوساوە تاسەی گەوزێکی ناو گەڵا گرتوومی و کەچی هیچ کات پاییز نییە و وردە وردە لە حەسرەتا دیق دەکەم.

تەنیـا دیمەنێک کـە لە پەنجـەرەی لێڵ و تەمـاوی ئەم کتێبخانەوە خۆ دەنوێنێت، چەند تەپۆڵکەیەکی ڕووتەڵەی دوور و نادیارن کە هیچ بیرەوەرییەک لە یادەوەریدا سەوز ناکەن و هیچ شتێک ناخەنەوە یاد کە هەر نەبێت ئینسان هەندێک جار هەناسەیەکی موچڕکاوی بە سینەیدا تێپەڕ ببێت. من هەرگیـز پەنجەرەکە ناکەمـەوە تەنیـا هەندێک جار نەبێ کە دەمەوێ دووکەڵی جگەرە قـڕم نەکـات. ئیتـر لێرەدا ئەوەندە بیرم لە بێهـوودەیی زیندووبوون کردۆتەوە کە ئیتر بیرکردنەوەش لە لام بێهوودەیە، هەربۆیەش ئەگەر تەنانەت ڕۆژێک ناوەکـەتیـشم لە بیــر کـرد، هیچ جـێی سەرسوڕمان نییە.

قەفەسەی کتێبەکان خەمۆک و خەفەتناک دێنە بەرچاو، چمـا ئەوەندەیان قـورسـایی لەسـەرە کـە لە دڵتـەنگتـرین مـرۆڤـەکـانی ئەم جیـهـانە دڵتـەنگترن. قـورسـایی ئەو کــتــێـبـــانەی کـــە پڕن لە دەقی قـــورس و ئەوەندە نەخوێندراونەوە کە وشەکانیـان قورساییان کردووە بە سەر هەرچی قەفەسە و کتێبخانەوە.

ئەم ئێوارەیە دانەیەک لەو کتێبانەم جیا کردەوە، ئێستـا هاتوومـەتە سـەر ئەو بڕوایە کـە چارەنووسـە دواجـار بڕیار دەدات نەک من و تۆ. ئاخر کاتێک ئینسان کـتێبێک بە

دەستەوە دەگرێت، هەروا بە ڕێکەوت نییە، شتێک لە ناویدا هەیە کە دەستەکانت دەناسێتەوە و لە چاوەکانت دڵنیایە، ئەوەتا ئاوا نووسراوە:

«ویرانی پەتایەک نییە ڕوو بکاتە ئینسان، زۆر جار مرۆڤ - خۆی بڕیار دەدات خۆی ویران بکات. لەم جیهانە چەپەڵەدا کە کەس فریای کەس ناکەوێت، مەگەر جگە لە مردن ڕێگایەکی دیکە دەمێنێتەوە؟ لە جیهانێکدا کە هیچ کەس بڕوات پێ ناکات مەگەر جگە لە مردن ڕێگایەکی دیکە لە بەردەمدایە؟! ئیتر تۆش بۆ ئەوەی شتێک بە کەسێک بسەلمێنیت هیچ ڕێگایەکت بۆ نامێنێتەوە جگە لە مردن!... ڕۆژگاری ئێمە بەم شێوەیە تێپەڕ دەبێت و دیسان کەسێکی بەبڕوا دەست ناکەوێت. سەردەمەکە سەردەمی بێ بڕوایی و بێ کەسییە، تەواوی کێشەکان لێرەوە دەست پێدەکەن، تۆ کاتێک ئازیزترین کەست پێت نامۆیە، ئیتر چاوەڕێی چ ئاڵوگۆڕێکی موعجیزەئاسا دەکەیت؟!»

من سەردەمانێک هەر ئەمانەم بە خۆت گوتبوو، ئەمەیە کە دەڵێم زۆربەی شتەکان و ڕەوتەکان لە دەستی من و تۆ دەرچوون و قەدەر و چارەنووس دەیانبات بەرێوە. بۆ وێنە ئەو نامەیەی کە بۆم ناردی و ئەو هەموو ساڵگارە دوور و درێژە هاتوچۆی کرد و قەت نەگەیشتە مەقسەد. ئەمە قەدەر بوو وای لێکرد، کە دواجاریش من و تۆ هەریەک بە لایەکی دیکەدا ببات.

هەموو ئاڵوگۆڕەکان لە چارەنووسی ئەو نامەوە دەستیان پێکرد. چما لە دەستی هیچماندا نەبوو. هەڵەیەکی زۆر زۆر بچووک کە دەکرا ڕوونەدات و ئەو نامە نەفرەتییە بگەیشتایەتە مەنزڵ، ئێستا جیهان لە شوێنێکی دیکە بوو و ئێمەش لە دۆخێکی دیکەدا تەواو جیاواز لەوەی کە ئێستا تێی کەوتووین. ئەمەیە کە دەڵێم هەڵەیەکی بچووک لە گەیشتنی نامەیەکدا ڕەوتی دنیا دەگۆڕێت، بەڵام مەخابن، ئەمانە بە کێ بڵێم؟!

ئێستاش کە لێرەدا گیرساومەوە و لە کونجی ئەم کتێبخانەیە خزاوم، ئومێدێک هەیە کە جیهان سەرلەنوێ هەڵگەڕێنییەوە، ئەمە لەوانەیە وەهمێک زیاتر نەبێت، بەڵام لەم جیهانە قەدەرییەدا دەکرێت هیچ شتێکیش نامومکین نەبێت. دەکرێ تەنانەت قەدەرەکانیش بۆ ڕابردوو بگەڕێنییەوە.

من کەسێک بووم کە تەواوی ژیانم و ڕواڵەتی خۆم گۆڕیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ خۆت دەزانی، ئەگەر بەم باردا بێم، جیهانێک بە شادی لە دەوری خۆم دەحەوێنمەوە، ئەگەریش بەو باردا بڕۆم، نەک هەر خۆم، جیهانێک دەخەمە نائومێدی. گەڕانی ئەم هاتوچوونەش وا هەست دەکەم ئێستاکە لە دەستی تۆ دایە. گوتم کە ئیتر هاتوومەتە سەر بڕوای چارەنووس، یان باشتر بۆتی بڵێم: ئەوەی کە ناوی لێ دەنێن شانس، تەنیا یەکجار لە ژیاندا ڕوو دەکاتە ئینسان کە ئەویش دروست کاتێکە کە هیچ شتێک بە دەست خۆت نییە و تەواوی ڕەهەندەکانی زیندووبوونت لەو کاتەدا هێزێکی تر دەیانبات بەرێوە کە تەواو لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆتدایە. واتە لەگەڵ ئەوەشدا چرکەیەک هەیە کە لەودا تۆ بێ دەسەڵاتترین بوونەوەری ئەم جیهانەی و هەموو شتێک لە ژێر ڕکێفی هێزێکی نادیاردایە کە هیچ کات لە ماهییەتی تێناگەی. ئەو چرکەیەش دروست کاتێکە کە شانست ڕووی تێکردووی و دەرفەتی ئەوەت بۆ ڕەخساوە کە جیهانێک دروست بکەیت کە جێی مانەوە بێت، بەڵام مەخابن، ئەگەر ئەمە نەک هەر بە تۆ، بە تەواوی خەڵکانی دنیاش بڵێم، تەنانەت یەک کەس پەیدا نابێت بڕوام پێ بکات. ئەمەیە کە دەڵێم ئەم جیهانە تەنیا یەک شت دەیبات بەرێوە: بێ بڕوایی! ئەگەر ئینسانەکان بڕوایان بە یەکتر بووایە، دەکرا جیهانێک دروست بکەیت کە شیاوی ژین بێت.

دەزانی ئاکامی چارەنووس و قەدەرەکان لە کوێوە سەریەک کەوتنەوە؟! دوای ئەو هەموو ساڵگارە هەر کە زانیت دووچاری ئەم نەخۆشییەم و ئیتر ئومێدێک بە چاک بوونەوەم نەماوە، زۆر بە کورتی: بێ دەنگ ون بوویت و دیار نەمایت. واااای ی ی ی....هەموو دڵتەنگییەکانی جیهان بە لایەک و دڵتەنگی ون بوونی تۆش بە هەزار لا. ئیتر من تەواوی کتێبخانەکان و تەواوی کتێبەکان و تەواوی وشەکانی دنیا بە شوێن ناوتدا گەڕام و کەچی نەمدۆزییەوە، ناوەکەت ببووە وشەیەکی سیحراوی و بە تاریکیدا نا، بە ڕۆشناییدا ڕۆچووبوو و ئیتر ئاسەواری لەسەر هیچ دەفەر و زەوییەک نەمابوو. ئاخر ئەو شتانەی کە بە تاریکیدا ڕۆدەچن، هەر بە تاریکیشدا دێنەوە، بەڵام ڕۆشنایی شتەکان لە خۆیدا دەتوێنێتەوە. کە خۆت دیار نەمایت، ئیتر هەر ناوەکەت بەس بوو بۆ من، بەس بوو بۆ ئەوەی بە وەهمەوە بژیم، بە تارمایی ناوەکەتەوە زیندوو بم. دواجار ئا لێرەدا گیرسامەوە، بوومە پەراوێزنشینی ئەم کتێبخانە بێ

خاوەن و بێ ناوە. لێرەدا مامەوە تاکو بۆ تۆ بخوێنمەوە و بۆ تۆ خەیاڵ بکەم و بۆ تۆ بنووسم و دواجاریش هەر لێرەدا بۆ تۆ بمرم. چما هەستم دەکرد کە دەبێ ئا لێرەدا شتێکی نهێنی و شاراوە هەبێت کە دۆزینەوەی، ڕواڵەت و ناوەرۆکی تەواوی شتەکان دەگۆڕێت. ئەرێ... تۆ ناوەکەت هیچ، خۆشت هەر بە ڕۆشناییدا ڕۆچوویت.

**نیوەشەوان لە تاریکی دێیتە دەر و**
**بەربەیانان لە سپێدەدا دەتوێیتەوە**
**چما ئەستێرەیەکیت**
**کە ڕۆژپەڕان**
**لە ئاسمان دێیتە خوار و**
**هەر سپێدەیەکیش**
**هەڵدەزنێیتەوە بەرەو ئاسمان.**

دیارە ئەگەر وا نەبووایە، هەر نەبێت ڕۆژێک دەبوو لە شەقامێکدا، یان لە ناو ئوتوبوسی سەفەرێکدا سۆراغم بکردبایەی و ئیتر ئەوکات سەرلەنوێ شتەکان ڕەنگیان بگۆڕایە و دیسان کەوتبامایەوە حینجەکردنی پیتەکانی ناوی تۆ...!

ئێستا، نەک ئەوەی کە هەڵوەدای حینجەکردنی پیتەکانی ناوی تۆ بم، یان شەوچرایەک بە دەستەوە بە خوار و ژووری حەرفەکاندا هەڵزنێم و لێیان بڕوانم و سیلەیان لێ بگرم تا نادیار، ئەمە هەر خۆی خولیایەکی نامومکینە، بەڵکو وەهمێک هەیە لە ناویاندا کە سیحر دەکات، ئەمە کە چ ئەفسوونێک بە یەکەوە لکاندوونی کۆمەڵێک پرسیار دروست دەکات کە کۆمەڵێک ئینسانی هاوشێوە بە یادتدا دێننەوە، بەڵام تۆ لە شێوەی هیچیان نیت. ئەمەش وەهمێکی تەواوە و زەینێکی تەواو گیرۆدەیەتی کە تێناگات کەی تەواو دەبێت.

ناوەکەتم یەکەم جار لە پەراوێزی دیدارێکی دووردا دۆزییەوە، دیداری ئەو شەوئێوارەی کە شنەی شاپەڵکەکان دەشنایەوە و ئێستاش هەروا لە گۆشەیەکی زەینمدا دیمەنەکەی ماوەتەوە، یان باشتر بڵێم بۆتە بەشێک لە زەینم و بە ناویدا ڕیشاژۆی کردووە، بۆتە بەشێک لە یادەوەریم، ئاخر من بڕوام وایە کە پیتەکانی ناوی هەر کەسێک لە پەراوێزی شوێنێکدا بۆ هەمیشە تۆمار دەکرێت و ئیتر ئەمە پێوەندی بە ون بوون و دیارنەمانی ئەو کەسەوە نییە. تۆ خۆت ئەو دیدارەت باش دێتەوە یاد. دەزانم شنەی ئەو شەوئێوارەیە ئێستاش لە ڕوحتدا هەر دەشنێتەوە، با بە ڕۆشناییشدا ڕۆچووبیت، بەڵام خۆ ڕۆشنایی دەستی ناگاتە کونجەکانی ڕوح و قوژبنەکانی بیرەوەری. شنەی ئەو ئێوارەیە هەر هەڵگرە با ئەگەر ڕۆژێک هات و جیهان بە بارێکی دیکەدا سووڕا و لە شوێنێکی تری ئەم جیهانەدا بە هەڵکەوت نیگامان تێک هەڵەنگوت، یەکترمان بێتەوە یاد.

ناوەکەتم دووەم جار ئا لێرەدا دۆزییەوە، لە پەراوێزی یەکێک لە کتێبە قورسەکانی فەلسەفە خەمۆکەکانی ئەم کتێبخانە بێ خاوەنە. من خۆم بە خاوەنی ئێرە نازانم، ئینسان کە بە ناچاری ڕوو بکاتە شوێنێک، هەموو شتێک نامۆیە بۆی، تەنانەت ئەگەر هەزارساڵیش تێیدا بژیت دیسان هەر هەوایەک هەڵدەمژێت کە سییەکانی پێی ڕانەهاتوون. لە بەر ئەمە بوو کە لێرە گیرسامەوە و خۆم خزاندە ئەم کونجەوە. وای... لەوانەیە چەند سەیر بێت کە ئینسان ساڵەها لە شوێنێک بمێنێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی ناوێک لە کتێبێکدا تۆمار کرابێت. من لێرە گیرسامەوە بۆ ئەوەی بە دەوری ناوەکەتەوە داگیرسێم. دواتر بە دوای مانای ناوەکەتدا ڕۆیشتم، دیتم ناوەکەت لە ڕۆشناییەوە دێت، بۆیە خۆشت بە ڕۆشناییدا ڕۆچوویت. من ساڵەها لەم دیو پەنجەرەی ئەم کتێبخانەوە بەو وەهمەوە دانیشتم کە ڕۆژێک دێیت و سۆراغی ناوەکەت دەگرییەوە.

دوای ئەو هەموو ساڵگارە، ساڵەکان گۆڕان. کۆچەرییەکان گەڕانەوە و تۆ نەگەڕایتەوە. کۆچەرییەکان ناوی تۆیان بۆ سێیەمین جار لەگەڵ خۆیاندا هێنایەوە یادی من. بۆ سێیەمین جار ناوەکەتم دۆزییەوە. بۆ هەزارەمین جار ئەم جارە چاوەڕێم کردی لەگەڵ کۆچەرییەکاندا بگەڕێیتەوە. ئاخر کۆچەرییەکان لە ناو ڕۆشناییەوە دەردەکەون. چەند دانەیەکیانم بینی لەسەر دارپەڵکەکەی ئەودیو پەنجەرەی کتێبخانەکەوە هەڵنیشتبوون. گوتم بێ گومان هاتوون ناوەکەت بدرکێنن، هەربۆیە ناوەکەت کەوتەوە یادم و دیسان کەوتمەوە سەر دەغدەغەی گەڕان بە دوای پیتەکانی ناوەکەتدا و دیسان هەموو فەلسەکان و هەموو کتێبەکان و هەموو وشەکان بە شوێن ناوەکەتدا گەڕام.

* * *

«من نامەوێ لەگەڵ مردووەکاندا زیندووبوونم تێپەڕ بکەم، جیهانی من جیهانی شتە زیندووەکانە، جیهانی ئەوانەیە کە هەست بە زیندوویێتی دەکەن، ئیتر تۆ تازە

مردووی بۆ من، من تۆم فڕێ داوەتە ناو زبڵەوە...» ئەمە دوایین دێرەکانی دوایین نامەی ئەو دوایین ساڵە بوو کە دوایین جار یەکترمان تێدا بینی. گوتبووت: «من دەمهەوێ هەست بە خۆشی و جوانی بکەم و بێزارم لەوانە کە بە ئازارەوە دەژین...» دیار بوو وتەکانت کوێپی دەگرتەوە. هەر لەو ساڵەدا بوو نەخۆشییەکەم دیاری دابوو. دیار بوو لەوانە بوویت کە هەر بۆ خۆشییەکان تێدایت و لە ئازارەکاندا ون دەبیت هەر وەک چۆن ون بوویت و بۆ هەمیشە دیار نەمایت، ئیتر تێگەیشتم کە تەنانەت تۆش لەوانەیت کە ناتوانی بێ دەلیل کەسێکت خۆش بووێت و تا سەر لەگەڵیدا ڕێ بکەیت. ئەمەیە کە دەڵێم ئەم جیهانە جێی مانەوە نییە، شیاوی ئەوە نییە کە تێیدا بژیت. ئەو جیهانەی کە تەنانەت ئەگەر یەک شتی لەسەر جێگای خۆی بووایە، مرۆڤەکانی لە چۆڵەوانیدا یەکتریان جێ نەدەهێشت و هەریەک بۆ لایەک پەرتەوازە نەدەبوون. هەربۆیەش لەو کاتانەوە دەمگوت: «ڕۆژگارێکی گەلێک نامەردە» بەڵام ئێستاکە دەزانم کە ڕۆژگارەکە نامەرد نییە، مرۆڤەکانی نامەردن.

ئەو دێرانەت، ئەو وشە و وتە خوێناویانەت هەر تەنیا هەست بریندار ناکەن، بەڵکو ڕوحیش زامرێژ دەکەن. کە ڕوحیش زامدار بوو، ئیتر سارێژبوونەوەی مەحاڵە و بۆیە ئێستا بە ڕوحێکی زامدارەوە بیر لە تۆ دەکەمەوە.

ئێستا کە ون بوویت و دیار نەماویت، لە شوێنێکی نادیارەوە، با ناوونیشانی نەبێت، هەر نەبێ نامەیەک بنێرە، با هەر نەبێت شتێک بگاتە دەستی ئینسان، گرینگ ئەو ناردن و بەسەرکردنەوەیە نەک ئەوەی کە تێیدا دەنووسرێت. کاتێک دەینووسیت بۆ هیچ وشەیەک مەگەڕێ، وشەکان سەرشێوێنن، ئەگەر وشەشت دەست نەکەوت، هەروا کاغەزێکی سپی بنێرە کە هیچی لەسەر نەبێت، هەر ئەوە کە دەگاتە دەستی ئینسان خۆی جۆرێک ئومێدەواری دەبەخشێت کە شتانی دیکە نایدەن بە ئینسان. هەر ئەوە کە کەسێک لە یادتدایە خۆی گەورەترین ئومێد دەخولقێنیت. ئاخر نامە خۆی ئەفسوونێکی هەیە، ئەفسوونێک کە دووری، یان سەفەر، یان کۆچ، یان هەر ناوێکی دیکەی لێ بنێین، دروستی دەکات. ئەرێ ئیتر...نامەکان ئاواهین... ئاخر دڵتەنگییەکان ئەوکات دەست پێدەکەن کە ئیتر کەسێکت نەبێت نامەیەکت بۆ بنێرێ، یان لەوەش سەختتر، کەسێک نەبێت نامەیەکی بۆ بنێری، ئیتر ئەوکات دنیا ئەوەندە بچووک دەبێتەوە کە وادەزانی هەر تەنیا کتێبخانەیەک هەیە و هیچی دیکە، کاریگەری نامەکان ئاوایە ئیتر!

* * *

لە کەناری ئەم پەنجەرەیەدا وا هەست دەکەم کە هێواش هێواش پیر بووم و چکە چکە داچۆڕاوم. وا هەست دەکەم هێمن هێمن هەڵوەریوم. مرۆڤ - کە لە کونجێکدا گیرسایەوە بەشێک لە ژیانی دەبێت بە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دیاردانەی کە بەرەو پیری دەبەن. دەبێتە خۆ دوورگرتن لەو نزیک بوونەوە لە ناکاوە، دەبێتە سڕینەوەی ئەو ئاسەوارانەی کە کتوپڕ و خۆنەویست بەرەوڕووی دەبنەوە. ئیتر زیندووبوون تەنیا دەبێتە ململانێیەکی بێهوودە و بۆش و دەرفەتی هەموو شتێکی تری لێ دەستێنێتەوە، تەنانەت بیرکردنەوە لە دەرفەتە بە فیڕۆچووەکان. ئیتر ئەوکات تازە هەست بەوە دەکات کە لە ناکاو، چ زوو پیر بووە و ئیتر کاتی ئەوەیە کە هێواش هێواش هەڵوەرێت، بێ ئەوەی هیچ تەقەللایەکی بۆ بکرێت. ئا لێرەدایە کە مەرگ دەبێتە چارەسەری، دەبێتە تاکە دەرەتان، ئەوکات ڕۆژێ هەزار جار، شەوێ هەزار جار، چرکەی هەزار جار ئاواتەخوازی مەرگە و کەچی ئەویش هەر بێهوودەیە... ون بوونی تۆش ئەم ڕەوتەی خێراتر کرد و هەر وەک پیری، لە ناکاو دەرکەوت. ئاخر مرۆڤ - وا هەست دەکات کە لەم جیهانەدا تەنیا ئەم پەنجەرەی بۆ ماوەتەوە و ئەویش هیچی بۆ نەکردووە جگە لەوە کە بە دیارییەوە پیر بووە، یان گوێی گرتەوە لە زەمزەمە و ئاوازی پیربوونی خۆی. ئینسان وا هەست دەکات کە لەم پەنجەرەوە هیچ کە نەیڕوانیوەتە جیهان، بەڵکو تەنیا سەیری پیربوونی خۆی کردووە. تەنیا کارێک کە ئەم ڕۆچنەیە بۆی کردووە ئەوەیە کە بەردەوام ئاگاداری کردۆتەوە لە ڕەوتی پیربوونی، لە داچۆڕانی هەمیشەیی.

لەم کونجەدا ئەوەندە پێشم خواردۆتەوە کە ماوەیەکی زۆرە گریانیشم نایە، هەموو شتێک تا سەر بڕناکات و وشکی دێت، بەڵام نەگریان زۆر لە گریان کوشندەترە، لەم ماوەیەدا ئەمەم تا سەر ئێسقان هەست پێکردووە. دوایین جارێک کە گریام ئەو شەوە بوو کە ژەنیارەکەی هاوڕێم - خۆت باش دەیناسی - هاتبووە لام، ئەویش دۆخێکی وەک منی هەیە، بەڵام هەر نەبێت هەمیشە ئەو کەمانە لەگەڵ خۆیدا دەگێڕێت و دەردەدڵەکانی خۆی بۆ

کەمانەکەی دەکات، ئەمەش وا دەکات ئەو مەراقە لەو بنبەستەی قوڕگدا کۆ نەبێتەوە. ئاخر تۆ تێناگەی کاتێک قوڕگ دەبێتە دواشوێنی دنیا و دواچرکەی زەمان کاتێک ئەو هەمـوو مـەراقـە تێـیـدا پۆنگ دەخواتەوە و کـەچی، کـەچی گـریانت نایە و سـەرت دەبێــتـە قـــورســتــرین گـاشـەبەردی زەوی. ئەو شـەوە هاتە لام و دەسـتی دایە ڤیـۆلۆنەکەی، پێم گوت: «دەزانم، کـەمانەکەت مـوزیک ناژەنێ، خـەریکی گـریانە، فـرمێـسک لە ژێیـەکـانییـەوە دەتکێت. دە چێـوی ئەو کـەمـانەت بەسـەر ڕوحـمـدا بیکێـشـە، بیکێــشــە شـێــتـانە، با ژێیــەکـانـی ڕوحم بپسێنێت. دە ئەو ئاوازە جەرگبڕە دڵبزوێنە بژەنە: «گیانە بەسـیـەتی!» بەڵام تۆ هەدا مـەدە، چونکە هەرگـیـز بەس نیـیـە. دە بیـژەنە با هەردووکـمـان خـاڵی ببـینەوە لە کەفـوکوڵی ئەو هەمـوو سـاڵگارە دوور و درێژی مـەراقـە، ئەو هەمـوو سـاڵگارە بێ سنوورە کە هەر کێشراوە و دوایی نایەت. دە بیکێشە بەشکەم چێوی کەمانەکەت هەودای ئەم ساڵگارانە بپسێنێت و کۆتایی بەو زەمەنە بێنێت کە هیچ کات ناتوانین لێی جیا ببینەوە.»

ئەوەی ڕاست بێت لەم دواییــانەدا بڕیارم دا هەمـــوو شتێک تەواو بکەم، بەڵام بۆ یەکەم جار لە مەرگ ترسام، ئاخر مرۆڤ – تا لەگەڵ شتـێکدا بەرەو ڕوو نەبێـتـەوە، نازانێ چ دۆخێک لە بەردەمیدا دەکرێتەوە. ترسام لەوەی کە مەرگ بیرەوەری تۆم بۆ هەمیشە لە بیر بباتەوە، زانیم کــە ئیـــتـــر لە دوای مـــردن ناتوانم گـــوێ بۆ ئەو ئاواز و گۆرانیـانە ڕادێرم کە ئەو هەمـوو سـاڵگارە تەنیـا بە یادی تۆوە گـوێم هەڵخـسـتـووە بۆیان. تێگەیشـتـم کـە مـەرگ دەمــخــاتــە دۆخــێکەوە کــە ئیـــتــر تۆ لە یادەوەریم پاک ببیـتەوە، ئەمەش گەلێک دڵتەزێنە، خودی مەرگ لەمە زۆر ئاسـانترە. ڕاسـتـیـیـەکەی ئەوەیە کە لە دوای مەرگ ترسام نەک لە خودی مەرگ، لەو فەرامۆشییە موتڵەقە زراوم چوو کە مەرگ بەرەو ڕووی دەکردمـەوە. تا ئێـسـتا ئەمەم بە زەیندا نەهاتبوو، هەمیـشـە وەک ڕێگاچارەیەک لە مـەرگم دەڕوانی، وام هەست دەکـرد مـەرگ دەرەتانێکە کە لە سـاتە دەگـمـەنەکـاندا بە هاناتەوە دێت، بەڵام نا، مرۆڤ – لە دوای مـەرگ لەگەڵ ئەو هەمـوو فـەرامۆشـیـیـە بێ سنووردا چۆن دەست و پەنجـــە نەرم بـکات؟! لەو چۆڵەوانییـە نادیار و تەماوییـەی زەین کـە قـاقـڕە لە هەر یادێک، چۆن تێپـەڕ ببێـت؟! هەربۆیەش مـاوەیەکـە کـە دەســتم لەمـــەیان شــتــۆتەوە، بەڵام هەندێک لە پیـــاوان نامرن، دیق دەکەن.

* * *

ئێسـتـاش هەر ترووسکەی ئومێدێک هەیە، وا هەست دەکەم دەکرێ جیـهـانێک بخوڵقێنیت کە شیـاوی مانەوە بێت، بەڵام بە مەرجێک کە دەرفەتێکی ترت بدەنەوە، کە هەلێکی دیکەت بۆ بڕەخسـێت، کـە وێدەچێت ئەمـەش شتێک بێت مەحاڵ و نامومکین، چونکە بێ گومان ئەم جارەش دەکەوێتە چرکەیەکەوە کە لەودا هەموو شتێک لە ڕکـێـفی خـۆت بەدەرە و هێـزێکی لەبڕان نەهاتووی بێ سنوور دەیبات بەڕێوە کە لە ئاستیدا جگە لە چۆک دادان کارێکی دیکەت بۆ بەسەر ناچێت.

* * *


ڕاسـتـیـیـەکەی ئاوایە... ئیـتـر زیندووبوونت دەبێـتـە چۆڵەوانی، کـاتێک ئەو هەمـوو سـاڵگارە دوور و درێژە چاوەڕوانی کـەسـێک بهێنیـتـەوە کە دەزانی قـەت پەیدا نابێت و هەرگـیز لە پەنجەرەی ژوورەکەت نادات، لێشت روونە کـە لە غـوبار و فـەرامـۆشی ئەو سـاڵگارە دوورە نەگریسـانەدا ون بووە. ئیـتـر ئەوکـات لەگەڵ وەهمـێکدا دەسـتــەویەخـەی کـە لە هەر شـتـێکی ڕاسـتــەقـینە ڕاستەقینەترە بۆت... ئەمە چیرۆکی دڵتەزێنی پیاوێکە کـە خـۆویسـتـانە زیندووبوونی لە پێناو وەهمـێکدا دۆڕاندووە و چاوەڕوانییـەکی تا سەر ئێسقان بێهوودە، بۆتە بەشێکی نەبڕاوە لە ژیانی.

**پاییزی ٨٦ تا هاوینی ٨٧**
**(٢٠٠٧ – ٢٠٠٨)**

# پشکنین

**شەپۆل مەجیدپوور**
**(بۆکان)**

ڕێگایەکی زۆر دوورە، هەر دەڕۆم و ناگــــەمێ. چاوم ڕەشکەوپێــشکە دەکـا و هێـڵنج دەدەم. نێـو دەمم بۆنی هێلکەیەکی کرماوی لێدێ و شان و پیلم منیـان هیلاک کردووە و خەریکن دەمتۆپێنن. تا ئێستـا قـەت ئەوەندە مـــاندوو نەبووم. تەواوی ژێر پێـــســـتم وەک کـــلاشی لێــهــاتووە، قـەڵەشـاوە و خــاک و خـۆڵی تێـچــووە. دەکـزێتـەوە. دەڵێی ئازارێکی زۆر پیسم گـرتووە. گـیـان تەپوتۆزاوی و کڕ و کاس لەسەر خۆڵە. هەردوو لاقم وەک مــار ڕادەکـێــشم و خـزەخـزم دێ، چون دەمـەوێ خـەوم لێبکەوێ، بەڵام لەتاو کەرێتی خۆم خەوم لێناکەوێ. خۆم لەسەر خۆڵەکە دەتلێنمەوە وەک سەگە بەڕەڵڵاکان کە لە سارد و سەرمادا لەنێو بەفر لەتاو سەگێتی خۆیان، خۆیان دەتلــێننەوە. لەناکـاو لە کـاتی خـۆ تلاندنەوەدا لایەکی سەرم بە قـوڵینگەکـەدا دەکـەوێ و خـوێن خوڕخـوڕ دێتـە خـوارێ و لەگـەڵ خاک و خـۆڵەکـە تێکەڵ دەبێ. پەسـتـا پەستا خوێن دێتە خوارێ و منیش خۆڵ بە جێگا برینەکە دادەکـەم. دەمەوێ خـوێنەکە ڕاوەستێ، بەڵام هەر جار بە جار زیاتر دەبێ. گوێی خۆمی لێدەخەوێنم. خۆم لە گێژی دەدەم. دەمەوێ لە بیری خۆمی بەرمەوە. بەڵام ناتوانم نا، ناتوانم ... چاوم قـــرتەقـــرتی دێ. قـــوڵـیـنگەکـــە هەڵدەگـــرمــەوە. دەمــەوێ وەڕێ کــەوم. چاوم خــوێنی تێـهـەڵدەچزێ و هێـڵنج دەدەم، زمـانم دەردەپەڕێ و قـڵـپ قــڵـپ وەک سـەگی نەخـۆش دەڕشـێــمــەوە. لەنێـــو ڕشانەوەکەمدا خاک و خۆڵ و کرمە تۆپیو لێکدەهاڵێن. بێــز دەکـەم، تەواوی گـیـانم وەخــورووی دەکـەوێ. خـۆم هەڵدەکرێنم. کاتێک خۆم هەڵدەکەم لیرگ لەسەر تەواوی گـیـانم ڕواوە. جاری واشە لیرگەکان دەتۆقێن و کرمە تۆپیوەکـانی لێدەردەپەڕێ و لەگـەڵ ڕشانەوەکە تێکەڵ دەبێ. ڕەنگی مـردووم لێنیشـتووە. لا لێوم بە قەدەرایی



بستێک هەڵتلێشاوە و جەراعەتی پیس خەریکە دێتە دەرێ. مێش و هەنگەژاڵە تێی دەهاڵێن و منیش هەر لەبەرەوە دایاندەنێم «دەڵێی گول بووم» کە چاکتر تێدەفکرم من گول نیم، چون دەتوانم قسە بکەم. ئەگینا هێز بە خۆم بدەم دەتوانم بڕۆم. دیسان خۆم دەخافڵێنم هەمووی ئەوانە لەبیر خۆم دەبەمەوە. دەست دەکەم بە گۆرانی گوتن: «دۆستی مندالّی من، لەگەڵ من و لەگەڵ منی، داری ئەلف لەسەرسەری من، بوغزی من و ئاهی منی هەڵقەندراوە...» قولێنگەکە هەڵدەگرم و بە خۆشییەکی شاردراوە وەڕێ دەکەوم. هەتا چاوم هەتەر دەکا وڵات وەک تەختە ڕەشێک وایە. خۆم لەبەینی ئازارەکانم دەشارمەوە، بە خۆم دەڵێم دەبێ هەست بکەم من «شی هوانگ تی»م لەسەر دیوارە گەورەکەی چین دانیشتووم و ئارەق دەخۆمەوە و بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا زاڵم. بەڵام ئەوانە هەمووی بە قەرایی هێلّنجێک تا ڕشانەوە دەبینم. چون ئەلان ناتوانم خۆم لە بەینی ئازارەکانمدا بشارمەوە. چون ئێستا لەرز و نۆبەتێیەکی ئازاراوی دایگرتووم و قولێنگەکە لە دەستم دەکەوێتە خوارێ و چۆکم دەلەرزێ. پەنا گوێم گەرم داگیرساوە، هەر دەڵێی باوکم شەپلاغەیەکی لەبناگوێم داوە. خەریکە ئاوری لێهەڵدەستێ. خوێن بەلاسەرمەوە ڕەق هەڵاتووە. خۆم وەک سەگ لەسەر عەرزی گرمۆلکە دەکەم. تاوێ سەرمامە و تاوێ گەرما، لە ئێشێکی زۆر بە تین دەناڵێنم. لەکاتی ناڵیندا سەرم لە قولێنگەکە دەدرێ و دیسان خوێن جۆگەلە دەبەستێ و خوڕ خوڕ دێتە خوارێ. ئەو لایەی دیکەی سەریشم خوێناوی دەکا. دەستم تێک دەهاڵێ و نازانم بەچی خوێنەکە ژیر کەمەوە. چاو لە خاک و خۆڵەکە دەبڕم و دەنکێ پشقەڵ دەبینمەوە، لەسەر برینەکەی دادەنێم. کزەیەکی زۆر خۆش بە سەر جەرگمدا هاموشۆ دەکا. چاوە گۆمە خوێناوییەکانم لەسەر یەک دادەنێم. گیانم دەچێتە خەو، من لە ژنی باوەگەورەم دەچووم، سەر و پۆلکێکی درێژ و ڕیش و سمێڵ هاتوو، نەنکیشم وردە وردە بۆی پەڵکە دەکردم. ڕۆڵەکەم چەن جوانی، کچە لاوەکەم جارێ نەیکەیەوە، منیش دەمگوت نانا نەنە گیان نایکەمەوە. دەترسم جندۆکەکان بیکەنەوە. لەناکاو نەنکم دەبێ بە سەگ و بە قەپاڵێک لایەکی گوێم لێدەکاتەوە و قرتەقرت لەبن ددانەکانی دایدەکرۆژێ. دادەچڵەکێم و چاوێک لە خۆم دەکەم. برینەکانی لاسەرم بوونەتە پشقەڵ، هەست دەکەم سەگێک لەنێو دڵمدا ملە گەوادەکەی داخستووە و دەڕشێتەوە. منیش هێڵنج دەدەم و دەڕشێمەوە. ڕشانەوەکەم پڕە لە پشقەڵە کرماوی و لەگەڵ تنۆکێ جەراحەت. زوو زوو لالێوم دەسڕم و تف دەکەمەوە. نێو زمانم بۆتە برین. تفەکەم زۆر تاڵە، دەڵێی لەکاتی خەیاڵمدا کە لەسەر دیوارە گەورەکەی چین دانیشتبووم و ئارەقم دەخواردەوە کەمێک لەژێر زمانمدا ماوە. وەک ژەهری مار و قوزەڵقۆرت وایە. دیسان ئازارە لە دوای ئازار، بۆ؟ کەس نییە بۆیەکەم جواب داتەوە. لەکاتی خەیالاویدا دێمەوە سەرخۆم. بە هەستی خۆم کە ئاخرین هێڵنجمە تارماییەکی زۆر ڕەش بەسەرچاومدا دێ. دەڵێی بیبەرێکی ویشکت خستۆتە نێو گلێنەی چاوم. نا، ئەو ئازارانەی من تەواو بوونیان نییە. بە قنگەخشکێ دەڕۆم و قولێنگەکە هەڵدەگرم و دیسان لە دەستم بەردەبێتەوە و لایەکی دەستم بریندار دەکا. من دەمێنمەوە کە چی بکەم؟ کە هیچم لێ نەیە، ئەو شتە ببینمەوە وەک بەچکە سەگێک کە چەندە ڕۆژە لەدایک بووە و نازانی سەگە، یان پشیلە، خەریکی هەڵکۆڵینی خۆڵەکە دەبم و بە قەدەرایی جێگای بنیادەمێکی بێتەوە. خۆی تێدەخزێنم. من ئێستا لەسەر دیوارە گەورەکەی چین ڕاوەستام. دەمەوێ دیوارەکان هەڵکۆڵم و لەتە گوێچکە و لاسەری خۆم بدینمەوە.

# هێڤی

**کامیران حاجۆ**
**(تربه سپی)**



شەڤەکا تاری، باران ژ عەرد و عەزمان دبارە. باکی خورت تێ و بەلەدی ڤەددن. ل بەر رۆنیا برووسکان، رەشێ چار خۆرتان خویا دکر بەرێ خوە ددانە گوندەکی د پالا چیێ دە.

نێزی گوند بوون بهنەکێ دبن وێ بارانێ دە راوەستان، دووڤرە ل دۆرا گوند گەڕان، دیتن کو تشتەکی کو ژێ بترسن نینە.. بەرێ خوە دانە خانیکی، ل دەری خستن، کێلیلە خوەش چوو تا کۆ دەنگ ژ پشتا دەری هات:

– کی یە؟

– مێڤانن...

دەنگی چەنگەلێ پشتا دەری هات، دەری ڤەبوو، کالەکی سەرێ خوە دەرخست، دیت کو چار مرۆڤێن ب چەک ژ بارانێ شل و پل بوونە. بهنەکێ ل وان نێڕی و بێدەنگ خوە ژ دەڤێ دەری دا ئالی دا کو دەرباسبن.

ب لەز خۆرت دەرباسی مالێ بوون. کەتن ئۆدێ دە، ب کەتنا وان رە پیرەکا مالێ ژ ناڤ جیێن خوە رابوو و ب خێرهاتن دا وان، هەم ژی ب لەز رابوو ئاگر کر.

ئاگر خوەش بوو پێ رە خورتان دەستپێکرن، جلێن خوەیی، شل هێدی– هێدی ل بەر زووا کرن.

بێ پرس خوەدیا مالێ چوو ئالیێ دن و ب دەست حازرکرنا خوارنێ کر.

– ئاپۆ، گەلۆ تە ئەم ناسکرن؟

کالۆ، ل قەلەڤیسکا روونشتبوو ئاگر خوەش دکر، قەرمیچۆکێ رووێ کالۆ، نیشانا مەزنایێ بوون...

ب دەنگەکی زەلال ل خورت ڤەگەڕاند:
- بەلێ من هوون ناسکرن هوون «تەلەبە نە» خـوەدێ ب وە رە بە. لێ بەلێ رەنگێ ئاخـفـتنا وی دیار بوو کـو تشتەکی دن د بن زمانێ وی دە هەیە...
خۆرت ژی دەوام کر و گۆت:
- ئاپۆ، دڤێ کو ئەم ل وەلاتێ خوە ڤـەگـەڕن، دڤێ کـو ئەم دۆزا خوە بسەرخن.
کالۆ کەسەرەک بەردا و گۆت:
- برازی، وە دەڤ ژ مە بەردا، وە ئەم دناڤ لەپێن ڤان بێناموسان دە هشتن. هێڤیێن من ب وە خۆرت بوون لێ رۆژا قەوامێ وە بازدا...
خۆرت ب باوەڕییەکە خورت گۆت:
- ئەم ئیـرۆ ل وەلاتێ خوە دڤەگـەڕن و ئەمێ ئـارمـانجـا ملەتێ خـــوە پێکبـــینن، ئەم ســـۆز ددن کـــو دژمـن ژ کوردستانێ دەرخن.
کالۆ ب ڤان گۆتنان گەش بوو.
- مـا ژ خوە خوەسـتنا مـە ئەڤـە و ب راسـتی دڤێ کـو خـۆرت دەســـتــهلێنن، کــالێ وەکـە مـن ژ وان رە زۆرە تشتەکی ئێدی ژبۆ کوردستانێ بکن. خۆرت لێ ڤەگەڕاند ژ بۆ کو باوەڕیا کالۆ خورتتر بکە:
- ولۆ مەبێژە، هەر مرۆڤەک د جڤاتێ دە، رۆلەکە وی هەیە، چ خـۆرت بە یان کـال بە یان ژی قـیـز بە یان زارۆ بە، هەر کـەسـەک گـەرەکـە ل گۆر خـوە تشـتـەکی بکە ژ بۆ خەلاسییێ...
د وێ ناڤێ دە خـوارنا وان هات، خـوارن و کـارا خـوە کرن کو هەڕن. ل دەڤێ دەری خاتر خواستن و د وێ رەشێ دە بەرێ خوە دانە چییێ.
ژ نشکا ڤـە، بەرقێ ل دارەکێ ل سەرێ چییێ دا و ئاگر ب وێ دارێ کەت، رۆنیا ئێگر ددا رووێ کالۆ، هێسر ژ چاڤێن وی دهاتن و تەڤلی دلۆپێن بارانێ دبوون و ل سەر رووێ وی دهاتـن خـوارێ، پێ رە ژی ل ســەر دەڤێ کــالۆ نیڤ کەنەک دهاتە خویا کرن. هیڤی خورت بوو.

**ئەڤ کـورتە چیرۆکـە ژ پەرتووکا «کـەلەڤـاژی» رووپەلێن (٢٥-٢٧) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکێ ل سالا (٢٠٠١)ێ ل سـتـەنبـۆلێ هاتیـە چاپکرن. هەژییـە بێـژین کـو چیـرۆکنڤـیس ژ دایکبـوویێ سـالا (١٩٥٩)یە و، دەرچوویێ زانینگەها حـەلەبێ یە- پشکا مـــیکانیک و، ل ســـالا (١٩٨٣)یێڤـــە دەست ب نڤـیساندنێ کریە و، گـەلەک نڤیس و چیـرۆکێن وی د رۆژنامـە و گۆڤاران دە بەلاڤبوونە.**

**«ڕامان»**

# تیرۆرکرام

**فەرهاد پیربالّ**



لە ڕۆژی ١٩٩٥/٩/١٦ چەند دەستێکی ڕەشی تاوانبار، دکتۆر فەرهاد پیربالّیان تیرۆر کرد. شایانی باسە دکتۆر فەرهاد پیربالّ نزیکەی سالّێک بوو لە فەرەنساوە گەڕابۆوە هەولێر بۆ ئەوەی خزمەتی ولاّت بکات و تەنیا چەند مانگێک بوو لە زانکۆی سەلاّحەدین لە کۆلێژی ئەدەبیات دامەزرابوو.

کاتێ ئەم هەوالّەم بینی، زۆر بە دلّتوندی و نیگەرانییەوە توانیم خوێندنەوەی هەوالّەکە تەواو بکەم، نووسرابوو:

بەپێی سەرچاوەکانی ئاسایش و چەند شاهێدێک: دوێنێ دکتۆر فەرهاد، واتە لە ڕۆژی کارەساتەکەدا، کاتژمێر سێ و نیوەی دوای نیوەڕۆ لە چایخانەیەکی ناو بازاڕ دانیشتبوو؛ کاتێ لەناکاو چوار چەکدار (کە شاهێدەکان باسیان دەکرد قاچاغچی بوون) هاتوونەتە ناو چایخانەکەوە و بە کلاّشنکۆفەکانیان دکتۆر فەرهادیان داوەتە بەر ڕێژنەی گوللە؛ بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک ئامانجی ئەم هێرشە و هۆکارەکەی بزانێت. جێگای ئاماژە پێکردنە کە تەرمی دکتۆر فەرهاد پیربالّ، ئەمڕۆ لەکاتژمێر چواری ئێوارە، لە گۆڕستانەکەی سەر ڕێگای کەرکووک، لە تەنیشت تەرمی دایکی خۆی، بەخاک دەسپێردرێت.

تەماشای کاتژمێرەکەم کرد: شەشی ئێوارە بوو. لەدلّی خۆمدا گوتم: «ئێستا نێژراوە و چۆتە ژێر گلّیش».

یەکسەر لە چایخانەکە هاتمە دەرەوە و چووم تەکسییەکم گرت، بەرەو گۆڕستانەکەی سەر ڕێگای کەرکووک بەڕێ کەوتم. گۆڕستانێکی گەورە بووە، بەلاّم گۆڕەکەی ئەوم بە پرسیارکردن دۆزییەوە.

کاتێ گەیشتمە سەر گۆڕەکەی، دیتم: دکتۆر فەرهاد لەسەر گۆڕەکەی خۆی دانیشتووە؛ قاچی ڕاستی لەسەر ئەژنۆی چەپی خۆی داناوە و جگەرەیەکی داگیرساندووە؛ بەسەر گۆڕەکەی خۆیدا نوشتاوەتەوە و هۆن هۆن دەگری (من، لە دواوەڕا، لە ڕێگەی هەلّتەکاندنی شانەکانی خۆیەوە زانیم کە دەگری).

کاتێ نزیکی کەوتمەوە، دەستم لەسەر شانی دانا، ڕاچلّەکی. پاشان، بێ چاک و چۆنی لەگەلّ کردن، هەلّمساندەوە.

له باوەشی خۆمم گرت و کەوتمە دڵدانەوەی:
– قـەیناکـە؛ تۆ لە ئەورووپا بۆ خـۆت تێـر تێـر ژیای.. مەگری.
ئەملا و ئەولایم ماچ کرد و پێم گوت:
– حـەیفـە مـردنی تۆ لـەو ڕۆژەوە دەست پێ بکا کـە گەڕایتەوە بۆ وڵاتی خۆت.
دکـتـۆر فـەرهاد لەباوەشـما بێ هێـز، هیچ جـووڵە و قسەیەکی نەدەکرد: وەک منداڵێکی وڕکگرتوو، پێدەچوو حەز نەکا ئەسڵەن گوێ بۆ قسەکانم ڕادێرێ. کەمێک بە گازاندەوە پێم گوت:
– من پێم نەدەگوتی «ئەم وڵاتەی ئێمە جێگای مرۆڤی وەک تۆ ناکاتەوە؟
– ...
– ئەمەتا بوویتە قوربانی گوللەیەک.
دکتۆر فەرهاد دیسان هیچ وەڵامی نەدامەوە.
– پێم نەدەگـوتی: «بگەڕێوە فـەرەنسـا و ئەم وێرانـەیە جێ بهێڵە!».
–...
– پێم نەدەگوتی «دەتکوژن...»
–...
دکـتـۆر فـەرهاد، بێ دەنـگ، هەرگـیـز وەڵامی هیچ قسەیەکی نەدەدامەوە. پێم گوت:
– حـەیفـە مـردنی تۆ لـەو ڕۆژەوە دەست پێ بکا کـە گەڕایتەوە بۆ شاری خۆت.
دکـتـۆر فـەرهاد بەدرێژایی ئەو مـاوە کـورتـەی لەلای دانیشـتم، تەنیـا یەک جـار وەڵامی قسـەکـانی دامـەوە؛ گوتی:
– من هەرگـیـز پێم حـەیف نییـە مـردووم، بەڵام ئەوەم لەسەر دڵ قـورس و لەلا ناخۆشە کە لەناو ئەم گۆڕستـانەدا هەرچی شتـێکی دەینووسم؛ هەرگـیـز هیچ کـەسێک لێم حاڵی نابێ.
ئنجا لەبەر خۆیەوە، هەستم دەکرد هەڵدەوەرێ، گوتی:
– من تەنیـا ئەمەم پێ حەیفە کە لەناو ئەم گۆڕستـانەدا وشـەکانی دەیانـڵێم و قـسـەکانی لێـرە دەیانـنووسم، هیـچ شتێکیـان لێ شین نابێ. هەمـوو کەسێک لێـرە لەناو ئەم گـۆڕسـتـانە، بێ دەنـگ، لەناو گـۆڕی خـاو و خلیـچـکی خۆیاندا خامۆش..
ئنجا لەناکاو لە پرمەی گریانی دا:
– هیچ شتێک لەناو ئەم گۆڕستانە سەوز نابێ.

# هەروەک چالێک

**نوشین سالاری**
**لە فارسییەوە: د. هیمداد حوسێن**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**



کە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، بێ دەنگ بوو، دەتگوت لە دوور، زۆر دوور، دەنگی تێکەڵ و پێکەڵ دەهات. لە هەمان کاتدا دەنگی زوڕناو دواتر پێکەنین.

«سەلام!»

کێ بوو وا بەم شێوەیە دەیگوت سەلام؟

جەواد پرسی: «کێیە؟» لە دەروازەی دەرگای ژووری نووستن ڕاوەستابوو. سوپاس بۆ خوا کە منداڵەکە خەبەری نەبووەوە. ئەوە کێ بوو کە لە ڕێگای دوورەوە وا بەم شێوەیە پێدەکەنێ؟

کەسێ بوو، کە دەیگوت سەلام و لامەکەی درێژ دەکردەوە، کەسێ بوو کە لامەکەی...

«-شەهرەزاد؟»

جەواد گوتی:

«-شەهرەزاد؟» و سەری لەقاندەوە، نەیناسی.

ڕەنگە شەهرەزاد بێ هاتبێ. گوتی: سەلام! و لامەکەی درێژ کردەوە. لەپاڵ ئەو لەسەر مێزی دووەم، یان سێیەمی پۆل دانیشت و ئێستا پێدەکەنێ.

کاتێ گوتی: «- سەلام» مانەوەیەک، پاش ماوەیەک، دەنگی هات:

«- سەلام!»
ئەوە دەنگی کێ بوو؟
شەهرەزاد پرسی: «- باشی؟»
ئەو هێشتا هەر بیری لەلای ئەو سەلامەوە بوو.
شەهرەزاد گوتی: «- ژمارەکەتم لە شانسی وەرگرت»
پرسی: «-شانسی؟»
شەهرەزاد گوتی: «- بەڵێ، لە جادە کچە خاڵەکەتم بینی، لەوێ بوو، من نەمزانی!»
هەروا پرسی:- بۆچی نامەیەکت پێ نەدا؟
«- ئاخر نامە...»
دەی ئیدی ئەم هەموو وەختە زۆرە ئەو خەڵکە لەگەڵ یەک چی دەکەن؟
«-کێشەیەک نییە.»
شەهرەزاد گوتی:
«- جەواد باشە؟»
سەیرێکی دەروازەی دەرگاکەی کرد، کە ئێستا خاڵی بوو. بێ گومان جەواد چووە بخەوێ.
«- جەواد باشە.»
شەهرەزاد پرسی:
«- منداڵەکەتان لەکامتان دەچێ؟»
ئیدی پێکەنی. ئێستا لەدوای ماوەیەک کەسێک پێ دەکەنێ.
گوتی: «- منداڵ لە منداڵ دەچێ؟»
«- بۆچی تۆ خۆت شکڵت چۆن بوو؟ هەروەکو ئەو ڕەسمەی کە..»
ڕەسمی بووکێنی دەگوت. تەنیا ڕەسمێک کە بۆی ناردبوو، چەندی بەسەردا تێپەڕیبوو؟
پرسی: «- ئێستا لەوێ سەعات چەندە؟»
نەیزانی ئیتر بۆ ئەم پرسیارەی کرد.
ڕەنگە نیوەشەوان لەتەلەفۆن وەڵامی هیچ پرسیارێکی دەست نەکەوێت.
شەهرەزاد گوتی: «سەعات پێنجی بەیانییە، لەوێ چی؟»
«-نیوە شەوە.»
«- کە وابێ خەوتبوون؟»
مرۆڤ چۆن دەتوانێ بە کەسێکی ئاوا دوور بڵێ ئەوە فلانە شتە و فلانە شتە وا تێکەڵ و بەیەکدا چوون؟
«- ئاگات لە منداڵەکان هەیە؟»
- منداڵەکان؟ کام منداڵانە؟
مەپرسە. شەهرەزاد خۆی گوتی: «- منداڵەکانی قوتابخانە»
بازنەیەکی ستیل لە پۆلەکەدا دەسووڕایەوە، بەسەر هەموو پەڵە شین، هەموو پەڵە سەوز و هەموو پەڵە قاوەییەکاندا دەگەڕا.
گوتی: «هەندێکیان وەکو دەبینم.
ئەو کێ بوو؟ کە لە ڕیز دەوەستا و ملی درێژ دەکرد تا دوور و درێژی ڕیزەکە ببینێ و چاوەکانی بەشێوەیەکی ئاشنا دەردەکەوت، لە نۆرینگەی دکتۆری منداڵان، یان کاتێ لەگەڵ جەواد لەچاوەڕێی تاکسی بوون و دەموچاوی لەودیو جامی ترۆمبێلێک پێدەکەنێ؟
شەهرەزاد گوتی:
«- ئەو کچە ناوی چی بوو؟»
«- کامە؟»
«- ئەوەی ڕۆژێکیان گۆرانی بۆ گوتین و هەموومان لەخۆمانەوە دەستمان بەگریان کرد.»
شەهرەزاد پێ دەکەنی و ئەو نەیدەزانی، هیچی نەدەزانی، بەبیری دێتەوە، کە کچێکی چاوڕەش گۆرانی دەڵێ:
«گلێنەی چاوم ماڵی تۆیە، ماڵی تۆیە...»
ئێستا لەکوێیە و چی دەکات؟ شایەد ئەویش جەوادی خۆی هەبێ، شایەد تەلەفۆن بۆ شوێنێک بکات.
بازنەیەکی ستیل...
شەهرەزاد گوتی: «- بیرم دەکردەوە، کە ئیدی تۆم گوم کردووە.»
شەهرەزاد سەری شۆڕکردبووەوە، لە سووچێکی پەڕەکاغەزێکدا خەریکی خەت خەتێن بوو. هەروەکو چۆن لە پۆلدا سەری بە بەرخۆیدا شۆڕدەکردەوە و لەگۆشەیەکی کاغەزێکدا وێنەی تووی دەکێشا، کەندوویەکی بچووک، کە تەنیا هەنگێکی بچووک دەیتوانی لە نێویدا گوڵ بەگوڵ هەڵفڕێ.
بێ دەنگییەکی پڕ سەدا بەسەر یەکدا پژا.
گوتی: «- ئێمە خانوومان گۆڕی و من...»
بێ دەنگییەکی پڕ لە سەدای دوور بوو، کە دەتگوت بەیەک ناگەن.
بۆچی هیچ کەسێک زمانێکی تازە دروست ناکات؟ ئەو هەموو خەڵکە لەیەک دوورکەوتوونەتەوە و کەسیش زمانێکی تازەی دروست نەدەکرد تا کۆکە مانای هەبێ و کشانی قسەکان و تەنانەت ئەو بێ دەنگییەش.

گوتی: «- من ماوەم نەبوو.»
شەهرەزاد گوتی: «ئەمساڵ دەرسم تەواو دەبێ.»
ئیدی ئەو پێکەنی.
«- تازە حیسابم تەواو، کۆشێ منداڵم هەیە.»
هیچ ئەوەی بیـر نـەبوو، کـە شـەهرەزاد بانگی دایکی دەکات.
«- تەواو نەبووە؟» دووبارە جەواد لە دەروازەی دەرگا ڕاوەستا بوو سەیری دەکرد.
شـەهرەزاد گـوتی: «- ئیـدی لەمـەودوا ناتوانم لێـرە بمێنمەوە. دەبێ بچمە جێگەیەکی تر.»
پرسی: «- کوێ؟»
جەواد شانەکانی هەڵتەکاند و ڕۆیشت.
شەهرەزاد گوتی:
«- دەبێ جـێگەیەک بدۆزمـەوە»، دووبارە بێ دەنگی دەسـتی پێکردەوە و دەنگی نارێک و ژنێک، کە ڕەنگە لە جێگەیەکی دوور، زۆر دوور، دەیگوت:
«- سەلام!»
شەهرەزاد گوتی:- «ئەم مامۆستایەمانت لەبیر ماوە؟» دووبارە سەرنجی دەروازەی پۆلی دەرگای دەدا.
«- کامە؟»
«ئەوەی، کــە دەیگوت، منداڵینە، خـراپتـرین شت لەدنیـادا ئەوەیە، کـە بنیـادەم جـێگەیەکی نەبێت بۆی بڕوات».
چەند دەنگێک لە جێگەیەکی دوور، زۆر دوور تێکەڵ دەبوون، ئەو ژنە، ئەو ژنە چی لێهاتووە؟
بازنەیەکی ستیل کە...
ڕەنگە شەهرەزادیش هێشتا وێنەی تووەکان بکێشێ و گەورەتری بکات.
شەهرەزاد گوتی:
«ئەو مـامـۆسـتـایەمـان ڕاسـتی دەگـوت». دواتر دەبێ بڕوات، چونکە خـاوەن تەلەفـۆنەکـە هەر ئێـسـتـا دەگەڕێتەوە.
کڕی و بێ دەنگییەکی پرسەدار بوو، کە لە جێگەیەکی دوور، زۆر دوور دەهات و شەهرەزاد ئێستا خوداحافیزی دەکرد و دواتر دەیپرسی:
«تۆ لە یادتە؟»
ئەو تەنیـا گـوتی:«- لە یادمـە» و زیاتر لەدەنگی تەلەفۆنێک، دوای ماوەیەک، دەنگی دەهات:
«- لەیادتە.» دەنگەکـە بەر شـتێ دەکـەوت و دەنگی دەدایەوە، دەنگی خـــۆی بوو و دەنگی دەدایەوە، وەک ئەوەی بنیادەم ڕووبەڕووی کێوێکی بەرز وەستا لە دەوری خۆی دەسووڕایەوە، کچێک گۆرانی دەچڕی، مامۆستایەک گـەچی نووکی پەنجـەکـانی پاک دەکردەوە، پیـاوێک کـە هەمیشـە ڕوو بە ئاستانەی دەرگامان دەوەستا و سەیری دەلەقاندەوە و هەموو کەندووە خاڵییەکان... لە دەروازەی دەرگـا ڕابورد و لەسـەر شـوێنێکی تەختـایی دانیـشت. جەواد ڕووە و دیوار درێژ بوو، پرسی:
«- تەواو بوو؟»
هیچی نەوت. خدووی پێوەگرتبوو.
بازنەیەکی ستیل بەدەوری خۆی...
ئەو دەنگە دەنگی خۆی بوو و دەگەڕایەوە. قاچەکـانی یەک یەک درێژ کـرد. لەسـەر گـازەرەی پشت ڕاکـشـا. دەنگ. دەنگی خۆی بوو، نەوەکو کێوێک، وەکو چاڵێک، چاڵێک کە سـەری دەخسـتـە ناوییـەوە بانگی ڕازێکت دەکرد، دواتر کە نایەکانی دەستیـان بەنەی ژەنین دەکرد، ئەو ڕازەیان دەچڕی دەسـتـەکـانی لەسـەر زگی دەرپەڕیوی تێک ئاڵاند و چاوەکانی داخست، ڕێک وەکو چاڵێک... بەیانی هیچ نەیژەنێک لەپاڵ کەندووەکە ناژەنێ؟

**تێبینی:** خـاتوو نوشین سالاری وەکـو دەنگێکی نوێی چیـرۆکی ژنانی ئێـرانی شـێوازێکی تایبـەتی خـۆی هەیە، لەم چیرۆکەدا بە ڕستەی کورت و پچڕ پچڕ و بە شێوازی تەوژمی هۆش و ڕۆمانی نوێی فرەنسی نووسراوە.
**«وەرگێڕ»**

**سەرچاوە:**
**در آستـانـه فصل سرد، داستـانهـای کوتاه از زنان قصـه‌نویس امروز ایران، انتخـاب و مقـدمـه سوزان گـویری و تورج رهنمـا، تهران، ١٣٧٦، ص٢٦٣-٢٧٠.**



## سەردار سنجاوی:

## کە لە هونەر قووڵ بوومەوە، کارەکانم بەرەو سادەیی ڕۆیشتن تەکنۆلۆژیاش هەڕەشەیەکی زۆری لە کاری هونەری کردووە

**هەڤپەیڤین: تاریق کاریزی**

سەردار سنجاوی، هێندەی بیروبۆچوونەکانی سەرنجت ڕادەکێشن، ڕەنگە ئەوەندە بە تابلۆ و بەرهەمەکانی سەرسام نەبیت، خاوەن کەسایەتییەکی یەکجار هەستەوەر و ناسکە. لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە کەرکووک لەدایک بووە. پارچە زەوییەکی بەتاڵ بە تەنیشت ماڵی ئەوانەوە بووە، ئەو پارچە زەوییە بۆشاییی کردووەتە نەخشێک و لەدڵ و دەروونی ئەودا بەرجەستە بووە.

ڕێکەوت وا بووە، کیژۆڵەیەکی بەرگدوور، دراوسێیان بووە، ئەو کیژۆڵەیە جار بەجار ئەو پارچە قوماشە وردانەی لەکاتی بڕینی جلوبەرگی موشتەرییەکانی، زیاد دەبوون، فڕێی دەدایە ئەو پارچە زەوییە بەتاڵەی (بۆشاییەکەی) تەنیشتی ماڵی سەردار. سەرداری منداڵ هێندە، بە ڕەنگی جۆر بەجۆری ئەو پارچە قوماشانە سەرسام بووە، وەک خۆی دەڵێ: تا ئێستا لەنێو بیرگەیدا دەچریسکێنەوە.

لە قوتابخانەشدا زاراوەی گورزی ڕووناکی (یان گورزە ڕووناکییەکان) یەکجار سەرنجی ڕادەکێشن. ئەوی منداڵ بەرەو ڕامانێکی قووڵ دەبەن. سەرەنجام، ژیان و پێوەندییەکانی دەبنە زنجیرەیەکی نەپساوەی گورزی ڕووناکی. ژیان خەونە، خەونیش دەبێتە ژیان. ڕایەڵی نێوان هەردوو لاشیان، بە بۆچوونی سەردار، گورزی ڕووناکییە!

سەردار دوو دایکی هەیە. کە باوکیشی کۆچی دوایی دەکات، لە کەرکووکەوە ماڵی دەگوازنەوە هەولێر. هەربۆیە هەستێکی بەتینی دووالیزم ناخی دەسمێ. برایەکی کە ئێستا ئەندازیاری تەلارسازییە، بەلەمێکی دارین دروست دەکات. ئەو بەلەمە لەتاقێکی ماڵەوەیاندا دەبێت لە کەرکووک. ئەو بەلەمە تا ئێستا وێنەیەکی زیندووە لەخەیاڵ و یادەوەری ئەودا. پاشان لە هەولێر تێکەڵ بە دنیای هونەر و خوێندنەوە دەبێت. پەیتا پەیتا لە ناخدا دەروون و بیر و هۆشی بە خوێندنەوە زاخاو دەدات. هونەری نیگارکێشانیش لە تەمەنی زوودا، لەناخیدا چەکەرە دەکات. لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا دەبێت کە یەکەمین پێشانگای خۆی دەکاتەوە.

بە پێنج شەش ساڵێ بەر لە کۆتایی هاتنی سەدەی بیستەم، دوای کردنەوەی چەند پێشانگایەک، بڕیار دەدات کوردستانی ئابڵوقەدراو جێ بهێڵێ و سەرەنجام لە شاری سیدنی لە ئوستراليا دەگیرسێتەوە. دوای ١٢-١٣ ساڵ ژیان لەو وڵاتەدا، ئێستا بە دیدێکی دی لە هونەر و ژیان دەڕوانێ. هۆشیاری چەمکێکی بنەڕەتییە بەلای ئەوەوە. هونەر و ژیان بەهایەکیان نابێت، ئەگەر هۆشیار نەبێتە مەحەکیان.

لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین لە دەرگای ژیانی سەردار سنجاوی بدەین و هەر بە یادەوەری ئەو، گەشتێک بەنێو ژیان و هونەرەکەیدا بکەین:

سەردار سنجاوی لە وڵاتێکدا لەدایک بووە، کە لێوانلێوە لە گێرمە و کێشە. دنیای پڕ لە هەراو هەڵلا دەورەی هەموو شتێکی داوە. هەندێ جار ئازار و خەم و خەفەت، بڕێ جاریش حەز و خەون و خولیا، وا لە مرۆڤ دەکەن پڕ بەدەم هاوار بکات و بقیژێنێ، کەچی ئەو بە ئاکار و هەڵسوکەوت مرۆڤێکی هێمن و ئارامە، لە قسەکردنیشدا هێور و لەسەرخۆیە. لە هەمووشی سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە، پەنای بۆ هونەری کپ و بێ دەنگی شێوەکاری بردووە.

سنجاوی بەم جۆرە باسی ئەم پرسەمان بۆ دەکات: من لە کەرکووک لەدایک بووم، بەڵام ئەم پرسیارە بەرەو ئەو ڕایەم دەبات، کە لەوانەیە زۆربەمان بیستبێتمان. هەندێ جار وا هەست دەکەیت سروشت کەسێک وا هەڵدەبژێرێ بچێتە نێو دنیای هونەر، یان ئەو کەسە خۆی هاتووەتە نێو دنیای هونەر. بە ڕای من هەندێ جار لە مێژووی هونەردا، یان با بڵێین لە مێژووی فەلسەفە و بوارەکانی دیکەی ڕۆشنبیری، وەک ئەوەی سروشت کەسەکە هەڵبژێرێ، نەک خۆی بە بەرنامەیەکەوە بێت. لەوانەیە دواتریش خۆی ئەو پرسیارەی لەلا دروست بێت، یان ئەو بۆچوونە هەبێ، کە ئایا ئەو نەخشەی بۆ کێشراوە بێتە نێو دنیای هونەرەوە، یان شتێکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیەوە. من ناتوانم چیرۆکێک بۆ خۆم دروست بکەم و بڵێم، بەهۆی ئەم شتانەوە، یان چەند شتێک وایان لێ کردم بێمە ناو دنیای هونەرەوە. وەڵامی ئەم پرسیارەم زۆر لەلا ڕۆشن نییە کە چۆن هاتمە نێو دنیای هونەرەوە؟ بەڵام لە ئوستراليا و لە زۆر شوێنی دی، ئا لێرەشدا (مەبەستی کوردستانە) ئەو شتە هەبێت، بۆ نموونە ئارتێست ستێتمێنت (ستێتمێنتی هونەرمەند) هەیە، واتە بانگەوازی هونەرمەند، کاتێ کە پرۆژەیەکی هونەری دەبێت، یان بڵێین پێشانگایەکی خۆی هەیە، یان هەر

**من باوەڕم بە فۆڕم هەیە و پێویستە هونەر خۆی لە شتە زیادەکان داتەکێنێ**

جۆرە پرۆژەیەکی هونەر دێتە پێشەوە. داوا لە هونەرمەندەکە دەکرێت ئەو ڕاگەیاندنەی پێشکەش بکات. منیش لە زۆربەی ڕاگەیاندنە هونەرییەکانی خۆمدا ئەوەم دووبارە کردووەتەوە کە ئایا یەکەم جار من هونەرم دۆزیبێتەوە، یان هونەر منی دۆزیبێتەوە؟ لێرەدا شتێکی زۆر ورد هەیە: ئایا لەپێشدا من خۆم دۆزیوەتەوە، یان هونەرم دۆزیوەتەوە؟ من لە سەرەتایەکی زووەوە بەرەو دنیای هونەر چووم. دەمەوێ بڵێم بەرلەوەی خۆم بناسم، هونەرم ناسی. لە هەمان کاتدا فەلسەفە پێمان دەڵێ کە نەتوانین بڵێین: من کێم. کەواتە تۆ دووبارە تووشی دژبەری دنیایەکی پێک ناکۆک دەبیتەوە، چونکە من ناتوانم بڵێم من کێم. جا ئایا چۆن دەتوانم بڵێم: من خۆم دۆزیوەتەوە، یان ئاخۆ یەکەم جار خۆم دۆزییەوە، یان هونەرم دۆزیوەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی، مەبەستمە بڵێم من لەسەرەتایەکی زووەوە، بەرلەوەی خۆم بناسم، وەک پرسیارە فەلسەفییە گەورەکە نا، بەڵام بە تێگەیشتنێکی دی، مەبەستم لەخۆ دۆزینەوە ئەوەیە، کە هەست بکەیت دەگۆڕێیت. بۆ نموونە ماوەی ژیانی منداڵی، کە ئاوڕی لێ دەدەیتەوە، هەست دەکەیت وەک بەهەشتێک وایە. زۆربەی فەیلەسووفە گەورەکان، ئەسەف بۆ ئەو حاڵەتە گەورەیە دەخۆن کە لە بەین چووە و دواتر قۆناغی گەنجی و ئنجا پیر بوون دێت. مەبەستم ئەوەیە لە زۆر زووەکەوە من هاتوومەتە نێو دنیای هونەر. واتە ئەو پرسیارە تا ڕادەیەک و بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بە پرسیارێکی (گومان هێن)ی دادەنێم، کە ئایا پێشتر خۆم دۆزیوەتەوە، یان هونەر؟

* کەواتە من وا حاڵی بووم کە لە پرۆسەیەکی خۆ دۆزینەوەدا بووی؟

– ببوورە، مەبەستم ئەوە نەبوو کە لە پرۆسەیەکی خۆ دۆزینەوەدا بووم، بەڵکو کە منداڵ بووم، پرۆژەیەکی خۆ دۆزینەوەم نەبووە. دەتوانین وەڵامەکە لە شتێکی نیمچە واقیعی نزیک بکەینەوە. بابڵێین کاتێک منداڵێک بەرەو هونەر دەچێت، مانای ئەوە نییە ئەو شتەی تۆ باست کرد و ڕێچکەیەک بگرێتە بەر بۆ گەڕان بە دوای خۆیدا و بڵێ بۆ ئەوەی ببمە هونەرمەند. نەخێر شتی وا نییە. بەس لەوانەیە، بۆ نموونە کەسێکی وەکو هیتلەر و زۆربەی کەسایەتییەکانی مێژوو، ئەگەر لێیان بپرسیت، ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان خولیای هونەرییان هەبووبێ، بەڵام دوایی بە ئاراستەی دیکەدا ڕۆیشتوون. کەواتە کاتێ کە منداڵ بووم، مەبەستم ئەوە نەبووە بگەڕێم و تا بزانم چی بکەم و دوارۆژم چی دەبێت، یان چی دەکەم؟ لەوانەیە ئەگەر لێیان بپرسیبام تۆ دەبیتە چی. بمگوتبایە دەبمە فڕۆکەوان، یان لەوانەیە بمگوتبایە دەبمە مامۆستا. کەواتە لەمنداڵیدا مەسەلەیەک نییە بەناوی گەڕان بەدوای شتێکدا، بەڵکو نزیک بوونەوە هەبووە لە بوارێک لە بوارەکان.

* هونەر حەزە، یان بەهرەیە؟ ئەم پرسیارە ئەوەندەی کە ڕەخنەگرانی هونەری سەرقاڵ کردووە، دوو هێندەش لەلای بیرمەند و فەیلەسووفانی هونەر و ئیستێتیکاوە گفتوگۆی لەسەر کراوە. هونەر ئەگەر حەز بێت، سەرەنجام هەموو حەزێک دەکرێ دەوڵەمەند بکرێت و گەشە بکات تا دەگاتە پایەی داهێنان و هونەر. هیچ بەهرەیەکیش بەبێ پەروەردە و قاڵ بوونەوە، لێی چاوەڕوان ناکرێت بە ئاستی ئەفراندن بگات. لەدوا قۆناغیشدا ڕەنگە هونەر و بەهرە لەلای کەسی هونەرمەند، یان بەهرەمەند، ئاوێزانی یەک بن و ڕێی بەرەو هونەر و داهێنان خۆش دەکەن؟

– لە بارەی پەیوەندی نێوان حەز و بەهرەو لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دیسان ئەوە دەهێنمەوە، کە ئایا: سروشت منی هەڵبژاردووە، یان من هونەرم هەڵبژاردووە؟ نازانم کامەمان کاممانی لەیەکتر نزیک کردووەتەوە! ئەوەیە کێشەکەی لای من، چونکە من نازانم خۆم کێم. ناشزانم لەبەرچی ئاوها بەقووڵی بەرەو هونەر چووم.

* واتە دەکرێ بڵێین تۆ خۆت داوەتە دەستی نەستەوە. دەکرێ وا بێت؟

– بەڕاستی ئێمە تووشی جۆرێ لە بازدان دەبین. واتە ڕیتم و جۆری پرسیارەکانمان لە یەکترەوە دوورن دوور. ڕیتمی زۆر. نازانم، بەڵام تۆ دەتەوێ لە ئێستاوە باسی هۆشیاری بکەیت. تۆ لە باسی ئەوەی لە منداڵیدا چۆن ڕووم کردە دنیای هونەر، کەچی دێیتە سەر مەسەلەی هەست و هۆشیاری. ئێستا من پاش ئەو هەموو ساڵە قسەی خۆم هەیە.

* تۆ دەڵێی نازانم من هونەرم هەڵبژارد، یان هونەر



منی هەڵبژارد. واتە دەکرێ بڵێین ئەگەر بەکاڵیش بێت، تۆ بە جۆرە پرۆسەیەکی نائاگادا تێپەڕ بوویت، دوور لە هەست، واتە تۆ لە دنیای خەون و خەیاڵ و نەستدا بووی، لەدنیای پشت پەردەدا، بۆ نموونە هەندێ شت لەدڵ و مێشکەوە سەرچاوە دەگرێت بەبێ ئەوەی کەوتبێتە ژێر ڕکێفی هەستی هۆشیارانەی تۆوە. مەبەستم ئەوەیە بە مەزەندەی تۆ، نەک ١٠٠٪ بەڵکو هێندەی بواری تێدا بێت، چونکە هونەر وەک زانست پابەندی ڕاستی ڕەق و تەق نییە، بەڵکو کارکردنی لە ڕووبەرێکی واڵاو کراوەدایە. بۆ نموونە دەکرێ هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی لە هونەردا بە تەک یەکەوە بن، یان هەر جۆرە ڕەنگێکی دیکە، بەبێ ئەوەی ناتەبایی دروست بکات، واتە هارمۆنیا (گونجان) و کۆنتراس (دژ) لەگەڵ یەکدا کۆک و تەبابن، جا ئایا دەکرێ بڵێین نەست و خەیاڵ و ئەندێشەی خۆت وای لێ کردی ڕوو بکەیتە دنیای هونەر، نەک بۆ نموونە دنیای وەرزش، یان بڕیارێکی عەقڵانی و هۆشیارانەت داوە کە دەبێ وا بکەیت و ڕوو لە دنیای هونەر بکەیت؟

– بۆ ئەوەی بپەڕینەوە و پردێک لەنێوانی خۆمان و هونەر دروست بکەین. ئەوەی لەبیرم بێت. لە زووەوە هاتمە نێو هونەر، بەو واتایەی خۆ خەریک کردن بەجۆرێک لە کەرەستە بوو، کە منداڵ بووم خۆم بە هەندێ شتەوە خەریک کردووە.

* ئایا ئەم خۆ خەریک کردنەت بەر لە قۆناغی چوونە قوتابخانە بوو؟

– لەوانەیە.. بە مەزەندەی خۆم، پێش تەمەنی شەش ساڵی و لەو دەورە بێ، ئەوەندەی بە بیرم بێت. برایەکەم کە ناوی سەعدی سنجاوییە و ئەندازیاری تەلارسازییە. ئەوکاتە پێش هاتنمان بۆ هەولێر، ئەو خەریکی هونەر بوو، ئێستاش بەبیرم دێ لە کام تاق پەیکەری بەلەمێکی دروست کردبوو. تا ئێستا ڕەنگی ئەو بەلەمە لەزەینمدا ماوە، پێوانەکەشی (٤٠×١٠) سانتیمەتر دەبوو. ئێستا ئەگەر لەخۆی بپرسی، ڕەنگە لە بیرگەو یادەوەری خۆیدا ڕەشی کردبێتەوە (دیلیتی کردبێت)، بەڵام لەلای من ئێستا ئەگەر بڕۆمە ئەوێ، بچمە هەمان ماڵ، کە ئێمە ئەو کات لەوێ دەژیاین. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٦٩- ١٩٧٠، واتە کۆتایی ساڵانی شەست و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. من لەو کاتەدا لەتەمەنی ٥ تا ٦ساڵان دەبووم، ئەو بەلەمە زۆر سەرنجی ڕاکێشام. ناشزانم ئەو برایەم تا چەند فریام دەکەوێت، لەوەی پێی بڵێم: لە چ کاتێک ئەو پەیکەرەی کردووە؟ لەوانەیە ماوەیەکی زۆر وەکو برا لە یەک خێزاندا پێکەوە ژیابین، بەڵام هەرگیز ئەو باسی ئەو پەیکەرەی نەکردووە، کەچی لەزەین و یادەوەری مندا ئەو پەیکەرە هەیە وەکو گوتم من دوورایی بەلەمەکە و ڕەنگەکەیم لەبیرە کە ڕەنگێکی زۆر کاڵ بوو وەک بڵێی قوڕ بوو، نەکرابووە گۆزە. بیرمە دێ لەسەر کام تاق داندرا بوو. ئەو پەیکەرە بەلەمە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ببوورە. زۆر درێژەمان پێدا، بەڵام ئەوە سەرەتایەک بوو. پێشتر ڕەنگە خەریکی هەندێ شت بووبم، بەڵام ناتوانم بگەڕێمەوە سەریان. هەروەها ئەوەشم بەبیر دێ کە کچێک هەبوو، لەپشت ئەو خانووەمان، ئەو کچە بەرگدروو بوو. ئەوهام بیستووە (بە پێکەنینەوە) وابزانم ناویشی بەسێن (س) دەست پێ دەکات. (ئەم جارەیان بە ئینگلیزی ڕستەیەکی گوت کە واتاکەی ئەوەیە) هیچ پێوەندییەکمان لە نێواندا نەبوو (دیسان پێکەنین)! ئەو سینە جلوبەرگی دەبڕی و پارچە قوماشە (بچووک و بێ کەڵکەکانی) فڕێ دەدایە بۆشایی (سپێس)ێکی لای ماڵی ئێمەوە. بە بیرم دێ ئەو ڕەنگانە زۆر سەرنجیان ڕادەکێشام. ئەو پارچە قوماشانەی زیاد دەبوون و فڕێی دەدەن، ئێمە وەکو منداڵ


لەوانەیە چووبین یاریمان پێ کردبێت، لەنزیک ئەو ماڵانە، خورەتاوی گەرمی کەرکووکیش کە لەو ڕەنگانەی دەدا، ئەو ڕەنگانە ئیشتاش لەلام دەدرەوشێنەوە. لەوانەیە پاش ئەو هەمـوو ساڵە، جـۆرێک لە پێـوەندی دروست بکەم، ڕەنگە دوایی بێـــمـــە ســـەری، لەگـــەڵ (گـــورزە ڕووناکییەکان). بەڕای من ئەوە شتێکی زۆر زۆر قووڵە، ئێستاش لەمیمۆر (بیرگە)مدا هەیە، ئەو ڕەنگانە، کە ئەو خـۆرە گـەرم و جـوانەی کـەرکـووک و ئەو هەتاوەی کـــەرکـــووک لێـی داون، ئەو ڕەنگـانـە لەلای من زۆر زیندوون، زۆر جـوانن، پڕی لە ڕەنگ و وزەن. ئێسـتـاش لە مـیـمـۆر (بیـرگـە)مـدا مـاون. هەندێ شت هەن کەس ناتوانێ بەشـداری ئەو هەست و بۆچوونانەم بکات. ئەو بەلەمەی کە باسم کرد، یان ئەو پارچە قـومـاشـانەی کە باسم کردن. ئیتر ئەوانە و شتی دیکەشم بەبیردا دێتەوە.

* لێـرەدا باسی ڕەنـگ دەکـەیت، منیش دوو پرسـیـارم لەلا گەڵاڵە دەبێت. ئەگەر بە یەکەمیاندا گوزەر بکەین، وەخـــتـێ تۆ منداڵ بـوویت ڕەنـگ، قــەباره، پارچەی ڕەنگین، تیــشـک، شتگەلێکن کە سەرنجت ڕادەکێشن، بیـرگـەت پاراو دەکـەن، بەڵام وەختێ دەچیتە قوتابخانە، مامۆستای هونەر و پرۆگرام هەیە، مامۆستا هەیە ڕەنگە چیـرۆک بگێـڕێتـەوە. لەم قـۆناغـەدا نێـوانی تۆ و هونەر، تۆ و فـۆڕم و ڕەنگ و قـەبارە، چی و چۆن بوو؟ ئایا هەمـان ڕیتـمی وەرگـرت؟ لەوە دەچێ لە هەمـان قـۆناغـدا لە کـەرکـووکـەوە هاتوون بۆ هەولێـر. گــۆڕانی ژینگە، بەڵـکو دوو گـــۆڕان لەیەک کـاتدا. لە قـۆناغی کـۆڵان و بێ گـەردی منداڵەوە بەرەو قـۆناغی قـوتابخانە و پرۆگـرام و مـامـۆسـتـا، ئەمـە یەکـێکیـان. گـۆڕانی دووەم ژینگەیە، لەشـارێکەوە دێیت بۆ شـارێکی دی، ئەم دوو گـۆڕانە چیـیـان لەلای تۆ دروست کـردووە. ئایا کـودەتایەکی لەناخی تۆدا بەرپا کـردووە. ڕیتـمی ژیانی ئەوی گــۆڕیوە. بیــروبۆچوونەکــانی؟ خـەیاڵ و ئەندێشەی؟ مـەسـەلەکـان بەگـشـتی بە چ ئاراسـتـەیەکدا ڕۆیشتوون؟

– بەڵێ، لێـرەدا هەندێ شـتی دیکەم بەبیـر هاتەوە. بۆ مەسەلەی هەستەکان، زۆرجار هەندێ دەستەبژێری کەمم لە یادەوەرییـەکـان لەبەر دەسـتـدایە. زۆربەی جـار کـە دەگەڕێمەوە سەر سەردەمی زووی منداڵیم، هەست دەکەم وەک زۆربەی کەسەکان چەند میمۆرییەکی زۆر کەمم لەبەر دەستدایە، لەو هەمـوو ساڵانەی ژیان، هەست دەکەم چەند مـیـمـۆرییـەکی کـەمم لەبەر دەسـتـدایە. لە وانەیە هەندێ مـیـمـۆری پێـوەندییـان بە هەسـتی وەکـو بۆن کـردن هەیە، نازانم هەندێ جار هەندێ دیمەنی تەپ و تۆزاوی لە پێشی ئەو خـانووەمـان سـپـێس (بۆشـایی)یەک هەبوو. مـاڵێک لەو سـەر هەبوو، هەندێ بیـرگە هەن. بەڵام هەستم دەکـرد تۆزێک لاتەریک بووم جارێکیان لەگەڵ دراوسێیەکماندا پارچەیەک پەنیرم خوارد، ئەو تێستانە (تامانە) گرنگن، لەوانەیە ڕۆژێ لەڕۆژان لەسـیـدنی دانیـشـتـبم و شـتێکم خــواردبێت و یەکـســەر ئەو بیــرگـەیە بۆ ئەو کـاتانە ڕامدەکێـشێـتـەوە. نامـەوێ هەسـتـەکـان لەیەکدی جیـا بکەمەوە. هونەرمەند بریتییە لە هەمـوو ئەو شـتانە. ئەو شـتـانە لە یەکـدی دانابڕێن. لەوانەیە وەک باست کـرد، ئەودیوی هەست و ئەو شـتـانە بن. کـەواتە هەست دەکـەم

**لەوانەیە هونەری وێنەکێشان بەڕێوە بێت خۆی لەگەڵ هونەری دیزاین لێک بدات**

لـەبـەر چـی ئەو ڕۆژانـە ئـەوەنـدە دوورە پەرێز بـووم؟ لـەبـەرچی لـەلای ڕاســـتی دەرگـای هاتنە ژوورەوەی مـاڵـەکـەمـان دانیـشـتـبووم. ئەو کەسەش هات و ئەو پەنیرەی لەگەڵم بەش کرد. مەسەلەکە تۆزێک دراماتیکییە، وەکـو ئەوەی لە ئاسمانەوە شتێک پێت بڵێ تامی ئەوە بکە. ڕاسـتـە ئێـسـتـا بە جـۆرێک لە هۆشـیـارییـەوە دەگەڕێمەوە سەریان. ئەوکات شـتـەکـان ئاسـایی بوون، بەڵام لەبەرچی ئێستا لە بیرگەمدا هێندە شتێکی بەهێزن. ئایا ئەوە دەسـتـێکی ئاسـمـانی بوو ئەو تامـەی لەلام دروست کرد؟ پاشانیش کە قۆناغی قوتابخانە و خوێندن دێت. بەبیرم دێت کە بەچەند پەیژەیەک دەچووینە خوارێ. قوتابخانەکەمان ئەوسا پێیان دەگوت (نەجاح). ڕەنگە گەلێ شتی خۆش و ناخۆش سەرنجت ڕابکێشێ. گوڵێکی بۆن خـۆش، سـیـاناوێکی گـەورەش هەبوو، خـەڵک بازی بەسەردا دەدا. لەوکـاتەدا دەرفەتی یاری کـردنمان زۆر کەم بوو. لەم سـەر بۆ ئەو سـەر بازمان دەدا. بیـرگـەی بۆن، لە سـیـدنی بۆنێک دەتگەڕێنێـتـەوە، بۆنی خـواردنێک دەتگەڕێنێتەوە بۆ هەولێر بۆ کەرکووک، دەتگەڕێنێتەوە شوێنێک لە شوێنەکـان. زۆر شوێن بۆنی خـۆی لێ دێت، لە ڕووی خۆشی و ناخۆشی. ڕۆژە تاریکەکان و ئەو ڕۆژە



خۆڵاوییانە، ئەو ڕۆژانەی کە کۆنتراس بوو لەگەڵ ئەو پەنیرەی تامم کرد، لەگەڵ ئەو ڕۆژەی کە گوتم پارچە قوماشەکان دەدرەوشانەوە، یان لە سەربانێک لەگەڵ برادەرێکدا یاریم کردووە، دنیای زۆر گەرم بووە. بەر لەوەی بێمە سەر هاتنەوەمان بۆ هەولێر. لەو ماوەیەدا باوکم مرد، ئێمە لە بنەڕەتدا خەڵکی هەولێر بووین، لەوانەیە ١٥-٢٠ساڵ لەکەرکووک ژیابین، مردنی باوکم خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە بوو لە ژیانی خێزانەکەمان، لەبەر ئەوە گەڕاینەوە هەولێر. ئەو ڕووداوە گەلێ دراماتیک بوو. دەمەوێ زۆر لەسەر ئەوە ڕاوەستم، چونکە ئەو ڕووداوە من دادەڕێژێ، ئەوە من بەرەو شێوەیەک لە شێوەکان دەبات. بەیانییەک لە بەیانییەکان، خوڵ لەسەر گۆڕەکە کەڵەکە کراوە، چەند ئافرەتێک لە خزم و کەسەکان لە هەولێرەوە هاتوون و دەگرین، هەروەها ئەوانەی کەرکووک، خزم و کەس و ناسیاو لەسەر گۆڕەکە دەگرین. منیان وەکو منداڵێک برد کە نەدەبوو بمبەن، لەگەڵ ڕێزم بۆ پەروەردەی خۆمان کە ئەمە کولتوورێکی ڕۆژهەڵاتیانەیە، کاتێ منداڵ دەبەنە سەر گۆڕستان. ڕەنگە ڕەهەندی سەیر سەیر لەلای منداڵەکە دروست بکات. بەبیرم دێ کە هاتنە سەر گۆڕستان وەک قۆناغی شین وایە لەلای پیکاسۆ. ئەو ڕەنگانەم بەبیر دێنێتەوە، کە شینێکی سبەینێی کەرکووکە کە بوخوردیان داگیرساندووە. بۆچی سبەینان دەچنە گۆڕستان؟ دیارە ئەوە دابونەریتی ئەو شارەیە. مەبەستم ئەوەیە، ئەم شتانە دادەڕێژن. جۆرێک لە داڕشتن لەلات دروست دەکات، کاست دەکات. باوکم زوو مرد، بۆیە یادگارییەکی کەمم لەگەڵ باوکم هەیە. ئیدی بەو یادگارانەوە بەرەو هەولێر ڕۆیشتین. مەبەستم ئەوەیە، لێرە تووشی دووانەیەک بووم. لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی هاتین. لە قسەکردن و ئاخاوتندا، جۆرە جیاوازییەکی کەم هەبوو. لە پۆلدا کە قسەم دەکرد، هەندێ لە قوتابییەکان بە قسەکانم پێدەکەنین. بۆ نموونە لەجیاتی بڵێم (چار) دەمگوت (چوار) و منداڵەکان پێدەکەنین. ئەم شتە دیسان منی بەرەو داخران و گۆشەگیری برد، منی بەرەو شەرمنی برد، چونکە بە کەسێکی شەرمن ناسرابووم. ئەوانەی کە باسم کردن، گۆڕستانەکە، ئەو پارچە پەنیرەی لای دراوسێکەمان خواردم، ئەو بۆنانە، ئەو ڕەنگ و جووڵانە، سەربانەکەمان. هەر هەموویان بەرە بەرە منیان دروست کرد، تا ڕادەیەک منیان بەرەو لاتەریکییەک برد. هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئێمە خەڵکی هەولێر بووین، بەڵام هەڵکەندنی ئینسان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی، کاریگەری خۆی هەیە. من ئاگام لێ بێت، یان لێ نەبێت، گواستنەوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی، لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی دی، لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دی. ڕەنگدانەوەی جیاجیای هەیە، دواتر تووشی حاڵەتێک لە دووانەیی بووم. نامەوێ لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنیزمەوە باسی دوالیزم بکەم، بەڵکو دەمەوێ بڵێم من تووشی جۆرێ لە دابەش بوون بووم، هەروەها باوکیشم دوو ژنی هەبوو. ئەو دوو ژنییە وای کرد، هەر لە پاش شەش حەوت ساڵ، وا بزانم هەر ئەوەندەی پێ چوو، پشانگایەکم کردەوە، لە تەمەنی (١٤ و ١٥) ساڵیدا بووم کە لە هەولێر پیشانگاکەم کردەوە. کەواتە منی تووشی دابڕان کردبوو، من خەڵکی دوو شار بووم، دوو دایکیشم هەبوو. ئەوانە منیان دوو پارچە دەکرد.

* یەکەم جارە دەبیستم هونەرمەندێکی شێوەکار باسی بۆن دەکات. ئەم هونەری دیدەیە، هونەری چاوە. وا باوە کە تەنیا هەستی بینین تێکەڵ بەدنیای هونەری شێوەکاری دەبێت. یەکەم جارە دەبیستم کە هەستی بۆن تێکەڵ بە دنیای ئەم هونەرە دەبێت، ئەمە توخمێکی تازەیە لەنێو ئەم هونەرەدا. ئاخۆ بە ڕاستی بۆن دزە دەکات

بۆ نێو هونەری شێوەکاری و بەرهەمی شێوەکاری؟ ئایا هەستی بۆن کردن دەکرێ کەناڵێک بێت بۆ هونەری شێوەکاری؟ کە هونەرمەند دەوڵەمەند بکات و پاشان ئەویش بتوانێ بەکاری بهێنێ، ئەم شتە چۆنە بەلای تۆوە؟

– جێی خۆیەتی پەردە لەسەر هەندێ شت لابدەین، قسە لەسەر هەندێ لایەنی ژیان بکەین، چونکە بەڕای من ئەمانە هەموویان تێکەڵن. هونەرمەندی ڕاستەقینە، با شتەکەش نەکەینە ئەفسانە، بەڕاستی لە پێکهاتەکەیدا جیاوازە. لە زۆر شتدا جیاوازە. بۆ ئەوەی لە هونەرمەندێک تێبگەین، خۆشە بزانین هەستەکانی چۆن بوون. هونەرمەند هەیە حەزی لە بۆنی گوڵە. ئاساییە، بەڵام لێرەدا برادەرێکمان هەبوو ئەو برادەرەمان شێوەکارە، حەز ناکەم ناوی بهێنم، دەیگوت: کاتێ کچ دەچوو لەسەر خۆڵێک لە پەنایەکدا میزی دەکرد، ئەو دەچوو بۆنی ئەو خۆڵەی دەکرد. ئەو برادەرە هونەرمەندێکی باشیشە. من لە ڕووی ڕەنگەوە پێم باشە نەک لە هەموو ڕوویەکەوە. هەڵبەت ئەو برادەرە ئەو قسەیەی کرد، بەڵام ڕەنگە نەوێرێ ئەو قسەیە ئاشکرا بکات. ئەو ناتوانێ لە چاوپێکەوتن و لەمیدیادا باسی بکات. جا کاتێ پەردە لەسەر هەندێ شت لا دەدەین، بەڕاستی هەندێ نهێنی دێنە پێش. بەڕاستی هونەرمەند کەسێکی زۆر تایبەتە، بەلای منەوە هونەرمەندی ڕاستەقینە کەسێکی زۆر جیاوازە، لە هەستەکانیدا، لەکۆی هەموو هەستەکانەوە کەسایەتی هونەرمەند دروست دەبێت. هونەرمەند هەیە چێژ و خۆشییەکی تایبەت لە بۆنی ڕەنگی نیگار کردن وەردەگرێت. لەوانەیە کەسێکی دی حەزی لەوە بێت بچێتە سەر دەریا و حەزی لەبۆنی لم بێ دووپاتی دەکەمەوە، کە هونەرمەندی ڕاستەقینە خاوەن کەسایەتییەکی جیاوازە. هەڵبەت لە ئوسترالیاش مرۆڤ لە هەموو شتێکدا ئازاد نییە و ناتوانێ بۆ نموونە بە ئازادی باسی سێکسوالەتی بکات. ئەمە پرۆژەی ئایینده‌مە، لەگەڵ پرۆژەیەکدا کە پتر کایەکانی ئایین دەگرێتەوە. لێرەش و لەوێش هەندێ مەسەلە هەیە من لێی ئازاد نیم باسیان بکەم، بۆ نموونە کایەکانی ئایین لە ڕۆژئاواش من ناتوانم باسیان بکەم. هەڵبەت لێرەدا دەڵێم، ئێمە یەک جار دەژین، ئەگەر ئێستا، چ لێرە، یان

**ئێمە هەموومان لە ڕابردوو دەترسین، بەڵام دەبێ ئەدیب و هونەرمەند لە خەڵکی دیکە جیاواز بن**

لە ڕۆژئاوا، باسی ئەو شتانە نەکەین، ئەدی کەی باسیان بکەین، من ئەو پرۆژانەم هەیە، جا ڕەنگە زوو، یان درەنگ ئەو ئازایەتییە بنوێنم و بیاندرکێنم.

* من وای بۆ دەچم، کە ئەو هونەرمەندەی چووە بۆنی ئەو گڵە بکات کە بۆنی میزی کچێکی لێ دێت، ئەمە گوزارشت بێت لەحەزی خەفەکراوی سێکس، کە لە ڕۆژهەڵاتدا باوە؟

– ئێمە ناتوانین بەو زاراوە پێش وەختانە، یان بەدەستەواژەی ئامادە، یەکسەر بڵێین ئەوە خەفە کردنی سێکسە. پێویستە تۆزێ خۆمان لەو زاراوە حازر بەدەستانە بپارێزین. کەواتە ئەو کە چێژی لەو بۆنە وەرگرتووە، با بیکات، ڕەنگە ئەم شتە ببێتە سەرچاوەیەک لەلای. لەوانەیە بۆنی ئەو میزە لە گەلەرییەک بدات و خەڵک بە لایدا تێپەڕێت. ڕۆژئاوا بەچی وا پێشکەوت، ئەوان ڕێیان بە وزەکان دا کە زیاتر بتوانن کاربکەن. ئێستا ئەگەر ئەو هونەرمەندە ئەو بۆنەی هێنا، یان بۆنی چەند کچێکی هێنا، یەکێ لە سەیداوە، یەکێ لە تەیراوە، یەکێکی دی لە چوار باغ. بۆنی ئەو میزانەی هەر یەکەی لە ژوورێک، یان هەر هەموویانی لە یەک ژوور دانا، کە ماوەی جیاوازیان لەنێواندا بێت. لەوانەیە ئەو بۆنانە بپەڕنەوە یادەوەری کەسانی دی. ئەگەر زانیاانی گەردوونناسیمان هەبێت، هەڵبەت کاتێ ئێمە ئێستا قسە دەکەین، ڕەنگە مایکڵ لە بۆشایی ئاسماندا بێت. لەوانەیە مایکڵ ئەو بۆنانەی لەگەڵ خۆیدا بۆ بۆشایی ئاسمان بردبێت. لەوانەیە یارمەتی مایکڵ بدەن لە دۆزینەوەی شتێک. من بەو جیهانبینییە گشتگیرە شت دەبینم. بەشدارییەکانی هونەرمەند بابڵێین بەخاڵێکی بچووک، دیسانەوە بەشدارییەکی گەورەیە لە هەموو پرۆسەکانی مرۆڤایەتی. کەواتە ئێمە کە شتێک دەکەین، دەبێ زۆر بە هەندی وەربگرین، چونکە گوتمان هونەرمەند کەسێکی زۆر تایبەتمەند و جیاوازە. ئەو شتانەی دەیانکات دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێت. نموونەکەم لە مەسەلەی بۆنەکان زۆر ڕادیکاڵ بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ زۆر بایەخی پێ بدەین. لەوانەیە ئەو بۆنە لە یادەوەری زانایەکی گەردوونناسدا جێگیر بێت و لەگەڵ



خۆیدا بۆ بۆشایی ئاسمان ببیات. لەلای مامۆستایەک دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەیەک. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین تۆزێ لە نهێنییەکان تێبگەین، کە دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ دۆزینەوەی کلیلی نهێنییەکان. کچێک بەڕووتی سەما دەکات، یەکێ لەو لاوە نوێژ دەکات، ڕێزم بۆ هەر هەموویان هەیە. کەواتە ئێمە پێویستیمان بە هەموو بۆچوون و سەرنجێک و وردەکارییەک هەیە، بۆ ئەوەی هەندێ زیاتر لە نهێنییەکان نزیک ببینەوە.

* دەبێ پێوەندی دەقی ئەدەبی بەدنیای شێوەکارییەوە چۆن بێت؟ ئایا دەکرێ دەقێکی نووسراو ببێتە سەرچاوە بۆ دەقێکی ئیستێتیکی؟

- من زۆرجار لێرەو لەوێ ڕام گەیاندووە. لەنێو ماڵباتەکەمدا دوو برام زۆر کاریان تێکردووم. یەکێکیان کە ناوی سەعدی سنجاوییە، ئەندازیاری تەلارسازییە، وای کرد من لە هونەر نزیک ببمەوە و هونەرم خۆش بوێ. ئەو بەلەمەی کە دروستی کرد، هەروەها تابلۆی دەکێشا و هەندێ شتی زانستی دەکرد. وردەکارییەکی زۆری دەکرد و بەلای داهێناندا دەچوو. ئەو کەسێک بوو ئەوساو ئێستاش داهێنانی زۆری دەکرد. با بڵێین ئەوەندەش بەرزی نەکەینەوە، بەڵام ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی ئەو، ئەو ئازادییەی ئەو، وام هەست دەکرد لە خۆرئاوا پەروەردە دەبم، ئەوە کەشی نێو خێزانەکەمان بوو، چاو سوور کردنەوە مەچەک بادان نەبوو. جارێکیان لە چاوپێکەوتنێکی ئینتەرنێتدا کە لەگەڵ پسپۆڕێکی بەرزدا کرابوو، لەسیدنی خوێندمەوە، ئەو پسپۆڕە دەیگوت، بۆ ئەوەی منداڵەکەت ببێتە تەلارسازێکی سەرکەوتوو، بۆ ئەوەی ببێتە فڕۆکەوان و کەسێکی سەرکەوتوو، لەنێو کۆمەڵگادا، دەبێ ئەو کەشەی بۆ دروست بکەیت، لە کەسایەتی نەدەیت و هەرگیز سەرکوتی نەکەیت. کەواتە خۆرئاوا بەم شتانە گەشەیان کردووە. ئەوە وا دەکات منداڵەکەت ببێتە کەسێکی داهێنەر لەبوارە جیاجیاکاندا. برایەکی دیکەم هەبوو لەبیرکاریدا زۆر زیرەک بوو، بەڵام هەر ئەو خۆشەویستی ئەدەبی لەلام دروست کرد. ئەو لەگەڵ ئەوەی لە بیرکاریدا زۆر زیرەک بوو، ئێستاش لەبوارێکی دیکەدا ئەندازیارە، حەیدەری برام وای کرد، خۆشەویستی ئەدەبم لەلا دروست ببێت. شتی جۆراوجۆری دەخوێندەوە. بەبیرم دێ جارێکیان شتێکی (حەمەکەریم هەورامی)م دەخوێندەوە، ئەو لەماتماتیکدا زۆر زیرەک بوو، بەڵام کە ئەو شتانەی دەخوێندەوە، ئەو لەمن زیرەکتر بوو. من ئێستاش لە خوێندنەوە تەمبەڵم، لەسەرەخۆم. ئەو زۆر بە خێرایی لەهاوینی گەرمی هەولێردا نۆڤلێتێکی دەخوێندنەوە. ئەوەم زۆر پێ سەیر بوو کە دەربارەی ئەو شتەی دەیخوێندەوە، ڕەخنەی دەنووسی. پاش خوێندنەوەی هەر کتێبێک، دەچوو سەرنجەکانی خۆی دەنووسی، کەواتە ئەم بەرەو ئەدەبی بردم، ئەویش بەرەو هونەر و دنیای داهێنانی بردم. ئەو دوو ئاراستەیە زۆر گرنگ بوون. چەند یادەوەرییەکی کەمم لەگەڵ باوکم هەبوو، دایکم وای لێ کردم، کە هەست بە میهرەبانی و خۆشەویستی بکەم، کە خەڵکم خۆش بوێ. ئەم شتانە منیان لە شتێک نزیک دەکردەوە کە پێی بڵێین سەردار، ئەوانە خەریک بوون منیان دروست دەکرد. منیش زۆر حەزم لە خوێندنەوە دەکرد، ئەو خوێندنەوەیە لە تەمەنی نۆ، یان دە ساڵی دەستی پێکرد، هەستم دەکرد ئەوەندە کتێبم خۆش دەوێ، کتێبخانەیەکی بچووک لەماڵەکەمان هەبوو، لەنێو کتێبەکاندا پاکەتی تایتم دادەنا، بەرگم بۆ پاکەتە تایتەکە

دروست دەکرد، تا بەکتێبی قەبارە گەورە بچێت. بۆ ئەوەی کتێبخانەکەمان دەوڵەمەند بێت. ئەوەندە خۆشەویستیم بۆ کتێب هەبوو کە ئێستاش وشە لەلای من لە ئاستە هەرە بەرزەکاندایە. ئەوکەسەی پەیڤی پێیە، هێزی پێیە. کاتێ بیرمەندێ دەڵێ (ئازادی لێ درا)، کە ئەم دەستەواژەیەت پێ دەڵێ، تۆ هێز و وزەت پێیە. ئەوانە وایان لێ کردم خۆشەویستییەکی زۆرم بەرانبەر بە وشە هەبێت. خودا وشەی پێیە، بە وشە قسە لەگەڵ پێغەمبەراندا دەکات. وشە ئاستێکی زۆر بەرزە، لەدوای خوێندنەوە دێت. من بروام بەوە هەیە خوێندنەوە کەسێکی دیکە دروست دەکات. ڕەهەندی جیاجیای خوێندنەوە، کەسایەتی دروست دەکات. هەر بۆیە هونەری من هەمیشە هونەر و بیرە. لەقۆناغی پاش خوێندنەوە، ئیدی رامان دێت، کە شتێکی زۆر زۆر گەورەیە لەلای من کە قۆناغێکی زۆر بەرزە، لەوانەیە لە قۆناغە دواییەکانی فەلسەفە و وردەکاری بێت. دانیشتن و ڕامان، ئەگەر بگونجێ ببێتە پیشەت. مەبەستم ئەوەیە، خوێندنەوە دروستت دەکاتەوە.

* کام ئەدیب و نووسەر کاریان تێ کردووی. چ دەقێکی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی بەسەر کار و داهێنانی تۆوە هەیە؟

– من کە لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ دەستەبژێری هەولێردا تێکەڵاویم هەبوو، ئەو تێکەڵاوییە زۆر شتی دامێ، زۆر شت لەیەکترەوە فێر دەبووین. بەشێکی من کەوتووەتە لای ئەوان و بەشێکی ئەوانیش کەوتووەتە لای من. لەگەڵ کچ و کورەکان، لەگەڵ نووسەرە باشەکاندا یەکترمان دەبینی. کتێبی جۆر بەجۆرمان دەگۆڕییەوە. شاعیر هەیە ئێستا زۆر دەرکەوتووە، بابەتی خۆی دەهێنا بە منی پیشان دەدا، چونکە من زۆر لە خوێندنەوە قووڵ دەبوومەوە، حەزێکی زۆرم بۆ خوێندنەوە هەبوو. بەبیرم دێ چەندین سەعات بەرهەمەکانی کۆڕی زانیاری کورد و نووسینەکانی مەسعوود محەمەدم دەخوێندنەوە. کوردییەکەم هێندە قووڵ بووەوە، تارادەیەک بووە ڕێگر لەبەردەمی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، چونکە بەڕاستی خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ زمانەکە هەبوو. کازانتزاکی یەکێکە لەو نووسەرانەی زۆر کاریان لێ کردم و بە ئاراستەیەکی تایبەتدا بردی. کتێبێکی هەیە بەناوی (گەشتێ بۆ گریکۆ)، بەڕاستی منی زۆر بەقووڵی کۆ دەکردەوە، زۆر شتی فێرکردم. کازانتزاکیم بەنموونە هێنایەوە، ئەگینا گەلێ نووسەری دی کاریان لێ کردووم. بە بڕوای من کارێکی ترسناکە لە تەمەنێکی بچووکدا خۆت بدەیتە دەستی هونەرەوە، یان پڕ بدەیتە ئەو کتێبە قووڵ و گەورانە. ئەوکات وامان دەزانی ڕاستییەکان لەنێو کتێبەکاندان، بەڵام لەدوای قۆناغی خوێندنەوەی دەگەیتە ئەوەی شتەکان لەخاچ بدەیت، شتەکان دادەنێیتەوە، هەموو شتێک دەبێتە سەرچاوە بۆ ڕامانی تۆ.

* ئێمە لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتیدا دەژین، کە چەندین لەمپەر لەبەردەمی ئازادیدا هەن. لاشمان وایە کە لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا ئازادییەکی زۆر فەراهەم کراوە، مرۆڤ ئازادییەکی زۆری لەبەردەمدایە، بەڵام لە قسەکانی ئێوەوە وای تێدەگەم کە لە ڕۆژئاواشدا لەمپەرێکی زۆر لەبەردەمی ئازادیدا هەن. ئایا ئازادی شتێکی ڕەهایە و مرۆڤ پێی ناگات، یان دانانی بەربەست لە بەردەمی ئازادی مرۆڤ، زەروورەتێکە بۆ ژیان، بەڵام تۆ ناچاری هەندێ شت بشاریتەوە، تۆ وەک کەسێکی هونەرمەند، ڕەنگە حەزێکت هەبێت بۆ دەربرینی ئەو شتە شاراوانە. ئەو شتانەی لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە حەرامن و قەدەغەن، جا چ بە یاسا بێت، یان بە ئایین و شەرع، ئایا پێویستە ئەو شتە شاراوانە بگوترێن. بە بڕوای تۆ گوتنیان چی؟ نەگوتنیان چی؟

– من پێم وایە، کە گەیشتمە سیدنی لە ئوسترالیا، لە پەیژە بەرزەکانەوە فڕێدرامە خوارێ. من هەستم کرد لە ڕووی ڕوح و دەروونەوە، لە پەیژە بەرزەکانەوە فڕێدراومە خوارێ. هەستم کرد جەستەم بەر جەستەی خوداوەندێک کەوت، بەر شتێک کەوت. ئەمە شتێکە، دیسانەوە خۆ دروست کردنە لە خۆرئاوا. لەوێدا خۆرئاوا، یان دەتکاتە مرۆڤ، یان دەتکاتە کەسێکی سەرگەردانی سەر جادە و شەقام، یان دەتکەوێنێ، یان دەتوانی لەسەرپێ ڕاوەستی. ئەزموونێکی زۆر سەختە. خۆرئاوا وات لێ دەکات ڕووبەڕووی زۆر شت ببیتەوە. بۆ نموونە لە هەر شارێکدا، کتێبخانە هەیە و بەرانبەریشی کلامپ (یانەی شەوانە)ش هەیە. جا تۆ کامەیان هەڵدەبژێری. ئازادی لەوەی کامیان هەڵدەبژێری. من ئاماژە بە بەرتەسکی ئەو ئازادییە دەکەم. مەبەستم ئەوەیە هونەرمەند دەبێ ڕادیکاڵ

بێت. من هەستم دەکرد کە لە هەولێریش بووم، هەر لە بەرەی یەکەمدا بووم. هەمیشە لە جەنگدا بووم، لەنێوانی خـۆم و ژیان و هونەردا، هەسـتم دەکـرد شـەڕکـەرێکم لەبەرەی جـەنگدا، هەسـتم دەکـرد هەمـیـشـە لەبەرەی جەنگدام و نابێ ئەو سەنگەرە جێ بهـێڵم، هیچ کـاتێ گـەڕانەوەم نـیـیـە لەو سـەنگەرەی کـە تێـیـدام. هەڵـبەت سـەنگەرەکە مـەبەسـتم ڕووە گـەورەکـەی ئەو پەیڤـەیە، چونکە من باسی ڕامـــانم کـــرد، ڕامـــان لە هونەر و تێکۆشانی ژیان کە هەندێ جار دەتەوێ هەندێ ڕادیکاڵ بیت. لە خۆرئاواش ڕاستـە ئازادییـەکـە هەیە، بەڵام بۆ نموونە من ئەگەر بمەوێ بچمە نێـو کایەی ئایینەوە بمەوێ باسی هەندێ شت بکەم، کە بە ملیۆنان کەس لەسەر گۆی زەوی باوەڕیان بە ئایین هەیە، هەڵبـەتە من دەمـەوێ بە



جوانی باسی ئایین بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا نامەوێ هەستی کەسێک بریندار بکەم، یان ڕەنگە ئەو شتەی من دەمەوێ باسی بکەم ببـێـتـە مـایەی بریندار کـردنی هەسـتی ١٠ کـەس، یان ٦ کـەس لە شـارێکدا، ئەوە ناکـەم. من زۆر ســـەرچڵ نـیم، زۆربەی ئەدیب و هونەرمـــەندانمان، یان ئەوانەی باسی ئەدەب و هونەر دەکـەن، زۆر سـەرچڵ و سەرکێش نین. بەبێ سەرچڵی و سەرکێشی ئێمە ناگەینە شتێ. بە ڕاستی سەیرە.. پێویستە ئێمە زیاتر ڕادیکاڵ بین. لە مـێژوودا باس دەکەن، کە گـرووپی ١٠٦ هەبوو، ئەو گرووپە دەیانەویست بە بۆمبێک هێرش بکەنە سەر کەژاوەکەی قەیسەر. کەچی کە قەیسەر هات و منداڵێک لەوکـاتەدا لە نزیکی کـەژاوەکـەی بوو، لەبەر خـاتری ئەو منداڵە، هێرشیـان نەکردە سەر کەژاوەکەی قـەیسەر. ئەمە بەڕاستی پڕ لە مۆراڵ و ڕەوشتە. هەڵبـەت ئەم پەیامە زۆر لایەن دەگـرێـتـەوە. بۆ نموونە کـاتـی خـۆی ئەگـەر سـەدام بەهەولێـردا تێـپـەڕ بووایە، لەبەر خـاتری منداڵێک جـا چ کورد بووایە، یان عەرەب، یان تورکمان، تۆ لەبەر خـاتری منداڵـەکە دەست لەدیکتـاتۆر نەوەشێنی و دیکتـاتۆر لە تێــــداچوون ڕزگــــاری بێت. لەوانـەیە هەندێ کـــەس بیـانگوتبـایە کـە قـەی چی دەکـا، با منداڵێک ببـوایەتە قـوربانی لەناوبردنی دیکتـاتۆر، بەهەرحـاڵ ئەوەی سـەدام حوسێن بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەوەی ئەوان، بەڵام چەند جوانە کە ئەو گرووپە لەپێناو پاراستنی گیانی منداڵێک، چاوپۆشییـان لە کەژاوەکەی قـەیسەر کرد. من نازانم ئەم ڕووداوە ڕاسـتە، یان دروست کراوە، بەڵام وانەیەکی گـەورەمـان دەداتێ لە مۆراڵێـتی و ڕەوشـتـدا، کـەواتە من نامـەوێ شـتێ بکەم کــە لەکــایەی ئاییندا کــەسـێک نیگەران بکات. بە هەمان شێوە لە ڕووی سێکس و شتی دیکەوە، ڕاستە لەخۆرئاوا بە چاوی جۆراوجـۆر لە سـێکس دەڕوانن، بەڵام ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەگـەر باوەڕم بە کــــارەکــــە هات، ڕەنگە لە هەردوو کـایەکـەدا کـار بکەم. من گـەرەنتی ئەوە نادەم کـە نایکەم، گـەرەنتی ئەوەش نادەم کــە دەیکەم. من بەڵێنی کـــردن، یان نەکـردنی ئەم شـتـە نادەم، بەڵام پێـویسـتـە ڕادیکاڵ بین. من پێم سەیرە لێرە شاعیر و هونەرمەند دەچنە لای سەرتاش وەک دیلێک لەبەردەستی دادەنیـشن. بێ گومـان سەرتاشەکە بە ئامرازێکی زۆر تیژ سەریان دەتاشێ. سەرو پرچیان وەک دووکاندارێک ڕێک دەخـەن. بەڕاسـتی پێـویسـتــە ئەدیب و هونەرمـەند لە خەڵکی دیکە جیاواز بن.

* باشە بۆچی لە خەڵکی دیکە جیاواز بن؟

– وەک گــوتم، هونەرمــەند داڕشــتــەیەکی جــودایە. هەڵبـەت سروشت لەم داڕشـتنەدا ڕۆڵی هەیە. نازانین کێ ئەدیب و هونەرمەند و ڕۆشنبیری ڕاستەقینەی بەم شێوەیە داڕشـتـووە. تا چەند دەسـتی نادیاری ئەودیوی سـروشـتی تێـدایە، بەڵام لە هەمـان کـاتدا پێـویسـتـە شـێـوەیەکـمـان

بداتێ جودا بێت، کە بەشوێنێکدا تێپەڕیت، خەڵک هەست بکات ئەو شتێکی جودایە، برووسکەیەکمان بداتێ، شەپۆلێک بدات. بۆ نموونە ئێمە ئێستا لە هۆتێل چوارچرا دانیشتووین، کە هونەرمەندێک هات، ئێمە هەست بکەین ئەوە کەسێکی جیا هات، لەوانەیە نەشیناسین، لەوانەیە هونەرمەندێکی کورد بێت، یان بێگانە. با شێوە و ڕوخساری بناسین، شێوەکەی جودا بێت، ئەمەش زێدەڕۆیی نییە. من دەرچووی زانکۆی سیدنیم، لە بەشی (ڤیجیوڵ ئارت). لەوێدا قوتابییەک هەبوو، سەرینەکەی لەگەڵ خۆیدا دەگێڕا. لەم سەرو لەوسەری پەتی لە سەرینەکەی گرێ دابوو، بە شانی دادەدا و لەنێو پۆلدا لێی پاڵ دەکەوت. هەندێ کەس وەک کەسێکی خۆشەویست لەباوەشیان دەگرت. بەڕاستی شتێکی جیاواز و جوان بوو. زۆربەی هونەرمەندەکان کە دەمبینین، جیاواز بوون، مامۆستاکانمان ڕادیکاڵ بوون.

* ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمی منداڵیت، کاتێ پاکەتە تایتت لەنێو کتێبخانەیماڵەوە دادەنا، ئایا ئەوە حەزێک بوو بۆ خوێندنەوەی کتێبی گەورە، یان هەوڵێک بوو بۆ دەربڕین و پیشاندانی ئیستێتیکای زیاتر؟

– ئەم پرسیارەم بەلاوە جوانە. ڕەنگە ئەو ڕاستییە یارمەتیدەری کەسێک بێت بۆ تێگەیشتن. لە بەرهەمێکی من، کە ئایا لەبەرچی بەرەو فۆرم و فۆرمالیست ڕۆیشتووم. من باوەڕم بە فۆرم هەیە و ڕام گەیاندووە، کە پێویستە هونەر خۆی لە شتە زیادەکان داتەکێنێ، ئەو پاکەتە تایتەی بەرگی سپیم بۆ کرد و لەوێم دانا، ڕەنگێکم لێ دا بۆ ئەوەی وەک کتێب دەربکەوێت. کەواتە من بڕوام بە شێوە هەبووە. دواتریش بەرەو شێوەخوازی ڕۆیشتووم. شێوە بەسەر بەرهەمەکانمدا زاڵ بوو، لەو قوتابخانەیەش دوور کەوتمەوە کە لەگەڵ کارەکەمدا یەکیان نەدەگرتەوە، هەرگیز من بەلای سوریالیزمدا نەچووم، چونکە سوریالیستەکان زیاتر لایەنی خەون و خەیاڵ و منداڵی و گێڕانەوە دەگرنەبەر. من زیاتر ئالوودەی شێوە بووم. دواتر کە لە هونەردا قووڵ بوومەوە، کارەکانم بەرەو سادەیی چوون. ئەو سادەییە لە یادەوەری خۆمەوە نزیک بوو. ئەو سەرەتایە وای لێ کردم، کە لە دنیای چیرۆک و گێڕانەوە دوور بکەمەوە، بچمە حاڵەتی داتەکاندنی هونەر.

* خودا، یەکەمین سادەیی بەشتەکان بەخشی، گەردوونی داهێنا. ئایا گەڕانەوە بەرەو سادەیی لەلای تۆ چی دەگەیەنێت؟

– زۆرجار من لێرەو لەوێ مرۆڤ لەسەر جادە و شەقامدا دەبینم، وا هەست دەکەم یەکەمین جارە دەیانبینم. ئەوەندە پرسیارێکی گەورەیە: من کێم و خەڵک کێن؟ مرۆڤ بۆ خۆی پرسیارێکە. پاش ئەو هەموو تەمەنە، کە مرۆڤ دەبینم، وا هەست دەکەم تازە دەیبینم. ئەوەندە پێی سەرسامم. بە ڕاستی ئەمە خاڵێکی گرنگە لە وردەکاری ئەم بۆچوونە تێبگەین. مەبەستم لەو جوانییەیە، یان ئەو شێوە و فۆرمەیە کە خۆی دەنوێنێ. تۆ باسی دروست کردن دەکەی.. ببوورە ئێستا فریای خۆم کەوتم، کە دەمویست ئەوە بڵێم، تۆ کە نازانی مرۆڤ چییە. تۆ کێی و ئەو کێیە؟ لەگەڵ ئەوەشدا من لەگەڵ هەر شتێکم کە مرۆڤ دروستی دەکات، تەنانەت شتە لاسار و ناشیرینەکانیش، شتە باش و جوانەکانی، لە ڕوانگەی منەوە، هەر شتێکی مرۆڤ دروستی دەکات جوانە. بۆ نموونە جگەرەکێشان، مرۆڤ ئاگرێک پێ دەکات و بۆ ماوەیەکی کەم، یان زۆر لەگەڵی بەردەوام دەبێت. ئەم لاسارییەم پێ جوانە. بە هەمان شێوە کە یەکێ سەما دەکات، یەکێ نیگار دەکێشێ، یەکێکی دی تابلۆیەک فڕێ دەداتە سەر جادە، یان ئامێرێک کە مرۆڤ دروستی کردووە، یەکێکیش فۆتۆکۆپی دەکات. یەکێکی دی ڕۆکێتێک دروست دەکات و بەرەو بۆشایی ئاسمان ڕەوانەی دەکات. ئەو لاسارییانەم پێ جوانە. یەکێک گوڵ دەچێنێ و ئاوی دەدات. ناشمەوێ ڕادیکاڵ بم و ئاماژە بە هەندێ شت بکەم، بەڵام هەموو شتەکانم پێ جوانە. ڕاستە لە قسە کردندا باسی گەلێ شتی وردەکاری دەکرێت، بەڵام کێشەی من لەوەدایە، نازانم چ دەکەم. تۆ ئەگەر زانیت چ دەکەیت، زۆربەی کێشەکان چارەسەر دەبن. ئەگەر تۆ بە هۆشیارییەوە هاتی بۆ ئێرە و لەگەڵم دانیشتی، ئەوە زۆر زۆر تەواوە، یان من بە هۆشیارییەوە قسەت لەگەڵ دەکەم، ئەوە زۆر گرنگە. مرۆڤەکان بەهۆشیارییەوە جوانن. من دەچمە سەر مۆندریان کە هونەرمەندێکی گەورەی هۆڵەندایە، چەند جوانە هۆڵەندا ناوبانگی هونەرمەندێکی هەیە کە پێی دەڵێن مۆندریان. کارو بەرهەمەکانی تا ئەم کاتە لە زۆر بواردا، ڕەنگدانەوەی هەیە. ئەو مرۆڤە مەزنە گوتوویەتی: (کاتێ

مرۆڤ هیچ ناکات، ئەوکاتە هەموو شتێکی کردووە).
کەواتە من نەکەوتوومەتە نێو دژبەرییەوە، بەڵکو بەوە سەرسامم، هەر شتێکی مرۆڤ دەیکات جوانە. هەڵبەت لە هەمان کاتدا ئاگام لێیە چ دەڵێم، ئاگام لەوەشە مۆندریان چی گوتووە. بۆ نموونە خودا تۆی دروست کردووە، کە دێیت دیمانەم لەگەڵ دەکەیت. خودا ئەو هەموو شتە جوانەی بە گەردوونیشەوە دروست کردووە، کەچی لەهیچ شوێنێکدا مۆری خۆی لێ نەداوە. کەچی ئێمە تابلۆیەکی بچووک دروست دەکەین واژۆی خۆمانی لەسەر دەکەین، یان ناوی خۆمانی لەسەر دەنووسین، کەواتە ئێمە زۆر بچووکین. زۆر زۆر بچووکین، شیعرێک دەنووسین، ناوی خۆمانی لەتەکدا دەنووسین، کەچی خودا، یان سروشت، ئەو هەموو شتەی دروست کردووە،



مانگ و خۆر و ئەستێرەی دروست کردووە، بەڵام مۆری خۆی لێ نەداوە. خودا ئاوی دروست کردووە، ئێمە لەسەر دەبەی ئاو دەنووسین لەکوردستاندا دروست کراوە، کەچی خودا نەینووسیوە (من ئەو ئاوەم دروست کردووە).
بەڕاست ئەم دیوە شاراوەیە، زۆر جوانە. خودا کۆنسێپتێکی زۆر ئەبستراکتە، زۆر مەزن و زۆر بچووکیشە.

* وا هەست دەکەم باسی دنیایەکی زۆر ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵاو واڵا دەکەیت، بەڵام وەختێ کە دێیتە سەر گورزە ڕووناکییەکان، دنیا بە ڕەش و سپی دەبینی. گورزە ڕووناکی سپییە، خۆ سپی هەموو ڕەنگەکان لەخۆیدا کۆ دەکاتەوە. لەسەر تابلۆدا ئێمە تەنیا دوو ڕەنگی ڕەش و سپی دەبینین. ئایا دنیا بە ڕەش و سپی دەبینین. لەسەر بنەمای شەو و ڕۆژ، چاکە و خراپە، ئەو دووانەیەی پێشتر ئاماژەت پێ دا؟

– ئەوەی پێوەندی بە پرسیاری پێشووترەوە هەیە، کە ئێمە چەند بچووکین و ئیمزای خۆمان لەکارێکی بچووکیش دەدەین، لەکاتێکدا ئەوەی ئێمەی دروست کردووە، کاری گەورەش دەکات و ئیمزای خۆیشی لێ نادات. ئێمە چەند بچووک و ئەویش چەند گەورەیە. من ئەوەم بە لاوە سەیرە کە ئێمە زۆر شانازی بە شتە بچووکەکانی خۆمانەوە دەکەین، لە هەمان کاتدا شتی زۆر گەورەن. ئێمە زۆر گەورەمان کردووە. لەم سەردەمەدا کە تۆ لەماڵەوە دانیشتووی و بەکۆنترۆڵ و مۆبایل پێوەندی دەکەیت و شتەکان دەخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە، ئێمە وەکو سیحرباز دەجووڵێینەوە و کار دەکەین. ئەم شتانە شتی زۆر گەورەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شتی زۆر بچووکن، بە بەراورد لەگەڵ ئەو شتە گەورە و مەزنانەی یەزدان. بۆ نموونە ئەدیسۆن گڵۆپی دروست کردووە، کارێکی مەزنە، بەڵام گڵۆپێک هەر دەتوانێ ژوورێک ڕووناک بکاتەوە، کەچی کاتێ خۆرهەڵدێ، ڕووناکییەکەی دەگاتە شوێنە هەرە تاریکەکان. ئەو خۆرە پیرۆز و جوانە چەندە لێمان دوورە، تیشکەکەی دەگاتە هەموو ژوورە تاریک و دوورە دەستەکان، کە دەشبینی مرۆڤ لە بەرانبەردا گڵۆپی داهێناوە، هەرچەندە داهێنانێکی گەورەیە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ خۆر، شتێکی یەکجار بچووکە! ئەم شتانە وامان لێ دەکەن، بەرەو ڕامانی دیکە بچین. سەبارەت بە گورزە ڕووناکییەکان، دیسان دەیگەڕێنمەوە بۆ خۆشەویستیم بۆ ئەدەب. ئەم خاڵەشم زۆر دووپات کردەوە.

من زۆر حەزم لەوە بوو لە خوێندنی ئامادەییدا بەشی ئەدەبی تەواو بکەم، بەڵام لەوەدا سەرزەنشتی خێزانەکەم دەکەم، کە ماڵەوە منیان بەرەو بەشی زانستی برد. من لە زانستدا سفر بووم، لەژێر پلەی سەرەتاییدا بووم. لەبیرکاریدا زۆر زۆر خراپم. هەرچەندە لە بەشی زانستی

دەمخوێند، بەڵام خۆشەویستیم بۆ وشە و خوێندنەوە هەبوو. کاتێک کە فیزیام دەخوێند، دوو سێ وشە زۆر سەرنجیان ڕاکێشام کە باسی نیوتن و بیردۆزەکانی تیشک و ڕووناکی و ڕەنگ دەکات. کاتێ کە زاراوەی (گورزە ڕووناکییەکان)م بیست کە زاراوەیەکی زانستییە. زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ئەو زاراوەیە بۆ دوو سێ ساڵ لەگەڵمدا مایەوە. پاشان جارێکی دی، دیسان خۆی دەرخستەوە و هاتەوە سەرێ. هەڵبەت وشە و زاراوەی زانستی هەبوون کە سەرنجی منیان ڕاکێشا، بەتایبەتی لە نێویاندا، زاراوەی گورزە ڕووناکییەکان. ئەم زاراوەیە پاش چەندین ساڵ توانیم بیکەم بە تایتڵی پێشانگای چوارەمم. گورزە ڕووناکییەکان وەک تایتڵ و وەک دوازدە کاری هونەری، وەرچەرخانێک بوو لە ژیانی هونەریم، زۆربەشیان بە هەمان ستایل کرابوون، زۆر کۆنسێپت و شتی نوێش هاتبوون، بینەرێکی زۆری کوردستان و خەڵکی بیانیش پێشانگای گورزە ڕووناکییەکانیان بینی، قسە و نووسینی زۆریشی لەسەر کرا. بە بڕوای من لە زۆر ڕووەوە، ستایل و چوارچێوەی شکاند بوو، لەگەڵ بۆشاییدا تێکەڵ ببوو. نەمانی چوارچێوە شتێکی گرنگ بوو، وەستانی کارەکان، کار کردن بە کەرەستەی نوێ، هێنانی کەرەستەی نوێ بوو، هەر بۆ خۆشم بوومە ڕێکخەری دانانی تابلۆکان، چونکە لەکوردستاندا ڕێکخەری تابلۆ نییە، کە تایبەتمەند بێت لە کیوریتن. لەوانەیە ئەوە گیروگرفتێک بێت لە هونەری شێوەکاری کوردیدا، کە کەسێک نییە بەرهەمەکان بەسەر هۆڵەکەدا دابەش بکات و شوێنی هەر بەرهەمە دیاری بکات. هەڵبەت (گورزە ڕووناکییەکان) ئێستا وەک بەڵگەنامە ماوە، بۆ من ئەزموونێکی گرنگ بوو. گورزی ڕووناکی لە گەردووندا زۆر گرنگە. ئەگەر بێتو تیشک لە گەردوون دەربکەین، هەموو کۆنسێپتەکان دەگۆڕێن، سەراپای بۆچوونمان دەگۆڕێ. هەندێ نموونەی جوان، لە قورئاندا دەڵێ: خودا ڕووناکی ئەرز و ئاسمانە. کەواتە لە ١٩٩٢دا من ئاماژەم بە شتێکی زۆر گرنگ کردووە، کە گورزە ڕووناکییەکانە. بۆ نموونە ئێستا کە تۆ تەماشای من دەکەیت، یان شتێک دەخوێنیتەوە، ئەوە خۆی لە خۆیدا گورزی ڕووناکییە. ئەگەر من لە پێشانگایەکدا بەلانس و هاوسەنگییەک پێشان بدەم، ئەوەش گورزە ڕووناکییە.

* دەبینم تۆ زۆر باسی تیشک و ڕووناکی دەکەیت. کەچی پێشانگاکەت ڕەش و سپی بوو. پێم دەڵێی خاوەنی ئەم پێشانگایە دنیا بە ڕەش و سپی دەبینێ. هەڵبەت ئەم دوو ڕەنگە، یەکەمین ڕەنگێکن کە مرۆڤ لەیەکتری جیا کردوونەتەوە و ناوی لێ ناون. جا ئایا ڕەنگەکانی دی بۆ لە گورزەکاندا بزر و نادیارن؟

– دەمەوێ ئەوە بڵێم، ڕاستی بڵێم و ئەو بۆچوونە ڕاست بکەمەوە. بە ڕاستی گورزە ڕووناکییەکان ڕەش و سپی نین. هەر کارێ لەکارەکان دەگری، ڕەنگیان تێدا بوو، بەڵام من چەند ڕەنگێکی کەمم بەکارهێنا بوو. گورزە ڕووناکییەکان وەک ئەزموونی خۆم، ڕەش و سپی نەبوون. دەکرێ بڵێی ڕەنگی کەمم بەکارهێنا بوو، یان تاریکی بەسەر بەرهەمەکاندا زاڵ بوو. تۆ هەر لە نووسینێکی خۆتدا دەربارەی پێشانگاکە کە ئەمڕۆ خوێندمەوە و دەڵێی: ٨٠٪ی ڕووبەری تابلۆکان ڕەنگی ڕەش داگیری کردوون، گورزی ڕووناکی هەر تەنیا لە ڕووبەرێکی کەمدا دەردەکەوێت. کەواتە ڕەنگیان تێدا بەکارهاتووە، بەڵام بەکەمی، بەتایبەتی تابلۆیەکی گەورەیان لەنێودا بوو، ئەو تابلۆیە بە پێوانەیەکی گەورە بوو، درێژییەکەی یەک مەتر دەبوو، لەو تابلۆیەدا ڕەنگی زۆرم بەکارهێنا بوو. بە بیرم دێ ڕەنگی سوور، ڕەش و سپی، ئەوانەی کە بیرم دێنەوە.

* ئایا دیدگای هونەری تۆ لەو پێشانگایەدا خەملێوە، یان دەکرێ بە مەڵۆیەکی دیکە دابندرێ بۆ سەر خەرمانی هونەرەکەت؟

– پێش ئەوەی باسی خەملینی دیدگا بکەم ، من باوەڕم بەم شتە نییە، دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەی پێشووت، کە شتێکی گرنگی تێدا بوو.

* بەڵێ وەک گوتم تۆ دنیات بە ڕەش و سپی بینیوە، پێشانگای (گورزە ڕووناکییەکان) وای دەگوت، واتە تۆ ژیانت بەشێوەیەکی سادە و سەرەتایی بینیوە؟

– دەمەوێ بڵێم، هەرچەندی پالێتەکەت ڕەنگی کەمتر بێت، ئەوەندە ئەرکت قورستر دەبێت. ئەگەر بێتو بە ڕەش و سپی نیگار دروست بکەیت، ئەوە ئەرکەکەت قورسترە، چونکە ڕووبەڕووی تۆناڵەتی جیاواز دەبیتەوە، کە بەپێی کارکردنە هونەرییەکەت دەگۆڕێ. لێرەدا هەستیاری هونەرمەند لە تۆناڵەتیدا دەردەکەوێت، لە هەرە ڕەشییەوە بەرەو ڕەشی و کاڵ و کاڵتر و کاڵتر، یان بە پێچەوانەوە.

پاش (گورزە ڕووناکییەکان) من کۆمەڵێ کاری ڕەش و سپیم کرد. لەمێژووی هونەری جیهاندا، نموونە زۆرن بۆ ئەو هونەرمەندانەی بە ڕەنگی کەم نیگاریان دروست کردووە.

* لە پیشانگایەکی هونەرمەند عەزیز سەلیمدا، تۆ سەیری تابلۆکانی ئەوت دەکرد و بزەیەک دایدەگرتی! دەبێ نهێنی ئەو بزەیە چی بووبێت؟ من شی کردنەوەی خۆم هەبوو بۆ سەرنج و بزەکەت، بەڵام لێرەدا نایڵێم، ڕەنگە لە نووسینێکدا دەرم بڕیبێت بەبێ ئەوەی ناوی بهێنم. جا ئاخۆ نهێنی ئەو بزەیە چی بوو؟

– من ناتوانم بگەڕێمەوە سەر ئەو ساتەوەختە، بە هیچ جۆرێ ناتوانم بگەڕێمەوە سەر ئەو خەندە و زەردەخەنەیە. لەوانەیە من لە یادەوەری خۆمدا سڕیبێتمەوە. لەوانەیە مەسەلەکە بۆ چەند ڕۆژێک لەگەڵمدا ژیابێت و پاشان دلیتم کردبێت. لەوانەیە من خۆم لە یەکێک لەو ئەتمۆسفیرانەدا دۆزیبێتەوە. من هەرگیز ناتوانم بگەڕێمەوە سەر ئەو وەختە، چونکە لە (میمۆری)ی خۆمدا (دلیت)م کردووە.

* ئێستا ناچارم بۆچوونی خۆمت لەم بارەیەوە پێ بڵێم. من هەستم دەکرد خۆبەخۆ ڕەخنەت لە تابلۆکان دەگرت، لە ستایلی بەرهەمەکان ناڕازی بووی، باوەڕت بەو بەرهەمانە نەبوو، هەستم دەکرد یاخی بوون و تووڕە بوونت پێوە دیارە، وا بوو؟

– ئێمە لەوکاتەدا، لەسەر چ شتێکی ڕاست بووینایە، یان نا، بەڵام ئێمە لەو کاتەدا ژمارەیەک هونەرمەندی گەنج بووین، تۆزێ ڕادیکاڵ بووین.

* ئایا ئێستا گەڕایتەوە نێو پیشانگاکە؟

– نا، نەگەڕامەوە نێو پیشانگاکە، بەڵام هەندێ ڕادیکاڵ بووین، هەموو شتێکمان ڕەت دەکردەوە، بە هیچ شتێک ڕازی نەدەبووین. ئەو ناڕازی بوونەی ئێمە خۆی لەخۆیدا شتی لەخۆ گرتبوو. من ئێستا بە زمانی کۆ قسە دەکەم، بەڵام من بۆ خۆم وابووم. هەمیشە هەستی ڕەخنەییانەم هەبووە و حەزم لە ڕەخنەگرتن هەبوو، حەزم کردووە شت وەکو خۆی نەمێنێتەوە. لەوانەیە من بەرهەمەکانی ئەوم خستبێتە بەر باری سەرنج و ڕەخنەی خۆمەوە. لەوانەیە ئەو زەردەخەنەیەی ئەوکاتی من شتێکی لەخۆ گرتبێت. بێ گومان شتی لەخۆ گرتووە. هەندێ جاریش بزە و زەردەخەنە دایگرتووم کە پێویست نەبووە، یان لە کات و شوێنی خۆیدا نەبووە. ئەوشتەم هەیە، بەڵام لە شوێنێکی دی ئەو بەرهەمانەم بەرز کردەوە. عەزیز سەلیم هونەرمەندێکی بەرزە، من لە بارەیەوە ڕایەکی زۆر ڕادیکاڵم داوە کە پێچەوانەی ئەوەیە کە تۆ دەڵێی بەرانبەر بە تابلۆکانی زەردەخەنەت هاتووە. من لە شوێنێکدا گوتوومە، یان نووسیومە کە ئێمە دەبێ خۆشبەخت بین کە لە سەردەمێکدا دەژین، عەزیز سەلیم تێیدا دەژی. ڕەنگە ئەو بۆچوونە تۆزێ زێدەڕۆیی تێدا بێت، جوانیش نییە بڵێم ئەمە زێدەڕۆییە، بەڵام من دەمویست بڵێم، ئێمە دەبێ خۆشحاڵ بین کە لەسەردەمێکدا دەژین، عەزیز سەلیمی تێدایە، وەکو کاری هونەری، بەرهەمەکانی ئەوم پێ جوان بوو.

* بە کورتی چۆن دەڕوانیتە کولتووری عەزیز سەلیم و ئەو هونەرمەندانەی چەشنی ئەو بەشێوازی ڕیالیزم کاریان کردووە وەک: (عەزیز سەلیم، ئازاد شەوقی، جەمال بەختیار، محەمەد عارف، دارا حەمە سەعی) و هونەرمەندانی دیکە، چۆن دەڕوانیتە کولتوور و هونەری ئەوان؟

– تۆ تاڕادەیەک ڕووبەڕووی، زەمانی جیاواز جیاوازت کردمەوە. من ناتوانم حوکم بەسەر هەموویاندا بدەم، بەڵام هەر هونەرمەندێ کە زانی چی دەکات، ئەوە زۆر گرنگە. ناڵێم دەبێ هونەرمەند بە هۆشیارییەوە کار بکات، بەڵام دەبێ بزانێت چی دەکات. من لەوانەیە جوانترین بەرهەمی خۆم ئەوە بێت کە لە سیدنی کردوومە لە ساڵی ٢٠٠٧ کە بە ڕاستی لەوپەڕی نائاگاییدا بووم، لەوپەڕی حاڵەتی نەستدا بووم. بە چەند چرکەیەک لەدایک بوو، بەڵام شتی زۆر گەورەی هەڵگرت. ئێستاش لەوانەیە بتوانین بگەڕێینەوە سەری. کارەکە لەخۆم گەورەتر بوو، هونەرمەندێکی جیهانی هەیە دەڵێ: بەرهەمەکانم لەخۆم بەهێزترن.

* دەکرێ بچینە نێو وردەکاری ئەو بەرهەمەوە؟

– من لەڕووی هونەرییەوە، لە قۆناغ و ماوەی جیاجیادا ژیاوم. دەگەڕامەوە سەر نیگارکێشان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا من وەکو دۆناڵد جاد، کە هونەرمەندێکی ئەمریکییە، دەڵێ: من بڕوام بەنیگارکێشان نەما. قسەکان یەکتر دەگرنەوە و لک و پۆپیان لێ دەبێتەوە. دۆناڵد جاد کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەرەو خوار ژیاوە، گوتوویەتی من بڕوام بە نیگارکێشان نەماوە،

منیش دەڵێم: بڕوام بەنیگارکێشان نەماوە، بەڵام کە دۆناڵدی هونەرمەند دەڵێ باوەڕم بەنیگارکێشان نەماوە، ئەوە لەدوو لاییەوە کردییە سێ لایی. بەرە بەرە تابلۆ شتی لێ زەق دەبووەوە، دەکرێ بگیرێ و دەستی لێ بدرێت. بەرهەمەکانی ئەو لە دوو لاییەوە بەرەو سێ لایی (سێ مەودا) ڕۆیشت، پاشان بەرەو شتی دیکە هەنگاوی نا. منیش لەپاش خوێندنەوەیەکی زۆر و ئەزموونێکی زۆر، باوەڕم بە نیگارکێشان نەما. کاتێ لە ئوسترالیا چوومە قوتابخانەی هونەری هاوچەرخەوە، کە قوتابیان لە تەمەنی جۆربەجۆردا بوون، لەنێوان ٢٠- ٤٠ ساڵ، گەورەتر، بچووکترەوە. مێژووی هونەرمان دەخوێند لە کۆتایی سەدەی (١٩)ەوە بەرەو سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەم خوێندنەم ئەزموونێک بوو، زیاتر هەلومەرجی بۆ دەرەخساندم، زیاتر لایەنی تیۆری هەبوو لەوەی پراکتیک هەبێت.

مەبەستم ئەوەیە، کاتێ باوەڕم بە نیگارکێشان نەما و گەڕامەوە ئەو چرکەساتەی کە ئەو بەرهەمەم تێدا گەڵاڵە کرد. من نائاگا ئەو شتەم کرد، بەڵام کاتێ بە ئاگا هاتمەوە، هەستم کرد شتێکی گەورەم کردووە. کاتەکەی هەر هێندەی کاتی ئیمزا کردنێکی پێ دەچوو، هەر ئەوەندەی پێ چوو، بەڵام شتەکە زۆر زۆر جوان بوو، لەوانەیە خۆشت دوایی بیبینی. هەندێ ڕەخنەگر بۆ پرۆژەیەکی هونەری سیدنی، ئەو بەرهەمەی منیان لەگەڵ چەند بەرهەمێکی باشی ئەنستیولەیشن بوون، لە سەنتەرێکی بەناوبانگدا نمایش کرد. بەڕاستی من زۆر بەختەوەر بووم، وەک بڵێی هێزێک لە ئاسمانەوە هات و ئەو هێزەی بەو بەرهەمەی من بەخشی. گرنگ نییە تۆ چەند کات لەتابلۆکەدا سەرف دەکەیت، چەند پێوەی خەریک دەبیت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە باگراوندێکی فراوانەوە سەرچاوەی گرتبێت. من نەمدەتوانی (٥) یان (١٠) ساڵ پێشتر ئەو کارە بکەم، بەڵام ئەوکاتە هات کە ئەو شتە بکەم و بەئاگا بێمەوە. بە ڕاستی هونەر زۆر زۆر گرنگە. پۆرترێتی برادەرێکم کردووە، لەوانەیە من تەنیابم، پێویستم بە کەسێکە، تەماشای ئەو پۆرترێتەم کردووە، هێز و وزەی پێم بەخشیوە. من بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرهەمی هونەریدا دەکەم. خۆشە مرۆڤ هەندێ جار کە دەرگای ژوورەکەی پێوە دەدات، هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی بکات کە لەژووری نووستنەکەیدا دەخەوێت، بەڵام بۆ من ئەو تابلۆیە کە لەوێ بووە، زیاتر لە دەرگاکە دڵنیایی پێ بەخشیوم. واتە دەرگا و دیوارەکان تەنیایی منیان پڕ نەکردووەتەوە، ئەو وێنەیە ئەو وزەیەی تێدا بوو، من بە تەنیا نیم. ڕەنگە ئەم وێنەیەم پەیامێک بێت لەنێوانی هۆشیاری و ناهۆشیاریدا. گوتم بڕوام بە نیگارکێشان نەماوە، بگەڕێینەوە سەر ئەوە.

* دەڵێی باوەڕم بە نیگارکێشان نەماوە. باشە دەکرێ بڵێین دنیای نیگارکێشان کۆتایی هات، دەکرێ مەرگی ڕابگەیەنین؟

- بە بۆچوونی خۆم تەکنەلۆژیا توانیویەتی هەڕەشە لە زۆر بوار بکات. وەک دەڵێن و ئەمە ڕای من نییە، بەڵام بیروڕایەکی زۆر جوانە کە دەڵێن تەلەفزیۆن درێژ بوونەوەی تابلۆیە. ئێمە لەدوای ڕێنیسانسەوە تابلۆی سەر کانڤاسمان هەبووە، خۆرئاوا لەنێوانی هونەر و زانست درێژەی بە پشکنینەکانی دا تۆ کە تەلەفزیۆن دەبینی، وا هەست دەکەیت، تابلۆیەکی کراوە دەبینی. هەڵبەت ئەگەر بە مێژوودا بگەڕێینەوە، یەکەم جار نیگار و تابلۆ بووە، پاشان سینەما و تەلەفزیۆن پەیدابووە، بەڵام ڕێزمان بۆ ڕۆژهەڵاتییەک هەیە، هەروەها لە ڕۆژئاواش ڕەنگە زەحمەت بێت ئەم پێوەندییە وا بە ئاسانی دروست بکرێت، بەڵام هۆشیاریی ئیستێتیکا کارێکی گرنگە، کە دەڵێم هۆشیاری، واتە مرۆڤ دەزانێ چی دەکات. هۆشیاری زۆر گرنگە، چەند گرنگە مرۆڤ بتوانێ ئەو پێوەندییە دروست بکات. تۆ ئەوەی لە تەلەفزیۆندا دەیبینی، گرنگە بزانی و بڵێی: ئەمە درێژ بوونەوەی تابلۆکەی داڤینشییە. چەند گرنگە ئەم دووانە پێکەوە گرێ بدەیت.

کەواتە دەبێ ڕێزێکی زۆر بۆ کاری هونەری دابندرێ، بەڵام ئێستا کە گوتمان تەکنەلۆژیا هەڕەشەیەکی زۆری لەکاری هونەر کردووە، هەڵبەت لەبنەڕەتدا هونەر و زانست پێکەوە کاریان کردووە، ئێمەیان گەیاندووەتە ئەمڕۆی تەکنەلۆژیا، ئەمڕۆی زانست و هونەر، وەک چۆن فەلسەفە پرسیاری گەورەی ورووژاند کە مرۆڤ چییە؟ گەردوون بۆ دروست بووە؟ هەروەها ڕۆڵی هۆشیاری لەم نێوەندەدا کە ئەگەر هۆشیاری نەبێت، مرۆڤ درک بەشوێن و کات ناکات. دەبێ بڵێین کە ئەم دەسکەوتە گەورانە بەهۆی زانست و هونەرەوە بەدی هاتوون. بە هەمان شێوە

بەشـەکـانی دیکەی بیـر و ڕۆشنبـیـری، گـرد بـوونەتەوە و شـارسـتـانیـەتی سـەردەمـیـان بەدی هێناوە، بەڵام بە بۆچوونی من تەکنەلۆژیا هەڕەشەی لەهەندێ بوار کردووە، بۆ نموونە نیگارکێشان. من لێرەدا ئەم پرسیارە دەکەم، ئایا حکوومەتی کوردستان بەهۆشیارییەوە پشتیوانی لە نیگارکێشان ناکات؟ ئایا بەو بڕوایە گەیشتووە کە ئێمە لە قـۆناغی دوای خـوێندنەوە و دوای نیـگارکـێشـانین و نیـگارکـێـشـان کـەوتووەتە بەر هەڕەشـەی تـەکنەلۆژیا؟ شـتـێک کـە دوو ڕووکـاری هەبێت، لەسـەردەمی ئینتـەرنێـتدا، من بە ئینتـەرنێت سـەرسـام دەبم نەک بە تابلۆیەکی دوولایی، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەمە لەبایەخی هونەر کەم ناکاتەوە، ئێستاش مۆدێرنی پۆست مۆدێرنیزم بێت و بگەڕێینەوە سەر هونەری نیگارکێشان. گەلێ لێکۆڵینەوە کـراوە و دەریان خـسـتـووە کـە هونەری نیگارکێشان لە ڕووی دەروونناسییەوە بایەخێکی زۆری هەیە. وەک چۆن ئینتـەرنێت دەکـەیتـەوە، مـاڵپـەڕەکـان دەبنەوە و پەیامت بۆ دەنێـرن، بیـسـتـوومـانە کـە تابلۆ دەبینی یەکسەر ئەو پەیامەی بەڕووتدا دەکرێتەوە، ئینجا چ لە پیـشـانگایەکـدا بێت، یان لەگـەلەری، یان مۆزەخانەیەک، چ لێرە لە کوردستان، یان لە دەرەوە بێت. هەڵبـەت لێرەدا مەبەستم تابلۆیەکە کە بە ڕاستی تابلۆ بێت، هی هونەرمەندی کارامە و بەتوانا بێت. نەک هەر کەسەو بێت و هونەر بکات و بەرانبەری سەرسام بین.

سـەرباری هەڕەشـەی تەکنەلۆژیا، ئێـسـتـاش دەبێ هونەرێک هەبێت گەلێ بەرز بێت، وەک گەنجینەیەک وا بێت. ئێستا لەم کاتەدا خۆرئاوا بۆ گەنجینەی ڕێنیسانس دەگەڕێتەوە، ئەو گەنجینەیە سەرمایە و گەوهەرە. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئێـسـتـا لە خـۆرئاوا کـە دەڵێی هونەرمـەندی نیگارکێشم، شوێنێک نییە بۆ تۆ. ئەمە واقیعێکە لەگەڵ هونەرمـەندانی ئەوێدا باس دەکـرێ. کـە دەڵێی هونەرمەندم، جێگەت لەکۆمـەڵگادا بۆ نەماوە. جێگەی لەق بووە. واتە ڕەنگە ئێـمـە ڕێگا بۆ فـۆرمـێکی نوێی هونەر خـۆش بکەین، لەوانـەیە هونەری نیـگـار و وێنەکێشان بەڕێوە بێت خۆی لەگەڵ هونەری دیزاین لێک بدات. ئەمـە لە سـەردەمـێکی دوور، یان نزیک وای لێ دێت. نیگار خۆی لەدیزاین جیا ناکاتەوە.

✱ چەندین جۆرە دیزاین هەیە، ئایا مـەبەسـتت جـۆرە دیزاینێکە کە لەگەڵ هونەری نیگاردا تێکەڵ دەبێت؟

– مـەبەسـتم لە واتا گەورەکەی دیزاینە، هەمـوو جۆرە دیزاینێک. خـەریک بـوون بەدیزاین، ڕەنگە ڕێگا خـۆشکەرێک بێ بۆ گـەیشتن بە هونەری دیزاین. تۆ تەمـاشـا دەکـەیت هونەری نیگار پاشـەکشـێی کـردووە و نەمـاوە، داوات لێ دەکەن بەرهەمێکی ئەنستیـولێشن (سێ مەودا) نمایش بکەیت.

✱ نهێنی ئەم حاڵەتە چییە؟

– هەڵبـەت ناکرێ بڵـێین ئێـمە دەستبـەرداری ڕابردوو دەبین. ئێـمـە هەمــوومـان لە ڕابردوو دەترسین. بۆ نموونە قـسـە لەگـەڵ کـەسـێک دەکـەیت، پێت دەڵێت: هونەری نیگار دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ژیانی ئەشکەوت. کەواتە ئەم هونەرە ڕەگو ڕیشـەیەکی زۆر قـووڵی هەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەروەها کە دێینەوە سەر هونەری مۆدێرن و پۆست مـۆدێرن، لەم هونەرانەدا بۆشـایی ڕۆڵی گـەورەی هەیە. بۆ نموونە پەرداخێک لە ژوورێکدا نمایش دەکەیت، یان لە ژوورێکدا، کورسییـەک نمایش دەکەیت. بۆشایی ڕۆڵی گەورەی هەیە، هەروەها چ بۆشاییەک بۆ ئەو بابەتە پێـویسـتـە. بۆ نموونە کە دەچیـتـە سـەردانی برادەرێک، هەمــوو دیوارەکـان سـپـی و سـادەن، هەروەها من لەو ژوورەی پێشـوازی میـوانەکانی تێدا دەکەم، هیچ کام لە کارەکانی خۆمم تێدا نمایش نەکردووە. دیوارەکان هەمـوو سـپـین. کـاتی ئەوە نەمـاوە من تابلۆ بەقـەد دیواردا هەڵواسم، ڕەنگە هەڵواسینی نیگارێک زەرەرم لێ بدات. زەرەرەکـە لەوەدایە، ڕەنگە من حەز بکەم شـتـەکـان سادە بن. پێویستە لە ژوورەکەدا چەند شتێکی سادە هەبێت، نەک وەکو جاران تابلۆ هەڵواسن. جاران کە دەچوویتە لای برادەرێک، دەتبـینی لە بۆشـاییـەکـدا وێنەی باوکی، باپیری، دۆسـتـەکـەی هەڵواسـیـوە. کـەواتە ئەو شـوێنە و بۆشـاییـەکـان، مـوڵکی خـاوەن ژوورەکـە نەبوون، بەڵام ئێـسـتـا زۆربەی شـوێنەکـان، ناڵێم هەمـوو شـوێنەکـان، گـۆڕاون. ئیـدی بەم شـێـوەیە تەکنەلۆژیا هەڕەشـەی کـرد، دۆخەکـەی گـۆڕی. کـەچی لەمـۆسـیقـادا کارەکە بەم جۆرە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەیە، تەکنەلۆژیا وزەیەکی تازەی بەمـۆسـیقـا بەخشی، بەڵام نیگار کەوتووەتە دۆخێک کە بەخـۆیدا بچـێتـەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا لاریمان لەکاری باش نییە.

✱ من خـوێندنەوەیەکم بۆ ئەم مـەسـەلەیە هەیە، یان ئەوەتا مـــرۆڤی ڕۆژئاوایی، کــە دەڵێین ڕۆژئاوایی،

ئوســتــراليــاش دەگــرێتــەوە، چونکە کــولتــوورەکــەی ڕۆژئاواییە، لە ئیستێتیکای بینین تێر بووە، یان ئەوەتا ڕوحی بەتاڵ بووە، چێژ لە ئیستێتیکاو جوانی نابینێ، یان ئەوەتا وەک تۆ بۆی دەچی، ڕاڤەیەکی فەلسەفییانەی بۆ مەسەلەکان هەیە و حەز بە سادەیی دەکات. ئیدی لەم سێ ڕاڤەیە دەبێ کامیان ڕاست و دروست بێت؟

– بێ گــومــان ئەو شــتــانە هەمــوویان هەڵگری فەلسـەفـەیەکی گەورەن کـە ئاراسـتـەیەک وەردەگـرن. بۆ نموونە لە خۆرئاوا ئێستا شتەکان بەرەو سادەیی چوون، بەرەو ســادەخــوازی ڕۆیشــتــوون. ئەمــەش وادەکــات، کـەسـەکـان ئامـادەبیـان تێـدا هەبێت. لەوێ هەر شـتێ فەلسەفەیەکی لە پشتە. بۆ نموونە کە دەچیتە ناوەندی بازاڕ و کۆگاکان، دەبینی ڕەنگی سپی و پرتەقاڵی زاڵ بوون، نەک ڕەنگی دی، هەروەها کورسییەکانیش سپی و پرتەقاڵین. شتەکان بەرەو سادەیی دەچن، سادەکاری لەو وڵاتانەدا ئێــســتــا زۆر باوە. بۆ نموونە لێــرە دەبینی گۆڤارێک کۆمەڵێ وێنەی لەسەرەو کۆمەڵێ شت لەسەر بەرگەکەی نووسراوە. تۆ دەبێ خۆت داتەکێنی، شتـە زیادەکـان فڕێ بدەیت. فـەلسـەفـەی سادەخـوازی بۆ نێـو ژیانی خەڵک شۆڕ بووەتەوە، لەبازاڕ و شۆستەوە بیگرە تا دەگـاتە ئەو تی شێـرتەی لەبەری دەکەن، مـۆرکی ئەو سادەخوازییەیان پێوە دیارە. سادەخوازی هاتووەتە نێو ماڵان. ئەوان بە زنجیرە، قۆناغ دوای قۆناغ گەیشتوونەتە ئەم حــاڵەتە، هەروەها ڕەنگە بەرەو مــۆنۆکــروم، واتە هونەرمــەند بە یەک ڕەنگ نیگار دەکــات. هەندێ لە هونەرمەندان لێرە تابلۆ پڕ لە فۆرم و فیگەر دەکەن، ئەمن دەمەوێ داتەکاندنێک بکەم. بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ئەو بەرهەمانە بکەیت کە لەدوای گورزە ڕووناکییەکان کردوومن، دەبینی فیگەرێکم هەڵبژاردووە، باگراوندەکە بە تەواوی سپییە. ئەو ڕەنگە سپییە وزەیەکت دەداتێ فـیگەر بخـوێنیــتــەوە، هەناســە بدەیت، هەروەها ئەو پەیامـەش کـە لەتابلۆکـەدایە، ئەویش بتـوانێ هەناسـە بدات. کـــەواتە بۆشـــایی زۆر گـــرنگە. هەڵبـــەت هونەرمـەندێکی کـورد مـەرج نییـە بچـێـتـە بۆشـایی ئاسـمـانەوە، بەڵام لێـرەدا ئەگـەر کـەشی ڕامـان هەبێت، ئیــدی ئەو دەتوانێ کــار لە بۆشــاییــدا بکات. ئەو بۆشـاییـەش وات لێ دەکـات بچی لێی بکۆڵیـتـەوە کـە ئەوسـاش ڕەنگە لە جـیـاتی ئەوەی بەنیگار و تابلۆوە خەریک بیت، بچیت لەدنیای بۆشایی بکۆڵیتەوە و ببیتە زانایەکی گـەردووناس. هەمـوو شـتـەکـان پەیوەستن بەیەکەوە. هەڵبەت لەڕۆژئاوا هۆشیاری هەیە، کە ڕایەک لەبواری سیاسیدا دەگوترێ، هەموو کۆمەڵ بەهۆشیارییەوە مـامـەڵەی لەگـەڵدا دەکـەن. ڕۆژهەڵاتیش خـاوەن شـتی جوانی خۆیەتی، پێویستـە بگەڕێینەوە سەری، چونکە بەیەکەوە یەکتر تەواو دەکەن.

* بەر لەوەی بگەڕێینەوە سـەر شـتـە جـوانەکـانی خـۆرهەڵات، پێم باشـە بگەڕێینەوە سـەر هونەرمەندانی هاوتەمەنی خۆت، کە لەو سەردەمەی بەر لە ڕۆیشتنت بۆ ئوستراليا، پیشانگایان دەکردەوە و تۆ بەرهەمی ئەوانت دەبینی. هونەری ئەوان، ئەوکات و ئێستا پاش ئەزموونی هەندەرانت، چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– من بەرهەمێکی شاکر حەسەن ئال سەعیدم بینی، کە هونەرمـەندێکی عێـراقییـە و بەرهەمەکەی بە پۆسکارت چاپ کرابوو. ئەو لە پشتی پۆسکارتەکەدا نووسیبووی: (من ڕام لە بەرهەمـەکـانم نییـە، بەڵام نەک بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی ئەوانی دی). مەبەستمە بڵێم کە من خۆم لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی خۆمان بەراورد نەکردووە کە ئاخۆ من، یان ئەوان باشترین. لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەم هەبووە، بەرهەمی برادەرانی دیکەم دیوە. بۆ نموونە هەستم کردووە کە ئیسماعیل خەیات هێڵێکی ڕامانکارانە بووە لە بزاڤی شـێــوەکــاری کــوردیدا، جــووڵە و هێڵ لە تابلۆکـانیـدا، پڕن لە ڕامـان. ئەو دەیەوێ بەهێـمنی و بە وردبوونەوە هەندێ شت بڵێ. بەڕاستی نازانم ئێـسـتـا بەرهەمی ئەو بە چ ئاراسته و ئاقارێکدا ڕۆیشتووە، من باس لە ســاڵانی ناوەڕاســتی هەشــتــاکــان تا دەگــاتە نەوەدەکــان دەکـەم. هەڵبـەت بەرهەمی هونەرمــەندانی دیکەش هەیە. لەنێـوياندا هەیە ئاراسـتـەیەکی جـوانی وەرگـرتووە. کـێـشـەی من ئەوەیە: ئایا ئەوان دەزانن چ دەکەن؟ تۆ ناوی زۆر هونەرمەندی باش و گەورەت هێنا، لەوانە هەندێکیان دەزانن چ دەکەن، هەندێکیشیان نازانن چ دەکـەن. من نامـەوێ ئامـاژە بکەم کـە کێ دەزانێ چ دەکـات و کێ نازانێ چ دەکـات. هەیە گـۆرانی دەڵێ و نازانێ چ دەڵێ، هەشـە نیگار دەکـات و شـتی جوانیش دەکــات، بەڵام نازانێ چ دەکــات. هەیە نازانێ چەند ناشیـرین دەجـووڵێـتـەوە، لە ئاستی نیگار و لە ئاستی پەیکەردا. من لە سـیـدنی بەرهەمێ نمایش دەکـەم، پێی

دەڵێم ئەمە جووڵانەوەیەکی کوردییە. بۆ نموونە ئەم شاخانە نمایش دەکەم و پێیان دەڵێم (ئەمە جووڵانەوەیەکی کوردییە: It's a kurdish movment). بێ گومان هونەرمەندی باش هەبووە، ئێستاش هونەرمەندی باشمان هەیە، بەڵام ئەو هێڵی رامانە بەلامەوە شتێکی جوان بووە. ئیسماعیل خەیات کاتی خۆی، کۆڕێکم لەسەر گرێ دا، خوێندنەوەیەک بوو بۆ دیوی ناوەوەی، یان وردبوونەوەیەک بوو لە دنیای ئیسماعیل خەیات. بە راستی خۆش نییە کە دەڵێم ئەوە یەکەمین کۆڕ بوو لەمێژوی شێوەکاری کوردیدا، کە تۆ بێی بەرهەمی هونەرمەندێک هەڵبژێری کە خۆی لەژیاندا مابێت و ئامادەی کۆڕەکەش بێت و قسەی لەسەر بکەیت. ئەوەش لەکاتێکی زۆر تەنگ و تاریکدا، کورد بە رەوشێکی زۆر ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبوو، بەڵام خۆشەویستیمان بۆ هونەر، هیچ شتێ رێگر نەبوو لەبەردەممان کە کاربکەین.

* لەم سەردانەدا کە هاتوویتەوە، ئایا بەرهەمی شێوەکارانت دیوە. سەردانی پیشانگا، یان ماڵی ئەوانت کردووە؟ ئێستا ئەم هونەرە لەکوردستاندا چۆن دەبینی؟

– هەڵسەنگاندنم بۆ ئێستای هونەری شێوەکاری زیاتر لە رێی ڤۆڵدەر و گۆڤارانەوە دەبێت کە بایەخ بەم بوارە دەدەن، هەروەها لەرێی ئەو دیمانە و چاوپێکەوتنانەی لەرۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، هەندێ بەرهەمیشم دیوە. بێ گومان (وەک خۆیان دەڵێن)، ئێستا کەوتوونەتە نێو تەنگژەیەکەوە.

* ئایا تۆ ئەو بۆچوونەت قبووڵە، کە شێوەکاری لە تەنگژەدایە؟

– بۆچوونی جیاجیا هەیە. بەرای من دەبێ بزانن چ دەکەن. هۆشیاری شتێکی زۆر گرنگە، بەبێ هۆشیاری ناتوانین هەنگاو بنێین. کارەکانمان دەبێ هۆشیارییان لە پشتەوە بێت. ئایا ئێمە دەمانەوێ ببینە بەشێک لە هونەری جیهانی؟ ئایا ئێمە دەمانەوێ ئەزموونی خۆرئاوا سەربخەین و بەشێکین لەو ئەزموونە؟ یان بگەڕێینەوە سەر رەگو ریشە و توخمە نادیار و دێرینەکانی هونەری کوردی. ئێمە تووشی جۆرێک لە دژبەری هاتووین. ئێمە سستمی ئەورووپامان لە کۆلێژ و پەیمانگاکاندا قبووڵە، سستمی ئەورووپایی دەخوێندرێ، مۆدێل دادەنێین و قوتابیان بەدەوریدا کۆ دەبنەوە. کەواتە بەرای من، واچاکە لە کولتووری خۆرئاوا دانەبڕێین. من بۆ خۆم وام کردووە، زۆر بیر لەوە نەکەمەوە، من دەمەوێ هونەر پێشکەش بکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا، بەرهەمەکانم هەردەم شتی کوردییان تێدا بووە. بۆ نموونە بڕوام بەوە نەماوە کە دەستی خۆم بەکاربهێنم. جاران کە لەکوردستانیش بووم، لە هونەرێک دەگەڕام کە دەستی هونەرمەندی پێ نەگەیشتبێت. جا بەرهەمەکە چ نیگاری رەنگ بووبێت، یان مەرکەبی چینی لەسەر کاغەز، کارێکی وام کردووە کە تابلۆ بە جۆرێ بێت، وەک ئەوەی دەستی هونەرمەندی بەرنەکەوتبێت.

* ئایا ئامرازێکی تایبەتت بەکارهێناوە؟

– نا، مەبەست ئەوە نییە، من ئەو بەرهەمەم کە دروست کرد لە سیدنی خەڵک بەلایدا تێدەپەڕین وایان دەزانی فۆتۆگرافە، بەڵام تەکنیکەکەی بەرز بوو. تەکنیکێکی وا هاتە پێشەوە، وەک ئەوەی دەستی کەسی بەرنەکەوتبێت.

* دەکرێ بزانین ئەو تەکنیکە چییە؟

– بەدەستی خۆم کردوومە، من ئەوە لەرووی فەلسەفی و دەروونییەوە، لەرووی ئیستێتیکای هونەرەوە قسە دەکەم. من بە فلچە و مەرەکەب، بەدەستی خۆم ئەو تابلۆیەم دروست کردووە، بەڵام دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە هونەرێک دێنێتە کایەوە، وەک ئەوەی دەستی مرۆڤی پێ نەکەوتبێت، هێزێک بێت لە ئاسمانەوە یارمەتیت بدات. ئەوە جۆرێک لە زێدەڕۆیی نییە، بەڵام تۆ کە دەیخوێنییەوە، شتێکی لەو بابەتەت پێ دەڵێ. بەرای من هۆشیاری زۆر گرنگە، چۆن هونەرمەند دەگاتە ئاستی هۆشیاری. من ناڵێم زۆر شتم کردووە، رۆژنامەکانی ئوستراليا نووسیویانە کە بەرهەمەکانی من پۆست مۆدێرنیزمە. من نامەوێ لەخۆرئاوا دابڕێم. هەندێ رەوەند کە هاتوون خواردنیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، بەڵام ئەوەی سەردار سنجاوی هێناویەتی هۆشیاری ئیستێتیکاییە. ئەوە بۆ خۆی شتێکی جوانە کە لە رۆژنامەیەکدا شتی وا دەنووسرێ. هەڵبەت لە ئوستراليا بەو هەموو پێشکەوتنەی خۆیەوە، لە رۆژنامەیەکیدا بنووسرێ، (کوردێک لە رۆژهەڵاتەوە هۆشیاری ئیستێتیکایی هێناوە) گرنگە.

* کەواتە لێرەدا مەسەلەی خۆماڵێتی و جیهانێتی لەهونەردا ساغ بووەتەوە، چونکە تائێستا دوو رەوت و

دوو دیدی جیاواز لەم بارەیەوە هەیە: هەیە باوەڕی بەجیهانێتی هونەر هەیە، هەشە باوەڕی بە خۆماڵێتی هونەر هەیە. تۆیەک کە ناسنامەیەکی خۆماڵیت هەیە و لە ئوستراليا پێشوازی لێ دەکرێیت، چۆن دەڕوانیتە مەسەلەی خۆماڵێتی و جیهانێتی لەهونەردا؟

– هونەری من لەوێ دانەبڕاوە، زۆرجار شتی کوردیم خستووەتە نێو بەرهەمەکانمەوە. لە پۆست مۆدێرنیزمدا، دەتوانی شتێکی کۆن بهێنی و بیخەیتە سەر شتەکانی ئێستا. دوایین بەرهەمم کارێکی گەورەیە، چوار مەتر درێژە و دوو مەتر و چل سانتیمەتر پانە، بەرهەمێکی دانانە (ئەنستیولێشن). بۆ نموونە من کارێکم کرد و لەکۆمپانیایەکدا بەو پێوانانەی من دەمویست، بڕییان و دایان نا. بەرهەمەکە لەچەند پارچەیەک پێک هاتووە. بەرهەمەکە لەنێو شووشەبەندێکدایە کەسەکەی پشتی ئەم شووشەیە دەیبینێ. چوار دەورەکەی ڕوونە، بەرهەمەکەش کۆمەڵێ پارچەی ئاسۆیی و ستوونین، بەڵام چیم کردووە، سکافی کچی کوردم بەکارهێناوە، ئەوانەی لە (قامیشلو) بەکاردێت، لە (گەرمیان)یشدا ئەوەم دیوە، هەروەها لە شوێنانی دیکەی کوردستانیش بەکاردێت. کاتی خۆی کە من بەوێدا تێپەڕ بووم، ئەو شتانەم لەگەڵ خۆم برد. ئێستا لەو بەرهەمەی خۆمدا، خستوومنەتە نێوانی دوو پارچەوە، بە موگناتیس ڕام گرتووە. کەواتە من شتێکی کوردیم هێنایە نێو بەرهەمی ئەم دواییەم، کە کارێکی مۆدێرنە. من هەمیشە هەوڵم داوە، بە جۆرێک لەداهێنان ئەو کارە بکەم، نەک بچم بەنیگار کار بکەم، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەر جۆرە بیرکردنەوە و هەر جۆرە ستایلێک، کە هەرشتێک داهێنان بێت، جوانە. من بڕوام وابوو ئەو شتە کوردییە زۆر خزمەتی کارەکەم دەکات، ئەو تێکستە کوردییە کە چەند ڕەنگێکی کەم بوو سکافی کوردی (هەوری) سەنگی سووکە و بە ئاوریشم دەچێت، دیزاین و ستایلەکەی زۆر جوانە و بووەتە بەشێک لە کولتووری کوردی. لەوانەیە زیاتر لە سەدەیەک بێت کورد بەکاری دەهێنێ.

* لێرەدا هەست دەکەین کەلەپوور و مۆدێرنیتە لەیەک دانابڕێن، هەمیشە پێکەوە ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامی ئەوەت نەدامەوە کە دەکرێ ئێمە هونەرێکی کوردیمان هەبێت، یان کە مادام کولتوور و ئەو ئامادەبوونە بەهێزەی هەبێت و لە هونەر دانابڕێت. بە بڕوای تۆ دەکرێ ئێمە بڵێین: هونەرێکی کوردی هەیە، یان دروست دەبێت، یان لە دروست بووندایە؟

– سەبارەت بەخۆم وەک ستراتیژ، بڕوام بەچی هەیە لە هونەر، لەکوێی هونەرم. من زیاتر بەرهەمەکانم بەرەو سادەیی دەڕۆن. سەبارەت بە دروست بوونی هونەری کوردی، زۆربەی شتەکان چونکە پێویستیان بەکات و ساغ بوونەوە هەیە. شتەکان هیچیان لە شوێنی خۆیاندا نین، چونکە پێویستیان بەخۆ ساغ کردنەوە هەیە. جا ئایا چۆن داوا لە هونەر بکەین بگاتە ئاستێک کە پڕ بێت لە ئومێد. ئەمە کاتی دەوێ.

* ئایا پێویستی بە پردێکی گەورە هەیە؟

– با ئەو پردە دروست بکەین. لێرە هونەرمەندی باشمان هەیە، لەوێش هونەرمەندی باشمان هەیە. بۆ نموونە، ئەزموونێکی هونەرمەندانی دەرەوەمان لێرە پیشان بدرێ. من ناڵێم با شوێنی زۆر بەرزمان هەبێت، بەڵام با گەلەرییەکمان هەبێت بۆ لە ئەستۆ گرتنی ئەم پرۆژەیە. هونەرمەندانی ئێرەش ئەزموونەکە ببینن، جا دەپرسین: ئایا ئەوە هونەرە، یان هونەر نییە؟ ئیدی ئەو کات خەڵک بۆیان دەردەکەوێت، بەرهەمەکان لە چ ئاستێکدان و چ چەشە و ئیستێتیکایەک دەخەنە ڕوو. پاشان پرۆژەیەکی دیکەش هەبێت، لەنێوان هونەرمەندانی کورد لەنێو کوردستان و دەرەوەی کوردستان، هەروەها لێرەدا هەڵبژاردەیەک لە بەرهەمی باش جیا بکرێتەوە و لەدەرەوە پیشانگای پێ بکرێتەوە. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، وەک لە ئەمەریکادا هەیە، هونەری بەرز و هونەری نزم (High Art, Low Art). من پێم وایە ئێمەش لەم قۆناغەدا پێویستمان بە شتێکی لەم جۆرەیە، هەرچەندە ئەمە ویستی ئێمە نییە، بەڵام با شتەکان لە یەکدی جیا بکەینەوە، هونەری بەرز و هونەری نزم. با بواری ئەکادیمی وەک مەکینەیەک نەبێت، هەر هونەرمەند دەرداتە دەرێ. هەندێ شوێن دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ. بەڕایی شتەکان لە دروست بووندان، لە قۆناغێکی مۆلەقدان. لە قۆناغی دروست بووندان. بۆشاییەکی وا نابینی.

* ئێوە وەک هونەرمەندانی کورد لە هەندەران، تا چ ڕادەیەک لەگەڵ هونەرمەندانی پارچەکانی دی ئاشنای یەکن. لەو وڵاتانەی کە تێیاندا دەژین، تا چ ڕادەیەک ئامادە بوونتان هەیە؟

– من دەتوانم تەنیـــا وەک ئەوەی لە ســـیـــدنیم لە ئوستراليا قسە بکەم. پێش دوو ساڵ لە بینالەی سیدنی، هونەرمەندێکی کوردی باکووری کوردستان، ڤیدیۆ ئارتی پێشکەش کرد، بە ڕاستی کارێکی جوان بوو.

ئەنستـیـولەیشنێکی ڤیدیۆ ئارتی کردبوو، خۆشییەکە لەوەدا بوو، هونەرمەندێکی کورد ئەو بەرهەمەی کردبوو، ئەو گەیشتبووە ئاستێکی زۆر بەرز لە دیدی هونەرییانە و لە هۆشیاری. بەبۆچوونی من دەیزانی چ دەکات. بۆ نموونە لەکارەکەیدا دەیویست بڵێ زمان تێکەڵ و پێکەڵ بووە. بۆ نموونە چەند خولەکێک گوێت ڕادەگرت، هەستت دەکرد هەمـوو زمـانـەکـان تێکەڵ بوون. پەیامـەکـەی ئەوە بوو، کەسێک دەگەڕێتەوە نێو ماڵباتەکەی و بەکۆمەڵێک زمان یەکـدی دەدوێن، زمـانـی کـوردی و تورکی و ئینگلیـزی، بەڵام نەتدەتوانی فۆکس بکەیت کە زمانەکە کامە زمانە. لەم ڤیدیۆ ئارتەدا زمان تێک شکابوو، ڕەهەندی دیکەی وەرگرتبوو، بە هەر جۆرێ بووە، پەیڤەکانت دەناسییەوە، وەک بڵێی لاوک بوو حەیران بوو، بەرگـوێت دەکـەوتن. بەڕای من کـارێکی جـوان بوو. مـەبەسـتم ئەوەیە، کـورد گـەیشـتـووەتە ئـاسـتـێکی بەرز. وەکـو ئاگـاتـان لێـیـە، لە ئەورووپاش هونەرمـــەندی زۆر بـاشی کـــورد هەن. ئەو نموونەیەی باسم کـرد، پێم خـۆش بوو کـە هونەرمـەندێکی باکـووری کـوردسـتـان بەو ئـاسـتـە بەرزە گـەیشـتـووە کـە لەبینالەی سیـدنیـدا بەشدار بێت، دڵنیـام هونەرمـەندی دیکەی کوردمان هەیە. دەزگا و لایەنانی بەرپرس لەبواری هونەر لێـرەدا خۆشە بیر لەوە بکەنەوە کە هونەرمـەندانی کـــورد لەوێ چی دەکـــەن؟ یان ئەوانەی باشن بۆ داوەت ناکـرێن و لایان لێ ناکـرێتـەوە، یان بۆچی کـۆنتـاکت و پێوەندییان لەگەڵ نابەسترێ؟

* ڤیـدیـۆ ئارت، تەرزێکی تازەی هونەرە، خـەسـڵـەتی ئەم هونەرە چییـە؟ ئایا لە سنووری هونەری شـێـوەکـاری دەردەچێت، یان هەر لەو سنوورەدایە؟ کـــەرەســـتـــە و ئامرازی، تەکنیکی کـاری درامایە. کـەواتە چۆن دەکـرێ بخرێتە چوارچێوەی هونەری شێوەکارییەوە؟

– بـە بـۆچـوونـی مـن، ڕەنـگـە هـەر واش بـێـت، ئـەو قوتابخانەیەی من لێم دەخوێند، (کۆنتـرپرێرەری ئارت) بوو، واتە قـــوتابخــانەی هونەری هاوچەرخ لە زانکۆی ســیــدنی. کـە دەڵێین هاوچەرخ، ئەوە خـۆی لەخـۆیدا، هەندێ لەشـتـەکـانی گـۆڕی. بۆ نموونە لەلای خـۆمـان (هونەرە جـوانەکـان) هەیە، لە وێش زانکۆ هەیە پێی دەڵێن (فاین ئارت)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کۆلێژەی لێم دەخـوێند، کـۆنتـرپرێری (هاوچەرخ) بوو، ئەو زاراوەیەی گـۆڕیبـوو، لەبری ئەوەی پێی بلـێی (فـاین ئارت) پێی دەگوترا (دیڤیـژوەڵ ئارت) واتە هونەری بیندراو (هونەری دیدەیی). کـەواتە مـەبەسـتی ئەوانەیە کـە تایبـەتن بە بینینی، دەخرێنە خانەی ڤیژوەڵ ئارتس)ـەوە.

* دەخرێنە خانەی (پلاستک ئارت)ـەوە؟

– (پلاستک ئارت) شتێکی هەمەکی بوو، گۆڕییان، هونەری (ڤیژوەڵ ئارت) هونەری دیدەیی ئەمەی لێ پەیدا بوو، دەچێتە خانەی (کۆنتـرپرێرەری ئارت)، واتە هونەری هاوچەرخەوە. بەڕای من ئەوە هەڵبژاردنێکی جوانە. کاتێ دەڵێی: ڤـیـژوەڵ واتە بینینی، کـەواتە چ دەگـرێتـەوە. ئەلیکتـرۆنیک ئارت، هونەری ئەلیکتـرۆنی، لە نموونەی ڤیـدیۆ ئارت، سیـرامیک، پەیکەر، گرافیک، زێڕکاری، دیزاین. هەر شـتـێک بە چاو بیندرا، دەخـرێتـە خـانەی ڤـیـژوەڵ ئارتەوە، چونکە ئەوە لە کـێـشـەیەکی دیکە ڕزگارمـان دەکات. دەمانپەڕێنێتەوە. کاتێ دەڵێین هونەرە جوانەکان. ئەگەر بەچاوێکی تیۆرییەوە بڕوانینە زاراوەکە، هونەری جوان هەبێت، کەواتە هونەری ناشیـرینیش دەبێ هەبێ. ئەمـەش حـوکم دانێکی پێش وەخـتـەیە بەسـەر هونەری جوان و هونەری ناشیرین. لەوانەیە ئەم بۆچوونەی من هێندە ورد نەبێت، بەڵام بەلای منەوە خـۆشـە کـە شـتـێک هەیە پێی دەڵێن (ڤـیـژەوڵ ئارتس) هونەری دیدەیی. لەو کێشەیە ڕزگارمان دەکات کە هونەری جوان و هونەری ناشـیـرین هەیە. لە گـەلێ کـێـشـەی تـیـۆری ڕزگـارمـان دەکـات، کـەچی لەکوردیدا باس لە (شـێـوە) دەکرێت، هونەری شێوەکاری، بەڵام لەڕۆژئاوادا تەنانەت فـیگەر ڕۆڵی نەماوە. لە سـەرەتای سەدەی بیسـتـەمدا ئاڤاگار بایەخ بە فیـگەر دەدا. ئەوان فیگەرەتیڤ بوون، بەڵام دواتر ڕەوتی دیکە پەیدا بوو، پاشـان ڕەوتی زۆر پێـشـکەوتووتر سـەریان هەڵدا، وەک سـادەخـوازی (منیمالەتیزم) هونەری سادە (منیماڵ ئارت). مەبەستم ئەوەیە، لەکوردیدا پێداگـیری لەسەر شـێوە دەکرێت. زاراوەکـە خـەڵک خـۆشی دەوێ، کـەواتە جـێی خـۆی کردووەتەوە. گرفتـەکە لێرەدایە، کە زاراوەیەکی جوانمان هەیە، بەڵام هونەرەکەمان لە تەنگژەدایە. بە بۆچوونی من ئەو زاراوەیەم پێ خـۆش نییـە، چونکە شـێـوەکـاری

زاراوەیەکی زۆر زاڵە. لەوانەیە من بەرهەمێک پێشکەش بکەم و پێوەندی بە شێوەوە نەبێت، ئایا ئەوە چۆن دەخرێتە خانەی هونەری شێوەکارییەوە. من ناڵێم با زاراوەکە بگۆڕێ، بەڵام هەندێ جار هونەر هەیە پێوەندی بەشێوەوە نییە، بۆ نموونە هونەرمەندێک لەوێ تەنیا بەیەک ڕەنگ تابلۆ دروست دەکات، یان لا دیوارێک ڕەنگ دەکات، یان پەڕەیەکی سپی وەک هونەر پیشان دەدات. بۆ نموونە جاری وا هەیە، ئەگەر زۆر ڕادیکاڵ نەبم، من پەڕەیەکی سپیم پێ لەتابلۆیەکی ڕووبنز پێ جوانترە. بەڕاستی ڕادیکاڵم، لەوانەیە زۆر کەس پێیان ناخۆش بێت، بەڵام مەبەستم لێرە، کاری هونەری و ڕامانی هونەری وات لێ دەکات، خۆت هونەر داتەکێنی، هونەرێک بێت بەدەر بێت لە سۆز، پڕ لە کەسایەتی، زۆر پەتی بێت. حەزم دەکرد قسەکردنی زۆرمان لەسەر ئەو ئاراستەیە بێت، کە من پێی بگەم، کە قۆناغی دوای خوێندنەوە و دوای کەرەستەیە. من دەمەوێ بگەمە قۆناغی دوای کەرەستە، کەرەستە نەمێنێ، کار کردنم بەرەو سادەییەکی زۆر بڕوات. خۆم هیچ نەکەم، بەرهەمەکەم لە کۆمپانیایەکەوە هاتبێت، بەڵام کە تۆ بەرانبەر بە بەرهەمەکەم دەوەستی، خۆت بە چەندین دوورایی جۆربەجۆر ببینی. بۆ نموونە چاوت ببێتە نیو مەتر. هیچم نەکردووە، بەڵام شتێکی گەورەم کردووە، بە بەکارهێنانی چەند پارچەیەک. ئەمە خۆی لەخۆیدا شتێکی کاتی و لەهەمان کاتدا دەوڵەمەندە. کەسەکان دەڕۆن و هیچ لەسەر ئەو ڕووپەڕ و ڕووە نامێنێ. کەواتە شتەکە شێوە نییە. پێداگرتنی شێوەکاری لەسەر شێوە، جۆرە کێشەیەکی بۆ من دروست کردووە، جۆرێک لە هەستەوەری لە لام دروست کردووە.

* مرۆڤ ئێستا لە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوودایە. لە زۆربەی شتەکان، لە تەکنیک، لە دیدگا، لە شارستانیەت، تێر دەبێت. واتە مرۆڤ دەگاتە قۆناغێک ئیدی هونەر دەبێ خۆی داتەکێنێ و ڕووت بێتەوە بەرەو سادەیی بگەڕێتەوە، دیسان دەگەڕێینەوە بەرەو دنیای ڕامان. ئەم ڕووت بوونەوە و داتەکاندنی هونەرە، لە ئەنجامی تێربوونەوە نییە. لەوڵاتانی پێشکەوتوودا، پاش ئەوەی خەڵک بەرهەم و کولتوورێکی زۆری هونەر دەبینێ، لەهونەر تێر دەبێت، پاش ئەوەی تەکنیک دەگاتە ترۆپک، پاش ئەوەی پێداویستییەکانی جەستە پڕ دەکاتەوە، پاش ئەوەی ئەپارتمانی سەر بە هەور بەرز دەکاتەوە و زانست دەگاتە ترۆپک، ئینتەرنێت و شۆڕشی زانیاری و چاوگەکانی زانین، دەوری دەدەن، ئیدی هەست دەکەیت مرۆڤ لە هەموو شتەکان تێر دەبێت. ئایا لە ئەنجامی ئەو تێر بوونەیە کە مرۆڤ هەوڵ دەدات هەم خۆی و هەم هونەر بەرەو سادەیی بهێنێتەوە، یان مەسەلەکە خوێندنەوەیەکی دی هەڵدەگرێت؟

– من کە باوەڕم بە سادەخوازی هەیە، زیاتر دەمەوێ لەم بوارەدا قووڵ ببمەوە. ئەم سادەخوازییە دەتگەیەنێتە زۆر جۆرە ڕامان و بیرکردنەوەی جۆربەجۆر و جیاجیا لە بوارەکانی دی. حاڵەتێکە نزیک لەدنیای سۆفیگەری وەک گوتمان، داتەکاندنی هونەر لەو شتانەی کە نایەوێ هەڵیانگرێت. کەواتە بەرەو سادەییەکی زۆر دەڕوات، لەوانەیە لە تابلۆیەکدا یەک خاڵ هەبێت، کەچی زۆر سەرنج ڕاکێشیش بێت، یان هیچی لەسەر نەبێت. هەڵبەت لەمەشدا کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان هەیە. ئێمە لە سەردەمی تەکنەلۆژیای بەرزداین. ئەم سەدەیەیان ناو ناوە بەسەدەی ئینتەرنێت، کە دەسکەوتێکی گەورەیە. وەک بیستووتانە و دەشزانن، کاتێ میمۆری (بیرگە)کەت بەشت ناکات، ئەوە کۆمپیوتەر دەبێتە میمۆری تۆ. کۆمپیوتەر بووەتە بەشێک لە تۆ، واتە درێژبوونەوەی تۆیە. ڕۆژێک دادێت، هەموو شتەکانی خۆمان لەنێو ئینتەرنێتدا کۆ دەکەینەوە. کەواتە دەبێ ئامادە بین بۆ فڕین، ئامادە بین بۆ جێ هێشتنی ئەم هەسارەیە.

* باشە ئەمە دەسەڵاتی مرۆڤ کەم ناکاتەوە، سنوورێک بۆ دەسەڵاتی ئەو دانانێت؟

– خۆی لە ڕێی ئەوەدایە وای لێ بێت، ئیدی چ زوو، یان درەنگ. تەنانەت تێکستی ئایینیش دەڵێ: هیچ شتێک تا سەر مانەوەی بۆ نییە. زۆربەی شتەکانی سەر زەوی کاتین، ڕامانی فەلسەفییانەش دەتگەیەنێتە حاڵەتی خۆ داتەکاندن. خۆت و بەڕەیەک و دیوارێکی سپی. مەبەستم ئەوەیە ئەبستراکت بەرەو ئەوپەڕی هەڵنان هەڵنێین، وەک سادەخوازان دەیانەوێ ئەبستراکت تا ئەوپەڕەکەی هەڵنێین. من بۆ خۆم بڕوام بەوە هەیە. بۆیە وەک کارکەرێک لە بواری هونەردا، باوەڕم بەئازادی کار کردن هەیە. بۆم هەیە ئەوەی بمەوێ هەڵیبژێرم. ئەگەر بمەوێ بیگێڕمەوە سەر هۆشیاری، دەبێ بزانم چی دەڵێم، دەبێ بزانم چی دەکەم. دەبێ بزانم لەبەرچی ئەم

ئاراستەیەم گرتووەتەبەر. دەبێ لە هەموو شتەکاندا، خۆم کۆ بکەمەوە. لە هەمان کاتیشدا، دەکەویتە ناو جۆرێک لە ناکۆکی و دژبەرییەوە. من کە دەڵێم کەسی هونەرمەند ئازاد بێت لەوەی دەیەوێ هەڵیبژێرێت و بیکات، دەبێ ئەوەش بڵێم کە نابێ ئەوە بەسەر هەموو خەڵکیدا گشتگیر بکەم و بیسەپێنم. هەڵبەت من ئەگەر لە قەد دیواری ماڵەکەی خۆمدا پێویستم بەوە بێت تابلۆیەک هەڵواسم، لە هەمان کاتدا لەوانەیە من پێویستم بە نەخۆشخانەیەک بێت، کە دەیان ئامێری تێدایە. لەحاڵەتی نەخۆشی و ڕووداوی لەناکاودا دەچیتە ئەوێ. کەواتە من پێویستم بە دامودەزگاکانی دیکەش هەیە، من بە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانم یۆتۆپیایەک، دنیایەک لە خەیاڵدا دروست بکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا هونەر ئەم بۆشاییە دروست دەکات و پڕی دەکاتەوە. لە خۆرئاوادا دەسکەوتەکانی هونەر چەند خۆشە، کە لە بۆشاییەکی گەورەدا یەک بابەتی پیشان دەدات. چەند پێوەندیدارە بە بۆشاییی؟ بەگەڕان، بە ڕۆیشتن. گرنگیدان بە بۆشاییی بە گەڕان.

* لە هەمان کاتدا هەست دەکەین گەڕانەوەیەک بەرەو کلاسیزم هەیە، بەرەو شاکارەکان؟

– من دیسان پەیوەستی دەکەم بە هۆشیارییەوە. ئەگەر ئەم گەڕانەوەیە بە هۆشیارییەوە بێت، من لەگەڵیم. هەر شتێک بە هۆشیارییەوە بێت، من لەگەڵیم. هەروەها دەبێ بڵێم نە عەقلانیەت وەڵامی هەموو شتێکی داوەتەوە، نە ناعەقلانیەتیش وەڵامی هەموو شتێکی داوەتەوە. هۆشیاری لە سەرووی هەردووکیانەوەیە. واتە قبووڵ کردنی هەموو ڕەوت و لایەنەکان.

* پازدە ساڵ پێش ئێستا، بە بەرهەمەکانی هیمەت کاکەییت گوتووە، تەنیا نەخش و زەخرەفەن؟

– بەنیسبەت ئەوساتەوەختە کە وام گوتووە، هەست دەکەم زۆر بە هۆشیارییەوە ئەو ڕایەم گوتووە، بەڵام سەبارەت بە ئێستا، ئاگام لێی نییە بە چ ئاراستەیەکدا ڕۆیشتووە.

* دەربارەی نامیق عەلی قادریش، گوتووتە کە لە هونەردا میکیاڤێللییە؟

– ئیدی، ئەمانە ڕای کۆنن. نامەوێ بچمەوە سەریان.

* ئەگەر بڵێین ئازاد شەوقی بەلای تۆوە چییە؟

– پێش چەند ڕۆژێک سەردانی مێرگەسۆرمان کرد، گەشتێکی خانەوادەییمان بۆ ئەوێ کرد. لەوێدا ئازاد شەوقیم بەبیرهاتەوە. کامیرای دیجیتاڵەکەم پێ بوو، هەندێ وێنەم گرت. هەستم کرد ئازاد شەوقی لەوانەیە لە سروشت نزیک بێت، من باسی تەکنیک ناکەم، بە وردەکارییەکی باشەوە لە سروشت نزیک بوو. من کە چووم ئازاد شەوقیم لەبیر نەبوو، بەڵام کە وێنەکانم گرت، ئەوم بە بیرهاتەوە. کەواتە هەستم کرد ئەو بە وردکارییەوە خودی خۆی لەگەڵ سروشتدا تێکەڵ کردووە. دیمەنی دارەکان لەسەرەوە بەرەو خوار، یان بەپێچەوانەوە، ئەویان بەبیرهێنامەوە.

* ئەی سلێمان شاکر؟

– دەمەوێ بڵێم کە سلێمان شاکر دەبێ ئاگای لەوە بێت، کە سیونامی هەیە، لەوانەیە سیونامی بێت و هەموومان ڕاپێچ بکات.

* ئەزموونی محەمەد عارف چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– محەمەد عارف، ئەو بەرهەمە کۆنانەی کاتی خۆی لە کوردستاندا بە پێی دەرفەت دەمبینین، شتی جوانی هەیە، ناتوانین باس لە پلاستیکای کوردی بکەین و محەمەد عارفی تێدا نەبێت. بەڕاستی ئەو هەڵوێستێکە. پانتاییەکی داگیر کردووە لە ڕەنگ و جوانی و هونەری کوردیدا، بەڵام ئایا بەچ ئاراستەیەکدا چووە، چی پێ بەخشیوین؟ لە بەرهەمەکانی ئەو ڕازین؟ ئایا ئەویش سیونامی دەیگرێتەوە، یان نا؟

* قەرەنی جەمیل چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– قەرەنی بەپێی ئەوەی ناسیم، ڕوحی جوان بوو، زۆر لە بەرهەمەکانیم نەدیوە. لەلای من ناوێکی باش بوو. ئەو لەوانەیە هەوڵی فرینی دابێت، بەڵام تا چەند فریوە، نازانم؟

* دارا حەمە سەعی؟

– یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بەڕاستی ئیستێتیکا لە بەرهەمەکانیدا بەرزە، بەڵام ئەویش ئێمەی بەرەو فیگەرەتیڤ گەڕاندەوە. ئەو لەو قۆناغەی ئەو بەرهەمە جوانانەی پێمان بەخشی، داوا کراو نەبوو کە شتی باشترمان پێ بدات. شتی جوانی پێمان دا، بەڵام نەدەکرا شتی بەرز و جوانترمان پێ ببەخشێت. ڕەوتی زۆر گەورەی هونەر لە سەردەمی ئەودا هەبوو، لەبەرچی ئەو هەر لە فیگەرەتیڤدا گیرسایەوە؟

# دەسنووسە تازە دۆزراوەکەی «مەم و زین» هەر ئەوەیە کە چاپی ئەستەمووڵی لەسەر کراوەو کۆنترین دەسنووسیش نییە

مارف خەزنەدار

**لە ژمارەکانی داهاتوودا درێژە بە زنجیرە وتارەکەی د. مارف خەزنەدار دەدەین کە تا ئێستا (٥) بەشی بەدوای یەکتر لە گۆڤارەکەمان بڵاوکراوەتەوە.**
**«ڕامان»**

«ئەوەی پێویستە لەم باسەدا ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە هەرچەندە مەنتیقی ئەرستۆ و بەرنامەی عیلمی ئەوەیان دەخواست تیۆری (جامیعی مانیع) بەکاربێنم، بەڵام من هەندێ بیرەوەری و وێنەی ڕۆمانتیکیم خستۆتە ناو ئەم زانیارییە وشکانەوە، چونکە بەگشتی شێوازی نووسەری گەورەی عەرەب تەها حوسێن بە دڵی من بوو».

ئەم باسە پێشکێش دەکەم بە مامۆستایانی هاوپیشە و قوتابیانی خۆشەویستم لە قۆناغەکانی بەشی زمانی کوردی هەموو زانستگاکانی وڵات.

### پێشەکی

لەم دواییەدا یەکێ لە قوتابیانم ئاگاداری کردم کە لەلایەن تەحسین ئیبراهیم دۆسکییەوە چاپێکی «مەم و زین» لەسەر بنچینەی دەسنووسێکی دەگمەن و بە نرخ بڵاو کراوەتەوە،(١) دەسنووسەکە ٤٦ ساڵ دوای مردنی ئەحمەدی خانی نووسراوەتەوە.

بێ گومان ئەم هەواڵە پەیامی کەشف و داهێنانێکی گرنگ بوو لە مەیدانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

ئەوپەڕی ئاواتم دەست خستنی ئەم چاپەی «مەم و زین»بوو. بە کوڵ چاوەنۆڕ بووم بە بینینی شاد بم. زۆری پێ نەچوو تەحسین ئیبراهیم دۆسکی کۆمەڵێک کتێبی ئەم دواییەی بەرهەمی خۆی بۆ ناردم، لە ناو دیارییە بە نرخەکەیدا چاپێکی تازەی «مەم و زین»ی خانی دەدرەوشایەوە.

تەحسین پێشەکییەکی کورتی بۆ ئەم چاپەی «مەم و زین» نووسیوە، تێیدا تەنیا باس لەو دەسنووسە دەکا کە بۆ ئامادەکردنی ئەم چاپەی خۆی بەکاری هێناوە، بەبێ ئەوەی پەنجە بۆ هیچ سەرچاوەیەک درێژ بکا. هەروەها بە نزیکترین نوسخەی دادەنێ لە نوسخە ئەسڵییەکەوە، یان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لەوانەیە ئەو نوسخەیەی ژێر دەستی یەکەمین نوسخە بێ ئەحمەدی خانی چیرۆکی «مەم و زین»ی تێدا تۆمار کردبێ.

ئەم نوسخەیە بە پێی گێڕانەوەکانی تەحسین لە نووسینی عەزیزی کوڕی شیرباری مامزێدییە، لە ڕەجەبی ساڵی ١١٦٥ھ (مایسی ١٧٥٢م) نووسراوەتەوە. هەروەها ئەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەم دەسنووسە بە نرخە

لەکاتی خۆیدا کەوتبووە لای شێخ مستەفا قەرەداغی، ئەویش کردبووی بە دیاری و پێشکێشی نامەخانەی مەجمەعی عیلمی کوردی (کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا- ١٩٧٠)ی کردبوو. لەوساوە دەسنووسەکە لەو دەسگایە پارێزراوە.

ئیتر لە دوای ئەوە دەسنووسەکە لەسەری گیراوەتەوە (دیفلۆب کراوە). لە ئەنجامدا وێنەیەکی دەسنووسەکە گەیشتۆتە دەسگای بلاوکردنەوەی سپیریز لە دهۆک. ئەم دەسگایەش داوای لە تەحسین دۆسکی کردووە لەسەر بنجوبناوانی ئەم دەسنووسە گرنگ و یەکانەیە چاپێکی دیکەی «مەم و زین» ئامادە بکا.

تەحسین دۆسکی لە پێشەکی کتێبەکەدا بە هیچ جۆرێ لەم تێبینییە کەمە بەولاوە، لە بابەت «مەم و زین»ەوە، بەتایبەتی لایەنی مێژووی ئەم بەرهەمە هیچ زانیارییەک بە دەستەوە نادا، چونکە نەگەڕاوەتەوە سەر ئەم هەموو سەرچاوە زۆرەی لە بابەت ئەحمەدی خانی و «مەم و زین»ەکەی لە ناوەوەیە.

بەم ڕەنگە ئێستا لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا لە دوای بلاوکردنەوەی ئەم چاپە، هەواڵی ڕۆشنبیری وا کەوتۆتە ناوەوە گۆیا ئەم چاپەی دهۆک لەسەر کۆنترین دەسنووسی «مەم و زین» چاپ کراوە. ئەم دەسنووسە لە پاش کۆچی دوایی ئەحمەدی خانی بە ٤٦ ساڵ نووسراوەتەوە، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە هەموو چاپەکانی «مەم و زین»، لە چاپی ئەستەموولەوە (١٩١٩) تا ئەم چاپەی دهۆک لەسەر بنجی ئەم دەسنووسە بووە. لە پاشانیشدا لەم دەسنووسەش کۆنتر لە ناوەوە هەیە، وەکو لە ئەنجامی ئەم باسەدا ئاشکرا دەکرێ.



مەم و زین چاپی ئەستەموول ١٩١٩

تەحسین دۆسکی شارەزای زمانی کوردی و ئەدەبی کلاسیکی کوردستانی باکوورە (ناوچەی بادینان و زاخۆش دەچنە ناو ئەوەوە). بەلای منەوە لە ڕووی فۆنیم و فۆنێتیک و ڕاست نووسین و ئیملاوە (ئەرفۆگرافییەوە) هاوتای کەمە. لەبەرئەوە من لە مێژووی ئەدەبی کوردی نموونەکانی شیعری مەلای جزیریم (٢) لەو وەرگرتووە، چاپی ئەو بۆ بەرهەمی ئەو شاعیرە لە هەموو چاپە زۆرەکانی دیکە زیاتر جێی متمانەیە، چونکە لە هەموویان ڕاستترە.

ئەگەر ئەوەی تەحسین چاکترینیان بێ، دیوانی جزیری هەژاری موکریانی(٣) پێچەوانەی ئەوە، چونکە هەژار هەڵگری زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجی باکوور) بەتایبەتی زمانی ئەدەبی بۆتان و هەکاری نەبوو.

ئێستاش ئەوەی دەیزانم لە بابەت «مەم و زین»ی خانییەوە لەم باسەدا تۆماری دەکەم، ڕەنگە هەمووی نەبێ، بەڵام بەشێکی زۆریەتی.

## چاپی ئەستەموول

لە دواساڵانی سەدەی نۆزدەیەمەوە هەڵبژاردە لە شیعری چیرۆکی «مەم و زین» لە ڕۆژنامە و گۆواری کوردی بلاوکراونەتەوە. واتە لە ڕۆژنامەی «کوردستان، قاهیرە ١٨٩٨»ەوە تا ئەمڕۆ، بەڵام بۆ یەکەمین جار ئەم بەرهەمە نایابە وەکو کتێب لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەموول بلاوکراوەتەوە.(٤)

ئەم چاپەی «مەم و زین» لە زنجیرەی بلاوکراوەی ڕۆژنامەی «ژین»ی ئەستەموول ژمارە (١)ی دراوەتێ. لەسەر بەرگ نووسراوە «اثرا سرتاج ادیب کردان و مدار افتخارا حمیان احمد خانی»، لە چاپخانەی نجم استقبال مطبعەسی لە ئەستەموول لە ساڵی ١٣٣٥- ١٣٣٧

(١٩١٩م) بڵاوکراوەتەوە.

بڵاوکەرەوە بە ناوی «حەمزە = هەمزە» خۆی بە خوێنەر دەناسێنی،(٥) پێشەکییەکی چوار لاپەڕەیی بۆ ئەم چاپە نووسیوەتەوە، تێیدا زانیاری لە بابەت مێژووی نووسینەوەی «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی دەدا بە دەستەوە.

ئینجا وەکو خۆی تێکستی چیرۆکەکە بڵاودەکاتەوە، واتە بە ئیملای کۆنی عەرەبی ئامێز. هەڵەی چاپ لە نووسینەکەدا زۆر کەمە. هەمووی لە حەوت وشەدا هەڵە ڕووی داوە، بۆ ئەویش لە کۆتایی چیرۆکەکە خشتەی هەڵە و ڕاستی کێشراوە.

«مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی لە کتێبەکەدا بەم دێڕە تەواو دەبێ:

**اول کو ته دا ژ عشق مطلع**
**آخر بده وی تو حسن مقطع**

لە دوای ئەمە کتێبەکە بەم عیبارەتە کۆتایی پێ دێ «او کتابا کو مه ژی استنساخ کری (١١٦٥)دا عزیز کری شیر مامزیدی نڤیسی بو خدا رحما خوه لی بکه».

ساڵی تۆماری دەسنووسەکە (١١٦٥ھ)یە، ئەم ساڵە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٧٥١- ١٧٥٢)ی مەسیحی.

* * *

چارەنووسی ئەم چاپەی ئەستەموول سەیر و تراژیدیانە کەوتۆتەوە، وەکو ئەوە نییە کە بەهەشتی گیوی موکریانی دەیگوت: «ئێمە لە ساڵی ١٩١٥ مەم و زینی ئەحمەدی خانیمان چاپ کردووە» کەچی ئەو چاپە نەکراوە! بەڵام لەو کاتەی دەڵێن تورک هەموو نوسخەکانی «مەم و زین»یان سووتاند (٦) ئەمەیان ڕاست نییە، چونکە هیچ نەبێ ئەو تاکە نوسخەی لە نامەخانەی ئێمەدا پارێزراوە بەڵگەی بوونی ئەو چاپەیە، بەڵام چاپەکەی گیو بوونی نییە.

لەنێوەندی ئەدەبی کوردیدا ئەوە باوە کە چاپەکەی ئەستەموول دانەیەکیشی لێ نەماوە. بە درێژیی تەمەنم لە هیچ نووسراوێک بە زمانی کوردی ئەوەم بەرچاو نەکەوتووە یەکێک ئەو چاپەی ئەستەمووڵی دیبێ و لە پاشاندا بووبێ بەسەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعری ئەحمەدی خانی و بەتایبەتی چیرۆکی «مەم و زین».

ئیتر مەسەلەکە وا کەوتەوە هەموو ڕۆشنبیرێک باوەڕ بە سووتانی هەموو نوسخەکانی ئەم یادگارە بکا و دڵنیابێ لەوەی ئەم کتێبە نییە و نادۆزرێتەوە، لەبەر ئەوە بەیەکجاری ئەم مەسەلەیەی لەبیری خۆی بردۆتەوە.

* * *

هەواڵێکی ئەدەبی بەکەڵک و خۆشە ئەگەر هەندێ بیرەوەری لەم بابەتەوە بگێڕمەوە، لەگەڵ ئەوەی کەمێک پێوەندی بە کەسێتی خۆشمەوە هەیە، چونکە فیکر و دڵ و ویژدانی خوێنەر و خوێندەواری کورد گوڵاوپڕژێن دەکا.

لە ماوەی قوتابیەتیم لە زانستگای بەغدا لە ساڵانی ١٩٥٣- ١٩٥٧ و نزیکیم لە تۆفیق وەهبی و نامەخانە نایاب و ڕەنگینەکەی، بۆ یەکەمین جار چاوم بە «مەم و زین»ی چاپی ئەستەمووڵ کەوت. لەوکاتەدا خۆپەرستیم گەیشتبووە پلەیەک لای کەس ئەو هەواڵە نەدرکێنم کە ئەم کتێبە لەم ماڵەدا هەیە، بۆ ئەوەی کەس بەمە نەزانێ و تەنیا من خۆم پێی شاد ببم. بەجۆرێک ئاشقی ئەو کتێبە بووم هەر چەندە بچوومایە ئەوێ و کۆششی زانستی خۆم لەو نامەخانەیەدا بکردایە، چاوێکم بەم چاپەدا دەخشاند و لاپەڕەکانیم هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد.

لە ڕۆژی نەورۆزی پیرۆزی ساڵی ١٩٥٧ لە بەغدا ژنم هێنا، بووک پوورزام بوو لە باوکەوە. تۆفیق وەهبی گوتی: لەم موناسەبەتە خۆشەدا ئارەزووی چی دەکەی دیاری بێ لە منەوە بۆ تۆ؟ گوتم: مامۆستای گەورەم، با ئەمە دوا بخەین بۆ دوو سێ مانگی تر، لە هاویندا کۆتایی بە خوێندنی زانستگا دەهێنم، ئەمەیان ڕەنگە لەلام هێندەی ژن هێنانەکە خۆش بێ. مامۆستام بەمە ڕازی بوو.

لە هاویندا کە خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم ماڵ بگوێزمەوە بۆ کەرکووک، تۆفیق وەهبی پێی گوتم: دیارییەکەی من بۆ تۆ قازانجی هاتۆتە سەر، چونکە تەنیا پیرۆزکردنی ژن هێنان نییە، بەڵکو نایل بوون بە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیشە لە زمان و ئەدەبدا.

من شەرمم دەکرد ئەوەی ئارەزووم بوو پێی بڵێم. ناچار گوتم: حەزم لە کتێبە! گوتی: بڕۆ کۆمەڵێک هەڵبژێرە، چونکە تۆ لە من زیاتر شارەزای کتێبخانەکەی. گوتم: ئاخر ناوێرم ناوی ئەو کتێبە ببەم کە حەزم لێیەتی! گوتی: ئەو کتێبە و کتێبی تریش پیرۆزت بێ. ئیتر هەندێ شەرمم شکاو گوتم: حەزم لە «مەم و زین»ی چاپی ئەستەمووڵە.

گوتی: پیرۆزت بێ ئەو و کتێبی تریش. ئیتر لەسەر

ئارەزووی تۆفیق وەهبی هەر ئەو دەمە کتێبی «مەم و زین» و نۆ کتێبی دیکەشم لەناو دەلاقەکانی نامەخانەکە دەرهێنا. کتێبەکان بە زمانانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی بوون، بە نرخترینیان لە دوای «مەم و زین» کتێبی «ئاڤێستا»ی (٧) پوور داوود بوو.

ئەم چاپەی «مەم وزین»ی ئەستەموولْ سوودی زۆر بووە. هەموو چاپەکانی لای کوردی خۆمان لەسەر بنجی ئەم چاپە بووە، ئێستاکە نرخێکی مۆزەیی (مەتحەفی) گەورەی هەیە، بەتایبەتی لەو کاتەی نوسخەی زۆر کەمە و خوێندەواری لای خۆمان بە درێژیی سەدەی بیستەم لێی بێ ئاگان.

دەمێنێتەوە ئەو نوسخەیەی کەوتۆتە لای تۆفیق وەهبی سەرچاوەکەی لە کوێوەیە؟

ئەو نوسخە دەگمەنەی «مەم و زین» لای مستەفا پاشای یامولکی بەناوبانگ بووە. لە دوای خۆی بۆ عەبدولعەزیز یا مولکی کوڕی خۆی ماوەتەوە. ئەویش بە دیاری بەخەتی خۆی بەم جۆرە پێشکێشی کردووە «بۆ برادەر جەنابی کاکە عەلی یادگارە: بەغدا ١٩٣٥/٣/٩. لەسەر وشەی «المقدم» ئیمزای کردووە». ئەم (کاکە عەلی)یە وەکو لە تۆفیق وەهبیم بیستووە «عەلی ئاگا» بووە. ئیتر ئەویش ئەو نوسخەیەی پێشکێش بە تۆفیق وەهبی کردووە، لەوەوە ئەم یادگارە بە نرخە ماڵی منی ئاوەدان کردەوە.

### چاپی حەڵەب

لە دوای تێپەڕ بوونی ٢٨ساڵ بەسەرچاپی ئەستەموولْ (١٩١٩) بۆ جاری دووەم «مەم و زین» لەسەر بنچینەی ئەو چاپە لە حەڵەب چاپ کرایەوە (١٩٤٧)(٨). بلاوکەرەوە دەستی لە شێوەی نووسین و ئیملای تێکستەکانی «مەم و زین» نەداوە. دەتوانین بڵێین ئەم چاپی دووەمە وەکو دیفلۆب (ئیستینساخی) ئێستا وایە، بەڵام ئەوکاتە لەبەر ئەوەی ئامێری دیفلۆب نەبووە، جارێکی دیکە ئەم چاپەیان لەسەر چاپەکەی ئەستەموولْ تیپچن کردووە، لەبەر ئەوە ئەگەر چاپی ئەستەموولْ لەبەردەستی هەر کەسێک نەبێ، ئەم چاپەی حەڵەب جێی ئەو دەگرێتەوە، چونکە وێنەی حەقیقی ئەو چاپە کۆنەیە.

لەم چاپەدا هەندێ گۆڕانی پێویست دەکەوێتە بەرچاو، دەبوو بلاوکەرەوە ڕەچاوی بکا وەکو:

١- لە لاپەڕەی یەکەمی چاپی ئەستەموولْ نووسراوە «مەم و زین» لە بلاوکراوەکانی ڕۆژنامەی «ژین»ی ئەستەموولەو ژمارە (٢)ی داوەتێ، بە ناوی ئەوەی چاپی ئەستەموولْ بلاوکەرەوەی ژمارە (١)ە.

٢- هەروەها لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسراوە «لەسەر حسێبی بەشیر شێخ حەسەن هاشمی دانیشتووی شاری عامووده لە چاپخانەی ئاراس لە شاری حەڵەب، لە ساڵی ١٩٤٧ چاپ کراوە»

٣- چاپی حەڵەب زیاد لەسەر ئەوەی ناوی فەسڵەکانی چاپی ئەستەموولی وەکو خۆی ڕوونووس کردووە ژمارەشی بۆ داناون. ئەمە لە ڕووی تەکنیکییەوە تێکستی «مەم و زین»ی جوان کردووە.

٤- لە چاپی ئەستەموولْ حەوت وشەی بەهەڵە چاپ کراو لە لاپەڕەی (١١٢) خشتەی هەڵەو ڕاستی بۆ کراوە، لە چاپی حەڵەبدا ئەو وشانە ڕاست کراونەتەوە، ئیتر پێویستی بە خشتەکە نەماوە.

بەم ڕەنگە بۆمان ئاشکرا دەبێ هیچ جۆرە گومانێک لە ناوەوە نەماوە کە ئەم چاپەی حەڵەب لە باتی (بەدیلی) چاپەکەی ئەستەموولەو هەردووکیان سەرچاوەی


مەموزین
الشيخ احمد حق
ل حساب بشير الشيخ حسن الهاشمي
عاموده سنه ١٩٤٧

**مەم و زین چاپی حەڵەب ١٩٤٧**

بنچـینەیین بۆ سـاغ کـردنەوە و بڵاوکـردنەوەی هەمـوو چاپەکـانی دوایی ئەم یادگـارە بە نرخـە، بەتایبـەتی چاپەکانی «مەم و زین»ی لای خۆمان، هەرچی چاپەکانی ئەورووپاشە ئەوانیش سەرچاوەی خۆیان هەیە، وەکو لە پاشاندا لەم باسەدا ئاشکرا دەبێ. لەلایەکی دیکەوە ئەم دوو چاپە نرخێکی یەکجار گرانی مۆزەییان هەیە و وەکو دەسنووس دەکەونە بەرچاو.

* * *

لەو سـاڵانەی قـوتابی قـوتابخـانەی ناوەندی بووم لە هەولێر، بەهەشتی حوسێن ڕەشوانی لە میسر گەڕایەوە نیشتـمان. لەوێ زانستگای ئەزهەری تەواو کردبوو. بە مامۆستای عەرەبی دامەزرا. ئەگەرچی ڕەشوانی دەرسی بە من نەگـوتووە، بەڵام من لێـیـەوە نزیک بووم. وابوو ڕۆژێکیان «مەم و زین»ی چاپی حەڵەبی پێ پیشان دام، دەیزانی خولقم لەگـەڵ ئەدەبدا خۆشـە، لەبەر ئەوە لاری لەوە نەبوو بۆ ماوەی چەند مانگێک کتێبەکە لای من بمێنێتەوە.

لە دواییدا کـە کـتێبـەکـەم بۆی بردەوە بە شـەرمێکی زۆرەوە ئەوەم تێگەیاند کە حەزم لە کتێبەکەیە. ئەوکاتە دیفلۆب (ئیستینساخ) نەبوو، کەچی دەکرا بەوێنە گرتنی هەمـوو لاپەڕەکـان (۱۳۹ل)دانەیەک لەم کـتێبـەم هەبێ، بەڵام وێنەکـان بە پۆزێتـیـف و نێگەتیـفـەوە دەیکردە (۲۷۸) وێنەی فـۆتۆگـرافی، لە وزەی مندا نەبوو ئەم ئارەزووەم بهێنمە دی، چونکە ئەو پارەیەم نەبوو پێی ببم بە خاوەنی ئەم کتێبە.

ئیتر ڕەشوانی کە زانی من حەزم لە کتێبەکە کردووە گـوتی: با جـارێ لات بێ. لە پاش مـاوەیەک هەر خـۆی پێی گوتم: «مەم و زین»ەکە پیرۆزت بێ.

### دەسنووسی «مەم و زین» لە ڕووسیا

ئەو دەسنووسـانەی مـارگـریتـا بۆریسـۆڤنا ڕوودێنکۆ بەکاری هێناون بۆ ساغ کردنەوەی «مەم و زین» ئەمانەن:

١- گرنگترین دەسنووس کە بووە بە نوسخەی یەکەم و بنچـینەیی بۆ چاپی مـۆسکۆی «مـەم و زیـن» لە (٤٧) فـەسڵ پێک هاتووە، لە سـاڵی ١١٤٤ھ/ ١٧٣١- ١٧٣٢ نووسـراوەتەوە، نووسـەری دەسنووس مـحـەمـەد غـەریب کوڕی سلێـمـانە. لە دەسنووسە کـۆکـراوەکـانی ئەلیکسـاندر ژابایە، لە سـاڵی ١٨٦٨ کـەوتۆتە نامەخانەی نێوەندی گشتی شاری سانت پیترسبورگ بە ناوی سالتیکۆف- شیدرین.

تێکسـتی دەسنووس بە مـەرەکـەبی ڕەش نووسـراوە، ناوی فەسڵەکان بە مەرەکەبی سوور تۆمار کراوە.

**سەرەتا: سرنامەء نامە نام الله**

**دوایی: آخر بدە تو حسن مطلع**

ئەم نوسـخـەیە بووە بە بنجـوبناوان بۆ بڵاوکـردنەوەی چیرۆکەکەو هەموو نوسخەکانی دیکە لەگەڵ ئەم نوسخەیە بەراورد کراون.

٢- ئەم دەسنووسە سەرەتا و هەندێ لە فـەسڵـەکـانی دوایی کـەوتووە، لە (٦٠) فـەسڵ تەنیـا (٣٧) فـەسڵی ماوەتەوە.

**سەرەتا: خانی کو نهن بقلب ذاکر**

**دوایی: محروم دبن ژ ذوق دیدار**

بە مــەزەندە لە سـەدەی ١٩ نووســراوەتەوە، لە کۆکراوەکانی ئەلێکساندر ژابایە.

٣- لەم دەسنووسەدا ناوی فەسڵەکان تۆمار نەکراوە.

**سەرەتا: سر نامەء نامە نام الله**

**دوایی: آخر بدە تو حسن مطلع**

بە مـەزەندە لە سـاڵانی دوایی سـەدەی هەژدەم یا سەرەتای سەدەی نۆزدەم نووسراوەتەوە. لە کۆکـراوەکانی ئەلێکساندر ژابایە.

٤- ئەم دەسنووسە لە دەسنووسە تەواوەکانە. سەرەتاو کـۆتایی وەکـو ئەوەی پێـشـووە. لە سـاڵی ١٢١٨ھ/ ١٨٠٣- ١٨٠٤م تاهیـر کـوڕی عـەباس ئەفـەندی نووسیوبەتییەوە. لە کۆکراوەکانی ئەلێکساندر ژابایە.

٥- ئەم دەسنووسە لە دەسنووسە تەواوەکانە، بریتییە لە (٥٧) فەسڵ، سەرەتاو کۆتایی وەکو ئەوەی پێشووە. لە ساڵی ١٢٥٤ھ/ ١٨٣٣- ١٨٣٤ لە شاری ئەرزەڕۆم لەلایەن فەیرووز ئەفەندی نووسراوەتەوە. لە کۆکراوەکانی ئەلێکساندر ژابایە.

٦- لەم دەسنووسـەدا فـەسڵـەکـانی سـەرەتاو دوایی کەوتوون، هەروەها فەسڵەکان ناویشیان لەم نوسخەیەدا دیاری نەکراون.

**سەرەتا: او هر دو پسر**

**دوایی: کلبی مە بتن بر مە**

بە مـەزەندەی ڕوودێنکۆ ئەم نوسـخـەیە لە سـاڵانی کـۆتایی سـەدەی حـەڤـدەم و سـەرەتای سـەدەی هەژدەم

نووسـراوەتەوە، ئەگـەر ئەمـە ڕاست بێ، لەوانەیە کـە ئەم نوسخەیە نووسراوەتەوە ئەحمەدی خانی لە ژیاندا بووبێ. هەر چۆنێ بێ کـە سـاڵی نـوسـینی دەسنووسـەکـە دیار نەبێ، هیچ بڕیارێک لەم لایەنەوە لۆژیکی نیـیـە. ئەم دەسنووسە لە کۆکراوەکانی ئەلێکساندر ژابایە.

٧- ئەم دەسنووسـە لە (٤٩) فـەسڵ پێک هاتووە، ناوی فەسڵەکان بە فارسی نووسراوە، لە کوردییەوە بە کورتی وەریان گێڕاوەتە سەر فارسی. دەسنووسەکە لە ساڵی ١٨٩٨ لە ئەستەموول نووسراوەتەوە، لە پاشاندا کەوتۆتە لای ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی ئەڵمـان مـارتن هارتمان (١٨٥١- ١٩١٨). لە دواییدا هارتمان نوسخەی لای خـۆی ڕوونووس کردووە (کـۆپیـە) و ناردوویەتی بۆ نامـەخـانەی ئەکـادیمیـەی ڕووسـیـا، ئێستـا لە بەشی دەسنووس لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیە لە شاری سانت پیترسبورگ پارێزراوە، نوسخە ئەسڵییەکە لای هارتمان ماوەتەوە (٩).

٨- ئەم دەسنووسـە لە (١٥) فـەسڵ پێک هاتووە، ناوی فەسڵەکان بە فارسی نووسراوە، کەموکوڕی زۆرە.

**سەرەتا: بو علیل مشتاق......**

**کۆتایی: کعبین ژ بو می دوشش هات**

بە مـەزەندە لە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی هەژدە نووسراوەتەوە، لە کۆکراوەکانی ئەلێکساندر ژابایە.

٩- ئەم دەسنـووسـە ناتەواوە، لاپەڕەکی زۆری لێ کەوتووە، بریتییە لە هەندێ لەو فەسڵانەی «مەم و زین» کـە تێـیـاندا باس لە ئەڤین و دڵداری کـراوە، واتە هەڵبژاردەی تێکستە دڵدارییەکانە.

**سەرەتا: اجزای کتاب شاعرانه**

**دوایی: قندیلک قبس قفس کو راگرت**

بە مـەزەندە لە سـەدەی نۆزدەیەم نووسـراوەتەوە، لە کۆکراوەکانی ئەلێکساندر ژابایە.

ڕوودێنکۆ ئەو بەرنامە زانستییەی بەکارهێناوە کە لە ڕۆژهەڵاتناسی ئەورووپا «تێکسـتی ئینتیـقـادی» پێ دەڵێن، بە مـەرجـێک بۆ سـاغ کـردنەوەی بابەتێکی نووسراو لە دەسنووسێک زیاتری لە ناوەوە بێ.

ئیـتـر ڕوودێنکۆ ئەم هەمـوو دەسنووسـانەی بۆ سـاغ کـردنەوەی چیـرۆکی «مـەم و زین» بەکـارهێناوە، لێـرەدا دەسنووسی یەکـەم (A)ی کـردووە بە بنچـینە وەکـو لە سەرەوە گـوترا، چونکە لە هەمـوو ئەوانی دیکە کـۆنتـرە، جگە لەوە لە هەمـوو ئەوانی دیکە تەواوترە. لە پەراوێزدا هەر وشەیەک، یان عـیبـارەتێک لەگەڵ دەسنووسەکـانی دیکە یەکتری نەگرنەوە ئاماژەی بۆ کراوە.

لەگەڵ ئەمانە ڕوودێنکۆ ئاوڕی لە «مەم و زین»ی چاپی حەڵەب (١٩٤٧)داوەتەوە و حسێبی دەسنووسی لەگەڵدا کردووە.

لە دوایـیـــدا پەنای بـۆ دەرەوەی وڵاتی خـــۆی بردووە(١٠)، بەڵکـو ســـەرچاوەیەکی تـازەی دەست بکەوێ، لەم لایەنەوە زۆر سـەرکـەوتوو نەبووە و کـەمی دەست کەوتووە.

* * *

ئەو ساڵەی لە شاری سانت پیترسبورگ (لینینگرادی ئەوسـا) نیـشـتـەجێ بووم و قـوتابی خـوێندنی باڵای ئامـۆژگـای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکـادیمیـەی زانسـتی بووم ئاشنایەتیم لەگـەڵ مـارگـریتـا بۆریسـۆڤنا ڕوودێنکۆ پەیداکـرد. ئەوکـاتە ئەو کـارگـەری زانسـتی بوو لە ئامـۆژگاکـە و لەمێژ نەبوو بڕوانامـەی بەرزی وەرگرتبوو. نامـەی دکـتـۆراکـەی سـاغ کـردنەوەی تێکسـتی چیـرۆکی «مەم و زین»بوو.




**مەم و زین چاپی دهۆک ٢٠٠٨**

لەو کاتەدا ڕوودێنکۆ یەکە پسپۆڕی ئەدەبی کوردی بوو (دیالێکتی کرمانجی باکوور)، من لە دوای قەناتی کوردۆ، کە هاوڕێ و ڕێبەرم بوو، لە هەموو کارگەرانی زانستی دیکە زیاتر لە ڕوودێنکۆوە نزیک بووم.

بەزۆری لەو سەردەمەدا سەرقاڵی ئامادەکردنی نامەکەی بوو وەک کتێبێک لە دواییدا چاپ بکرێ، وابوو لە پاشاندا لە ساڵی ١٩٦٢ کتێبەکە چاپ کرا.

لە پێشاندا هاوڕێیەتی و نزیک بوونمان لە یەکتریەوە خۆش بوو، ئەو سەرچاوەی زۆری زانستی کوردناسی ئەورووپای دەخستە بەردەستم، منیش زۆر یارمەتیم دەدا لە ناسینی ئەدەبی کوردی (دیالێکتی کرمانجی باشوور)، چونکە نەوەکو تەنیا ئەو، بەڵکو هەموو کوردناسانی ئەو وڵاتە زانیارییەکی ئەوتۆیان لە بابەت ئەدەبی کلاسیکی کوردی کوردستانی باشوور نەبوو. تا پلەیەک پیاو ڕووی نایە بڵێ (ئەنسیکلۆپیدیای سۆڤیەت) چاپی پەنجاکانی سەدەی بیستەم بۆ بەڵگە لە پەڕاگرافی ئەدەبی کوردی نووسراوە «گەورەترین شاعیری سەردەم لە کوردستانی عیراق کەسانی وەکو محەمەد تۆفیق وردی و مستەفا نەریمانن». زانایانی ئەو وڵاتە زۆر بێ ئاگا بوون و لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە سەرچاوەیان لەبەر دەست نەبوو، تەنیا هەندێ کۆمەڵە شیعری تۆفیق وردی و مستەفا نەریمان نەبێ. بەم ڕەنگە ئەم هەڵە گەورەیە کەوتە ناو ئەنسیکلۆپیدیاکەیانەوە.

ئەوەی جێگەی داخ بێ لە دواییدا نێوانمان لەگەڵ ڕوودێنکۆ کەمێک ساردی تێ کەوت. ئەو هەندێ گرژ بوو، چونکە منی بە موناڤیسی خۆی حسێب دەکرد، لەبەر ئەوە لەیەکتری دوور کەوتینەوە. هۆی ئەم دابڕانە لە یەکتری ئەوەبوو من لەگەڵ نیشتەجێ بوونم لە شاری سانت پیترسبورگ بەکوڵ دەستم دایە پشکنینەوە و جەرد کردنی هەموو نامەخانەو خانەی دەسنووس و ئەرشیڤەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەم شارە کولتووری و ڕۆشنبیرییەی ڕووسیا.

تێکستی دەسنووس و کتێبە دەگمەنەکانم دەنووسییە، یان میکرۆفیلم و فۆتۆکۆپیم دەکردن، تێبینی و بۆچوونم لە بابەت سەرچاوەکانەوە تۆمار دەکرد. ئەم کارەی من تەنیا لای ڕوودێنکۆ جێی بێزاری نەبوو، بەڵکو خەڵکی دیکەش هەبوون بەجۆرێکی دیکە تەماشای جموجووڵ و کردەوەکانی منیان دەکرد، وەک کابرایەکی بێگانەی بۆرژوازی دەکەوتمە بەرچاویان. پێیان ناخۆش بوو ئەم سەرچاوە گرنگ و دەگمەنانە بکەونە دەستم و بەهۆی منەوە ئەو نووسینانە بە ڕێگەی قاچاغەوە بگوێزرێنەوە دەرەوەی وڵات و زانایانی خۆیان لێیان بێ بەش بن.

بەم ڕەنگە لە نامەخانەی نێوەندی و گشتی شاری سانت پیترسبورگ بە ناوی سالتیکۆڤ- شیدین تەگەرە کەوتە ناو کارەکانم، چونکە ئەم نامەخانەیە سەربەخۆ بوو و لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەکادیمییە بوو. هەر چەندە سەردانی ئەو نامەخانەیەم دەکرد کارگەرانی بە گومانەوە سەیریان دەکردم، بەناوی ئەوەی دەسنووس و دوکیومێنت نەژاکێن لەناو جامخانە دەریان نەدەهێنان و نەیاندەدایە دەستم، تەنیا دەبوو چاوم بە بەرگ و لاپەڕەی یەکەمیان بکەوێ. کارگێر و مووچەخۆرانی ئامۆژگاکەی خۆم ئاگاداری ئەم کردەوە نا هەموارە بوون، بەڵام بۆیان نەدەکرا بچنە ناو گفتوگۆی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە و چەندوچوونی هەندێ کۆمۆنیستی بیزەنتی کەللە ڕەق و مێشک وشکەکان. هۆی دروست بوونی ئەم حاڵەتە بەزۆری ڕوودێنکۆ بوو. بە ئاشکرا دەیگوت: لە من بەولاوە کەس هەقی نییە سوود لەو دەسنووسانە وەربگرێ، بەتایبەتی خەڵکی بێگانەی وەک من سبەینی دەچێتەوە وڵاتەکەی خۆی، ئەو لەمەدا بڕێک لەسەر هەق بوو، چونکە لە هەموو نامەخانەیەکی گێتی ئەگەر زانایەک کار لەسەر دەسنووسێک، یان چەند دەسنووسێک بکا، نابێ کەسێکی دیکە خەریکیان بێ تا ئەو کەسە کارەکەی دەگەیەنێتە ئەنجام، بەڵام ئەوان هەموو شتێکیان لە من قەدەغە کردبوو.

لە دواییدا بەوە ڕازی بووم تەنیا دەسنووسەکان ببینم و ئاشنایەتیان لەگەڵدا پەیدا بکەم، لەبەر ئەوە لەبەر دەستمیان دانەدەنا بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکەم، یان وێنەیان بگرم. بە مەبەستی دەست خستنیان تریاتیکۆڤا (١١) دەستی بە وێنەگرتنی (میکرۆفیلم و فۆتۆکۆپی) بەشێکی زۆر لە دەسنووسەکان کرد.

جگە لەوە هەندێ جاریش قوتابیانی کوردی خوێندنی باڵای ئەوێ بە ناوی خۆیانەوە ئەم کارەیان بۆ دەگەیاندمە ئەنجام، هەرچی سەرچاوەی نامەخانە زۆرەکانی ئەکادیمییەش بوو، لەمەدا سەربەست بووم و هیچ هۆیەک لە ناوەوە نەبوو ببێتە تەگەرە لە پێشم.

بەڕاستی من هەوڵم دەدا پێوەندیم لەگەڵ ڕوودێنکۆ

ئاسـایی بێ، نە زۆر نزیک وەکـو لەسـەرەتای یەکـتـری ناسـینمـان دەبینرا، نە زۆر دووریش وەکو لە دواییدا کـە بەیەکتری دەگەیشتین سڵاومان لە یەکتری نەدەکرد.

ئێمەی بەشی کوردناسی بەسەرۆکی بەشەوە کە قەناتی کـوردۆ بوو لە ژوورێکی گـەورە کـارمـان دەکـرد. مـێـزی نووسینی من لە نێوان مێزی نووسینی قـەناتی کوردۆ و ڕوودێنکۆ بـوو. هەرچۆنێ بێ لە پاشـــاندا بە درێژایی ماوەی مانەوەی من لەو وڵاتەدا پێوەندیمان ئاسایی بوو.

ڕوودێنکۆ بەپێی توانا خزمەتی ئەدەبی کوردی کردووە، ئەگەر هەر کەموکوڕییەکی زانستی لە کارەکانیدا هەبێ، دانی پێداناوەو زانایانی پاش خۆی لێ ئاگـادارکـردووە. ئەگەر مانای وشەیەک، یان عیبارەتێکی نەزانیبێ، یان وشەیەکی بەڕاستی نەخوێندبێتەوە بەجێی هێشتووە لە دوا ڕۆژدا ئەوان ڕاستی بکەنەوە.

لە پاش گـەڕانەوەم بۆ نیشـتـمـان (١٩٦٨) پێـوەندیم لەگـەڵ ڕوودێنکۆ هەبوو، لە دوای نۆ سـاڵ، لە سـاڵی ١٩٧٦ کـە لە هاویندا بە تەمـابووم سـەفـەری ڕووسـیـا بکەم، قــەنـاتی کــوردۆ بـۆمی نـووسی: هەرچەندە بۆت دەکرێ زووتر وەرە ئێرە چونکە ڕوودێنکۆ زۆر نەخۆشە. لە تەمووزی ئەو سـاڵەدا کـە من گـەیشـتـمـە شـاری سـانت پیـتـرسـبـورگ ڕوودێنکۆ وەک نەخـۆشـێکی کـوشندەی ناو نوێنی مـەرگ بێ هۆش کـەوتبـوو. کـە چوومـە سـەردانی نەک تەنیـا منی نەناسـییـەوە، بەڵکو هەسـتی بەبوونی خۆی و هیچ کەسێکی دیکە نەدەکرد.

لە دوای چوارپێنج ڕۆژ کـۆچی دوایی کـرد. لە هەمـوو جموجوولی ناشتنی مردوو بەشداریم کـرد، چونکە وەکو ئاشکرایە مەسیحییان لە دوای سێ ڕۆژ مـردوو دەنێژن. بەم هۆیەوە لەم سەفەرەمدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە پرسەدا بەشـــداریم کـــرد و چاوم بەکـــارگـــەری زانســــتی و مـووچەخۆرانی ئەو ئامـۆژگـایە کەوت کـە پێشـتـر هەشت سـاڵ تێیـدا ژیابووم، چوار سـاڵ قـوتابی خـوێندنی باڵاو چوار ساڵ کارگەری زانستی (١٩٦٠- ١٩٦٨).

## دەسنووسی «مەم و زین» لە ئەڵمانیا

دەسنووسی کوردی لە وڵاتی ئەڵـمانیـا لە نامەخانـەکانی شـارانی مــاربـورگ و بەرلین پارێزراون. کــە ئامــاژە بە جـێگەی ئەم دەسنووسـانـە دەکـرێ دەنووسن «دەسنووسی مـاربورگ- بەرلین». ئەو دەسنووسانەی بە ناوی «مـەم و زین»ەوە لەوێ پارێزراون ئەمانەن:

١- دەسنووسـێک تەنیـا ئەمـەی تێـدا تۆمـارکـراوە: خاوەنی «درویش ابراهیم ابن محمد الکرد، سلیمانیة لە ساڵی ١٢٨٢هـ ١٨٦٤- ١٨٦٥ نووسراوەتەوە.

٢- دەسنووسـێک تێکسـتی تەواوی «مـەم و زین» نییە، بەڵکو چەند فەسڵێکی تێدا ماوەتەوە.

سەرەتا: **ادبار مە وی کها کەمالی**

**ئایا بویە قربی زوالی**

دوایی: **لورا کو دما ژ غیب فلک بو**

**تاریخ هزار و شست و....**

لەم دەسنووسەدا ناوی خاوەنی، یان نووسـەری ناکەونە بەرچاو.

لە کـۆکـراوەکـانی ڕۆژهەڵاتناس و کـوردناسی ئەڵـمـان ئۆسکارمانە (لە ١٩١٧ مردووە).

٣- دەسنووســـێکی دیکـەش تەواوی تێکســـتی چیـرۆکـەکـە نییـە، هەروەها سـاڵی نووسین و ناوی نووسەریشی بەسەرەوە نییە.

٤- دەسنووسێک بریتییە لە هەڵبژاردەی نەعتەکانی پێغـەمـبەر لە «مـەم و زین»دا و ناوی نـووسـەر و سـاڵی نووسینی تێدا نییە.

٥- دەسنووســێکی دیکەی خـراپ و شـێـواو و بێ سـەروبەر لە سـاڵی ١٨٨٥ لە شـاری مـوسڵ بۆ ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمـان ئی. سـاخـاو E. Sachau (١٨٤٥- ١٩٣٠) نووسراوەتەوە.

٦- دەسنووسی پێشـوو کـۆپی کـراوە، ئەویش لە ئەڵمانیا پارێزراوە.

## هەواڵی چاپی ئەستەمووڵ و حەڵەب لای خۆمان

ئەوەی نووسراوە و ئەوەی بەقسەی سەرزار بیستوومە تووشی هیچ کـەسێک نەبووم چاوی بە «مـەم و زین»ی چاپی ئەسـتـەمـووڵ کـەوتبێ. زۆر کـەس لە ئەورووپا لە کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسان و زۆر کەسی دیکەش لەلای خـۆمـان تەنیـا بەقـسـەو بە نـووسین یادی ئەو چاپەیان کردۆتەوەو کەسیان چاوی پێ نەکەوتووە.

بەڵام لە بابەت «مـەم و زین»ی چاپی حـەڵەب هەندێ کەس لە زانایانی ئەورووپاو نووسەر و ڕۆشنبیری کوردی لای خۆمـان دەسـتیـان کـەوتووە. ئێـمـە لەم مـاوەیەدا بۆ بەڵگە تەنیـا باس لە کـۆشـشی دووکـەس دەکـەین لەم

لایەنەوە.

هەژاری موکریانی کە «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی چاپ کردووە(١٢) لە پێشەکییەکەیدا ئەم تێبینییانە دەخاتە ڕوو:

١- گاڵتە بە چاپەکانی گیوی موکریانی دەکا و بە نازانستی لە قەڵەمیان دەدا.

٢- لە بابەت چاپی مۆسکۆوە ئەوە دەردەبڕێ کە لەسەر چەند نوسخەیەکی دەسنووس چاپ کراوە.

٣- چاپی ئەستەموولٌ کە لە لایەن هەمزە مۆکسییەوە بڵاوکراوەتەوە، پێشەکی لە مایسی ساڵی ١٩١٩/١٣٣٥م لە لایەن بڵاوکەرەوە نووسراوەتەوە. هەژار دەڵێ ئەو کتێبەی هەمزە چاپی کردووە لە ساڵی ١١٦٥ عەزیز کوڕی شیرباری مامزێدی بە خەتی خۆی نووسیویەتییەوە، بەڵام چاوی پێ نەکەوتووە.

٤- محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان «مەم و زین»ی بەلاتینی (١٣) لە ساڵی ١٩٦٨ لە ئەستەموولٌ چاپ کردووە.

محەمەد ئەمین عوسمان کە «مەم و زین»ی چاپ کردووە (١٤) لە پێشەکییەکەیدا باس لە مێژووی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی ئەحمەدی خانی دەکا:

١- دەڵێ لە ساڵی ١٩١٩ «مەم و زین» لە ئەستەموولٌ چاپ کراوە، بەڵام هەموو نوسخەکانیان سووتاندووە. لە پاشاندا لە ساڵی ١٩٤٧ لەسەر چاپی ئەستەموولٌ لە حەڵەب جارێکی دیکە چاپ کراوەتەوە، نووسەر ئەم نوسخەیەی دیوە.

٢- لە ساڵی ١٩٦٢ مارگریتا ڕوودێنکۆ لە مۆسکۆ چاپی کردووە، ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم چاپەش بووە.

٣- نووسەر چاوی بە «مەم و زین»ی تیپی لاتینی، کردەوەی محەمەد بۆز ئەرسەلان کەوتووە.

بەلای منەوە «مەم و زین»ی محەمەد ئەمین عوسمان لە ڕووی ڕاست نووسین و ئیملاوە تا ئێستا لە چاکترین چاپەکانی ئەم بەرهەمە گرنگە دەژمێردرێ.

### خانی لە «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا (١٥) حەفتا لاپەڕە بەخەتی ورد لە سەر ئەحمەدی خانی نووسراوە. بەپێی پێناسەی یۆنیسکۆ کتێب بریتییە لە بڵاوکراوەیەک نابێ لە چوار فۆرمە (مەلزەمە= ٦٤ لاپەڕە) کەمتر بێ، تیراژیشی لە هەزار دانە کەمتر نەبێ.

ئەوەی لە مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەر خانی نووسراوە ئەگەر بکرێ بە کتێبێکی سەربەخۆ و بە تیپی ئاسایی چاپ بکرێ لە هەشت فۆرمە تێدەپەڕێ.

من لێرەدا پروپاگەندە بۆ ئەم کتێبە ناکەم، بەڵکو باس لە حەقیقەتێک دەکەم ئەویش ئەوەیە ئەوەی لەسەر ئەحمەدی خانی نووسراوە زانیارییەکە هەر کەسێکی بیەوێ ئاگاداری ژیان و بەرهەمی بێ، شتێکی تازەی لێ فێر دەبێ، دیارە یەکێک ئەگەر نەگەڕێتەوە لای مێژووی ئەدەبی کوردی بێ گومان بێ ئاگا دەبێ لە گەلێک حەقیقەت لەم لایەنەوە.

ئیتر بەبێ بینینی ئەو زانیارییانە بڕیار دەردەکا، لە دواییدا ئەمووستی خۆی دەگەزێ، چونکە بۆی دەردەکەوێ ئەگەر ئاوڕی لەم سەرچاوەیەو سەرچاوە زۆرەکانی دیکە بدابایەوە، ئەو بڕیارەی نەدەدا.

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تەنیا لەسەر هەندێ زانیاری گرنگ دەوەستم لە بابەت «مەم و زین»ەوە:

١- باس لە چاپەکانی «مەم و زین» کراوە، بەتایبەتی چاپی ئەستەموولٌ و حەڵەب، ئەوەی گرنگیش بێ وێنەی بەرگی چاپی یەکەمی ئەستەموولٌ بڵاوکراوەتەوە.

٢- بەراورد لە نێوان «مەم و زین»ی کلاسیکی ئەحمەدی خانی و «مەم و زین» یا «مەمی ئالان»ی ئەدەبی میللی سەرزار (فۆلکلۆر) کراوە. دیارە شێوە نووسینەکانی «مەمی ئالان»ی میللی بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە ناوەوەیە و خانی سوودی لەو بەرهەمە میللییانە وەرگرتووە.

٣- ناوی تەواوی فەسڵەکانی «مەم و زین» کە بریتییە لە (٦٠) فەسڵ لە چاپی ئەستەموولٌ وەرگیراوە.

٤- «مەم و زین» لە پاڵ دڵداری لە ژیانی ئادەمزاد دەدوێ.

٥- باس لە موناجاتی مەزن و موناجاتی چیرۆکەکەو نەعتی پێغەمبەر و بیری کوردایەتی و سامانی نەتەوایەتی کراوە.

٦- تابلۆیەکی ڕۆمانتیکی داهێنەرانەی بەرز، ڕازو نیازی زین لەگەڵ مۆم و یەکێکی دیکە ڕاز و نیازی زین لەگەڵ پەپوولە و ئینجا ڕاز و نیازی مەم لەگەڵ دیجلە و لە دواجاردا ڕاز و نیازی مەم لەگەڵ بای شەماڵ بەرەو ڕووی خوێنەر کراوەتەوە.

٧- مەم لە بەندیخانە و لە پاشاندا مردنی، لە دواییدا ڕاسپاردەو وەسیەتی زین.

من لەگەڵ ئەوە نیم پێویستە هەرچی لەسەر ئەحمەدی خانی، یان شاعیرێکی دیکەی کورد لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نووسراوە، باوەڕی پێ بکرێ، بەڵام بەرنامەی کاری زانستی دابڕان لەم سەرچاوەیە و هی دیکە ڕەت دەکاتەوە.

**ئەنجام**

ئەم چاپەی «مەم و زین»ی دهۆک کارێکی باشە، وەلێ دۆزینەوەیەکی تازە نییە، بەڵکو هەر ئەو چاپەیە کە لە ئەستەمووڵ لە ساڵی ١٩١٩ بڵاوکراوەتەوە و لەسەر بنچوبناوانی دەسنوسێک لە ساڵی ١١٦٥ھ/ ١٧٥٢ لە لایەن عەزیزی کوڕی شیرباری مامزێدی نووسراوەتەوە. بەم جۆرەو بەقسەی تەحسین دۆسکی دەسنووسێکە لە دوای ٤٦ ساڵ پاش کۆچی دوایی ئەحمەدی خانی نووسراوەتەوەو کۆنترین دەسنووسە، بەڵام لە پێش ئەم چاپەی دهۆکی خۆمان هەموو چاپەکانی دیکە بەهۆی چاپی ئەستەمووڵەوە دەچنەوە سەر ئەم دەسنووسە.

چاپی مۆسکۆ کە لەلایەن مارگریتا ڕوودێنکۆوە ئامادە کراوە لەسەر بنچوبناوانی دەسنووسێکی تەواوی بێ کەموکوڕی بووە، لە ساڵی ١١٤٤ھ/ ١٧٣١- ١٧٣٢م لەلایەن محەمەد غەریب کوڕی سلێمان نووسراوەتەوە. بەم پێیە دەسنووسەکە ٢٥ ساڵ پاش کۆچی دوایی ئەحمەدی خانی تۆمارکراوە.

بەم ڕەنگە ئێستا ئێمە دوو شێوەنووسینی «مەم و زین»مان لەبەردەست دایە:

١- دەسنووسی نامەخانەی گشتی سانت پیترسبورگ لە ساڵی ١١٤٤ھ/ ١٧٣١- ١٧٣٢م نووسراوەتەوە.

٢- دەسنووسی کۆڕی زانیاری کورد (بەغدا ١٩٧٠) لە ساڵی ١١٦٥ھ/ ١٧٥١- ١٧٥٢م نووسراوەتەوە. هەموو چاپەکانی لای خۆمان لە چاپی ئەستەمووڵەوە تا ئێستا لەسەر ئەم دەسنووسە بووە.

هەموو ئەم «مەم و زین»انەی تا ئێستا چاپ کراون و لە ناوەوەن جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە، سەرچاوەی هەموویان دەسنووسی سانت پیترسبورگ و دەسنووسی شێخ مستەفای قەرەداغییە. ئەوەی یەکەم ڕوودێنکۆ کاری لەسەرکردووە، ئەوە دووەمیش بووە بەسەرچاوە بۆ هەموو چاپەکانی دیکە لە چاپی ئەستەمووڵەوە تا چاپی دهۆک.

دوا وشەم لەم بابەتەوە ئەوەیە، تەحسین دۆسکی دەسنووسەکەی «مەم و زین»ی لای خۆی دووبارە لە ئیملای کۆنی کوردییەوە گواستووەتەوە سەر ئیملای تازە. ئەگەر چاپی «مەم و زین»ی حەڵەب لەبەردەستی بووایە کارەکەی ئاسانتر و ڕێکوپێکتر دەگەیشتە ئەنجام. لەوانەیە بە دەست خستنی چاپی ئەستەموول مەحاڵ بووبێ، بەڵام چاپی حەڵەب بێ گومان لەماڵی محەمەد ئەمین عوسمان لە دهۆک و لە ماڵانی دیکەش دەست دەکەوت، وەکو ماڵی ئێمە.

**هەولێر: مەڵبەندی ڕووناکی**
**٣٠ ئەیلوولی ٢٠٠٨**

**پەراوێزەکان:**

**= (١) مەم و زینا ئەحمەدێ خانی، دانەیا عەزیزێ کوڕی شیرباریێ مامزێدی ئەوا ل سالا ١١٦٥کۆچی هاتییە نڤیسین، بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، سپیرێز- دهۆک، لە چاپخانەی حاجی هاشم لە هەولێر چاپ کراوە، ٢٠٠٨ (٤٤٢ل).**

**= (٢) دیوانا مەلایێ جزیری، بەرهەڤکرن و ڤەوژارتنا تحسین ابراهیم دۆسکی، دهۆک، ...٢٠ (٤٥٠ل).**

**= (٣) دیوانی عارفی ربّانی شیخ احمدی جزیری مەشهور بە مەلای جزیری، هەژار شەرحی لێ کردووە، تهران ١٣٦١ (١٩٨٢م) (٦٢٧ل)**

**= (٤) مەم و زین، اثرا سرتاج ادیب کردان و مدار افتخارا حمیان احمد خانی، ژ نشریات (ژین)، هژمار ١، استانبول، نجم استقبال مطبعەسی، ١٣٣٥- ١٣٣٧ (١٣٨ل)**

**= (٥) ئەم کەسێتییە خوێندەوارە هەمزە مۆکسییە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە قامیشلی کۆچی دوایی کردووە.**

**= (٦) لە کاتی خۆیدا ئەگەر ئەم کتێبە بەسووتان لەناوچووبێ، دیارە کەمالییەکان کردوویانە و ئەم کارەش ڕووی داوە، بەڵام لە ساڵی ١٩١٩ کەمالییەکان ئەو هێزەیان نەبووە تەواوی تیراژی کتێبەکە لە ناو ببەن، بۆیە ئێستا دانەیەک لەبەر دەستدایە وەکو لە ناوەرۆکی ئەم باسە دەردەکەوێ، هەروەها ئەوەی بۆ جاری دووەم لە حەڵەب چاپی کردۆتەوە ئەویش نوسخەیەکی لەلا بووە. هەرچۆن بێ لەوانەیە تیراژی ئەو چاپە زۆر کەم بووبێ و لە ئەنجامی سووتان و دەست بەسەرداگرتنی لەلایەن سانسۆری تورکیاوە چەند دانەیەکی**

لێ مابێتەوە.

= ٧- گاتها سرودهای مقدس پیغمبر ایران حضرت سپنتمان زرتشت، قدیمترین قسمتی است از نامه مینوی اوستا، تالیف و ترجمه پورداود، بانضمام ترجمه انگلیسی، دینشاه جی جی باهای ایرانی، از سلسله انتشارات انجمن زرتشتیان ایرانی بمبئی و ایران لیگ، از نفقه بشوتن مارکر، بمبئی. (پێشەکی فارسی ١٠٥ل، تێکست ١٦٢ل، پێشەکی ئینگلیزی ٨١ل)

**Introduction to The Holy Gathas, by poure DAVOUD, Translated by D.J. IRANI, Bombay, 1927**

= ٨- مەم و زین، اثر سرتاج ادیب کردان و مدار افتخارا حمیان الشیخ احمد خانی، ژ نشریات (ژین)، هژمار ٢، لی حسابی بشیر الشیخ حسن الهاشمی، طبع حقی ایک یازمش دیکی، طبع بویه عامـوده سنه ١٩٤٧، طبعـه دودی، آراس مطبعەسی، حلب. (١٣٩ل).

**= 9-M. Hartmann, Zur Kurdischen Literatur,- «Wicher Zeitschrift fur die Kurde de Morgenlandes», Bd XII, 1898, S. 107.**

= ١٠- دەسکەوتی تەنیا یەک دەسنووسی «مەم و زین» بووە، ئەوەی لە مۆزەی بەریتانیا لە لەندەن پارێزراوە. وەکو روودێنکۆ دەڵێ: ئەم دەسنووسە لە لایەن داوود مەکەنزییەوە فۆتۆکۆپی کراوە و پێشکێش بە روودێنکۆ کراوە، ئەویش بۆ ساغ کردنەوەی «مەم وزین»ەکەی خۆی بەکاری هێناوە. من چاوم بە فۆتۆکۆپی دەسنووسەکە لە سانت پیترسبورگ کەوتووە، هەروەها نوسخە ئەسڵییەکەی لەندەن.

= ١١- ڤالینتینا تریاتیکۆڤا ئەو کیژە کاربەدەستە بوو لە نامەخانەی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی بە رەسمی بۆم دەسنیشان کرابوو لە ماوەی خوێندندا وەکو قوتابییەکی بێگانە هەموو کارێکی پێوەندی بە خوێندنەوە هەبێ بۆم جێبەجێ بکا.

= ١٢- ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردنی هەژار، پاریس، ١٩٨٩، ل چواردە، پازدە.

**= 13- Ehmede Xani, Mem u Zin, Buyuk Ozanlar Dizisi 1, Turkcesi M. E. Bozarslan, Gun Yayinlari, Istanbul, 1968.**

= ١٤- ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ڤەکۆلین و شرووڤە کرنا محەمەد ئەمین عوسمان، بەغدا، ١٩٩٠

= ١٥- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، سەدەکانی چواردەم- هەژدەم، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٣٠٥-٣٧٥.

سەرچاوە:

جگە لەو سەرچاوانەی لەم باسەدا بەکارهێنراون و ئاماژەیان پێ کراوە، سەرچاوەی دیکەش گەلێ زۆرە. لەم ماوەیەدا تەنیا ناوی بەشێکی گرنگ لەو سەرچاوانە تۆمار دەکەین بۆ ئەوەی خوێندەواران کەڵکی لێ وەربگرن.

= ١- ئەلێکساندر ژابا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم هەندێ لە تێکستەکانی «مەم و زین»ی نووسیوەتەوە، ئینجا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی، بەڵام ئەمە بڵاونەکرایەوە.

ئەم هەواڵە لە رێگەی موحازەرەیەکی پی. ئی. لێرخ کەوتۆتە ناوەوە، لە کۆواری رۆژهەڵاتناسی رووسی بە فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە. بروانە:

**Melanges Asiatiques, T. III, SPb. 1859, PP. 242- 255.**

= ٢- م.ب. روودێنکۆ، نویشکی نامەی «مەم و زین» چیرۆکی شیعری شاعیری کوردی سەدەی حەڤدەیەم ئەحمەدی خانی وەک نامەیەک ئامادەکراوە بەرگری لێ بکرێ بۆ وەرگرتنی بروانامەی دکتۆرا لە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە سانت پیترسبورگ.

= ٣- م.ب. روودێنکۆ، وەسفی دەسنووسی کوردی لە لینینگراد، بڵاوکراوەی بەرهەمی رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی، مۆسکۆ، ١٩٦١. بە زمانی رووسی (١٢٦ل)

= ٤- احمد خانی، مم و زین، تێکستا کریتیک، ترجما و پیشخبر م. ب. رودینکو، مسکوا، ١٩٦٢. بە زمانی کوردی و رووسی. (١٩٧ل) تێکستی تیپی عەرەبی، (٢٥٠ل) وەرگێڕانی رووسی.

= ٥- بیبلیۆگرافیای کوردناسی، لە ئامادەکردنی ژ. س. موسەیلیان، بڵاوخانەی ئەکادیمیەی زانستی، مۆسکۆ، ١٩٦٣. (٢٦٣٢ سەرچاوە). بەو زمانانەی سەرچاوەکان نووسراونەتەوە ناویان لە کتێبەکەدا تۆمار کراوە (١٨٤ل).

**= 6- Kurdish Bibliography, International Society Kurdistan, Editors: Silvio Van Rooy and Kees Tamboer, Volume A and B, Amsterdam 1968. (658P)**

**= 7- Kurdische Handschriftin Beschrieben Von Kamal Fuad, Wiesbade, 1970. (158S)**

دەسنووسی کوردی لە ئەڵمانیا، کەمال فوئاد ئامادەی کردووە.

# پوختەیەک لە بارەی ئەدەبی بەراوردکاری و قوتابخانەی سلاڤی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا

## «لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی مێژوویی»

**ئیدریس عەبدوڵلا**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

**پێناسە**

ئەدەبی بەراوردکاری.. زاراوەیەکی لێکدراوە، لە دوو زاراوەی دیکە وەرگیراوە، یەکەمیان (ئەدەب)ە، کە بە واتای وشەیی: (بریتییە لە نواندنی خوو و ڕەوشتی جوان لە گوتە و کردە و هەڵسوکەوتە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ لەگەڵ بەرانبەرەکانی، بەو پێیەی ڕەچاوی بەهاو ڕەوشتی و ژیارییەکانی کۆمەڵگای کردبێت و پارێزگاری لە ڕێز و خۆشەویستی بکات)، دیارە کۆمەڵگاش لەسەر ئەو بنەمایە خەڵکی دابەش دەکاتە سەر: (بە ئەدەب) و (بێ ئەدەب) و (کەم ئەدەب) و.....بەم شێوەیە. بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە، (ئەدەب) بریتییە لە: (نواندنی هونەر لە گوتە و دەربڕیندا، نووسراو بێت، یان سەرزاری).

هەرچی (بەراوردکاری)شە، دیارە لە ڕووی وشەییەوە بە واتای پێکەوە بەراوردکردنی دوو شت و زیاتر بەیەکەوە بەکاردەهێنرێت، پێشینان کە هاتوون لە پەنجەکانی دەستی مرۆڤ وردبوونەتەوەو پێکەوەیان بەراورد کردوون، گوتوویانە: (پەنجەی دەست هەمووی وەکو یەک نییە)! هەرچی لە ڕووی زاراوەییشە، دیارە واتاکەی لە واتا وشەییەکەی نزیکە، بەڵام تایبەتە بە بواری ئەدەبی و بریتییە لە پێکەوە بەراوردکردنی دوو دەق، یان دوو ئاراستە، یان دوو جۆر و دوو ڕێبازی ئەدەبی، کە ئەو دووانە بەپێی قوتابخانەیەکی ئەدەبی بەراوردکاری لەگەڵ یەکێکی دیکەوە، تایبەتمەندییەکانیان بۆ ئەوەی پێکەوە بەراورد بکرێن، لەیەک جیادەبێتەوە.

لەم بارەوە تیۆردانەرانی ئەدەبی بەراوردکاری هاتوونە، گەلێک پێناسەیان بۆ ئەو زاراوەیە کردووە، لەوانە:

- دانییل- هنری باجۆ دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری، ئەو هونەرە پرۆگرامسازییەیە، کە لە پێوەندییەکانی لێکچوونی و لێک نزیکی و پێکەوە کاریگەربوونی و نزیک کردنەوەی ئەدەب لە بوارەکانی دیکەی مەعریفەو دەربڕیندا دەکۆڵێتەوە، یان بە واتایەکی دیکە: بریتییە لەو ڕووداو و دەقە ئەدەبییانەی، کە لە زەمکاتدا لەنێوانیاندا لەیەک دوور، یان نزیکن، بەڵام بەو مەرجەی بۆ زمان و ڕۆشنبیرییە لێک جیاوازەکان بگەڕێنەوە، بەیەکەوە کولتوورێکی هاوبەش پێک بێنن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر وەسفی بکرێت و تێی بگەیشترێ و چێژی لێ وەربگیرێ.(١)

د. محەمەد غونەیمی هیلال دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری چەمکێکی نوێیە، بەم هۆیەوە بووەتە

زانستێک لە زانستە ئەدەبییە نوێکان و لە هەمووشیان ترسناکتر و گرنگتر، ئەمەش چونکە لە خاڵی بەیەک گەیشتنی ئەدەبی زمانە لێک جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ پێوەندییە زۆر و ئاڵۆزەکانیان لە ئێستاو رابردوویاندا، لەگەڵ دەرخستنی ئەوەی، کە ئایا ئەم پێوەندییە مێژووییانە چ کاریگەری و پێوە کاریگەر بوونێکیان هەیە، جا ڕواڵەتەکانی ئەو کاریگەری و پێوەکاریگەرییە هەر چییەک بێت، پێوەندی بە بنەما هونەرییە گشتییەکانی جۆر و ڕێبازە ئەدەبییەکان، یان ڕەوتە فیکرییەکانەوە هەبێت، یان پێوەندی بە سروشتی بابەت و هەڵوێست و کەسایەتییەکانەوە هەبێت، کە لە ئەدەبدا شتێک دەهۆننەوە، یان دەچن، یان پێوەنددار بێت بە پرسەکانی دارشتنی هونەری و بیرە کەرتییەکان (الأفکار الجزئیة) لە کاری ئەدەبی، یانیش تایبەت بێت بە وێنەی وڵاتە لێک جیاوازەکان، بەو شێوەیەی لە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش بەو پێیەی، کە پێوەندی هونەرییە، گەل و وڵاتەکان بە هاوبەندی مرۆڤایەتی وەها پێکەوە دەبەستێتەوە، کە ئەو پێوەندییانە بە جیاوازی نووسەر و وێنەکان لێکدی جیا دەبنەوە، ئینجا هەموو ئەوەش دەگرێتەوە، کە لە ئەدەبی گەڕیدەو نووسەرەکاندا بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییەکی بە هۆکارەکانی کاریگەری و پێوەکارتێکراوبوونەوە هەبێت. (٢)

د. محەمەد سەعد ئال حوسێن دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو پێوەندییە دروست بووانەی، لەنێوان بەرهەمەکانی گەورە دانەرانی هەر دەوڵەتێک دەبینرێتەوە، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی پێوەی کارتێکراوبوونە، یان شتیان لێ هەڵگۆزیوە، یان بیرۆکەیان لێ وەرگرتووە، هەروەها گرنگی بەو گۆڕانە سەیرانەو شێواندنە جێی داخانەش دەدات، کە تاک و میللەتان بەسەر بەرهەمی تاک و میللەتانی دیکەیدا دێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەکەونە ژێر چەندین کاریگەری و هۆکاری لەیەک جیا و دژ بە یەکی وەکو نەزانی و وەهم و خەیاڵی چڕ و چیرۆکە زۆر بەکارهێنراوەکان و ئەدەبە بۆماوەییەکان. (٣)

جیرمۆنسکی دەڵێت: زانستی ئەدەبی بەراوردکاری زانستێکە لە گەشەکردنی ئەدەبە نەتەوەییەکان دەکۆڵێتەوە، بە بەرچاوگرتنی ڕاستەقینەی کارلێکی ڕۆشنبیری بەردەوامی نێوان ئەو نەتەوانەو لە چوارچێوەی ئەو ئەدەبە جیهانییەی، کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یەک دەخات. (٤)

د. داود سەلووم دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لەو زانستەی لە کاریگەری و پێوەکاریگەربوون دەکۆڵێتەوە لەنێو ئەدەبدا، ئەمەش لەسەر هەموو ئاستەکان، چ لەنێوان نووسەرێک و نووسەرێکی دیکە بێت، یان لەنێوان زمانێک و زمانێکی تردا، یان لەنێوان ڕەوتێکی فیکری و ڕەوتێکی دیکەی فیکری، هەروەها لە گواستنەوەی جۆرە ئەدەبییەکان دەکۆڵێتەوە لە نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە، لەگەڵ ئەو دان و ستاندنانەی نێوان میللەتان لە تەواوی قۆناغە لێک جیاکانی مێژوو. (٥)

کەوا بێت بەسەریەکەوە، ئەدەبی بەراوردکاری: هونەرێک، یان زانستێک، یان پرۆگرامێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقی ئەدەبی، یان جۆری ئەدەبی، یان ڕێباز و ڕەوتە ئەدەبی و فیکرییەکانی دوو نەتەوەی لێک جیا، بوارێکی گرنگە بۆ زیادکردنی مەعریفەی مرۆڤ و دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی ئەدەب بەرەوپێش دەبەن، ئەمەش لەگەڵ زانستەکانی دیکەی وەکو ڕەوانبێژی و عەرووز و هی دیکە، دەچنە خانەی (ڕەخنەی ئەدەبی)..

بۆ ئەوەش وردتر پێناسەی ئەدەبی بەراوردکاری بکەین، دەبی زەینمان بۆ سەر ئەم سێ خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- ئەدەبی بەراوردکاری لە دوو تێکست، یان زیاتر دەکۆڵێتەوە، کە بە دوو زمانی لەیەک جیا نووسرابنەوە، جا ئەو زمانانە سەر بە دوو گرووپی زمانی لەیەک جیا بن، وەکو بۆ نموونە: بەراوردکردن لەنێوان دوو تێکست یەکێیان بە کوردی بێت و ئەوی تر بە عەرەبی، کە یەکەمیان سەر بە گرووپی زمانە هیندوئەورووپییەکان و دووەمیان سەر بە گرووپی زمانە سامییەکانە، هەروەها دەشێت بەراوردکردنەکە لەنێوان دوو تێکست بێت، سەر بە یەک گرووپی زمانی بن، بۆ نموونە: یەکەمیان کوردی و دووەمیان فارسی بێت، کە هەردووکیان سەر بە گرووپی زمانە هیندوئەورووپییەکانن.

٢- ئاساییە بەراورد کردنەکە لەنێوان دوو دەقدا ئەنجام بدرێت، کە هەردووکیان بە یەک زمان نووسرابن، بەڵام گوزارشت لە دوو کولتوور، دوو دابونەریت، دوو ڕۆشنبیری، دوو نەتەوەی لەیەک جیا بکەن، بۆ نموونە بەراوردکردنەکە لەنێوان دوو تێکست بکرێت، یەکێیان

ئەمریکی و ئەوی تریان هیندی بێت، کە هەردووکیان بە زمانی ئینگلیزیش نووسراون، یان بەراوردکردنەکە لەنێوان دەقێکی جەزائیری و دەقێکی فەرەنسی کرابێت، کە هەردووکیان بە زمانی فەرەنسی نووسرابن، بەڵام گوزارشت لە دوو کولتوور و دوو کۆمەڵگای لەیەک جیا بکەن.

٣- ئەدەبی بەراوردکاری لەو دوو تێکستە ناکۆڵێتەوە، کە بە دوو زمانی لەیەک جیا بن، بەڵام هەردووکیان هی یەک نەتەوەی وەکو کورد، یان عەرەب، یان هەر نەتەوەیەکی دیکە بن، بۆ نموونە ناکرێ بەراوردکاری لەنێوان ڕۆمانی (حەمەدۆک)ی (یەشار کەمال) و ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی (ڕەحیمی قازی) بکرێت، با یەکەمیشیان بە تورکی و دووەمیان بە کوردی نووسرابن، چونکە هەردووکیان گوزارشت لە یەک کۆمەڵگاو یەک کێشە دەکەن.

کەواتە: ئەدەبی بەراوردکاری لە پێوەندیی ئەدەبی نێو نەتەوەیی دەکۆڵێتەوەو سنووری ئەدەبی تاکە نەتەوە دەبەزێنێت، جا هەر دوو دەقەکە، یان هەردوو بەرهەمەکە بە دوو زمانی لەیەک جیا نووسرابن و هی دوو نەتەوەی لێک جیابن، یان بە یەک زمان نووسرابن، بەڵام هی دوو نەتەوەی لەیەک جیا بن.

## پایەی ئەدەبی بەراوردکاری

(د. محەمەد ئەلتونجی) دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری پلەیەک لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەرزترە، لە سەرووی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیشە، چونکە: ئەگەر ڕەخنە بە سەرهەڵدانی ئەدەب سەری هەڵدابێت، ئەوە ئەدەبی بەراوردکاری بە هەبوونی هەردووکیانەوە سەری هەڵداوە، ئەگەریش ڕەخنە لە دیاردەیەکی دیاریکراو، یان لە دەقێک لە دەقەکان بکۆڵێتەوە، ئەوە ئەدەبی بەراوردکاری لە زیاتر لە دەقێک و بەڵکو لە زیاتر لە ئەدەبێکیش دەکۆڵێتەوە، ئەرکی ئەوەیە: بەو هەنگاوانەدا سەربکەوێت، کە سنووری ئەدەبی میللەتێک پێک دێنن، بۆ ئەوەی بگاتە دەروازەکانی ئەدەبی میللەتێکی دیکە، تا لە هەردووکیانەوە ڕووەکانی کارتێکردن و پێوەکارتێکراو بوون و دان و ستاندنەکانی نێوانیان ئاشکرا بکات. (٦)

## مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری

ئەگەر بێتو دەست بە گوتەکەی (سانت بۆف)ەوە بگرین، کە (فیرنان بالدنس برگەر) لە (سەروتار)ی گۆڤاری (ئەدەبی بەراوردکاری) لە ساڵی ١٩٢١ ڕای خۆی لە بارەی سەرەتاکانی ئەدەبی بەراوردکاری لەسەر ئەوە دامەزراندووە، ئەوە دەبێ بڵێین: ئەدەبی بەراوردکاری بۆ یەکەم جار لە پاریس لە ١٢ی ئازاری ساڵی ١٨٣٠ لە دواناوەندی (مەرسیلیا) لەسەر دەستی (جان-جاک ئەمبیر)ی کوڕی (جاک ئەمبیر)ی زانای بەناوبانگ لە دایک بووە، ئەویش ئەو کاتەی، کە لە سەرەتای موحازەرەتەکانی خۆی بۆ ئەو ساڵە بەرنامەی ئەو ساڵەی دەرسەکەی خۆی لەژێر ناوونیشانی (مێژووی بەراوردی هونەر و ئەدەب لای تەواوی میللەتان)، خستە بەرچاو.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە زۆر پەسند نەکراوە، چونکە ئەوەی زۆربەی ڕەخنەگران و مێژوونووسانی ئەدەب لەسەری ڕێکن ئەوەیە، کە یەکەم بەکارهێنانی زاراوەی (ئەدەبی بەراوردکاری)، کە دواتر بوو بە بناغەی قوتابخانەیەکی گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری، کە ئەویش (قوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسی)یە، بۆ ساڵی (١٨٢٨) دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی، کە (ڤیلمان)ی مامۆستای ئەدەبی زانکۆی (سۆربۆن) لە زنجیرەیەک موحازەرەی بۆ قوتابیانی ئەو زانکۆیە، خستییە بەرچاو و سەرنجی بۆ ئەو تەرزە لێکۆڵینەوە نوێیە ڕاکێشان، دواتر ئەو موحازەرانەی کردە کتێبێکی سەربەخۆ، چاپی یەکەمی لە ساڵی (١٨٣٠) و چاپی دووەمیشی لە ساڵی (١٨٤٠) خستە کتێبخانەو بەردەستی نووسەر و خوێنەرانی وڵاتەکەی. لە پێشەکی چاپی دووەمیدا، وەکو (ڕینێ ویلیک)ی گەورە تیۆردانەری قوتابخانەی (ئەدەبی بەراوردکاری ئەمریکی) دەڵێت: ڤیلمان لە پێشەکی چاپی دووەمی کتێبەکەیدا شانازی بەوەوە دەکات، کە خۆی یەکەم کەس بووە ئەم زاراوەیەی بۆ ئەو تەرزە نوێیەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەکارهێناوە، مافی خۆشیەتی ئەو شانازییە بەخۆیەوە بکات.

(ڤیلمان) لە موحازەرەکانی ساڵی خوێندنی (١٨٢٨ -١٨٢٩) لە ئەدەبیاتی سەدەی هەژدەمی کۆڵییەوە، هات بە بەڵگەی مێژوویی کاریگەری ئینگلتەرا لەسەر فەرەنساو بە پێچەوانەش، لە ماوەی ئەو سەدەیەدا دەستنیشان کرد، لە ئاوێنەی ئەو کارەی خۆیدا قوتابیان و خوێنەرانی فەرەنسیشی لەو واقیعە ئاگادارکردەوە، کە

سەدەی هەژدەم فەڕەنسییەکان لە ڕووی ئەدەبییەوە چییان داوەتە ئینگلیزەکان و چییان لە ئینگلیزەکان وەرگرتووە. (٧)

دوای فەڕەنسا ئەو تەرزە نوێیەی لێکۆڵینەوە لە ئەدەب، کە (ئەدەبی بەراوردکاری)یە، گەیشتە ئەڵمانیاو ئینگلتەراو وڵاتانی دیکەی ئەورووپای ڕۆژئاواو لە زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکانی ئەو وڵاتانەش بڵاوبووەوە. دیارە ئەڵمانەکان سەرەتا تێبینییان لەسەر زاراوەکەی (ڤیلمان) هەبوو، دوور نییە تێبینییەکەش هەر لەبەر شانازی کردن بە خۆیانەوە بووبێ، کە ئەڵمان خۆیان لە خەڵکی دی بە گرنگتر دەزانن و لەبەر ئەوە نەیانویستبێت شتی لە دەرەوە هاتوو وەکو خۆی بەکار بێننەوە، بۆیە ئەمانە سەرەتا زاراوەی (مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری)یان بەکارهێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەڵمانەکان سەرکەوتوو نەبوو و نەیانتوانی لەبەردەم چەسپاوی و هێزی زاراوەکەی (ڤیلمان) خۆ ڕاگرن، بۆیە ئەوانیش سەرەنجام هەر زاراوەی (ئەدەبی بەراوردکاری)یان بەکار هێنا.

لە وڵاتە عەرەبییەکانیش (د. محەمەد ئەلتونجی) دەڵێت: (ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە نەهاتە نێو عەرەب، تا ئەو کاتەی لەلای ڕۆژئاواییەکان بە تەواوی پێگەیشت و عەرەب دەرکیان بە گرنگی ئەو تەرزە لێکۆڵینەوەیە کرد، بۆ ئەوەی لە پێگەی ئەدەبەکەی خۆیان سەبارەت بە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە بە باشی تێ بگەن). (٨) بۆیە بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی میسرەوە عەرەب لەگەڵ (ئەدەبی بەراوردکاری) ئاشنایەتی پەیدا دەکەن، ئەوەش ئەوکاتەی کە لە ساڵی (١٩٢٥) زانکۆی قاهیرە مادەیەکی بەم ناوەی خستە نێو کۆرسی خوێندنی بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبییەوە، بەڵام دوای ماوەیەک ئەو مادەیە لادەبرێت، ئیدی ناگەڕێتەوە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەوکاتە نەبێ، کە ژمارەیەک مامۆستای دەرچووی فەڕەنساو ئەڵمانیاو وڵاتانی دیکەی پسپۆڕ لەو بوارەدا دەگەڕێنەوە میسر، لەوانە دیارترینیان دکتۆر (محەمەد غونەیمی هیلال)ە، کە هەر زوو لە ساڵی ١٩٥٣ کتێبە بەناوبانگەکەی (الأدب المقارن)ی بڵاوکردەوە، دوای ئەوەش هەموو ئەو دوایین ماوەی تەمەنی تا لە ساڵی ١٩٦٨، کە لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کرد، هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەو تەرزە لێکۆڵینەوانە لە ئەدەب تەرخان کرد، بەوەش ئەدەبی بەراوردکاری لە میسر و لە جیهانی عەرەبی بەرەوپێش چوو.

وەکو ئاشکراشە ناوبراو زۆر کارتێکراوە بە قوتابخانەی تەقلیدی فەڕەنسی و کتێب و بیروڕاکانی خۆی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری لەژێر ڕۆشنایی ئەو قوتابخانەیەدا خستووەتە بەردەستی خوێنەری عەرەب. ئیدی دوای ئەوە سەرلەنوێ ئەو مادەیە دەخرێتەوە نێو پرۆگرامی خوێندنی ئەدەبی زانکۆی قاهیرەو لەدوای ئەوەش ئەو بابەتە وردە وردە لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی گرنگی پەیدا دەکات.

لای کوردیش بایەخ دانەکان بە ئەدەبی بەراوردکاری بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، یەکەمین کتێبێک لەم بوارەدا کتێبەکەی مامۆستا (عەزیز گەردی)یە، بە ناونیشانی ئەدەبی بەراوردکاری.

هەرچی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و یەکیەتی سۆڤیەتی جارانیش، تا مردنی (ستالین) ئەو مادەیە بەو ناوە دانی پێدا نەدەنرا، چونکە ئەوان ئەوەیان بە بیدعەیەکی سەرمایەداری دەزانی، هەروەها لەبەر ئەوەی وایان بۆ ئەدەبی بەراوردکاری دەڕوانی، کە ئەم تەرزە لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەب وابەستەی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایە، لە خاڵی جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی میللەتان سەرچاوە دەگرێت، کە ئەمەش مەترسیدارە لەسەر یەکیەتی وڵاتێکی گەورەی وەکو سۆڤیەت، کە لە چەندین نەتەوەی لێک جیا پێک دێت. بۆیە ئەدەبی بەراوردکاری لەو وڵاتەدا لە پەناوە و بە نهێنی، یان لەژێر ناونیشانی دیکەدا کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا، تا لە دوای ستالین و لە ساڵی ١٩٥٥، کە سۆڤیەت لە هەندێ لە ڕاکانی خۆی بەرەوپێش هات و گۆڕانی دروستکرد، جاری هاوکاری و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دا، ئینجا ڕێگە خۆش بوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشکرا گرنگی بە لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری بدرێت. (٩)

دیارە ئەگەرچی بەبێ بەکارهێنانی ئەو زاراوەیەش تەرزە لێکۆڵینەوەیەکی لەم شێوەیە، لای ئەدیب و ڕەخنەگرانی ئەو وڵاتەش هەبوو، بۆ نموونە (جۆرج لۆکاش)ی گەورە ڕەخنەگری سۆسیالیست دوای لێکۆڵینەوەی لە (پاڵەوان)ی (ڕۆمان)ەکان، کە نموونەی چەند (ڕۆمان)ێکی ئەدەبی ئەورووپای خستە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی بڵێت: (ڕۆمان داستانی سەردەمی بۆرژوایە).

لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، بە مردنی

(ستـــالین)، مـــیللەتانی ســۆڤـیـــەت لەژێر هەندێک پاڵەپەستۆی توندی تیۆرە مارکسییەتەکەی دەربازیان بوو و جۆرێک لە ئازادییەکانیان دەست کەوتەوە، ئیدی لەو ولاتەش بە شێوەیەکی فراوانتر لە جاران گرنگی بە لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری درا، بەڵام دیارە لەسەر بنەمایەکی نوێ، نەک لەسەر بنەمای قوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسی، واتە: نووسەران و بەراوردکارانی رووس، قوتابخانەیەکی دیکەی ئەدەبی بەراوردکارییان لەژێر تیشکی فەلسەفەی مادییەتی دیالێکتیکیدا دامەزراند، ئەوەش لەبەر ئەوەی چەند رەخنەیەکی توندیان لە قوتابخانەی فەرەنسی دەگرت و بە توندی بۆچوونەکانیان رەت دەکردەوە.

لە چلەکانی سەدەی بیستەمیشدا قوتابخانەیەکی دیکە لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا سەری هەڵدا، ئەویش (قوتابخانەی رەخنەیی ئەمریکی)یە، ئەمەش دیسانەوە بە رەخنەگرتن لە قوتابخانەکانی پێشوو و بە تایبەت قوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسی، بیروبۆچوونی نوێ و تازەی هێنایە بواری لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری، دیارترین رابەری ئەو قوتابخانەیە (رینێ ویلیک)ە، بە پێی بۆچوونی ئەو قوتابخانەیە: دەقی ئەدەبی زیندەوەرێکی ئۆرگانی سەربەخۆیە، دەبی دوور لە (ژینگەو رەچەڵەک و سەردەم) لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێ، کە ئەم سێ بنەمایە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری، لەلایەن قوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسی و بە تایبەت دوو رابەرە گەورەکانی (سانت بێڤ) و (تێن) جەختی زۆری لەسەر دەکرایەوە. بۆیە دەبینین قوتابخانەی ئەمریکیش لەلایەن رابەرانی دوو قوتابخانەکانی دیکەوە، رەخنەی توندی لێ گیرا، چونکە ئەوان پێیان وابوو، ئەوەش (عەولەمە)یەکە لە بواری ئەدەبدا، ئەوەتا کەسایەتی نەتەوەیی دەقە ئەدەبییەکان فەرامۆش دەکات، بۆ ئەوەی سەرەنجام هەموو رەچەڵەکەکان خزمەت بە یەک رەچەڵەک بکەن، کە ئەویش رەچەڵەکی ئەمریکییە.

## بواری ئەدەبی بەراورد

(د. محەمەد غونەیمی هیلال) دەڵێت: بواری ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لەو پێوەندییە نێودەوڵەتییانەی لەنێوان ئەدەبە لێک جیاکاندا هەیە، ئەمەش فراوانترە لە هاوسەنگی کردن (موازنة). کە ئەوەی دووەم بەراوردکردنەکەی لەنێوان دوو دەقی نەتەوەیەکی دیاریکراودا دەکات، وەکو موازەنەی ئەبی تەمام و بوحتری، کە لە لایەن (ئامەدی)یەوە کراوە.

(د. هیلال) درێژە دەدات و دەڵێت: دیسانەوە: ئەدەبی بەراوردکاری بە تەنیا لەسەر لێکۆڵینەوە لە خواستن و گواستنەوەی بیرۆکەکان و بابەت و نموونە ئەدەبییەکانی ئەدیبان لە ئەدەبێک بۆ ئەدەبێکی تر کورت نابێتەوە، بەڵکو لێکۆڵینەوە لە جۆری ئەو کارتێکراوبوونەش دەکات، کە دوای کارتێکراوبوون بە ئەدەبی نەتەوەی یەکەم زمانی ئەدەبی نەتەوەی دووەم دروست بووە. دەکرێ ئەمەش ناو بنێین (تەئویلی نووسەر) بۆ ئەوەی خوێندوویەتییەوە لە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە، ئەم تەئویلەش دەشێت، کەم تا زۆر لە راستەقینە دووربکەوێتەوە. نموونەی ئەمە:

(تۆماس کارێل)ی نووسەری ئینگلیز (١٧٩٥-١٨٨١)، کاتێک بۆ یەکەم جار لە بارەی (گۆتە)ی شاعیری ئەڵمانی (١٧٤٩-١٨٢٢)ی خوێندەوە، لە بەرهەمەکانیدا چ خوانەناسی و بێ باوەڕی و ڕەتکردنەوەیەکی بوونی خوداو هاندان بۆ خزمەتکردنی ئارەزووەکان و ئیباحیەتی بەدی نەکرد، بەڵکو بینی (گۆتە) دانایەکە بانگەشە بۆ دەست گرتن بە ئایین و ڕێنماییە ئاینییەکان دەکات، هەروەها داوا دەکات خەڵکان دەست بە بەها رەوشتی و ژیارییە باڵاکانەوە بگرن، هەروەها لە ئاستی ئەرک و پێویستییەکانی ڕۆژدا بن. بۆیە لە پێشەکی گەشتەکان (رحلات)ی خۆیدا لە ساڵی ١٨٢٧دا دەڵێت: دەشێ (گۆتە)یان ناو نابێت (ڤۆلتێر)ی ئەڵمانیا! بەڵام ئەمە ناونانێکی هەڵەیە، بە شێوەیەک وەسفی (گۆتە)ی پێ دەکەن، کە لە خودی خۆیدا وەها نییە! تەنانەت ئەگەر هاتو چاومان لە پایەو ڕەوشتە بەرزەکەشی پۆشی، بەو پێیەی مرۆڤەو دەشێت هەر کەموکورییەکیشی هەبێت! بەڵام سەرەڕای ئەوەش، (گۆتە) لە نووسین و بیرکردنەوەیدا دەچێتە خانەی ئەو جۆرە مرۆڤانەی زۆر لەو مندالە بەنازە گەورەتر بێت. مەبەستی ڤۆلتێرە، ئەوەی کە لە جیهانێک ژیا، گەندەڵی کردو پێوەی گەندەڵ بوو، چونکە (گۆتە) نە لە گوماندا دەژیاو نە بێ باوەڕ بوو، بەڵکو ئەو مامۆستایە بوو، کە ڕێزی لە هەق دەگرت، ڕووخێنەر نەبوو، بەڵکو بنیاتنەر بوو، بە تەنیا بیرمەند نەبوو، بەڵکو دانا بوو.

ئەم تەئویلانەی (کارێل تۆماس) بۆ (گۆتە)، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ڕای گشتی ئینگلیزی و بە

تایبـەت لەلای ئەو شاعیـرو نووسەرانە دروست کـرد، کە (گۆتە)یان وەکو پێشەنگێکی خۆیان دانابوو لە نووسین و داهێناندا.(١٠)

### قوتابخانەی سلاڤی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا

ڕووسەکـان کە پێشتـر پێیـان وابوو ئەدەبی ڕووسی لە ئەدەبی هەر نەتەوەیەکی دیکـە بەرزتر و پاکــتـــــرە، لەولاشەوە وەکو مارکسیەتی نوێ پێیان وابوو دەرکەوتنی هەموو ئەدەبێک لە سەرخانی هەر کۆمەڵگایەک پێوەندی بە ژێرخـانی ئابووری ئەو کـۆمـەڵگایەوە هەیە، سـەرەتا پێیـان وابوو لێکدانەوەی دەق و دیاردە ئەدەبییـەکـان بە پێی بۆچوونی قـــوتابخـــانەی فــەڕەنسی بۆ ئەدەبی بەراوردکـاری، چەکێکی دوو سـەرەیە، چونکە لە لایەک گـرنگی بە نەتەوەکـان دەدا، بەمـە دەشـێت پەیڕەوانی ڕۆشنبیری سلاڤی و پاڵپشتیکەرانی ئەدەبی نەتەوە تازە بووژاوەکـانی ئەفریقیـاو ئاسیـا ڕازی بکەن، بەوەی کـە ڕۆڵـی ڕۆشنبـیــری هەر یەکـەیان لەنێـو بزاڤی ئەدەبی جیــهـانیـدا زەق بکەنەوە، بەڵام لە هەمـان کـاتدا، ئەوە لەوانەیە لە لایەکی دیکەوە ببـێـتــە هۆی دروسـتکردنی گیانی سەربەخۆخوازی لەنێو ئەو نەتەوە لێک جیایانەی سایەی سـۆڤـیـەت، بەوەش زەبری گـەورە سـەرەنجـام بەر لاشەی ئەو دەوڵەتە دەکـەوێت، چونکە شـانازی کـردن بە نەتەوەوە وا دەکـــات تاکـــەکـــانی هەر نەتەوەیەک، نەتەوەکەی خۆیان بە بەرزتر لە نەتەوەکانی دیکە بزانن و بەوەش سـۆز و خۆشـەویستـییـان بۆ یەکـیـەتی و پێکەوە ژیان لەگـەڵ نەتەوەکـانی دیکە لاواز دەبێت و وردە وردە بەرەو نەمان دەچێت. ئەدی لەکوێ پرۆگرامێکی دیکە بۆ ئەدەبی بەراوردکـاری بدۆزنەوە، لە لایەک شـانـازییـــە کۆنەکە بۆ ئەدەبی سلاڤی زامن بکات و لەولاوەش دوور بێت لە زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییە باڵاکانی سۆڤیەت لە یەکـیەتی نێوان نەتەوەکانی و پارێزراوبوونی دەوڵەتە فرەنەتەوە گەورەکەی؟! لێـرەوە بوو هاتن لەبەر ڕۆشنایی هەمان فەلسەفەی سیاسییان بناغە ڕێژییان بۆ تیۆرەکانی ئەدەبی بەراوردکـاری خـۆیان کـرد، کـە سـەرەنجـام ئەو کـارەیان قـوتابخـانەی ئەدەبی بەراوردکـاری سلاڤی لێ بەرجەستە بوو.(١١)

### ناوی ئەم قوتابخانەیە

دەرکـەوتنی ئەم قـوتابخانەیە بە ناوونیـشـانی سـلاڤی، ئەمە درانەپاڵە بۆ زمانە سلاڤییەکان و ئەو میللەتانەی لە چوارچێوەی سۆڤیەتی جاراندا بەو زمانانە قسەیان دەکرد. هەروەها ئەم قـوتابخـانەیە بە (قـوتابخـانەی مـادییـەتی دیالێکتیکی ئەدەبی بەراوردکاری)ش دەناسرێت، ئەمەش درانە پاڵە بۆ ناوی ئەو ڕێبازە فەلسەفییەی کە مارکسیزم دایهـێناوە. دیسـانەوە ئەو قوتابخانەیە بە (قوتابخـانەی ئەدەبی بەراوردکـاری ڕووسی)ش دەناسرێت، کـە ئەویش درانە پاڵ ڕووسـە، ئەو نەتەوە کـۆنەی سـەنتـەریەتیـان لە سۆڤیەتی جاران بۆ خۆیان دەستەبەر کردبوو.

### ئەدەب لە ڕوانگەی قوتابخانی سلاڤییەوە

ئەدەب لە ڕوانگەی قـوتابخـانەی ڕووسییـەوە، بەشێکە لە بنیـاتی سـەرووی کـۆمـەڵگا، لەگـەڵ کـۆمـەڵگا بە هێـڵێکی تەریبدا دەڕوات و بە بووژانەوە و گەشەکـردنی دەبووژێـتەوە و گەشە دەکات، بۆیە ناکرێ بە جیاکردنەوەی ئەدەب لە کـــۆمـــەڵگا لە ئەدەب بکۆڵرێتـــەوە، ئەو پێشکەوتنە هونەری و فیکرییانەش، کە لە ئەدەبدا سەر هەڵدەدەن، ناکرێ بە دابڕاندنی لە کۆمەڵگاو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان لێیان بکۆڵدرێتەوە، چونکە ئەدەب هەر بە تەنیـا لە ڕێگەی هۆکـارە ئەدەبیـیـە ناوخـۆییـەکـانەوە بەرەوپێش ناچێت، بەڵکو بە کـارلێک کـردنی ئەدەب لەگەڵ کۆمەڵگاو گوزارشت کردنی لەو پێشکەوتنانەی لە کـــۆمـــەڵگادا دێنە پێش، بەرەوپێش دەچێت، بەڵام فەلسەفەی وەزعی لەگەڵ فەلسـەفەی مـارکسی و تیـۆری ئەدەبی مـارکسی لە هیچ وتارێکیـاندا یەک ناگـرێتـەوە، واتە ناکۆکییەکانی هەردوو فەلسەفەکە ڕیشەییە، بۆیەش هیچ فەلسەفەیەک وەکو مارکسییەت دژایەتی فەلسەفەی وەزعی نەکردووە.

قـوتابخـانەی ڕووسی وەکو قـوتابخـانەی فەڕەنسی دان بە نووســـینەوەی مـــێـــژووی ئەدەبدا دەنێت، بەڵام بە پرۆگرامێکی تەواو جیاواز لەوەی فەڕەنسییەکان دەیڵێن، چونکە قــوتابخـــانەی تەقلیــدی فـــەڕەنسی بـۆ ئەدەبی بەراوردکـاری، تەنیـا گـرنگی بە مـێـژووی کـارتێکردن و پێـــوەکـــارتێکراوی دەدات، لەگـەڵ ئەو هۆکـــارانەی ئەم کـاریگـەرییـە دروست دەکـەن، بەڵام قـوتابخـانەی ئەدەبی بەراوردکاری سلاڤی، پێی وایە هەندێک یاسا هەن حوکم بەسـەر بزاڤی ئەدەبی و مـێـژووەکـەیدا دەکـەن، چونکـە بەرەوپێشـچوونی ئەدەب لەسەر هۆکارەکانی کارتێکردن و پێـوەکـارتێکراوی نـاوەسـتـێت، لەوانیـشـەوە سـەرچاوە ناگرێت، تەنیا بەو برە نەبێت، کە پێویستییـەکی حەتمی

بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا بیخوازێت، واتە: بە پلە یەک ژێرخانی کۆمەڵگا، دوای ئەویش سەرخان بە پلەیەکی کەمتر، ئەم یاسا گشتییانەش بەسەر هەموو ئەدەبدا دەسەپێن، بەڵام جیاوازیش لەنێوانیاندا ئەوە بۆ ئەو جیاوازییانە دەگەڕێتەوە، کە لە پلەکانی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێن، ئەوەش یاسا گشتییەکانی بەرەوپێش چوونی ئەدەب و کۆمەڵگاکان ڕەت ناکاتەوە، بۆیە ئەو دیاردە ئەدەبییە گرنگانەی لە کاتێکی زوودا لە یەکێک لە ئەدەبەکاندا سەر هەڵدەدات، وەکو جۆرە ئەدەبی و ئاراستە هونەرییەکان، ئەمە لە ئەنجامی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە، کە ئەدەبەکە لەخۆ دەگرێت، دواتر بێ گومان لە ئەدەبی هەر نەتەوەیەکی تریشدا سەر هەڵدەدات، ئەگەر گەیشتنە هەمان باری پێشکەوتووی کۆمەڵگە ئەدەب بەرهەمهێنەرەکەی پێشوو، ئەمە چونکە ژێرخان لە سەرخاندا ڕەنگ دەداتەوە، نەک لەبەر ئەوەی کارتێکردن و پێوەکارتێکراوی هەبێت، بۆیە ئاساییە لە سەدەیەکی زوو و سەدەیەکی درەنگتردا، یان لە یەک کاتدا دوو ئەدەب یەکیان لە یەک لە کۆمەڵگاکانی ئەمریکای لاتینی و ئەوی تریان لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی سەر هەڵبدەن، لێکچوونی زۆریان لەنێواندا بێت، بەڵام نە پێوەندی مێژوویی و بەیەک گەیشتن لەنێوانیاندا هەبووبێت و کارتێکردن و پێوەکارتێکراوی وای کردبێت ئەم دوو ئەدەبە وەها لێک نزیک بن، چونکە مەسەلەی بەرەوپێش چوونی ئەدەب پێوەندی بە بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگاوە هەیە، ئەوەش مەسەلەی کاتە، لە کۆمەڵگایەک زوو دروست دەبێت و لە کۆمەڵگایەک درەنگتر.

## دەرسی بەراوردکاری لە ڕوانگەی قوتابخانەی سلاڤییەوە

قوتابخانەی سلاڤی بۆچوونەکانی خۆی بۆ دەرسی ئەدەبی بەراوردکاری و دەست نیشانکردنی لێکچوونە تێبینی کراوەکانی نێوان ئەدەبی نەتەوە لێک جیاکان لە مارکسیزمەوە وەردەگرێت، ئەمە لەبەر ئەوەی، بە ڕای ئەوان: لێکچوون لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگاکاندا بەستراوەتەوە بەو لێکچوونەی لە ژێرخانی ئابووری هەر کۆمەڵگایەکدا هەیە، واتە ژێرخان کاریگەری خۆی هەیە لەوەی کە لە سەرخانی کۆمەڵگادا بەرجەستە دەبێت، دیارە (ئەدەب)یش یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی سەرخان، بەم پێیە ئەگەر دوو کۆمەڵگا بە یەک قۆناغی لێکچوونی ژێرخانی ئابووریياندا ڕۆیشتن، هەمان ئەدەب لە لای هەردووکیان زەق دەبێتەوە، با ئەو دوو کۆمەڵگایەش لە دوو قۆناغی دوور، یان نزیک لێک لە ڕووەکانی جوگرافیاو زەمەنیش بە یەکتر نەگەن و پێوەندی مێژوویی لەنێوانیاندا نەبێت. لەبەر ئەوە لێکۆڵەری ئەدەبی بەراوردکاری، کاتێک دێت لە دوو دەقی ئەدەبی دوو کۆمەڵگای لەیەک جیا دەکۆڵێتەوە، ئەگەر هاتو هەر لێکچوونێکی لەنێوانیاندا بەدی کرد، دەتوانێ بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو لێکچوونەی لە ژێرخانی هەردوو نەتەوەدا هەیە، کە ئەو دەقانەیان بەرهەم هێناوە، دیارە وەکو گوترا چ پێویستیش نییە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا هەبێت، چونکە ژێرخانی لێکچووی هەردوو نەتەوەکەیە وای کردووە سەرخانی هەردوو نەتەوەو ئەدەبەکەشیان لەو سەرخانەدا بە شێوەیەکی تایبەتی لەیەکچوو بن، واتە: ئەم لێکچوونەی ژێرخانی دوو نەتەوەکان، نهێنی ئەو لێکچوونەیە، کە لە ئەدەبی نەتەوەیی هەردوو نەتەوەی خاوەن ئەدەبی لێکچوو بەدی دەکەین، ئیدی بە چاو داخستن لە هەر پێوەندییەک کە ئەو دوو نەتەوە خاوەن دەقە لێکچووانە بەیەک ببەستێتەوە.

ئەمەش مانای وایە: قوتابخانەی سلاڤی کاتێک دێت ڕاڤەی ئەو لێکچوونە دەکات، کە لەنێوان دوو دەقی ئەدەبی، یان دوو جۆری ئەدەبی، دوو نەتەوەی لێک جیادا هەیە، پشت بە تەفسیری مادی دەبەستێت بۆ مێژووی مرۆیی، لەگەڵ ئەو یاسایانەی گەشەکردن لە بەرۆکی ئەو نەتەوە لێک جیاوازانە دەدەن، جا کاتێک ئەدەب وەها وەسف دەکرێت: یەکێکە لە هونەرە جوانەکان، بەشێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی سەرخانی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی، ئەوە لێکچوونەکانی نێوان دەقەکانی نەتەوە لێک جیاکان دەشێت بۆ ڕەگە لێکچووەکانی ژێرخانی کۆمەڵگا خاوەن ئەدەبەکان بگەڕێنرێتەوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە یەکیەتی کردەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی – مێژوویی بۆ مرۆڤەکان بە گشتی. ئەوەتا (ڤیکتۆر مەکسیمۆفیچ جیرمۆنسکی)ی گەورە بەراوردکار و تیۆردانەری ئەو قوتابخانەیە دەنووسێت: یەکیەتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی – مێژوویی بۆ مرۆڤەکان بە گشتی، بە پێشەکی سەرەکی دادەنرێت، بۆ زانستی ئەدەبی

بەراوردکاری، ئەو یەکیەتییەش بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە مەرج بۆ یەکیەتی گەشەکردنی ئەدەب، بەو پێیەی ئەدەب یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییە ئایدۆلۆژیەکانی سەرخان. جا هەروەکو چۆن پێوەندییە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکان مەرجێکن بۆ باری هێزی بەرهەم، لەو پەڕی ئەورووپای ڕۆژئاواو ئاسیای ناوەڕاست لەسەردەمی دەرەبەگایەتی بۆ نموونە، پێویستە بە هەمان شێوە هونەریش بەو پێیەی وەسفێکی مەعریفییە بۆ واقیع، بە وێنە ئاشکراکەری ئەو ڕووە گرنگانەی لێکچوون بێت لەلای تەواوی نەتەوە لێک جیاکان لە قۆناغەکانی گەشەکردنی هاوشێوەیان، چونکە ئەوە ڕێکەوت نییە ڕەوتی ئایدۆلۆژی و ئاراستەی ئەدەبی وەکو بۆ نموونە ڕێنیسانس و بارۆک و کلاسیزم و بۆرژوازییەت و ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم و ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەو ناچوڕالیزم و سیمبۆلیزم لە قۆناغی بە دوای یەکدا هاتووی وڵاتە ئەورووپییەکان، لە چوارچێوەی یەکیەتی کردەی گەشەکردنی مێژوویی و مێژووی ئەدەبی سەر هەڵبدەن، بێ ئەوەی ئەو یاسای بەدوای یەکدا هاتنە، ڕەوتی بوونی تایبەتمەندی خۆجێیی و ناوچەیی دیاریکراو بکاتەوەو گەشەی مێژووی نەتەوەیی لە هەر وڵاتێک لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا لەسەر زەوی جووڵانەوەی مێژوویی گشتگیردا لێکدی جیابکاتەوە. (١٢)

بە دەربڕینێکی دیکە، کاریگەری دەرەکی کە شوێنکەوتووانی تیۆری فەڕەنسی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری هەمیشە جەختی لەسەر دەکەنەوەو پێیان وایە گەورەترین ڕۆڵی لە لێکچوونی ئەدەبە نەتەوەییە لێکجیاکاندا هەیە، بەلای شوێنکەوتووانی قوتابخانەی سلاڤی ئەو نرخەی نامێنێت، بەڵکو ئەم ڕۆڵە لەلای قوتابخانەی سلاڤی دراوە بە گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگایەی ئەدەبەکە بەرهەم دەهێنێت.

(جیرمۆنسکی) دوای ئەوە دێت تیشک دەخاتە سەر ئەو مەرجە کۆمەڵایەتییەی، کە حوکم بەسەر کاریگەری دەرەکیدا دەکات و دەڵێت: ناشێت هیچ کاریگەرییەکی خاوەن گرنگی ڕێکەوت بێت، یان بە شێوەیەکی دینامیکی لە پڕدا لە دەرەوە بێت، یان ڕاستەقینەیەکی مەیدانی بێت لە ژیاننامەی تایبەتی یەک لە ئەدیبەکان، یان ژمارەیەک لە ئەدیبەکان، یان بە ڕێکەوت لە ڕێگەی خوێندنەوەی یەک لە کتێبەکانەوە دروست بێت، یان لە ڕێگەی چوون بە دوای چەند نموونەیەک، یان چەند ڕەوتێکی ئەدەبی مۆدەی سەردەم بەرهەم بێ، چونکە ئەدەب وەکو هەر فۆرمێکی ئایدۆلۆژی دیکە، پێش هەر شتێک لەسەر بنەمای ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دروست دەبێت، ئەمەش بەو پێیەی، کە ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتییە و ئامرازێکە بۆ دووبارە بنیادنانەوەی، بۆیە لە توانابوونی کاریگەریش لە هەندێ لایەنیدا مەرجدارە بە یاسا سروشتییەکان، بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و ئەدەبێکی دیاریکراو، ئەمەش بەو پێیەی کە ئەدەب ئایدۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتییە، لە چوارچێوەی واقیعێکی لە ڕووی مێژووییەوە دیاریکراو لە دایک دەبێت. جا هەر کاریگەرییەک لە ڕووی مێژووییەوە دەشێت ڕوویدات، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە مەرجدارە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکە لە توانادا بێت، دەبێت وڵاتە کارتێکراوەکە لە باری ئامادەباشیدا بێت، لە ڕووەکانی (بیر و ڕەوشت و بابەت و وێنە)دا هاوشێوەی وڵاتە خاوەن کاریگەرییەکە بێت). (١٣)

بە هەر حاڵ جیرمۆنسکی بۆچوونی ئەدەبی بەراوردکاری سلاڤی لە مەسەلەی (کاریگەری)دا لەم خالانەی خوارەوەدا کورت دەکاتەوە:

١- دەشێت لێکچوونەکە لەنێوان دیاردە ئەدەبییەکاندا هەبێت، بە تایبەت ئەو لێکچوونانەی، کە خاوەن سروشتێکی گشتین، وەک لێکچوونی نێوان ئاراستەو جۆرە ئەدەبییەکان، یان لێکچوونی نێوان پرەنسیپە ئێستێتیکییەکان و ئاراستە ئایدۆلۆژییەکان، کە ئەدەبە لێک جیاوازەکان لە یەک کاتدا بە پشت بەستن بە پێشەکییە کۆمەڵایەتییە مێژووییە وەک یەکەکان، یان ئەو لێکچوونەی لە واقیعی کۆمەڵایەتی و لە ئایدۆلۆژیای چینێکی کۆمەڵایەتی لە بارێکی مێژوویی دیاریکراودا لە یەک کاتدا لەخۆیاندا هەڵدەگرن و بەرهەمی دەهێنن. مەرج نییە ئەم شێوە گەشەکرنەی نێوان ئەدەبە نەتەوەییە لێک جیاکان پێویستی بە هەبووونی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ هەبێت، چونکە ئاراستە بیرییە هاوشێوەو لێکچووەکانی ئەدەبە نەتەوەییە لێک جیاکان، ئەوە لە خۆیدا مەرجێکی سەرەکییە بۆ هەبوونی کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکان.

٢- کاریگەری بە یەکجار و کتوپڕ دینامیکیانە لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە لە دەرەوە ناگاتە ناوەوە، واقیعێکی ئەزموونگەری ژیانی نووسەرێک، یان کۆمەڵە نووسەرێک

و بەری بە ڕێکەوت ئاشنایەتی لەگەڵ یەکتریدا پەیداکردن و چوونە نێو نموونەیەکی ئەدەبی و ئاراستەیەکی ئەدەبیش هەر لەخۆوە نییە، بۆیە هەر کاریگەرییەک هەبێت، بەری یاساو پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتییە، واتە: کاریگەری مەسەلەیەکە دەکەوێتە ژێر یاساکان و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە چەند مەرجێکەوە پابەندە، گەشەکردنی سروشتی یاسایی لە کۆمەڵگای کارتێکراو و ئەدەبەکەیدا، ئەوە سروشتی ئەو مەرجانە دادەنێت، کە چین و بە چییەوە پێوەندن، هەروەها ئایدۆلۆژیای کۆمەڵایەتیش کە لەگەڵ یاساکانی بەرەوپێش چوونی مێژووی گشتیدا پێوەندداره، ئەویش ڕۆڵی لە دەست نیشانکردنی ئەو مەرجانە هەیە، بە واتایەکی دیکە: بۆ ئەوەی کاریگەری لە تواناد بێت، بێ گومان دەبێت پێویستییەک هەبێت بۆ هێنانی ئایدۆلۆژیا، بێ گومان دەبێ لەلای ئایدۆلۆژیای ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی وڵاتی ئایدۆلۆژیا هێنەریش، بیرکردنەوە و بۆچوونی تا ڕادەیەک لە یەکچوو هەبێت، جا بە گەڕانەوە بۆ ئەو نموونەیەی جێی گرنگیمانە، دەشێ بڵێین: ئەگەر هاتو هێنانی ڕۆشنبیری لە ئینگلتەرا بۆ فەرەنسا، یارمەتیدەر بوو لەسەر دروست کردنی جۆرێکی ئەدەبی نوێ لە فەرەنسا، کە ئەویش (درامای بۆرژوازی بچووک)، یان (ڕۆمانی خێزانی) بوو لە سەدەی هەژدەم، ئەوە بۆچوونەکان بەرەو دروست کردنی ئەو جۆرە نوێیە لە ئەدەبی فەرەنسیدا ئەوە دەخوازێت، کە فەرەنسییەکان بیری داهێنانی جۆرێکی دیکەی ئەدەبی لەو شێوە، یان هەر شێوەیەکی دیکەی نوێیان هەبووبێت، بۆ ئەوەی بتوانن وەک لە ئینگلتەرایان وەرگرت، لای خۆشیان پەیڕەوی لێ بکەن و بیکەنە کەناڵێکی دیکەی داهێنان.

٣- کاریگەری ئەدەبی پێوەنددارە بە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی نموونەی خاوەن کاریگەری، واتە: بەستراوەتەوە بە خۆگونجاندنی جۆرە نوێیەکە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و لەگەڵ ئەو پێویستییە خۆجێییانە، کە واقیعی چینی کۆمەڵایەتی کارتێکراو هەیەتی، جا مەسەلەی ڕووەکانی جیاوازی و مەرجە کۆمەڵایەتییەکانیشی مەسەلەیەکە کەمتر نییە لە مەسەلەی لێکچوون سەبارەت بە تۆمارکەری ئەدەب، ئەوەی کە لە بارێکی بەرجەستەبووی بارەکانی کارتێکردنی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە.

## گرنگی قوتابخانەی سلاڤی

لێکۆڵەران هاتوونە گرنگی قوتابخانەی (سلاڤی)یان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت کردووەتەوە:

١- دەرچوون لە فەلسەفەی وەزعی، ئەو فەلسەفەیەی قوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری لەسەر دامەزراوە و لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری گۆڕیبوو بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی، کە لەسەر پێوەندی هۆیی و بەڵگە ئاشکراکانی هەبوونی پێوەندی نێوان ئەدەبە لێک جیاکان بە ئەدەبە کاریگەرەکەوە دادەمەزرا، لە بری ئەوە لە ڕوانین بۆ ئەدەبە نەتەوەییە لێک جیاکان لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا لە ئەدەبی نەتەوەکانی جیهان، لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و باکوور و باشوور، هات پشتی بە فەلسەفەی مادییەتی دیالێکتیکی بەست، (جیرمۆنسکی) لە بارەی تەسکی ئاسۆی ئەدەبی بەراوردکاری بۆرژوازی فەرەنسی دەنووسێت: لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە ئەدەبە لێک جیاکان و کارلێکە ئەدەبییە نێونەتەوەییەکان، کە بەوە وەسف ناکرێن: پرۆگرامێک بن، بەڵکو کۆمەڵە کێشەیەکە، دەبێ لە زانستی ئەدەبی بەراوردکاری مارکسیدا پێگەی شیاوی پێ بدرێت.

٢- وەستان لە دژی ئارەزووی سەنتەریەتی ڕۆژئاوایی، کە باڵی بەسەر بیری بەراوردکارە ڕۆژئاواییەکاندا کێشاوەو تا ئێستاش هەروا بیردەکەنەوە، کە ئەوان سەنتەرن و خەڵکی دیکە لە پەراوێزی ئەواندا ژیان دەگوزەرێنێت، یان بە واتایەکی تر: ڕۆژئاواییەکان وا بۆ خۆیان دەڕووانن، کە سەرچاوەی هەموو گرنگییەکن و لە هەموو میللەتانی دیکە گرنگترن، بۆیە هەرچی کارێکی باش و پڕ لە داهێنانە لەوانەوە سەرچاوەی گرتووەو خەڵکی دیکە ئەگەر شتێکی جوانیان هەبێت، لە ڕۆژئاوایان وەرگرتووە، کە ئەمەش لەگەڵ ڕاستەقینەی مێژوودا دروست نییە و شتی وەها خەونە، ئەگەرچی قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری لە ڕۆژئاوا چ لە فەرەنساو ئەڵمانیاو وڵاتانی دیکەو چ لە ئەمریکاش لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییەش کە هەیانە لە هەندێک ڕووەوە، بەڵام لە ئەنجامدا هەموویان خزمەت بە یەک شت دەکەن، ئەویش بە سەنتەرکردنی ڕۆژئاواو بە گرنگ پیشاندانیەتی لە هەموو ڕوویەکەوە. بۆیە دەبینین ڕۆژئاوا وەها تەماشای بێجگەی خۆیان دەکەن:

- میللەتانی ئەفریقی و ئاسیایی میللەتی سەرەتایین،

دەشی بە ڕێگەی لەیەک جیا ئەدەب و هونەرەکانیان سفر بکرێت و حـــسـێـبی بۆ نەکـرێت، بێ ئەوەی هیچ هەستێکیش بە زیانکردن بکەیت.

– بێ گومان ئەدەب و ڕۆشنبیری سەرزاری بووە ئەدەب و ڕۆشنبیری نووسراوی ڕۆژئاوایی بەرهەم هێناوە، بۆیە ئەم ئەدەب و ڕۆشنبیرییە سەرزارییە ئەرکی خۆی ئەدا کردووەو ئێستا ئەوەی لێی ماوەتەوە بۆ ئەوە دەشێت بخرێتە مۆزەخانەکان و لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی و مێژووییان لەسەر ئەنجام بدرێت.

– ئەو ڕەگەزە ئەدەبیانەی کە لەگەڵ پۆلێن کردنە ئەدەبییە ئەورووپییەکان ناگونجێن، دەشێ پشت گوێ بخرێن، بێ ئەوەی هەست بە ئەنجامدانی تاوانێک بکرێت، چونکە ئەوانە لە یاسای ئەدەبی ڕۆژئاوایی بە دەرن، ئیدی ڕۆژئاواییەکان وەها تەماشای شیعری بەرگری و لیریکی میللەتانی ڕۆژهەلات دەکەن.

– ئەو کارە ئەدەبیانەی لە ڕوانگەی میللەتی بەرهەمهێنییەوەی بە شاکاری گرنگ و گەورە دادەنرێن، دەبێ لەگەڵ کارە گرنگەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوایی بپێورێن، چەند لە کارە ڕۆژئاواییەکە نزیک بوو، ئەوەندە بە گرنگ تەماشای دەکەین و چەند لەگەڵ کارە ئەدەبییە ڕۆژئاواییەکەمان دوور بوو، ئەوەندە بە لاواز و بێ سوود بڕیاری لەسەر دەدەین.

ئەوەش هەموو ئەزێتی ڕۆژئاوای بەرجەستە دەکرد، قوتابخانەی سلاڤی کە لە دژی ئەم بۆچوونانە وەستایەوە، کارێکی گرنگی کرد. (١٤)

٣- یەکێکی دی لەو ڕەخنانەی قوتابخانەی سلاڤی لە قوتابخانەی فەرەنسی دەیگرێت ئەوەیە، کە: بەپێی ئەو قوتابخانەیە، بەڵگەی مێژوویی مەرجە بۆ لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری، کە لەسەر دوو دەقی ئەدەبی دوو نەتەوەی لێک جیا ئەنجام دەدرێت، بەڵام گلەیی لەو بۆچوونە ئەوەیە، دەکرێ بەراوردکاری لەنێوان دوو دیاردەی ڕۆشنبیری دوو نەتەوەی لەیەک جیاش بکرێت، بەڵام بێ ئەوەی ئەو پێوەندییە مێژووییەی فەرەنسییەکان دەیڵێن لەنێوانیاندا دروست بووبێ، کە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە بە لای فەرەنسیەکان و تیۆرەکەیان بۆ ئەدەبی بەراوردکاری ناچێتە خانەی بەراوردکارییەوە، چونکە بنەمای دۆزینەوەی پێوەندییە مێژووییەکەی نێوان هەردوو نەتەوە هەر لە بنجـدا نییــەو بەڵگەی بۆ نادۆزرێتەوە، دیارە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە بەڵگەی مێژوویی بشاردرێتەوە، چونکە لە کاتی لێکۆڵینەوە لەنێوان دوو ئەدەبی نەتەوەیی، یان دوو دیاردەی ئەدەبی، ئەگەر بەڵگە هەبوو و دۆزرایەوە، کە پێوەندی مێژوویی و پێوەندی کارتێکردن و پێوەکارتێکراوبوون لەنێوان هەردوو ئەدەبەکان، یان دیاردە ئەدەبییەکان هەیە، ئەوە ئەو پێوەندییانە نابێ بشاردرێنەوە، بەڵام بە تەنیاش لەبەر نەبوونی پێوەندی مێژوویی ناکرێ بەراوردکردنەکە پشتگوێ بخرێت و ئەنجام نەدرێت، واتە لێکۆڵەرانی نوێی رووس ئامادە نین تەواوی بایەخ پێدانەکانی خۆیان لەسەر دۆزینەوەی بەڵگەی مێژوویی کورت بکەنەوە، چونکە ئەوان لەو بڕوایەدان، کە سەلماندنی پێوەندییەکانی کارتێکردن و پێوەکارتێکراوبوون لەنێوان ئەدەبە نەتەوەییەکاندا چیتر وەکو کۆتا ئامانجی ئەدەبی بەراوردکاری بۆی ناڕوانرێت. ئەوەی بە لای لێکۆڵەرانی ڕووسەوە گرنگە، بە دواداچوونی دیاردەیەکی ئەدەبی دیاریکراوە، جا دیاردەکە هونەری، یان بابەتی بێت، لە ئەدەبە نەتەوەییە جیاوازەکان، جا پێوەندی کارتێکردن و پێوەکارتێکراوبوون لەنێوانیاندا هەبووبێت، یان نا، چونکە بۆ نموونە: لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدانی ڕەوت، یان شێوازێکی ئەدەبی لە ئەدەبە نەتەوەییە لێک جیاکان و ئاشکراکردنی ڕووەکانی لێکچوون و جیاوازی لەنێوان ئەو ئەدەبانە، لەوەی کە پێوەندی بە دیاردەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە هەبێت، لە دوو ڕووەوە مەسەلەیەکی ورووژێنەرەو بەهایەکی مەعریفی گەورەیان هەیە، ئەو دوو ڕووە بریتین لە: باری هەبوونی پێوەندی ئەدەبی، لەگەڵ باری نەبوونی ئەو پێوەندییە. ئەدەبی بەراوردکاریش لە هەردوو باردا داوا لێکراوە ڕاڤەی بڕواهێنی (مقنعە)ی هەبێت، بۆ ئەوەی دەیچەسپێنێت لە لێکچوون و جیاوازییەکان.

دیارە جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، کە تێگەیشتنی دروست بۆ زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری بەم شێوەیە گونجاوترە لەگەڵ خودی زاراوەکە خۆیشی، کە (ئەدەبی بەراوردکاری)یە، چونکە چەمکی ئەو زاراوەیە بەراوردکارییەکان تەنیا لەنێوان ئەو دەق و دیاردە ئەدەبییانە کورت ناکاتەوە، کە پێوەندی کارتێکردن و پێوەکارتێکراوی لەنێوانیاندا ڕووی دابێت و بە بەڵگەی مێژوویی ئەو جۆرە پێوەندییانە بسەلمێندرێن، بەڵکو دەرگای بەراوردکاری لەپێش تەواوی ئەو لێکۆڵینەوە بەراوردکارییانە بە واڵا دەهێڵێتەوە، کە دەشێت لەسەر

دوو دەق، یان دوو دیاردەی ئەدەبی بکرێت، بەو مەرجەی بەراوردکردنەکە بە لێبڕاوییەوە بکرێت و بنەمای زانستی تێدا ڕەچاوکرابێت.(١٥)

### کەموکوڕییەکانی قوتابخانەی سلاڤی

لەگەڵ ئەو ڕۆڵ و گرنگییەش کە قوتابخانەی سلاڤی لە بواری (ئەدەبی بەراوردکاری)دا بۆ خۆی بە دەست هێنا، بەڵام دیارە لە گلەییش بەدەر نییە، گرنگترین ئەو کەموکوڕییانەی هەڕەشە لەو قوتابخانەیەش دەکەن، بریتین لە:

١- بەستنەوەی هەموو شتێک بە ژێرخانەوە، کە ئەمە بڕیارێکی پێش وەختەی سیاسییە لە فەلسەفەی مارکسی و مادییە دیالێکتیکەی وەرگرتووە، بڕیاری پێشوەختیش لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا وەکو هەر بوارێکی دیکەی فیکری پەسند نییە و هەموو جارێک ڕاست دەرناچێت.

٢- بەستنەوەی هەموو لێکچوونێکی بەرهەمە ئەدەبییەکانی دوو نەتەوەی لێک جیا بە لێکچوویی ژێرخان و باری پێدا تێپەڕیوی ئابووری هەردوو نەتەوە، ئەوە سڕینەوەی جیاوازییە نەتەوەییەکانی هەر نەتەوەیەکە، بۆ ئەوەی بۆ مەبەستێکی سیاسی هیچ نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا لە ڕێگەی سیفاتە تایبەتمەندییە بەهێزەکانییەوە زەق نەکرێتەوە، مەبادا بەوە سۆزی هەندێک لە نەتەوە هەژار و بە بەراورد لەگەڵ نەتەوە پێشکەوتووەکان دواکەوتووەکاندا لە دەست بدەن، ئەوەش لە لایەک دڵنەوایی میللەتانێکی دواکەوتوو دەکات، بەڵام لەو لاوەش میللەتە پێشکەوتوو و خاوەن ئەدەبە گەورەکان پەست و بێزار دەکات.

٣- مەرج نییە هەموو میللەتێک بە هەمان قۆناغەکانی گەشەکردنی مێژووییدا تێپەڕێت، یان هەموو ئەو نالەبارییەی لە مێژووی نەتەوەیەک بێتە پێش، لە مێژووی میللەتانی دیکەشدا دووبارە ببێتەوە، چونکە ئەمە پێوەندی بە جۆری ئەو ئایین و ئەو فەلسەفەیەوە هەیە، کە میللەتەکان پەسندی دەکەن و لە سایەیدا ژیانی سیاسی خۆیان دەگوزەرێنن، ئەوەتا بۆ نموونە ئەو دەرەبەگایەتییەی لە ئەورووپادا هەبووە، کە هیچ تاکێکی کۆمەڵگا لە پێشیدا خاوەنی هیچ شتێک نەبووە، هەمان دەرەبەگایەتی لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا بوونی نەبووە.

**سەرچاوەکان:**


١- دانيـيل. هنري باجو، الأدب العـام والمقـارن، ترجـمـة: د. غسان السيد، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٧.

٢- د. محـمـد غنيـمي هلال، الأدب المقـارن، دار العـودة، بيروت، ١٩٨٣، ص٩.

٣- أ.د. محمد بن سعد آل حسين، الأدب المقارن بين التراث والمعاصرة، ٢٦ جمادي الأول-١٤٢٦ هـ:: ٣٠-يوليو-٢٠٠٥ شبكه لها اون لاين.

٤- فيكتور مكسيموفيتش جيرمونسكي، علم الأدب المقارن: شرق وغرب، ص٥٠. لە: د. عبدالنبي اصطيف، المدرسة السلافية والأدب المقارن، مجلة الموقف الأدبي- مجلة أدبية شهرية تصدر عن اتحاد الكتاب العرب بدمشق- العدد ٤٣٣، ايار ٢٠٠٧. لە ئینتەرنێتەوە.

٥- د. داود سلوم، دراسـات في الأدب المقـارن التطبـيـقي، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤، ص١١.

٦- (د. محـمـد التـونجي، المعجم المفـصل في الأدب، الجـزء الأول، ص٧٠).

٧- دانيـيل ـ هنري باجـو، الأدب العـام والمقـارن، ترجـمـة: د. غسان السيد، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٧.

٨- د. محمد التونجي، سەرچاوەی پێشوو.

٩- د. رجـاء عـبـدالمنعم جـبـر، الأدب المقـارن بين النظرية والتطبيق، ١٩٨٦، مصر، مكتبة الشباب، ١٩٨٦، ص٢٤.

١٠- د. محمد غنيمي هلال، سەرچاوەی پێشوو.

١١- د. رجاء عبدالمنعم جبر، سەرچاوەی پێشوو.

١٢- فـيكتـور مكسـيـمـوفـيـتش جـيـرمـونسكي، علم الأدب المقـارن: شرق و غـرب، ترجمة وتقـديم د. غسـان مـرتضى، ط١ (حمص، ٢٠٠٤م)، ص١١ لە: د. عبدالنبي اصطيف، المدرسة السلافيـة والأدب المقـارن، مجلة الموقف الأدبي- مـجلة أدبيـة شهرية تصدر عن اتحاد الكتاب العرب بدمشق- العدد ٤٣٣، ايار ٢٠٠٧. لە ئینتەرنێتەوە.

١٣- فـيكتـور مكسـيـمـوفـيـتش جـيـرمـونسكي، علم الأدب المقارن. سەرچاوەی پێشوو.

١٤- د. عبدالنبي اصطيف، المدرسة السلافية والأدب المقارن، مجلة الموقف الأدبي- مجلة أدبية شهرية تصدر عن اتحاد الكتاب العرب بدمشق- العدد ٤٣٣، آيار ٢٠٠٧. لە ئینتەرنێتەوە.

١٥- الدكتور عبده عبود، الأدب المقارن (مشكلات وآفاق)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٩.

١٦- د. عبدالنبي اصطيف، المدرسة السلافية والأدب المقارن، مجلة الموقف الأدبي- مجلة أدبية شهرية تصدر عن اتحاد الكتاب العرب بدمشق- العدد ٤٣٣، ايار ٢٠٠٧. لە ئینتەرنێتەوە.

# ئاستی مەرجەکانی داڕشتن لە درەختی کەتناوەدا

**سالار ئیسماعیل سەمین**
**(خورماتوو)**

ڕۆمـانی «درەخـتی کـەتناوە»ی برای نـووسـەر (کـەریم کـاکـە)م خوێندەوە کە لەقەوارەی ٢٤٦ لاپەڕە دایە. ئەم ڕۆمـانە بریتـیـیـە لە سی و سێ بەش. لە سـاڵی ٢٠٠٧ لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکووک بۆی چاپ کراوە. لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو توخمانە دەکەم، کە لە ڕۆمانەکەیدا وەک بەردی بناغە بەکاری هێناوە. بەتایبەت بۆ ئەو مـەرجـانەی کـە لە داڕشـتنی ڕۆمـاندا بەکـار دەهێنرێن.

**شوێن**

ڕۆمـاننووس لەکـاتی دەست پێکردنی ڕۆمـانەکـەیدا ئامـاژە بۆ شـوێنی لەدایکبـوونی ڕۆمـانەکـە دەکـا. لەداڕشتنی ڕۆمانیـشدا «شوێن» مـەرجێکی سـەرەکی و هۆکارێکی بنچینەییە بۆ سەرکەوتنی ڕۆمان.

لەم ڕۆمـانەدا ئەگـەر «کـەتناوە» وەک جـوگـرافـیـاش وجوودی نەبێ، لە ڕەوتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست دەکەی وەک سمبۆل ئاماژە بۆ ناوی ئەو دێیە کراوە، بەڵام پاش خـوێندنەوەی چەند بەشـێکی ڕۆمـانەکـە، هەست دەکەی نووسەر لەدایکبووی گوندەکە و ناوچەکەیە. پاش گەڵاڵە و بەرجەستەبوونی ڕووداوەکانی کەتناوە دەربارەی شـوێن، زۆر شت لەلای خـوێنەر هەزم دەبێ. نـووسـەری ڕۆمانەکە زیرەکانە پەلی بۆ ئەو شوێنانەش هاوێشتووە کە لە شـوێنی لەدایکبـوونی ڕۆمـانەکـە دوورن، بەتایبـەت ئەوکـاتەی گـێـڕەرەوە واتای ڕاوی پیـری بەفـر دەربارەی وڵاتی تورکـمـان بەتایبـەت ئەسـتـەمـبـۆل و باکـووری کـوردسـتـان دەدوێنێ، یان دەربارەی تاران و کـرمـانشـاو ڕۆژهەڵاتی کــوردســتــان تا دەگــاتە شــاری بەغــداو دەوروپشتی.

لەم ڕۆمـانەدا دەتوانم بڵێم شەقڵ و مۆرکی سێ وڵاتی دراوسێ لەناوەڕۆکـــدا بەدی دەکـــرێ، بەڵام ڕووداوە سـەرەکـیـیـەکـانی ڕۆمـانی کـەتناوە لە گـوندی کـەتناوەو دەوروبەریدا ســەری هەڵداوە، بەتایبــەت لەژێر ئەو دار گوێزەی کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی تێیدا تۆمار دەکا، دواجاریش دوندی پاڕانەوە کە پیری بەفـر ئامـاژەی بۆ کـردووە و بەشـوێنێکی دەگـمـەن بۆ لەیەزدان پاڕانەوە دایناوە. چەند جــارێکیـش خــۆی و مـێـرێی خـێـزانی بەگـوریس سـەرکـەوتوون و لەخـودا پاڕاونەتەوە هەتا خودا منداڵێکیان بداتێ.

لەشوێنی تردا بێژەی چیرۆک باس لەو درەختە ژنگرەکە دەکا کـە پیـری بەفر بۆی گـێـڕاوەتەوە، هەرکـەس لەنێـو لقـوپۆپی ئەو درەخـتـەدا خـۆی بشـارێتـەوە ژنانی دنیـا بەڕووتی دەبینێ، یان گـەرماوە سەرنج ڕاکێشـەکەی مێرێ لە دێکەدا.

ئەم شـوێنانەی کـە ڕۆمـاننووس ئامـاژەی بۆ دەکـا وەک

پزدانی دایکێکی بە وەفا و جگەرگۆشە، کەسانی ڕۆمانی کەتناوەی لەئامێز گرتووە. هەرچەندێکیش زۆرجار گێڕەرەوەی چیرۆک بەشێوەیەکی شاراوە باس لە شوێنی ڕووداوی ڕۆمانەکە بکا، بەڵام خوێنەری زیرەک لەکاتی خوێندنەوەی هەر دەقێکدا بێ ئەگەر چیرۆک، یان ڕۆمان بێ بەهۆی کەشوهەواو ناوەرۆکی دەقەکەوە شوێنی لەدایکبوونی دەقەکەی لەلا بەرجەستە دەبێ. بۆ نموونە کاتێک ڕۆمانی شاری مۆسیقاڕە سپییەکانی (بەختیار عەلی) دەخوێنیتەوە کە باس لە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی شەڕی عێراق- ئێران و ئەنفال دەکا لە باکوور و لەباشووردا بەهیچ شێوەیەک بە ئاشکرا ناوی شوێن نابا، بەڵام لە شێواز و ستایلی ڕۆمانەکەدا خوێنەری زیرەک دەتوانێ ئاماژە بۆ شوێنی ڕووداوەکان بکا.

جارێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم ئەگەر شوێن شاراوەبێ، یان دەستنیشانکراو، ڕەگەزێک و توخمێکی سەرەکییە لە دارشتنی ڕۆماندا.

**کات**

کاتیش دەچێتەی خانەی ڕەگەزێکی پێویست لە بنیادنانی ڕۆماندا. لە ڕۆمانی درەختی کەتناوەدا ناوەرۆکی چیرۆکەکانی ڕۆمانەکە ئاماژە بۆ هەر چوار وەرزەکەی ساڵ دەکا، زۆرتریش پاڵەوانی چیرۆکەکە تووشی چاوەڕوانییەکی کوشندە دەکا هەتا وەرزی هاوین، چونکە تەنیا لەو وەرزەدا دەتوانی لەنێو لقوپۆی درەختە ژنگرەکەدا ژن بەڕووتی ببینێ، بەڵام لەم ڕۆمانەدا ئاماژە بۆ ساڵی لەدایکبوونی ڕووداوەکان ناکا، تەنیا ئەوە نەبێ پیری بەفر ئاماژە بۆ بەشداربوونی چەکداری دەکا لەگەڵ سمکۆی شکاکدا دژ بە دەسەڵاتدارانی هێزەکانی ئەوکاتەی فارس و تورک، ئەو ماوە زەمەنییەی کە حیکایەتی ڕۆمانەکەی تێدا لە دایک بووە بۆ کۆتایی دەوڵەتی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە.

لە چەمکێکی تری ڕۆمانەکەدا پیری بەفر ئاماژە بۆ (سەحەر)ی خێزانی دەکا کە لە ئەستەنبۆل مارەی کردووە و دەیهێنێتەوە بۆ کەتناوەکە، یان زۆرجار ڕاوی چیرۆکەکە باس لەوە دەکا و دەڵێ پیری بەفر دەیگێڕێتەوە، دەڵێ ئەو ڕۆژانەم دەکەوێتەوە یاد کە جەندرمە عوسمانییەکان هێرشیان دەهێنایە سەرمان و تێدەشکان، یان لە پەڕەگرافی بەشێکی تری ڕۆمانەکەدا ئاماژە بۆ شێخی نەهری دەکا، ئەم بەڵگانەش کە ئاماژەی بۆ کردوون دەربارەی کاتی شاراوەی ڕۆمانەکە گەواهی لەوە دەدەن کە ڕۆمانی درەختی کەتناوە لە ماوەیەکی زەمەنی و کاتێکی شاراوەدا حیکایەتەکانی ڕوویداوە کە ئەویش کاتی دواسالانی دەوڵەتی عوسمانییەکان بووە.

**گێڕانەوە**

گێڕانەوە و ستایلی گێڕانەوە بە توخم و ڕەگەزێکی سەرەکی لە دارشتنی ڕۆماندا دادەنرێ، هەروەکو نووسەران و خوێنەران ئاماژەی بۆ دەکەن، گێڕانەوەی چەمک و بەپێز دوور لە وشە و دەستەواژەی ئالۆز و ڕستەی سواو دەبێتە هۆی هاندان و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر. بەگوێرەی چۆنیەتی بینای کاتی حیکایەت و گێڕانەوەی ئەو حیکایەتە جیاوازی لەنێوان ڕەوتی کاتەکاندا لە ڕابردوو بۆ ئێستا و لە ئێستاوە بۆ ڕابردوویان بەرەو ئاینده دروست دەکا.

هەروەک لە لاپەڕە١٥٣ی بینای کات لە ڕۆماندا، لەکتێبەکەی (نەجم خالید ئەلوەنی) ئاماژەی بۆ دەکا و دەڵێ «تزفتیان تۆدۆرۆف» دەڵێ: «کاتی حیکایەت هاوتەریب نابێ لەگەڵ کاتی گێڕانەوەدا بەهۆی ئەو پاش و پێشییەی کە لەنێوان کاتی ئەو دووانەدا دێنە کایەوە»



له ڕۆمانی درەختی کاتناوەدا چیرۆکبێژ پابەندییەکی یەقینی لەگەڵ پیری بەفردا هەیە. قورسایی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ڕۆمانەکەی خستووەتە سەر شانی پیری بەفر، زۆرجار خوێنەر وا هەست دەکا کە پیری بەفر پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە. بەبۆچوونی من ئەگەر ناوونیشانی ڕۆمانەکەی درەختی کەتناوە، پیری بەفر بووایە سەرنج ڕاکێشتر دەبوو، لەبەر ئەوەی سێ بەشی ڕۆمانەکە بە هەڵسوکەوتی پیری بەفر تەواو دەبێ.

شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانی کەتناوە، خوێنەر پابەند دەکا بۆ تەواوکردنی هەر سێ بەشەکەی بێ ئەوەی هەست بە وەڕسبوون بکا، بەپێچەوانەوە بەشێوەیەک خوێنەر واتا وەرگر چێژ و لەزەتێک وەردەگرێ تا بەزووترین کات ناوەرۆکی لەلا گەلاڵەبێ، لەم ڕۆمانەدا لە چەند بەشێک و پەرەگرافێک گێڕەرەوەی چیرۆکەکان چەندێ هەوڵی داوە پیری بەفر بدوێنێ، ئەوەندەش هەوڵی داوە برادەرە پەنجە خوارەکەی و برادەرە چاو کەسکەکەی بدوێنێ، ئەو کەسانەش کە خۆیان دەدوێن لە ڕۆمانەکەدا چ بە شێوەی دیالۆگ ئامێز بێ، یان بەزمانی مەنەلۆگ، خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی شێوازی گێڕانەوەکە.

لەچەند چمکێکی تری ڕۆمانەکەدا مێرێ و سەحەری ئەستەمبۆڵی ئەو چیرۆکانە دەگێڕنەوە کە پێوەندی بەژیانی خۆیانەوە هەیە. بەبۆچوونی من سێ کوچکانەیەکی سەرەکی لە داڕشتنی ڕۆماندا هەن ئەویش «گێڕانەوە و چیرۆک و ناوەرۆک»ە، هەر چەندێکیش نکوڵی لەوە ناکرێ کە زمان بڕبڕەی پشتی دەقە، لە هەمان کاتیشدا تەکنیک بەلای خوێنەرەوە ڕتووشێکی سەرنج ڕاکێشەرە بۆ ئەو دەقەی دەیخوێنێتەوە. زۆرجاریش تەماشا دەکەی ئەگەر سستییەکیش لەگێڕانەوەدا بەدی بکرێ، بە پێزی و بەهێزی دەقەکە دەبێتە هۆی داپۆشینی سستی گێڕانەوەکە.

## وەسف

وەسف تایبەتمەندییەک و کارێکی تایبەتی خۆی هەیە، وەسف واتا کامێرای سەرشانی گێڕەرەوە.. وەسف و گێڕانەوە تەواوکەری یەکترن، وەسف هەیە شێوەی جوان و پڕ لە ئێستێتیک لە خۆی دەگرێ، وەسفیش هەیە دیوە دزێوە ناشیرینەکەی وەسف کراوەکەیە.

وەسف لەنێوان ڕۆمانی تەقلیدی سەدەی نۆزدەمدا لەگەڵ ڕۆمانی پڕ لە نوێخوازی و تازەگەری ئەمڕۆدا جیاوازییەکی زۆریان هەیە. وەک (نەجم خالید ئەلوەنی) لەکتێبەکەیدا کە بەناوونیشانی بینای کاتی ڕۆماندا لە ل٣٠٣ ئاماژەی بۆ دەکا و دەڵێ:

«ئالان ڕۆپ گرێ» دەڵێ: «وەسف بۆ چاندنی دیکۆر و دیاری کردنی چوارچێوەی ڕووداوەکان و دەرخستنی دیمەنە فیزیکییەکەی کەسییەتییەکان بووە بە مەبەستی هاوچەشنی کردنی جیهانی ڕیالیزمی، بەڵام وەسف لە ڕۆمانی نوێدا جیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە، چونکە بایەخەکەی لە شتە وەسفکراوەکەدا دەرناکەوێ، بەڵکو لە جووڵانەوەی خودی وەسفکراوەکە دایە».

تەماشاکە ڕۆماننووس بەشێوەیەکی جوان و پڕ لە ئێستێتیک چیرۆکبێژەکەی دەدوێنێ بۆ وەسفکردنی ژوورەکەی پیری بەفر لە ل١٥١دەڵێ «ئەم ژوورەی پیری بەفر کە ئێستا وەکو ئەو ڕۆژە نییە کە من هاتوچۆیم دەکرد، ئێستا تەماشای دەکەی هەر چوار لای دیوارەکەو بنمیچەکە پڕن لەو شتانەی کە تەماشای دەکەی واقت وڕدەمێنێ، جاران وەک بەری دەست ڕووت و قووت بوو، ئێستا پڕن لە زۆر جۆرە بازنگ و خەناوکە و خرخاڵ و پێڵاوی ژنان و چەفیە و خەزێم و تەشی».

لەڕاستیدا دەتوانین ژوورەکەی پیری بەفر ناوی مۆزەخانەی لێ بنێین، جار جارێک پیری بەفر بەچپەی لێو پێی دەگوتم: «ئەمانە پاشماوەی ژنەکانمن هەموویانم وەکو چاوی خۆم پاراستووە، ئێستا لەژوورەکەی دی دادەنیشم، دەرگاکەم دەکەمەوە، حەزدەکەم چەندە ژیاوم ئەوەندەی تریش بژیم بۆ پاراستنی ئەو شتانە».

له ڕۆمانی درەختی کەتناوەدا چیرۆکبێژ بەهیچ شێوەیەک لە جۆرەکانی وەسفی ئافرەتی ڕووت و جنسی سڵی نەکردووەتەوە، بە تایبەت لە پەرەگرافی یەکێ لە بەشەکانی ل١٩٧ تەماشاکە چۆن چیرۆکبێژ لەنێو لقوپۆپی درەختی ژنگیردا خۆی حەشار دەداو ئەو هەموو ژنە جوانانە بەڕووتی دەبینێ، یەک لەوانەش مەریەمی خۆشەویستی بووە. ئێستا لەنێو درەختی ئەشکەوتەکەوە پاش نەمانی دووکەڵە سپییەکە لەنێو گەرماوەکەی مێرێدا ئافرەتێکی زۆر بە ڕووتی دەبینم، لە هەمووی جوانتریش مەریەمە.

چەندان مەمکی جوان دەبینم، هەرچی جۆرە مەمکێکت دەوێ لەو درەختەوە دەیانبینی، مەمکی

پرتەقاڵی.. مەمکی هێلکەیی.. مەمکی توند توند.. ئەو مەمکە شلانە کە بەناز دەجووڵێنەوە، مەمک هەیە سپی سپی لە بەفر سپیتر، مەمک هەیە کەمێ سپی، مەمک هەیە بەلای سپیدا دەشکێتەوە، ئەو هەموو ڕان و سمتە، خودایە کێ وا دروستی کردووە، بۆ کێ دروست کراون، چەند لووس و گۆشتنن، ئەو هەموو قۆڵ و باسک و بن هەنگڵە لووسانە، ئەو ناوکە جوانانە چەندێ بەجوانی کەفی تێدا دێتە خوار. خودایە تێکەڵی کەفی سەر ناوکی مەریەمم کە هەر لەوێدا وەک هەڵۆیەکی ڕاوکەری پڕ لە ئەزموون بەتیشکی چاوەکانی بەڕووتی مەریەمی نا لە ژێر، لەبەر و لە پشتەوە هەموو بەرزی و نزمی و نیشانەکانی گیانی بوون بە سەرنجڕاکێشەری، دواجاریش وەک شێت وێنەکان لەبەر چاوی ون دەبن.

لە ل٢٠٤ بڕیار دەدا ئەگەر سەریشی تێدا بچێ، دەبێ مەریەم ببینێ قسەی لەگەڵدا بکا، تەماشاکە چیرۆکبێژ کاتێک دەڕوا بۆ لای مەریەم و لەبەر دەرگاکەیاندا دەیبینێ بەچ دیالۆگێکی پڕ لە وەسف لەگەڵیدا دەدوێ:

* مەریەم باشی

* خ خ خۆش بی

* تۆم خۆش دەوێ حەزدەکەم لەجێگەیەکدا بتبینم

* نا، لۆ...

* ئەرێ کێ ئەو برینەی خستووەتە سەر ڕانتەوە..؟

* برینی چی!

* ئەدی ئەو خاڵەی لەسەر قۆڵنجی چەپت بوو لە جێگای خۆیدا ماوە؟

* ئەوە چی دەڵێی تۆ..!!!

* ئەدی ئەو جووتە خاڵەی وا بە تەنیشت یەکەوەیە لەخواری ناوکتەوە

* ش ش شێت بووی..!!

* باشە بۆچی مووی بن هەنگڵت کردووە، کەچی هی ناو ڕانت نەکردووە.

* شەرم ناکەی تۆ هەی بێ شەرەف.

* نا، شەرم ناکەم، شارەزای هەموو جێگایەکی لەشتم.

* چۆن دڵی ئەو خەڵکە خۆش دەکەی دەبێ دڵی منیش وا خۆش کەی.

* شەرم بکە من لەوانە نیم.

* بەڵێ تۆ لەوانەی، من بەچاوی خۆم بینیومە.

* درۆ دەکەی.

* ئەوە من بووم لە ناو دارەکە بەسەر بەردەکەوە لەبن کوڕە چاو کەسکەکە پاڵکەوتبووم..!!

* وازم لێبێنە تۆ شێتیت.

ئەم وەسفانە کە لە چمکێکی لێکۆڵینەوەکەمدا ئاماژەم بۆ کرد، بۆ زیرەکی ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی بوێرانە چیرۆکبێژەکەی دەجووڵێنێ بۆ وەسف کردنێ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، ئەو کارەش دەبێتە زەمینە خۆشکەر بۆ ڕاکێشانی خوێنەر. لە ڕۆمانی کەتناوەدا پیری بەفر وادەیگێڕێتەوە کە هەژدە ژنی هێناوە، لەوانەش مەستی، مێرێ، فەتانەی کرمانشاهی، گوڵناز، سەحەری ئەستەمبۆڵی. وا ئاماژەی بۆ دەکا تەنیا لەگەڵ گوڵنازدا خراپ بووە، ژنەکانی هەموویان مردوون تەنیا گۆڕی سەحەر و فەتانە لە ئەستەمبۆڵ و کرماشاندایە، هەموویان لەگۆڕستانی کەتناوەدا نێژراون، لێرەدا ئەم سەرگوروشتەیەی پیری بەفر دەیگێڕێتەوە دالێکە بۆ مەدلوولێک ئەویش سستمی پێکەوە ژیانی ئەوکاتەیە.

لەم ڕۆمانەدا پیری بەفر سمبۆلێکە بۆ ئازایەتی و کەڵەمێردی لەگوندی کەتناوە و ناوچەکەدا، چەندان جار بەرەنگاری هێرشی تورکە عوسمانییەکان بووەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی پاراستووە.

ئەگەر بەگوێرەی سەرگوروشتە و یاداشتەکانی بێ، دەبێ نازناوی پاڵەوانی چیرۆکەکەی بدرێتێ لەبەر ئەوەی سێ بەشی ڕووداوەکانی درەختی کەتناوە بۆ بەشدارکردنی خودی ئەو دەگەڕێتەوە، واتا لە ڕۆمانەکەدا قورساییەکی زۆری دەکەوێتە بەرچاو. لێرەدا بە بۆچوونی خۆم وەک چیرۆکنووسێک دەتوانم درەختی کەتناوەکەم بکەم بە پیری بەفر.

لەڕۆمانی درەختی کەتناوەی ڕۆماننووس (کەریم کاکە) ئەگەر لەچەند بەشێکی سی و سێ بەشی ڕۆمانەکەدا جڵەوی ئەسپی ڕۆماننووسی خاو کردبێتەوە، بەڵام لەبەشەکانی تری ڕۆمانەکەدا بەشێوەیەکی جوان و پڕ لە ئیستێتیک و لێزانی چ لە تەکنیک و ناوەڕۆکدا بێ چ لە زمانەوانی و گرێدانی بابەتەکان و بەشەکانی داڕشتنی ڕۆمانەکەدا بێ، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بە تێروتەسەلی زۆر شتم لەلا بەجێما لەوانە:

## یاداشتنامه و سەرگوروشتە

بەلای هەمـوو خـوێنەرێکی ڕۆشنفکر و زەین کـراوەوە کاتێک لەخوێندنەوەی درەختی کەتناوە دەبێتەوە هەست دەکا شێوازی یاداشتنامە زاڵترە بەسەر شێوازەکانی تر. لە دارشـتنی ڕۆمـانەکـەدا چ لەلایەن چیـرۆکـبێـژی ڕۆمـانەکەوە بێ چ لەلایەن پیـری بەفـرەوەبێ، بەسـەر ئەو تەکنیکەشـەوە نەیهـێـلاوە هیـچ سستـیـیـەک بکەوێتە ڕەوشی دارشـتنی ڕۆمـانەکـەوە. لەچەند بەشـێکی ڕۆمـانەکـەدا دیالۆگـێکی سـەرکـەوتوو بەدی دەکـرێ، بەتایبەت ئەو دیالۆگە سێکسی ئامـێزەی کە لەنێوان چیرۆکبێژی ڕۆمانەکە و مێرێدا لە ل٢٠٤ بەدی دەکرێ.

زۆرجاریش ڕۆماننووس کەسانی ڕۆمانەکە بە مەنەلۆگی ناوەوە دەدوێنێ، ئەم شـێـوە تەکنیکەش خـۆی لەخـۆیدا دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر، لەهەمان کاتیشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە شێوازی گێڕانەوە و ناوەرۆک و زمـان لە دارشـتنی هەمـوو دەقـێکدا دەبنە تەواوکـەری یەکتر.

## زمانەوانی

لەبواری زمـانەوانیـدا ڕۆمـاننووس چیـرۆکـبێـژی ڕۆمـانەکـەی بەزمانێکی سادەی گێڕانەوە، واتا سـەردی دەدوێنێ، بەڵام لەزمانەکەیدا سەرکەوتن بەدی دەکرێ.

بۆ ئەوەی خـوێنەر بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە ڕابکێشێ هەتا ناوەرۆک بەلایەوە بەرجـەسـتـە بێ لە زۆر لە بەشەکانی ڕۆمانەکەدا زمانی شیعری زاڵترە بەسەر زمانی گێڕانەوەکەدا.

لەزۆر لە پەرەگرافـەکاندا وشـەو ڕستـە و دەستـەواژەی ناوچەی هەولێـری بەدی دەکرێ، نووسـەر توانیـویەتی بەو زمـانەی کـە پێی دەنووسێ، خـوێنەرێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

## مۆنتاژ و کۆکردنەوە و گرێدان

لەبەشـەکانی ڕۆمـانی درەختی کـەتناوەدا ڕۆمـاننووس بەشـێوەیەکی وەسـتـایانە توانیـویەتی وەک دەرهێنەرێکی سینەمایی لەکارەکەیدا سەرکەوتوو بێ، بەهیچ شێوەیەک مـەودای ئەوەی نەداوە پچـڕانێک بکەوێتـە نێـوان بەشەکانی ڕۆمانەکەوە.

ئاگادار بوون لە بەشی مۆنتاژ کردنی دەقی درێژی وەک چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمـان دەبێتە هۆی سـەرکـەوتنی دەق بەلای خوێنەرەوە.

## وێنەگرتن

لەڕاسـتـیـدا وێنەگـرتن و وەسف لە دارشـتنی هەمـوو دەقێکدا تەواوکەری یەکترن، هەر چەندێکیش لە پێشەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئامـاژەم بەوەسـفی دیمەنەکـانی نێـو ڕۆمانی درەختی کەتناوە داوە، بەڵام جیاوازییەک لەنێوان وێنەگـرتن و وەسـفدا هەیە ئەویش ئەوەیە کار و پیـشـەی وێنەگـرتن تەنیـا فـۆتۆکـۆپی خـودی وەسـفکراوەکـەیە، زۆرجــاریش وا ڕێـک دەکـــەوێ وێـنـەگـــرتن وەک ئەلتەرناتیڤێک لەجیاتی وەسف بەکاردەهێنرێ.

زۆرجار وێنەگری ڕۆمـانەکە بەکامێرای سەرشانییەوە دیمەنی جۆراوجۆری سەرسوڕهێنەر دەخاتە نێو چوارچێوەی ڕۆمـانەکـەوە، لەوانەش دوندی پاڕانەوە و درەختی ژنگیر و گـەرماوەکـەی مێـرێ و دیمەنە پڕ لە هەوەسبـازییەکـانی مـەریەم. بەهۆی ئەو وێنەگـرتنە پڕ لە شـەهوانیـیـانەدا زۆرجار خوێنەر تووشی ئەوە دەکا دووبارە و سێ بارە ئەو پەرەگرافانە بخوێنێتەوە.

## شێوازی دارشتن

ئەگـەر بێـتـو خوێنەری بە سـەلیـقە و بەتوانا بەوردی و لەسەرخۆ هەوڵی شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی بەشەکان و پەرەگرافـەکان و ڕستـەکانی ڕۆمانی درەختی کەتناوە، بدا یەکـســەر هەست دەکـا ڕۆمــاننووس بەشـێـوەیەکی برووسکەیی و زۆر کـورت بەشـەکـانی ڕۆمـانەکـەی دارشـتـووە، بەشـێـوەیەکی پڕ لە ئەزمـوونکاری خـۆی لە درێژدادری ڕزگار کردووە.

زۆرجـار درێژدادری دەبێـتـە هۆی وەڕسـبـوون و بێـزار بوونی خـوێنەر، دەتوانم بڵـێم سی بەشی ڕۆمـانەکـە هەر بەشـێکی لەچوار پێنج لاپەڕە تێنەپەڕیوە، تەنیـا چەند بەشێک نەبێ ئەویش لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا درێژبوونەوەی پێوە دیارە.

هەتا ڕستـەکانی نێو بەشەکانیش شێوە برووسکەیی و تیـشکی پێـوە دیارە، زۆربەی ڕسـتـەکـانی نێـو بەشـەکـان وەک پەندی پێشینان و برووسکە شیعر ئامانجی خۆیان پێکاوە.

شـێـوازی درێژدادری زۆرجـار لە ڕۆمـانەکـانی سـەدەی

نۆزدەمـدا بەدی دەکـرێ، تەمـاشـا دەکـەی لەو مـاوە زەمەنییەدا ڕۆمانی واهەیە خۆی لەسەرووی هەزار لاپەڕە داوە و لەچەند بەشێکدا ئەم جـۆرە پرۆسـە ئەدەبییـەش خوێنەر تووشی وەڕس و بێ تاقەتی دەکا، بەڵام لەئەمڕۆی پڕ لەتازەگەری ئەدەبیدا ڕۆمانی سەرکەوتوو ئەوەیە دوور بێ لە جیـهـانی درێژدادڕی. ئەو ڕۆمـانەی لەمـاوەیەکی کـورتدا ناوەرۆک خـۆی بەدەسـتـەوە بدا، خـوێنەری زۆرتر دەبێ.

پاش تەواوکـردنی ڕۆمـانی درەخـتی کـەتناوە، لەبەر ئەوەی بێ هیچ گـیـروگـرفـتـێک و تەنگژەیەک ناوەرۆکم بەلاوە هەزم بوو.

## سمبۆل و ڕەمز

زۆرجار لە داڕشتنی ڕۆمان و چیرۆکدا نووسەر و ڕەمز و سمبۆل بەکاردێنێ، ئەگەر خوێنەرێکی باش و بەسەلیقە نەبیت لە جـۆرەکـانی ڕەمـز، ناتوانی هەروا بەسـووک و ئاسـانی ئەو گرێ کـۆنانە بکەیتـەوە کـە ناوی سـمـبـۆل و ڕەمـزە. ڕەمز و جەڤـەنگ لە ڕۆمـانی کـەتناوەدا بەکـەمی بەرچاو دەکـــەون، ئەوە نەبێ لەیەکێ لە بەشـــەکـــانی ڕۆمانەکەدا پیری بەفر ئاماژە بۆ «بەرد» دەکاو دەڵێ:

(بەرد تەمەنی زۆر درێژە، چ دەبوو ئەگەر مرۆڤ نیوەی ئەو بەردە تەمەنی بکردبایە).

لێـرەدا بۆمـان هەیە ئامـاژە بۆ ئەوە بکەین کـە بەرد سـمـبـۆلێکە لە داڕشـتنی ڕۆمـانەکـەدا، چونکە بەرد زۆرانبـازی و ملمـلانێ لەگـەڵ هەمـوو ڕۆژگـارێک و وەرزێکدا دەکا.

زۆرجار لەناو کوردەواری لای خۆماندا دەگوترێ فڵانە کەس ئەوەندە بەسەبرە لەسەبری بەرد بەهێزترە، یان یەکێ لە پەندەکان دەڵێ چاوەکانی ئەمەندە قاییمە لەچاوی بەرد دەچێ. واتا ئینسانێکی یەکلاو کەللەڕەقە.

لەداڕشتنی ڕۆمانەکەدا شتێکی تر بەدی دەکرێ ئەویش ئەوەیە کەسانی ڕۆمانەکە پەلیان بۆ هەر سێ وڵاتەکەی دراوسێ هاوێشتـووە، لەکاتی گێڕانەوەی حیکایەت و ڕووداوەکانی کەتناوەدا، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ڕەمزێکی شـاراوەیە، خـوێنەری خـاوەن ئەزمـوون زۆر بە ئاسـانی دەتوانێ ئاماژە بۆ مەبەستەکە بکا.

لە ڕۆمـانی درەخـتی کـەتناوەدا هەرچەندە چیـرۆک بێژەکەی لەنێـو چوارچێـوەی هزر و خەیاڵبـازی و دروست کـردنی کـەسـانی خـەیاڵی لە ڕۆمـانەکـەیدایە، بەڵام بەشێوەیەکی زیزەکانە توانیویەتی بەشێک لە کولتوور و کـەلەپووری ڕۆژگـارە ڕابردووەکـانی ناوچەکـە زیندوو بکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**(١) بینای کات، نەجم خالید ئەلوەنی، ل١٥٣ ل ٣٠٣.**

**(٢) ڕامان، ژمارە(١٣١) ل١٥٤، سابیر ڕەشید.**

**(٣) درەختی کەتناوا، کەریم کاکە، ٢٠٠٧.**

# پاریس
# نیتشه... شەهیدی گەورە
# بەشێک لە کتێبی ڕاپۆرت بۆ گریکۆ

**نیکۆس کازانتزاکیس**
**لە سوێدییەوە: دلاوەر قەرەداغی**
**(سوێد)**

**نیتشه... شەهیدی گەورە**

ساڵی ڕابردوو کاتێک وەرگێڕانی کتێبی (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ) بە سویدی دەرچوو، زۆر بە وردی لەگەڵ چاپە کوردییە لە عەرەبی و فارسییە وەرگێڕدراوەکەی خۆمدا بەراوردم کرد. دوای بەراورد کردنەوە، زۆر جیاوازیم لەنێوان هەردوو وەرگێڕانەکەدا بەدی کرد کە هەندێکیان پێوەندی بە داڕشتنی زمانەوانی و هەندێکیشیان پێوەندی بە مانای هەندێک وشە و ڕستە و جۆرێک بەدحاڵیبوون لە وەرگێڕانە کوردی و عەرەبی و فارسییەکەیدا هەیە. لەو ڕوانگەیەوە کە وەرگێڕانە سوێدییەکە ڕاستەوخۆ لە گریکییەوە کراوەتە سوێدی و تا بڵێی سەرنجڕاکێش و ڕەوان و پڕ لە ڕیتم و جوانییە، بڕیارم دا بکەومە سەرلەنوێ وەرگێڕانەوەی دەقە سوێدییەکە و ساڵێک زیاتر لە تەمەنمی پێ ببەخشمەوە.

ئێستە ئەو وەرگێڕانە لە تەواوبووندایە و ئومێد دەکەم ساڵی داهاتوو بە پێشەکییەکی خۆمەوە سەبارەت بە پرۆسێسی سەرلەنوێ وەرگێڕانەوەیەوە، بگاتە خوێنەرانی هێژا.

پێم خۆش بوو لێرە و لەم دەرفەتەدا ئەم بەشە لەو کتێبە وەک بەرکولێک بکەمە دیاری بۆ گۆڤاری (ڕامان)ی ئازیز و خوێنەرانی. لە میانەی بەراوردکردنی ئەم بەشە لەگەڵ هەمان بەش لە چاپە کوردییەکانی پێشوودا، خوێنەر هەست بە جیاوازی نێوانیان دەکات.

**دلاوەر قەرەداغی**
**تەمووزی ٢٠٠٨**

نمەنمە باران دەباری. بارانێکی هێور لە سپێدەدا. ڕوخسارم نابوو بە شووشەی پەنجەرەی واگۆنەکەوە و لەودیو تۆڕی تەنکی بارانەوە (پاریس)م دەبینی کە بە خێرایی تێدەپەڕی و زەردەخەنەی دەهاتێ و بە فرمێسک بەخێری دەهێنام. پردەکانم دەبینین، خانووی خۆڵەمێشاویی چەند نهۆم، پارک، کڵێسا، دارستانی ڕووتەوە بوو لە گەڵا، خەڵکی کە پەلەپەل بە شەقامە پانوپۆڕ و پڕشنگدارەکاندا دەڕۆیشتن.. لەنێو داوە هەڵواسراوەکانی باراندا، ڕوخساری ئەفسووناوی و ئێسک سووکی پاریسم دەبینی ژنە جۆڵا لەو دیو تاڵە دەزووەکانی مەکۆی جۆڵاییەوە.

لە خۆم دەپرسی: «ئاخۆ دەبێ ئەم شارە چیی بۆ من پێ بێ؟ ئەم شارەی کە ماوەیەکی زۆرە تامەزرۆی دیداریم!» بیرم لەوە دەکردەوە و سەرزەنشتی ڕوحی ئادەمیزادم دەکرد کە ناتوانێ بۆ سەعاتێکیش چییە پێشبینیی ئایندە بکات. تاریک و بێ دەسەڵات، وەک جەستە چاوەڕێ

دەکات تا لە دایک نەبوو لە دایک بێ و ببینرێت.

بیرم دەکردەوە ئاخۆ دەتوانم لەم شارە گەورەیەدا ئەو شتە بدۆزمەوە کە بەدوایدا دەگەڕێم؟ بەڵام هەر بەڕاست من بەدوای چیدا دەگەڕام؟ دەمویست چی بدۆزمەوە؟ مانای وایە ئیدی ئەو مورشیدی تاجی دڕک بەسەرەم بۆ بەس نییە؟ ئەو مورشیدەی کە وەک کۆڵەگەیەک بەسەر ترۆپکی چیایەکی بەردین و خوێناوییەوە ڕاوەستاوە تا ڕێگاکەم پیشان بدات؟ ڕەنگبێ باوە یەواکیم ڕاست بێ کە هانی دام ئەگەر دەخوازم بچمە بەهەشت، ئەوە دەبێ بە دۆزەخ و بەرزەخی زەمینیدا تێپەڕم.

شادومانی و ئازار و گوناه ئەزموون بکەم و بە تێپەڕاندنی سنوورەکانی شادمانی و ئازار و گوناه، ڕزگاربم.

شار ڕووناک بووەوە. خۆرێکی کەچەڵ بەم ئاسمانە خەمین و تەماوی و میهرەبانە لە وەسف بەدەرەدا هەڵواسرا. ئاوها ڕووتەڵە دەکەوێتەوە ئەم درێشکەچییە پرچ درێژەی گرێکلاند لەم وڵاتە غەریبەدا! ئاخر لەو دوورایییانەڕا، لە نیشتیمانی خۆی، هەموو شتێکی ڕووت دەکردەوە تا پاشان ڕووناکی خۆی لەبەری هەموو شتێک بکات. ڕوح بەبێ چ نهێنییەک پرشنگی دەدا، پڕ و بینراو وەکی جەستە. تەنانەت شەیتانەکانیش لە کونجی ژێر زەمینە تاریکەکانی خۆیانەوە دەهاتنەدەر، ڕووناکی تا سەر مۆخی ڕەشیان جلکی لەبەر دادەکەندن تا ئەوانیش وەک مرۆڤ ساکار و میهرەبان دەبوون، بەڵام خۆر لێرە جیاواز بوو، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕوخساری ئەرز و ڕوح گۆڕاوە. ئێمە دەبوو فێر ببین تەوێڵی نیوە ڕووناک، زەردەخەنەی هێمن و ڕوانگەی شاراوەی جوانیمان خۆش بوێت.

هەروا کە چاوچنۆکانە تەماشای درەخت و ماڵ و ژنە خۆئارایشت کردووەکان و کڵێسا تاریکەکانم دەکرد، لە فیکرەوە چووم: «ئەمە ڕوخساری نوێی خودایە، کڕنوش دەبەم و دەیپەرستم.»

ئەم یەکەمین بەرکەوتنەی من بەم ڕوخسارە نوێیەی ئەرزەوە، وەک مەستییەک وابوو کە چەند ڕۆژ و چەند هەفتەیەک درێژەی کێشا. جادەکان، پارکەکان، کتێبخانەکان، مۆزەکان، کڵێساگەلی گۆتیی، ژنان و پیاوان لە شانۆ و لە شەقامەکاندا. ئەو بەفرە تەنکەی کە کەوتبووە بارین و لەبەردەم ڕوحی ئەفسوون بوومدا خولی دەخوارد، هەموو ئەوانە سەرمەستیان دەکردم. ئیدی سەرمەستی ڕەوییەوە و دنیا هەمدیس سەقامگیر و تۆکمە بووەوە.

ڕۆژێکیان کە لە کتێبخانەی (قەدیس جێنێڤیێ) دانیشتبووم و دەمخوێندەوە، کیژێک هات بۆ لام و بە سەرمدا دانەوییەوە. کتێبێکی کراوەی بەدەستەوە و دەستی خستبووە سەر وێنەی پیاوێک تا ناوەکەی بشارێتەوە. کیژەکە بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردم. لێی پرسیم:

– ئەو پیاوە کێیە؟

وای گوت و ئاماژەی بۆ وێنەکە کرد.

شانم لەقاند و گوتم: «لە کوێوە بزانم؟»

کیژەکە گوتی: «بەڵام خۆ ئەو پیاوە تۆیت! بە موو جیاوازیتان نییە. سەیری نێوچەوان، بڕۆی پڕ و چاوە ڕاماوە بەقووڵاچووەکانی بکە. تاقە جیاوازی ئەوەیە کە وی سمێڵێکی ئەستوور و شۆڕی هەیە و تۆ نیتە.»

بە سەرسوڕمانەوە لە وێنەکەم ڕووانی.

هەروا کە هەوڵم دەدا دەستی کیژەکە لەسەر وێنەکە لابەرم تا ناوی ئەو پیاوە بخوێنمەوە، گوتم: «ئەدی وێنەی کێیە؟»

– نایناسیت؟ یەکەم جارە دەیبینیت؟ ئەوە (نیتشە)یە!

نیتشە! ناویم بیستبوو، بەڵام چ کتێبێکیم نەخوێندبووەوە.

– کتێبی لە دایکبوونی تراژیدیا، یان زەردەشتت نەخوێندوونەتەوە کە دەربارەی گەڕانەوەی ئەبەدی، لە بارەی ئینسانی باڵاوەن؟

بە شەرمەوە گوتم: «هیچیان... هیچیان.. هیچیان!»

کیژەکە گوتی: «ئا ڕاوەستە!» وایگوت و بە پەلە وەک باڵی گرتبێ، ڕۆیشت و دەمودەست بە کتێبی زەردەشتەوە گەڕایەوە.

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: «بنۆڕە، ئەمە خواردنی شێرە بۆ مێشکی ئێوە ئەگەر خاوەنی مێشک بن و ئەو مێشکەش برسی بێت.»

ئەو ساتەوەختە یەکێک بوو لە چارەنووسسازترین ساتەوەختەکانی ژیانم. لێرە لە کتێبخانەی قەدیس جێنێڤێ، قەدەر بە کۆمەکی کچە قوتابییەکی نائاشنا، بۆسەیەکی بۆ نابوومەوە. ئەو، جەنگاوەرێکی گەورە، دژە مەسیحێک، خوێناوی و وەک پەنگر سوورەوەبوو لێرە

چاوەڕێی دەکردم.

لە بەراییدا زەندەقی بردم. ئەو خاوەنی هەموو شتێک بوو: چاوقاییمی و لووت بەرزی، مێشکێکی جلەونەکراو، حەزی تێکدان، گاڵتەجاڕی، بێ دەربەستی، پێکەنینێکی بێ خودا و هەموو چەنگاڵ و ددان و باڵەکانی لۆسیفێر(١). چاپووکی و خۆبەشت زانییەکەی ئەفسوونیان کردم. مەترسی سەرمەستی کردم و بە ترس و تامەزرۆییەوە، وەک بڵێی کەوتبێتمە ناو دارستانێکی پڕ لە دانگ و ئاژەڵی دڕندەی برسی و ڕووەکی سڕکەرەوە، خۆم لەنێو خوێندنەوەی کارەکانیدا نوقم کرد.

حەزم دەکرد زوو سیمینارەکان لە سۆربۆن کۆتاییان بێ و شەو دابێ تا بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە و ژنەی خاوەن ماڵ بێت ئاگردانەکە داگیرسێنێ و کتێبەکانی نیتشە بکەمەوە کە لەسەر مێزەکەم هەڵچنرابوون و شان بەشانی وی بکەومە زۆران. هێور هێور بە دەنگی ڕاهاتم، بە هەناسە سوارییەکەی، بە هاوارە پڕ لە ئازارەکەی ڕاهاتم.

نەمدەزانی، بەڵکو ئێستا دەزانم کە دژە مەسیحیش وەک مەسیح بەرخۆدان دەنوێنێ و ئازار دەچێژێ و جاروباریش ڕوخساریان لە ڕوخساری یەکدی دەچێ.

پەیامەکەیم پێ کوفری بێ ئیمانانە و ئینسانە باڵاکەشیم پێ بکوژی خودا بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەتەیە خودان گوڕێکی ئەفسوونی پڕ لە نهێنی و وشەکانیشی وەک فۆرمۆلەیەکی سیحری سەری لێ دەشێواندم و سەرمەستی دەکردم و دڵی دەخستمە سەما. لە ڕاستیدا فیکری ئەو، سەمایەکی دیۆنیزیۆسی بوو، گۆرانییەکی سەرکێشی سەرکەوتن بوو کە پیرۆزمەندانە بۆ چەقی نائومێدانەترین ساتەوەختی تراژیدیای ئینسانی هەڵدەگژا. پێچەوانەی خواستی خۆم، ستایشی غەمیم کرد، ستایشی ئازایەتی و پاڤژییەکەی و ئەو دڵۆپە خوێنانەم کرد کە بە نێوچەوانیدا دەتکانە خوارەوە، وەک ئەوەی ئەویش، ئەم دژە مەسیحە، تاجی دڕکی بەسەرەوە بێت.

ئاوها بەکاوەخۆ و بەبێ ئەوەی ئاگادار بم، ئەم دوو قەڵافەتە، مەسیح و دژە مەسیح، یەکانگیری یەکدی بوون. کەواتە ئەم دووانە لە سەرەتاوە دوژمنی یەکدی نەبوون و لیوسفێر نەیاری خودا نییە. ئاخۆ دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان شەڕ لە خزمەتی خێردا بێ و هاوکاری بکات؟ وردە وردە لە میانەی خوێندنەکەمدا، کارەکانی ئەم پێغەمبەرە بێ خودایەم موتاڵا دەکردن و پلیکان بە پلیکان سەر دەکەوتمە سەر یەکەیەکی ئازایانەی پڕ لە ڕاز. لە فیکرەوە چووم کە ڕێوڕەسمی پیرۆزکردنی پلیکانی یەکەم بریتییە لەوەی خێر و شەڕ دوژمنی یەکدین، پلیکانی دووەم، بریتییە لەوەی خێر و شەڕ هاوکاری یەکدین، بەرزترین پلیکان کە تا ئێستا مرۆڤ توانیبێتی بیگاتێ لەو ڕێوڕەسمی پیرۆزکردنەدا ئەوەیە کە خێر و شەڕ یەکێکن.

لەسەر ئەم پلیکانە مامەوە، هەڵدەلەرزیم و بەدگومانییەکی ترسناک ڕوحی لەتوکوت دەکردم: ڕەنگ بێ ئەم قەدیسە کوفرکەرە منیش بەرەو کوفر ببات.

هەموو زستانەکە بەم زۆران گرتنەوە خەریک بووم. تا کات زیاتر تێدەپەڕی، بەرخۆدانەکە چیتر و منیش توندتر هەستم بە هەناسەبڕکێی دوژمن بەسەر سەرمەوە دەکرد. ڕق گۆڕا و زۆران گرتنەکە تەواوێک نارۆشنانە بووە ئامێز بۆ کردنەوە. پێشتر هەرگیز لە ژیانمدا ئاوها بەرچاو و بەسەرسوڕمانێکی ئاوهاوە هەستم بەوە نەکردبوو کە چۆن ڕق لە میانەی لێکحاڵیبوون و بەزەیی و هاودەردییەوە دەکرێ ببێتە ئەڤین. بەخۆم گوت: دەکرێ ئەوە ڕوو بدات، تەنانەت کاتێکیش کە خێر و شەڕ زۆران لەگەڵ یەکدیدا دەگرن. وەک بڵێی لە پێشاندا یەکێک بووبن و پاشان لێک جیابووبێتنەوە و ئێستاکانێش لە بەرخۆدانی ئەوەدا بن تا هەمدیس یەکانگیر ببنەوە. هەڵبەت دیاربوو کە زەمەنی ئەو یەکانگیربوونە یەکجارییە نەهاتبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، دەمتوانی لەمیانەی ئەزموونی خۆمەوە حوکمی ئەوە بدەم کە ڕۆژی ئەو ئاشتییە بێ چەند و چوونە دێت، واتە دانان بە حەریف و بەشداری کردنی ئازادانەیدا لەم پێکهاتە مەزنەی کە پێی دەگوترێت گەردوون، هارمۆنی.

ئای ئەی شەهیدی مەزن، ئەوەی بەر لە هەموو شتێک ڕایچڵەکاندم، ژیانە تراژیدییە پیرۆزەکەت بوو. گەورەترین دوژمنی تۆ، گەورەترین هاوڕێی تۆ- تاقە شتێک کە تا مردن بەرانبەرت بەوەفا مایەوە- نەخۆشی بوو. نەخۆشی هەرگیز لێت نەگەڕا لە ئاسوودەییدا بژیت، لێت نەگەڕا ڕاوەستیت و بڵێیت: «ئێرەم باشە، ئیدی زیاتر ناڕۆم!» تۆ بڵێسە بوویت، سووتایت و سووتاندت. تۆ دیار نەمایت و سووتووت لە دوای خۆتەوە بەجێهێشت.

**بەڵێ، دەزانم من لە کوێوە دێم**
**وەک بڵێسە وەهام، ناپێوڕێم**
**دەسووتێم و دەسووتێنم**
**بەر هەر شتێک بکەوم دەبێتە ڕووناکی**
**هەر شتێک لە دوای خۆمەوە جێ بێڵم**
**دەبێتە ڕەژوو**
**بە دڵنیاییەوە ئەز بڵێسەم.**

کە بەهار هات و هەوا کەمێک گەرمتر بوو، سەفەری حەجێکم گرتەبەر تا دڵۆپە خوێنە گەرمەکانی تۆ بدۆزمەوە و لەسەر هەموو هەوراز و نشێوێکی بەرخۆدانی قارەمانانەی شەهیدبووونتدا شوێن پێیان هەڵگرم.

سەر لە بەیانییەکی باراناوی، لەنێو تەمومژ و بەنێو جادە باریک و قوڕاوییەکانی ئەو گوندەدا کە تێیدا لە دایک بوویت، بە دواتدا گەڕام. دواتر لە نزیک ئەو گوندە و لەو شارە گچکەیەدا بە کڵێسا دڵگیر و گۆتییەکانییەوە،ماڵی دایکتم دۆزییەوە، ماڵێک کە لە شاڵاوە قورسەکانی (تا)دا، پەنات بۆ دەبرد تا هەمدیس بە بوونەوە بە منداڵی ئەو ژنە، تاکەت هێور بێتەوە. بە درێژایی ڕێگا خوداییەکانی نزیک کەناری جێنوادا ڕۆیشتم، جێگایەک کە تۆ تێیدا لەزەتێکی زۆرت لە زەریا، لە ئاسمانە میهرەبانەکەی شار و لە خەڵکە سادە و ساکارەکەی دەبرد.

تۆ هێند ئارام و هەژار و دەم بە زەردەخەنە دەژیایت، کە ژنانی گەڕەک بە قەدیس بانگیان دەکردیت. هەروەک لەبیرتە، پلانت هەبوو دەست بە ژیانێکی سادە و هێمن بکەیت: «ئازاد بیت کە کەس بێزار نەکەیت، خاوەن شانازییەکی دڵگیر و شاراوە بیت. سووکەڵە بیت، خواردنەوەی قورس نەخۆیتەوە، خۆت خواردنی سادەی خۆت ئامادەکەیت، هاوڕێی دەسەڵاتدارت نەبێت، باکت بە ژنان نەبێت، ڕۆژنامە نەخوێنیتەوە، ئارەزووی ئەوەت نەبێ کە خاوەن هیچ جۆرە پلەو پایەیەک بیت، هاموشۆت لەگەڵ دەستەبژێران هەبێ و ئەگەر ئەوانەت بۆ نەدۆزرانەوە، ئەوە هاموشۆت لەگەڵ خەڵکانی ساکاردا هەبێ.»

وەی چەندێک وروژام کاتێک لەژێر خۆرەتاوێکی بەهاریدا لە ئەنگادین، لەنێوان (سیلس- ماریا) و (سیلڤا پلانا)دا بەدوای ئەو گابەردە شێوە قوچەکییەدا دەگەڕام کە لەوێ بۆ یەکەم جار ڕوبای (گەڕانەوەی ئەبەدیی) لێیدایت! کەوتیتە دادو بێ دادکردن: «ژیانم تاڵە و بەرگە ناگیرێت، بەڵام با هەر پیرۆز بێ و بێ شومار دووبارە بێتەوە!» تۆ تامی شادمانی تاڵی قارەمانانت چەشت کە ڕوحە گچکەکان وەک شەهیدبوونێک دەیانبینی. بینینی خەرەندەکەی بەردەمت و پێشڤەچوون بەبێ ئەوەی سووکایەتی بەخۆت بکەیت و ترس داگیرت بکات.

چیا شینە ڕووناکەکان لەژێر هەتاودا دەتگوت دووکەڵن. لە مەودایەکەوە گەرمەیەک دەهات و من دەمبینی کە چۆن تاشە سەهۆڵێک هەڵدەدێرایە خوارەوە. بیرم کەوتەوە کە هاوڕێکەت چی بۆ نووسیبوویت. بۆی نووسیبوویت: «کاتێ کتێبەکانت دەخوێنمەوە، وا هەست دەکەم لە دوورەوە تافەتافی قەڵبەزە دەبیستم!»

لە ڕێگەمدا بەناو سیلس- ماریادا، ڕێک لەو کاتەیدا کە بەلای چاڵاوە بچووکەکەی پاڵ سەرقەبرانە هەژارانەکەدا تێپەڕیم، بە ڕاچڵەکینەوە- کوتومت وەک تۆ کاتێ لە ناکاوێکڕا زەردەشتت لە پاڵ خۆتدا بینی، منیش سێبەرەکەی خۆمم لە ئەرزەکەدا بینی بووەتە دووان. تۆ لە تەنیشتمەوە دەڕۆیشتیت.

تۆ ئەی شەهیدی مەزن، تەواوی بەرخۆدانەکانت لە زەینمدان. گەنج و هەڵایساو و ماندوویی نەناسانە هەموو قارەمانانت بەر ڕێژنەی پرسیار دەدان تا ئەوەیان هەڵبژێریت کە دڵت زەوت دەکات. ڕۆژێکیان شۆپێنهاوەر، ئەو براهمەنەی باکوورت بینی. لەبەر پێیدا دانیشتیت و ڕویا قارەمانانە نائومێدانەکەت لە بەرەی ژیانەوە وەدیار خست: دنیا خوڵقێنراوی خۆمە. هەموو شتێک، چ دیار و چ نادیار، خەونێکی فریودەرانەیە. جگە لە ئیرادە چ شتێکی تر بوونی نییە، ئیرادەیەکی نابینا، بێ سەرەتا، بێ کۆتایی، بێ ئامانج، بێ باک، نا لۆژیکی و هیولایی. کاتێک دەترنجێتە چوارچێوەی زەمەن و شوێن، ئیدی خۆی بەسەر شێوەگەلی بێ شوماردا دابەش دەکات، بنبڕیان دەکات، شێوەگەلی نوێ دەخوڵقێنێ و هەمدیس وردوخاشیان دەکاتەوە و تا ئەبەد ئەمە دووبارە دەبێتەوە. چ شتێک نییە بەناوی پێشڤەچوون. ئەقڵ چارەنووس بەڕێوە نابات. ئایین و ئێتیک و فیکرە مەزنەکان تەسەللایەکی بێ نرخن و تەنێ بۆ ترسنۆک و دەبەنگان باشن. ئینسانی بەهێز کە

تێدەگات، بە ئارامی لە گومڕایی بێ مانای جیهان دەنۆڕێ و شادمان دەبێ بە تێکوپێکدانی ڕووپۆشی ڕەنگاوڕەنگ و تەمەن کورتی مایا(٢).

ئەی پێغەمبەری ئایندەی ئینسانی باڵا، هەموو ئەوەی کە پێشبینیت کردبوو، هەنووکە لە فۆرمی تیۆرییەکی تۆکمە چنراودا وەدیار دەکەوتەوە و دەگەیشتە ترۆپکی ڕویای قارەمانی، شاعیر و فەیلەسوف و جەنگاوەر کە لەنێو دڵتدا دەجەنگێن، هەنووکە دەبوونە برا. ئیدی زاهیدی لاو، ماوەیەک لە بەختەوەری تەنیاییدا و لە میانەی پیاسە درێژەکانیدا، تامی موزیکی چێژت.

ڕۆژێکیان کە لە چیا گەردەلوولێک بەسەرتا هەڵیکرد، نووسیت: «من چ باکم بە پەیامە ئێتیکییەکان هەیە؟ ئەمە بکە و ئەوەیان مەکە! چەند شتی جیاوازن برووسکە و تۆفان و تەرزە! هێزی ئازاد و خاڵێن لە فەرموودەی ئەخلاقی. چەند بەختەوەر و بەهێزن ئەو قودرەتانەی کە فیکر جاڕس ناکەن!»

ڕوحت لە تفتوتاڵییەکی قارەمانانەدا لە هۆشی خۆی چوو کاتێ ڕۆژێکیان لە هەڕەتی لاویدا، چاوت بەو پیاوە چارەنووسسازە، بە ڕێنوێنەکەی دوای شۆپنهاوەرت کەوت، پیاوێک کە بەهێزترین شادمانی بە ژیانت بەخشی- ڤاگنەر.

ساتەوەختێکی مەزن بوو، تەمەنت بیست و پێنج ساڵان، هەڵایساو و گۆشەگیر، بە مەزاجێکی خۆش و چاوانێکی قووڵ و ڕاماو و سەرحاڵەوە. ڤاگنەر تەمەنی پەنجا و نۆ ساڵان، لە ترۆپکی هێزدا، تەژی لە خەون و کار، هێزێکی سروشتی بوو، کە بەسەر سەری نەوەی نوێدا تەقییەوە. بەسەر گەنجاندا هاواری دەکرد: «وەرن، من شانۆیەکم دەوێ کە تێیدا بە ئازادی بکەومە داهێنان، وەرن و ئەوەم بدەنێ. خەڵکێکم دەوێ کە تێم بگەن، خەڵکێک کە ببنە هی خۆم! یارمەتیم بدەن، ئەوە ئەرکی ئێوەیە! من دەبێ بەرەو ناوبانگتان ببەم!»

هونەر تاقە ڕزگاری بوو. ڤاگنەر بۆ شا لودڤیگی دووەمی نووسی: «هونەر لە میانەی بەرجەستەکردنی ژیانەوە وەک گەمەیەک، ترسناکترین دیوەکانی ژیان بە وێنەی جوان دەگۆڕێت، بەو تەرزە هونەر هەڵماندەگژێنێ و سەبووریمان پێدەبەخشێت.»

گوێت ڕادەدێرا و وشەکانی مامۆستات دەکردە گۆشت و خوێن و لە پاڵیدا دەجەنگایت. سەرنجی فەیلەسووفانی پێش (سوکرات)ت دەدا و ناکاو لە ئەرزەوە، قۆناغێکی گەورە و قارەمانانە لە پێش چاوانتدا وەدیار دەکەوت، قۆناغێکی پڕ لە برووسکەی شەنگ، ئەفسانەی ترسناک، غایلەی تراژیدییانە و ڕوحگەلی تراژیدی کە بە ئەفسانەگەلی شادیهێن پردیان لێدەدا و ئاوها بەسەریدا زاڵ دەبوون. ئێرە ئیدی ئەو گریکلاندە نەبوو کە مامۆستایانی قوتابخانە بە سادەیی بۆیان وێنا کردبووین، بەڵکو سەرزەمینێکی هاوسەنگ و بێ غەم و بە ئاسوودەییەکی سافیلکانە و زەردەخەنە ئامێزەوە لە ژیان و مردنی دەنۆڕی. ئەم ئاسوودەیە لە کۆتاییدا دەهات، میوەی درەختێکی داغبوو بوو کە کەوتبووە ژاکان. بەر لە هاتنی ئاشتی، بێ سەروبەری لە سینگی گریکلاندا دەیناڵاند. خودایەکی بێ جڵەو، دیۆنیزیۆس،- لە چیا و ئەشکەوتەکاندا، ژنان و پیاوانی بۆ سەمایەکی شێتانە ڕادەکێشا. تەواوی گریکلاند وەکی مایناداد(٣) یەک سەمای دەکرد.

بەتین و تاوی ئەقڵی تراژیک، هەوڵت دەدا کەرت کەرتی خەونەکەت لە گشتێکدا جێگە بکەیتەوە. ئاپۆڵۆ و دیۆنیزیۆس، ئەو دووانە پیرۆزەن کە تراژیدیا دەهێنە دنیا. ئاپۆڵۆ خەون دەبینێ و هارمۆنییەت و جوانی دنیا لە فۆرمگەلی ڕۆشندا دەبینێ. لە زەریای بە گێژەنی دیاردەکاندا، ئارام و دڵنیا و بێ جووڵە ڕادەوەستێ و لەو دیو ئیندیڤیدیۆلیتەوە خۆی دەپارێزێ و لەزەت لە شەپۆلەکانی خەون دەبات.

نیگای ڕووناکییە و کاتێ ڕق، یان غەم باڵی بەسەردا دەکێشن، هاوکێشی خوداییانە جاڕس نابێت.

دیۆنیویۆس ئیندیڤیدیۆلییەت تێکوپێک دەشکێنێ. نغرۆ دەبێتە نێو زەریای دیاردەکانەوە و ڕەدووی شەپۆلە ترسناک و ناهەمیشەییەکان دەکەوێت. ئیدی ئینسان و گیانەوەرانی کێویی دەبنە برا، مەرگ دەبێتە یەکێک لە دەمامکەکانی ژیان.

وەهمی ڕەنگاوڕەنگی چاوبگیر دەدڕێ و ئیدی ڕووبەڕوو دەگەینە حەقیقەت. کام حەقیقەت؟ ئا، حەقیقەتی ئەوەی کە ئێمە هەمووومان یەکێکین، هەموومان پێکەوە خودا دەخولقێنین، حەقیقەتی ئەوەی کە خودا سەلەفی ئینسان نییە، بەڵکو نەوەیەتی.

گریکییەکان لەپاڵ قەڵای ئاپۆڵۆدا، لەسەرەتادا هەوڵیان دا ئاستەنگێک لەبەردەم ئەم هێزە جڵەو نەبووە

دیۆنیزیۆسییەدا هەڵچن کە لە ئەرز و زەریاوە دەهات تا خۆی بگەیەنێتە سەرزەمینی گرێکلاند، بەڵام دواجار نەیانتوانی بە تەواوەتی دیۆنیزیۆس جڵەو بکەن. ئەو دوو خودایە زۆرانیان گرت و هیچ کامیان نەیتوانی ئەوی تریان بە ئەرزدا بدات، ئیدی ئاشتبوونەوە و تراژیدیایان خوڵقاند.

سرووتە سەما ئامێزە دیۆنیزیۆسییەکان لە دڕندەیی داماڵران و لە نازکی جڵەوبووی خەوندا پڕشنگیان دەدا، بەڵام دیۆنیزیۆس تا ئەبەد وەک پاڵەوانی هەمیشەیی و تاقانەی تراژیدیا مایەوە. تەواوی قارەمان و ژنە قارەمانانی تراژیدیا دەمامکی ئەو خودایەن- زەردەخەنە و فرمێسکن کە هێور بەشکۆی ئاپۆلۆنی دەدرەوشێنەوە.

تراژیدیای گرێکی لە ناکاوێکرا لەناوچوو. شیکاریی لۆژیکانە مراندی. سوکرات بە دیالێکتیکی خۆی، هۆشیاریی ئەپۆلۆنی و مەستی دیۆنیزیۆسییانەی لەناو برد.

یۆربیدس تراژیدیای کردە هەستێکی قووڵی تەواو مرۆڤانە، کردییە پەیامێکی سۆفیستایی ئایدیا تازەکان، بەوەش جەوهەرە تراژیدییەکە مرد و زایە بوو.

بەڵام مەستی دیۆنیزیۆسی وەک خۆی مایەوە و لە سوننەتە نهێنی و ساتەوەختی نەشوە مەزنەکانی ژیانی مرۆڤدا درێژەی بە مانەوەی خۆی دا. ئاخۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی لە قەڵافەتی خوداییانەی هونەردا دەرازێنێتەوە؟ ئایا ڕوحی سوکراتی – بە واتایەکی تر زانست – هەتا هەتایە دیۆنیزیۆس بە دیلی دەهێڵێتەوە؟ یان هەنووکە کە ئەقڵی ئینسان پەی بە سنوورەکانی خۆی بردووە، دەشێ شارستانییەتێکی نوێ کە سوکرات سیمبۆلی بێ- سوکراتێک کە دواجار خۆی فێری مۆسیقا دەکرد- وەدیار کەوێ؟

تا هەنووکە ئایدیاڵی شارستانیەتی ئێمە بیریاری ئەسکەندەرییە بوو، بەڵام تاجی سەر سەری زانست کەوتە لەق بوون. جار دوای جار ڕوحی دیۆنیزیۆسی بێدار دەبووەوە، موزیکی ئەڵمانیایی لە (باخ)ەوە تا ڤاگنەر ئاشکراکەری ئەو گەیشتنە جێیە بووە. سپێدەی شارستانیەتێکی تراژیکی نوێ لە وەدیارکەوتندا بوو. تراژیدیا سەر لەنوێ لە دایک دەبووەوە. ئاخۆ ئەمە چۆن دەگۆڕدرا، ئەم جیهانە وەهمییە، ئەم بیابانە تاریکەی شۆپێنهاوەر! چۆناوچۆنی هەموو شتە مردوو و بێ جووڵەکان بە دەوری ئەو گێژەڵووکەی ڕەخنەی ئەڵمانییەدا کەوتنە وژە وژ! پێغەمبەری لاو هاواری کرد: «بەڵێ هاوڕێیانم! وەک من باوەڕ بێنن بەو ژیانە دیۆنیزیۆسییە و بەو لە دایکبوونەوەیەی تراژیدیای دیۆنیزیۆسی! سەردەمی سوکراتی تێپەڕی! گۆچانی باخۆس بەدەستەوە بگرن، تاجی لاولاو لەسەر نێن، بوێرن ببنە ئینسانی تراژیک، خۆتان بۆ جەنگی مەزن ئامادەکەن و باوەڕتان بە دیۆنیزیۆس هەبێت!»

ئەی نیتشە تۆ ئومێدگەلێکی ئاوهات بۆ سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی دنیا لەسەر کارەکانی ڤاگنەر هەڵچنیبوون. ئەو شارستانێتی تراژیدیا نوێیە لە ئەڵمانیاوە دەست پێدەکات. ئەسخیلۆسی نوێ لەبەردەمماندا ڕادەوەستێ، دەژی، دەجەنگێ، دەخوڵقێنێ و پێویستی بە کۆمەکی ئێمەیە.

بەڵام ئایندەبینییەکانی تۆ چ سەرنجێکیان بۆ لای خۆیان ڕانەکێشا. خوێنەوارەکان ڕقیان لێتبوو، گەنجەکانیش نەجووڵان. ئازار باڵی بەسەردا کێشایت و نائومێدیی لە ناوەوترا لە دایکبوو. کەوتیتە گومان لەوەی ئاخۆ دەکرێت ئینسانی ئەمڕۆ بگاتە باڵایی. نەخۆش کەوتیت و قوتابییەکانت لە زانکۆ دەسبەردارت بوون.

چ پەژارەیەکی دڵگوشەر بوو. شاعیرەکەی ناخت خەرەندی بە گوڵی هونەر دەپۆشاند، بەڵام فەیلەسووفەکە بەهەر نرخێک بایە دووی زانست دەکەوت و ئارەزووی فێربوونی هەبوو، ڕقی لەهەر تەرزە تەسەللایەک بوو بە هونەریشەوە.

یەکەمیان،- شاعیرەکە- دەیخوڵقاند و ئاهێکی وەبەردا دەهاتەوە، دووەمیشیان،- فەیلەسووفەکە- لە بەرانبەردا ڕاڤە و شیکاری دەکرد و هەڵی دەوەشاندەوە و نائومێدی دەورووژند. زەینی ڕەخنەیبیت بتەکانی دەشکاند. لەخۆت دەپرسی: (هونەری ڤاگنەر چ بەهایەکی هەیە؟ هونەرێکی بێ فۆرم و بێ باوەڕە، هونەرێکە هەناسە تەنگ، ڕیتۆڕیکی و بەبێ سەرمەستی و شکۆی پیرۆز، ڕێک وەک هونەرەکەی یۆربیدس. هونەرێک کە تەنێ بۆ ژنانی هێستریک و بۆ گاڵتەگێڕ و نەخۆشان باشە.) هەنووکە نیمچە خوداکەی تۆ بۆ ئاستی گاڵتەگێڕێک دارزی بوو.

ئەو فریوی دابوویت، قسەی خۆی نەبردووە سەر.

هەنووکە کاری لەسەر مۆتیڤە مەسیحییەکان دەکرد، (پارسیفاڵ)(٤)ی دەنووسی. قارەمان،– هەمان ئەو کەسەی کە بەڵێنی دابوو ئەفسانەی نوێ بخوڵقێنێ و پڵنگی ئەقڵ بە گالیسکەکەی دیۆنیزیۆسەوە ببەستێ، بەزێنرا و لەبەر پێی خاچدا هەرەسی هێنا و کەوت.

هەنووکە ئەوەت هێنایە سەر زار کە هونەر حەقیقەت بە وێنەی جوان حەسار دەدات. هەر بۆیە دەبێتە تەسەللا بۆ ترسنۆکان. دەی با حەقیقەت بدۆزینەوە تەنانەت ئەگەر ئەوە بە بەهای ژێرەوژوور بوونی دنیاش بێت.

ئەم هاوارە نوێیە، پێچەوانەی هاواری یەکەم بوو. رەخنەگرەکەی ناخت بەسەر شاعیردا سەرکەوت و حەقیقەت جوانی بەزاند، بەڵام هەنووکە شۆپێنهاوەریش نەیدەتوانی برسێتی گەورەی روحت تێرکات. ژیان بە تەنێ ئیرادە بۆ ژیان کردن نییە، بەڵکو شتێکی بەهێزترە: ئیرادەی زاڵبوونە. ژیان قایلمەند نابێ بەوەی کە وەک خۆی بهێڵرێتەوە، بەڵکو دەیەوێ باڵ بکێشی و زەوت بکات.

هونەر چیدی ئامانجی ژیان نەبوو، بەڵکو لە نێوەندی جەنگدا پشوویەکی کەم خایەن بوو، باڵاتر لە شیعر زانستە و گەورەتریش لە ئەسخیلۆس سوکراتە. بەرزتر لە درەوشاوەترین و بە بەرترین درۆکان، حەقیقەتە تەنانەت ئەگەر کوژەریش بێ.

تێکشکاو و نەخۆش لە جێگایەکەوە دەچوویت بۆ جێگایەکی تر و گەرما لە پەلوپۆی دەخستیت، با دەمارەکانی وەدیار دەخستیت، بەفر چاوانتی بریندار دەکرد.

نەتدەتوانی بنوویت، حەبی خەوت بەکاردەهێنا. تۆ لە هەژاریدا دەژیایت و بەبێ ئاسوودەیی و بەبێ ژیان لە ژووری گەرموگوڕدا. بەردەوام بە شانازییەوە دەتگوت: «نەخۆش چ مافێکی ئەوەی نییە کە ژیان بە نەفرەت بکا». ستڕانی شادمانی و تەندروستی، رۆشن و لە چەمانەوە نەهاتوو، لە عەزابەکانتەوە بەرز دەبووەوە.

هەستت دەکرد تۆوێکی مەزن بە گوڕێکی هەڵلووشەرەوە لە ناختدا پێدەگات. رۆژێکیان کە لە ئەنگادین پیاسەت دەکرد، لە ناکاوێکڕا ترسایت و راوەستایت. بیرت کردەوە کە زەمەن بێ سنوورە و ماددەش سنووردار، واتە ئەو ساتەوەختە دێت کە هەموو ئەم تێکەڵەیەی ماددە بە نەگۆڕاویی، رێک وەک خۆی لە دایک دەبێتەوە. دوای هەزاران سەدە، کەسێکی وەک من دێت و لەسەر هەمان گاشەبەرد رادەوەستێ و هەمان بیرۆکەی بۆ دێت! ئەمە تەنێ یەک کەڕەت روونادات، بەڵکو ژمارەیەکی بێ شومار جار. بەم جۆرە چ ئومێدێک نییە بە ئایندەیەکی باشتر، چ رزگارییەک لە گۆڕێ نییە، بۆ هەمیشە و بە تەرزێکی نەگۆڕاو بەدەوری رەوڕەوەی زەمەندا دەسوڕێینەوە. بەم شێوەیە زوو تێپەڕترین شتەکان دەبنە شتگەلی ئەبەدی و بێ ماناترین کردارەکانمان ماناگەلی پێشبینی نەکراو وەدەست دێنن.

لە نەشوەی عەزابدا رۆدەچوویت. واتە عەزابی تۆ بێ کۆتایی و عەزابی دنیاش بێ چارەسەر، بەڵام بە شانازییەکی زاهیدانانەوە، شادمانانە پێشوازیت لە شەهادەت کرد.

لە فیکرەوە چوویت: «دەبێ کارێکی نوێ بخوڵقێنرێ، ئەرکی منە ئەوە بخوڵقێنم و ئینجیلێکی تر بە بەشەرییەت راگەیەنم، بەڵام لە چ فۆرمێکدا؟ لە سستمێکی فەلسەفیدا؟ نا! فیکر دەبێ لە سەبکی لیریکدا سەرکات. داستان؟ ئایندە بینی؟» لە ناکاوێکڕا قەڵافەتی زەردەشت لە زەینتدا پرشنگی دا.

لە میانەی دۆخێکی ئاوهادا بوو لە شادمانی و ژان کە (لیو سالومێ) تۆی دۆزییەوە.

ئەم ژنە سلاڤە ئاگرینە، بە هۆشە تیژ و ورووژێنەر و پەیجۆرەکەیەوە، تماکارانە بەسەر تۆدا، ئەی شەهیدی گەورە، دانەوییەوە و گوێی بۆ رادێرایت. تۆ سەخاوەتمەندانە روحی خۆت پێدا و ئەویش دەم بە زەردەخەنە روحی هەڵمژیت بەبێ ئەوەی تێر بێت. ساڵانێک بوو دەروازەی دڵت بە ئاوها دڵنیاییەکەوە نەخستبووە سەر پشت، بڵێسەی تین و تاو و سەمەرێک کە ژنان لە روحی ئیمەدا پێی دەکەن، لە روحتدا پێ نەبوو. هەستت کرد دڵت لەژێر زرێ جەنگییە قورسەکەتدا دەتوێتەوە. ئەو ئێوارەیەی خۆت کرد بە هۆدە زاهیدانەییەکەتدا، بۆ یەکەمین جار فەزای ژیانت بۆنی ژنی گرت و ئەو بۆنەت تا قووڵایی روحت هەڵمژت.

ئەی زاهید، ئەو راچەنینە رووناکە بۆ نێو ئەو چیایانەی کە پەنات تێیاندا گرت، بە دواتدا هاتن. بە ئارامی چاوەڕێی گەیشتنی نامەی ئەو ژنە بوویت. رۆژێکیان هەشت بەیت شیعری بۆ هەناردیت و دڵت وەک دڵی کوڕێکی تەمەن بیست ساڵان، وەخورپە کەوت. لەژێر

دارسنەوبەرە لاکەوتەکاندا کەوتیتە خوێندنەوەیان.

**ئۆف، کێ دەتوانێ هەڵبێ کە هۆگرت بووبێ و**
**چۆن دەتوانێ نیگا قووڵەکانتی لەیاد بچێ**
**من ئەگەر هۆگرت بم، ناخوازم هەڵبێم**
**چونکە تەنێ بە وێرانکردنەوە ناوەستیت**
**دەزانم تۆ لەنێو هەموو مەخلۆقەکاندا دەژیت**
**چ شتێک لەسەر عەرد نییە قوتار بێت لێت**
**چەند جوانە ژیان بەبێ تۆ**
**لەگەڵ ئەوەشدا چەند خۆشە لەگەڵ تۆدا بژیم!**

دوای ئەوە یەکسەر ڕۆژانی شوومی جودایی هاتن. ئەو ژنە لێت تۆقی. دەتگوت دارستانێکی شەوانەیت و ئەو ژنە لە تاریکییەکەتدا ئەو خودا گچکەیە نابینێ کە پەنجەی نابووە سەر لێوی و زەردەخەنەی بۆ دەکرد. عەزابت دەستی پێ کردەوە، نەخۆشی و جێهێشتن و بێ دەنگی هاتنەوە وێزەت. پێت وابوو لە درەختێک دەچیت کە لەژێر باری میوەدا چەمابیتەوە و خواخوای دەستگەلێکت بێ بێن و میوەکانت بڕنن.

لە گوێ ڕێگەکان ڕادەوەستایت و لە خوارەوە، لە شارەکانی ئینسانت دەنۆڕی، کەچی کەس نەدەهات. لە تەنیایی خۆتدا هاوارت دەکرد: «ئاخۆ چ کەسێک نییە خۆشی بوێم؟ کەسێک نییە سووکایەتیم پێ بکات، گاڵتەم پێ بکات؟ کوانێ کلێسا کە دوورم بخاتەوە؟ کوانێ دەوڵەت سەرم بپەڕێنێ؟ من هاوار دەکەم و هاوار دەکەم، ئەرێ گوێتان لێم نییە؟»

لە فیکرەوە چوویت: ئۆف لەم تەنیاییە و لەم هیجرانەی کەسێک کە خۆشت دەوێ! نا، هەرگیز، هەرگیز جارێکی تر ئەو ساتەوەختانە ناژیمەوە! من دەبێ دەروازەیەکی ئازادی لە بازنەی داخراوی گەڕانەوەی ئەبەدیدا بکەمەوە.

ئومێدێکی نوێ لە ناوەوەترا پرشنگی دا، تۆوە نوێیەکە، ئینسانی باڵا. ئینسانی باڵا ئامانجی ئەرز بوو، ئەو ڕزگاری بوو، ئەو وەڵام بوو بۆ ئەو پرسیارە دێرینەت کە ئاخۆ ئینسانی ئەمڕۆ بە باڵایی دەگات. با، دەگات. نەک لەڕێی مەسیحەوە کە بێ باوەڕێکی وەک ڤاگنەر لە کارە نوێیەکەیدا وەعزی بۆ دەدا، بەڵکو لە ڕێگەی ئینسان خۆیەوە، لە میانەی چاکە و بەرخودانی ئەرستۆکراتییەتی نوێوە. ئینسان دەتوانێ ئینسانی باڵا بهێنێتە دنیا. گەڕانەوەی ئەبەدی چنگی لە گەرووت نابوو. ئینسانی باڵا ئەو چیمێرا(٥) نوێیەیە کە ترسی ژیان ڕادەماڵێ، چی دی هونەر نا، بەڵکو کردار. تۆ ئەی دۆن کیشۆتێ، خودات بە ئاشێکی هەوایی زانی و کەوتیتە وێرانکردنی.

هاوارت کرد: «خودا مرد!» واتگوت و ئێمەت هێنایە سەر لێواری خەرەند. تەنێ ئومێدێک ماوە، ئەویش ئەوەیە کە ئینسان پێویستە لە سروشتی خۆی ئەولاوەتر بڕوا و ئینسانی باڵا بخوڵقێنێ. ئەمە ئەو کاتەیە کە ئیدارەی تەواوەتی و ڕێکخستنی سەراپاگیریی کەونی دەکەوێتە ئەستۆ و گوڕی هەڵگرتنی بەرپرسیارییەکی ئاوهای دەبێ. خودا مرد و عەرشەکەی چۆڵوهۆڵە و ئێمە لە جێگاکەی دادەنیشین. چما ئیدی ئێمە لە دنیادا تەنیاین؟ ئاخۆ پێشەوا مردووە؟ باشتر. لەمەولا کار دەکەین، نەک لەبەر ئەوەی ئەو ئەمرمان پێ دەکات، نەک لەبەر ئەوەش کە لێی دەترسین، یان ئومێدمان پێیەتی، بەڵکو لەبەرئەوەی خۆمان دەمانەوێ کار بکەین.

گەڕانەوەی ئەبەدی نائومێدییە و ئینسانی باڵاش ئومێدێکی گەورە. ئەدی چۆناوچۆنی دەتوانرێ ئەم دوو دنیابینییە دژ بەیەکە هاوئاهەنگ بکرێن؟ ئەمە ئازارێکی قورسە. لەو کاتەوە بە دوا ڕوحت بەسەر لێژبی دێوانەییەوە دەشەکایەوە.

زەردەشت تەنێ بووە هاوارێک. ئەم شیعرە تراژیکەت بە نیوەناچڵی وەلانا و هەنووکە هەوڵت دەدا بەشێوەیەکی زانستی بیسەلمێنیت کە جەوهەری ژیان ئیرادەیە بۆ دەسەڵات.

ئەورووپا لە نغرۆ بووندایە. دەبێ خۆی تەسلیمی پڕەنسیپی توندوتیژانەی ڕابەرەکانی بکات. مۆراڵی گشتی ئەمڕۆ کاری کۆیلەکانە. پیلانێکە کە لاوازەکان دژی بەهێزەکان چنیویانە، ڕەو دژی شوان هۆنیویانەتەوە. کۆیلەکان بە خۆپەرستییەکی فیلبازانەوە نۆڕمەکان بۆ قازانجی خۆیان هەڵبەز و دابەز پێدەکەن: خراپ بووەتە بەهێز و باشیش بووەتە نەخۆش و لاواز. ئەوانە بەرگەی عەزاب ناگرن، ئەوانە مرۆدۆست و مەسیحی و سۆسیالیستن. تەنێ ئینسانی باڵا بەر لەهەر شتێ توندە بەرامبەر خۆی، ئەوە کە دەتوانێ پەیامی نوێ بنووسێ و ئامانجی نوێ ببەخشێتە جەماوەر.

ئەو ئامانجانە چین، چۆن دەستەبژێران و ڕەشە خەڵک

رێک دەخرێن، ڕۆڵی جەنگ لەم قۆناغە تراژیکییە نوێیەی مێژووی ئەورووپادا چییە: ئەمانە لەو کێشانە بوون کە لە دوایەمین ساڵانی لەشساغیتدا شەکەتیان کردبوویت. کاتێک نەتتوانی وەڵامیان بدەیتەوە، ئیدی ئەقڵت لە دەست دا و هەمدیس سەر لەنوێ خۆت بۆ قەسیدە دێرینە دیۆنیزیۆسییەکان تەرخان کردەوە. بە پێشبینی کردنێکی خەمینەوە سترانی (قوو)(٦)ەکەی خۆت چڕی:

**خۆر ئاوا دەبێ**
**زوو بەزوو تینوویێتیت دەشکێ**
**ئەی دڵی سووتێنەرم**
**هەوا فێنکتر دەبێ**
**هەست بە هەناسەبڕکێ دەکەم**
**لە زارگەڵی غەریبەوە**
**سەرمای مەزن چۆک دادەدا**
**هەوا ئارام و ڕۆشنە**
**چما ئەم شەو بە نیگایەکی ئەفسوونگەرانەوە**
**لەلاوە تەماشام ناکەیت؟**
**ئەی دڵی دلێری من... بەهێز بە!**
**مەپرسە بۆ!**
**ئەمە زەردەپەڕی ژیانمە!**
**خۆر ئاوا دەبێ.**

ئەوەی ئینسان بۆی نییە ببینێ، تۆ بینیت و ئیدی کوێر بوویت. تۆ لە سەروو توانای ئینسانەوە، لە گوێ خەرەند سەماتکرد و هەڵدێرایت و هەلاهەلا بوویت.

دەستوبرد تاریکی باڵی بەسەر ئەقڵتدا کێشا و ئەوە یازدە ساڵ، تا مردنتی خایاند.

جاروبار کتێبێکت بەدەستەوە دەگرت و دەتپرسی: (ئاخۆ منیش کتێبی جوانم نەدەنووسین؟) کاتێ پۆرترێتی ڤاگنەریان پیشان دایت، گوتت: (ئەم پیاوەم زۆر خۆش دەویست!)

هەرگیز، تەنانەت کە منداڵیش بووم، ئاوها چڕوپڕ لە خوێندنەوەی ژیاننامەی قەدیساندا ڕۆنەچووبووم، هەرگیز نەمژنەڤتبوو کە هاوارێکی لەمە جەرگبڕتر لە سینگی ئینسانەوە بەرزبووبێتەوە. دوای کۆتایی هاتنی سەفەری حەجەکەم لە گولگاتای نوێ و گەڕانەوەم بۆ پاریس، هەستم کرد کە دڵم زیاتر لە ئەقڵم، بە گۆڕانێکی گەورەدا تێپەڕیوە. هێند توند ژانی ئەم شەهید و زاهیدە مەزنەم ئەزموون کردبوو، هێند بەتاو زامەکانم هاتبوونەوە سۆ کاتێک شوێن پێ خوێناوییەکانیم هەڵدەگرت کە ئیدی شەرمم لە ژیانی باش ڕێکخراو و ترسنۆکانەی خۆم دەکرد، ژیانێک کە ئازایەتیی ئەوەی نەبوو پردەکان لەدوای خۆیەوە وێران کات و تەواوێک تەنیا بەرەو گۆڕەپانی ئازایەتی و نائومێدیی ڕەها بچێ. ئەدی ئەم پێغەمبەرە چی کردبوو؟ بالاترین پەیامی چ بوو؟ پێی گوتین دەبێ حاشا لە تەواوی خوداکانی تەسەللا بکەین. حاشا لە زێدی باوان، لە فەیلەسووفانی مۆراڵ، لە حەقیقەتەکان- تۆ دەبێ تەنیا بیت و تەنێ بە گوڕی خۆت جیهانێک بخوڵقێنیت کە دڵتی تێدا شەرمەزار نەبێت. خەتەرناکترین شت چییە؟ من ئەوەیانم دەوێ. ئەدی دلێرانەترین شادمانی کامەیە؟ ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی تەواو هەڵگریت!

هەندێ جار کاتێ بەژێر دارکەستانەکانی پاریس، یان بەدرێژایی کەنارەکانی ڕووبارە بەنێوبانگەکەیدا دەڕۆیشتم، لە ناکاوێکڕا سێبەرەکەیم لە نزیک خۆمەوە هەست پێدەکرد، بێ دەنگ تا خۆرئاوابوون بە تەنیشت یەکدییەوە دەڕۆیشتین. وی هەناسەی کورت و سوار و بۆنی گۆگردی لێدەهات. بیرم دەکردەوە کە ڕەنگ بێ لە دۆزەخەوە گەڕابێتەوە. منیش هەناسەم کورت و سوار. چیدی زۆرانمان نەدەگرت.

ئاشت ببووینەوە. وی تەماشای دەکردم و ڕوخساری خۆمم لە سۆمای چاوانیدا دەبینی، بەڵام عەزاب سارییە و عەزابەکەی ئەو منیشی گرتەوە. لەگەڵ ئەودا منیش کەوتمە هەوڵدان بۆ هاوڕەنگ کردنی ناسازگار، بۆ ئاشت کردنەوەی ئومێدی گەورە لەگەڵ نائومێدیی گەورە و کردنەوەی دەرگایەک لەودیو ئەقڵ و یەقین.

ئێوارەیەکیان کاتێک خۆر لە ئاوابووندا و دەمانەویست لە یەکتر جیابینەوە، ئەوێک کە هەرگیز لە گەڵمدا نەدەدوا، ڕووی تێکردم و گوتی: «منم دیۆنیزیۆسی لە خاچدراو، منم نەک ئەو...» دەنگی تەژی لە ئیرەیی و ڕق و ئەڤین بوو.

ڕۆژی دواتر کە گوێم بۆ دەنگە ئەفسووناوییەکەی بێرگسۆن ڕادێرا، دڵم هێور بووەوە.

وشەکانی سرووتێکی ئەفسووناوی بوون کە دەرگایەکی گچکەیان لەسەر ژووری ناچاری دەکردەوە و دەزوولەیەک

ڕووناکییان تێدەڕژاند. هەڵبەت زام، خوێن، ناڵەی قورس و ئەو شتانەی کە لاوێتی دیل دەکەن، لەوێ نین، ئیدی هەمدیس بەژێر دارکەستانەکاندا ڕۆیشتم تا ئەو کەسەی تر، ئەو کەسەی کە بریندار دەکات، ببینم.

لەو قۆناخەدا زامەکە قووڵ نەبوو، ئاشکرایە بریندار ببووم بەڵام بە سووکی. زامی ئەو پێغەمبەرە سەرکێشە خوێنی لێ هەڵدەقووڵی و منیش هەروەکی قەدیس فرانسیسیکۆس برینێکی ڕەش و شینم لێهات. دواتر کاتێ فریشتەکانی ڕویا وەک ئەوەی ئەو پێشبینی کردبوو بەسەر خەڵکدا دابەزین، زامەکانم دەمیان کردەوە.

لە یادمە چۆن دواتر دوای چەندین ساڵ لە ڕۆژێکی پاییزدا لەسەر سەکۆی باغچەیەک لە لەندەن دانیشتم. فەزا سیخناخ لە ترس. ئینسانی باڵا لە جێگایەک لە دایک ببوو. بەورێکی تینوو بەخوێن لە جێگەیەکی ئەم دنیایەدا پێی وابوو کە وی ئینسانی باڵایە، چیدی لە بێشەکەیدا خۆی پێ دابین نەدەکرا و تاسەی دەسەڵاتخوازیی باڵی بەسەردا کێشابوو. جەنگیزخان ئەنگوستیلەیەکی ئاسنینی کردبووە پەنجە کە دوو وشەی لەسەر هەڵکۆڵرابوو: (راستی روستی) واتە (هێز حەقە). سەدەی ئێمەیش هەمان ئەو ئەنگوستیلەی کردبووە پەنجە. دێوی سەردەمەکەی ئێمە لەو پادشا ئەفریقاییە ئەفسانەییە دەچوو کە کوڵکن و ترسناکانە قەڵەو و چل ئالن(٧) درێژ بوو. لەگەڵ دوازدە ژن و دوازدە گۆرانیبێژ و بە بیست و چوار مەشکە شەرابەوە بۆ بەرزترین قەڵا لە قەڵاکانی سەردەکەوت. تەواوی شار لەسەما و گۆرانیدا دەکەوتە لەرزە. کوختە دێرینەکان دەڕووخان. پادشا سەرەتا سەمای دەکرد، پاشان کە شەکەت دەبوو لەسەر بەردێک دادەنیشت و دەیدایە قاقای پێکەنین. کە لە پێکەنین ماندوو دەبوو، ئەوسا دەکەوتە باوێشکدان و هەر بۆ سەرگەرمی خۆی، یەکە یەکە ژن و گۆرانیبێژ و مەشکەی بەتاڵی شەرابەکانی لە قەڵاکەوە فڕێ دەدانە خوارەوە، بەڵام بەوەشەوە هێشتا هەر دڵی هێور نەدەبووەوە و ئیدی دەکەوتە لاواندنەوەی ئازاری بێ تەسەللای پادشایان.

ڕۆژنامەفرۆشێک لەوێوە تێپەڕی و بە دەنگی بەرز دوا هەواڵەکانی جەنگی دەخوێندەوە. خەڵکی لە شەقامەکاندا لەناکاوێکڕا ڕادەوەستان وەک ئەوەی دڵیان لە لێدان کەوتبێ. ئەوانی تر بە پەلە ڕێگەی ماڵەوەیان دەگرتە بەر تا دڵنیا بن لەوەی کە ئاخۆ هێشتا منداڵەکانیان زیندوون. سێبەرێک لە تەنیشتمەوە لەسەر سەکۆکە دانیشت. لام بۆ کردەوە و ڕاچڵەکیم. ئەو بوو. ئەو کەسە کێ بوو کە ڕایگەیاند: جەوهەری ژیان بریتییە لە خواستی باڵکێشان و قۆرخکردن و تەنێ دەسەڵات بەهای ئەوەی هەیە کە خودان ماف بێت؟ ئەوە کێ بوو کە پێشبینیی ئینسانی باڵای کرد و بە جادوو هێنای؟ ئینسانی باڵا هاتبوو، پێغەمبەرەکەشی لێرە، هەوڵی دەدا خۆی لەژێر پاییزە درەختێکدا حەشار بدات..

ئەوە یەکەم جار بوو کە لەگەڵیدا هەستم بە هاودەردییەکی تراژیکییانە دەکرد.

چونکە بۆ یەکەمین جار بە ئاشکرا دەمبینی کە هەموومان شمشاڵی شوانێکی نادیارین، فوومان پێدا دەکات و میلۆدی خۆیمان پێدەژەنێ، نەک ئەو میلۆدییەی کە خۆمان حەزمان بە بیستنیەتی.

لە چاوانی بە قووڵاچوو، نێوچەوانی بەرز و سمێڵە شۆڕەکەیم ڕووانی و بە ورتە ورت گوتم: «ئینسانی باڵا هاتووە، ئەمە ئەوە بوو کە تۆ دەتویست؟»

وەک ئاژەڵێکی درندەی بریندار کە لە هەوڵی خۆ حەشارداندا بێ زیاتر خۆی گرمۆڵە کرد. دەنگی لە کەنارەکەی ترەوە، خەمین و پڕ لە شانازی هاتەگوێ: «ئا، ئەوەم دەویست».

گوێم لێبوو کە چۆن دڵی دەلەرزی.

– تۆوت چاند و هەنووکەش بنۆڕە لە بەروبوومەکە! ئەمەت پێ خۆشە؟

لە کەنارەکەی ترەوە. هاوارێکی نائومێدانە و جەرگبڕ هاتە گوێ:

– ئا، پێم خۆشە!

کە هەمدیس تەنیا بوومەوە و لەسەر سەکۆکە هەستام تا باخەکە جێبێڵم. ڕێک لەو ساتەدا بۆمب هاوێژێک لە ئاسمانی ئەو شارە تاریکەدا گرماندی. فڕۆکە بوو، فڕۆکەیەک کە لیۆناردۆ داڤینشی لە شێوەی باڵندەیەکی کاغەزینی میهرەباندا مەزەندەی دەکرد کە لە کاتی هاویندا، بەفر لە چیا بەرزەکانەوە هەڵدەگرێ و هاوینان بەسەر شارەکاندا دەیپرژێنێ تا فێنکیان بکاتەوە. ئێستاکانێش بە باری بۆمبەوە تێدەپەڕی.

بە هەمان شێوە، بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەری ئاشتیخوازی جەنگدا بیرم دەکردەوە، بە هەمان شێوە

ئەندێشەکان هەروەک کلاوکورانی سپێدە، لە زەینی ئینسانەوە بەرز دەبنەوە، بەڵام هەر کە سەرنجی چاوچنۆکانەی مرۆڤیان بەردەکەوێ، ئیدی دەبنە باڵندەگەلی نێچیرخۆری چاوچنۆک و گۆشتخۆر. ئەم باوکە بەدبەختە، نائومێدانە هاوار دەکات: (من ئەمەم نەدەویست! من ئەمەم نەدەویست!) بەڵام باڵندە نێچیرخۆرەکان بە هاواری تیژ بە ژوور سەریدا تێدەپەڕن و گاڵتەی پێدەکەن.

لە قەیراناویترین و برسیترین ساتەوەختەکانی قۆناخی گەنجیمدا، نیتشە خۆراکی شێری دەرخوارد دام. ئەو فووی تێکردبووم و نەمدەتوانی لە قاڵبی ئینسانی ئەمڕۆییدا جێگام بێتەوە کە نەوی بووەوە و نە دەشمتوانی لەو ڕەوشەی مەسیحدا جێگام بێتەوە کە ئینسانی بۆ نەوی کردبووەوە. بە تووڕەیی هاوارم کرد: ئاخ لە فرتوفێڵی مەزەب کە پاداشت و سزای ڕەوانەی ئاخیرەت کردووە تا ترسنۆک و کۆیلە و خەمینان تەسەللا بداتەوە کە بە ئارامییەوە سەر بۆ ئاغاکانیان نەوی کەن و بێ هیچ دادو بێ دادێک بەرگەی ژیانی ئەم دنیا بگرن. چ بازاڕێکی جوولەکانەیە کە لەم دنیا دراوێک دادەنێیت و لەو دنیا هەزارەها دراو وەردەگرێت! چ گێلێتی و فێڵبازی و سووخۆرییەکە! نەخێر، ئەو ئینسانە ئازاد نییە ئەگەر بە هیوای بەهەشت بژی و زەندەقی لە دۆزەخ چووبێ. ئای چەند شەرمەزارین ئەگەر ئاوها لە مەیخانەکانی ئومێد و ژێرزەمینەکانی ترسدا سەرگەرمی مەست بوون بین. چ سالانێک ژیابووم و لەمە نەگەیشتبووم، دەبوو پێغەمبەری کێوی بێت و چاوانم بکاتەوە!

تا هەنووکە ئێمە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دنیامان بە خودا سپاردبوو. بڵێی ئیدی نۆرەی ئینسان نەبێ تا ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵگرێ؟ واتە خوڵقاندنی دنیا، دنیای ئێمە، بە ئارەقەی ڕوخساری خۆمان.؟ شنەیەکی ئەهریمەنانەی سەرچڵی بە دەوری لاجانگەکانمدا هەڵی کرد. تەواوێک چاوقایمانە گوتم: کاتی ئەوە هاتووە کە ئینسان لە دڵیدا هەموو شەڕ و هەموو ئومێدەکان جێگە بکاتەوە بێ ئەوەی چاوەڕێی کۆمەکی خودا بێ کە نەزم و نیزام لە تێکەڵ و پێکەڵی هەڵگۆزێ. بە واتایەکی تر، تێکەڵوپێکەڵی بگۆڕێ بە هارمۆنی. تۆ دەبێ پارێزگاری بە ئازادیی شەخسی خۆتەوە بکەیت و بەهێز و خۆگرتوو لەسەری بمێنینەوە، تا بەڵکو ئەو ساتە وەختەبێ کە هاوارە ئاڵۆزەکان دەکەینە پەیامێکی ساکار و دروست، دەیکەینە پەیامێکی شادیهێن و لەم شەپۆلە جیهانگیرییەی ئێستادا، خۆمان لەسەر پێی خۆمان دەبینین.

ئەم پەیامە شادیهێنەم لە ناوەوەمرا وەک جریوەیەکی دوور و وەک یەکەمین شنەی بەهاری دەژنەفت. دڵم لە دارچواله دەچوو. لەو درەختەی کە زستان سەرگەرمی قامچی لێدانێتی و ئاسمانەکەی ژوور سەریشی تاریک، کەچی هەر لەگەڵ وەرگرتنی سیگناڵی نهێنی هاتنی بەهاردا، لە ناکاوێکرا و لە چلەی زستاندا، لە کاتێکدا کە لە سەرماندا هەڵدەلەرزێت، کەچی پڕ لە شکۆفە دەبێت. دڵی شکۆفەکردووی منیش بەهەمان شێوە دەلەرزی. دەشێ بارێزەیەک هەڵبکات و هیچی پێوە نەهێڵێ، بەڵام قەیدی ناکات، ئەرکی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە. پڕ بە گەرووی هاواری کردووە کە بە هەردووک چاوانی خۆی بەهاری بینیوە.

شەوێکیان خەونێکم بینی. لە سەراپای ژیانمدا خەون هەمیشە ژێنوێنێکی بەڵەد بووە. تەواوی کێشە و گیروگرفتێکم کە لە حاڵەتی بێداریدا ئەقڵیان ئازارداوم و لە دووی ڕێگەچارەیەکی ساکار و دڵنیابووم بۆیان، لە خەونەکانمدا یەکلایی بوونەتەوە. ئاخر خەونەکان کاژی زیادەگرییەکان لەخۆ دادەماڵن و دەبنە کاکڵەیەکی ساکار و ئیدی ئەم کاکڵەیەش ئازاد دەبێ. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، وەک قەدیس سیبباستیان بەو تیرانە پێکرابووم کە ئەم دوا پێغەمبەرەی (گەڕانەوەی ئەبەدی)یە تێی دەگرتم. زەینم لە میانەی تاریکاییەک کە کۆنترۆڵی کردووین و دەمانتاسێنێ، بێ هودە هەوڵی دەدا تا بناغەی ئەرکی ئینسان بدۆزێتەوە. پاشان شەوێکیان خەونێکم بینی. وا پێدەچوو لە کەنار ڕاوەستابم و بنۆڕم. زەریا ڕەش وەک خەڵوز، ترسناک و خرۆشاو، ئاسمانیش کە بەژوور زەریاوە ڕاوەستابوو، ئەمیش هەر ڕەش وەک خەڵووز، قورس و زەندەقبەر. بەردەوام نزمتر دەبۆوە، ئەگەر نەختێکی تر نزم بوایەتەوە لە زەریای دەدا. هەوا وەستاو و بێ دەنگییەکی ترسناک باڵی کێشابوو. خەریکبوو دەخنکام، نەمدەتوانی هەناسە بدەم. کوتوپڕ چارۆگەیەکی سپی و تەنک لەو دەلاقە تەنگەوە کە هێشتا لە نێوان زەریا و ئاسماندا بوو برووسکەی دا.

ئەوە بەلەمێکی گچکەی پرشنگدار بوو کە لە میانەی هێمنییەکی تاسێنەردا لە نێوان ئەو دوو تاریکاییەدا بە چارۆگەی پڕەوە بەخێرایی دەهاتە پێش.

دەستەکانم بەرەو لای ڕایەڵ کرد و هاوارم کرد: (وای دڵم!) وام گوت و ئیدی وەئاگابوومەوە.

ئەو خەونە یارمەتییەکی گەورەی لە ژیاندا داوم. مخابن کە نەمدەتوانی بکەومە خۆم و بەرەو لای باوکی نائومێد لە ئومێد بچم و ئەو مانا شاراوەیەی بۆ باس بکەم کە خەو بۆی هێنابووم. ئاخۆ ئەمە ڕێگەچارە نەبوو بۆ تەواوی ژانەکانی؟

مەگەر ئەوە ئەو نەبوو کە لە ناوەندی نائومێدیی گەورەدا بانگی ئەو بەلەمە گچکە نەترسەی کرد کە بە بای خۆی دەڕۆیشت و بە ڕووناکی خۆی پرشنگی دەدا و پێویستی بە کەس نەبوو؟

لە ساتەوەختە قورسەکاندا، کاتێک کە هەموو شتی چواردەورم تاریک دادەهاتن و ئازیزترین هاوڕێ و بەهێزترین ئومێدەکانم حاشایان لێدەکردم، ئەدی من چەند کەڕەت چاوانم لێکنان و لەودیو پێڵووی لێکنراوەوە ئەو بەلەمە گچکەیەم بینی. دڵم ئازایەتی وەبەردەهاتەوە و هەڵدەسایەوە سەر پێ. هاواری لێدەکردم: «ڕووبەڕووی با بڕۆ و مەترسە!» ئیدی بەلەمەکە و تاریکی دەڕەوینەوە.

برینگەلێک کە نیتشە کردنییە ناخمەوە برینگەلی قووڵ و پیرۆز بوون. هەتوانی گژوگیا نهێنییەکانی بێرگسۆن ئەو برینانەی پێ ساڕێژ نەدەکرا، تەنیا بۆ ساتێک هێوری دەکردنەوە، بەڵام هەر زوو دەهاتنەوە سۆ و خوێنیان لێ دەچۆڕا.

لەبەرئەوەی لاو بووم، قووڵترین تامەزرۆییم هەتوان نەبوو، بەڵکو برین بوو.

لە دوای ئەوەوە ئیدی ئەو جەنگە دەستی پێکرد، جەنگی ئاگایانە و بێ بەزەییانەی ئێستاکانیم لەگەڵ نەبینراودا.

لە یادمە کە لەو ساڵانەی لاوێتیمدا چەندە تووڕە بووم. گەمە ئاگربازییەکانی ژیانم پێ بەرگە نەدەگیرا، ئاخر بۆ ساتێک دەسووتا، بەهەزارەها ڕەنگ و ڕووناکییەوە لە فەزادا دەتەقییەوە و دەمودەست دیار نەدەما. کێ دادیدەگیرساند ئەو حەمکە سیحر و جوانییەی پێ دەبەخشی و پاشان دەسبەجێ بێ بەزەییانە دەیکوژاندەوە؟

هاوارم دەکرد: «نا، من ئەمەم پێ قبووت نادرێ، من ئیمزا لەسەر ئەمە ناکەم. شتێک دەدۆزمەوە کە نەهێڵێت بکوژێتەوە.» خەمم بۆ ڕوحی ئینسان دەخوارد و ستایشی شاکارەکەیم دەکرد. ئاخۆ ئەم کرمی ئاوریشمە چۆناوچۆنی دەیتوانی ئاوریشمێکی ئاوها خودایی لە ناخیدا دەربدا؟

کرمی ئاوریشم بڵندڕۆترین کرمە. تەنێ زگ و دەمی هەیە. دەخشێ، دەخوا و دەڕی و هەمەدیس دەخوا، بۆربیەکی پیسە بە دوو کونەوە. پاشان کوتوپڕ تەواوی خۆراکەکانی دەکاتە ئاوریشم. ئینسانیش هەر ئاوهایە. ئەرز و ئاسمان پرشنگ دەدەن، ئیدیاکان لەو جلکە ئاوریشمییە گرانبەهایانەدا دەدرەوشێنەوە کە پێی پۆشیون، کەچی لە ناکوڕا پێیەکی زل دێ و کرمی موجیزە نوێن دەپلیشێنێتەوە.

بەختەوەریی سافیلکانە و وەفاداریی سووکەڵەی منداڵی بۆ هەتاهەتایە تێپەڕی.

هەنووکە دەمزانی کە ئاسمان بێسەروبەرییەکی ڕەشە لە بێ دەنگی و بێ باکی.

بینیبووم چ بەسەر جوانی و لاوێتیدا دێ کاتێ دەبێتە خۆڵ. چی دی دڵم سووکایەتی بەخۆی نەدەکرد کە بە ئومێدە هاسان کڕدراو و ترسنۆکەکان سەبووری بدرێتەوە.

هێورهێور و بەهەنگاوی دڕدۆنگانە لە خەرەند نزیک دەبوومەوە، بەڵام سەرنجم سڵی دەکردەوە، نەمدەوێرا چاو لە چاوانی ببڕم. ڕوحم وەک تێکەڵەیەک نەرم نەرم دەکوڵا و هێشتا سەقامگیر نەببوو. گا وەک بەچکە شێرێک هەڵدەسایە سەرپێ و بەرەنگاری چارەنووسی ئینسان دەبووەوە، گا پاشەکشەی دەکرد و ڕەشبینییەکی ڕۆمانسییانە دایدەگرت. دواتر، زۆر دواتر، ئەوجا توانیم بە ئەژنۆی پتەوەوە لەسەر لێواری خەرەند ڕاوەستم و بێ ترس و هەروەها بەبێ چ ئاسەوارێکی چاوقاییمی، لە خوارەوە بنۆڕم.

چ شەوانێکی مەلەکووتیم لەو ژووره چکۆلەیە و لەو ولاتە بێگانەیەدا گوزەراند! ناو بەناو هاوار و پێکەنین و نیوەشەوان گۆرانی ئاشقانەم لە شەقامەکەی خوارەوە دەژنەفت. هەندێ جاری تریش تەنێ هەر بەفری سپی درەوشاوە بوو کە لەسەر سەربانەکان دەنیشت... لەبەر زۆپا و لەژێر ڕووناکی گڵۆپدا کە تا درەنگانێ دادەگیرسا، سەرم بەسەر کتێباندا شۆڕ دەکردەوە و

بەرخۆدانە فیکرییەکانی ئینسانم ئەزموون دەکرد.

بە ئاوها حەزێکەوە، حەزێکی بێ هاوتا گەنجانە و هەروەها بێ هاوتاش پیرانە، ئەو ساڵانەم بەرێ کردن کە لە پاریس دەژیام. ژنە خاوەن ماڵ لێم کەوتە گومانەوە. گرژ تەماشای دەکردم و ساردوسڕ سڵاوی لێ دەکردم. ڕۆژێکیان لەوەندە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا:

– دەی جەناب، تا کەنگێ ئەم وەزعە بەردەوام دەبێ؟

– کام وەزع؟

– کام وەزع؟ ئەوەی کە ئێواران زوو دەگەڕێیتەوە ماڵەوە. هیچ کەس، چ پیاو و چ ژن سەردانت ناکەن، شەوانیش تا درەنگانێ گڵۆپی ژوورەکەت داگیرساوە. ئەدی تۆ پێت وایە ئەم دۆخە ئاسایی بێ؟

– بەڵام ئاخر من بە درێژایی ڕۆژ لە زانکۆم و شەوانەیش دەخوێنمەوە و دەنووسم. چما ئەمە قەدەغەیە؟

– نەخێر، قەدەغە نییە، بەڵام کرێچییەکانی تر دادو بێ دادیانە. تۆ شتێکت لەبن سەردایە.

ئەم ڕێکوپێکی و گۆشەگیری و ئەم هێمنییە لەخۆڕا نییە. ئاخر بەساقە، نە هاوڕێیەک، نە ژنێک. هەڵبەت تۆ نەخۆشیت، بەڵێ بێ گومان نەخۆشیت. ڕاست بم، یان هەڵە ناچارم بڵێم ئەم ماستە موویەکی تێدایە. ببوورە، نابێ ئەم بارودۆخە درێژە بکێشێ!

یەکەم جار خەریکبوو هەڵچم، بەڵام یەکەندەردوو تێگەیشتم کە ژنەی خاوەن ماڵ لەسەر حەقە. کاتێ مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی نائارام و بێ مۆراڵدا، ڕێکوپێک و ئارام بێ و لە ژوورەکەیدا پێشوازی نە لە پیاو و نە لە ژن نەکات، ئەوە سەرپێچی هەموو یاساکانی کردووە و ناکرێ لێی قەبووڵ بکرێت. من لە هەموو ژیانمدا هەستم بەوە کردووە. لەبەر ئەوەی ژیانم هەمیشە زۆر ساکار بووە، خەڵکی ئەوەیان بە ئاڵۆزییەکی نیگەرانکەر لێکداوەتەوە. هەرچیم گوتبێ و هەرچیم کردبێ، مانایەکی تریان پێداوە و هەوڵ دراوە پەی بە پەنهان و شاراوەکان ببرێ.

دواتر تەنانەت ئازیزترین هاوڕێم نەیتوانی ساکارییەکی ئاوها گەورەی پێ قووت بدرێ. کاتێ پێشی قووت دەدرێت ناتوانێت بەرگەی بگرێ. شەوێکیان لە حەوشە دانیشتبووم و لە ئەستێرانم- دەنۆڕی. ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە هەمیشە بەلامەوە دژوارترین و نیگەرانکەرترین دیمەن بووە. لە ترس زیاتر، چ شادمانییەکی پێ نەبەخشیوم. نەمتوانیوە تەماشای ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە بکەم و زەندەقم نەچێ.

هاوڕێکەم هاتە حەوشە و بەسەرسامییەوە پرسی: «ئەوە چ دەکەیت لێرە؟ بێ دەنگ دانیشتوویت؟ بۆ قسە ناکەیت؟» ئەوسا نزیکتر بووەوە، بە سەرما دانەوی، خوڕخوڕ فرمێسک لە چاومەوە ڕژا. هاوڕێکەم پێکەنی. گوتی: «هێی درۆزن! ساختەچی! دیارە دەتەوێ وا خۆت بنوێنیت کە سەیرکردنی ئەستێران کاریگەرە و ئەوەتا تۆی هێناوەتە گریان، بەڵام ئەی یەسووعی، تۆ ناتوانیت فریوم بدەیت. هەڵبەت دانیشتوویت و لە خەیاڵی یەکێ لەو کچەتیوانەدایت کە بە دەورتا کلکەسووڕێیانە!»

هەمدیس جارێکی تریش، لە ڕووسیا (پانایت ئیستراتی)م ناسی و پێکەوە بۆ گریکلاند گەڕاینەوە. ئیستراتی بەدرێژایی سەفەر لێم خورد دەبووەوە، بەردەوام سەیری دەکردم و بۆی هەڵنەدەهاتم. لە ئەسینا لە بارەی منەوە لە ڕۆژنامەوانێکی پرسیبوو، ڕۆژنامەوانەکە وەڵامی دابووەوە: «بەخودا چ بڵێم؟ وی پیاوێکی ئاسایی نییە!» ئیستراتی بەستەزمان بە دردۆنگییەوە پرسیبووی: «ئاخر چ دەکات؟» ڕۆژنامەوانەکە وەڵامی دابووەوە: «ڕێک ئەمە کێشەکەیە، هیچ شتێک ناکات. تەنانەت جگەرەش ناکێشێ!»

ژیانم لە پاریس بۆ ماوەی سێ ساڵ ئاوها بوو. ئارام و پەرۆش، بێ چ جۆرە سەرچڵییەک، بێ ئەشقبازی لەگەڵ کچە قوتابیاندا، بێ مەیخۆری، بێ چ پاشقولگری سیاسی، یان فیکری. دواجار تەنانەت ژنەی خاوەن ماڵیش لەگەڵم ڕاهات. ئەو پێی وابوو پەی بە نهێنیم بردووە و ئیدی لە داوێنپاکی و ساکاری ژیانم بوورا.

گوێم لێی بوو بە ژنێکی هاوسێیانی گوت، کە ئەویش بەیانی و ئێوارە بە نیگەرانییەوە لێم ورد دەبووەوە: «هەبێ و نەبێ لە وڵاتەکەی خۆیدا سەر بە مەزهەبێکی ئایینییە، ئەم بەستەزمانەش حەزی لێ دەکات، حەزی لێ دەکات، بەڵام ئەو مەزهەبە ڕێگەی بێ نادات!»

هاوسێکەی بەتووڕەییەوە پرسی: «باشە ئەگەر ئەو ئایینە ئاوهایە ئەدی بۆچی وازی لێناهێنێ؟» ژنەی خاوەن ماڵ وەڵامی دایەوە: «دەی ئاخر لەبەر ئەوەی ئەم کابرایە زۆر سەیرە!»

کاتێک خەریکی پێچانەوەی جانتاکانم بووم تا بڕۆم، لەگەڵ (سوسان)ی کچیدا هاتە ژوورەکەم. ئەو ژنە کە

حەزی بە ئیغوا کردنم بوو، پرسی: «هەنووکە کە گەرەکتە برۆیت، دەی کچەکەم ماچ کە!» کاتێک کچەکە بینی لێی نزیک دەبمەوە، بە ناڕەزاییەوە گوتی: «نامەوێ نێوچەوانم ماچ کەیت!»

– ئەدی کوێت ماچ کەم؟

– فەقیر، هەر کوێیەکی تریت پێ خۆشە!

ژنەکە کە خەریکبوو لەتاو پێکەنیندا بە پشتدا دەکەوت، هاواری کرد: «هێی گێلە، دەمی ماچ کە!»

دانەویمەوە و گۆنایم ماچ کرد.

بەرلەوەی پاریس جێ بێڵم، ئێوارەی ڕۆژێکیان بۆ کڵێسای نۆتەردام ڕۆیشتم تا خوداحافیزی لێ بکەم. یەکەمین جار کە ئەم کڵێسایەم بینی لە ڕادەبەدەر ڕاچڵەکاندم و لەم بارەیەوە هەمیشە سوپاسگوزاریم. گومەزی کڵێساکانی ئێمە ئاشتبوونەوەی نێوان سنووردار و بێ سنوور، نێوان ئینسان و خودا وەبیری ئینسان دێننەوە.

پەرستگاکە بە تەرزێک لە ئەرزەوە بەرەو ژوور هەڵکشاوە کە پێدەچێ بیەوێ خۆی بگەیەنێتە ئاسمان، بەڵام ئەم جەسارەتە لە ناکاوێکڕا دەبێتە خۆنەویستی و لەهەمبەر مەرجی پیرۆزدا سەر نەویی دەکات، لەبەردەم ڕەهای مەحاڵدا دادەنەوێتەوە، دەبێتە کەوان و پانتۆکراتور بۆ ترۆپکەکەی ڕادەکێشێت.

هەوڵی بوێرانەی ئەو کڵێسا گۆتیکییەم سەرفرازتر دەهاتە بەرچاو. ئەم لەنێو ئەرزەوە خۆی هەڵدەدا، دەیەوێ هەموو بەردەکانی ئەرز لەگەڵ خۆیدا بەرێ و بیانکاتە تیر و تیژ و ئازایانە وەک برووسکەبرێک بۆ ئاسمانیان بهاوێژێ. لەم بیناسازییە پیرۆزەدا هەموو شتێک دەگاتە ترۆپک وەک تیر. لێرە ئیدی چ خەبەرێک لە لۆژیکی لاکێشە و چوارگۆشەی ستایلی گریکی نییە، لۆژیکێک کە لە سەروو تێکەڵ و پێکەڵییەوە، نەزمێکی ئینسانی پێکدێنێ و هاوسەنگییەکی تەواو لە نێوان جوانی و ناچاریدا دروست دەکات و پێوەندییەکی ئەقڵییانە لەنێوان ئینسان و خودادا هەڵدەچنێ. لێرە پرسیار لە بارەی شتێکەوەیە پڕ لە هەست و سۆز و ئەقڵی، جۆرێک دێوانەیی هەڵگۆزراو لە سرووش کە ئینسانەکان ئامادە دەکات و هانیان دەدات هێرش بەرنە سەر چۆڵەوانی پڕ خەتەر و شینباو، تا برووسکەی مەزن، واتە خودا- لەسەر ئەرز داگرن.

کێ چوزانێ، دەشێ پێویست بێ عیبادەت، عیبادەت و ڕوحی ئینسان ئاوهایی بن.

بە مۆڵدانی ترس و ئومێدە ئینسانییەکانی خۆمان، دەبێ ئەوانە وەکی تیر بەرەو ترۆپکە دوورە دەست و ئینسانییەکان بهاوێژین. ڕوحی ئینسان لاسار و لە خۆباییە، هاوارێکە لە نێوان بێ دەنگی ترسنۆکانە و بەدەر لە حەوسەڵە و بەرگەگرتندا، ڕمێکە توند و پتەو کە ناهێڵێ ئاسمان بەسەر سەرماندا بڕووخێ.

بە دیقەتدانی ئەم تیرەی کە بێ ترس بە ناخی ئاسماندا هەڵدەگژێ، هەستم کرد ڕوحم توند و تۆکمەتر دەبێ و دەبێتە تیر.

کوتوپڕ هاوارێکی شادمانانەم کرد. ئاخۆ هاواری نیتشەش هەر ئاوهایی نەبوو؟

ئاخۆ هاواری ئەو تیرێک نەبوو کە بەرەو ئاسمان هاوێژرا؟ ئەدی برووسکەبرێک نەبوو کە تەمای بوو خودا دەسگیرکا و لەسەر عەرشەکەی دایگرێ؟

بەختەوەر بووم کە ئاوها لە خۆرنشیندا لەژێر گومبەزە گۆتییە بەرزەکاندا پیاسەم دەکرد و شەلاڵ دەبووم لەم ڕوحە زردەشتییەی کە لە بەرد و ئاسن و موزاییکی پڕ لە ڕەنگ و تەژی لە ڕووناکی و دەنگدانەوەی قووڵی ئۆرگێکی نەبینراو و مەلەکوتی و خومار پێکهاتووە.

ئاوها هێور هێور، بەدڵێکی تەژی لە پرسیار و ترس و ئومێدەوە، خوداحافیزیم لە پاریس کرد. پاریسم جێهێشت. دڵم نائارام و نیگەران. ئەو زاهیدە کێ بوو کە گوتی: «ئارام دادەنیشیت و دڵت ئارامە، بەڵام ئەگەر دەنگی چۆلەکەیەکیش ببیەیت، ئیدی دڵت هەمان ئارامی پێشووی وەدەست ناهێنێتەوە!» ئەدی من چیم گوتبا؟ منێک کە دڵم هاواری شەهێنێکی کێوی ژنەڤتبوو!»

پاریسم جێهێشت و زامەکانی دەست و پێ و ئەم لاو ئەو لام- تەواوی زامەکانی لە خاچدان- سارێژ ببوون، بەڵام لەجێی ئەو زامانە، ناخم خوێنی لێ دەچۆڕا و ڕوحم یاخیگەرانە بەربەرەکانێی دەکرد و ئازاری دەدام.

هەمیشە هەر کاتێک بە یەقینێک گەیشتبم، ئارامیی و دڵنیاییم تەمەن کورت بوون.

گومان و دڵەڕاوکێی نوێ دەست پێ بکەم تا لە یەقینە کۆنەکە ڕزگاربم و یەقینێکی تازە بدۆزمەوە. تا ئیدی دواجار ئەم یەقینە نوێیەش گەیبووە و بووەتە نادڵنیایی...
ئەدی یەقین چییە؟ دایکی یەقینێکی نوێیە.

نیتشه فێری کردم کە گومان لە هەموو تیۆرەیەکی گەشبین بکەم. دەمزانی کە دڵی لاوازی ئینسان هەمیشە گەرەکی بە تەسەللا هەیە. پێداویستییەک کە ئەقڵ، ئەو سۆفیستە فێڵبازە هەمیشە لە بەخشینیدا ئامادەی کۆمەکە. هەستم دەکرد هەر ئایینێک بەڵێنی وەدیهێنانی هەر شتێک بدات کە ئینسان دەیەوێ، ئەو ئایینە پەناگەی خەڵکانی ترسنۆکە و شایانی ئینسانی ڕاستەقینە نییە. لەخۆم دەپرسی: ئایا ڕێگەی مەسیح ڕێگەیەکە دەچێتەوە سەر ڕزگاریی ئینسان، یان تەنێ حەکایەتێکی توندوتۆڵ چنراوە کە بەڵێنی بەهەشت و نەمری دەداتە ئیماندااران تا هەرگیز نەتوانن لەوە تێ بگەن کە ئەم بەهەشتە جگە لە پێچەوانەبوونەوەی تینوێتی خۆمان چ شتێکی تر نییە.

چونکە دوای مەرگە کە دەتوانین لەم بارەیەوە دڵنیابین و هیچ کەسیش لەزێدی مردووانەوە نەگەڕاوەتەوە، یان بەڵێن نییە بگەڕێتەوە، تا ئەوەمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

کەواتە با لێگەڕێین نائومێدانەترین دنیابینی هەڵبژێرین، خۆ چ باشتر ئەگەر بە ڕێکەوت خۆمان فریودابێ و ئومێدێک هەبێ. بەم تەرزە ڕوحی ئینسان شەرمەزار نابێ و نە خودا و نە شەیتان ناتوانن بەو قسەیە سووکایەتی بە ڕوحی ئینسان بکەن کە گوایە ڕوح وەک مرۆیەکی حەشیشەخۆر نەشئە دەیگرێ و بەهۆی سافیلکەیی و ترسنۆکی خۆیەوە بەهەشتێکی خەیاڵی دەخولقێنێ، تا هەڵدێری پێ داپۆشێ.

مەبەستمە بڵێم، ئیمانی بەتاڵ لە ئومێد، ڕەنگە ڕاستەقینەترین ئیمان نەبێ، بەڵام ئازایانەترین ئیمانە. ئومێدی میتافیزیکی بەلامەوە چەشنە تەڵەیەکی چەورە، کە ئینسانی واقیعی خۆی سووک ناکات دەمی بۆ ببات. شتێکم دەویست لە هەموو شتەکانی تر قورستر. شتێک پڕ بە باڵای ئینسان، ئینسانێک کە ناناڵێنێ و پاشەکشێ ناکاو بەتکا و پاڕانەوەوە تێ ناپەڕێ. بەڵێ، من ئەوەم دەویست. سەد ئافەرین بۆ نیتشە، بکوژی خودا. ئەو بوو غیرەتی دامە بەر بڵێم: ئەمە ئەوە بوو کە من گەرەکم بوو!

کڵێسای مەسیح، لەو هەلومەرجەدا کە قەشەگەل بۆیان دروست کردووە، بەلامەوە تەلبەندێکە کە تێیدا هەزاران مەڕی زەندەقچوو شەو و ڕۆژ دەباعێن. شەوو ڕۆژ یەکدی پاڵ دەدەن و مل درێژ دەکەن تا ئەو دەست و چەقۆیە بلێسنەوە کە سەریان دەبڕێ. ژمارەیەکیان لە ترسی برژانی هەتاهەتایی ناو ئاگر زەندەقیان چووە، ژمارەیەکی تریشیان پەلەیانە زوو بکوژرێن تا جاویدانە لە چەمەنزارە بەهارییەکاندا بکەونە لەوەڕین.

ئینسانی ڕاستەقینە نە مەڕە و نە سەگی پاسەمەڕ. نە گورگیشە و نەشوان. ئەو پادشایە کە قەڵەمڕۆکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و دەزانێ بەرەو هەر کوێ بڕوا، دەگاتە لێواری خەرەند، تاجە کاخەزینەکە لەسەری دادەگرێ، قەڵەمڕۆکەی لە خۆی دادەکەنێ و ڕووت و قووت وەک مەلەوانێکی بن ئاو، دەست و پێ جووت دەکا و بەسەردا خۆی هەڵدەداتە خوارەوە بۆ ناو بێ سەروبەرەیی و دیارنامێنێ.

ئاخۆ بڵێی منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان شیاوی ئەوە بم کە ئاوها ئارام و بە ڕوانینێکی پتەوەوە ڕووبەڕووی خەرەند ببمەوە؟

بیردەکەمەوە کە بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوارێکی ئاوها سەرفراز کە گاڵتەی بە ئومێد بێت لەسەر ئەرز بیستراب؟ تەنانەت نیتشەش بۆ ساتەوختێک ترس باڵی بەسەردا کێشا. گەڕانەوەی ئەبەدی وەک شەهیدبوونێکی بێ کۆتایی لەبەرچاوانیدا وەدیارکەوت و لەنێو ترسی خۆیدا ئومێدێکی گەورە، ڕزگارکەرێکی ئاییندە، ئینسانی باڵای خولقاند. ئەوەش بەهەشتێکی ترە، سەرابێکی ترە کە ئینسانی بەستەزمان ئامادە دەکا تا خۆی لەبەردەم ژیان و مەرگدا ڕابگرێت.

**١- شەیتان.**

**٢- هێزێکی سیحرییە لای هیندییەکان و توانای خواوەند و شەیتانەکانی تێدایە.**

**٣- Menad لە ئەفسانەی گریکیدا مایینادەکان لەگەڵ دیۆنیزیۆسدان. تاجی لاولاو بەسەر و ڕمی تایبەتی، یان جامیان بەدەستەوەیە و گوزارشتکەری ڕوحی بەد مەستین.**

**٤- Parsifal ئۆپرای پارسیفال لە ستایشی مەسیحییەت و بەزەیی و ئەڤینی عاریفانەدا.**

**٥- خواوەندی گەردەلوول، بەسەری شێر و لەشی بزن و کلکی دێو.**

**٦- قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپیتر و گەورەترە.**

**٧- aln: پێوانەیەکی کۆنە و دەکاتە نزیکەی دوو پێ یان شەست سانتیمەتر.**

# بەزاندنی میتافیزیک بەهۆی شیکردنەوەی لۆژیکیانەی زمانەوە


**ڕودۆلف کارناپ**
**لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**


**١- سەرەتا**

لەسەردەمی گومانکارانی یۆنانەوە تاوەکو ئەزموونییەکانی Empiristen سەدەی نۆزدەیەم، چەندین دوژمنانی میتافیزیک دەرکەوتوون، جۆری ئەو گومان و ئەگەرانەی دراونە دەست زۆر جیاواز بوون. هەندێک تیۆری و ڕێبازەکانی میتافیزیکیان وا ڕوون کردۆتەوە کە هەڵە بن، چونکە ئەمانە بە پێچەوانەی زانینی شارەزایی و ئەزموونییەوەن. هەندێکی تر ئەمانەیان تەنیا وا داناوە کە جێگای دڵنیایی نین، چونکە پرسیارەکانیان سنوورەکانی زانینی مرۆڤ دەبەزێنن. زۆر لە ئەنتی میتافیزیکییەکان خۆ خەریک کردنیان بەکێشە و پرسیار و پرسە میتافیزیکییەکان بەبێ سوود و بێ بەر داناوە: ئایا مرۆڤ دەتوانێ ئەمانە وەڵام بداتەوە، یان نا؟ بە هەموو لایەکدا هیچ پێویست نییە خەمیان لێ بخورێ و خۆیان پێوە خەریک بکرێت، مرۆڤ خۆی بەو ئەرکە کردەکییەوە خەریک دەکات کە ڕۆژانە کەوتۆتە ئەستۆی مرۆڤی چالاک و بەکارەوە.

بەهۆی پەرەسەندنی لۆژیکی نوێوە لەتوانادا هەیە پرسیاری گونجاوی و ڕەوایی میتافیزیک بەشێوەیەکی نوێ و ورد وەڵام بدرێتەوە و بەلایەکدا بخرێت. توێژینەوەکانی «مەنتیقی پراکتیکی»، یان «تیۆری زانین» کە ئەو ئەرکەیان گرتۆتە ئەستۆ، بەهۆی شیکردنەوەی لۆژیکیانەوە ناوەرۆکی زانینییانەی ڕستە زانستییەکان و ئینجا دەلالەتی وشە (چەمکەکانی) نێو ئەو ڕستانە ڕوون بکەنەوە، ئەنجامێکی لەبار و ئەنجامێکی نالەبار (نێگەتیڤ) بەدەست هاتوون. ئەنجامە لەبارەکە (پۆزیتیڤ) لەکایە و دەڤەری زانستی ئەزموونیدا کاری لەسەر دەکرێت، چەمکەوشە تاکەکانی

لقه جیاجیاکانی زانستەکان روون دەکرێنەوە؛ پێوەندییە روخسارەکییە لۆژیکی و تیۆرییە زانینییەکەیان (ئێپیستمۆلۆژی) دەرخراوە. لە دەڤەر و کایەی میتافیزیکدا ( بە فەلسەفەی بەهاو زانستی پێودانگەوە) شیکردنەوەی لۆژیکیانە بەرەو ئەنجامێکی نالەبار دەبات: ئەو بەناو ڕستانەی ئەم دەڤەرە بەتێکڕایی بێ واتان. بەمە بەزاندنێکی ریشەیی (ڕادیکالی) میتافیزیک کە لەسۆنگە و ڕوانگەکانی ئەنتی میتافیزیکییەکانی پێشترەوە لەتوانادا نەبووە، بەدەست هاتووە. ڕاستە چەندین بیروبۆچوونی نزیک بەمە لە هەندێک هزر و بیرکردنەوەکانی پێشوودا هەبووە، بۆ نموونە لەمانە بەشێوازی نۆمینالیستیانە (ناوەکی-ناو)دا، بەڵام ئەم جێبەجێ کردنە بەلایەکداخەرە تەنیا ئەمڕۆ لەتوانادایە و لەکردن دێت، دوای ئەوەی لۆژیک بەهۆی ئەو پەرەسەندنەی لەم دە ساڵانەی دواییدا کردی، بووە بە ئامرازێکی کارکردنی ئەوپەڕی ورد و ڕێکو پێک.

ئەگەر ئێمە بڵێین، ئەوانەی بە ڕستەکانی میتافیزیک ناودەبرێن، بێ واتان، ئەوە پڕ بە پێستی واتای وشەکە مەبەست دەردەبڕدرێ. بەواتایەکی شاش ڕستەیەک، یان پرسیارێک بەبێ واتا نیشان دەدرێت ئەگەر کردنەکەی بێ سوود و بێ بەر بێت (بۆ نموونە ئەم پرسیارە: دەبێ ئەوکەسەی لە ڤییەننایە و سەرەتای ژمارەی تەلەفۆنەکەی بە ٣ دەست پێدەکات و قورساییەکەی ئاساییە باڵای چەند بەرز بێت)، یان ڕستەیەک کە بە ئاشکرا هەڵەیە (بۆ نموونە لە ساڵی ١٩١٠ز خەڵکی ڤییەننا ٦ کەس بوون)، یان ڕستەیەکی لەم جۆرە کە نەک هەر ئەزموونیانە، بەڵکو بەپێی لۆژیکیش هەڵەیە، کە لەنێو خۆیدا دژ و ناکۆکە Kontradiktorie (بۆ نموونە لە هەردوو کەسی B و A هەریەکە ١ ساڵ لەوی تر پیرترە). ئەم جۆرە ڕستانە ئەگەر بێ سوود، یان هەڵەش بن، ئەوە واتایەکیان هەیە: تەنیا ئەو ڕستانەی واتایان هەیە دەکرێ تیۆرییانە دابەش بکرێن بە سوود بەخش و بێ سوود، ڕاست و هەڵە. بە واتایەکی ورد و ڕەوان بێ واتا بە پێچەوانەوە ڕیزکردنی وشەیە کە لەنێو زمانێکی دیاریکراودا هیچ جۆرە ڕستەیەکیان لێ پێک نایەت. دوور نییە رووبدات، ئەم جۆرە ڕیزە وشەیە لە یەکەم سەرنجداندا وا بێتە بەرچاو کە ڕستەیەکە، ئەوکاتە ئێمە ئەمە بە زڕە ڕستە Scheinsatz ناو دەبەین. ئێستاکە تێزەکەی ئێمە ڕای دەگەیەنێ: ئەو بەناو ڕستانەی میتافیزیک بەهۆی شیکردنەوەی لۆژیکیانەوە وەک زڕە ڕستە ئاشکرا دەبن.

زمان لە چەمک و سینتاکس پێک دێت، واتە لە کۆمەڵە وشەیەک کە دەلالەت و واتایان هەیە، هەروەها لە چەند ڕێ و شوێنێکی وشە ڕۆنان پێک دێت. ڕێ و شوێنەکان Regeln ڕوونی دەکەنەوە چۆن لە چەند وشەیەک دەتوانرێ چەند جۆرێکی جیاوازی ڕستە ڕۆبنرێن. بەم پێیە دوو جۆرە زڕە ڕستە هەیە:

یان وشەیەک بەکاردێت کە مرۆڤ بەهەڵە وای دادەنێ دەلالەت و واتایەکی هەیە، یان ئەو وشانەی بەکارهاتوون ڕاستە دەلالەت و واتایان هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی بنەڕەتی سینتاکسەوە دانراون، بەجۆرێک هیچ جۆرە واتایەکیان لێ ناکەوێتەوە. ئێمە لەمەولا بەنموونە ساغی دەکەینەوە کە هەردوو جۆری ئەم زڕە ڕستانە لەمیتافیزیکدا بەکار دێن. دەبێ پێشتر بیری لێ بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین کام لەو هۆکار و بنەمایانە پشتگیری بۆچوونەکەمان دەکەن کە ئێمە وتوومانە میتافیزیک لەم زڕە ڕستانە پێک هاتووە.

### ٢- دەلالەت و واتای وشەیەک

ئەگەر وشەیەک دەلالەت و واتای (لەچوارچێوەی زمانێکی) دیاریکراودا هەبێت ئەوە مرۆڤ دەڵێ: ئەمە چەمکێک نیشان دەکات، بەڵام ئەگەر وشەکە وا هاتە بەرچاو کە دەلالەت و واتای هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ئەمەی نییە، ئەوە ئەوکاتە باسی «زڕە چەمکێک» دەکرێت. چۆن دروست بوونی ئەم جۆرانە روون دەکرێتەوە؟! هەر وشەیەک کە لەزماندا بەکارهاتووە، تەنیا هەر بۆ ئەوە نییە شتێکی دیاریکراو دەرببڕێ، کە لە یەکەم بەکارهێنانییەوە واتاو دەلالەتێکی دەستنیشانکراوی هەیە؟! چۆنە وا لە زمانی کلاسیکیدا چەند وشەی بێ واتا و دەلالەت هەیە؟ لە بنەڕەتدا، ئەوی ڕاست بێ، هەموو وشەیەک (بەبێ ئەوەی گوێ بدرێ بە چەند ناوازێکی دەگمەن کە دواتر ئێمە نموویەکیان لێ پێشکەش دەکەین) واتایەکی هەیە. لە پرۆسەی بەرەوپێش چوونی پەرەسەندنی مێژووییدا وشەیەک فرە جار واتایەکەی دەگۆڕێ. جاروبار وا ڕوودەدات و دێتە پێشەوە کە وشەیەک واتا کۆنەکەی لەدەست دەدات بەبێ ئەوەی یەکێکی نوێ بەدەست بهێنێ، لێرەوە چەمکی زڕ

دروست دەبێت.

کەواتوو واتاو دەلالەتی وشەیەک لەچی پێک دێت؟ دەبێ چ هەلومەرجێک سەبارەت بە وشەیەک دابنرێت بۆ ئەوەی واتا و دەلالەتێکی هەبێ؟! (جا ئایا ئەم هەلومەرج دانانە بە دەربڕین ڕابگەیەنرێن، وەک هەندێ وشەو سیمبۆلی زانستی نوێ، یان بەبێ دەنگی بڕیار و گرێبەست لە بارەیانەوە بکرێت وەک لە زۆربەی وشەکانی زمانی کلاسیکیدا وایە، ئەمە بەلای ئێمەوە گرینگ نییە).

**یەکەم**: پێویستە سێنتاکسی وشەکە بەتەواوەتی دیار و دەستنیشان بکرێت، واتە، جۆری دەرکەوتنەکەی لە سادەترین فۆرمی ڕستەدا کە دەکرێ تێیدا بەکاربێت دەستنیشان بکرێت. ئێمە ئەم فۆرمی ڕستەیە بە ڕستە بنەڕەتییەکەی ناو دەبەین. فۆرمی ڕستەی بنەڕەتی بۆ وشەی «بەرد» بریتییە بۆ نموونە لە:

«× بەردێکە». لە ڕستەکانی ئەم فۆرمەدا لەجێگای (×) نیشان و سمبۆلێکی چەمکی شتەکان دادەنرێت بۆ نموونە: «ئەم مروارییە، ئەم سێوە».

**دووەم**: پێویستە بۆ ڕستەی بنەڕەتی (S) هی ئەو وشەیەی مەبەستە وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بدرێتەوە کە ئێمە بەشێوازی جیاواز دای دەڕێژین:

١- لە چ ڕستەیەک (S) دەکرێ بکەوێتەوە و کام لەو ڕستانە لە (S) دەکرێ بکەونەوە.

٢- لە چ هەلومەرجێکدا دەبێ (S) ڕاست بێت و لەکامیاندا هەڵە بێت.

٣- چۆن دەکرێ (S) ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە؟ Verifizieren.

٤- (S) چ واتایەکی sinn هەیە.

ژمارە (١) فۆرمۆلەکردنێکی ڕاستە. فۆرمۆلەی (٢) لەگەڵ شێوازی ئاخاوتنی مەنتیقدا دێتەوە و دەگونجێ. ژمارەی (٣) شێوازی گوتنی تیۆری زانینە. ژمارە (٤) شێوازی ئاخاوتنی فەلسەفە (فێنۆمێنۆلۆژییە). ئەوەی فەلسەفە بە (٤) مەبەستی دەردەبڕێ بەهۆی (٢) دەکرێ. ڤتگنشتاین دەری بڕیوە:

واتای ڕستەیەک لە پێودانگی ڕاستییەکەیدایە.

[(١) فۆرمۆلەیەکی «میتامەنتیقییە»، لە شوێنێکی تری ئەم باسەدا دواتر بەتێروتەسەلی میتامەنتیق وەک تیۆری سێنتاکس و واتا، واتە پێوەندییەکانی لێخستنەوە باس دەکرێت]

لە زۆر وشەدا و بگرە بەتایبەتی لە زۆربەی هەرە زۆری هەموو وشەکانی زانستدا دەکرێ و دەشێ دەلالەت بەهۆی بردنەوە سەر چەند وشەیەکی تر [دامەزراندن، پێناسەکردن] ڕوون بکرێتەوە. بۆ نموونە: «ئارترۆپۆدە» جومگەییەکان Arthropod زیندەوەرن لەشیان لەچەند ئەندامێک پێک هاتووە، لە ڕادەبەدەر ئەندامیان هەیە و لاشەیان بەچیتین Chitin داپۆشراوە. لێرەدا بەهۆی فۆرمی بنەڕەتی ڕستەی وشەی «جومگەییەکان» بەتایبەتی بۆ فۆرمی ڕستە [ئەو شتە (×) زیندەوەرێکی جومگەییە]، ئەو پرسیارەی پێشتر کرا، وەڵامی درایەوە. شتێکی ئاشکراو دەستنیشان کراوە کە ڕستەیەکی لەم شێوەیە دەبێ لە چەند پێشەکییەکەوە (Pramissen) بکەوێتەوە کە لەم فۆرمە بن: [(×) زیندەوەرێکە]، [(×) لەشێکی هەیە لە چەند ئەندامێک پێک هاتووە]، [(×) لە ڕادەبەدەر ئەندامی هەیە.]، [(×) لەشی بە پەردەی چیتین داپۆشراوە.] و هەروەها بە پێچەوانەوە هەر یەکێک لەم ڕستانە دەبێ لە ڕستەکانی تر بخرێنەوە. بەپێی ئەم دەستنیشان کردنانە دەربارەی توانای لێکەوتنەوەی (بە جۆرە شێوازێکی تری دەربڕین: دەربارەی پێودانگی ڕاستی، میتۆدەی ساغ کردنەوە، هی واتا) ڕستەی بنەڕەتی لە بارەی «جومگەییەکانەوە» ئەوە دەلالەتی وشەی «جومگەییەکان» دەستنیشان و دیار کرا. بەم شێوازە هەموو وشەیەکی زمان دەبردرێتەوە سەر وشەی تر و لەکۆتاییدا دەبرێتەوە سەر ئەو وشانەی لەناوبراو بە «ڕستەکانی سەرنجدان»، یان «ڕستە پرۆتۆکۆلییەکان»دا بەکاردێن. بەهۆی ئەم گێڕانەوە و بردنەوەسەر وشە دەلالەتی خۆی پێدەبڕێ.

پرسیارەکەی دەربارەی ناوەڕۆک و ڕوخساری یەکەمین ڕستەکانی (ڕستە پرۆتۆکۆلییەکان) کە تائێستا بەلایەکدا خەرانە وەڵام نەدراوەتەوە، دەتوانین ئێمە بۆ ئەو ڕوون کردنەوە و شرۆڤەکردنەمان بە تێکڕایی بیخەینە لاوە. لە تیۆری زانیندا وا باوە بگوترێ یەکەمین ڕستەکان پشت بە «دراوەکە» دەبەستن، بەڵام هیچ ڕێککەوتنێک لە بارەی ئەم پرسیارەوە نییە، دەبێ چی وەک «دراو Gege-bene» باس بکرێت. هەندێک جار ئەو بۆچوونە باس دەکرێت: ڕستەکان دەربارەی دراو باسی سادەترین خەسڵەتەکانی هەست و (شعور) دەکەن [بۆ نموونە «گەرم»، «شین»، «خۆشی» و شتی لەم بارەیەوە]. هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە یەکەمین ڕستەکان دەربارەی

تێکڕای ئەزموونەکانی ژیان و Erlebnisse پێوەندییە لە یەکتری چووەکان لەنێوان ئەواندا دەئاخڤن. بۆچوونێکی تر وادەگەیەنێ یەکەمین ڕستەکانیش باسی شتەکان دەکەن. بەبێ گوێدانە جیاوازی ئەم تێگەیشتن و بۆچوونانە ساغ بۆتەوە زنجیرەیەکی وشە تەنیا کاتێک واتایەکی دەبێ ئەگەر پێوەندییەکانی کەوتنەوەی لە ڕستە پرۆتۆکۆلییەکانەوە پشت ڕاست کرابێتەوە. ئیتر ئەم ڕستە پرۆتۆکۆلییانە ئەم جۆرە، یان هەر جۆرێکی تری خەسڵەتێکیان هەبێت، بە هەمان شێوە، وشەیەک تەنیا ئەوکاتە دەلالەتی دەبێت ئەگەر هاتو ڕستەکان کە تێیاندا ئەو بەکار دێت توانای بردنەوە سەر ڕستە پرۆتۆکۆلییەکانیان هەبێت.

لەبەر ئەوەی دەلالەتی وشەیەک بەهۆی پێودانگەکەی دەست نیشان دەکرێت (بەشێوازێکی تری دەربڕین: بەهۆی هەلومەرجەکانی ڕاستییەکەی، بەهۆی میتۆدەی ساغ کردنەوەکەی)، ئەوە ناتوانرێ دوای دەستنیشان کردنی گومان هەڵنەگری پێودانگەکە مرۆڤ بە تەواوەتی لەوە پشت ڕاست بێت لە وشەی «وادانان» چی دەخوازێ. ناکرێ لە پێودانگێک کەمتر بدرێتە دەست بۆ ئەوەی وشەکە دەلالەتێکی وردی ڕێکوپێکی پێ ببرێ. هەروەها ناتوانرێ پتر لە پێودانگێک پێشکەش بکرێت، ئیتر بەهۆی ئەوەوە هەموو ئەوانی تر دەستنیشان کران. لەپێودانگدا دەلالەت بە تەواوەتی هەیە؛ هەر تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە، هەر ئەو بەتەنیا بەدیار بخرێت.

بۆ نموونە ئێمە وای دادەنێین، یەکێک ئەم وشە نوێیە بەبیگ «babig» ڕۆدەنێ و لاف لێ دەدات گوایە شتی وا هەیە کە بەبیگن و هی تر هەن بەبیگ نین. بۆ ئەوەی لە دەلالەتی ئەم وشەیە شارەزا بین بەپێی پێودانگەکە دەپرسین: دەکرێ لە ڕەوشێکی کۆنکرێتدا ساغ بکرێتەوە ئایا شتێکی دیاریکراو بە بیگە، یان ئەو نییە؟ ئێستا ئێمە دەخوازین لەپێشدا جارێک وای دابنێین، ئەوی پرسیویەتی وەڵامەکەی نەداوەتەوە، ئەو دەڵێ، هیچ جۆرە سیمبۆل و نیشانێکی ئەزموونی بۆ بە بیگێتی لە ئارادا نییە. لەم ڕەوشەدا ئێمە بەکارهێنانی وشەکە بەناڕەوا و نادروست دادەنێین، بەڵام ئەگەر ئەوەی وشەکە بەکاردەهێنێ سەرەڕای ئەمە بڵێ شت هەیە بە بیگن و هی تر هەن بە بیگ نین، ئەوە بۆ تێگەیشتنی هەژار و سنووورداری مرۆڤ ئەمە تەنیا بەنهێنییەکی هەتاهەتایی دەمێنێتەوە و ئیتر ئێمە ئەوە بە قسەیەکی بێ ناوەڕۆک و بەتاڵ دەبینین. دوور نییە ئێمە لەوە دڵنیا و خاترجەم بکرێین کەوا وشەی «بەبیگ» شتێک دەردەبڕدرێت. لەوەوە ئێمە تەنیا لە ڕاستییەکی Faktum دەروون شوناس خەبەردار دەبین ئەو چەند جۆرە بۆچوون و هەست و نەستێک بەم وشەیە دەبەستێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەمەوە ئەو وشەیە دەلالەتێکی پێ نابڕێ. ئەگەر هیچ جۆرە پێودانگێک بۆ ئەم وشەیە بە تەواوەتی دیار نەکرێ و دادەنرێت، ئەوە ئەو ڕستانە کە ئەم وشەیان تێدا بەکاردێت هیچ ناڵێن، ئەوە تەنیا زرە ڕستەی ڕووتن.

دووەم ئێمە دەمانەوێ ئەو ڕەوشە پەسند بکەین کە بە پێودانگ بۆ وشە نوێیەکە، وشەی «بەبیگ» ساغ بۆتەوە و تەنانەت ئەو ڕستەیە: «ئەو شتە بە بیگە» هەمیشە و تەنیا هەر ئەوکاتە ڕاست دەبێ ئەگەر شتەکە چوار گۆشە بێت. (لێرەدا بۆ بیرکردنەوەکانی ئێمە گرنگ نابێ ئایا ئەم پێودانگە بەروون و ئاشکرایی خراوەتە بەر دەستمان، یان ئایا ئێمە بەهۆیەوە دیار و دەستنیشانی دەکەین ئێمە سەرنج دەدەین لە چ ڕەوشێکدا وشەکە ئارێ و لەکامەی تردا بەنارێ بەکاردێت.) ئێمە لێرەدا دەڵێین: وشەی «بەبیگ» هەمان دەلالەتی هەیە کە وشەی «چوارگۆشە» هەیەتی. ئینجا ئێمە بەنادروستی دەبینین، کاتێک ئەوانەی وشەکە بەکاردەهێنن بە ئێمە بڵێن، ئێوە مەبەستتان شتێکی تری جیاواز لە «چوارگۆشە» بووە. هەر چوارگۆشەیەک شتە و بە بیگە و بەپێچەوانەشەوە، بەڵام ئەمە تەنیا پشت بەوە دەبەستێ ئەم چوارگۆشەییە دەربڕینێکی ڕوون و بەرچاوی بە بیگێتییە، ئەمەش نهێنییەکە خۆی خەسڵەتێک نییە تێبینی و هەستی پێ بکرێت، ئێمە لەوەڵامدا دەڵێین، دوای ئەوەی لێرە پێودانگەکە بە یەکجاری دەستنیشان کرا، هەروەها بەلایەکدا خرا «بە بیگ» واتای «چوارگۆشەیی» دەدات و بگرە هیچ ئازادییەک لەئارادا نامێنێ ئەم، یان ئەوی تر بەو وشەیە ناوبەرن و مەبەستتان بێت.

ئەنجامی بیرکردنەوەکەمان بەکورتی پوخت دەکەینەوە:

(a) وشەیەکە و[S(a)] ڕستەی بنەڕەتییە و ئەو تێیدا بەکاردێت. هەلومەرجی پێویست و بەس بوو بۆ ئەوە کە (a) دەلالەتێکی هەبێ ئەوکاتە دەشێ ئەگەر لە هەموو فۆرمۆلەکردنەکانی خوارەوەدا ئاماژەیان پێ بکرێت، کە لە بنەڕەتدا هەمان شت دەڵێن:

١- نیشانە ئەزموونییەکانی (a) ناسراون و دەزانرێن.

٢- ساغ بۆتەوە لە چ ڕستەیەکی پرۆتۆکۆلییەوە S(a)

دەكرێ بكەوێتەوە.

٣- هەلومەرجەكانی ڕاستی S(a) ساغ كراونەتەوە.

٤- ڕێگای پشت ڕاستكردن و ساغ كردنەوەی S(a) ناسراو و زانراوە(١).

### ٣- وشە میتافیزیكییەكان بەبێ دەلالەتن

زۆربەی وشە میتافیزیكییەكان نیشانی دەدەن كە هەموو ئەو مەرجانەیان تێدا نییە كە لەسەرەوە باس كران، بۆیە ئەوان بەبێ واتاو دەلالەتن.

ئێمە وەك نموونە چەمكی میتافیزیكی بنەما Prinzip دەگرینە دەست و (بگرە وەك زرە بنەما، نەك وەك بنەمای زانین، یان وەك بنەمای بنەڕەتی). میتافیزیككاری جیاوازی وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە: دەبێ «بنەمای باڵای جیهان»، یان «هی شتەكان»، «هی بوون، هی بوونەوەر» چی بێت.

بۆ نموونە: ئاو، ژمارە، فۆرم، بزووتنەوە، ژیان، گیان، بیرۆكە Idee، ئەوەی هەستی پێناكرێ، كردار، چاكەكاری و شتی پتری وەك ئەمانە.. بۆ ئەوەی دەلالەتی وشەی «بنەما» لەم پرسیارە میتافیزیكییەدا بدۆزینەوە، پێویستە لەسەرمان پرسیارە میتافیزیكییەكان: لەچ هەلومەرجێكدا دەبێ ڕستەیەكی ئەم فۆرمە: «(x) بنەمای a(y)» ڕاست بێ و لەكامەی تردا هەڵە بێت. بەواتایەكی تر: ئێمە لە بارەی نیشان، یان پێناسەی وشەی «بنەما»وە دەپرسین. میتافیزیككار نزیكەی بەم جۆرە وەڵامم دەداتەوە:

(x) بنەمای a(y). دەبێ بەو واتایە بێت:

- y لە x دەكەوێتەوە.
- بوونی y بەندە بە بوونی x.
- y بەهۆی x دروست و پەیدادەبێ و هی تری لەم جۆرە.

ئەم وشانە فرە واتا و دەلالەتن و دەستنیشان نەكراون، بەڵام زۆرجار دەلالەتێكی ڕوون و ئاشكرایان دەبێ: بۆ نموونە: ئێمە لەبارەی شتێكەوە، یان دەربارەی ڕووداوێك y دەڵێین لە x دەكەوێتەوە ئەگەر ئێمە تەماشا بكەین و سەرنج بدەین، لەشت و ڕووداوی جۆری x زۆرجار، یان هەمیشە جۆری y دەكەوێتەوە، (پێوەندی هۆیەكی بەواتای بەدوا یەكتریدا هاتنی سروشت قانوونییانە)، بەڵام میتافیزیككار پێمان دەڵێ: ئەو مەبەستی ئەو پێوەندییە ئەزموونییە نییە كە دەشێ پشت ڕاست بكرێتەوە، چونكە ئەوكاتە تێزە میتافیزیكییەكانی دەبن بەچەند ڕستەیەكی ساكاری شارەزایی Erfahrung لە هەمان جۆری ڕستەكانی فیزیك، وشەی «لێكەوتنەوە» نابێ دەلالەت و واتای پێوەندی بەدواداهاتنی كاتیەكی و هەلومەرجییانەی كە ئاسایی وشەكە هەیەتی، هەیبێ. بەمە ناكرێ بۆ هیچ دەلالەتێكی تر پێودانگێك دابنرێت. وەك ئەنجامێك ئەو بەناو دەلالەتە «میتافیزیكییە» كە دەبێ وشەكە جیا لە دەلالەتی ڕستە ئەزموونییەكان هەیبێ، بەهیچ جۆرێك نییە. با ئێمە بیر لەدەلالەتە بنەڕەتییەكەی وشەی لاتینی بنەما (Principium) (لەگەڵ وشە یۆنانییە بەرانبەرەكەی ئارخێ arche) بكەینەوە هەست پێدەكەین كە هەمان پرۆسەی پەرەسەندن و بەرەو پێش چوون دێتە بەرچاو. دەلالەتی بنەڕەتی «دەستپێك» بەتەواوەتی لە وشەكە ستێنراوە: ئەو نابێ هیچی تر بەكات یەكەم بێت، بەڵكو یەكەم بەدەلالەتێكی تر، بەتایبەتی دەلالەتی بیروبۆچوونی میتافیزیكی هەبێ. پێودانگەكانی ئەم «بیروبۆچوونە میتافیزیكییە» دەستنیشان و پێشكەش ناكرێن. لە هەردوو ڕەوشدا وشەكە دەلالەتی پێشووی لێ ستێندراوە، بەبێ ئەوەی یەكێكی نوێی پێبەخشرا بێ وشەكە وەك توێكڵە گوێزێكی پووچ دەمێنێتەوە. چەندین بۆچوونی یەك لەدوای یەكی قۆناخی پڕ واتا و دەلالەتی پێشووی پێوە ماوە، ئەوان خۆیان بەچەندین بۆچوون و هەستی نوێوە گرێ دەدەن، كە لەو پێوەندی و كایەیەدا كە مرۆڤ پتر وشەكە بەكاردەهێنێ، بەڵام وشەكە بەمە دەلالەتێك بەدەست ناهێنێ و پتر بەبێ دەلالەتی دەمێنێتەوە، ئەوەندەی مرۆڤ نەتوانێ ڕێگایەكی ساغ كردنەوەی دەستنیشان بكات.

نموونەیەكی تر وشەی «ڕەب»بە. لەم وشەیەدا، بەبێ گوێدانە هەمە چەشنەیی بەكارهێنانەكەی لەو كایە و دەڤەرانەی تێیدا بەكاردێن، سێ جۆری جیاوازی بەكارهێنانەكەی لەزماندا، یان لە قۆناخە مێژووییەكاندا كە لە ڕەوتی كاتدا ئاوێتەی یەكتری بوون پێویستە لە یەكتری جیا بكرێنەوە:

- بەكارهێنانەكەی لە زمانی ئەفسانە و داستاندا My-thologie وشەكە دەلالەتێكی ڕوون و ئاشكرای هەیە. بەم وشەیە (یان بە وشەی بەرانبەری لە زمانەكانی تردا) هەندێك جار جەوهەری لەشی نیشان دەدرێت كە بە نزیكی لەسەر چیای ئۆلیمپ، لە ئاسمان، یان لە

دنیایەکی تردا لەسەر تەخت دانیشتوون و (thronen)، هێز و توانا و دانایی و چاکەکاری و بەختەوەرییان بەپێودانگێکی ئەوپەڕی، یان کەمتر تەواوەتی (کامڵ) هەیە.

هەندێک جار وشەکە جەوهەری گیانی- دەروونی نیشان دەدات کە هیچ جۆرە لەشێکی وەک مرۆڤیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەجۆرێک لە جۆرەکان لەنێو شتەکاندا، یان لەنێو ڕووداوەکانی جیهانی بەرچاو خۆیان نیشان دەدەن و بەهۆی ئەزموونەوە دەکرێ دەستنیشان بکرێن.

لە بەکارهێنانی زمانی میتافیزیکیدا بەپێچەوانەوە «ڕەب» بابەتێکی سەروو ئەزموونی (ئیمپیری) نیشان دەکات. دەلالەتی جەوهەری لەشێک یان هی دەروونێکی لە لەشدا شاردراوە بە تەواوەتی لە وشەکە ستێندراوە و کراوەتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ دەلالەتێکی نوێی پێ نەبەخشراوە، بۆیە بووە بە بێ واتا و دەلالەت. ڕاستە ئەو زۆرجار وادێتە بەرچاو هەروەک ئەوەی وشەی «ڕەب» لەمیتافیزیکیشدا دەلالەتێکی پێ بەخشرابێ، بەڵام پێناسەکان کە دەکرێن ئەگەر بەوردی مرۆڤ لێیان وردبێتەوە وەک چەند زڕە پێناسەیەک دەردەکەون، ئەمانە دەچنەوە سەر چەند وشە بەیەکەوە گرێدان و ڕیزکردنێک کە بەپێی مەنتیق دروست نین (کە دواتر قسەیان لێدەکەین)، یان دەچنەوە سەر چەند وشەیەکی تری میتافیزیکی (بۆ نموونە بنەمای بنەڕەتی، ڕەهایەکە، بێ هەلومەرجەکە، سەربەخۆیەکە و هی تری وەک ئەمانە)، یان بەهیچ جۆرێک ناچنەوە سەر مەرجەکانی ڕاستی ڕستە بنەڕەتییەکانی. لەم وشانەدا هیچ جارێک پێداویستی سەرەتایی مەنتیق جێبەجێ ناکرێت، بەتایبەتی پێداویستی ڕوونکردنەوەی سێنتاکسەکەی، واتە فۆرمی بەکارهێنانەکەی لە ڕستەی بنەڕەتیدا. ڕستەی بنەڕەتی پێویست بووە لێرەدا ئەو فۆرمەی هەبێت:

[ (×) ڕەببێکە]، بەڵام میتافیزیککار، یان ئەم فۆرمە بە تەواوەتی ڕەت دەکاتەوە بەبێ ئەوەی یەکێکی تر بخاتە بەردەست، یان ئەگەر ئەوە پەسند بکات، چەمکی سێنتاکسی گۆڕاوەکە (×) ناداتە دەست و ڕوونی ناکاتەوە. (چەمکەکان بۆ نموونە ئەمانەن: لەش، خەسڵەتەکانی لەش، پێوەندییەکانی نێوان لەشەکان، ژمارەکان...تاد).

لەنێوان بەکارهێنانی ئەفسانەیی و میتافیزیکی زماندا بەکارهێنانی زمانی تیۆلۆژی (لاهوتی) سەبارەت بە وشەی (ڕەب) دێت. لێرە هیچ دەلالەتێکی تایبەتی بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو مرۆڤ لەنێوان هەردوو جۆری بەکارهێنانەکەدا لێرەو لەوێ دێ و دەچێ. هەندێک لاهوتی Theologen چەمکێکی ئەزموونی ڕوون و ئاشکرای ڕەب بەکاردەهێنن (بەو شێوازەی ئێمە بەکاری دەهێنین- میتۆلۆژی). لەم ڕەوشەدا هیچ جۆرە زڕە ڕستەیەک نایەنە پێش چاو، بەڵام زیان و زەرڕی لاهوتییەکان لەوەدایە بەم جۆرە لێکدانەوەیە ڕستە لاهوتییەکان چەند ڕستەیەکی ئیمپری دەبن و پابەندی حوکم و بڕیاری زانستی ئەزموونی دەبن. لەلای لاهوتییەکانی تر بەکارهێنانی زمانی میتافیزیکی هەستی پێدەکرێ و لەئارادایە. جارێکی تر لەلای هەندێکی دیکە بەکارهێنانی زمانەکە ڕوون و ڕەوان نییە، جا ئەوەبێ، جاروبار ئەم بەکارهێنانە و جاروبار ئەو بەکارهێنانەی تری زمان بگرنە بەر، ئیتر یان ئەوەبێ کە خۆیان لە چوارچێوەیەکدا دەجووڵێنن کە بە ئاشکرا تێی نەگەیشترێ، بە هەردوولادا چەندین چەمکی بریقەدار و ڕەنگ گۆڕدراو بەکاردەهێنن.

هەروەک ئەو نموونانەی «بنەما» و «ڕەب» کە سەرنجمان دان زۆربەی هەرە زۆری چەمکە تایبەتییە میتافیزیکییەکان بەبێ دەلالەتن بۆ نموونە: «بیرۆکە»، «ڕەها»، «بێ هەلومەرج»، «بێ کۆتایی»، «بوونی بوونەوەر»، «نابوونەوەر»، «شت لەخۆیدا»، «گیانی ڕەها»، «گیانی بابەتی»، «جەوهەر»، «لەخۆوە بوون»، «لەخۆوەو بۆ خۆ بوون»، «لەسەرەوە ڕژان»، «بەدەرکەوتن»، «هەڵاوێردن»، «من»، «نامن» و تاد. ئەم دەربڕینانە هەمان شت دەیانگرێتەوە کە پێشتر دەربارەی وشەی «بەبیگ» بە نموونە بیری لێکرایەوە، میتافیزیکی بە ئێمە دەڵێ، ئەو ڕێگا نادات هەلومەرجە ئەزموونییەکانی ڕاستی پێشکەش بکرێن و بخرێنە ڕوو، خۆ ئەگەر ئەو پتر بڵێ، سەرەڕای ئەمە ئەو بەم وشەیە مەبەستێکی هەبووە و دەری بڕیوە، ئەوا ئێمە دەزانین ئەو بەم وشەیە تەنیا چەند بۆچوونێکی باوەڕ و هەست و نەستی ڕوون کردۆتەوە کە بەهۆی ئەمانەوە وشەکە هیچ جۆرە دەلالەتێکی دەستگیر نابێت. ڕستە بەناو میتافیزیکییەکان کە ئەو جۆرە وشانەیان تێدایە، هیچ جۆرە مانایەکیان نییە، هیچ ناڵێن ئەوانە چەند زڕە

رستەیەکی پەتی و رووتن، چۆن دەکرێ دروست بوونە مێژووییەکەیان روون بکرێتەوە، دواتر بیری لێ دەکەینەوە.

### ٤- مانای رستەیەک

تائێستا ئێمە هەر سەرنجی زرە رستەکانماندا کە تێیاندا وشەیەکی بێ واتا بەکاردێت. جۆرێکی تری دووەمی زرە رستەکان هەیە. ئەوان لە چەند وشەیەکی بەدەلالەت و مانا پێک هاتوون، بەڵام لەو وشانە وا دارێژراون کە لەگەڵ ئەوەدا هیچ واتایەکیان نییە. سێنتاکسی زمانێک روونی دەکاتەوە کام جۆری وشە پێکەوە گرێدان دروست و کام جۆرانەی وشە بەیەکەوە ریزکردن و دارشتن، نادروستن. سێنتاکسی رێزمانی زمانە سروشتییەکان لە هەمووکات و شوێنێکدا ئەرکی نەهێشتن و لادانی ریزکردن و پێکەوە بەستنەوەکانی وشە بێ واتاکان جێبەجێ ناکات. وەک نموونە ئێمە ئەو دوو جۆرە وشە ریزکردنەی خوارەوە دەهێنینەوە:

١- «قەیسەر هەیە و وە».

٢- «قەیسەر ژمارەیەکی سەرەتاییە»

وشە ریزکردنەکەی ژمارە (١) بە پێچەوانەی سێنتاکسەوە دارێژراوە. سێنتاکس واپێویست دەکات کە لە جێگای سێیەمی رستەدا پێوەندی نەبێ، بەڵکو دەبێ بار هەبێ، واتە ناوێک، یان ئاوەڵناوێک، بەپێی سێنتاکس بۆ نموونە ئەم زنجیرە وشەیە دارێژراوە: «قەیسەر سەر لەشکرە» ئەمە زنجیرە وشەیەکی پڕ واتایە، رستەیەکی راستەقینەیە. هەروەها زنجیرە وشەی ژمارە (٢) بەپێی رێوشوێنی سێنتاکس دارێژراوە، هەمان فۆرمی رێزمانی رستە ناوبراوەکەی سەرەوەی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارە (٢) بێ واتایە. «ژمارەی سەرەتایی Prim Zahl» خەسڵەتێکی ژمارەکانە، ئەو نەدەکرێ بە مرۆڤێک ببەخشرێ و نە لێی بستێندرێتەوە. لەبەر ئەوەی (٢) لە رستەیەک دەچێ، بەڵام رستە نییە، هیچ نالێ، نە پێکهاتنی رووداوێکی کردەکی و نە نەقەومانەکەی دەرنابڕێ، ئیتر ئێمە ئەم ریزکردنەی وشەیە بە «زرە رستە» ناو دەبەین، لەبەر ئەوەی بەهۆی ئەمەوە رێزمانی سێنتاکس پێشێل نەکراوە، مرۆڤ لە یەکەم سەرنجدانەوە بەتەفرە دەچێ و بۆچوونێکی هەڵەی لەلا دروست دەبێ، گوایە مرۆڤ رستەیەکی لەبەر دەستدایە، ئەگەرچی رستەکە هەڵەش بێت. «a» ژمارەیەکی سەرەتاییە کاتێک و تەنیا هەر ئەوکاتە هەڵە دەبێ کاتێک a بەهۆی ژمارەیەکی سروشتییەوە کە نە «a»یە و نە «l»ـە توانای دابەش بوونی هەبێت. لێرەدا بە ئاشکراو راشکاوی ناتوانرێ لە جێگای a «قەیسەر» دابنرێت. ئەم نموونەیە بەو جۆرە هەڵبژێردراوە بە سووک و ئاسانی هەست بە بێ واتاییەکە دەکرێت. لە هەندێک بەناو رستەکانی میتافیزیکیدا وا بە ئاسانی نازانرێت و هەستی پێ ناکرێت کە ئەمانە چەند زرە رستەیەکن. خۆ ئەگەر لەزمانی باو و ئاساییدا بشێ زنجیرە وشەیەکی بێ واتا دابرێژرێ بەبێ ئەوەی رێساکانی رێزمان پێشێل بکرێن. ئەوە نیشان دەدرێت سێنتاکسی رێزمانی لە سۆنگەی مەنتیقەوە سەرنج بدرێت کەلەبەر و کەموکوڕی تێدایە. ئەگەر ئەوان بە تەواوەتی لەگەڵ سێنتاکسی رێزمانی سێناکسی مەنتیقدا بێنەوە، هیچ جۆرە زرە رستەیەک دروست نابێت. خۆ ئەگەر سێنتاکسی رێزمانی نەک هەر جۆرەکانی وشەی بکەر (ناو)، ئاوەڵناو، کردار، گەردان کردن...تاد جیاواز و جیا بکاتەوە، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەم جۆرانەدا چەندین جیاوازی بکات کە مەنتیق پێویستیان دەکات، ئەوە هیچ زرە رستەیەک دانامەزرێت. بۆ نموونە خۆ ئەگەر بکەر- ناوەکان -Sub stantive بەپێی رێزمان لە فرە جۆری وشەدا دوورخرابنەوە بەپێی جێگاکە ئایا ئەوان چەند خەسڵەتێکی لەش، یان هی ژمارە...تاد، نیشان دەدەن، ئەوە ئەو وشانە «سەرکردەی لەشکر» و «ژمارەی سادە» بەپێی رێزمان سەر بەجۆری جیاوازی وشە دەبن. ئیتر ژمارە (٢) وەک (١) ناواز و بەپێچەوانەی زمانەوە دەبێ. لە زمانێکدا کە بەراست و دروستی دارێژرابێ زنجیرە وشە بێ واتاکان لەجۆری نموونەی (١) دەبن، ئەوان بەو پێیە بەهۆی رێزمانەوە تارادەیەک ئۆتۆماتیکیانە دەکوژێنرێنەوە؛ واتە، پێویست ناکات بۆ ئەوەی بێ واتای ببوێردرێت، بایەخ بە دەلالەتی وشەکان یەک بەیەک بدرێت، بەڵکو دەبێ تەنیا جۆری وشەکەی لەبەرچاو بگیرێ (چەمکە سێنتاکسییەکان، بۆ نموونە: شت، خەسڵەت (سیفەت)، پێوەندی شت، ژمارە، خەسڵەتی ژمارە...تاد). تیزەکەی ئێمە، رستەکانی میتافیزیک چەند زرە رستەیەکن، ئەگەر راست بێت، ئەوە لە زمانێکدا کە بەپێی مەنتیق راست دامەزرابێ بەهیچ جۆرێک میتافیزیک ناکرێ دەرببڕدرێ. لەمەوە بایەخی گەورە و گرنگی فەلسەفەیی ئەرکی دامەزراندنی

سـێنتـاكـسـیكی مـەنتـیق بەدەردەكـەوێ، كـە لەم سەردەممەماندا مەنتیقكاران ئیشی لەسەر دەكەن.

**٥- زڕە ڕستە میتافیزیكییەكان**

ئێمە دەخوازین ئێستا چەند نموونەیەكی زڕە ڕستەی میـتـافـیـزیكی نیـشـان بدەین كـە ئەوان بەشـێـوەیەكی تایبـەسـتی دەبنە مـایەی ئەوە بە ڕوونی و بە ڕەوانی بزانرێ سێنتاكسی مەنتـیقی پێشێل كراوە، ئەگەرچی سێنتـاكسی ڕێزمـانی مێـژووییش پەیڕەو و جێبـەجێ كرابێ. ئێمە چەند ڕستەیەكی ئەو ڕێبازە میتافیزیكییە هەڵدەبژێرین كە لەم سەردەمەدا لە ئەڵەمانیا بەهێزترین كاریگەری جێبەجێ دەكات(٢).

«دەبێ تەنیـا هەر بوونەوەر لێی بكۆڵرێتـەوە ئەگینا- هیچ، بوونەوەرەكـە بە تەنیـا و پتـر- هیچ؛ بە تەنیـا بوونەوەر خـۆی و لەوە بەولاوە- هیچ، ئاخـۆ دەبێ ئەو هیـچـە چی بێت؟.. ئایا هەر بۆیە تەنیـا هیچ هەیە، چونكە ئەو..نا-یە، واتە ناكردنە هەیە؟! یان بابەتەكە بە پێـچـەوانەوەیە؟ ئایا ناكـردن و تەنیـا هەر نەء هەیە، چونكە هیچ هەیە؟!- ئێمە ئەو لافە لێ دەدەین:

هیـچ لە نەء و ناكـردن بنەڕەتی ترە.. لە كـوێ بەدوای هیـچدا بگەڕێین؟! چۆن ئێـمە هیچ دەدۆزینەوە؟!.. ئێـمە هیـچ دەناسین... ترس هیـچ ئاشكرا دەكـات - لە چی و بۆچی ئێـمە دەترسین، ئەمـە بەتایبـەتی - هیـچـە. ئەوی ڕاست بێت: هیـچـەكە وەك ئەمـە، لێـرە بووە. هیـچـەكـە چۆنە؟.. هیچ خۆ نادەكات و لەناو دەبات.»

بۆ ئەوەی نیـشـانی بدەین، شیـاوەكی دروستكردنی زڕە ڕستـەكـان بە كـەمـوكـوڕی Mangel مـەنتـیـقی زمـانەوە بەندە، ئەو خشتـەی Schema خوارەوە دەخەینە بەرچاو:

- ڕستـەكانی ژمارە (I) بەپێی ڕێزمـان و مەنتیق هیچ ڕەخنە و گازندەیەكیان لەسەر نییە. واتە پڕ واتان.

- ڕستـەكـانی ژمـارە (II) بەدەر لە (B3) لەڕێزمـانـدا بەتەواوەتی وەك ئەمـانی ژمـارە (١) وان و لەگـەڵـیـانـدا دێنەوە.

- فۆرمی ڕستـەی IIA (وەك پرسیـار و وەڵام) بەپێی ئەو پێـداویسـتـیـیـانە نیـیـە كـە دەبێ لە زمـانێكی مـەنتـیـقـیـیـانەی ڕاست هەبن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پڕ واتایە، چونكە دەكرێ بۆ زمـانێكی ڕاست وەربگێـڕدرێ. ئەمە ڕستەی IIIA نیشانی دەدات، كە وەك IIA هەمان واتای هەیە. ناگـونجـانی فـۆرمی ڕسـتـەی IIA لەوەدا دەردەكەوێ ئێمە دەتوانین لەوەوە بەهۆی ئۆپەراسیۆنێكی گازندە هەڵنەگری ڕێزمانیـیەوە بە فۆرمەكانی ڕستە بێ واتاكـانی IIB بگەین كـە لە فـوس نۆتە خـوازراوەكـەی سەرەوە وەرگیراون، ئەم فۆرمانە بەهیچ جۆرێك ناكرێ لە زمـانە ڕاسـتـەكـەی گـرووپی IIIدا بەگـشـتی ڕۆبنرێن. سەرەڕای ئەمە بێ واتاییـەكـەیان لەیەكـەم سەرنجـداندا بەرچاو ناكەوێ و هەستی پێ ناكرێت، چونكە بەهۆی ئەو وەك یەك و لەیەكـچـوونەوە Analogie مـرۆڤ بەرەو ڕسـتــە پڕ واتاكـانی IB بەتەفـرە دەچێ. ئەو هەڵەی زمانەكـەمان كە لێرەدا دەستنیشـان كراوە لەوەدایە، ئەو بەپێچەوانەی زمانێكی مەنتیقی ڕاست ڕێگا و دەرفەتی فۆرم وەك یەكی ڕێزمانییـانەی نێوان زنجیرەی ڕیزكراوی وشەی پڕ واتا و بێ واتادا دەدات.

هەر ڕستـە وشـەیەك فـۆرمـێلێكی گـونجـاوی شێـوازی نووسینی مەنتـیـقی پێ بەخشراوە، ئەم فۆرمێلانە دەبنە مایەی ئەوەی لە یەكچوون و وەك یەكی نەگونجاوی نێوان (IA) و (IIA) و ئەو ڕوونانانە بێ واتایانەی IIB كـە پشتیان پێیان بەستووە بەتایبەتی بە ڕوونی بزانرێن:

I. ڕستە پڕ واتاكانی زمانی ئاسایی و باوو

A. چی لەدەرەوە هەیە؟

دەرەوە(؟)

لە دەرەوە باران دەبارێ

دەرەوە (باران)

B. ئەو بارانە لە چ دایە و چۆنە؟

(واتە: بارانەكـە چ دەكات؟ یان دەربارەی ئەو بارانە چ دەكرێ بگوترێ؟)

؟ (باران)

١- ئێمە باران دەناسین

دەناسین (باران)

٢- باران دەبارێ.

باران (دەبارێ)

II. پەیدابوونی بێ واتا لە پڕ واتاوە لەزمانی باودا

A. چی لە دەرەوە هەیە؟!

دەرەوە(؟)

لەدەرەوە هیچە

دەرەوە (هیچ)

B. ئەم هیچە لەچ دایە و چۆنە؟

؟(هیچ).

١- «ئێمە بەدوای هیچ دا دەگەڕێین»
«ئێمە هیچ دەدۆزینەوە»
«ئێمە هیچ دەناسین»
دەناسینی (هیچ)
٢- هیچ لەناو دەچێ - بەهیچ دەچێ
لەناو دەچێ (هیچ)
٣- هیچ تەنیا بۆیە هەیە، چونکە..
هەیە (هیچ)

III. زمانێکی مەنتیقیانە
ڕاست

A. شتێک نییە (بوون نییە، شتێک لەئارادا و لەبەر دەستدا نییە) کە لە دەرەوە هەبێت.

.(   X) .dr.(x)

B. هەمـوو ئەو فـۆرمـانە بەگـشـتـی ناکرێ ڕۆبنرێن و دابڕێژرێن.

ئەگەر بە وردی سەرنجی زرە ڕستەکانی (IIB) بدرێت چەندین جیاوازی بەدەر دەکەوێ. داڕشتنی ڕستەی (١) بە ساکـاری بەو هەڵەیەوە بەندە کە وشـەی «هیچ» وەک ناوی بابەت و شت بەکـاردێت، چونکە مـرۆڤ بۆ ئەوەی ڕستەی ناکردنی بوون دابڕێژێ وا ڕاهاتووە لەزمانی باودا بەم فـۆرمـە بەکـاربهـێنێ. (بڕوانە IIA). لە زمـانێکی ڕاست و دروسـتـدا بە پێـچـەوانەوە بۆ هەمـان ئامـانج و مــەبەست ناوێکی تایبـــەتی بەکـــارناهێنرێ، بەڵکو فۆرمێکی مەنتیقی ڕستەکە بەکاردێت (بڕوانە) IIIA). لەڕستەی IIB2دا شتێکی نوێ دێتە بەرەوە، بە تایبەتی ڕۆنانی وشــەی بێ دەلالەتی(٣) «بەهیـچ کـردن»، ئەم ڕسـتـەیە لەبەر دوو هۆکـار بێ واتایە. ئێـمـە پێـشـتـر خسـتـمانە بەرچاو، وشە بێ دەلالەتەکانی میـتـافـیـزیک ئاسایی لەوەوە پەیدا دەبن، وشەیەکی پڕ دەلالەت بەهۆی بەکارهێنانە میـتافۆرییـەکەیەوە (خوازراوە- مـەجازی) لەمیتافیزیکدا دەلالەت و ماناکەی لێ دەستێندرێ. لێرە بەپێـچـەوانەوە ڕەوشـێکی دەگـمـەنمان لەبەر دەسـتـدایە، وشــەیەکی نوێ بەکـــارهاتووە کـــە هەر لە ســـەرەتای دەسـپـێـکەوە هیچ دەلالەتێکی نیـیـە. دەبێ لەبەر دوو هۆکـار ڕسـتــەی IIB3 ڕەت بکرێتـەوە. لەو هەڵەیەدا وشەی «هیچ» وەک ناوی کـەرەسـە و بابەت بەکـاربێت، لەگەڵ ڕستـەکانی پێشوودا تەبایە و دێتـەوە. سەرەڕای ئەمە ئەو ناکۆکییـەکی پێ براوە. ئەو خۆی، ئەگەر بشێ «هیچ» وەک ناو، یان وەک نیشانی شتێک بەکاربهێنرێ ئەوە ئەو شـتــە لەپێناسـەکـردندا بوونی Existenz لێ دەستێندرێتەوە، بەڵام لە ڕستەی (3)دا سەرلەنوێ پێی دەبەخشرێتەوە. ئەم ڕستەیە ئیـتر، ئەگەر بێ واتا نەبێ، لەناوخۆیدا ناکۆکە، ژێر نایگرێ unsinnig.

لە سۆنگەی هەڵە گەورەکانی مەنتیقەوە، کە ئێمە لە ڕسـتـەکانی IIB دەیبینین دەتوانین ئەو مەزەندەیە بکەین کـە لەو دەقـەی لە لێکۆڵـینەوەی ناوبراودا خـواسـتـمانەوە دوور نیـیـە وشـەی «هیچ» بە تەواوەتی دەلالەتێکی تری هەبێ لەوەی لێکدرایەوە. ئەو مــەزندەیە بەوە پتــەو و پشت ڕاسـتـتـر دەبێ ئەگـەر لەوێدا پتـر بخـوێنینەوە کـە نیگەرانی Angst هیچ بڵاودەکاتەوە، لە نیگەرانیدا هیچ وەک هیـچ لەویدا هەیە. لێـرەدا وشـەی «هیـچ» وا دێتـە پێش چاو کــە دەبێ ڕەوشـێکی سـروشت هەسـتــەکی (شعور) دوور نییە جۆری ئایینی، یان شتێک کە پشت بەو جۆرە هەستە ببەستێ، نیشان بدات. ئەگەر ئەمە وا بێت، ئەوە دەبێ هەڵە مــەنتــیــقــیــیــە ناوبراوەکــان لە ڕاستەکانی (IIB)دا نەبن.

بەڵام ســەرەتای لاپەڕە (٢٢٩)ی ئەو لێکۆڵـینەوەیەی دەقـەکـەی لێـوەرگـیراوە نیـشـانی دەدات ئەم لێکدانەوەیە ناگــونجێ و شــیــاوەکی نیــیــە، بەهۆی پێکەوە دانانی «تەنیـا» و «ئەگـینا هیچ» بە ئاشکرا ئەوە دەکـەوێتـەوە، وشەی «هیچ» لێرەدا دەلالەتێکی باوی ئامرازێکی -Par tikel مەنتیقی هەیە کە بۆ دەربڕینی ڕستەیەکی ناکراوی بوون بەکـــاردێت. دوای بەکـــارهێنانی وشــەی «هیـچ» ڕاسـتـەوخـۆ پرسـیـاری سـەرەکی لێکۆڵینەوەکـەی بەدوادا دێت:

«ئەو هیچە لەچ دایە و چۆنە؟!».

ئەگــەرەکــەی ئێــمــە، ئایا ئێــمــە بە هەڵە ڕوونمان نەکـردۆتەوە، بەتەواوەتی کـاڵ دەبێـتـەوە ئەگـەر سـەرنج بدەیـن نووسـەری لێکۆڵـینەوەکـە ئەوپەڕی لەلای ڕوون و ئاشکرا بووە پرسـیـارەکـانی و دەسـتـەواژەکـانی مـەنتـیق بەپێچەوانەی یەکتربیەوە. [پرسیـار و وەڵام سەبارەت بە هیـچەکە بە هەمـان شێواز لەخۆیاندا بەپێچەوانەی ژێر و مـەنتـیقـەوەن- ئەو ڕێسـا بنەمـاییەی هزر بەگـشـتی لێرەدا بەکــارهات، دەســتــەواژەی خــۆ بـواردن لە نـاکــۆکـی، «مەنتیقی» گشتی ئەم پرسیارە پووچەڵ دەکاتەوە]. ئەمە ئەوپەڕی بەدکـارییە بۆ مەنتـیق! پێویسـتە دەسـەڵاتەکەی لەناوبەرین: [ئەگـــەر بەم جـــۆرە هێـــزی تێگەیشتن لە

گۆڕەپانی پرسین دەربارەی هیچ و دەربارەی بوون شکست بهێنێ، ئەوە بەمە چارەنووسی دەسەڵاتی «مەنتیق» لە چوارچێوەی فەلسەفەدا بڕیاری خۆی دەدات. بیرۆکەی «مەنتیق» لەگێژاوی بنەڕەتترین پرسیندا خۆی بەرەڵڵاو ئازاد دەکات]. ئایا دەکرێ زانستی ڕێکوپێک بەگێژاوی پرسیاری دژ بە مەنتیق قایل بێت؟! وەڵامی ئەم پرسیارەش دراوەتەوە:

«وا زانین کە زانست ڕێکوپێک و باڵادەستە، دەبێتە مایەی پێکەنین، ئەگەر ئەو- هیچ- بەگرنگی وەرنەگیرێت» بەم پێیە ئێمە پشت ڕاستکردنەوەیەکی باشی تێزەکەمانمان دەستگیر دەبێ؛ میتافیزیکییەک لێرەدا خۆی دەگاتە ئەوەی بە بڕیارەوە دەستنیشانی بکات، پرسیارو وەڵامەکانی لەگەڵ مەنتیق و شێوازی بیرکردنەوەی زانست ناگونجێن و نایەنەوە.

جیاوازی نێوان تێزەکەی ئێمە لەگەڵ هی دژەمیتافیزیکییەکانی پێشوو و ئێستاکە ڕوون و ئاشکرایە. میتافیزیک لەلای ئێمە «وڕێنەی ڕووت و پەتی» و «ئەفسانە» نییە. ڕستەکانی ئەفسانە بەپێچەوانەی مەنتیق نین، بەڵکو تەنیا لەگەڵ هی ئەزموون و شارەزایی ناکۆکن، ئەوان ئەوپەڕی پڕ واتان ئەگەر هەڵەش بن. میتافیزیک بڕوابوون نییە بە داستان و ئەفسانە، دەکرێ مرۆڤ بڕوای بەدەستەواژەوە بابەتی ڕاست و هەڵە هەبێ، بەڵام بە ڕیزکردنی وشەی بێ مانا نەء. ڕستە میتافیزیکییەکان وەک چەند گریمانەیەکی کارکردنیش دانانرێن؛ چونکە سەبارەت بە گریمانەیەک پێوەندی کەوتنەوەی ڕاست بن، یان هەڵە لەگەڵ ڕستە ئەزموونییەکان شتێکی بنەڕەتییە و ئەمەش لە زڕە ڕستەکاندا نییە.

لە سۆنگەی بەناو سنووردارێتی توانای زانینی مرۆڤەوە هەندێک جار بۆ ڕزگارکردنی میتافیزیک ئەم ڕەخنانە دەگیرێن:

ڕستە میتافیزیکییەکان ئەگەر چی ناکرێ لەلایەن مرۆڤەوە، یان لەلایەن جەوهەرێکی تری کۆتاییەوە ساغ بکرێنەوە، بەڵام دەکرێ ئەوان، دوور نییە وەک چەند وادانانێک لەو بارەوە بڕ بکەن کە لەلایەن جەوهەرێکی توانای زانین بەرز، یان تەواو و کامڵ وەڵامی پرسیارەکانمان بدرێتەوە وەک چەند وادانانێکیش هەموو کاتی ئەوان پڕ واتان. دژی ئەم ڕەخنەیە دەمانەوێ بەو جۆرەی خوارەوە بیر بکەینەوە: ئەگەر دەلالەتی وشەیەک نەکرێ ڕوون بکرێتەوە، یان ئەگەر ڕیزکردنی وشە پێکەوە بەپێی سێنتاکس دانەنرێت، هیچ جارێک پرسیارێک گەڵاڵە ناکرێت [مرۆڤ ئەو زڕە پرسیارانە دەکاتەوە: «ئایا ئەم مێزە بەبیگە؟» «ئایا ژمارە حەوت پاک و پیرۆزە؟»، «ئایا ژمارە ڕاست، یان ژمارە خوارەکان تاریکترن؟»]. ئەگەر پرسیارێک لە ئارادا نەبێت ئەوە جەوهەرێکی زانین ڕەها و بێ سنوور ناتوانێ وەڵام بداتەوە. دوور نییە ڕەخنەگر ئێستا بڵێ: چۆن چاوساغێک دەتوانێ زانینی نوێ بەکوێرێک بگەیەنێ ئاوەها جەوهەرە بەرزەکە دەتوانێ، لەوانەیە، زانینێکی میتافیزیکی بگەیەنێ، بۆ نموونە ئایا جیهانی بەرهەست دیاردەی گیانێک نییە. لێرە دەبێ ئێمە بیربکەینەوە و بزانین «زانینی نوێ» چی دەگەیەنێ. هەروەها دەتوانین لەو بارەیەوە بیربکەینەوە، ئێمە تووشی زیندەوەری وا دەبین وای دابنێین هەستێکی نوێ هەیە. ئەگەر ئەو جەوهەرە ئەو ڕستە نیشانەییەمان بۆ ساغ بکاتەوە، یان ئامرازێکی نوێی فیزیکی دابهێنێ، یان قانوونێکی سروشتی کە تائێستا نەزانرابێ، دابنێ، ئەوە زانینی ئێمە بە یارمەتی ئەو تێروتەسەل و بەپێز دەبێ. ئێمە دەتوانین ئەم جۆرە تاقی بکەینەوە وەک چۆن کوێر و نابینا دەتوانی لە تەواوی فیزیک تێ بگات و تاقی بکاتەوە (هەروەها هەموو ڕستەکانی چاوساغەکەش). خۆ ئەگەر جەوهەرە وەرگیراوەکە شتێک بە ئێمە بڵێ، نەتوانین ئێمە ساغی بکەینەوە، ئەوە ناشتوانین لێی تێ بگەین، بۆیە لێرەدا هیچ گەیاندنێک بە ئێمە لەئارادا نابێ، بەڵکو دەنگی ڕووتی زمان بەبێ واتا، دوور نییە لەگەڵ بەدوایەکتریدا هاتنەکانی بۆچوون دەبیستین. بەهۆی جەوهەرێکی دیکەوە هەرچۆنێک بێت ئایا زۆر، یان کەم، یان هەموو شتێک دەزانێ؟ دەکرێ زانینمان تەنیا هەر چەندییانە فراوانتر ببێ، بەڵام لەبنەڕەتدا هیچ جۆرە زانینێکی نوێی ناخرێتەسەر. ئەوەی لەلامان جێگای دڵنیایی نییە دەکرێ بەهۆی یارمەتی یەکێکی ترەوە دڵنیایی لێ بکرێت، بەڵام ئەوەی لەلامان تێی نەگەیشترێ و جێگای تێگەیشتن نەبێ، بێ واتابێ، ناکرێ بەیارمەتی یەکێکی تر لەلامان ببێ بە پڕ واتاو واتابەخش، تەنانەت ئەگەر ئەو وا زۆر شتیشی زانیبێ. هەربۆیە هیچ ڕەب و هیچ شەیتانێک ناتوانێ ئێمە بگەیەنێتە میتافیزیکێک.

### ٦- بێ واتایی هەموو میتافیزیکێک

نموونەکانی ڕستە میتافیزیکییەکان کە ئێمە شیمان کردنەوە هەموویان لە توێژینەوەیەکەوە خوازراونەتەوە، بەلام ئەنجامەکان ئەوانەی لەمەش دەچن، لەبەشێکدا بەشێوازی وەک یەک هەروەها سستمەکانی تری میتافیزیکیش دەگرێتەوە. ئەگەر ئەو توێژینەوەیە بە پەسندکردنەوە ڕستەیەکی هیگلی خواستۆتەوە («بوونی بێگەرد و هیچی ڕووت ئیتر هەمان شتن») ئەوە ئەو پشت پێ بەستنە ئەوپەڕی ڕەوایە. میتافیزیکی هیگڵ لە سۆنگەی مەنتیقەوە هەمان کارەکتەری هەیە کە ئێمە لەلای میتافیزیکە مودێرنەکاندا دیتمانن.

هەمان شت سستمە میتافیزیکییەکانی دیکەش دەگرێتەوە، ئەگەرچی شێوازی بەکارهێنانەکانی زمانیان و ئیتر شێوازی هەڵە مەنتیقییەکە پتر، یان کەمتر لە شێوازی ئەو نموونانەی باسمان کردن لابدات. چەند نموونەی تر بۆ شیکردنەوەی چەند ڕستەیەکی تاکی میتافیزیکی سستمە جیاوازەکان بهێنینەوە بە پێویستی نازانین. تەنیا هەر سەرنج بۆ لای ئەو جۆرە هەڵانە کە فرە دێنە بەر دید و چاو ڕادەکێشین.

دوور نییە زۆربەی هەڵە مەنتیقییەکان کە لە زڕە ڕستەکاندا دەدیترێن بەچەند کەموکورییەکی مەنتیقییەوە بەندبن کە لە بەکارهێنانی وشەی «بوون» لە زمانەکەماندا هەبێت (هەروەها وشەی تری وەک ئەوە لەزمانەکانی تردا، یان بەلای کەمەوە لە زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکاندا).

– یەکەم هەڵە دوو ڕەنگی دەلالەتی وشەی «بوون»ـە، جارێکیان وەک ئامرازی پەیوەست kopula لەپێش بار (موسنەد، مەحمول– Pradikat) بەکاردێت:

«من برسیمە»: ich bin hungrig.

جارێکی تر وەک نیشانەیەکی بوون– وجود بەکاردێت.

«من هەم»: ich bin.

ئەم هەڵەیە ئەوەندەی تر نالەبارتر دەبێ بەوەی میتافیزیکییەکان زۆرجار دەربارەی ئەم دوو ڕەنگی واتا و دەلالەتە بەتەواوەتی ئاگادار نین.

– هەڵەی دووەم لە دەلالەتی دووەمی وشەی بوون Existenz بە فۆرمی کار Verbum دایە. بەهۆی فۆرمی کارەوە بارێک (خەسڵەتێک) بەهەڵە دەخرێتە بەرچاو کە لەوێدا هیچ کارێک نییە. زۆر پێشتر زانراوە کە بوون هیچ نیشان و خەسڵەتێک نییە (بڕوانە: کانت: پووچەڵکردنەوەی بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب).

بەلام لەپێشدا مەنتیقی نوێ ئەوپەڕی ئەنجام بە پێز و بڕشت بووە: ئەو نیشانی بوون بە فۆرمی وەک ئەو جۆرەی سێنتاکسییانە بەکاردێنی کە ناکرێ وەک بار بەسەر نیشانی بابەت و بەرکاردا بەکاربێت، بەڵکو دەکرێ تەنیا بەسەر باردا بەکاربێت (بڕوانە: بۆ نموونە ڕستەی IIIA لەو خشتەی پێشتر خرایە بەرچاو). زۆربەی میتافیزیکییەکان هەر لەسەردەمی کۆنەوە (Altertum) بەهۆی فۆرمی (کار) و ئینجا بەهی فۆرمی (بار)ی وشەی بوونەوە بە تەفرەی زڕە ڕستەکان چوون، بۆ نموونە: «من هەم»، «ڕەب هەیە» Gott ist.

نموونەیەکی ئەو هەڵەیە لە کۆگیتۆی دیکارت «من بیردەکەمەوە کەوابوو من هەم»دا دەدیترێ. ناوەڕۆکی گومان و ئەگەرەکان کە لەدژی پێشەکییەکە دەکرێن– ئایا بەتایبەتی ڕستەی «من بیردەکەمەوە» دەربڕینێکی دروست و گونجاوی ڕەوشەکەیە، یان دوور نییە گریمانەکردنێکی تێدابێ– دەمانەوێ لێرەدا بەتێکڕایی چاویان لێ بپۆشین و هەردووک ڕستەکە تەنیا لە سۆنگە و ڕوانگەی فۆرمالی مەنتیقییەوە سەرنج بدەین. لێرەدا دوو هەڵەی بنەڕەتی مەنتیقی هەست پێدەکەین:

یەکەمیان لە ئەنجامی ڕستەی «من ich bin» دایە. کاری «بوون– sein» لێرە بەبێ ئەگەر و گومان بەواتای بوون (Existenz) بەکارهاتووە. پێوەندییەک kopula ناکرێ بەبێ (بار) بەکاربهێنرێ (منەکەی) دیکارت هەمیشە بەو واتایە تێی گەیشتراوە، ئەم ڕستەیە بەپێچەوانەی ئەو قانوونەی مەنتیقە کە پێشووتر ناوی هێنرا، بوون تەنیا بەگرێدانی بە بار نەک بە بەستنەوەی بەناوێک (بکەر، ناوی تایبەتی) دەکرێ دەربردرێ. ڕستەیەکی بوون ئەو فۆرمەی نییە:

«a هەیە» (وەک لێرەدا وتراوە: من: واتە من هەم) بەڵکو دەگوترێ «شتێک لەم جۆرە و ئەو جۆرە هەیە.»

هەڵەی دووەم:

لە گواستنەوە دایە لە «من بیردەکەمەوە» بۆ «من هەم».

ئەگەر پێویست بێت لە ڕستەی P(a) (a خەسڵەتی– p–ی هەیە) ڕستەیەکی بوون بکەوێتەوە، تەنیا سەبارەت بەو پێوەندییەی لەگەڵ بار هەیەتی نەک بەو پێوەندییەی لەگەڵ ناو– بکەر (a)ی پێشەکیدا هەیەتی، دەربڕدرێ. لەوەوە «من ئەوروپاییەکم» ئەوە ناکەوێتەوە کە (من

هەم) ، بەڵكو «ئەورووپاییەک هەیە» دەکەوێتەوە، لەوەوە «من بیردەکەمەوە» ئەوە ناکەوێتەوە کە (من هەم) بەڵکو «شتێکی بیرکەرەوە هەیە» دەکەوێتەوە.

ئەو ڕەوشە کە زمانەکەمان بوون بەهۆی کاری «Sein، یان existieren» دەردەبڕێ لەخۆیدا هەڵەیەکی مەنتیقی نییە، بەڵکو خزمەتی ئامانج ناکات، ترسناکە. بەهۆی فۆرمی کارەوە مرۆڤ بەتێگەیشتنێکی هەڵە بە تەفرە دەچێ، هەروەک ئەوەی بوون بارێک (مەحمول، موسنەد) بێت، لەمەوە مرۆڤ دووچاری چەوتییەکی مەنتیقی و شێوازی دەربڕینی بێ مانایی دەبێت، هەروەکو پێشتر ئێمە سەرنجمان دا. ئەو فۆرمانەش: «بوونەوەر» ، «نابوونەوەر» کە هەر لەکۆنەوە ڕۆڵێکی گەورەیان لەمیتافیزیکدا گێڕاوە هەمان بناوان و سەرچاوەیان هەیە. لە زمانێکدا کە بەپێی مەنتیق ڕاست بێ، ئەم جۆرە فۆرمانە دروست نابن و ڕۆنانرێن. وەک دەردەکەوێ، لە زمانی لاتینی و هەروەها لە زمانی ئەڵەمانیدا، دوور نییە بەهۆی نموونە بەرزەکەی یۆنانییەوە مرۆڤ تەفرە و هان دراوە فۆرمەکانی (ens)، (بوونەوەر، بوون، جەوهەر، بیرۆکە)، یان (sein) (بوونەوەر) بەتایبەتی بۆ بەکارهێنانی میتافیزیک بهێنیتە ناوەوە. بەم پێیە مرۆڤ زمانەکەی لەلایەنی مەنتیقەوە تێک داوە، کەچی وای هەست کردووە کە کەمی و کەلەبەرێکی پڕ کردۆتەوە.

پێشێلکردنێکی تری سێنتاکسی مەنتیقی کە فرە بەرچاو دەکەوێ، تێکەڵاوکردنی کایە و دەڤەری چەمکەکانە. لە کاتێکدا ئەو هەڵانەی پێشتر ناویان هێنرا لەوەوە کەوتوونەتەوە نیشانێک لەگەڵ دەلالەتێکی ناباری وەک بارێک بەکارهاتووە، لێرەدا بارێک وەک بار بەکاردێت، بەڵام وەک باری «دەڤەر و کایەیەکی» تر ئەمە پێشێلکردنی ڕێسایەکانی زانراو بە «تیۆری تایپەکانە». نموونەیەکی بنیادی مەنتیقیانە بۆ ئەو بابەتە ئەو ڕستەیەیە کە پێشتر سەرنجمان دا:

«قەیسەر ژمارەیەکی سەرەتاییە». ناوی تاکەکەسان و وشەی ژمارە سەر بەدەڤەری جیاوازی مەنتیقین و هەروەها باری تاکەکەسییانە (بۆ نموونە: سەرکردەی لەشکر) و باری ژمارە (ژمارەی سەرەتایی) هەروان.

هەڵەی تێکەڵاوکردنی کایە و دەڤەر ئەوەیە Spha-renvermengung جیاو جیاواز لە بەکارهێنانی کرداری (بوون) لەزماندا، کە پێشتر ڕوون کرایەوە، لە میتافیزیک بەدوور ناگیرێ، بەڵکو بە زۆری لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا بەکاردێت، ئەمە بەدەگمەن دەبێتە مایەی بێ واتایی دەرکەوتن، فرە دەلالەت و واتایی وشەکان سەبارەت بە کایە و دەڤەرەکان لە جۆرێکی ترە و بە ئاسانی دەکرێ بخرێنە لاوە:

نموونەی:

١- «ئەم مێزە لەوی تریان گەورەترە».

٢- «بەرزی ئەم مێزە گەورەترە لەبەرزی ئەو مێزەی تر».

لێرەدا وشەی «گەورەتر»لە ژمارە (١) وەک پێوەندی نێوان دوو شت و لە ژمارە (٢) وەک پێوەندی نێوان ژمارەکان بەکارهاتووە، واتە بۆ دوو جۆری جیاوازی چەند چەمکێکی سێنتاکسی بەکارهاتووە. هەڵەکە لێرەدا بنەڕەتی و جەوهەری نییە، بۆ نموونە ئەو هەڵەیە بەوە پاکتاو دەکرێت ئەگەر بنووسرێ «گەورەتر-١» و «گەورەتر-٢»، «گەورەتر-١» بەهۆی «گەورەتر-٢» بەو جۆرە پێناسە دەکرێت کە فۆرمی ڕستەی (١) وا ڕوون دەکرێتەوە کە هەمان واتا و دەلالەتی لەگەڵ ژمارە (٢)دا هەیە (لەگەڵ هەندێکی تری وەک ئەمانەدا).

لەبەر ئەوەی کایە تێکەڵاو کردن لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا شتێک دروست ناکات چارەسەر نەکرێت، بۆیە مرۆڤ ئەوەندە گوێی ناداتێ و خۆی پێوە خەریک ناکات ئەگەرچی ئەوە بۆ بەکارهێنانی باوو ئاسایی زمان گونجاو و سوودبەخشە، بەڵام لە میتافیزیکدا چەندین ئەنجامی سارێژنەکراوی لێ کەوتۆتەوە، لێرەدا مرۆڤ بە تەفرە چووە، بەهۆی ڕاهاتن لەگەڵ زمانی ژیانی ڕۆژانەدا بکەوێتە داوی ئەو کایەی تێکەڵاوکردنە، کە هیچی تر ناکرێ، وەک ئەوانەی زمانی ژیانی ڕۆژانە، وەربگێڕدرێنە سەر فۆرمێکی ڕاستی مەنتیقی. زرە ڕستەکانی لەم جۆرەن بە زۆری، بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ نموونە لەلای هیگڵ و لەلای هایدیگەر دەبینرێن. ئەو فرە لە تایبەتمەندییەکانی فۆرمی زمانی هیگڵ و کەموکوڕی و کەلەبەرە مەنتیقییەکانی وەرگرتووە و بەکاریان دەهێنێ. [بۆ نموونە چەند دەستنیشانکردنێک کە دەبێ بچنەوە سەر چەند بابەتێکی جۆری تایبەتی، کەچی لە جیاتی ئەمە دەستنیشانکردنێکی ئەم بابەتانە، یان بووسەر «بوون»، یان «بوونی تایبەتی»، یان بۆ سەر پێوەندییەکی نێوان ئەم بابەتانە براوەتەوە.).

دوای ئەوەی ئێمە بۆمان دەرکەوت فرە لە ڕستەکانی میتافیزیک بێ واتان، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە:

– ئایا دوور نییە لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک پرسیاری پڕ واتا لە میتافیزیکدا هەبێ و بمێننەوە ئەگەر ئێمە بێ واتاکان پاکتاو بکەین.

دەکرێ مرۆڤ بەهۆی ئەو ئەنجامانەی تائێستا پێیان گەیشتووین، بگاتە ئەو تێگەیشتنەی کە میتافیزیک، لەبەر ئەوەی دووچاری بێ واتایی بووە، فرە مەترسی تێدایە و ئەگەر مرۆڤ، لەبەر ئەوە، بیەوێ میتافیزیک جێبەجێ بکات پێویستە خۆی خەریک بکات بەمشوورەوە ئەو مەترسییانە دووربخاتەوە، بەڵام ئەوی ڕاست بێ بابەتەکە بەو جۆرەیە کە بەهیچ جۆرێک ناکرێ چەند وشەیەکی پڕ واتای میتافیزیکی هەبێت. لەو ئەرکەی میتافیزیک گرتوویەتییە ئەستۆ ئەوە دەکەوێتەوە: ئەو دەیەوێ زانینێک بدۆزێتەوە و بیخاتە بەردەست کە لە توانای زانستی ئەزموونیدا نەبێ پێی بگات. ئێمە پێشتر وابیرمان کردەوە کە:

واتای ڕستەیەک لە میتۆدەی ساغ کردنەوەکەیدایە.

ڕستەیەک تەنیا ئەوکاتە شتێک دەڵێ، چی لەودا جێگای ساغ کردنەوە بێت. بۆیە ڕستەیەک دەتوانێ، ئەگەر ئەو بەگشتی شتێک بڵێ، تەنیا یەک ڕاستی کردەکی ئەزموونی دەرببڕێ. ئەو شتەی لە بنەڕەتدا لەودیوی شارەزاییەوە بێ نەدەکرێ بگوترێ و نە بیری لێ بکرێتەوە و نە لەبارەیەوە بپرسرێت. ڕستە «پڕ واتاکان» بەو جۆرانەی خوارەوە دابەش دەبن:

– لە پێشەوە چەند ڕستەیەک هەیە کە تەنیا هەر بەهۆی فۆرمەکەیانەوە ڕاستن بەوتەی ڤتگنشتاین [«تاوتۆلۆژین»، ئەمانە نزیکەی وەک «بڕیارە شیکارییەکانی» کانت وان.] ئەوان هیچ شتێک دەربارەی هەڵکەوت (واقیع) ناڵێن. فۆرماڵەکانی مەنتیق و بیرکاری سەر بەم جۆرانەن. ئەوان خۆیان ئەو ڕستانە نین کە هەڵکەوت دەربڕن، بەڵکو بۆ فۆرم گۆڕینی ئەو جۆرە دەربڕینانە بە سوودن.

– دووەم: ناکراوی ئەم ڕستانە هەیە «ناکۆکەکان» ئەوانە پڕن لە نەگونجاوی و ناکۆکی. ئەوان بەپێی فۆرمەکەیان هەڵەن.

بڕیاردان دەربارەی ڕاستی و هەڵەیی هەموو ڕستەکانی تر کە ماونەتەوە لە ڕستە پرۆتۆکۆلییەکاندایە، ئەوان (ڕاست، یان هەڵەبن) چەندین ڕستەی ئەزموونی شارەزایین و Erfahrung سەر بە دەڤەری زانستی ئەزموونین. ئەگەر ڕستەیەک دابڕێژرێ و سەر بەو جۆرانە نەبێ، ئەو ڕستەیە ئۆتۆماتیکیانە بێ واتا دەبێ، لەبەر ئەوەی میتافیزیک نەدەیەوێ ڕستەی شیکاری بڵێ و نە سەر بە زانستی ئیمپری بێت، ئەوە ناچار دەبێ چەند وشەیەک بەکاربهێنێ کە هیچ جۆرە پێودانگێکیان نابێ و ئیتر بۆیە بێ دەلالەت و واتا دەبن، یان چەند وشەیەکی پڕ واتا بەیەکەوە دابنێ کە لەهیچیانەوە نە ڕستەیەکی شیکاری (ناکۆکەکان) و نە ڕستەیەکی ئەزموونییان لێناکەوێتەوە، لە هەردوو جار و لادا بەناچاری چەند زڕە ڕستەیەک دەکەوێتەوە.

شیکردنەوەی مەنتیقییانە بڕیاری بێ واتایی بەسەر هەموو ئەو بەناو زانینە دەدات کە دەخوازێ لەسەروو، یان لەدوای ئەزموون و شارەزاییەوە دەستبەکار بێت. ئەم بڕیاردانە (حوکم) لەپێشدا هەموو میتافیزیکێکی سەرنجدانی ڕووت و هەموو بەناو زانینێک کە لەهزری ڕووت، یان لە سووسە (حدس)ی ڕووت پەیدابووبێ و لەو باوەڕەدان بتوانن دەستبەرداری ئەزموون و شارەزایی بن، دەگرێتەوە. ئەم بڕیاردانە هەروەها ئەو میتافیزیکەش دەگرنەوە کە لەشارەزایی و ئەزموونەوە هەنگاو دەنێ، بەڵام دەیەوێ بەهۆی چەند ئەنجامگیرییەوە Schlusse کە لەدەرەوە، یان لە دواوەی شارەزایین شت بزانێ (بۆ نموونە تیزی ڕێبازی ڤیتالیزمی نوێی ئەو ئینتلێخیایەی لە ڕووداوەکانی ئەندامانداکاریگەرە و بەهۆی فیزیکەوە ناکرێ و نابێ لێی تێی بگەیشترێ؛ هەروەها دەربارەی پرسیاری «جەوهەری پێوەندی هۆیەکی» لە بارەی ساغ کردنەوەی چەند ڕێسایەکی بەرێکوپێکی بەدوای یەکتریدا هاتن بەدواوە؛ دەربارەی قسەکردن لە «شت لە خۆیدا.»). بڕیارەکە هەروەها پتر هەموو فەلسەفەی بەهاو پێودانگ، هەموو ئاکار، یان ئێستێتیک وەک دیسپلینی پێودانگییانەش دەگرێتەوە. ئیتر گونجان و دەستبەکاریی بابەتییانەی بەهایەک، یان پێودانگێک ناکرێ ئەزموونییانە پشت ڕاست بکرێتەوە، یان لە چەند دەستەواژەیەکی ئەزموونییەوە بکەوێتەوە (هەروەها بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنی فەیلەسوفەکانی بەهاش هەروایە.). ئیتر بۆیە بەهیچ جۆرێک ناتوانرێ (بەهۆی ڕستەیەکی پڕ واتاوە) دەربڕدرێ. بەشێوەیەکی تر: یان دەبێ مرۆڤ «چاکەکاری» و «جوانی» و ئەو (بار)انەی تر کە لە زانستە پێودانگییەکاندا بەکاردێن نیشانی ئەزموونییان پێ ببەخشێ، یان ئەمە نەکات. ڕستەیەک ئەو بارەی تێدابێ لە ڕەوشی یەکەمدا بڕیاری ڕاستی

کردەکییە، نەک بڕیاری بەهایی دەبێ، لە ڕەوشی دووەمدا زڕە ڕستەیەک دەبێ. ڕستەیەک کە بڕیارێک لە بارەی بەهاوە دەرببڕێ بەهیچ جۆرێک ناکرێ و لەتوانادا نییە دابڕێژرێ.

بڕیاری بێ واتایی لەکۆتاییدا ئەو ئاراستە و ڕێبازە میتافیزیکییانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ بەنادروستی بەچەند ئاراستە و ڕێبازێکی تیۆری زانینیان دادەنێ، بەتایبەتی هی ڕێئالیزم و ناحەزەکانیشی: (ئەوەندەی ئەو بخوازێ پتر لەوە بڵێ کە ئەزموونیانە دەدۆزرێتەوە و بەدەست دێت لەوەدا کە ڕووداوەکان جۆرە ڕێسا و قانوون و کردنێک نیشان دەدەن کە بەهۆیەوە شیاوەکی و توانای بەکارهێنان و جێبەجێ کردنی میتۆدەی ئیندۆکتیڤ دەستەبەر دەبێت). وەک ئایدیالیزمی خۆیەتی، ڕێبازی من خۆم Solipsismus، فینۆمێنالیزم، پۆزیتیڤیزم، (بەواتا پێشووەکەی).

کەوابوو دوای ئەوە چی بۆ فەلسەفە دەمێنێتەوە، ئەگەر بێتو هەموو ڕستەکان کە شتێک دەڵێن سروشتێکی ئەزموونیان هەبێ و سەر بە زانستی ڕاستەقینەیی بن؟.

ئەوەی دەمێنێتەوە، چەند ڕستەیەک نین، نە هیچ تیۆرییەک نە هیچ سستمێک، بەڵکو تەنیا میتۆدەیەک دەمێنێتەوە، بەتایبەتی هی شیکردنەوەی مەنتیقییانە. بەکارهێنان و جێبەجێ کردنی ئەم میتۆدەیە لە بەکارهێنانە نارێ (نێگەتیڤ)ییەکەدا پێشتر نیشانمان دا: لێرەدا ئەو بۆ پاکتاوکردنی وشە بێ دەلالەت و واتاکان، بۆ زڕە ڕستە بێ واتاکان سوودی هەیە و بەکاردێت. لە بەکارهێنانە ئارێییەکەیدا (پۆزەتیڤ) بۆ ڕوونکردنەوەی چەمک و ڕستە پڕ واتاکان و بۆ دانانی بنەمای مەنتیقی زانستە ڕێئالەکان و بیرکاری بەکاردێت. بەکارهێنانە نارێیەکەی میتۆدەکە لە هەڵوێستی مێژوویی لەبەر دەست و لە ئارادا بوو پێویست و گرنگە، بەڵام بەکارهێنانە ئارێییەکە لە پراکسیسی سەردەم و تێنەپەڕدا سوودبەخش و بە بڕشتە: لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانرێ پتر قسەی لێوە بکرێ. ئەو ئەرکەی شیکردنەوەی مەنتیقی کە ڕوون کرایەوە، توێژینەوەی بنەڕەتییە، ئەوەیە کە ئێمە بە «فەلسەفەی زانستی» بە پێچەوانەی میتافیزیکەوە تێی دەگەین، لەسەر ئەو ئەرکە زۆربەی بەشدارییەکانی ئەم گۆڤارە دەیانەوێ کار بکەن.

پرسین لەبارەی کارەکتەری مەنتیقی ڕستەکانەوە کە ئێمە وەک ئەنجامی شیکردنەوەیەکی مەنتیقی بەدەستمان هێناوە، بۆ نموونە هی ڕستەکانی ئەم توێژینەوە مەنتیقییانە و هی تر، دەکرێ لێرەدا تەنیا بە جۆرە ڕوونکردنەوەیەک ئەوەندە وەڵام بدرێتەوە، ئەو ڕستانە لە بەشێکدا شیکاری و لە بەشێکی تردا ئەزموونین، ئەم ڕستانە لەسەروو چەند ڕستە و بەشە ڕستەوەن، بەتایبەتی بەشێکی میتامەنتیقن (بۆ نموونە ئەو ڕیزکردنی زنجیرە وشەیە لەم و لەو شوێنەی ئەم کتێبەدا بێ واتایە). میتامەنتیق لە شوێنێکی تردا ڕوون دەکرێتەوە، لەوێ نیشان دەدرێت کە میتامەنتیق کە لەسەر ڕستەکانی زمانێک قسە دەکات دەکرێ لەو زمانە خۆیدا دابڕێژرێ و فۆڕمۆلە بکرێت.

### ٧- میتافیزیک وەک دەربڕینی هەستی ژیان

ئێمە کە دەڵێین ڕستەکانی میتافیزیک بە تەواوەتی بێ واتان، هیچ نالێین، با ئەو کەسەی کە بەتێگەیشتنەوە ئەنجامەکانی ئێمە پەسند دەکات، هەستێکی سەیرو بیانی بێزار و بارگرانی دەکات:

ئایا ڕاستە: ئەو هەموو مرۆڤەی قوناغ و میللەتانی جیاجیا لەنێویاندا چەندین مێشکی نایاب هەبووە ئەو هەموو کۆششەیان بەگەرموگوڕی سۆزەوە بۆ میتافیزیک کردووە، ئەو کۆششەیان لە چەند وشەیەکی ڕیزکراوی ڕووت و سادەی بە تەنیشت یەکەوە بەولاوە نییە؟! ئایا دەکرێ تێ بگەیشترێ، چۆن ئەم کارانە کە تا ئەم ڕۆژانەش ئەو کارە گەورەیە لە خوێنەر و گوێگر بکەن، ئەگەر ئەوان جارێک بەهەڵەش نەبێ، بەڵکو بەگشتی هیچیان تێدا نەبووبێ؟! ئەو ئەگەر و گومانانە تا ئەو ڕادەیە ڕەوان، ئەگەر میتافیزیک بەڕاستی شتێکی تێدابێ، بەڵام ئەو شتە ناوەڕۆکێکی تیۆرییانە نییە. (زڕە) ڕستەکانی میتافیزیک نە بۆ باسکردنی ڕووداو و شتە کردەکییەکان و نە بۆ ئەوانەی لە ئارادان (ئەو کاتە دەبوون بە چەند ڕستەیەکی ڕاست) و نە بۆ ئەوانەی لە ئارادا نین (ئەوکاتە بەلای کەمەوە دەبوون بەچەند ڕستەیەکی هەڵە) سوودبەخش و بە کەڵکن، ئەوان خزمەتی دەربڕینی هەست و نەستی ژیان دەکەن.

دوور نییە ئێمە بۆمان هەبێ وای دابنێین کە میتافیزیک خۆی لە ئەفسانەوە پەرەپێداوە و گەشەی کردووە. زاراوەکە لەو «مێزە بەدکارە» کە بەری کەوتووە تووڕە بووە؛ کەسی سادە و ساکار و سەرەتایی کۆشش

دەكات لەگەڵ ئەو جنۆكانەی هەرەشەی بوومەلەرزە دەكەن ڕێک بكەوێت، یان ئەو بەرێزەوە سوپاسی خواوەندی ئەو بارانە بە پیت و پێز و بەرەكەت هاوردەیە دەكات. لێرەدا ئێمە لەبەردەم بەكەس كردنی چەند دیاردەیەكی سروشت داین كە نیمچە دەربڕینێكی شاعیرانەی پێوەندی هەست و سۆزی مرۆڤن بەرانبەر بە سروشتی دەوروبەر. میراتی ئەفسـانە لەلایەكـەوە لە شیـعـر گـوتندا دەردەكـەوێ كـە بەرهەمی داهێنانی ئەفسانە بە ئامرازی هۆشیارییانە بۆ ژیان بەهاوردەیی دەیخـاتە بەرچاو و پەرەی پێـدەدات، لەلایەكەی تریەوە، لاهوت، Theologie تێیدا ئەفسانە خۆی بەرەو بە سستمێک بوون پەرەپێدەدات.

كەوابوو ڕۆڵە مێژوویییەكەی میتافیزیک كامەیە؟!

دوور نییە بۆمان هەبێ لە ئاست و پلەی بیركردنەوەی سـسـتـمی چەمكیـدا لاهوت بە جـێگرەوەی ئەفـسـانە دابنێین. لێــرە (بەهەڵە وادانان) ســەرچاوە ســەروو سـروشـتـیـیـەكـانی زانینی لاهوت جـێگای سـەرچاوە سروشتییەكان، بەڵام (بەهەڵە وادانان) Vermeintlich جـێگای سـەرچاوە سـەروو ئەزمـوونیـیـەكـانی زانینیـان گـرتۆتەوە. ئەگـەر بە وردی تەمـاشـا بكرێت و سـەرنج بدرێت لە هەمان بەرگدا كە چەند جارێک گۆڕاوە هەمان ناوەرۆكی ئەفـسـانە دەناسـرێتـەوە: ئێـمـە دەبینین میتافیزیكیش لەو پێداویستییەوە كەوتۆتەوە، هەست و نەستی ژیان لە ئاقار و بەرانبەر بەو هەڵوێستە كە مرۆڤ تێیدا دەژی هەڵوێستی هەست و خواستییانە بەرانبەر بە ژینگە و دەوروبەر، بەرانبەر بە مـرۆڤی برا، بەرانبـەر بەو ئەركەی ئەو گـرتوویەتیـیـە ئەسـتـۆ و كـاری بۆ دەكـات، بەرانبەر بەو چارەنووسانە دەردەبڕێ كـە دووچاریان بووە، ئەم هەست و نەستی ژیانە، زۆرجـار بەبێ هۆشـیـاری و هەست پێ كردن، لە هەموو شتێكدا كە مرۆڤ دەیكات و دەیڵێت خۆی دەردەبڕێ. ئەو خۆی لە ڕەنگ و ڕوخسـار و نیشانەكانی دەموچاویدا (Gesichts Zuge) دوور نییە لە هەڵـوێسـتـی ڕۆیشتن و بزووتنەوەشـیـدا دەنوێنی. هەندێک مـرۆڤ ئەو پێـداویسـتـیـیـەیان هەیە لەسەروو ئەمەوە دەربڕینێكی تایبەتی بۆ هەستی ژیانیان، لەوەدا كە بەچڕی و بەتینەوە هەستی پێدەكرێ، فۆرمۆڵە بكەن. ئەگـەر ئەو كـەسانە توانای هونەرییـان هەبێت، ئەوە لە چوارچێوەی دارشتنی كارێكی هونەریدا دەرفەت و توانای ئەوەیان دەبێ خــۆیان بنوێنن و دەربــڕن. چۆن چۆنی لەشێواز و جۆری كاری هونەریدا هەستی ژیان دەردەبڕدرێ لەلایەن كـەسانی جیـاوازەوە ڕوون كـراوەتەوە (بۆ نموونە لەلایەن دیلتێی و قوتابییەكانییەوە).

(لێرەدا فـرە دەربڕینی «جیـهـانديد» بەكـاردێت ئێـمـە حەزدەكەین لەبەر دەلالەتە دوو ڕەنگییەكەی خۆمانی لێ دوور بگرین، بەهۆیەوە جیاوازی لەنێوان هەست و نەستی ژیان و تیـۆریدا كـە بۆ شـیكردنەوەكـەی ئێـمـە گـرنگ و بەلایەكــدا خـــەره، دەســـڕدرێتـــەوە.) لێـــرەوە بۆ بیـركـردنەوەكـانی ئێـمـە تەنیـا ئەوە بنەڕەتییـە، هونەر ئامـرازێكی گـونجاو و بەڵام میـتـافـیـزیک ئامـرازێكی نەگونجاوە بۆ دەربڕینی هەستی ژیان. لە خۆیدا و بۆ خۆی شتێكی سروشـتـیـیە كە دژی بەكـارهێنانی ئامـرازێكی دیكەی دەربڕین هیچ ڕەخنە و گـــازندەیەک پێـــویست نەكات. لە میـتـافیـزیكدا شتەكە بەو جـۆرەیە كە بەهۆی ڕوخساری كار و بەرهەمەكانییەوە شتێک دەخاتە بەرچاو كە خۆی ئەوە نییە. ئەو فۆرم و ڕوخسارە هی سستمێكی چەند ڕستەیە كە لە دامەزراندنێكی ڕواڵەتییانەی (زرە) پێـوەندیدا، هی فـۆرمی تیـۆرییـەک لەگـەڵ یەكـتـریدان. بەهۆی ئەمەوە ناوەرۆكێكی تیۆرییانە بەڕواڵەت دەخرێتە بەردەم، كـەچی لەگـەڵ ئەوەدا، وەک پێـشـتـر دیتـمـان، یەكـێكی وەک ئەم جـۆرە لەبەردەسـتدا نییـە. نەک تەنیـا هەر خـوێنەر، بەڵكو مـیـتـافـیـزیكی خـۆیشی خـۆی لە تەفــرەدانێكدا دەبینێــتــەوە كــە گــوایە ڕســتــە میـتافیزیكییەكان شتێک دەڵێن، ڕووداوە كردەكییەكان باس دەكەن. میـتـافـیـزیكی وا باوەڕ دەكات لە كـایە و دەڤەرێكدا ببزوێ كـە ڕاسـتی و هەڵەی تێـدابێ. ئەوی ڕاستی بێت ئەو هیچ شتێكی نەگوتووە، بەڵكو ئەو وەک ئەوەی هونەرمـەند دەیكات تـەنیـا هەر شـتـێكی بەرەو دەربڕین بردووە، لەوەوە مـیـــتـــافـــیــزیكی خــۆی لە تەفرەدانێكدا دەبینێـتـەوە، ناتوانین بەو ئەنجامـە بگەین ئەو وەک مـیـدیای دەربڕین زمـان و وەک فـۆرمی دەربڕین چەند ڕسـتـەیەكی دەربڕین وەردەگـرێ و بەكـاردەهێنێ، چونكە لیریككار هەمان شت دەكات بەبێ ئەوەی ئەم خۆ تەفـرەدانە بكات، بەڵام مـیـتـافـیـزیكی بۆ بابەت و ڕسـتـەكـانی چەند بەڵگەیەک دەهێنێـتـەوە و داوا دەكـات ناوەرۆكـــەكـــانیـــان پەسند بكرێت و گـــازندەی میـتـافـیزیكییەكـانی ئاراسـتە و ڕێبازەكـانی تر دەكـات، لەوەدا ئەو لەتوێژینەوەكـانیـدا هەوڵی پووچەڵكردنەوەی ئەو ڕستانە دەدات. لیریككار بەپێچەوانەوە خۆی بەوەوە خـەریک ناكـات لە شـیـعـرەكـەیدا ڕسـتـەكـانی شـیـعـری

لیریککارێکی دیکە پووچەڵ بکاتەوە، چونکە دەزانی کە ئەو خۆی لەکایە و دەڤەری هونەردایە نەک لە کایەی تیۆریدا.

دوور نییە موزیک بێگەردترین ئامرازی دەربڕین بێ بۆ هەست و نەستی ژیان، چونکە ئەو پتر لە هەموو بابەت و کەرەسەیەک ڕزگاری بووە. هەست و نەستی هارمۆنی ژیان کە میتافیزیکی دەخوازێ لە سستمێکی یەک ڕەنگیدا بەرەو دەربڕینی بەرێت، بە ئاشکرا و ڕوونی لە موزیکی مۆتسارتدا دەربڕدراوە. هەروەها ئەگەر میتافیزیکی هەستی دوو ڕەنگی مێژوویی ژیان لە سستمێکی دوو ڕەنگیدا دەربڕێ، ئەو ئەمە ناکات دوور نییە ئایا تەنیا هەر لەبەر ئەوە بێت، چونکە ئەو توانایەی بیتهۆڤنی نییە ئەم هەست و نەستی ژیانە بەمیدیاو ئامرازێکی گونجاو و شیاو دەرببڕێ؟!

## میتافیزیکییەکان چەند مۆسیک ژەنێکی بێ بەهرەی مۆزیکین

هەربۆیە ئەو ئارەزووە بەتینەیان هەیە لە میدیا و کایەی تیۆریدا، لە پێکەوە بەستنەوەی چەمکەکان و بابەتەکاندا کاربکەن. لەجیاتی ئەوەی لەلایەکەوە ئەم ئارەزووە لەکایە و مەیدانی زانستدا بخەنە کار و لەلایەکەی دیکەیەوە پێداویستی دەربڕین لەهونەردا دابین و دەستەبەربن، میتافیزیکی هەردووکیان تێکەڵی یەکتری دەکات و تابلۆیەک دادەهێنێ کە بۆ زانین هیچی لەباردا نییە و بۆ هەست و نەستی ژیانیش شتێکی کەم و کورت بەدی دەهێنێ.

ئەو وادانانەی ئێمە، کە میتافیزیک جێگاگرەوەیە، ڕاستەو بەڕاستی بۆ هونەرەکە کەموکورتییەکە، وادێتە بەرچاو بەهۆی ئەو ڕاستییەوە ساغ بێتەوە کە ئەو میتافیزیکییەی دوور نییە ئەوپەڕی بەهرە و توانایەکی بەتینی هونەری هەبێت، بەتایبەتی نیتشێ بەلای کەمەوە کەوتۆتە نێو ئەو هەڵەیەی تێکەڵاو کردنەکەوە. بەشی زۆری بەرهەم و نووسینەکانی تاڕادەیەکی فرە ناوەرۆکێکی ئەزموونییان هەیە، بابەتەکە بریتییە لە شیکردنەوەی مێژووییانەی چەندین دیاردەی دەستنیشانکراوی هونەری، یان بریتییە لە شیکردنەوەیەکی دەروونی- مێژوویی ئاکار Moral. لەو کار و بەرهەمەدا کە بەوپەڕی بەهێزییەوە ئەوانەی بۆ دەربڕین هێناوە کە کەسانی دیکە بەهۆی میتافیزیک، یان بەهۆی ئاکارەوە دەریان بڕیوە، بەتایبەتی لە «زەردەشت»دا، ئەو فۆرمە تەفرە دەرە تیۆرییەی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو فۆرمی هونەر، هی شیعر گوتنی بە ئاشکرا هەڵبژاردووە.

**پەراوێز:**

**١- دەربارەی ئەو سەرچاوە لۆژیکی و تیۆرییە زانینییانەی ئەم نووسینەمان پشتیان پێدەبەستێ بەکورتی ڕوونیان بکەینەوە، ئەمانەن: بڕوانە:**

**- Wittgenstein, Tractatus Logico- Philosopicus 1922**

**- ڤتگنشتاین: توێژینەوەیەکی لۆژیکی- فەلسەفەیی ١٩٢٢.**

**- Carnap, Der Logische Aufbau der Welt 1928.**

**- کارناپ: بنیادنانی لۆژیکیانەی جیهان ١٩٢٨.**

**- Waismann, Logik, Sprache, Philosophie.**

**- ڤایزمان، لۆجیک، زمان، فەلسەفە.**

**٢- ئەو بڕگە و دەستەواژانەی خوازراونەوە (خراونەتە نێو کەوانەوە) لەم سەرچاوەیە وەرگیراون:**

**- Heidegger, M., Was ist Metaphysik? 1929.**

**- هایدیگەر، م.، میتافیزیک چییە؟ ١٩٢٩.**

**ئێمە دەمانتوانی چەندین بڕگەی تر لە بەرهەمەکانی میتافیزیکییە هاوچەرخ و سەردەمەکەمان، یان لەهی ڕابردوو بخوازینەوە و وەربگرین، بەڵام بەلامانەوە وایە وەک دەردەکەوێ ئەو بڕگانەی خواستوومانەوە بەتەواوەتی بیروبۆچوون و تێگەیشتنی ئێمە بەڕوونی بەرجەستە دەکەن.**

**٣- ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کەڵە فەیلەسووفێکی وەک کارناپ لەم شاکارەیدا بە ئاشکرا جیاوازی لەنێوان واتا و دەلالەت Sinn- Bedeutung نەکردووە و هەردووکیان بەبێ جیاوازی بەکاردەهێنێ. منیش لە هەموو وەرگێڕانەکەدا پابەندی تێکستەکە بووم و کارناپ چۆن نووسیویەتی بەبێ دەسکاری کردوومە بە کوردی. «وەرگێڕ».**

**سەرچاوە:**

**- Canap, Rudolf., Uberwindung der Metaphysik durch Logische Analyse der Sprache. In: Erkenntnis. Bd.2. Leipzig 1931. S.219-241.**

# بوون - نەبوون (خوێندنەوەیەك لەبەر تیشكی بیری چەند فەیلەسووفدا)

فەڕۆخ نیعمەتپوور
(نەرویج)

لە دایک بوون و مـردن، بوون و نەبوون، خـلّـقـەت و تێداچوون، گۆڕان و نەگۆڕان، هەمیشە ئەو دیاردانە بوونە کە مرۆڤ بە درێژایی ژیان و تەمەن بیری لێکردوونەتەوە و پێـــوەیان خـــەریک بووە. لە یەکـــەم تێـــفکرینە فـەلسـەفییـەکانی مـرۆڤەوە، کـە بە تێکست مـاون، ئەم سەرقاڵییە بەجوانی خۆی نیشان دەدات. مرۆڤ هەمیشە گیرۆدەی کێشەی گۆڕان و مردن بووە.

«فـیلسـووفـە یۆنانییـەکـان jonia بە قـووڵی لەژێر کـــاریگەری گـــۆڕان، لە دایک بوون و گـــەورەبوون، سـەرئەنجـام تێـداچوون. بەهار و پاییـز لەناو جیـهـانی سـروشت، منداڵی و پیـری لەناو تەمـەنی مـرۆڤـدا و بەگشتی خلّقەت و نەمان دیاردە ئاشکراکانی جیهانن، ئەو دیاردانەی کە دەربازبوونیان لێ مەحاڵە.» (١)

چەندە ژیان خاوەن لایەنی گەش و پڕ هیـوای خۆیەتی، ئـەوەنـدەش خــــــــــاوەن دیـوی پـڕ لـە تـاریـکـی و نەهامـەتیـیـەکـانیـەتی. ئەم دیاردەیە ئەوەندە گـرنگ و ئێگزیستانسیالیستییە کە تەنانەت دەتوانێ چاخەکانی کولتوور و ژیانی مرۆڤ بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و ببێتە پێناسە. بۆ وێنە لە ئاوڕدانەوە لە کولتووری یۆنانی کـۆن بۆمـان دەردەکـەوێ کـە چلۆن یۆنانییـەکـانی ئەو سەردەمە بە هەردووکی ئەم لایەنانەوە سەرقاڵ بوون و لە داڕشتنە هزری و فەلسەفییەکانی خۆیاندا باسیان لێ کردوون. بۆ وێنە تیۆگنیس شاعیری یۆنانی گوتوویەتی:

«باشـتـریـن شت بۆ مـرۆڤ ئەوەیە کـە قـەت لە دایک نەبێت و هەتاو نەبینێت، بەڵام هەر کـە لە دایکیش بوو باشـتـرین شـتـی دووەم بۆی ئەوەیە کـە هەرچی زووترە لە دەروازەکانی مەرگ تێپەڕێ.» (٢)

ئەگەر بمانەوێ لایەنە گەش و جوانەکانی ژیان لە ڕووی بایەخەوە دەستنیشان بکەین، دەتوانین بڵێین کە گەش و جـوان لەگـەڵ لە دایک بوون، بوون و نەگـۆڕان تەبا و

یەکن، لایەنە ڕەش و تاریکەکانیش لەگەڵ مردن، نەبوون و گۆڕان. ئەگەرچی بوون دیاردەیەکە کە بەهۆی گۆڕان لە نەبووندا پێک دێت، واتە بوونی مـــرۆڤ لە نەبوونەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام مرۆڤ لێرەدا ئیدی ڕقی لە گۆڕان لە بوونەوە بۆ نەبوونە و داوای مانەوەی ئەبەدی دەکات. ئەم بڕوایە وای لێ دەکات بیر لەوە بکاتەوە کە بریا بوون هەمیشە بایە، واتە بوون نە لە دایک بایە و نە بمردایە، بەڵکو جیهان بوون بایە، نەک بوون و نەبوون پێکەوە. ئەمە ئیتر ترۆپکی تەقدیسی بوون و ژیانە.

بەڵام خولیای مرۆ لەگەڵ واقیع یەکجار جیاوازی هەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مرۆ دەگۆڕێ، پیر دەبێ و دەمرێ. جا هەندێک کەس زووتر و قووڵتر لە ئەم ڕاستییە دەگەن و هەندێک کەس درەنگتر و ڕەنگە ڕووکەشانە، بەڵام بەڕاستی هەیە مرۆ کە بە ڕووکەشی لە مەرگ تێفکریبێ؟ بڕواناکەم. ئەگەر جیاوازییەک هەبێ تەنیا لە ئاستی ئەوەدایە کە قووڵایی ئەم تێفکرینە چەندەیە. کالدرۆن قسەیەکی بە ناوبانگی هەیە و دەڵێ «گەورەترین چێژ بۆ هەر مرۆڤێک ئەوەیە کە بتوانێ جارێکی تر لە دایک بێتەوە» (٣) هەر مرۆڤێک کە تەمەنی بەقەدەر ئەوە ئیزنی پێدابێت هزری خۆی دەرخستبێت، بێ گومان بیری لەمە کردووەتەوە. مرۆڤە ئایینییەکان بە شوێن لە دایک بوونەوەی دووبارەدا، بەشوێن ئایینەوەن و مرۆڤە خۆ بەختکەر و ئازاکانیش بە شوێن مانەوەی ناویانن لە ژیاندا لە دوای خۆیان.

مرۆ دەتوانێ چ وەک ڕۆح و چ وەک ناو وێنای ئەبەدی بوونی خۆی بکات، ڕۆح لە بەهەشتدا و ناو لە داهاتوودا، ڕەنگە هەردووکیشیان پێکەوە.

بەڵام ئەگەر لە فۆرمی ڕۆح و ناودا مرۆ لە داهاتوودا ئەبەدییە، ئەوە دەبێ شتێک لەم دنیا سرکەدا هەبێ کە سەرەڕای گۆڕان، ناگۆڕێ. واتە شتێکی نەگۆڕ هەیە کە گۆڕان لەسەر ئەو ئەنجام دەدرێ. دەبێ شتێکی نەمر هەبێ کە بنەمایە بۆ هەموو مردن و تێداچوونەکان، هەروەها لە دایک بوون و ژیاندنەوەکان. شتێک کە گۆڕانەکان لەسەر ئەو ئەنجام دەدرێن، بەڵام بۆ خۆی سەرەتا و ئامانجە. دەبێ شتێک هەبێ کە هەموو شتەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن و سەرئەنجام بەرەو ئەویش دەگەڕێنەوە. ناکرێ هەموو شتەکان لە گۆڕاندا بن. ئەمە ئەو شێوە تێفکرین و بیرکردنەوەیە بوو کە یەکەمین فەیلەسووفەکان واتە فەیلەسووفە ئیونییەکان کە پتر فەیلەسووفی سروشتگەرا بوون، پێی گەیشتن. بۆ وێنە «تالێس» وەک یەکەمین فەیلەسووفی جیهان پێی وابوو کە سەرچاوەی هەموو شتێک لە ئاووەیە و هەمووشیان دیسان دەبنەوە بە ئاو. واتە ئاو لای وی بن مەتریاڵ (urstoff) بوو. مەتریاڵی مەتریاڵەکان.

ئەم شێوە داڕشتنە فەلسەفییە بە تالێس کۆتایی نەهات و دواتر لە لایەن کەسانی دیکەوە درێژەی پێ درا. ئەم درێژە پێدانە لەسەر بنەمای ڕەخنە و دانی پێشنیاری دیکە ڕاوەستابوو.

بۆ وێنە «ئاناکسیماندەر» پێی وابوو کە دەلیلێکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە کە ئاو بکات بە بن مەتریاڵ. بە پێچەوانەوە ئەو پێی وابوو کە بن مەتریاڵ، ئاو، یان هیچ چەشنە مەتریاڵێکی دیاریکراوی دیکە نییە، بەڵکو هۆکارێکی مادی نادیار، واتە دیاری نەکراوە apeiron.

ئەم هۆکارە دیاری نەکراوە سەرچاوەی لە دایک بوونەکان و دوا وێستگەی مردنەکانە.

ئاناکسیمێنس کە بە دوای ئاناکسیماندەردا دێت، دەگەڕێتەوە بۆ ترادیسیۆنی تالێس و لە جیاتی ئاو پێی وایە کە هەوا بن مەتریاڵە.

تالێس، ئاناکسیماندەر و ئاناکسیمێنس سێ فەیلەسووفی سروشتگەرای یۆنیایین (کۆلۆنی میللەت Milet لە یۆنیا Jonia) کە بەهۆی ئەوانەوە مرۆڤ لە قۆناغی میتۆس بەرەو قۆناغی لوگۆس دەپەڕێتەوە و ئیدی هەوڵ دەدات کە بەشێوەی لوگۆسییانە و بە داڕشتنی بیری تیۆرییانە سروشت، بوون و جیهان لێکبداتەوە.

«لەگەڵ فەیلەسووفە سروشتگەراکان، بیر، شێوە و قاڵبی ئەفسانەیی خۆی جێ هێشت. ئیستا ئیتر بیر بەشێوەی سستم و وەک یەکەیەک خۆی پێشکەش دەکرد. ئێستا بیر چوارچێوەی تیۆرێکی وەرگرتبوو، ئەو تیۆرییانەی کە بۆ هەر کەسێک والابوون، سەرەڕای شوێن و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی.» (٤)

کۆلۆنی میللەت لە یۆنیا لە ساڵی (٤٩٤) پێش زایین لە لایەن ئێرانییەکانەوە داگیر و خاپوور کراو بەم شێوەیە کۆتایی بە تەمەنی یەکەمین قۆناغی فەلسەفە هات، بەڵام کارتێکەرییەکانی ئەم قۆناغە کۆتاییان نەهات و نەوەکانی دوای خۆی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

وەک دەبینین فەیلەسووفەکانی ئەم سەردەمە هەوڵیان دا کە لە ناو جەرگەی گۆڕان و مردنەکاندا ئەو شتە ئەبەدی و ئەزەلی و نەگۆڕە ببیننەوە کە شوێنی ڕوودانی گۆڕان و مردن بوون. لای وان بن مەتریاڵ، ئاو (تالێس)، هەوا (ئاناکسیمێندس)، یان بن مەتریاڵێکی دیاری نەکراو (ئاناکسیماندەر) بوو. سەرەڕای هەموو گۆڕان و مردن و لەناوچوونەکان، ئەم بن مەتریاڵانە نەمر بوون، واتە نە لە دایک دەبوون و نە دەمردن. ئەوان شوێن و وڵاتی لە دایک بوون و مردن بوون، بەبێ ئەوەی بۆ خۆیان لە دایک بن و بمرن.

بەلاَم ئەم لێکدانەوە فەلسەفییانە تا چەند دەتوانێ بیری مرۆ لە بابەت ژیان و مەرگی خۆیەوە تێر بکا و وەلاَمی دڵەخورپە و ترسەکانی بداتەوە؟ لە ئایینە گەورەکاندا باس لەوە دەکرێ کە خودا مرۆی خولَقاند و دواتر مرۆ پاش مردن دەگەڕێتەوە لای خودا، جا لەوێ بەپێی شێوەی ژیانی دەچێتە بەهەشت یان جەهەننەم. خودا کە لێرەدا ڕەگی لە هەمان بن مەتریالَی فەیلەسووفە سروشتگەراکاندا هەیە (هەلَبەت لێرەدا ئیتر خودا مەتریالَ نییە، بەلَکو بن مەتریالَێکی ڕۆحییە) وەک خولَقێنەری جیهان و تاکە دەسەلاَتدار، دوا پەنا، یان دواوێستگەی مرۆڤە. مرۆڤ دەتوانێ وەک خۆی جارێکی دی لەوێ لای وی بژێتەوە و درێژە بە بوونی بدا، بەلاَم ئاو، هەوا، یان بن مەتریالَی نادیار لە وەها خەسلَەتێک بەهرەمەند نین. مرۆڤ کە لە ئاو، هەوا یان بن مەتریالَی نادیارەوە سەرچاوەی گرتووە، لەم دەربڕینەدا دەبێتەوە بە ئاو، هەوا، یان بن مەتریالَی نادیار. ئیدی مرۆ وەک خۆی ناتوانێ لە جیهانێکی دیکەدا بژێتەوە. باس کردنی فەیلەسووفە سروشتگەراکان لە تاکە شتی نەگۆڕ کەواتە ناتوانێ پەنایەکی ڕۆحی بێت بۆ وەلاَمدانەوە بە دڵەڕاوکێکانی مرۆڤ لە ئاست مەسەلەی گۆڕان و مردن. وەلاَمی فەیلەسووفە سروشتگەراکان، وەلاَمێکی سروشتییانە و زانستییانە و فەلسەفییانەیە، نەک ئایینی و ڕۆحی. بۆ وان ژیان دیاردەیەکی سروشتی بوو وەک هەموو دیاردە سروشتییەکانی دیکە. ئەوان ڕوانگەیەکی مەتریالَیستییان سەبارەت بە ژیان هەبوو.

«ئەی مرۆڤ تۆ دەبیتەوە بە ئاو، هەوا یان بن مەتریالَی نادیار. خەفەت مەخۆ! تۆ وەک ئاو، هەوا، یان بن مەتریالَی نادیار نەمریت، بەلاَم وەک خۆت، وەک جەستەت ئەبەدی و نەمر نیت».

گەر تالَس، ئاناکسیماندەر و ئاناکسیمێنس بیانویستایە بە ئاواز و وتەگەلی پەیامبەر ئاسا و ئایینی دوابان، ڕەنگە گەر لەسەردەمی ئەواندا ژیابایەن، بەرەو ڕووی ڕستەگەلێکی لەم چەشنە دەبووینەوە.

وەک دەبینین فەیلەسووفە ئیۆنییەکان بەدیاری کردنی هەندێ مەتریالَ، وەک ئەو مەتریالاَنەی کە بوون لێیانەوە سەرچاوە دەگرێ هەولَیان دا وەلاَمی کێشەی بوون و نەبوون، گۆڕان و نەگۆڕان بدەنەوە. مرۆ وەکو یەکێک لە بوونەوەرەکانی ناو جیهان سەرچاوەکەی بۆ یەکێک لەم بن مەتریالاَنە دەگەڕایەوە و دواتریش دەبووەوە بەم بن مەتریالاَنە. مرۆ وەک بن مەتریالَ نەمر بوو نەک وەک خۆی. لێرەدا بە جوانی دیارە کە ئەم فەیلەسووفانە بیریان لە ڕۆح نەکردووەتەوەو لە بنەڕەتدا ڕۆح بۆیان لە ئارادا نەبووە. جیهان وەک بوونێکی مەتریالَی، بە بۆچوونێکی مەتریالَی لێکدراوەتەوە، بەلاَم وەک لە تایبەتمەندی بیری فەلسەفییانەدا دەردەکەوێ، ئەم لێکدانەوەیە فەیلەسووفەکانی دوای ئەوانی تێر نەدەکرد.

بە دارمان و تێکچوونی شارستانیەتی ئیۆنا، کۆتایی بە لێکدانەوەی مەتریالَیستی لەو قۆناغەدا دێت و ڕەهەندێکی دی لە هزر و لێکدانەوە دێتە ئاراوە کە تایبەتمەندی مورتازیبیانە و ئایینی هەیە. پیتاگۆراس سیمای دیاری ئەم قۆناغەیە. پیتاگۆراس بە «پێشەواو باوکی فەلسەفەی خودایی» (٥) ناو براوەو هیچ نووسینێکی لێ بە جێ نەماوە. لەکاتی گەنجییەتیدا چووە بۆ میسر و لەوێ لەلای پیاوە ئایینییەکان زانستی ئەندازیاری، ئەستێرە ناسی و تیۆلۆژی خوێندووە. دواتر گرووپێکی مەزهەبی بنیاد ناوە کە ئەم گرووپە لەژێر کاریگەری (ئۆرفیسیسم)دا(٦) بووە و هەر لێرەوە ئەم گرووپە بایەخی داوە بە «پاکژ کردنەوەی ڕۆح لە ناپاکییەکانی زەوی»٧ ئەم پاکژکردنەوەیە لای پیتاگۆراس و لایەنگرەکانی لە گرنگییەکی بەرچاو بەهرەمەند بوو. ئەم پاکژکردنەوەیە کە پرۆسەیەک بوو دەبا ڕۆح وەها لە جەستە ڕەها بکا کە «دوای مردن ئیدی بەردەوام دەرفەتی ئەوەی نەبێ کە خۆی لەگەلَ جەستەی دیکەدا ڕێک بخا» (٨).

جگە لە بایەخدانی پیتاگۆراس بە ڕۆح، بۆچوونێکی دیکەی وی ئەوە بوو کە بایەخی تایبەتی بە ژمارەکان دەدا. لای وی بنەمای دەروونی بوون ژمارەیە و هاوئاهەنگی و نەزمی جیهانیش بە ژمارەکانەوە بەندە. پیتاگۆراسییەکان بە بەخشینی تایبەتمەندییەکی نامەتریالَی بە ژمارە و ئەوەی کە شتەکان لە بنەڕەتدا ژمارەن خۆیان لە فەیلەسووفە مەتریالَیستییەکانی پێش خۆیان جیا دەکەنەوە و هەولَ دەدەن کە ڕێچکەیەکی دیکە بنیاد بنێن. کە بنیادیشی دەنێن.

بەلاَم ئەم بۆچوونە چۆن دەتوانێ وەلاَمی کێشەی بوون–نەبوون، یان گۆڕان و نەگۆڕان بداتەوە؟ لێرەدا بۆ یەکەم جار بەشێوەی دارشتنی فەلسەفەی ڕۆح و ژمارە دەبنە دوو پنتی سەرچاوەی مانەوە و نەزم و نەگۆڕان و ئیتر لە جیاتی مەتریالَ ئەوە دیاردە نامەتریالَییەکانن کە دەبنە بنەمای بوون و لە دایک بوون و گۆڕان و مردن، بەبێ ئەوەی کە بۆ خۆیان خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە بن. ڕۆح دۆنایدۆن دەکا و ژمارەکانیش بەهۆی جۆری دانانیانەوە دەبنە سەرچاوەی شتەکان. لێرەدا ئیتر مرۆڤی گرفتاری کێشەی گۆڕان و مردن، وەلاَمێکی تر بۆ دڵەڕاوکێ و ترسەکانی دەدۆزێتەوە، کە ئەویش دۆزینەوەی ڕۆح و نەمرییەکەیەتی. ڕۆح چونکە لە مەتریالَ نییە، کەواتە کات و شوێن نایگرێتەوە و هەر بۆیە بێ سنوورە، بەلاَم

ڕۆح دەکرێ بەهۆی نزیک بوونەوەی لە جەستە، ئالوودەبێت. خاوێن ڕاگرتنی ڕۆح و سەرکەوتنی یەکجارەکی لەم کارەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیدی ڕۆح هەمیشە وەک ڕۆح و بەدوور لە جەستە بژی. ئەمەش ئەو ژیانەیە کە لە گۆڕان و مردن و تێدا چوون بەدوورە.

بەڵام ئەگەر فەیلەسووفە ماتریالیستەکانی ئیۆنا و پیتاگۆراسییەکان لە هەوڵی خۆیاندا بۆ دۆزینەوەی مەتریاڵی هەمیشەیی و ڕۆحی هەمیشەیی، هەوڵیان دا کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارە مەعریفی و دڵەڕاوکێکانی مرۆڤ بدەنەوە، ئەوە فەیلەسووفێکی تر هەڵکەوت کە گۆڕانی کردە بنەمای بوون و هەوڵی دا بیسەلمێنێ کە بوون ئاکامی هاودژی و ئەو گۆڕانەیە کە لە هاودژییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەم فەیلەسووفە «هراکلیتس»ە. بە بۆچوونی ئەو هەموو شتەکان بەردەوام لە گۆڕاندان. «هەموو شتێک لە گۆڕاندایە» (٩). هراکلیتس گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێ مرۆ ناتوانێ دوو جار لە ئاوی چۆمێکدا مەلە بکا. زۆر سادە بەو دەلیلەی کە ئاوی دووهەم جار ئاوی یەکەم جار نییە، بەڵام ئەم فەیلەسووفە تەنیا بەم بۆچوونەی بەناوبانگ نییە. ئەو جگە لەمە باس لە یەکگرتوویی لەکاتی جیاوازیدا و جیاوازی لەکاتی یەکگرتووییدا دەکات. بەڕای وی هاودژی واتە شەڕی نێوان دژەکان نە تەنیا جوانی (یەکە) ناشیرین ناکات، بەڵکو بنەمای (یەکە) واتە یەکگرتوویی دژەکانە. لە ڕاستیدا یەکە تەنیا بەهۆی هاودژییەوە بوونی هەیە، گەر هاودژی نەبێ، یەکە بزرە. «ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە شەڕ لە هەموو شتێکدا هەیە و شەڕ ڕەوایە. تەواوی شتەکان بەهۆی شەڕەوە دێنە بوون و نەبوون» ١٠ هراکلیتس لە درێژەی بۆچوونەکانیدا ئاگری وەک (بن مەتریاڵ)ی هەڵبژارد. واتە هەموو شتێک لە ئاگرەوەیە و دەبێتەوە بە ئاگر. ئاگر ئەو بن مەتریاڵەیە کە بەستێنی هاودژییەکانە. کەواتە دەتوانین بڵێین کە لای هراکلیتس هەموو شتێک لە گۆڕاندایە جگە لە ئاگر. ئەویش وەک فیلسووفەکانی دی دەیەوێ بنەمایەکی نەگۆڕ بۆ جیهان بدۆزێتەوە. کە ئەم بنەما نەگۆڕەش ئاگرە. دیسان لە بەراوردێکی سادەدا دەتوانین بڵێین کە ئەم بۆچوونە وەڵامی دڵەڕاوکێکانی مرۆڤ بەوە دەداتەوە کە مرۆ لە ئاگرە و دەبێتەوە بە ئاگر. واتە مرۆ وەک ئاگر نەمرە. ئەم بۆچوونەش، خاوەن ڕوانگەیەکی مەتریالیستییە کە دەیەوێ مرۆ لە مەتریاڵی ئاگردا بە نەمری بهێڵێتەوە.

هراکلیتس بە بنەڕەتی کردنی گۆڕان و گرنگی گۆڕان و هاودژی لە ژیاندا، لە ڕاستیدا ڕوانگەی مرۆ سەبارەت بەگۆڕان دەگۆڕێ. لێرەدا گۆڕان دەبێ بە سەرچاوەی ژیان و بەردەوامی ژیان. مرۆ ئیتر نابێ لە گۆڕان بترسێ. ئەگەر گۆڕان نەبێ، نە مرۆ دەبێ و نە ژیان. ئەگەر دژی ژیان، واتە مردن نەبێ، ژیانیش نابێ. کەواتە مردن ئیدی وەک جاران ترسناک نابێ، بەڵکو نیازێک دەبێ بۆ هاتنەئارای ژیان.

«جا ئەی مرۆڤ! ئەگەرچی تۆ دەمری، بەڵام مردنت ژیانە. ژیانت مردنە. تۆ لە یەکەی ژیان و مردندا مرۆڤی. کەواتە لە مەرگ مەترسە. تۆ لە مەرگدا دەژییتەوە!»

ئەمە ڕەنگە دەقی ئایینی ئاسای بیر و بۆچوونی هراکلیتس بێ. دەقێک کە خودی گۆڕان دەکات بە سەرچاوەی ژیان و مانەوەی ژیان. لەم بۆچوونەدا پەنای ڕۆحی مرۆڤ دەبێ بە خودی گۆڕان.

«ئەی مرۆڤ! گۆڕان، خودایە. گۆڕان، پەنایە. ئەو جێگایە کە حەوانەوەی ئەبەدی تۆی تێدایە!»

**پەراوێز و سەرچاوە:**

**١- تاریخ فلسفه یونان و روم جلد یکم، فردریک کاپلستون، ترجمه: سید جلال الدین مجتبوی. انتشارات سروش، چاپ دوم ١٣٦٨، لاپەڕەی ٢٥.**

**٢- هەمان سەرچاوە. لاپەڕەکانی ٢٥ و ٢٦.**

**٣- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٢٦.**

**٤- Tenkere ogldeer Av: T. Tollefsen, H. Syse, R.F. Nicolaisen, sid 39.**

**٥- تاریخ فلسفه، یونان و روم جلد یکم، فردریک کاپلستون، ترجمه: سید جلال الدین مجتبوی. انتشارات سروش، چاپ دوم ١٣٦٨، لاپەڕەی ٣٩.**

**٦- ئایینێکی کۆنە کە گرنگی بە ڕۆح و ژیانی دوای مردن داوە (نووسەر).**

**٧- Tenkere ogldeer Av: T. Tollefsen, H. Syse, R.F. Nicolaisen side 41**

**٨- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٤١.**

**٩- Tenkere ogldeer Av: T. Tollefsen, H. Syse, R.F. 46 Nicolaisen, side**

**١٠- تاریخ فلسفه، یونان و روم جلدیکم، فردریک کاپلستون، ترجمه: سید جلال الدین مجتبوی. انتشارات سروش، چاپ دوم ١٣٦٨، لاپەڕەی ٥٢.**

# قشڵەی عەسکەری لە هەولێر

**عەبدولڕەقیب یووسف**
**(سلێمانی)**

قشڵەی عەسکەری سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی سەرای ئێستای هەولێر بووە، بەڵام تەلارەکەی دەستکاری کراوە و هاتووەتە گۆڕین و نوێ کراوەتەوە و بووە بە سەرای ئێستای خواروی قەڵای هەولێر کە دەکەوێتە بەرانبەر قەڵات بەلای ڕۆژئاوایەوە بەمەودای دەوری پەنجا مەتر، یان پتر و بەرانبەر تەلاری پارێزگای ئێستایە لە قەراغی باشووری ڕۆژئاوای گۆڕەپانی پارێزگا.

یەکەم جار ناوی قشڵەم لە خوالێخۆشبوو مامۆستا (ناسح حەیدەری) بیست، کاتێ بیرەوەرییەکانی ئەوم لە ١٩٨٢/٧/٣١دا تۆمار دەکرد.

مامۆستا وتی کاتێ ئیسماعیل سنەیی ویستی دەرگای قەڵات نوێ بکاتەوە، لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بە ماوەیەکی کەم قایمقامیەتی هەولێر لەسەرای کە ئەوکاتە لەسەر دەرگای کۆنتری قەڵات بوو کە قوچ پاشای کۆیی و حاکمی هەولێر لە چلەکانی سەدەی هەژدەمدا ئاوایان کردبوو- چوو بۆ قشڵەی عەسکەری. ئەوکاتە لە مامۆستام نەپرسی کە شارەزاترین کەس بوو تا بە دوور و درێژی لە بارەی هەولێرەوە باسی قشڵەم بۆ بکات، ئیتر لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە دەستم کرد بە کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی قشڵە و نوێ کردنەوەی بە تەلاری ئێستای سەرا لە ڕۆژهەڵاتی مەرقەدی سوڵتان مزەفەر (بەڵکو هی باوکی ئەو) بە دەوری (٢٢م).

بڕوانە وێنەی ژمارە (١)



وێنەی (١)

بەندیخانە لە حەوشی پشتەوەی قشڵەدا بووە، بەندیخانە تا لە ساڵی (٢٠٠٧) کە ڕووخێندرا مابوو. یانە لە نزیک بووەکە لە ڕۆژئاوای قشڵە لە ڕیزی مەرقەد بوو شوێنەکەی ئێستا دوکانەکانی بنەماڵەی یەعقوبییەکانە کە لەپێش سەردەمی باوکی سوڵتان مزەفەر زەینەدین عەلی (الجامع العتيق) لەو شوێنە بوو وەک ناوی (الجامع العتيق) لە مێژووەکەی (ابن المستوفي)دا هاتووە.

بڕوانە وێنەی ژمارە (٢)



**وێنەی (٢)**

لە كاتی عوسمانیدا دەزگا عەسكەرییەكان لە قشڵەدا بوون، بەڵام دەزگا مەدەنییەكان لە سەرای قەڵاتدا بوون و بانی قشڵە دارەڕا بوو وەک بەڕێزان وەستا خدری وەستا عەبدوڵڵا چیچۆی بەننا و حاجی عەبدولواحید سەعید مستەفا ئەمەیان بەبیر دێت و هەردووكیان لە دایک بووی (١٩٢٠)ن.

نازانین لە چ ساڵێكدا دەست كرا بە گۆڕینی تەلارەكەی بە تەلاری سەرای ئێستا، بەڵام ئەم بەڕێزانە لەگەڵ بەڕێز مەلا عومەر سۆفی وتیان لە ساڵی ١٩٣١دا قاتی یەكەمی سەرا هەبوو، یان تەواو ببوو.

بڕوانە وێنەی ژمارە (٣)

مەلا عومەر وتی لەو ساڵەدا ئێمە دەچووین بۆ سەرا و پارەی عوسمانیمان بە پارەی عیراقی دەگۆڕییەوە و دەڵێ لەو ساڵەدا نۆژەنكردنەوە لەسەرادا دەكرا كە لەوانەیە ئەو نۆژەنكردنەوەیە نەبێت، بەڵكو هەندێ كاری تەواوكەری سەرابێت.

وەستا خدر وتی وەستاكانی قاتی دووەمی سەرا خەڵكی سلێمانی بوون، بەڵام ناویان نازانم و هەرسێكیانیش نەیانزانی وەستای قاتی یەكەم كێ بووە.



**وێنەی (٣)**

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٤/١٠ بیرەوەرییەكانی وەستا عەلی و وەستا حەسەنی فاتمە غەزاییم تۆماركرد و هەندێ جاری دیكەش تۆمارم كردووە كە لە دایک بووی (١٩٠٤)بوو و لە شەوی ١٩٩١/٣/٢٧/٢٦دا لە سلێمانی وەفاتی كرد و باشترین وەستای كاتی خۆی بوو

بڕوانە وێنەی ژمارە (٤)

وەستا عەلی وتی كاتێ ساڵح زەكی ساحبقڕانی خەڵكی سلێمانی موتەسەڕیفی هەولێر بوو، داوای لە من كرد قاتی دووەمی سەرا ئاوەدان بكەمەوە. شایانی باسە ساڵح زەكی لە ١٩٣٩دا موتەسەڕیفی هەولێر بوو. مەلاعومەر وتی لە كاتی حەرەكەتەكەی ڕەشید عالیدا (١٩٤١) خەڵک بۆ پشتگیری ڕەشید عالی گەیلانی لەبەردەمی سەرا خۆپیشاندانیان دژی حكومەت كرد و منیش لە نێویاندا بووم و ئوتومبێلی ساڵح زەكییان سووتاند و پۆلیسەكان لەسەر بانی سەرابوون، بەڵام موتەسەریف نەیهێشت تەقە لە خەڵک بكەن و چەند



**وێنەی (٤)**

تەقەیەكیان لە بەدەنی قەڵات كرد بۆ ترساندنی خەڵک تا هێرش نەهێنن بۆ نێو سەرا و ئەوكاتە ئامری حامیەی عەسكەری هەولێر ئەمین ڕەواندزی بوو. ساڵح زەكی سەغڵەت ببوو و ناردییە دوای شێخ محیەدین تا بێت قوتاری بكات و ئەویش دەوری سەد دەروێشێكی هێناو لە دەرگای پشتەوە ساڵح زەكی-یان قوتاركردو بردییانەوە ماڵی خۆی. حاجی عەبدولواحید و وەستا خدریش ئاماژەیان بە سووتاندنی ئوتومبێلی ساڵح زەكی كردو ئەوانەی نووسیویانە ساڵی (١٩٤٠)دا خانەنشین بووە، واتە لە هەولێر نەماوە ئەمە ڕاست نییە، هەروەها مەلاعومەر كە تەمەنی هەشتاو دوو ساڵە و بیرتیژە وتی موتەسەریف لە قوژبنی ڕۆژئاوا لەسەرادا دادەنیشت و بەڕێوەبەری پۆلیس لە قوژبنی باشوور و ناسح حەیدەری

بەڕێوەبەری جێبەجێ کردن لەلای دەرگای پشتەوەی، کە ڕێگای دەچووە حەوشەی پشتەوە بۆ حەپسخانە و زۆربەی دائیرەکان لەسەرادابوون و لە نزیک سەرا لە ڕۆژهەڵاتەوە حەساری حەمۆی عەلی زەمۆ بوو لە جێگای مزگەوتی حاجی ساڵحی دەباغی ئێستا و دوو حەساربوون لەنێو یەکتردا، یەکیشیان بۆ جووتیار و هێسترەکانی بوو یەک بۆ حەیواناتی وەک مەڕو بزن بوو بۆ فروشتنیان، چونکە خۆی قەسابیش بوو.

شایانی باسە لە نزیک حەوشی پشتەوەی سەرا بە لای ڕۆژهەڵاتەوە لە ساڵانی ڕابردوو شوێنەواری جۆگە ئاوێک دۆزرایەوە وەک هەندێ کرێکار بە منیان وت کە دەبێ لقێکی ئەو کارێزە بێت کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتووەتە خوارووی دەرگای باشووری قەڵات و ئەو لقە چووەتە (الجامع العتيق). بەم زانیاریانەی سەرەوە دەزانرێت قاتی سەرەوەی سەرا

لە ساڵانی (١٩٣٩- ١٩٤١) ئاواکراوە.

سەرا کە قەبارەی (٥٤× ٥ر٣٢)ە تەلارێکی کەلەپوریی زۆر جوانە و لە ناوەوە جوانترە بە کەوان و ڕاڕەو و هۆدە گەورەکانییەوە. مروڤ ئەگەر بە پلیکانەکانی قاتی یەکەم هەڵگەڕێ بەرەو

(وێنە ٥ و ٦)



وێنەی (٥)



وێنەی (٦)



وێنەی (٧)

قاتی دووە دەبینێ دوو ڕێگای پلیکانەدار بۆ قاتی دووەم دروست کراوە بەشێوەیەکی پان و زۆر جوان کە دەبێ وەستا عەلی ئەمەی، لەشێوەی تەلارسازی سەرای سلێمانی وەرگرتبێ کە هەمان دوو ڕێگای پلیکانەداری هەیە بۆ قاتی دووەم.

(وێنە ٧)

شانازی لە ئەندازیاری سەرادا بە پلەی یەکەم بۆ وەستای قاتی یەکەم دەگەڕێتەوە کە مخابن نازانین کێیە و کوردیش بایەخی بە مێژووی خۆی نەداوە.

لە ساڵی (٢٠٠٦)دا شتێکم لە بارەی سەراوە بلاوکردەوەکە لە ڕووی کەلەپورییەوە بۆ پاراستنی لە شێواندن و لە ڕوخاندن حکوومەتم هان دابوو.

زانیارییەکی زۆری مەیدانیم کۆکردووە لە بارەی قەڵات و بەشی کۆن لە شاری هەولێرەوە لەم جۆرە زانیاریانە و لەو کتێبەماندا لە بارەی هەولێرەوە دەبیندرێن کە جارێ تەواو نەبووە.

بێ گومان قشڵەی عەسکەری جیایە لەگەڵ (قشڵەی سوارە) کە لەگەڕەکی عەرەب ماوە و بە ئەسل حەساری حەسەن ئاغای باپیری مێژوونووس هادی چاویشلی بووە و لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارەی ڕۆژی (٢٠٠٦/٢/١٥) وتارێکم لەبارەی قشڵەی سوارەوە بلاوکردووتەوە.

# پێشکاری (بـ) له‌ ته‌رازووی زمانی نووسیندا

د. شێرکۆ بابان
(زانکۆی سه‌لاحه‌دین - کۆلێژی ئه‌ندازه‌)

**١- ده‌سپێک:**

له‌ زمانی نووسیندا، له‌ ئاستی پێشکاری به‌رده‌وامی (بـ)، گه‌لێک په‌رپووتی و نارێکی هه‌یه‌. بۆ نموونه‌، له‌هه‌ندێک جێدا، به‌ خنجی و به‌سفتی رێنووس ده‌کرێت و ده‌رده‌که‌وێت، که‌چی له‌زۆر جێی تردا، ون ده‌کرێت و له‌ ریزه‌که‌دا ده‌رناکه‌وێت. له‌ راستیدا، رێزمانی ئه‌م که‌ره‌سته‌ رێزمانییه‌ نه‌ختێک ئالۆزی تێدا هه‌یه‌، به‌لام ده‌توانرێت ده‌سته‌مۆ بکرێت و بخرێته‌ نێو چێوه‌که‌ی خۆی. له‌ ئه‌م نووسینه‌دا، تێده‌کۆشین تا بتوانین ئه‌و جێگه‌ رێزمانییانه‌ دیاری بکه‌ین که‌ پێشکاری (بـ)ی تێدا ده‌رده‌که‌وێت و ئه‌مجا له‌هه‌ر جێگه‌یه‌کدا شرۆڤه‌ی ده‌که‌ین و ده‌یخه‌ینه‌ به‌ر لێکۆڵینه‌وه‌. بۆ نموونه‌، ده‌شێت پێشکاری (بـ) له‌ ده‌مکاتی رانه‌بردوودا ده‌ربکه‌وێت، وه‌ک (ره‌نگه‌ برۆم)، یان له‌ فه‌رمانی راسته‌وخۆدا، وه‌ک (تۆ برۆ)، یان له‌ ده‌مکاتی رابردوودا، وه‌ک (با ئه‌و برۆیشتبا). له‌گه‌ڵ گشت ئه‌وانه‌شدا، هه‌ندێک جار پێشکاری (بـ) ده‌بێت به‌ هێمای (پێوه‌نووسی) بۆ دارشتنی (ناوی بکه‌ر)، وه‌ک (بگۆڕ). له‌ئه‌م هه‌لومه‌رجه‌دا ره‌گه‌زی (بـ)، ئه‌وه‌ ده‌رده‌خات که‌ بنجی کاری (گۆڕین) سه‌ربه‌خۆ نییه‌ و ده‌بێت به‌ وشه‌یه‌کی تره‌وه‌ بلکێت، تا ئه‌و لابچێت، وه‌ک (خۆ گۆڕ، داگۆڕ، پێ گۆڕ، جل گۆڕ، ...). له‌ ئه‌م وشانه‌دا، دانانی پێشکاری (بـ) ده‌بێت به‌ نارێزمان، چونکه‌ به‌شێوه‌یه‌کی کاتی به‌کارهێنراوه‌، تا وشه‌یه‌کی تر جێگه‌که‌ی پر ده‌کاته‌وه‌.

**٢- خانه‌ی پێشکاری به‌رده‌وامی (بـ):**

له‌ ئیشه‌کانی ئێمه‌دا، ئێمه‌ خانه‌ی (+١)مان بۆ پێشکاری (ده‌) ته‌رخان کردووه‌ که‌ به‌ پێشکاری

بەردەوامی ناسراوە. دەشێت ئەم کەرەستەیە لە هەندێک هەلومەرجدا بە (بـ) بگۆڕرێت، وەک:
**بێ گومان، من (دە) ڕۆم**

ڕستەی گومان:
**ڕەنگە، من (بـ) ڕۆم**

ڕستەی نیاز:
**با، من (بـ) ڕۆم**

بێ گومان خانەی (+١) کە بۆ پێشکاری بەردەوامی (دە) و (بـ) تەرخان کراوە، ئەم خانەیە دەکەوێتە پێش بنجی کار بە ڕاستەوخۆیی و هیچ گەردیلەیەکی ڕێزمانی ناتوانێت بترنجێتە نێوان ئەو پێشکارە و بنجی کارەکە. لەلایەکی تریشەوە، خانەی پێشکاری بەردەوامی هاوسنوورە لەگەڵ خانەی (+٢) کە بەخانەی (نەرێ) ناسراوە. ئەوەی سەیرە، لەنێوان ئەو دووخانەیەدا (+١) و (+٢) سیمای ئاوێتەبوون و داڕێژراوی هەیە و دەشێت بارگەی هەردوو خانەکە بەیەکەوە بکەونە بەر داڕشتن و ڕوخسارێکی سێیەم دەربخەن، وەک:
- لە ڕانەبردوودا دەگوترێت:
**من (دە) ڕۆم**

- کەچی، لەدیوی نەرێدا ناگوترێت:
**من (نە) (دە) ڕۆم**

- لە بەرانبەردا، دەگوترێت:
**من (نا) ڕۆم**

کەواتە، ڕوخساری یەکەم (دە) جووت بوو لەگەڵ ڕوخساری دووەم (نە) و لە ئەنجامدا ڕوخساری سێیەم (نا) دەرکەوت، وەک:
**(نە) + (دە) ⟵ (نا)**

لە ڕاستیدا، ئەم ئاوێتە بوونە سیمای (داڕێژراو)ی بە زمانەکەمان دەبەخشێت، نەک سیما (پێوەنووسی). ئەم دیاردەیەی دوایی (پێوەنووسی) لە ڕابردووی بەردەوامدا دەردەکەوێت، وەک:
- لە ئەرێدا:
**من (دە) ڕۆیشتم**

- لە نەرێدا:
**من (نە) (دە) ڕۆیشتم**

بە ئاشکرا دیارە کە ئەو دوو کەرەستەیە پێکەوە نووساون، نەک پێکەوە داڕێژراو.

**٣- پێشکاری (بـ) و دەمکات:**
دەشێت پێشکاری بەردەوامی (بـ) لە ئەم ڕووبەرانەدا دەر بکەوێت:
یەکەم: دەمکاتی ڕانەبردوو بەگشتی، وەک:
**ڕەنگە (بـ) ڕۆم**
**با (بـ) ڕۆم**

دووەم: ڕێژەی فەرمانی ڕاستەوخۆ، وەک:
**تۆ (بـ) ڕۆ**
**تۆ (بـ) خەوە**
**ئێوە (بـ) ڕۆن**
**ئێوە (بـ) خەون**

سێیەم: دەمکاتی ڕابردووی بەردەوام، وەک:
**با شیلان (بـ) ڕۆیشتبا**

چوارەم: لەئەو وشانەدا، کە لە ڕێزمانی کارەوە داڕێژراون، وەک (ناوی بکەری ڕانەبردوو):
**بکەر: ببەر: بدەر: بگۆڕ: بگر: بخۆر**

دەشێت ئەم وشانەش پێشکاری (بـ) فڕێ بدەن، ئەگەر بکرێن بە (نەرێ):
**نەکەر: نەبەر: نەدەر: نەگۆڕ: نەگر: نەخۆر**

یان، ئەگەر لەگەڵ (بەرکار)دا جووت کران، وەک:
**ئیش کەر: نان بەر: نان دەر: ئاوگۆڕ: دەست گر: نان خۆر**

بێ گومان، لەئەم چوار ڕووبەرە بترازێت، پێشکاری (بـ) برشتی نییە و ئەگەر هەیبێت ئەوە، یان لێی تێنەگەیشتووین، یان دەستەواژەکە بە هەڵە دەرکەوتووە.

**٤- کێشەکانی پێشکاری (بـ):**

لە کۆپلەی ڕابردوودا، چوار (بەکار هێنان) بۆ پێشکاری (بـ) دیاری کران و لە ئەو چوار جێگەیەدا، نموونەی بۆ ڕیز کرا. واتە، هێڵێکی سوور بە دەوری ئەو ڕووبەرانەدا نیگار کرا کە پێشکاری (بـ) بە ڕێزمان هەڵدەگرن. سەبارەت بە خانەی ڕێزمان، لە گشت ئەو بەکارهێنانەدا، پێشکاری (بـ) لە خانەی (+١)دا دادەنیشێت و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش ڕەگی (کار) و کلکەکەی لە نووکی ئەو کارە دەخشێت، وەک:

**ڕەنگە (بـ) خەوم**
**با (بـ) خەوێت**
**تۆ (بـ) خەوە**

بەهەمان شێوە، لە ناوی بکەریشدا، هەر لە نووکی کارەکە دەخشێت، وەک:

**(بـ) گۆڕ**
**(بـ) بەر**

بەواتایەکی دی کلکی پێشکاری (بـ) سەربەخۆ نییە و گشت کاتێک بە نووکی کارەوە لکاوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک ڕەگەزی ڕێزمانی هەیە، کە بتوانێت خۆی بترنجێنێتە نێوانیان و لەیەکدییان جودا بکاتەوە، وەک:

یەکەم: ئامرازی (یش)، وەک:

**ڕەنگە بـ(یش) خەوم**
**با بـ(یش) خەوێت**
**تۆ بـ(یش) خەوە**

بەداخەوە، لە ئاخاوتنی کوردیدا، دیاردەی جێ گۆڕکێی جێناو ، بەسەر ئەم ئامرازەدا زاڵ کراوە ئەگەر نا، دەبا لە دواوەی ڕستە جێگیر بکرێت.

دووەم: دیاردەی جێگۆڕکێی جێناوی لکاو، وەک:

یان،

**ڕەنگە بـ(یان) خەوێنم**
**با بـ(ی) خەوێنێت**
**تۆ بـ(مان) خەوێنە**

لەگەڵ ئەوەشدا، چەند سەرنجێکی ورد و کاریگەر لەسەر ئەو کێشانە هەیە کە ئەم دوو ڕەگەزە ڕێزمانییە بەرپایان دەکەن، وەک:

یەکەم: کێشەی ئامرازی (یش)، هەردوو کاری (تێپەڕ) و (تێنەپەڕ) دەگرێتەوە.

دووەم: کێشەی جێگۆڕکێی جێناوی لکاو تەنیا و تەنیا هەر کاری (تێپەڕ) دەگرێتەوە.

سێیەم: بەکۆی خاڵی یەکەم و دووەم، دەشێت لەکاری (تێپەڕ)دا هەر دوو ڕەگەزی (یش) و (جێناوی لکاوی جێگۆڕ پێکەوە بترنجێنە نێوان پێشکاری (بـ) و ڕەگی کارەوە، وەک:

**ڕەنگە بـ(یش) (یان) نێرم**
**ڕەنگە بـ(یان) (یش) نێرم**

بێگومان، ئامرازی (یش) پەرپووتییەکی زۆری خستووەتە نێو ڕیزەکەوە، چی بە (جێگۆڕکی) و چی بە نارێکی لە ڕیزبووندا. سەرەڕای ئەوانەش لە ڕووی دەنگسازی و لە ڕووی ڕێنووسەوە کێشەی هەیە.

چوارەم: ئەو کێشانەی کە لە خاڵەکانی سەرەوەدا باس کران، بەهیچ جۆرێک (ناوی بکەر) ناگرنەوە، چونکە لە چالاکی ڕستازییانەدا نییە.

**٥- لەگەڵ پێشکاری (نەرێ):**

وەک پێشتر باس کرا، پێشکاری (بـ) چوار بەکارهێنانی هەیە و ئەو بەکارهێنانەش هەر هەموویان لە ڕێزمانی کاردان. لە ڕووی ڕیزبەندییەوە، ئەو ڕاستییە دیاری کرا کە پێشکاری (بـ) لە کلکەوە دەلکێت بە نووکی کارەوە، چونکە لە خانەی (+١)دا دادەنیشێت. ئەوەش لەیاد نەکەین کە پێشکاری (بـ) لە نووکەوە بەکلکی خانەی (+٢)وە دەلکێت کە نیشانەی نەرێ (نە)ی تێدایە و ئەم ڕەگەزە لە هەرچوار بەکارهێنانەکەدا دەبێت بە هۆی بەرپا بوونی کێشە، وەک:

یەکەم: لە دەمکاتی ڕانەبردوودا، پێشکاری (بـ) بە پێشکاری (نە)وە دەئاڵێت و گۆکراوێکی دوو توخم لە چەشنی (نە)، پەیدا دەبێت، وەک:

**ڕەنگە (نە) (بـ) ڕۆم : ڕەنگە (نە) ڕۆم**

دووەم: لە فەرمانی ڕاستەوخۆدا، پێشکاری (بـ) بە پێشکاری نەرێ (نە)وە دەئاڵێت و گۆکراوێکی دوو توخم لە چەشنی (مە) پەیدا دەبێت، وەک:

**تۆ (نە) (بـ) خەوە: تۆ (مە) خەوە**

سێیەم: لە دەمکاتی ڕابردووی بەردەوامدا، پێشکاری (بـ) بەنیشانەی نەریٚ (نە)وە دەئاڵێت و گۆکراوێکی دوو توخم لە چەشنی (نە) پەیدا دەبێت، وەک:
**با شیلان (نە) (بـ) خەوتبا : با شیلان (نە) خەوتبا**

چوارەم: وەک پێشتر باس کرا، ناوی بکەر، وەک (بگۆڕ)، دەتوانێت نیشانەی نەریٚ (نە) وەربگرێت، وەک:
**(بـ) گۆڕ : (نە) گۆڕ**

لە گشت ئەو بەکارهێنانەدا، بە باندۆری نیشانەی نەریٚ (نە) پێشکاری (بـ) ئاودیو بووە و لە ڕیزەکەدا نەماوە، بەڵام بە هەندێک جیاوازییەوە، وەک:
یەکەم: لەخاڵی یەکەم و دووەم و سێیەمدا، دەشێت پێشکاری (بـ) بپارێزین، ئەگەر پێشکارێکی تر بەکار بهێنین، وەک:
**ڕەنگە من (دا) (بـ) نیشم**
**تۆ (دا) (بـ) نیشە**
**با (دا) (بـ) نیشتبا**

دووەم: لە (ناوی بکەر)دا، باری پێچەوانە دەچەسپێت، چونکە ناتوانین پێشکاری (بـ) بپارێزین، ئەگەر پێشکارێکی دیکە بەکارهێنرا، وەک:
**دا (ـ) گۆڕ، نەک (دابگۆڕ)**
**پێ (ـ) گۆڕ، نەک (پێ بگۆڕ)**
**جل (ـ) گۆڕ، نەک (جل بگۆڕ)**

**٦- پێشکاری (بـ) لە ناوی بکەردا:**
لە کۆپلەکانی پێشوودا، (ناوی بکەر) کەوتە بەر لێکۆڵینەوە، بەڵام هەندێک باری تایبەتی و ئاڵۆز هەر مایەوە، وەک:
یەکەم: ئامرازی ناوی بکەر (ەر) دەتوانێت کە پێشکاری (بـ) لاببات، وەک:
**بگۆڕ + (ەر) (-) گۆڕەر**

یان، وشەیەکی دیکە کە لە ڕێزمانی کاری (گۆڕین)دا پەسند بێت، دەشێت لای ببات، وەک:

**دا + بگۆڕ داگۆڕ**

دووەم: لە هەندێک (کار)دا کە بنجەکەیان زۆر کورتە وەک (کردن، بردن، دان)، پێشکاری (بـ) دەتوانێت لەگەڵ ئامرازی ناوی بکەر (ەر) ئامادەبێت، وەک:
**(بـ) (کە) (ەر)**
**(بـ) (بە) (ەر)**

لە ئەم وشانەدا، هەر پێشکارێک دەتوانێت پێشکاری (بـ) لاببات، کەچی ئامرازی (ەر) نەیتوانیوە لای ببات، وەک:
**ڕۆ + (بکەر) ڕۆکەر**
**دەر + (ببەر) دەربەر**

کەواتە، لە کونجێکی زۆر هورد و دانسقەدا، پێشکاری (بـ) توانیویتی خۆی لەگەڵ ڕەگەزی ناوی بکەر (ەر)دا بگونجێنێت.

**٧- پوختەکاری:**
* پێشکاری (بـ) لە پەرێزی ڕێزمانی کاردایە و ئەگەر بە (ناو)ێکەوە دیار بێت، ئەوە ئەو ناوە لە پەرێزی کارەوە دارێژراوە.
* پێشکاری (بـ) لە کلکەوە بە نووکی کارەوە دەلکێت.
* پێشکاری (بـ) لە نووکەوە بە کلکی نیشانەی نەریٚ (نە)وە دەلکێت.
* سروشتی ئەو لکانەی کە لەنێوان پێشکاری (بـ) و (ڕەگی کار)دا پەیدا دەبێت لە جۆری (پێوەنووسی)یە، بەڵام ئەو نێوان پێشکاری (بـ) و نیشانەی نەریٚ (نە) لە ئەو جۆرە نییە، چونکە دیاردەی (ئاوێتە بوون) لە نێوانیاندا چێ دەبێت.
* پێشکاری (بـ) دەتوانێت لە چەند ڕووبەرێکی زمانەکەدا دەربکەوێت، وەک:
یەکەم: لە ڕستەی نیازدا، وەک (با بڕۆم)، یان لە ڕستەی گوماندا، وەک (ڕەنگە بڕۆم).
دووەم: لە ڕستەی (نیاز)دا و لە ڕابردوودا، وەک:
**(با ئەو بڕۆیشتبا)**

سێیەم: لە فەرمانی ڕاستەوخۆدا، وەک (تۆ بڕۆ).

چوارەم: لە (ناوی بکەر)دا، وەک: (بخــۆر، ببــەر، بگۆڕ ....).

* لەئەو بەکــارهێنانەدا، پێــشکاری (بـ) لەگــەڵ نیشانەی نەرێ (نە) ئاوێتە دەبێت و بەرِوخساری (نە) دەمێنێتەوە، بەڵام لە فەرمانی ڕاستەوخۆدا، بە ڕوخساری (مە) دەمێنێتەوە. کەواتە، جیاوازییەکی بنچینەیی لە ڕەگێشەی فەرمانی ڕاستەوخۆدا هەیە.

* لە (ناوی بکەر)دا، پێ دەچێت کە پێشکاری (بـ) هێما بێت بۆ (جێ لک)، واتە ئەو جێیەی کە بۆشە و دەبێت پڕ بکرێتەوە، وەک نیــشــانەی تەقـەڵ (ـ) کـە دەخرێتە پێش جێناوی لکاو ( ـ م، ـ ت، ـ ی، ـ مان، ـ تان، ـ یان).

* لە گـشت جـێـیـەکـدا، ڕەگـەزی (ناوی بکەر)، کـە بریتـیـیــە لە (ەر)، پێـشکاری (بـ) لادەبات، بەڵام لە کــونجــێکی زۆر هورد و بەرتەسکدا، پێــشکاری (بـ) دەتوانێت خۆی بپارێزێت و لەگەڵ ئامرازی (ەر)دا خۆی لەیەک وشــەدا بنوێنێت ، وەک (ببــەر، بدەر، بخــەر ، ...).

* لە ڕێنووسی زمـانی کـوردیدا، پێـشکاری (بـ) زۆر پەرپووت کراوە و بە هەڕەمەکی و بەبێ ئاگایی دەکەوێتە بەر پێنووسی نووســەران. واتە، بەتێکەڵ و پێکەڵی تۆمـاری دەکەن، چونکە لەوانەیە، لە جێـیـەکدا تۆمـاری بکەن و لەجێـیـەکی دیکەدا تۆمـاری نەکەن، هەرچەندە هەردوو نموونەکە (هاوڕێزمان) بن.

* لە نووسـینەکـانی خۆمـاندا، ئێمـە نەمان هێشـتووە پێشکاری (بـ) تۆمار نەکرێت، مەگەر بە (ڕێزمان). ئێمە بەدەســتی مـەبەست ڕێنووســمــان کـردووە، بەڵام ئـەگـەر هەڵەیەک رووی دابێت، ئەوە بریتـییە لە هەڵەی پیتـچنین و ڕاستکردنەوە.

**سەرچاوە:**

**- د. شێرکۆ بابان، ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی، هەولێر ١٩٩٦.**

**- د. ئەورەحـمـانی حـاجی مـارف، زمـانی کـوردی و خـەوشی هەندێ وشەو زاراوەی نوێ، بەشی یەکەم، بەغدا ٢٠٠٠.**

# شیعر و هەتاو

د. موحسین ئەحمەد عومەر

**کەی شیعری تەڕ دەخولقێنێ ئەو**
**خەیاڵە کە خەمبارە.**
**«شیرازی»**

لە ئاووهەواو ژینگەیەکی گەرمدا کە شیعر دەنووسرێ، ئەوە ناگەیەنێت کە شیعری گەرمیش دەنووسرێ، نەخێر، بەڵکو شیعری پووچ دەنووسرێ.

ئەمەش نەک وەک بەهاو نرخێکی شیعری، بەڵکو وەک تێکستێکی بێ واتا و چرووک. هیچ شیعرێک لەبەر گەرمایی تاقەت پرووکێن نەنووسراوە، ڕاستییەکەی، لە ڕوانگەی منەوە، هاوینان مانای شیعر نامێنێ، بەتایبەتی لە کوردستان، من هاوینان حەزدەکەم لە خۆم هەڵبێم، ڕابکەم و خۆم بگەیەنمە فێنکاییەک ماناو چەمکی شیعر بدۆزمەوە، مەسەلەکە لێرەدا، ئەوەیە سێبەر و فێنکایی زیاتر لەگەڵ گیان و چەشەی شیعر و لەشدا دەگونجێ. ئەوی ڕاستی بێت لە هەموو شیعرێکدا گەرمییەک هەیە، ئەمەش وەک بەهاو نرخێک تەمەنی ئەم شیعرە درێژتر دەکاتەوە، بەڵام ئەم گەرمییە زۆر لەو گەرماییە جوگرافییە جیاوازە کە ژینگەی هاوینێکی شاعیرانی کوردە، کە هاوین دادێ، دەبێ خەیاڵیان چرووک بکات، ئەگەر چرووکیش نەکات و بەردەوام بێ، لەناو گەرمایی درێژە بە خەیاڵ بدەن، بێ گومان شیعری چرووک و بێ مانا دەنووسن، کەم شاعیری کوردم بینیوە ئەم هەڵاتنە، یان ئەم لە خۆ هەڵاتنە کە وەک چەمکێکی بێهوودە و وجوودی دێتە بەرچاو، لای بووبێتە تێکستێکی جوان و نایاب.

دەڵێن ئەم کێشەیە پێوەندی بە شیعری خراپ و

نایابەوە نییە، ئەمە ڕاست نییە، لە بنچینەدا (لە پێوەندی نێوان شیعر و گەرمایی تاقەت پڕووکێن)دا ڕاستییەک هەیە، ئەمەش بەپێی ژینگەی جوگرافی دەگۆڕێ.

هاوین بۆ ئینگلیزێک وەک بەهار وایە و زستانیش وەک وەرزێکی سەختی ماندووکار، شکسپیر لە یەکێ لە سۆناتەکانیدا، وەرزەکانی ساڵی کردۆتە (تێمێکی = بابەت) سەر بە عیشق و خۆشەویستی و پیری، هاوین بە عاشقێکی لاو دەچوێنێ، زستانیش بە پیرەژنێکی شەڕانگێز، بەڵام کوردستان دەق بە پێچەوانەوەیە (بەلایەنی کەمەوە لە ڕوانگەی منەوە). بەمەش ئێمە مەبەستمان لە هاوین و زستانی شارە، چونکە ئیمڕۆ شاعیرەکان لە شاران دەژین.

هەموو شیعرێکی نایاب (بەلای کەمی مانادار و نرخ و بەهایەک پێشکەش بکات) لەناو ئاووهەوایەکی فێنکدا نووسراوە، بەگشتی وڵاتە فێنکەکان خاکی داهێنانن، داهێنانی شارستانی لە هەموو بوارێکەوە.

سەردەمی فێنکایی شارستانی ڕۆژهەڵات دەمێکە کۆتایی پێ هاتووە، گەرمایی و هەتاوی بەتین هەموو شارستانی ڕۆژهەڵاتی لەناو بردووە. گەرمایی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە سستمی فەرمانڕەوایی و سستمی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، دیسپۆتیزم مەڵبەندەکەی ڕۆژهەڵاتە، دیسپۆتیزم لە شیعری ڕۆژهەڵاتیشدا هەیە. ئەسکیمۆییەکان-یش بەپێچەوانەی ڕۆژهەڵاتییەکان لەناو ئاووهەوایەکی سارددا دەژین، ئاووهەوایەکی دیسپۆتیک، هەر لەبەر ئەمەیە ئەوان قەت نەبوونەتە خاوەن شارستانی و ئەدەب و هونەر.

شانسی دەرچوون لە ئاووهەوای دیسپۆتیکی و سستمی فەرمانڕەوایی و پێوەندی کۆمەڵایەتی دیسپۆتیکی ڕۆژهەڵاتی، کە ئێمە بەکردەیی تێیدا دەژین، بە دروست کردنی سێبەری زۆر بۆ شیعر نووسین و دیمۆکراسییە بۆ سستمی فەرمانڕەوایی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

گەرمایی تاقەت پڕووکێن و هەتاوی بەهێز، توانای بیرکردنەوە، بەرهەم هێنان و داهێنان لاواز دەکات، هەمان دیاردە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئایینیشەوە هەیە. لە ڕاستیدا ئایینی ئیسلام وەک جۆرێکی بیرکردنەوە و خوداپەرستی تەواو لەگەڵ ئەم سستمەی فەرمانڕەوایەدا، واتە سستمی دیسپۆتیکی ڕۆژهەڵاتی دەگونجێ، زادەی ئاووهەوایەکی گەرم و بەتینە.

خودای تاک و تەرا، وەک مۆدێلێکی یەکتاپەرستی (مۆنۆتاییزم) لەسەر ئاستی دەروونی و ڕوحی، هەمان هەڵکەوتی ئەو سستمە فەرمانڕەواییەی هەیە کە بەدیسپۆتیزمی ڕۆژهەڵاتی دەناسرێتەوە.

دواجار ئەم دیاردەیە لە شیعریشدا، بەگشتی لە ئەدەب و هونەریشدا هەستی پێ دەکرێ.

ئەدەبێک لەناو ئەم ژینگە گەرمەدا بەرهەم دەهێنرێ، وەک ئایدیا و ڕوانینی هونەری، زۆر ڕواڵەتباز و سادە و چرووک دێتە بەرچاو، ئەدەبێک کە هەرگیز خۆی لە پرسیارە سەرەکییەکانی مرۆڤ نادات، هەڵبەت بە زمانێکی ئەبستراکت و ڕوون، بەڵکو وەسف و لابەلا ڕۆیشتن کارێکتەری سەرەکی شیعری هەرێمە گەرمە دیسپۆتیکییەکانە، مرۆڤی هەرێمی گەرم لە خۆی دەترسێ، هەرگیز پرسیاری ئەم ترسە لە خۆی ناکات، ڕووبەڕووی خۆی نابێتەوە، سەرەنجام ئەم دیاردەیە لە شیعر و خەیاڵی شیعری و تەنانەت لە شێوازی نووسینیشدا ڕەنگ ناداتەوە (لە شێوازی ژیانیشدا بەگشتی ڕەنگ ناداتەوە) بەو مانایەی هەڵاتنێکی تێدایە- چونکە ڕۆژهەڵاتی لە هەموو شتێک هەڵدێت، وەسف و ڕووبەڕوونەبوونەوە و درێژدادڕی و بزربوونی مانا و نەبوونی لۆژیک و نەبوونی شێواز و نەبوونی جوانی، خەسڵەتەکانی سەرەکی شیعری وڵاتە گەرمەکانە.

(مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەناو گەرماییدا دەژیت، بەڵام قەت پرسیار لە گەرمایی ناکات، گەرمایی لای ئەو نەبووەتە کێشەیەکی هزری و شارستانی و پرسیارکردن.)

گوایە هەندێ جار پرسیاری ڕوحانییەت دەکرێ، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ڕوحانییە و ئەمەش لە ئەدەب و هونەرەکەیدا هەیە، بەڵام ئەمە لە درۆ و ساختەکارییەکی بێ بنەما و ڕواڵەت ئامێز بەو لاوە شتێکی تر نییە. ناشێ ڕوحانییەت لە سەرتاپای کێشەکانی ژیان و ژینگە بەگشتی جیا بکرێتەوە، ڕوحانییەت لە پرسیاری جەوهەرییەوە سەر هەڵدەدا، بەڵام مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی پرسیاری جەوهەری ناکات، بۆیە گەڕان بەدوای شتێکی لەم جۆرە بێهوودەییە.

چونکە ڕوحانیەتیش بە ڕووبەڕووبوونەوە سەر هەڵدەدا، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ڕووبەڕوو نابێتەوە، بەڵکو ئەو تەنیا

هەڵدێ، پرسیاری ئەم هەڵاتنەش لە خۆی ناکات، بەڵکو لەناو گەرمایییدا درێژە بەژیان دەدات، بێ ئەوەی بەدوای سێبەر و فێنکایییدا بگەڕێ، ئەوەی کە وەک چەمک و دیاردەیەکی هزری و فەلسەفی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە گەرمایییەوە هەیە، بێهوودەییە- Absurdisme، گەرمایی تاقەت پڕووکێن بێهوودەیی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، بە کوردیشەوە، ئەم هەڵکەوتە لەسەر هەموو ئاستێکی ژیانی پەیڕەو دەکات، لە جەستەوە بگرە تا شیعر نووسین. هەردەم ترسێکی لە ڕادەبەدەر لە جەستە، لە ئازادکردنی جەستەدا هەیە، هەردەم لەناو پێکهاتەیەکی نەخۆشدا درێژە بە شیعر نووسین دەدرێ، جەستە بە بێهوودەیی و لەناو بێهوودەییدا دەکوژرێ، شیعریش، بێ ئەوەی شاعیر هەست بکات لەناو بێهوودەییدا دەژێ، بێ بوونی سێبەر و فێنکایی، لەناو کۆیلایەتی جەستە و ڕوانیندا شیعر دەنووسرێ، وێنە شیعرییەکان، هێشتا لە دایک نەبوونە، مردوون.

گەرمایی و بێهوودەیی دوو دیاردەن بەیەکەوە دەڕۆن، ئەمە لە کەسایەتی ڕوحی و ئایینیدا بەشێوەیەکی نیگەتیڤانە بوونی هەیە، ئەمەش خۆی لە پرسی دواخستنی ژیاندا دەبینێتەوە کە لای موسڵمانان هەیە، وەک بایەخ نەدان بە ژیانی سەرزەوی و بایەخ دان بە ژیانی بن زەوی. هیچ شتێک لەم ژیانەدا سوودی نییە، دەبێ مرۆڤ بۆ ژیانی بن زەوی خەبات بکات، وڵاتی ئاوەدان و فێنک و پڕ لە سێبەر و باڵاخانەی مەزن و باخچەی جوان و هەتاوی ڕۆمانسی و چێژ و شادییەکان لەوێوەن. ئەم دیاردەیە یەکێ لە کارێکتەرە هەرە سەرەکی و بنچینەییەکانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتییە، هەڵبەت بە کوردیشەوە. ئەوان دەڕۆن، ئەم دنیایە وەکو کاولێک بۆ نەوەکانی خۆیان بەجێ دەهێڵن، هیچ شتێک لە پاش خۆیان بەجێ ناهێڵن، نە باخچەیەکی جوان، پڕ لە تەڕایی و فێنکایی، نە باڵاخانە و شیعرێکی پڕ لە ڕاستی کە لەبەر سێبەردا نووسرابێ، ئەو حاڵاتانەی سەرەوە دەربڕێت، مانای خەباتی سەر زەوی و دامەزراندنی شارستانی و ئاوەدانی بۆ نەوەکانیان بەجێ بهێڵن.

لە ڕۆژهەڵات، بە کوردستانیشەوە، دیسپۆتیزمی ڕوحی و هزری و هونەری هەیە، ئەو شیعرەی بەرهەم دەهێنرێ پڕە لە جوانییەکی ڕواڵەت ئامێز و وشە ڕیزکردن، هیچ پرسیارێک دروست ناکات، بەڵکو ناوێرێ هیچ پرسیارێکیش دروست بکات، چونکە بە خەیاڵێکی ئیفلیج نووسراوە، لە جیاتی پیشاندان و باس کردنی ئەو بێهوودەییەی تێیدان و ڕووبەڕووی ببنەوە و سەرەنجام لێی دەرباز بن، خەیاڵی (لا جدوی) وەک ئارایشت و جەوهەرێک بۆ هەموو شتێک بەرهەم دەهێنرێ، سەرەنجام ئەم بیرە لە هەموو شتێکدا هەیە، ئەمەش وەک ڕوحانییەتیکی دیسپۆتیکی وایە،: (ئێمە لە دایک دەبین، ژیانێکی بێهوودە دەژین، دەمرین، دواجار هەموو شتێک بەسەردەچێ، ئەوەی دەمێنێتەوە وەکو باوە و دەڵێن (الكلمة الطيبة - وشەی جوان)ە، ئەمە لە شێتی و سەرلێشێوان زیاتر نییە.

جیاوازییەکان لەگەڵ مرۆڤی ڕۆژئاواییدا لێرەدا دەردەکەوێ، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی نازانێ بۆچی هاتۆتە دنیاوە، سوود و ئامانجێک لە ژیانی خۆیدا نابینێ، سەرەنجام ژیانی ئەوی دیکەشی لەلا گرنگ نییە، بۆیە دەبینین مرۆڤ لەسەر بێ ماناترین شت دەکوژرێ، لەناو دەچێ، هەرچی مرۆڤی ڕۆژئاواییە، دەزانێ بۆچی هاتۆتە دنیا و ئامانج و مەبەست لە بوونی ئەو چییە، قەتیش ئەو پرسیارە بێ مانایە لە خۆی ناکات؛ ئیمڕۆ لە ژیانداین سبەی دەمرین، مرۆڤی ڕۆژئاوایی هەردەم خەبات دژی ژیانی بن زەوی دەکات و هەوڵ دەدات ئەو ژیانە مەزن و نایابەی ڕۆژهەڵاتی لە ژیانی بن زەوی بۆی دەسووتێ و هەڵپەیەتی بیگاتێ، مرۆڤی ڕۆژئاوایی لەسەر خودی زەوی خۆی ئەم ژیانە دروست دەکات، ئەمەش بە سێبەر و دیمۆکراسی و... تاد دروست دەبێ، نەک گۆشەگیری و دەستەمۆیی و دیسپۆتیکی و جەستە و ئەقڵ زیندانی کردن.

مەسەلەی گەرمایی و هەتاوی تاقەت پڕووکێن لە پێوەندیدا لەگەڵ ڕۆژهەڵات، لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵات، هەڵبژاردە ڕۆشنبیرەکانی، سەرەڕای ئەوەی هەردەم بە دەیان سەدە تێیدا ژیاون، هەروەکو لەسەرەوە گوتمان ڕۆژێک چییە نەبۆتە کێشەیەکی شارستانی، یان پرسیارکردنێکی شارستانی؛ مانای سێبەر چییە؟ سێبەر چی بە مرۆڤ دەبەخشێ؟ چۆن سێبەر و فێنکایی دروست دەکرێ؟

بێ گومان ئێمە مەبەستمان دوو شتە لەمە؛ یەکەم سێبەری جوگرافی کە دەشێ ببێتە هۆکاری ئاوەدانی و

شارستانی دەوڵەمەند، دووەم سێبەر و فێنکایی ناو مێشکە، ئەمەیان واتە ئەقڵێکی بیرکەرەوە و بەرهەمهێن و چالاک، بۆ سستمی کۆمەڵایەتی واتە دیمۆکراسی و دادوەری و یاسا. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی قەت ئەم دیاردە و ئەم پرسیارانەی بە مێشکدا نایەت، بەڵکو ئەو بەردەوام لەناو هەڵکەوتێکی میتافیزیکی کۆمەڵایەتیدا دەژێت، واتە لەناو ڕوحانییەتێکدا کە لە ڕواڵەت و هەڵکەوتێکی نادروست زیاتر نییە، سنووری نێوان واقیع و خەیاڵ بوونی نییە، وەهم و ڕاستەقینە تێکەڵی یەکترن، سەرەڕای هەموو ئەمانەش جۆرێک لە چڵێسی ماددی و گەڕان بەدوای ماددە و کەڵەکەکردنی سەرمایەدا بێ ماندووبوون و دواتریش شاردنەوەی و بەکارنەهێنانی لە وجوودی ئەودا هەیە.

ئەمە پێی دەگوترێ ئێگۆیزمی (خۆپەرستی) کۆمەڵایەتی و شارستانی، ئیگۆیزمێکی کوێرانەی پڕ لە درۆ و ساختەکاری و لە خشتە بردن و ماستاو ساردکردنەوە. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی وەک ئاکاریش، بە ڕواڵەت، وێڕای ئارایشێکی ئایینی و پڕ لە خۆشەویستی دەگەنە یەکتر و هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتردا دەکەن، بەڵام لە ناوەوە جیهانێکی پڕ لە درۆ و تەڵەکەبازی و لە خشتە بردن و ژیانێکی ناسەقامگیر و ناشرینە.

هەتاو و گەرمایی تاقەت پرووکێن و ڕۆژهەڵات، لە هزری ئۆرووپی و ڕۆژئاواییدا، لەسەردەمی ڕۆشنایییەوە بایەخی پێ دراوە تا دەگاتە بێهوودەیی لای ئەلبێر کامو، خوێنەر دەتوانێ بۆ کتێبی (گیانی یاساکان)ی مۆنتێسکیو و کتێبی (ئەقڵ لە مێژوودا)ی هیگڵ بگەڕێتەوە، لەوێ سەرنج لەوە دراوە، لەبەرچی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی سەرەڕای ئەوەی لەناو ئەم ژینگە سەختەدا دەژێت، ناتوانێ سێبەر و دیمۆکراسی بنیاد بنێ.

دەشێ تاقە کەسێک لەسەردەمی هاوچەرخدا خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ کێشەی گەرمایی و بێهوودەیی کردبێ (ئەلبێر کامو- A. Camus)ە. لە ئەدەبیاتی ئەلبێر کامودا، سێبەر و خۆر و گەرمایی، بە کۆنتراستی جیاجیا شوێنێکی زۆری لە نووسینەکانیدا داگیرکردووە، بەتایبەتی چیرۆک و ڕۆمانەکانی. لەم ڕووەوە دەشێ کامو بە نووسەری (خۆر و سێبەر) لە قەڵەم بدەین. ئەلبێر کامو کێشەی بێهوودەیی (ئێمە بۆ لە دایک دەبین، بۆ دەژین، بۆ دەمرین؟) بەسێ بابەت و سێ نووسین چارەسەر کردووە، وەک کێشەیەکی فەلسەفی لە ئەفسانەی سیزیف، وەک کێشەیەکی ئەدەبی لە ڕۆمانی بێگانە، هەروەها وەک کێشەیەکی ئەخلاقی و میتافیزیکی بە لێکۆڵینەوەی (مرۆڤی ڕاپەڕیو).

ئەمانە هەمووی تەواوکەری یەکترن. لەلای ئەلبێر کامو، کە یەکێکە لە نووسەرە هەرە نزیکەکانی ڕۆژئاوا لە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتییەوە، بەو مانایەی لە وڵاتی جەزائیر لە دایک بووە و ژیاوە، زوو کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو بێهوودەییەی لەسەرەوە باسمان کرد، کە لەلای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەیە، ئەوەی ئەو بەرهەمی هێناوە، بیرکردنەوە و وردبوونەوە و دەرچوون بووە لەم بێهوودەییە، چونکە بەلای ئەوەوە تاقە ڕێگەی دەرچوون لە بێهوودەیی ژیان خۆی و ڕاپەڕینە. لە ڕۆمانی بێگانەدا، سەرچاوەی بێهوودەیی لە پاڵەوانە عەرەبەکەوە دێ کە نموونەیەکە بۆ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، ئەم سەرچاوەی بێهوودەییەش بریتییە لەو شەوق و تیشکی خۆرە تاقەت پرووکێنە کە لە ناکاو چاوەکانی کوێر دەکەن و دەکەوێتە ناو بێهوودەییەکی سەرتاپاگیری، سەرەنجام دەرچوون لەم حاڵەت بەڕاپەڕین و خۆ دەربازکردن و گەڕان بە دوای سێبەر و فێنکاییدا دەکرێ.

ئینجا کوشتنی عەرەبەکەش لێرەوە کە سەرچاوەی ئەم هێرشی گەرمایی و بێهوودەییەیە، لە کوشتنێکی میتافیزیکی زیاتر نییە، زیاتر وەک گەڕانێک وایە بە دوای ئارامی و دۆزینەوەی مانای ژیاندا. ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ، هیچ ژیانێک لەبن زەوی نییە، زەوی هەمیشە بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، ژیانی ڕاستەقینە لەسەر زەوییە، دەبێ بەهەشت لەسەر زەوی دروست بکرێ، سێبەر و دیمۆکراسی و ئارامی.

# ئاگر لە نەورۆز و لە ئەفسانەدا

محەمەد سلێمان عەباس

گوایە مێژووی نەورۆز لەم رۆژەوە دەست پێدەکات، کاتێک کە بۆ نیشانەی سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر بەسەر زەحاکدا ئاگر لە هەموو لوتکە شاخێکەوە کراوەتەوە و ئەم بۆنەیە بە رۆژێکی نوێ ناو براوە.

بە ساڵرۆژی ئەم راپەرینەش دەڵێن نەورۆز و بۆ یاد هێنانەوەی ئەم سەرکەوتنەی کاوە شەوی نەورۆز ئاگر دادەگیرسێنن و لە چواردەوریدا سەماو هەڵپەرکێ و گۆڤەند دەگێرن و ئەو ئاگرەی لە نەورۆزدا گەلانی ئێران و لە سەروو هەمووشیانەوە گەلی کورد هەڵی دەکەن، دەیگەرێننەوە بۆ ئاگرەکەی کاوەی ئاسنگەر و سەرکەوتنەکەی بەسەر شازەحاکی زۆردار دا.

بۆیە لەوکاتەوە جەژنی نەورۆز و ئاگر کردنەوە لە یەکتر جیا ناکرێنەوە و هیچ کاتێک جەژنی نەورۆز بەبێ ئاگر کردنەوە یاد نەکراوەتەوە و ئاگر بۆتە رەمز و نیشانەی سەرکەوتن و رزگاربوون و نەورۆز.

نەریتی ئاگرکردنەوە، یان ئاگر پەرستن، لە لای زۆر گەلان و تیرەی جیهاندا باو بووە، تەنانەت لە ئایینی ئیسلامدا ئاگر بە رواڵەتی پرتەوی (نوور)ی یەزدانی دادەنرێ، ئێرانی نەژاد دێرین جۆرە رێزێکی تایبەتیان بۆ ئاگر هەبووە، گوایە جەمشید یەکەم پاشای فارسەکان بووە کە ئاگری بە مەزن و پیرۆز راگرتووە، چونکە ئاگر لە رواڵەتی تیشکی خۆر و ئەستێرەکان چووە.

هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە بگرە تا سەردەمی (ئەدیسۆن) ئاگر رووناک کەرەوەی تاریکایی شەوانی مرۆڤی کۆن و سەرەتایی بووە، بۆیە شتێکی ئاساییە کە ئاگر لەو سەردەمانەدا مەزن کرابێ و بەشتێکی پیرۆز سەیر کرابێ.

دوور نییە دۆزینەوەی ئاگر و چۆنیەتی هەڵکردنی لە زۆربەی داهێنانەکان بۆ ژیانی مرۆڤ گرنگتر بووبێ، چونکە هیچ هۆز و خێڵێکی سەرەتایی نییە کە نەزانێ چۆن ئاگر بەدەست بێنێ و هەڵی کات و بەکاری بێنێ.

مرۆناسەکان بروایان وایە کە سەرەتای دۆزینەوە و بەکارهێنانی ئاگر بۆ نێوان ساڵانی (٢٠٠- ٤٠٠) هەزار

ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

ئاگر ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشکەوتنی شارستانیدا هەبووە و ئەگەر شارستانی بە دۆزینەوەی کشتوکاڵ دەستی پێکردبێ، ئەوە پیشەسازی بە بەکارهێنانی ئاگر دەستی پێکردووە، کاتێک مرۆی سەرەتایی هەست و درکی بەوە کرد کە ئاگر سوودی هەیە و دەکرێ بۆ زۆر شت بەکار بهێنرێت، سەرەتا مرۆڤ ئاگری بەکارهێنابوو بۆ زاڵ بوون بەسەر دوژمنە ترسناکەکەی مرۆڤ کە ئەویش تاریکییە، پاشان بۆ خۆ گەرم کردنەوە بەکاری هێناو دواتر بۆ خۆ پاراستن لە گیانەوەرە دڕندەکان، لە دواییشدا ئاگری بۆ تواندنەوەی کانزاکا بەکارهێنا. زانای مرۆناسی (کارڵتۆن کۆن) لە کتێبی «چیرۆکی مرۆڤ»دا دەڵێ: یەکەم نیشانە و شوێنەواری ئاگر لە ئەشکەوتی (شوکوتین)ی چینی دۆزراوەتەوە و بەدیارکەوتووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە چینییە کۆنەکان بۆ خۆ گەرم کردنەوە بەکاریان هێناوە و بەکارهێنانی ئاگر لە ئەورووپا بەتایبەتی لە (سوانسکوسپ و ئیسپانیا) بۆ (٢٥٠) هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە.

مرۆڤ پێش دۆزینەوەی ئاگر وەک ئاژەڵ وابوو، پشتی بەدەست و پەنجە و نینۆک و ددانەکانی دەبەست، بەڵام کە ئاگری دۆزییەوە توانی بۆ خۆپاراستن لە ئاژەڵە دڕندەکان بەکاری بێنێ، نەک تەنیا لەناو ئەشکەوتدا، بەڵکو لە کاتی ڕاوکردنیشدا کاتێک تۆزە ئاگرێکی لە دەست دەگرت.

ئاگر جگە لە خۆپاراستن و خۆ گەرم کردنەوە، گرنگ و پێویست بوو بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی کاتێک دەبوو شەو دنیا تاریک و کڕ و بێ دەنگ و ترسناک دەبوو، بۆیە تەنیا ئاگر هەبوو کە هەموویان لە دەوری کۆببنەوە و نمایش و تەمسیلی ڕاوکردنیان دەکرد و هەندێک جاریش سەمایان لەبەر ڕووناکی ئاگرەکەدا دەکرد، بۆیە ئاگر ڕۆڵێکی بەرچاوی لەسەرهەڵدانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەبووە.

سوود و ڕازی ئاگر وای لە مرۆڤی سەرەتایی کرد، ئاگر بەشتێکی پیرۆز بزانێت و بیکاتە خواوەند و بیپەرستێ و چەندین سرووت (طقوس) و ڕێوڕەسمی جۆراوجۆریان ئەنجام دەداو ئاگر لە ژیانی مرۆڤی کۆندا بووە بەشێک یان شتێکی گرنگ لە ژیانیدا و بۆ هەر شوێنێک چووبان ئەوە ئاگریان لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرت و دەگواستەوە.

ئاگر یەک لەم چوار توخمەیە کە گەردوون و سروشت پێکدێنێ هەروەک لە فەلسەفەی یۆنانیدا هاتووە و لای هیراقلیتس ئاگر گیانێکی زیندووی جیهانە، چونکە هەموو شتێک لە ئاگرەوە پەیدادەبێت.

ئاگر بە مانای لە دایکبوونی شارستانیەت دێت، چونکە ئاگر هۆکارێک بوو بۆ بەدەست هێنان و دروست کردنی مادە و میتاڵی دیکە و بەهۆی ئاگرەوە چەندین کانزا هێنرایە کایەوە کە سوودی بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ و شارستانییەت هەبوو.

لە لایەکی دیکەوە، ئاگر هەمیشە دژی دەردو نەخۆشییە، بۆیە لە کۆنەوە مرۆڤی سەرەتایی بۆ خۆپاراستن و چارەسەرکردنی هەندێک دەرد و نەخۆشی سوودی لە ئاگر بینیوە، بۆیە ئاگر لە نێو باوەڕی کۆنی زۆربەی میللەتاندا پلەو پایەیەکی پیرۆزی هەیە و هەندێک جاریش پەرستوویانە، چونکە بە بڕوای مرۆڤی کۆن ئاگر وەک خود و زاتێکی باڵاو ئەزەلی هێز و توانای خولقاندن و هێنانە کایەوەی ژیانی هەیە و بە بۆچوونی مرۆڤی سەرەتایی هیچ شتێک لە سروشتدا بوونی نابێت، ئەگەر ئاگر، یان ئاو نەبێت.

لە ئەفسانەی (بولینیزییەکان)دا هاتووە: (لە ئاوێتەبوون و یەکگرتنی ئاو و ئاگر، زەوی و دار و بەرد و سەرجەم بوونەوەرەکان پەیدا بوون).

باوەڕێکی ئەفسانەیی هەیە سەبارەت بە باڵندەی قەقنەس «العنقاء» کە بەم شێوەیەیە: باڵندەی قەقنەس زیندوو نابێتەوە ئەگەر خۆی بە ئاگر نەسووتێنێ، گوایە باڵندەی قەقنەس لە کاتی مردنیدا چیلکەدارێکی زۆر کۆ دەکاتەوە و بە عەشقەوە دەخوێنێ هەتا خۆی و چیلکەکان گڕدەگرن و پاشان لە جێی ئاگرەکە فەرخەیەکی دی پەیدا دەبێ.

هەر سەبارەت بە باڵندەی ئاگر لە ئەفسانەی (تیوتۆنی)دا هاتووە:

باڵندەیەکی بچووک هەیە کە ئاگری لە ئاسمانەوە هێناوەتە سەر زەوی بۆ مرۆڤ بەکاری بێنێ و سوودی لێوەرگرێ، بۆیە ئەو باڵندەیە بە خواوەندی ئاگر دادەنرێت، لە هەندێک شوێنی دیکە قەلەڕەش بە باڵندەی ئاگر دادەنرێت.

## ئاگر لە ئایینی زەردەشتیدا

عەلی سەیدۆ گەورانی دەڵێ: ئاگر لای زەردەشتییەکان پیرۆز بووە و توخمێکی هەرە گرنگە لە ئایینەکەدا و بە پەرستگایان گوتووە (ماڵی ئاگر) و پیرۆزی ئاگر لای زەردەشتییەکان وای لە هەندێک خەڵک و لێکۆڵەر کردووە بڵێن زەردەشتییەکان ئاگر پەرستن، بێ گومان ئەمەش لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە ئاگر وەک خۆر هێماو نیشانەی (ئاهورامەزدا)یە، خۆر لە ئاسمان و ئاگریش لەسەر زەوی، بۆیە ئاگر هێمای (ئاهورامەزدا)یە، لەبەر ئەوەی ئاگر پاک و خاوێنکەرەیە و سوود بەخشە و توانای پاک کردنەوەی هەیە و پیس نابێت، بۆیە زەردەشت داوا لە پەیڕەوانی ئایینەکەی خۆی دەکات کە وەکو ئاگر هەمیشە پاک و درەوشاوە بن و هەروەک چۆن ئاگر شتێکی پیس، خاوێن دەکاتەوە و خۆی پیس نابێ، پێویستە ئێوەش بەو شێوەیە بەرەنگاری خراپە ببنەوە، هەروەک چۆن گڕی ئاگر هەمیشە بەرز هەڵدەکشێ و بەرەونزمی ملکەچ ناکات، پێویستە

پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتی بەرەو بڵندی هەنگاو بنێن و هەرگیز ملکەچ نەکات و بەرەو دواوە نەگەڕێتەوە و هیوای گەورە لەبەرچاو بگرن. ئاگر لەگەڵ هەرشتێکدا تێکەڵاو بێت و لێی نزیک بێتەوە، ئەو شتەش وەکو خۆی ڕووناک و پاک و درەوشاوە دەبێ، بەهەمان شێوە دەبێ تاکی زەردەشتی بە دوای بەدەست هێنانی زانست و چاکە بێ. هەروەک چۆن هەمیشە ئاگر هەر لە جووڵەو نەوەستاندایە، بۆیە پێویستە مرۆڤیش هەر بەم شێوەیە ئیشکەر و کۆششکار و نەسرەوت بێ.

ئاگردانەکان لە ئایینی زەردەشتیدا تەنیا جێگەی خواپەرستی نەبوون، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دادگا و نەخۆشخانە و قوتابخانەش بوون، ئاگردانەکان زۆر پیرۆز بوون، بۆیە بە پاک و خاوێنی ڕاگیراون و سەرپەرشتیاریان بۆ دانراوە، ئەگەرچی ئاگر لە ئایینی زەردەشتیدا، جێگەی تایبەتی هەبووە، بەڵام ڕیشەی پیرۆزی و پاکی ئاگر پێش ئەم ئایینە بۆ سەردەمی هیندۆ ئەورووپایی دەگەڕێتەوە کە گەلانی ئاریایی لە وڵاتێکی ساردوسڕ پێکەوە ژیاون کە هەبوونی ئاگر زۆر پێویست بووە بۆ ژیان.

### ئاگر لە ئایین و ئەفسانەی گەلاندا

لە ئەفسانەی یۆنانییەکاندا هاتووە کە (پرۆمسیۆس) ئەو خواوەندەیە کە توانی ئاگر بدزێت و بەدیاری بۆ مرۆڤی هێنایە سەرزەوی، لای یۆنان- ڕۆمەکان (هیفاستوس- فۆلکان) خواوەندی ئاگر بوون و لەو سەردەمەدا ئاگر هێمای پاکبوونەوە بووە، بۆیە فیرگیل لە (ئەنیادە) نووسیویەتی: گیانەکان بە ئاگر پاککرانەوە. ڕۆمانەکان لە کاتی دروست کردنی شارێکی نوێدا ئاگریان دەکردەوە و بەسەر ئاگرەکەدا بازیان دەدا بۆ پاکبوونەوە.

یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان زۆر بایەخیان بە ئاگردانی ماڵەوە دەدا و دەبوایە هەمیشە هەڵکرابایەو نەکوژابایەوە و باوەڕیان وابوو کە ئەم ئاگرە خێزانەکە دەپارێزێت و ئەم ئاگردانەش پێوەندییەکی بەهێزی بە پەرستنی باوە گەورەی بنەماڵەوە هەبوو. سلتییەکانی ئیرلەنداش لە یەکی مانگی ئایار بە بۆنەی جەژنی (بیلتین) کە لە وشەی (تین= ئاگر) وەرگیراوە، ئاهەنگیان دەگێڕا و کاهینەکان ئاگرێکیان هەڵدەکرد، هەروەها لە زۆربەی وڵاتانی دیکە پێش بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت لەکاتی سەرەتای بەهار و وەرزی گەرما، ئاگرێک دەکرایەوە و لە دەوری ئاگرەکەدا سەماو هەڵپەرکێیان دەکرد، ئایینی مەسیحی ویستی ئەم نەریتە لەناو ببات، بۆیە کاهینەکان ئەم ڕۆژەیان کردە ڕۆژی پیرۆزکردنی ئاگری قدیس یوحەنا.

- لای هندییەکانیش (ئەگنی Ageni) خواوەندی ئاگر بووە و ئاگری (ئەگنی)یش گەوهەر و توخمێکی بنەڕەتی جیهانە و هێزێکی نهێنی و گشتگرە، پەیکەرێک لە باشووری هیندستان دۆزراوەتەوە کە نوێنەرایەتی (ئەگنی) دەکات، کە بەهەردوو دەستەکانی دوو مەشخەڵی ئاگری بەرز کردۆتەوە، کە یەکێکیان هێمایە بۆ ئاگری فیدیا و ئەوەی دیکەیان هێمایە بۆ ئاگردانی پیرۆزی ماڵەوە. لای هندۆس و بوداییەکان ئاگر بۆ پاککردنەوە بەکار هاتووە و پیرۆزکراوە، بۆیە لای بوداییەکان مەشخەڵی پیرۆز لە ئاگردانی ماڵەوە بابەتێک بووە بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە.

- لە میتۆلۆژیای سلاڤیدا (سڤاروک) خواوەندی ئاگرە و لادێ نیشینەکانی وڵاتە سلاڤییەکان زۆر ڕێزی ئاگر دەگرن و بە پیرۆزی دەزانن و سوێندی پێ دەخۆن.

لە ئەفسانەی سۆمەرییەکاندا (نسکۆ) خواوەندی ئاگر و ڕووناکی بووە و ناوی لەو نووشتانەدا هاتووە کە دژی سیحری ڕەش کراوە و چراو مەشخەڵ هێمای ئەم خواوەندە بووە.

- ئاگر لای کوردە ئێزدییەکانیش پاک و پیرۆزە و لەشەوی چوارشەممە سوورەدا لە مەزارەکاندا هەڵی دەکەن و دەستیان بەسەر ئاگرەکەدا دێنن و دەبەن و ماچ دەکەن، هەروەها کوردەکانی دیکەش نەریتی پیرۆزی ئاگریان پاراستووە و لە دەروونی بێ ئاگای نەتەوایەتیدا دووپاتی دەکەنەوە و بە پیرۆزیان داناوە، بۆ نموونە هۆزانی ڕۆژهەڵاتی لوڕستان ئەگەر یەکێکیان لێ بمرێت، دەبێ سێ ڕۆژ لەسەر یەکتری ئاگر لەسەر گۆڕەکەی بکەنەوە و هەمیشە سوێند بە ئاگر و ڕۆژ دەخۆن و یەک لە دابونەریتەکانیان ئەوەیە کاتێ کە بووک لە ماڵە باوانی دەڕوا، سێ جار لە دەوری ئاگردانەکەی ماڵەوەیان دەسووڕێتەوە ئینجا دەڕوات.

کەواتە پیرۆزی و ڕێزگرتنی ئاگر لای گەلێک گەلانی دنیادا هەبووە و لە ئایین و ئەفسانەی میللەتەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و شوێنەواری دیارە و ئاگر سەرچاوەی هێز و توانای مرۆڤی سەرەتایی بووە و بەهۆی ئاگرە مرۆڤ توانی بەسەر سروشتدا زاڵ بێت.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**١- علم الفولكلور- ئەلكزاندر هجرتی كراب- ترجمة- رشدي صالح- مصر- ١٩٦٧- ل٤١٧، ١١٩**

**٢- قصة الأنسان- كارلتون كون- ترجمة (محمد توفيق حسن). بغداد- ١٩٦٥- ل٨٨، ٨٩**

**٣- موسوعة علم الاثار- كلين دانيال- ترجمة- ليون يوسف- بغداد- ١٩٩١- ل٥٥٣**

**٤- الجنس في التوراة- شفيق مقار- سوريا- ١٩٩٨- ل٥٢٢**

**٥- إرتقاء الأنسان- برونوفسكي- موفق شخاتيرو كويت- ل٧٧، ٧٥**

**٦- قصة الحضارة- ول ديورانت- ج١- ل٢٢**

**٧- گۆڤاری رامان- ژ (٤٦). ل٢٧٦**

# ڕێژیسۆر و کۆستوم و ئێکسسوار

د. فازیل جاف

بەرلەوەی باس لەم بوارەی کـــاری ڕیژیســـۆر بکەم، دەمــەوێ بڵـێم کـە وشـەی کـۆسـتـوم لە بری «جلوبەرگ» بەکـاردێنم، لەو بـاوەڕەوە کـە کـۆسـتـوم وەک وشـەیەکی لاتینی بەربڵاوترە و پتر بۆ شانۆ و دراما دەست دەدات.

کـۆســتــوم نەک تەنیـا جلوبەرگ دەگــرێتــەوە. بگرە ســەرەڕای جلوبەرگ هەمــوو کـەلوپەلێکی تەواوکــەری جلوبەرگ- وەکـو پێڵاو و شەپقە و کڵاو و دەسـتکێش و دەستەسڕ- دەگرێتەوە، ئەم بەشەی ئێکسیسوار لە زۆر جێگادا لەخانەی ئێکسسوار دادەنرێت. هەندێک نموونەی ئەو ئێکســسـوارانەی کـە کـەرەسـتـەی دەسـتی ئەکـتـەرن ئەمانەن: پایپ و قەڵەم و سەعات و تەسبیح و دەستەسڕ و کلیل و..تاد.

لەناو ڕیژیسۆراندا بەتایبەتی لەناو ئەوانەی کە بە پلەی یەکــەم گــرینگی بە ڕەهەندی بینین و جـەســتــە دەدەن، بایەخـێکی ئەوتۆ بە کـۆسـتـوم نادەن، ئەمـە بێ ئەوەی حـــسـێب بۆ ئەوە بکەن کـــە بینەر بایەخـــێکی زۆر بە جلوبەرگی کـــەســانی ســـەر شـــانۆکــە دەدات و بەپێی جلوبەرگـیـان پلەو پایەیان دەسـتنیـشـان دەکـات. دیارە ئەمـەش بۆ ئەوە دەگـەڕێتـەوە کـە زۆرینەمـان پێـمـان وایە ڕەهەندی بینین، وەکـو شـارەهەندی نمایش بەر لە هەمـوو شتێک جەستە و فەزاو سینۆگرافیا و دیکۆر دەگرێتەوە. ئەم بۆچوونە کەمتر لای ڕیژیسۆرانی پیشەکار دەبینرێت و پتر لای ڕیژیسۆری ئارەزوومەند بەدی دەکرێت.

دیارە ئەمـانە وەکـو پێـشـتـریش باسـمـان لێـوە کـردن، گەلێک گرینگن، بەڵام کۆستوم لە دەرخستنی جەستە و پێگەی جەستە و شیفرەکانیدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت کـە جـێگای داخـە گـەلێک ڕیژیسـۆر هەن لە سـیـحـری کۆستوم و کاریگەری نەخشەی کۆستوم تێناگەن. وەکو

دەرئەنجامیش دەبێت ئەوە بزانین کە ئەگەر جەستەی ئەکتەر لەسەر شانۆدا گرینگ بێت، بەو ئەندازەیەش کۆستومەکەی گرینگە.

ئەکتەر چەند لەگەڵ ناخ و سایکۆلۆژیای رۆڵەکەیدا کار بکات، ئەوەندەش دەتوانێت لە رێگای کۆستومێکی بە دیقەت هەڵبژێردراو، ناخ و جیهانی ناوەوەی کەسایەتییەکەی بەرجەستە بکات. کۆستوم و پێکهاتە جیاوازەکانی پەیام و مانای جیاجیا دەگەیەنن، بۆیە دەبێت پاش خوێندنەوەی قووڵی شانۆنامەکە و تێگەیشتن و شیکردنەوەی کەسایەتییەکان کۆستومەکانیان دەستنیشان بکرێت.

## ڕیژیسۆری پیشەکار و کۆستوم

ڕیژیسۆری پێشەکار تەواو ئاگاداری رۆڵی کۆستومە و دەزانێت چۆن رەفتاری لەگەڵدا دەکات و سوود لە هێزی گەورەی وەردەگرێت. بە پێچەوانەشەوە ڕیژیسۆری ئارەزوومەند بەگشتی زۆر کەم بایەخ بە کۆستوم دەدات، تەنانەت بەدەگمەن هاریکاری پسپۆری کۆستوم دەکات، خۆشی ئەرکی دەستنیشان کردنی جلوبەرگی ئەکتەر ناگرێتە ئەستۆ، جاری واش هەیە ئەکتەرەکانی سەرپشک دەکات خۆیان جلوبەرگی خۆیان هەڵبژێرن، یان بە درێژایی کار و پرۆڤەکان وردەکارییەکانی کۆستوم پشتگوێ دەخات و لەدوا قۆناخی پرۆڤەکاندا بیریان لێ دەکاتەوە.

کاتێک کە ڕیژیسۆر بەم شێوەیە رەفتار لەگەڵ کۆستوم دەکات، بەخۆی بزانێت، یان نەزانێت، ئەوە دەسەلمێنێت کە کۆستوم مەسەلەیەکی شەخسییە و پێوەندی بەچێژ و زەوقی کەسایەتی ئەکتەر خۆیەوە هەیە. ئەمەش ئەکتەر بەتەواوەتی لە پێکهات و هاوئاهەنگی شانۆنامەکە دووردەخاتەوە، بە هەمان شێوە زۆرینەی ئەکتەرانی ئارەزوومەند حەز دەکەن هەمیشە خۆیان لە جلوبەرگێکی جوان لەسەر شانۆدا بنوێنن، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسێبی هاوئاهەنگی نێوان ناوەرۆک و ڕوخساری رۆڵەکانیشیان بێت.

## پسپۆری کۆستوم

ئەوکەسەی کاری دیزاینی کۆستوم دەگرێتە ئەستۆ، پێی دەگوترێت پسپۆری کۆستوم، تۆش وەکو ڕیژیسۆر دەبێت بە پلان و بەرنامە کار لەگەڵ ئەو پسپۆرە بکەیت، بەڵام بەر لە هەموو ئاخافتنێک لەگەڵ پسپۆری کۆستوم دەبێ



خۆت وەکو ڕیژیسۆر رۆڵی کۆستوم لەنمایشەکەتدا دەستنیشان بکەیت و بڕیار بدەی کە کۆستوم تا چ رادەیەک لەنمایشەکەتدا گرینگە. ئەگەر رۆڵی کۆستوم لەکارەکەتدا نزم بنرخێنێت، ئەوە ئەو پسپۆرەی هاریکاریت دەکات ئەوەندەی لە دەست نایەت تا وەک داهێنەرێک کۆستومێکی گونجاو و لەبارت بۆ ئامادە بکات.

وەکو چۆن پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە ڕیژیسۆر دەبێت بە روونی دیدوبۆچوون و داخوازییەکانی خۆی بۆ سینۆگرافەکەی بخاتەڕوو، بە هەمان شێوە دەبێت لەگەڵ پسپۆری کۆستومی شانۆگەرییەکەت رەفتار بکات. چەند بۆچوون و داخوازییەکانت بە روونی دەستنیشان بکەیت، ئەوەندە پسپۆرەکەت چاکتر لێت تێدەگات و خێراتر داخوازیەکانت جێبەجێ دەکات.

## داخوازییەکانت لە پسپۆری کۆستوم

لەداخوازییەکانتدا بایەخ بەم دوو خاڵە بدە:

**یەکەم**: شیکردنەوە و راڤەکردنی هەریەک لە کەرەکتەرەکانی ناو شانۆنامەکەت، لەگەڵ بۆچوونت سەبارەت بە رەهەندە سروشتییەکان و ڕوخساریان و

پێوەندی کەسایەتییەکان بە یەکدییەوە.

یەکێک لەو هەڵە باوانەی کە ڕیژیسۆران لە دەستنیشان کردنی کۆستومدا دەیکەن، ئەوەیە کە زۆرجار بە ڕوخساری یەک لایانە و سەربەخۆی کۆستوم دەخەڵەتێن، واتە نابێت کۆستومێک کە لە یەکەم نیگاوە سەرنجت ڕادەکێشێت و پێی سەرسام دەبیت، بەرلەوەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەراوردی بکەیت بڕیاری یەکسەری لەسەر بدەیت.

گەر باوەڕمان بەو ڕاستییە هەبێت کە شانۆ بەر لە هەموو شتێک کاری ئەکتەرانە لەچوارچێوەی میزانسیندا، دەبێت لەو ڕاستییەش تێبگەین کە کۆستوم خۆی لەخۆیدا دوو ئەرکی هەیە، یەکەمیان شەخسییە کە کەراکتەری کەسایەتی وەکو تاک پیشان دەدات، ئەوی دیکەشیان کەرەکتەر وەکو کەسایەتی لەناو گرووپدا پیشان دەدات، واتە ئەرکی کۆستوم لەناو پلانی میزانسین و لەسەر شانۆدا پیشان دەدا. بەم شێوەیە کۆستومی شەخسی و کۆستومی گرووپ پێکەوە ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

لە ڕاستیدا لێکترازانی ئەم دوو ئەرکە دەبێتە هۆی دروستبوونی نەشاز و لێکترازانێکی ئەوتۆ کە هاوسەنگی سەرجەمی نمایشەکە تێک دەدات.

بۆیە تا دەتوانیت هەوڵ بدە پسپۆڕی کۆستوم لە شانۆگەریەکەتدا بێتە ناو پرۆڤەکانتەوە و شارەزای میزانسینەکانت بێت، ناوەرۆکی کارەکەتی بۆ شی بکەوە، ئەو بیر و هزرانەی بۆ ڕوون بکەوە، کە دەبنە بناخەی میزانسینەکانت.

**دووەم**: دەبێت شێوازی کردار بەگشتی و کرداری جەستەیی و جووڵەی کەسایەتییەکانی بۆ شی بکەیتەوە. بەجۆرێک کە نەک تەنیا کۆستومەکان بۆ خۆیان گرینگ بن، بگرە گرینگ چۆنیەتی بەکارهێنانیانە لەسەر شانۆدا، هەروەها دەستنیشان کردنی قەوارە و ڕەنگ و جۆری قوماشەکان فاکتۆرێکی گرینگە.

گەلێک گرینگە هەر لەسەرەتاوە ئاگاداری شێواز و وردەکارییەکانی کۆستومەکان بیت. بۆ نموونە ئەگەر گیرفانی کراسێک وا پێویست دەکات ئەوەندە گەورە بێت کە بکرێت جزدانێکی پارەی تێدا هەڵبگیرێت، یان چەقۆیەکی لێوە دەربهێنرێت، دەبێت هەر لەسەرەتاوە حسێبی بۆ بکرێت، یان ئەگەر لەسەرەتای شانۆگەرییەکەدا کەسایەتییەکە دەستێ جلی جوانی لە بەردابێ و پاشان بریندار بکرێت و دەبێت بەسکە خشێ بڕوات. ئەمە دەبێت حسێبی تایبەتی بۆ بکرێت چ لەڕووی ڕێکپۆشییەوە و چ لە ڕووی پراکتیکییەوە.

### گۆڕانی دینامیکیەتی شانۆنامەکە و کۆستوم

کە هەر لە دەستپێکەوە تاکو کۆتایی شانۆنامەکە، بەرەوتی ژیانی کەرەکتەرەکاندا دەچیتەوە، گۆڕانێکی بەردەوام بەدی دەکەیت، گۆڕانەکان لە شێوەی وێستگەدان، ئەرکی سەرەکی ڕیژیسۆر ئەوەیە کە ئەم گۆڕانە بەرجەستە بکات، ئەم گۆڕانە سیفەتی شانۆنامەی سەرکەوتوو و گوزارشت لەیەکێک لە یاسا سەرەکییەکانی ژیان دەکات، جەوهەری شانۆش لە دووبارە پیشاندانەوەی ئەم گولڵدانەدایە.

باشە گۆڕانی کەسایەتییەکان، گۆڕانی زەمان و کات و جێگا، گۆڕانی سایکۆلۆژیا و هەست و نەست و ناخ و دەروون و کەرەکتەرەکان دەبێت چەند کار بکەنە سەر کۆستومی کەرەکتەرەکان؟

کۆستوم زانیارییەکی بێ ئەندازە دەربارەی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکە بە بینەران دەبەخشێت. یەکەم باری سەرنجی بینەران دەربارەی کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکە لە جلوبەرگەکانیاوە گەڵاڵە دەکات، ئەمە تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشماندا هەر وایە، ئێمە بە گشتی بیروڕا و بۆچوونی سەرەتایی و سەرپێیمان لە جلوبەرگ و چۆنیەتی خۆپۆشکردنی خەڵکەوە دەست پێ دەکات.

هەردوو ڕیژیسۆری ئەمریکایی «جەیمس دەبلیو ڕۆگێرس» و «ڤاندا سی ڕۆگێرس» لەکتێبەکەیاندا «کەرەستە پێویستەکانی دەرهێنەری شانۆ»، بەکارهێنانی کۆستومیان لە پێنج مەبەست و بواردا چڕ کردۆتەوە:

١- کۆستوم قۆناخ، جێگا، زەمان و بۆنەی هەریەک لە دیمەنەکانی ناو شانۆنامەکە دەستنیشان دەکات. هەر کە ئەکتەر لەسەر شانۆ دەردەکەوێت، بینەر یەکسەر دەتوانێت کەسایەتییەکەی لە قۆناخ و شوێنی مێژوویی دروستدا دابنێت. بۆ نموونەی، ئەگەر سەردەم دەوروبەری کۆتایی سەدەی شازدەمی بەریتانیای سەردەمی شەکسپیر، یان ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمی بەریتانیای سەردەمی دیکنز» بێت.

ڕەنگ و جۆری قوماش بەزۆری لە دەستنیشان کردنی وەرزی ساڵ، بە تایبەتی ئەگەر وەرزێکی سەختی هاوین،



یان زستان بێت.

لە هەندێک حاڵەتدا کۆستوم ئەم بۆنەیە بۆ بینەر ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا دەژیت، بۆ نموونە ئەگەر ئەکتەر جلی وەرزشی تێنسی لەبەردا بێت، یان جلی ئاهەنگی سەما، یان بێجامەی خەوتنی لەبەردابێت.

لە ڕێگای ڕەنگ، قوماش، هێڵ، دیزاین و کۆستوم ئەکتەر دەتوانێت هەموو ئەو زانیارییانە بخاتە ڕوو، بگرە زیاتریش.

٢- کۆستوم گوزارشت لە پرۆفیلی سایکۆلۆژی هەریەک لە کەرەکتەرەکانی شانۆنامەکە دەکات.

جگە لەدەستنیشان کردنی قۆناخی مێژوویی و سەردەم و شوێن،

کۆستوم دەتوانێت دەربارەی پیشەو کاری کەسایەتی زانیاری ڕابگەیەنێت وەکو (پۆلیس، کرێکار، سیستەر) یان پایەی کۆمەڵایەتی کەسایەتییەکە وەکو (چینی باڵا، چینی ناوەڕاست، چینی خوارەوە)، یان پلەی ئینتیمای کەسایەتییەکە بۆ کۆمەڵگە وەکو (سەربەخۆیی، یان ئینتیما)، کەرەکتەری کەسایەتییەکە بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی دیکە (ئاڵو واڵا و ڕێکپۆش، یان سادە). ئەمجا باری سایکۆلۆژی ئێستای کەسایەتییەکە (شڕ و شەپڕیۆ، یان شیک و پۆشتە).

٣- کۆستوم پێوەندی نێوان تاک و گرووپ پێشان دەدات.

پسپۆڕی کۆستوم چەندە لێزان بێت، ئەوەندە زیاتر دەتوانێت یارمەتی بینەر بدات تاکو جیاوازی نێوان کەرەکتەرەکان بزانێت، بۆ نموونە دیمەنی ئاهەنگی دانس لە «ڕومیۆ و جولێت»دا کە دەکاتە پەردەی یەکەم/ دیمەنی پێنجەم. پسپۆڕێکی کارامەی کۆستوم هەر لە ڕێگای قوماش و ڕەنگ و نەخشی جلەکانەوە، دەتوانێت وا لە بینەران بکات لەجیاوازی نێوان بنەماڵەی کاپولێت و مۆنتاگیو تێبگەن.

٤- کۆستوم چەمک و ستیلی بەرهەمی ڕیژیسۆر دووپات دەکاتەوە.

گەلێک گرینگە پسپۆڕی کۆستوم شان بەشانی هەموو پسپۆڕەکانی دیکەی بەرهەمەکە کار بکات و پێکەوە ستیل و چەمکی ڕیژیسۆر بە ئەنجام بگەیەنن، بۆیە دەبێت پسپۆڕی کۆستوم چاک لەکاری هاوکارانی وەکو سینۆگراف و پسپۆڕی ڕووناکی تێبگات و بەرنامەی کار و پلانەکانی لەگەڵ ئەواندا بگونجێنێت، بۆ نموونە ئەگەر سینۆگراف و پسپۆڕی ڕووناکی لەسەر ستیلێکی

سیمبولیستانە کاریان کرد، ئەوە ناکرێت کۆستومێکی ریالیستانە بۆ ئەکتەرەکان ساز بکرێت. ئەو دەم کۆستوم سەرلەبنی نمایشەکە دەشێوێنێت.

٥- کۆستوم لە ڕووی کرداری فیزیکییەوە یارمەتی نمایشکاران دەدات.

دوا فاکتۆری گرینگ لە کۆستومدا ئەوەیە کە دەبێت لە دیزاینی جلوبەرگدا لایەنی فیزیکی ئەکتەر لەبەرچاو بگیرێت. واتە ئەکتەر هەست بە ئازادییەکی تەواو بکات کاتێک کە لەسەر شانۆدا دەجوولێت و کردار دەنوێنێت. لەو دیمەنانەدا کە تەواو فیزیکین، بۆ نموونە کاتێک کە ئەکتەر سەما دەکات، یان شەرەشیر و زۆرانبازی وشەڕەدەست دەکات، دەبێت کۆستومێکی گونجاوی لەبەردا بێت کە بتوانێت لەشسووکانە و بەبێ ئاستەنگ لەسەر شانۆدا کرداری فیزیکی بە ئەنجام بگەیەنێت.

لەگەڵ سەرەتای شانۆی مۆدێرندا کۆستوم پێگەیەکی نوێی لە کاری ڕێژیسۆردا پەیدا کرد. هەرچەندە ڕێژیسۆران لە ریالیزم و ناتورالیزم دوور دەکەوتنەوە و لێیان یاخی دەبوون، ئەوەندە شێوازیان لە بەکارهێنانی کۆستوم گۆڕانی بەسەردا دەهات. ئەم گۆڕانە نەک تەنیا شێوە و تەرزەکانی کۆستومی گرتەوە، بگرە لە بنەڕەتدا وەزیفە و ئەرکیشی دەگرتەوە.

کۆستوم لە شانۆی مۆدێرندا سستمێکی وردی نیشانە و هێما و دەلالەت پێک دەهێنێت، ئەم ئەرکە نوێیەی کۆستوم هەر لە کارەکانی میبرهولدەوە دەست پێ دەکات، تاکو ڕێژیسۆرانی پۆست مۆدێرنیزمیش دەگرێتەوە.

وردەکاری دیزاینی جلوبەرگی ئەکتەران و پاشکۆکانیان لە شانۆگەرییەکانی ڕێژیسۆرانی پۆست مۆدێرنیستدا وەکو تەونێکی ئاڵۆزی کۆدی جیاجیایە، کە بەدرێژایی نمایش سەرنج و هۆشی بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و وای لێ دەکات بیانخوێنێتەوە. ئەو کۆدانە نەک تەنیا مانا و بەها و دەلالەتی خۆیان هەیە، بگرە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر کردار و جووڵە و ئاماژەکاندا هەیە و بۆ خۆشیان تەواوکەری بنیادی شانۆگەرییەکەن و پێوەندییان بە فەلسەفەی ئیستێتیکی شانۆگەریەکەوە هەیە.

## کۆستوم وەکو مەجاز

بایەخێکی دیکەی کۆستوم لە شانۆی نوێدا لەوەدا بەدی دەکرێت کە ڕێژیسۆری ئەم سەردەمە کۆستوم وەکو فاکتۆرێکی سێ ڕەهەندی نمایش تەماشا دەکات، نەک تەنیا وەکو کەرەسەیەکی سروشتی بۆ خوڵقاندنی ئەتمۆسفیرێکی ریالیستانەی سەر شانۆدا.

کۆستوم لای ڕێژیسۆرانی شانۆی هاوچەرخ فاکتۆرێکی کاریگەرە لە بەرجەستەکردنی پێکهاتەی سێ ڕەهەندی سەر شانۆ، واتە کۆستوم نەک تەنیا لە کاری ئەکتەر و ڕێژیسۆردا گرینگە، بگرە ئەو دوو مەیدانە دەبەزێنێت بۆ مەیدانی سینۆگرافیا و فەزا و دیکۆر و ڕووناکی، شان بەشانی هەموو پێکهاتەکانی شانۆگەریەکە ڕۆڵی خۆی دەبینێت و لەگەڵ ئەواندا دەخوێنرێتەوە. نەک هەر ئەوەندە بگرە خوێندنەوەی ئەوانیش بێ بوونی ئۆرگانێکی کۆستوم لەنگ و نوقسان دەردەچێت.

کۆستوم لە بەرهەمەکانی ڕێژیسۆرە پۆست مۆدێرنیستەکانی وەکو ڕۆبێرت ویلسون و ئاریانا منوچکین و پیتەر شتاین و ریچارد فۆرمادار بۆ خۆی سستمێکی چڕوپڕ لە ماناو بەهایە و بەدرێژایی نمایش لەگۆڕاندایە، هەموو گۆڕانێکیش لە ڕەنگ و قەوارە و تۆن و ریتم هاوئاهەنگ لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی نمایش بەڕێوە دەچێت.

میبرهولد یەکێک بوو لەو ڕێژیسۆرانەی کە لەبنەڕەتەوە ئەرک و وەزیفەی کۆستومی لە شێوازی ریالیزمەوە بۆ شێوازی مەجاز و هێما و پاشتریش بۆ شێوازی کۆنستروکتیڤیزم گۆڕی.

## هەنگاوی نوێخوازانەی میبرهولد

سەرەتای هەنگاوی نوێخوازانەی میبرهۆڵد لەبواری مانای مەجازی کۆستومدا لەشانۆنامەی «هێدا گابلەر»ی هێنریک ئیبسن دا بوو، کە لە ساڵی ١٩٠٥ لەسەر شانۆی کۆمیسارجێڤسکیدا دەری هێنا. هێدا گابلەر لەم شانۆنامەیەدا بەرگێکی سەوزی دەپۆشی، ئەم ڕەنگە سەوزە لە میزانسینێکی ڕەمزیدا ڕەنگی دابووەوە، کە دەکرێت بەم شێوەیە وێنای بکەین: هێدا لەلایەکی شانۆکەوە دانیشتووە و لێڤبۆرگیش لەو بەرەوە، مەودایەکی دوور لەنێوان هەردوو کەسایەتییەکەدا هەیە، کە قسەشیان دەکرد هیچ جۆرە پێوەندییەکیان دروست نەدەکرد، بگرە هەرکەسە و لە جێگای خۆی لەسەر کورسییەک ڕوو لەبینەران دانیشتووە.

کۆستومی هێدا ئاماژە پڕ لە دەلالەتەکان و شێوازی جووڵەکانی ئەکتەری بەناوبانگی ئەم سەردەمە «ڤێرا

کۆمیسـارجێڤسکایا»یەی بەرجەستە دەکرد. ئەوەبوو لەدنیای ڕەخنەی شانۆییدا گفتوگۆیەکی گەرمی هێنایە ئاراوە. ڕەخنەگران بۆ یەکەم جاریان بوو ئەوەندە ئاماژە بە ڕۆڵی کـۆستـوم بدەن. ئەم ئەزمـوونە سەرەتایەک بوو بۆ مامەڵەکردنی سمیبۆلیستانە لەگەڵ جیهانی ڕەمزی هەندێک لە شانۆنامەکانی ئیبسن.

پاشتر لە شانۆگەری (دڵپاکی قۆچدار) کە لەساڵی ١٩٢٢دا پێشکەش کرا، هەمـوو ئەکتەرەکـانی لە جلوبەرگێکی وەرزش ئاسادا وەک هێمایەک بۆ سەردەمی پیشەسازی یەکپۆش کرد. دیارە کۆستوم لەو بەرهەمەدا ئامرازێک بوو یارمەتی جووڵەی ئەکتەرانی دەدا. لەم قۆناخەدا مـیـیـرهولد پشت ئەستوور بەهاریکاری و یارمەتی هاوکارانی شێوازێکی دیکەی بۆ کۆستوم دانا، کۆستومێک کە لەگەڵ نمایشی ئەکتەری بیومیکانیک (جـووڵە و ریتم) بگونجـێت، بۆیە ئەگـەر سـەرنجی نمایشـەکانی ئەم سەردەمەی مـیـیـرهولد بدەین، دەبینین سەرجەمی جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان و فەزای نمایش و دیکۆر و سینۆگرافیا بە پلەی یەکەم لەخزمەتی جەستەی ئەکتەر و جووڵەکانیاندا بوون.

## برووک وەکو نموونەیەک

لەناو ڕیژیسۆرانی ئەم سەردەمەدا پیتەر برووک بەوە ناسراوە کە جەخت لەسەر مەجازیەتی زمان دەکات. هەر لەبەر ئەوەشە نەخشەی کۆستوم لای ئەو جگە لەوەزیفە شانۆییەکەی وەکو ئامرازێکی گرینگی بەرجەستەکردنی درامی، ڕۆڵێکی سیمولۆژیایانەی گرینگی هەیە. ئەمەش بەو مـانایەی کـە هەر پارچەیەک، یان بەشـێـک لە کۆستومی ناو نمایشەکانی بایەخێکی مەجازی هەیە و چەند لێکدانەوەیەک قبووڵ دەکات.

بەپێی بۆچوونی وایت مۆر لە کتێبەکەیدا «دەرهێنان لە شـانۆی پۆست مـۆدێرن»دا، کـۆسـتـوم لە ڕوانگەی برووکەوە، نەک تەنیا لەگەڵ سینۆگرافیا و ئێکسسوار و ڕووناکـیدا لەپێناوی ڕاکێشـانی سەرنجی بینەر لە پێشبرکێدایە، بگرە هەر کۆستومێک لەبەربەرەکانیدایە لەگەڵ تێکڕای کۆستومی گرووپەکە.

برووک بەدوای پێوەندییەکی ڕوون لەنێوانیاندا دەگەڕێ و بەربەرەکانی نێوان کۆستومەکان کەم دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تا بڵێی مینمالیستە (کەمترین و سادەترین کەرەستە هەڵدەبژێرێت).

باشـتـرین بەڵگەش شـانۆگـەری «مـهـابهـاراتا»یە، کە تێیدا کۆستوم و ئێکسسوار بەردەوام کەرەسەی گرینگی بەرجەستەکردنن، هەریەکە و چەند ئاستێکی پڕ لە هێما و سمیبۆل و دەلالەتی جودا نمایش دەکات. بەهەمان شێوەی سـادە و کـەم و چڕ و پڕ و مـانادار، برووک ئێکسـسـوار بەکاردێنێت، بۆ نموونە پاچەیەکی عەرەبانە وەکو هێمایەک بۆ عـەرەبانەیەک بەکـاردێنێت، قـردێلەیەکی سـوور وەکـو نیشـانەی خوێنێکی پڕژاو. لە یەکێک لە وۆرکشۆپەکانی برووکـدا، ئەکـتـەرێک خـاولـیـیـەک هەروەکـو خـاولی بەکاردێنێ.. پاشتر هەر هەمان خاولی وەکو کۆرپەیەکی ساوا بەکاردێنێت. ئەکتەرەکە بە شێوەیەک ڕەفتار لەگەڵ خـاولـیـیـەکە دەکـات وەکو ئەوەی گـیـانلەبەرێکی زیندوو بێت.

لە تێکشکاندنی شێـوازی بەکارهێنانی کۆستـوم دوور لەشـێـوەی کـلـێـشـەیی و باو، برووک لەشـانۆنامـەی «ئۆدیپۆس»ی «سینیکا»دا لەسەر شانۆی «ئۆلد ڤیک» لەندەنیدا پێشکەش کرا، ڕەنگی ڕەشی تەواو زاڵ کردبوو بەسەر گشت کۆستومەکاندا.

ئینگمـار بێـرگـمـان لەنمایشـەکـانی شـەکسـپـیـردا بەشێوەیەکی گشتی بەڕەنگی سوور و ڕەش گوزارشت لە کێشە و ململانێی دەسەڵات دەکات، ئەم دوو ڕەنگە باڵ بەسەر سینۆگرافیادا دەکێشن. کۆنتراستی ئەم دوو ڕەنگە لێرە و لەوێ کۆستومیش دەگرێتەوە.

بێرگمان لە «شالیر»دا ساڵی ١٩٨٤ کۆنتراستی نێوان ڕەنگی سوور و ڕەشی کرد بە ئامرازێکی ئێستێتیکی بۆ گـوزارشت کـردن لە کـۆنـتـراسـتی کـەسـایەتـیـیـەکـانی شانۆنامەکە لەپێناوی دەسەڵات و ئەو کێشە خوێناوییەی کە ئارەزووی مرۆڤ بۆ دەسەڵات دەیێنێتەوە.

ڕەنگە کـەم کـەس لەناو ڕیژیسـۆرە بەناوبانگەکـانی ئەمڕۆدا توانیبێتی وەکو ڕۆبێرت ولسـون سەرکەوتووانە کۆستوم بە بیناسازی دیمەن و سینۆگرافیاوە ببەستێتەوە.

دیارە شـێـوازگـەرێتی لای ئەم ڕیژیسـۆرە لە نمایشی ئەکـتـەر و بیناسـازی پێکهـاتی دیمەنی شـانۆیی (کۆمپۆزیسیۆن) سینۆگرافیادا بەدیقەتێکی ئەندازیارانە ئەنجـام دەدرێت، چونکە کـۆسـتـوم لەم دۆخـەدا پێـوەندییـەکی پتەوی بەشێوازی نمایش و ئەدای ئەکتـەر (جووڵە و ئاماژەکان)ەوە هەیە.

ولسـون کـە خۆی لە بنەڕەتدا ئەندازیارێکی بیناسـازە، لێهاتووانە لەسەر هەردوو ئاستی هارمۆنیا و کۆنتراست

کاردەکات و هۆشمەندانە تێکەڵیان دەکات. بەرانبەر بە هەر پێکهاتەیەک، یان وێنەیەکی هارمۆنی، کۆنتراستێک بەدی دەکرێت، یان بەپێچەوانەوە. بەزۆریش لە یەک شانۆگەریدا چەند قۆناخێکی مێژوویی و چەند فۆرم و قەوارە و ستیلی جیاواز بەمەبەست تێکەڵ بەیەکدی دەکات. ولسون زۆر بە دیقەت و وردبینانە نەخشەی کۆستوم دەکێشێت، بەرادەیەک کە نەک هەر سەرنجی بینەر رادەکێشێت، بگرە بەدرێژایی نمایشەکە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بینینیشی هەیە.

ریژیسۆرێکی وەکو پێتەر شتاین لەناو هەموو رەگەزەکانی دیتن حەز لە کۆنتراست نەک هارمۆنیا دەکات، ئەمەش هەموو لایەنە تەکنیکییەکانی نمایشەکانی دەگرێتەوە، بەڵام لەسەرووی هەموویانەوە کۆنتراستی نێوان سینۆگرافیا و کۆستوم دەگرێتەوە. لەکاتێکدا ئەم جۆرە کۆنتراستە لای ریژیسۆرێکی بۆ نموونە وەکو باربا لەسەر دەلالاتی جیاجیا بنیاد نراوە، لەوانە کروتێسک و سرووت و هێمای میتافیزیکییانە، کە بە زۆری شێوازی کرۆتۆتێسکیمان بە بیر دەهێنێتەوە. زێدەرۆیی و زۆر پێوەنان (مبالغة) سیمای زەقی کۆستومەکانی باربان.

بۆ تێگەیشتن لەم بەراوردە، سەرنجی وێنەکانی نمایشی «ئەکرۆپۆلیس» بدە، بزانە تا چ ئاستێک گرۆتۆڤسکی مەبەستی نەبووە کۆستوم بۆ بەرجەستەکردنی کات و سەردەمی مێژوویی بەکاربهێنێت. ئەوەی ئەو مەبەستی بوو، جەخت کردن بوو لەسەر کۆستوم وەکو ئامرازێک بۆ نمایش و خولقاندنی کەشو ئەتموسفیری شانۆیی، شانۆ وەک پانتاییەک بۆ نمایش و هیچی تر. وەکو ناوەرۆکیش گەیاندنی فیکرەی ئەشکەنجە و ناسۆری مرۆڤ لەمەودای بێ سنووری فەزای کراوەی شانۆدا.

گرۆتۆڤسکی لە «ئۆکرۆپۆلیس»دا، کۆستوم و ئێکسسوار تا ئەوپەڕی و بە کەمترین رادە بەکاردەهێنا، لەمەشدا پێش ریژیسۆرانی پۆست مۆدێرنیزم کەوت و بوو بەسەرچاوەی ئیلهام بۆ زۆربەیان، لەسەرووی هەمووشیانەوە یوجینو باربا.

چەمکی بارباش لەکرۆکدا زۆر لەگرۆتۆڤسکی دوور ناکەوێتەوە، ئەوەندە نەبێت کە کۆستوم لای گروتۆڤسکی تەواو هەژارانەیە و باشتر لەخزمەتی ئەتمۆسفیری سرووتئامێزی شانۆگەرییەکە دایە، لە کاتێکدا ئەم رەهەندە سرووتییە لای باربا وەکو خۆی ماوەتەوە، بەڵام لەچوارچێوەی کەشێکی گروتێسکئامێزی زەقەوە.

## ریالیست، یان ئەبستراکت؟

بەشێوەیەکی گشتی یەکەم پرسیاری پسپۆری کۆستوم لە ریژیسۆر ئەم پرسیارەیە: دەتەوێت جلوبەرگی کەسایەتییەکانی ناو شانۆنامەکەت ریالیست بێت، یان ئەبستراکت؟ ئەمجا ئەگەر ریالیست نەبوو، دەبێت بزانیت بۆچی و چەند لەگەڵ شێوازی نمایشەکەتدا دەگونجێت. دیارە پرسیاری دیکەش دێتە ئاراوە. بۆ نموونە، نمایشەکەت شێوازی مێژوویی دەگرێتە خۆ، یان نەء؟ ئایا هەر کەسایەتییەک یەک دەست کۆستومی هەیە، یان چەند کۆستومێک و چەند جار دەیانگۆڕن؟ ئەمجا ریژیسۆر و پسپۆری کۆستوم دەبێت بگەرێنەوە سەر ئەو پێنج خاڵەی کە پێشتر باسمان کردن. کە رەگەزە بنچینەییەکانی ئەمانەن:

- قۆناخی مێژوویی.
- شوێن وجوگرافیا.
- کەسایەتی.
- میللەت و نەتەوە.
- باری کۆمەڵایەتی.
- جەو و میزاج.
- کات.
- وەرزی ساڵ.
- گۆڕانی باری عاتیفی کەسایەتییەکە.
- کار و پیشە.
- رەگەز/ نێر و مێ
- تەمەن- ستیل
- شتە بەرچاوییەکان.

## هاریکاری نێوان ریژیسۆر و پسپۆری کۆستوم

هەروەکو چۆن ریژیسۆر پێویستە بەشێوەیەکی گشتی شارەزاییەکی باشی لەهەموو بوارەکانی تەکنیکدا هەبێت، هەر بەو شێوەیەش دەبێت لەبواری کۆستومدا هەندێک شارەزایی هەبێت، کەچی بەداخەوە ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە زۆربەی ریژیسۆران، کەمتر بایەخ بەکۆستوم دەدەن.

لەناو کتێبخانەی شەخسی ریژیسۆراندا بەدەگمەن کتێب و کەتەلۆکی کۆستوم بەدی دەکەیت، لەکاتێکدا دوور نییە چەندین کتێب لەسەر هونەر و تەکنیکی نواندن

و سینۆگرافیا و ڕووناکی بەدی بکەیت.

ئەو ڕیژیسۆرانەی کە شارەزای بواری کۆستومن، کاریان ئاسانترە، چونکە باشتر فەزا و تیشک و جووڵەی ئەکتەران بە ئەنجام دەگەیەنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پسپۆڕی کۆستوم زووتر لێیان تێدەگەن.

ڕیژیسۆر دەبێت پاش تێگەیشتنی تەواوی شانۆنامەکە هزری خۆی دەربارەی کۆستومی کەرەکتەرەکان یەکالایی بکاتەوە، ئەمەش نەک بەو مانایەی کە خۆی نەخشەی جلەکانیان بوو یەکلایی بکاتەوە. ئەمیان ئەرکی پسپۆڕی کۆستومە، ئەرکی ڕیژیسۆر ئەوەیە کە داخوازییەکانی خۆی بەوردی دەستنیشان بکات، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بە لایەنی جووڵە و کردار و دەلالەت و هێما و پەیامی سیمولۆژییەوە هەیە.

تا دەتوانیت جلوبەرگەکان پێش وەخت و بەر لەپرۆڤەکانی کۆتایی بە ئەنجام بگەیەنە، چونکە چەندە ئەکتەرەکانت بە کۆستومەوە پرۆڤە بکەن، ئەوەندە نمایشەکەیان چاکتر دەبێت، بەمەرجێک ئەمە لە قۆناخی کۆتاییدا بێت و ڕۆژانی پرۆڤەی جەنەراڵ با لە سێ ڕۆژ کەمتر نەبێت.

ئەکتەران دەبێت لە پرۆڤەکانی قۆناخی پێش نمایشدا، لەسەر جلوبەرگەکانیان ڕابێن و هەندێ کاتیش مابێت بۆ ئەوەی ئەگەر لێرەو لەوێ پێویست بەگۆڕانکاری بکات و چەند ڕۆژێکت بەدەستەوە مابێت بۆ دەستکاری و چارەسەرکردنیان، بەتایبەتی ئەگەر شانۆنامەکەت باس لەسەردەمێکی کۆنی مێژوو بکات. بۆ نموونە شانۆنامەکانی سەردەمی ئەنتیک، یان شانۆنامەکانی شەکسپیر، کۆستوم لەو شانۆنامانەدا دەبێت، (بەدەگمەن نەبێت) بەرهەم بهێنرێن، بەپێچەوانەی ئەو شانۆنامانەی باس لە ئەمڕۆ دەکەن، کە دەتوانێت جلی ئامادەیان بۆ بەکاربهێنیت.

لەجیاتی نەخشەی یەک مۆدێل داوای دوو، یان سێ پێشنیار لە پسپۆڕی کۆستومەکەت بکە. هەڵبژاردنی یەکێکیان سەرکەوتووترە لەوەی کە هیچ ئیختیارێکت لەبەردەمدا نەبێت.

هەرچەندە بۆ ئەکتەر باشترە (لە قۆناخێکی زووی پرۆڤەکاندا وێنەیەکی جلوبەرگەکانی خۆی) لەلا دروست بوبێت، تەنانەت چەند پارچەیەکی لێ تاقی کردبێتەوە، بەڵام لەکاتی پرۆڤەدا چاکتر وایە ئەوەندە بیر لە کۆستوم نەکاتەوە و خۆی بەوە خەریک نەکات کە چۆن جلەکانی لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێک بگۆڕێت. تاقیکردنەوەی تەواوی جلوبەرگ لە پرۆڤەکانی کۆتاییدا باشترین شێوازە، ئەکتەران بەگشتی لەپرۆڤەدا بەجلی خۆیانەوە پرۆڤە دەکەن، بەڵام ئەمە نابێت ڕێگا لە کاری پسپۆڕی کۆستوم بگرێت و لەلاوە کاری خۆی لەگەڵ ئەکتەراندا بکات و هەندێ کۆستوم، بەتایبەتی ئەوانە تاقی بکاتەوە کە گرینگن و کاریگەرییان لەشێوازی جووڵەی ئەکتەران و کردارەکانیاندا هەیە.

لەشانۆ پرۆفیسیۆناڵەکاندا وا باوە کاتێکی دیاریکراو بۆ پیشاندانی کۆستومەکان تەرخان دەکرێت، ئەکتەران هەموو بەجلوبەرگی پێویستەوە خۆیان پیشانی ڕیژیسۆر دەدەن.

تاقیکردنەوەی کۆستوم و سەلماندنی و قبووڵ کردنی تەواوی لەکاتی پرۆڤەدا ڕەنگە هەندێک جار بە باش نەکەوێتەوە، چاکتر وایە دوا بڕیار لەکاتی پرۆڤەی کۆستومدا بدرێت، کاتێ کە گونجان و نەگونجانی کۆستوم لە پراکتیکدا دەردەکەوێت، واتە کۆستومەکان لەژێر تیشک و پلەی ڕووناکی و لەناو سینۆگرافیادا دەبینرێت. ئەو دەم شێوەی ڕاستەقینەی کۆستومەکان لە ڕووی ڕەنگدانەوە و تۆنە جیاجیاکانی ڕەنگەکان لەسەر شانۆدا بە تەواوەتی دەردەکەوێت.

### بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆستوم

نووسەر لە کتێبەکەیدا «دەرهێنانی شانۆی پۆست مۆدێرنیزم» ڕێگایەکی دیکە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆستوم پێشنیار دەکات، بەوەی کە ڕیژیسۆر تا بۆی بکرێت سینۆگرافیایەکی سادە و ڕووناکییەکی ئاسایی بەکاربهێنێت، دیارە بەمە دەتوانین پتر سەرنجی بینەران بۆ کۆستوم ڕابکێشن. وایت چەندین نموونە بۆ ئەم تەکنیکە دێنێتەوە، لەسەرووی هەموویانەوە کارەکانی پیتەر برووک، بەتایبەتی نمایشەکانی شەکسپیر بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی دەکاتە بەڵگە.

برووک دەڵێت «لەکاتێکدا کە لەکارەکانی شەکسپیر دەبێت سی، یان چل کۆستومی بە دیقەت دروستکراوت هەبێت، چاومان ڕێچکە و پێچکە دەکات و بەزەحمەت دەتوانین دوای ڕووداوەکان بکەوین. لێرەدا بایەخمان بە هەشت- نۆ کۆستومی کەرەکتەرە سەرەکییەکان داوە، لە شانۆی مۆدێرندا دەکرێت هەر جەخت لەسەر ئەوەندە بکەیت. زۆر خۆش بوو کاتێک گوێمان لە بینەران بوو کە

دەیانگوت: شانۆنامەکە چەند ڕوونە! بێ ئەوەی بزانن ئەم نهێنییە بۆ کۆستومەکان دەگەڕێتەوە. «سەرچاوە» دەرهێنانی شانۆی پۆست مۆدێرنیزم.

### ڕاهێنان

وا چاکترە دیراسەکردنی کۆستومی هەر سەردەمێک و هەر شێوازێک هاوکات لەگەڵ خوێندنی ئەو سەردەمەدا جووت بکرێت، بەڵام بۆ نوێکردنەوە و بووژاندنەوەی زانیارییەکانت وا چاکە جاروبار بگەڕێیتەوە سەر هەندێک لەو کەتەلۆک و کتێبانەی کە وێنە و سکێچی کۆستوم پیشان دەدەن، ئەمەش وەکو ڕاهێنانێک وەربگرە.

گەڕانەوە بۆ وێنەکانی ئۆپێراو بالێ کارێکی سوودبەخشە، چونکە ئۆپێرا و بالێ دوو سەرچاوەی دەوڵەمەندی کۆستومن، هەروەکو جارێک پیتەر برووک لەکۆڕێکدا لە شانۆی ماڵی تیاتر لە سانت پیتەربۆرگ گوتی: ئۆپێرا مۆزەخانەی شانۆیە. دیارە لە مۆزەخانەشدا گەلێک کاڵای دانسقە و ڕەسەنمان بەرچاو دەکەوێت.

### ئێکسسوار

هەموو ئەو کەرستەو شت و مەکانە کە ئەکتەر لەنمایشدا بەکاریان دێنێت و بەدەستییەوەیەتی، پێی دەگوترێت ئێکسسوار، هەندێکیان بەشێکن لە شتە تایبەتییەکانی مرۆڤ، تەنانەت وەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد بەشێکن لە کۆستوم، یان تەواوکەری کۆستومن، بەڵام وەنەبێت هەموو ئێکسسوارێک پێوەندی بە کوستومەوە هەبێت بۆ نموونە کتێبێک کە بەدەستی ئەکتەرەوەیە، یان ڕۆژنامەیەک لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار کاری جێبەجێ کردنی ئێکسسوار لە زۆربەی شانۆکاندا دەکەوێتەوە ئەستۆی پسپۆڕی کۆستومەوە.

لەشانۆی بەریتانیدا تەنانەت هەندێک بەشی دیکۆر وەکو کورسی و مێز و قەنەفە و دیکۆری ناو ماڵ دەخرێنە ناو چوارچێوەی ئێکسسوارەوە، بە ئینگلیزی پێی دەڵێن Stage Properties، کە بە عەرەبی دەکاتە (ملحقات مسرحية)، ئەمەش خۆی لەخۆیدا مەیدانێکی فراوانە و بەشێکی زۆری شت و مەکی سەر شانۆ و دیمەنەکان دەگرێتەوە، بۆیە لە ئەم ساڵانەی دواییدا، پسپۆڕێکی نوێ و پیشەیەکی سەربەخۆ هاتە ئاراوە، ئەویش پسپۆڕی ئێکسسوارە، کە بەڕای من پێداویستی بوونی، پسپۆڕیەکی لەو جۆرە، لە سینەماوە سەری هەڵدا.

### دیسانەوە ڕیالیست، یان ئەبستراکت؟

کە دێینە سەر باسی ئێکسسوار وایت مۆر دەڵێت ڕیژیسۆر بەر لە هەموو شتێک دەبێت دوو پرسیار لەخۆی بکات: پێویست دەکات ئێکسسوار بەکاربهێنم، یان نەء؟ ئەمجا ئێکسسوارەکان دەبێت ڕیالیستانە بن، یان ئەبستراکت؟ کە ڕیژیسۆر وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی دایەوە، ئەمجا دەبێت چەند مەسەلەیەکی دیکە دەستنیشان بکات، لەوانە ئایا ئێکسسوار و بەتایبەت مۆبێلەکانی ناو دیمەنەکە چەند لەگەڵ جۆری جووڵە و کرداری ئەکتەرەکان گونجاون لەناو دیمەنەکاندا و تا چ ڕادەیەک خزمەتی لەشی ئەکتەر و هەڵسوکەوتی فیزیکی دەکەن؟ قەوارەی ئەو ئێکسسوار و مۆبیلە و کەلوپەلانە چەند لەگەڵ قەوارەی نمایشی ئەکتەرەکان دەگونجێن؟ ئایا لەنێوان ئێکسسواردا هەست بە هارمۆنیا، یان کۆنتراست دەکرێت (بە نیسبەت ستیل و ڕەنگ و بارودۆخەکان)؟ ئایا پێویست دەکات کە ئێکسسوارەکان لەکاتی نمایش جێگۆڕکێیان پێ بکرێت؟ ئەگەر وایە، ئەم جێگۆڕکێیە دەکرێت لەکاتی تەرخانکراوادا بە ئەنجام بگەیەنرێت؟ ئێکسسوارەکان لە ڕووی ستیل و ڕەنگ و قەوارە و فۆرمەوە دەبێت چۆن بن؟

وایت مۆر پێی وایە کە ڕیژیسۆرانی پۆست مۆدێرنیزم هەریەکە و بەشێوازێک ئێکسسوار بەکاردێنێت، بەڵام هەموو، یان بایەخ بە دەلالەتەکانیان و گۆڕانیان لەسەر شانۆدا دەدەن. لە شانۆی پۆست مۆدێرندا ئێکسسوار بەدەگمەن وەکو کەرەستەیەکی ڕیالیست بەکاردەهێنرێت.

بەلای ئەوانەوە ئێکسسوار ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرهەمهێنانی دەلالەت و مانادا هەیە.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**حەمە عەلی شێخ نووری**

ناوی تەواوی (محەمەدعەلی نوورەدین عەبدوڵڵا)یە، ناوی خۆی (محەمەد عەلی) یە کە لە کۆیە بە (حەمەعەلی) بانگی دەکەن، ناوی باوکی (نوورەدین)ە، کە لە کۆیە بە (شێخ نووری) ناسراوە و دەبێتە برای جەنابی مەلای گەورەی کۆیە، ناوی باپیریشی (عەبدوڵڵا)یە، کە دەکاتە (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە). ئەو پیاوە وەک لە سەرەوە نووسیومە لە کۆیە بە (حەمەعەلی شێخ نووری) ناسراوە و دەبێتە ئامۆزای زانای گەورە و ناوداری کورد (مەسعوود محەمەد)، ساڵی (١٩٢٧) لە کۆیە لە گەڕەکی (بایزئاغا) لە دایک بووە.

گوتم: ئەگەر هەڵە نەبم ئەوکاتەماڵتان لە گەڕەکی بایزاغا و نزیکی (قەیسەری نوێ)ی کۆیە بوو؟

گوتی: بەڵێ، ماڵی جەنابی مەلای گەورە و ماڵی ئێمە، واتە باوکم شێخ نوورەدین و ماڵی خزمانی وەک: (مەلا فەتاح) و (ئیسماعیل) و (حیسامەدین)ی مەلایان، هەمووی بە تەنیشت یەکەوە بووین، بانەکانیشمان پێکەوە نووسابوون، گەلێ جاران هەر لە ڕێگەی سەربانەوە دەچووینە لای یەکتری.

گوتم: بەڕێزتان جەنابی مەلای گەورەی کۆیەتان دیوە؟

گوتی: بەڵێ، من لە منداڵییەوە تا ڕۆژی کۆچەکەی لە (١٩٤٢) لە خزمەتی دابوومە، لە بیرمە ئەو ساڵە لە هاوینەوە لەبەر ناساغی بۆ کۆیەیان هێنایەوە، ئەوکاتە (نەجیبەخان)ی کچە گەورەی خزمەتی دەکرد، ئەو زەمانە ئێمە و خزمان هەموومان لە وەرزی هاوین بۆ هاوینەهەواری (چنارۆک) دەچووین، ڕۆژی کۆچی دوایی



**حەمە عەلی شێخ نووری**

جـەنابی مـەلاشم لەبیـرە، ئەو بەیانیـیـە باوکم و ئەوان لەسـەربانەوە بۆ مـاڵی ئەوان چوون، بەڵام بە ئێـمـەیان گـوت: بڕۆن بۆ قـوتابخـانە! دەوری کـاتژمـێـر (١٠)ی بەیانی بوو، من لە پۆلی سێی ناوەندی و (ئەمجـەد)ی برا گـچکەم لە (دوو) بوو، بەڕێوەبەر بەدوایدا ناردین و گـوتی: بڕۆنەوە بۆ مـاڵ! من زوو هەسـتم کـرد جـەنابی مەلای گەورە کۆچی دوایی کردووە! چونکە زووتر نەخۆش کـەوت و لە ڕێگەی (کـەرکـووک)ەوە، ڕۆیشــتین و شەوێکیش لێرە لە (خانەقا) ماینەوە، بۆ سبەینێ بۆ (مووسڵ)مان برد، لەوێ (عەبدولقادر)ی مامی مامۆستا (عـەدنان جەمال)، کە ئەوکـاتە لە مـووسڵ بازرگـانێکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشـتوو بوو، ئاسانکاری بۆ کردین بۆ دکتۆر و کاروباری پشکنین و ئەوانە. جا ڕۆژی کۆچی دوایی جەنابی مەلای گەورە کە من و ئەمجەدی برام لە مەکتەبەوە بەرەو ماڵ گەڕاینەوە، لەو ناوە خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە، مامۆستایان، قوتابیان بە تیپی مۆسیقای قوتابخانە و بە ئامێرەکانی موزیکی وەک: تەپڵ و (تاس مـەعـرف - سـەنگ)ەوە، ئەو ناوەیان بە جۆش هێنابوو، کــاســبکاران و...تاد. دواتر تەرمی پیــرۆزیان بەرەو گـۆڕسـتـانی (دەروێش خـدر) بەرێ کـرا، بەشـێکی ئەو گـۆڕسـتـانە هی جـەلیـزادانە، کـە گـەیشـتین، گـۆڕ ئامـادەکـرابوو، لە کـاتی ڕێوڕەسـمی شـاردنەوەی، هەوری هێناو نمە نمە دەسـتی کـردە باران ، قـایمقـامـێک هەبوو، ناویم بیـر نەمـاوە یەکی قـەڵەو بوو، گـوتی: ئەمـڕۆ نەک ئێـمـەو مـانان بەتەنیـا لە خـەمی کـۆچی دوایی جـەنابی مــەلادایـن، بگرە ئاســمــانیش بەو چەند دڵۆپە بارانە بەشــداری ئەو خــەمــەی کــردین! جــا (٥ - ٦) ڕۆژ لە مزگەوتی گەورە بۆی دانیشتین و شەوانیش لە ماڵەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـانیش پارتی (ژ.ک) پرسـەیان بۆ دانابوو.

گوتم: کاک مەسعوود یادی بەخێر، بە چەند ساڵان لە تۆ گەورەتر بوو؟

گـوتی: کـاک مـەسـعـوود لە دایکـبـووی (١٩١٧) بوو، واتە بە دە ساڵ لەمن بەتەمەنتر بوو.

گوتم: پێش ئێـستا لە ماوەی کارکردنم بۆ ئەو پڕۆژەیە، بیستوومە جەنابی مەلای گەورە، ئەوکاتەی پێش نوێژ و وتارخـوێنی مـزگـەوتی گـەورەی کـۆیە بووە، بەدوای گۆرانیبێژ و مەقامخوێنی ناودار (شەهابە هەولێری)دا ناردووە، ڕۆژانی هەینی بێت لەو مـزگـەوتە (قـورئان) بخــوێنێت و (کــەبار) بکات. هەرچەندە بە جــەنابی مەلایان گوتووە: شەهابە سەرخۆشە! لە وەڵامدا گوتبووی: بڕۆن بیهێنن! تۆ لەم بارەیەوە چیت لەلایە؟

گـوتی: من شـەهابەم بە چاوی خۆم نەدیوە، بەڵام کـاک مەسعـوود بۆی باس دەکردین دەیگوت: شەهابە لە باداوان لە مـاڵی مـەلافـەندی، ڕۆژانی هەینی دەبووایە (مـەی) بنۆشێت، ئینجـا دەچوو لە مزگـەوت قـورئانی دەخـوێند! چۆن خـوێندنێک دەتگوت (شـێخ مـحـەمـەد ڕەفـعـەت)ە دەیخـوێنێ! هەروەها بۆی بـاس دەکـردیـن کـە شـەهابە چ دەنگخۆش و بلیمـەتێک بووە، دوای ئەوە نـەک شەهابە، بگرە مـامـم (سێـوە)ی مـەقـامزانی داوەت کـردووە، کـە مـوسـوڵمـانیش نەبووە، بێت لە ناو مـزگـەوتی گـەورەی کۆیەدا بۆ ئیجازە وەرگرتنی فەقێیـان بەشداری بکات و مەقام بخوێنێت!

گوتم: کەواتە کاریگەری جەنابی مەلای گەورەی کۆیە بەسەر کاک مەسعوود و فاروقی کوڕی و خزمانی وەک ئێوەشەوە ماوەتەوە؟

گوتی: مـاڵی (حاجی کەریم) باوکی (میرزا و مسـتەفا و ڕەفـیق و دڵشـاد) دراوسێـمان بوو، ڕادیۆیەکی گەورەی کڕیبوو، جا ڕۆژانی هەینی و دووشەموان (شێخ محەمەد ڕەفعەت)، لەو ڕادیۆیەوە قورئانی دەخوێند، مامم داوای

کرد دووشەموان کە ماوەی هەبوو، ڕادیۆکەیان هێنابوو، بۆ بەر پەنجەرەی نێوان ماڵی حاجی کەریم و ماڵی جەنابی مەلای گەورە، هەندێ کورسی و تەختیشمان دانابوو، جا لەو ڕۆژەدا مامم گوێی بۆ قورئان خوێندنی شێخ محەمەد ڕەفعەت ڕادەدێرا و لەبیرمە دەیگوت: قورئان بەو شێوەیە بە دەنگێکی ئاوا خۆش بۆ پەیامبەر محەمەد دابەزیوە! دەیفەرموو: کەسی دەنگ ناخۆش نابێ قورئان بخوێنێت!

کاکە عەلی گوتی: مامم دەنگی خۆش بوو، لە بیرمە عەسران کاتێک لەناو هەیواندا هاتوچۆی دەکرد، گۆرانییەکی (ئوم کەلسووم)ی دەگوت بە ناوی:

**(مالي فتنت بلحظك الفتاك)**

ئەو کاتانەی گوێی بۆ شێخ (محەمەد ڕەفعەت)یش ڕادەدێرا، لە تاو دەنگی خۆشی ئەو پیاوە خۆی دەهەژاند، و زۆری حەز لە دەنگی بوو. جگە لەوە مەلای گەورە زۆر حەزی لە فێربوونی نەوەکەی و خوێندن و خوێندەواری بوو، جارێکیان مەلای گەورە بیستبووی (حاجی سمایل) کوڕە گەورەکەی بە ناوی (سابیر ئیسماعیل)، لە مەکتەب دەرهێناوەو گوتوویەتی: وەرە لە دوکان یارمەتیم بدە، مەلای گەورە ڕۆژێکیان بە تایبەتی بۆ لای ئەو زاتە چوو، دوکاندارەکان چونکە مەلای گەورە (سام)ی هەبوو، ئەم بەر و ئەوبەر لەبەری هەڵدەستانەوە سەرپێیان، ئەو ڕۆژە حاجی سمایلیش کڕنۆشی بۆ جەنابی مەلای برد، مەلا دەستی سابیری گرت و پێی گوت: لە سبەینێوە، دەچیتەوە بۆ مەکتەب، ئێرە جێی تۆ نییە! سابیرەفەندی تا مابوو، ئەو قسەیەی دەگێڕایەوە. ئینجا ئەوکاتە مانگانە ئوم کەلسووم، ئاهەنگی شەوانەی هەبوو، ئێمە بەو بۆنەیەوە خواردنمان ئامادە دەکرد، نانمان دەخوارد، کاژێر دەوری (١١)ی شەو دەستی بە گۆرانی یەکەمی دەکرد، چونکە لەو ئاهەنگانەدا ئوم کەلسووم (٣) گۆرانی دەگوت، لە میانی هەر گۆرانی و یەکێکی تر پشوو هەبوو، دیارە ئێمە لە ژوورەکەی (کاکە سەعد - مەسعوود محەمەد) دادەنیشتین، چونکە هەر ئەو ڕادیۆی هەبوو، ڕادیۆکەی ماڵی حاجی کەریمی کڕیبووەوە.

گوتم: سەردەمی منداڵیت گەر بیرت مابێت، لە کۆبە لە چ بۆنەیەکدا مەقام و غەزەل و گۆرانی دەگوتران؟

گوتی:

**(١) بۆنەی ئیجازەدانی فەقێیان**

دیارە باوکم و مامم دەرسیان بە فەقێیان دەدا، بۆ نموونە لەبیرمە باوکم بەیانییان بۆ مزگەوتی گەورە دەچوو، سێ قوتابی هەبوون، بە جیا وانەی ئایینی پێ دەگوتن، عەسرانیش لە مزگەوتی (حاجی مەلا ئەسعەد) دوو، یان سێ فەقێی دیکەی دەرس دەدا، ئینجا کاتێک فەقێ لە خوێندن تەواو دەبوون، دەبووایە مامۆستاکەی بۆ نموونە: باوکم، یان مامم لە سەر حسابی خۆیان دەستێ (جوبە) و (عەمامە)ی بۆ بکەن، ڕۆژی ڕێورەسمەکەش مامۆستا دەوری (٣٠) خولەکێک دەربارەی فەقێکە قسەی دەکرد، ئینجا بە دەستی خۆی (مێزەر - عەمامە)ی دەکردە سەری و دواتریش (شەربەت) بەو بۆنە خۆشەوە دابەشی سەر ئامادەبووان دەکرا، ئینجا دەنگخۆشێک، یان زیاتر دەستیان بە ئاهەنگ گێڕان دەکرد. ئەو فەقێیەی دەوڵەمەند بووایە بۆ نموونە (مەلا عەزیزی هیرانی) کاتێ ئیجازەی وەرگرت، سێ شەو و سێ ڕۆژان شایی بوو، لە ناو شاییدا گۆرانی دەگوترا، لەلای دی مەقام و غەزەل دەخوێنرایەوە.

**(٢) بۆنەی بەهار و سەیران و نەورۆز**

جارێک لە بیرمە سێ شەممە بوو، سێ شەمووانیش فەقێ پشوویان بوو، واتە دەرسیان نەبوو، باوکم ناردی نان و پەنیر و ماست و سەماوەریان هێنا، چووین بۆ لای گردی (باویان)، لەو ناوە ئاوێکیش هەبوو، باوکم پێیانی گوت بڕۆن بۆ خۆتان یاری بکەن، خۆشی بچێژن، ئەمڕۆ تەسادوفی ڕۆژێک دەکاتن بە ناوی (نەورۆز) کە جەژنی کوردانە! ئەمە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو، هەندێ لە فەقێکان لە باوکمیان دەپرسی: نەورۆز چییە و لە چییەوە هاتووە؟ باوکیشم بە پێی پێویست وەڵامی دەدانەوە.

**(٣) بۆنەی کۆڕی مەینۆشان**

لەم کۆڕانەدا جگە لە مەی نۆشین، باسی سیاسەتیش دەکرا، دوای ئەوە ناو ناوە مەقاماتیش دەگوترا، ئەوانەش: عومەر عەبدوڵڵا، ئەحمەدی حەمە مەلا، ئەمەیان دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، زۆریشم خۆش دەویست، نەڵێم لەبەر ئەوەی باوکی تۆیە ئەو قسانە دەکەم: باوکت جگە لە دەنگخۆشی، حەزت دەکرد هەر لەلای دانیشی و قسەت بۆ بکات! جارجارە قسەی خۆش و پێکەنین ئامێزیشی بۆمان دەگێڕایەوە، کاک

ئیسماعیلی مەلا نووری، بەرانبەر دوکانی ئەحمەدی حەمە مەلا، لە ناو قەیسەری کۆن دوکانێکی خەیاتی هەبوو، جارجار ئەحمەدی باوکت بۆ چنارۆکیش بۆ لامان دەهات، جا ئاهەنگمان ساز دەکرد و دەنگمان بەرز دەکردەوە، جەنابی مەلای گەورە دەنگی ئەحمەدی باوکتی زۆر پێخۆش بوو. جاران لەناو باخچەکانی کۆیە کاتێک کوڕی باوکت و ئەوان گۆرانی و مەقامیان دەگوت، ئێمەومانان کە حەزمان لە دەنگی خۆش و ئەو دانیشتنانە بوو، شەرممان دەکرد بچینە لایان، بەڵام تەعقیبمان دەکرد تا بزانین لە چ شوێنێک دانیشتوون، دەچووینە نزیکیانەوە، بۆ ئەوەی گوێمان لەو گوتنانە بێت.

### (٤) بۆنەی کارکردن

جارێکیان ژوورێکمان دروست دەکرد، ئینجا پێش ئەوەی بانەکەی دارەڕێ بکەین، دیانەکان وەستای ئەم کارە بوون، قەمیشیان دادەناو وەک (چیخ) بە (بەن) شەتەکیان دەدا، بە جۆرێک بە هیچ شێوەیەک تەپ و تۆز لە سەربانەوە نەیەتە خوارێ، باوکم بەدوای سێوەی نارد، سێوە مەقام و گۆرانی دەگوت و دیانەکانیش ئەو کارەیان ئەنجام دەدا، کاتێکمان زانی ئەو خەڵکەی ناو قەیسەری نوێ و گوزەرەکە هەمووی هاتنە سەربانی قەیسەری، بەرانبەر بانەکەی ئێمە وەستان، بۆ ئەوەی بە باشی گوێیان لە دەنگی مامە سێوە بێت. شایانی باسە دیانەکان لە کاتی موو ڕستنیش لە ناو ڕەزەکانی کۆیە گۆرانییان گوتووە.

### (٥) شایی

جاران لە کۆیە شایی (٧) شەو و (٧) ڕۆژە و (٣) شەو و (٣) ڕۆژە هەبووە، بە تایبەتی ئاغا و کەسانی دەست ڕۆیشتوو، ئینجا هەندێ دەنگخۆشی تایبەت بەو بۆنانە هەبوون، بۆ نموونە (حەمە ساڵحی مەلایان، قالە کەچەڵ و هی دیکەش، مام قادر سەرچۆپی دەگرت و گۆرانی دەگوت، لە زۆر شاییدا ئیسماعیلی مەلا نووری (مەلایان)، سەرچۆپی دەگرت، هەندێ جار باوکیشت ئەحمەدی حەمە مەلا سەرچۆپی دەگرت.

پرسیم: ئەدی بۆنەی شین و لاواندنەوەی جوانەمەرگ و ستایش و سەردولکە؟

گوتی: ژنان نەیان دەهێشت ئێمەی گەنج و پیاو بە گشتی تخوونی ناو شینی ژنان بکەوین.

گوتم: وەک زانیومانە جەنابی مەلای گەورەی کۆیە ماوەیەکیش ئەندامی پەرلەمانی عیراق بووە؟

گوتی: کاک مەسعوود بۆی گێڕاینەوە، جارێکیان مامم لە بەغدا دەگەڕێتەوە، ئەوە ئەوکاتەی لە پەرلەمان نایبی کۆیە بوو، دێتە هەولێر و لە باداوان میوانی ماڵی مەلافەندی دەبێت، دوای ئەوەی لەگەڵ ئەو خەڵکە زۆرەی لە کۆیەوە بۆ پێشوازی هاتوون، بۆ (هەڵەجە) بۆ ماڵی (شێخ نەجمەدین) دەچن، شەوێک لەوێش دەمێننەوە، ڕۆژی دواتر دەچنە گوندی (ئاخوڕە)، کاک مەسعوود گوتی: خاڵە شێخ سەدر، کە دەبێتە برای شێخ نەجمەدین لە بەستی (شەرغە)ی لاوکێکی (سوارۆ)ی گوت، هەرچی لەوناوە بوو دەستی کردە گریان! مەبەستی کاکە عەلی ئەوە بوو: نەک هەر شێخ نەجمەدین، بگرە براکانیشی دەنگخۆش بوونە. کاکە عەلی هەروەها گوتی: ئەو سەردەمە لە خەتی ڕێی کۆیە و هەولێر دوو سێ (شوفێر) هەبوون! لەوانە (خەلۆ، محەمەد عەلی)، ئۆتۆمبیلەکانیش جۆری (تەنتە) بوون. دیسان گوتی: جارێکیان لە هەولێر دەگەڕاینەوە بۆ کۆیە، لە نزیک (سەلکی کافری) باوکم لە ئۆتۆمبیل دابەزی و دوو سێ بەردی هەڵگرتەوە! مامم لە جەنابی مەلای پرسی: نوورەدین ئەوە چ دەکەی؟ باوکم لە وەڵامدا گوتی: ئەوە (سەلک – سەر)ی کافرە، بۆیە بەردی پێدا دەدەم! مەلای گەورە فەرمووی: کوڕی بابم ئەوە کافر نییە! ئەوە سەری باپیرانی ئێمەیە لە کاتێک ئیسلامەکان هاتوون، لە شەڕدا کوژراون و لێرانە فڕێیان داون! کاکە عەلی گوتی: بەو قسەیە باوکم سارد بووەوە و بەردەکانی لە دەست کەوتنە خوارێ! جا ئەوکاتانەی لە چلەکان مەلای گەورە لە هەولێرەوە بۆ کۆیە دەگەڕایەوە، خەڵکێکی زۆر لە خزمان هەتا (چارتاقان) کە دەکەوێتە پشت گردی (قەمبەرگاوان)، بۆ پێشوازی کردنی دەهاتن، مەلای گەورە (ئەوە لە باداوان لە ماڵی مەلافەندی لە هەولێرەوە)، دوای نیوەڕۆیان بەڕێ دەکەوت، ئینجا گەلێ جار بانگی عیشایێ دەگەیشتە کۆیە! ئەمەش لەبەر ناخۆشی ڕێگاکە.

گوتم: وەک لە کەسانی پێش جەنابت بیستوومە، لە کۆیە لە (خانی گەورە)ی ماڵی (حەماغای کۆیە)، کاتێک کاروانچی هاتوونە، شەوان لەگەڵ دەنگخۆش و مەقامزانانی کۆیە، لەو خانەدا ئاهەنگییان سازداوە؟

گوتی: من لەو ئاهەنگانەدا چونکە گەنج بوومە و

دەبووایە ئێـواران زوو بگەڕێینەوە مـاڵەوە، ئامـادەی ئەو دانیشتنەی مەقام و گۆرانی ئامێزانە نەبوومە، بەڵام سەر لە ئێـواران بۆ ئەو ناوە دەچووین و کـاروانچـیـیـەکـانمان دەدیتن. هەروەها گـــوتی: لەو خـــانەدا هەندێ ژووری نهۆمی دووەمی هی دەوڵەمەندەکانی کۆیەی وەک: حاجی جەلال و حاجی مەجید بوون، لە بیرمە (عەبدولڕەحمان گیو) لەو خانە ژووری بە کرێ دەگرت، بە خۆی و ئامێری وێنە گرتنەوە دەهاتە کۆیە، وێنەی قـوتابیـان و خەڵکی دیکەی دەگرت، ئەوکاتە لە کۆیە هێشتا وێنەگر نەبوو. شـایانی باسە من و (حیـسامـەدین تەیب - شـەعب) لە کەرکووک ئەو کاری وێنە شووشتنەوەیە، لە وێنەگرێکی (دیان)ەوە، فێربووین و دواتر فێری (حەمەشوان و عەلی یا ڕابی)مان کرد. کاکە عەلی گوتی: جگە لەو خانانە کە میوان بە خۆ و وڵاخەوە بۆ پشوودان و حەسانەوە تێیاندا دەمـانەوە، گـەرمـاوەکـانی کـۆیەش دیاردەیەکی دیکەن بۆ زانینی ئەوەی کۆیە کاروانسەرا بووە، پێویستی کردووە، ئەو گـەرمـاوانەی تێدا بێت، وەک: گـەرمـاوی پیـسکان، ناوەند، حەمامی حەسەن ئاغای، چونکە لە کۆیە ئەوکاتە هەر مـاڵە ئەگـەر هەژاریش بوویێت، (سـەرشـۆرک - گـەرمـاو)ێکی هەبووە، بەڵام ئەوانەی باسـمـان کـردن بۆ مـیـوانەکـانی شـارەکـە بووە. هەروەها (ئەسـتـووک، یان کـــولێـــرە بەڕۆن) کـــە لە کـــۆیە هەبـووە، لە شـــاری (مـــووسڵ)یش ئەو کـــولێـــرە بەڕۆنە هەیە، چونکە وەک شاری کۆیە ئەویش کاروانسەرا بووە، دیسان بۆ ئەوەی بە پلەی یەکەم میـوانانی شارەکە سوودی لێ ببینن، ئەگینا خۆ هەر ماڵێکی کۆیی ئەوکاتە نانی خۆی بۆ خۆی ئامادە کردووە! دیسان لە کۆیە پێڵاوی کوردی جۆری (کاڵەک) هەبووە، کە پێسـتـەکەی زۆر بە هێز بووە و سـەریشی بە ئاوریشـمی ئەسـڵی دەگـیـرا، کـە بە ئاسـانی ڕەنگەکـەی ناچێتەوە. ئەوەتانی حاجی قادری نەمر دەفەرموێ:

**بەبیرت دێ زەمانێ چووینە باڵـەک**
**بە پێ خاوسی نە (کەوش)ت بوو نە (کاڵەک).**


**تێبینی:**
**ئـەم چاوپـێـکـەوتـنـە ڕۆژی پـێـنـج شــــــەممـە ڕێـکـەوتـی (٢/١٠/٢٠٠٨) لە هەولێر لە ماڵی خۆیان ئەنجام دراوە.**

# چەند جۆرە هەڵپەڕکێیەکی دەڤەری هەورامان

دارا محەمەد عوسمان هەورامانی
(هەورامان)

دەڤەری هەورامان هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ئەو هەڵپەڕکێیانەی کە لەدەڤەرەکەدا هەن، تایبەتن بە ناوچەی هەورامانەوە. ئەگەر لە ڕەگوڕیشەی وشەکە بکۆڵینەوە، کە لە چییەوە هاتووە؟ ئەوە لە دەڤەرەکەدا وشەکە پێی ناوترێت هەڵپەڕکێ، بەڵکو پێی دەوترێت: (هۆرپڕای) پێناسەکەشی بریتییە لە واتای ئاشتی، کە هێمنی و تەبایی بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی دەخاتە ناو ئەو چین و توێژانەوە، کە لەو بوارەدا بەکۆمەڵ ئاهەنگ و خۆشی سازدەکەن، بەتایبەتی لەکاتی شادی و ئاهەنگ و گۆڤەندا، چونکە واتای شادی، یان خۆشی، یان نەمانی ڕک و کینە دەگەیەنێ. هەروەها هەڵپەڕکێ باری دەروونی مرۆڤەکان بە هەموو چین و توێژەکان دەخەوێنێتەوە ئەگەر مرۆڤ باری دەروونی شێواو و ئاڵۆز بێت، ناتوانێت هەڵپەڕکێ، یان شادی خۆشی لەنێو دڵ و دەروونیدا چەکەرە بکات. ئەو هەڵپەڕکێیانەی کە لەدەڤەرەکەدا هەن، هەر یەکەیان بۆنەیەکیان هەیە.

دەستگرتنی مرۆڤەکان لەتەنیشت یەکەوە مانای ئازادی و خۆشەویستی و گیانی تەبایی دەدات و بەشێوازێکی ڕەوشتی بەرزانە، بەرەو ئاراستەیەکی خاوێن دەبات، هەورامانیش لەو سۆز و ئەڤینداریییە بێ بەش نەبووە، بگرە هەر لە ئەزەلەوە ئەو دیاردەیە لەنێوان چین و توێژەکاندا پەیدابووە، هەروەها لەکاتی هەڵپەڕیندا لاو و گەنجەکان، دەست دەکەن بەقریو قریو، هاوار هاواری شادی، سەداو سیمای ئەو دەنگانە ئاوێتەی یەکدی دەکات، هەروەها هەڵپەڕکێ عەشقێکی پیرۆزە، وزە بە دەروون دەدات، هەرچەندە ماندووبوونێکی فرە لەکاتی هەڵپەڕیندا پەیدا دەبێت، بەڵام ئەو کوڕ و لاوانە، هەرگیز مانای ماندووبوون نازانن، چونکە بەخۆشی و شادی ئەو



ئاواتانە دەهێننە دی. لەگۆڤاری ڕامان، ژمارە (٤١)دا (ئەحمەد سالار) دەڵێت(١): «مادەی عەشق لەسەر بنەمای هێز و وزە و توانا دەکرێ، مێشک و بیرو وریایی و خەیاڵ بەچێژی دڵا بێ» دیارە هەڵپەڕکێ جۆرە عەشقێکە، کە دڵ و دەروون بەرەو ڕەوشتی مرۆڤی بێ گەرد ئاراستە دەکات، ئەو توانایە کە لەلای لاوەکاندا هەیە، لە تەمەنی مام ناوەندی پیرەکاندا فرە بە کەمی بەرچاو دەکەوێت، بۆیە هەڵپەڕکێ توانا و وزەی دەوێت، مرۆڤ چالاک دەکات، چونکە ئەمیش جۆرە وەرزشێکە بۆ مێشک و گشت ئەندامانی لەشی مرۆڤ، یان لەکاتی وەستانی هەڵپەڕکێدا، لەناو گۆڕەپان و مەیدانی هەڵپەڕکێدا، جۆرە وتوویژێک لەنێوان چین و پۆلەکانی کوڕگەلدا دروست دەبێت، تا ماوەی وەستانەکە فرەتر بێت، ئاخافتنی خۆشەویستی و ئەڤینی و دلۆڤانی زیاتر دەبێت. ئەحمەد سالار لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت(٢): «کچێ زیتۆ، کاتێ لە گوزەرانی خۆم دەڕوانم و سەیری دەست و مەچەک و بازوو دەکەم، هەست بە بەشخوراوی خۆم دەکەم، هەست دەکەم بەچەشنەها پەڵپ و بیانوو، جۆرەها تەگەرە لەبەردەم ئاواتەکانما دادەنێن و سات بەسات ژیانم لێ تاڵ و تفت دەکەن»

ئەم جۆرە دیالۆگە لەکاتی ئەوەدا دێن کە کوڕ و کچ دەستیان لە مەیدانی زەماوەندا گرتووە، هەروەها ئەو وتەیەی مامۆستا ئەحمەد سالار وەک چۆن لەسەر شانۆ مرۆڤەکان باسی بەسەرهات و خێر و خۆشی خۆیان دەکەن، ئەوە وەک شانۆیەک لەنێوان هەڵپەڕکێکەراندا ڕوو دەدات، هەروەها وەک چۆن ڕاز و چیرۆکی خورشیدی خاوەر باسی ئەڤینی خاوێن دەکات، ئاوا ئەو لاو و گەنجانە باسی هات و نەهات و خێر و خۆشی خۆیان فەراهەم دەهێنن، لە هەوراماندا چینێک هەڵدەپەڕن، چینێک پشوو دەدەن. تا نۆرەیان دێتەوە، بۆیە ئەوە گۆرانیبێژ، یان دەهۆڵ و زوڕناژەن، دێنەوە بۆ لایان. لە هەورامانی سەرکەشدا هەڵپەڕکێ بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵناپەڕن، واتە چینێک، یان دوو چین هەڵدەپەڕن، دوو چین، یان سێ چین پشوو دەدەن. ئەوانەی کە پشوو دەدەن هەڵپەڕکێی (گێلای) زۆر هێمن و لەسەرخۆ دەکەن. ئەم هەڵپەڕکێیە، دیلانێ، یان دیدەکانێشی پێ دەوترێت. هەروەها ئەو جۆرە هەڵپەڕکێیانەی کە هەن، لەسەر بنەمای مۆرکی نەتەوەیی دەکرێن، ئەو گۆرانییانەش کە هەن، لەو سەرچاوەیەوە هەڵقوڵاون، جۆرە هەڵپەڕکێیەک هەیە لەکاتی بووک بردندا، کچانی ماڵە باوان هەندێ شیرینی بەدەستەوە دەگرن و لەبەر دەمی بووکێدا دەیبەخشنەوە، ئینجا سواری (ماین، ئەسپ، یان ئێستر)ی دەکەن. هەڵپەڕکێ لەگەڵ پەیدابوونی گرۆی مرۆڤدا، ئەم جۆرە هونەرە پەیدا بووە، ئەگەر بازدانیشی کردبێ، یان لەکاتی ڕاوکردنی ئاژەڵ، هەوڵی داوە بەراکردن، یان بە بازدان، لەناو (مەڕی سەرگەتدا) واتە لەناو ئەشکەوتی گوندی سەرگەتدا ئەم دیاردەیە لە هەوراماندا هەیە، لەگۆڤاری ڕامان، ژمارە «٢٩» بورهان هەژار دەڵێت(٣): «بێ گومان هەر لە چەرخەکانی بەرینەوە تا ئیمڕۆ هونەر چاکترین هۆی دەربڕینە و بۆتە

هاوڕێی ژیانی مرۆڤ، هەر بەهۆی هونەریشەوە، دەتوانێ نهێنییەکانی ژیان و سروشت بدۆزێتەوە، چارەسەری ناکۆکییان بۆ بکات و دەستیان بەسەردا بگرێت..).
دەتوانم بڵێم هونەری هەڵپەڕکێ لە هەموو بەشەکانی تری هونەر زیاتر کێشە و گیروگرفتەکانی ناو چین و توێژەکان چارەسەر دەکات، چونکە واتای ئاشتی و ئاسوودەیی بە گشت مرۆڤەکان دەبەخشێت، هونەری هەڵپەڕکێ فەرهەنگی کۆمەڵایەتی فراوان دەکات. لەگۆڤاری ڕامان، ژمارە «٢٩»دا (حوسێن ئیندەر قاشی) دەڵێت(٤): «مرۆڤ شادی و خۆشی دژ بە ترس و ژانی تاقی کردووەتەوە، هەر بەم بۆنەیەوە بە پێکهێنانی دەنگی بەکۆمەڵ، ترسی خۆی بەتایبەت لەکارە هەرەوەزییەکاندا وەک ڕاو و شکار و کۆچباریدا کەم کردووەتەوە»

واتە هونەری هەڵپەڕکێ غەم و پەژارە لە دڵ و دەروونی مرۆڤەکاندا ناهێڵێ و شادی و خۆشەویستی، ئەمەکی بەتوانایی لەناو پۆلەکانی میللەت دیاری دەکات، ئەو دەمەی مرۆڤ هاتە مەیدانی کارکردن، لەو ساتەوە تا ئەمڕۆ هونەری هەڵپەڕکێ سەری هەڵداوە. لەکتێبی لێدوانێکی کورت لەمەقام و مۆسیقای کورد (عوسمان شاربازێڕی) دەڵێت(٥): «گۆرانی و ئاهەنگ ئەم گۆرانییانە بریتین لە بەستەی سەماکار و چەپڵەدار و خاوەن (ڕیتمی) خێرا و بەجۆشن بۆ کەم کردنی بەزم و ڕەزم- ئەم بابەتانە وەک گۆرانی «شایی و چۆپی و شەوارە، خەتەنە سووران، بووک گواستنەوە». ئاهەنگ و گۆڤەند و زەماوەند و شادی و هەڵپەڕکێ، یەک ئەوی دی تەواو دەکات، ئەگەر ئارەزوو لەخۆشی و شادی نەیەتە دی، ئەوە هەڵپەڕکێ سارد و سڕ دەبێت، جاری وا هەیە هەڵپەڕکێ بۆ عیشقی خودایی دێتە مەیدانەوە، کاتێک ئەو مرۆڤە پاکانە دڵ و دەروونیان وەک ئاوێنەیەکی بێ لەکەیە، بەرانبەر بەو عیشقە مەزنە هەروەک مەولەوی ئاسا دەفەرمووێت:

**«ساقی ئامانەن نەشۆ جەویرت**
**وە فەریادم ڕەس تۆ عەشقی بیرت»**

ئەو ساقییە، ئەو ئامانە. هەمووی لەبەر عیشقی یەزدانییە، بەتایبەتی سۆفیان و دەروێشان، ئەوەندە هەڵبەز و دابەز دەکەن بەشێوەی بازنەیی هەندێ جار هاوار و (مەی) بەکار دەهێنن، ئەوەندەی تر ئەو هەڵپەڕکێیە تاو دەدات.

هەڵپەڕکێی دەروێشان تایبەتە بە (تەکییە و خانەقاکان) کاتێ دەروێشان هەڵدەبەزن (بەدەف و لوولە) هەڵپەڕکێی شێخانە دەست پێ دەکەن. هەڵپەڕکێ لەگەڵ زیل و بەم، یان (ڕیتم) لە یەک ئاستی یەکتریدابن، چونکە هەڵپەڕکێ بەشێکی هونەری لێزانینە، هەر بەشێکی لەسەر ڕێسای تایبەتی خۆی دەڕوات، بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە هونەری هەڵپەڕکێ دەکەن، دەبێت هەر هەموویان وەک سەرچۆپی کێش قاچی ڕاستی، یان قاچی چەپی چۆن دەجوولێنێتەوە، دەبێت هەموویان وەک یەک و وەک سەرچۆپی کێش بن. بەشێوەیەکی گشتی چۆن هونەر پێناسەی میللەتە، ئاواش هونەری هەڵپەڕکێ بەشێکی تایبەتی ئەو هونەر و فەرهەنگەیە، کە ئازیزانەکان لە نیشتمانی دەوڵەتی (ماد)دا پەیڕەوییان دەکرد. هەموو گەلان هەڵپەڕکێی خۆیان هەیە کە ئەو جۆرە هەڵپەڕکێیە پێی دەوترێت (دانس) و موزیکی جازی لەگەڵدا دەگونجێ، بەڵام جۆرەکانی هەڵپەڕکێی هەورامان لەگەڵ [شمشاڵ و دەهۆڵ و زوڕنا و دەف] بە ئەنجامێکی ڕاستەقینە ئەو بوارە ڕازاوەتر و بەپێز و نەخشەدار دەکات.

هەڵپەڕکێ جۆرە شانۆگەرییەکی تایبەتە کە هەر ئەو میللەتە، ئەو تایبەتمەندییەی خۆی هەیە کە لەمیللەتانی دی جیهان جیای دەکاتەوە. بۆ نموونە (هەڵپەڕکێی ئاگرە سوورە)، ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیە باسی بەراورد دەکات بە هاوار و هەراو هۆریا، ئازیزان دەتوانن جۆرە هەڵپەڕکێیەکی شانۆیی لێ دروست بکەن. لەگۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٢)دا (بێژەن کامکار) دەڵێت(٦): «کورد و هەڵپەڕکێ لێک جیا نین، چونکە هەڵپەڕکێ بەتایبەتی لە ئیسلامدا حەرام کرابوو، یاساغ کرابوو، ڕیتم و جووڵەش شتێک نەبوو جگە لە ئاڵوگۆڕێکی نێوان هەڵپەڕکێکار و مۆسیقاژەنان، بەڵام ئەو شوێنانەی کە مۆسیقای فۆلکلۆرییان هەبوو، وەک کوردستان- کە نموونەیەکی بەرچاوە، چونکە هەمیشە سەما و هەڵپەڕکێ هەبووە، تەنانەت لەڕێوڕەسمی مەزهەبی و تازیە باریشدا، یان کە دایکێک ئازیزێکی لە دەست داوە، لەپێش تەرمی مردووەکەی هەڵپەڕیوە، هەم لە کۆڕی شین و هەم لەکۆڕی شاییدا سەما و هەڵپەڕکێ هەیە...). هەڵبەت ئەمڕۆ ئەم هونەرە فرە بەشێوەیەکی زەریف پەرەی سەندووە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە، زۆر بەگاڵتە و گەپەوە بێت، بگرە ئەم هونەرە ئەوەندە بابەتی زۆری هەیە، هەر لەناو کوردستاندا حەفتاو دوو جۆرە هەڵپەڕکێ هەیە. هەر چۆنێک بێ ئەم پەیڤە لەناو وڵاتدا هەریەکە لەو هەڵپەڕکێیانە، ناوی تایبەتی خۆی هەیە.

من دەڵێم، ئەو (دەفە)ی کە سۆفییان، یان دەروێشان بەکاری دەهێنن کاتێ هەڵدەپەڕن، یان چەمانەوە و دابەزین دەکەن، ئەویش هەست و نەستی ئەو مرۆڤانە دەجوولێنێ کە ڕوحی سۆفی و دەروێشان، دەخاتە بواری بارێکی فرە قووڵەوە کە دڵ و دەروونیان چەخماخە دەدات و ئەو بوارە هونەرییە بەرهەم دێت، یان لەناو ئەو لاوانەی کە تازە پێدەگەن عیشق و سۆزی خاوێن لەنێوانیاندا دروست دەبێت، یان بەهۆی ئەو ئەوینەوە هەڵپەرکێی جۆراوجۆر بە ئاواز و گۆرانی تایبەت بەو بوارە دروست دەبێت. ئەگەر ئەم هونەرە لە بناغەوە نەبووبێت بەزۆری و زۆرداری دروست نابێ، بەڵکو هونەری هەڵپەرکێ لەگەڵ میللەتەکەدا هاتووەتە مەیدانەوە، ئەم هونەرەش پەیدابووە. کاتێک کە منداڵێک لەدایک دەبێت و دەگاتە [٧-٨] مانگی، دایک منداڵەکە هەڵدەپەڕێنێ و پێدەکەنێ و زەردەخەنە دەکات. لەمێژووی مۆسیقای کوردیدا (محەممەدی حەمە باقی) دەڵێت(٧): «لەنێوان تەمەنی ئەم لە دایک بوون و مردنەشدا هەمیشە مۆسیقا و گۆرانی هاوڕێی ژیانی منداڵی و مێردمنداڵی و لاویەتی و پیریەتی مرۆڤی کورد بووە، کە تێکرای یاری و کایەی منداڵانەیی و قۆناغەکانی بەرەو دوایی ژیانی، هەر لە کارو پیشەی ڕۆژانەییەوە، تا قۆناغی عیشقی و ئاهەنگەکانی شادی و زەماوەند شەوگەڕ و گۆوەند و خەم و خەونییەوە هەر بەگۆرانی و مۆسیقا بووە..). هەموو شادی و خۆشی هەستی دەروونی ناخی مرۆڤ دەجوولێنێ و ئەو گۆرانی و بەزم و ڕەزمەش جۆرەکانی هەڵپەرکێ دروست دەکەن.

ئەو مرۆڤانەی کە خەمۆکن، ناتوانن نە گۆرانی و نە مۆسیقا و نە هەڵپەرکێ بهێننە ئەنجام. لەگۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٢)دا (بێژەن کامکار)ی هونەرمەند دەڵێت(٨): «تەنانەت خووزستانییەکان سەرەڕای ئەوەی ئامێری (دەمام)ی بەو جوانی و پڕ شکۆییەیان هەیە، ئێستا کەڵک لە (دەف) وەردەگرن، ئێستا لە ئیسفەهان، لەگشت ئێراندا (دەف) بووەتە زانستی و هەموو مۆسیقای ئێرانی گرتۆتەوە، دیارە بەکاریگەری مۆسیقا و ڕیتمە کوردییەکانەوە». کەواتە هەڵپەرکێ لەگەڵ هەموو جۆرە ڕیتمەکان-دا فرە بەزەریفی دەلوێت.

هەڵپەرکێ هەموو جۆرەکانی چەپلە و گۆرانی خاو و گۆرانی گێلاوی و گۆرانی چەمەری بە هەردوو بەشەکەیەوە لەگەڵ جۆرەکانی هەڵپەرکێدا دەگونجێت، نابێت ئێمە بەهیچ جۆرێک لاسایی بکەینەوە، ئەگەر



جۆرەکانی هەڵپەرکێ لەهەوراماندا بژێنینەوە، ئەوە چیتر پێویستمان بەچاولێکەری و لاسایی کردنەوە نییە. بۆ نموونە ئێمە سەمای فەرەنسی، یان (رقص) عەرەبی بکەین بە موڵکی نەتەوایەتیمان. لەگۆڤاری ڕامان، ژمارە «٢٨» هونەرمەند (عەزیزی شارۆخ) دەڵێت(٩): «بوونی دەهۆڵ و زوڕنا و گۆرانیبێژی تایبەتی هەڵپەڕین، دانیشتن و مێشک و ڕوحی بەشداربووان بە ڕوحێکی باش بە ئاوازێکی ئارام و دڵگیر دوور لە هەراوهۆریا زاخاو بدا، زەمان ئەو مرۆڤە دروست دەکات، ئەو وەختەش هەڵپەڕین هەبووە و گۆرانیبێژانیش هەبوون..).

بەپێی ئەم بۆچوونە مەرج نییە هەڵپەرکێ هەراو هۆریای لەگەڵدا بێت، بەڵکو فرە جار ئەو هەڵپەرکێیانە باری ژیاری و شارستانییەتی بوونی، ئەو نەتەوەیە بەهونەری بەرز نیشان بدات. بوونی ئامێرەکانی [دەف، شمشاڵ، تەنبووری زەردەشتی) هەڵپەرکێی جۆراوجۆر و ئاوازی سیاچەمانەی بەرزە چڕ، ئەو هەڵپەرکێیانە گیانی بەرزیان بەبەردا دەکرێت، لە کتێبی ئەندێشەی موزیکدا هاتووە(١٠): «سەماش شتێک بوو بەواتای یەک نموونەیی ڕەزمی، کە بە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، سەرەتاییەکانی موزیکی بەزەحمەتێکی گەورە گەیشتن و لەو ڕێگەیەدا سوود لە بەهرە و توانای لەبەرچاوی مرۆڤ لە بەکارهێنانی دەستەکان، پەنجەکان و پێیەکان و جوولەکانی قۆڵ و پەنجەکان و سەرو جەستە لە سەما ئاینییەکان وەرگیراوە». بەپێی هەندێ ڕاوبۆچوون زۆربەی بابەتە دینییەکان سەرچاوەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئایین بایەخیان پێ دەدات، جا هەڵپەرکێ بێ، یان هونەری شێوەکاری، یان گۆرانی مەزهەبی، یان دینی، بەڵگەش بۆ ئەوە، ئاوازی هۆرە و سیاچەمانە لەسەرچاوەی دینی زەردەشتەوە لەنگەر دەگرن. جۆر و

ئاواز و هەڵپەڕکێ لەگەڵ ڕێو ڕێچکەی ئایینە جۆراوجۆرەکانی ئاسمانی فەراهەم هاتوون، سروشتی ئەو هەڵپەڕکێیانەش لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دی جیاوازە و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. لەکتێبی سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواریدا (شوکور مستەفا) دەڵێت(١١): «یەکێ کە وێنەی کەڵەکێویەکی لەسەر دیواری ئەشکەوتێک کێشاوە و تیرێکی تێ سرەواندووە، ئەوە جادووی لێ کردووە لەو بڕوایەدا بووە کە بێ سێ و دوو، کە کەڵە کێوییەکە دەنگێوێ، هەر لە سایەی ئەم ئایینەوە هونەری نیگارکێشی و موزیک و سەماو هەڵپەڕکێ و ئایینی دەروێشی و تاد.. پەیدا بووە. زۆر لە سەما و سترانەکان وەختی خۆی بۆ وەی و گەزەند لەخۆ دوورخستنەوە و خێر و بێری لەخۆوە نزیک خستنەوە بووە..». ڕیزبەندی هەڵپەڕکێ لەسەر ئاستی خۆشەویستی دادەمەزرێ، چونکە سەما و خۆڕازاندنەوە بۆ هەڵپەڕکێ لەگیانێکی بەرزەوە دێت و ئەو گیانانە ئاوێتەی خۆشی و هەست و ئەڤینێکی سازشکار و دروست، بە ڕێنمایی ناو کۆمەڵ و دابونەریت دەبێت.

لەگۆڤاری شاکاری ژمارە «٣٠» ساڵی ٢٠٠٧دا هاتووە(١٢): «موزیک نیعمەتێکە یەزدان بارانوویەتی بەسەرماندا، کە لێوەی گەلان و میللەتان ئارام و نەرم دەبنەوە، بەسرووده بەرزەکانی دەپارێتەوە بۆ پەروەردگار... سەماکان وەک سویت، جاخوت، بۆڵگا، کازوگا، پۆڵۆنیز، برلیۆد، بالادە. ئەو سەما و هەڵپەڕکێیانە کە هونەرمەندان ڕۆژانە لەگەڵیدا ئاوێزانن، مەرج نییە هەموویان لایەنی خراپە بگرن، هەروەکو ئاماژەم پێکرد هەیانە لە عیشقێکی خاوێن هەڵقوڵاوە، بەڵکو لەهەندێ لەو هەڵپەڕکێیانە شۆڵەی یەکتاپەرستی بەسەریاندا زاڵە وەک کوورەی ئەو دەروێشانەی کە لەتەکییە و خانەکاندا لەبۆنەو (یەزنەکان)دا، واتە جەژنەکاندا دووبارە دەبێتەوە. لەگۆڤاری (چلاواز)ی ژمارە(٨)دا هاتووە(١٣): «لیۆناردۆ داڤنشی دەڵێت: هەموو وێنەیەکی سروشتی ڕیتمێکی شەپۆلدارە، سروشتی ڕاستەقینەش بۆ هەموو بوونەوەرێک، لەبەرزبوونەوە و نزم بوونەوەدا، دوا بەدوای یەکدا دەبینرێ، کە فۆڕمە شەپۆلەکان پیشانمان دەدەن..».

جووڵەی مرۆڤەکان بۆ جۆری سەماکان خۆی لەخۆیدا ڕیتمن، ڕیتم هەیە لەسەرخۆیە، ڕیتم هەیە مامناوەندە، یان خێرایە، یان خێراترە کە لە جۆرەکانی «هۆرپڕایدا» ئەم جۆرە ڕیتمانە بەدی دەکرێن. وەک هەموو ئاوازەکانی (وردە بەزم، چەپڵە گێلای، خاو زارۆڵا، دەرەیی، بووک بردن، سیاچەمانە) ئەمەش جۆرەکانی هەڵپەڕکێی هەورامانە وەک:

(١) هەڵپەڕکێی چەپی: ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیە لەسەرخۆ و هێمنە، هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دەست دەگرن و پێیەک بۆ پێشەوە و پێیەک بۆ دواوە و بەم جۆرە هەڵپەڕکێکە پێک دێت، ئەمە گۆرانی چەپڵەی لەگەڵدا دەوترێت وەک؛ دیسان دووبارە، کەنیشکە و کاڵەکەم، خڕەلێ باوانم....تاد.

**«خڕەلێ باوانم باوانی باوانم باوانی باوانم**
**ئاماکەی شەوێت وەبان چەمانم».**

(٢) هەڵپەڕکێی فەتاح پاشایی: ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیە زۆر لە هەوراماندا باوە و دەستەی هەڵپەڕکێکەران سێ جار لەسەر یەک پێ بەیەک شوێندا دەدەن و ئینجا هەڵبەزینەوەیەکی زۆر توند کە هەموو ئەندامیان وەک یەک، بەیەک ئاراستەیە، چۆن سەرچۆپیکێش دەجووڵێتەوە، ئەوە ئەو دەستەیەش بە هەمان شێوە دەجووڵێنەوە ئەمەش گۆرانی چەپڵەی لەگەڵدا دەلوێت، بەڵام بەڕیتمی زۆر خێراتر. وەک بەرزی بەرزی، هۆ گوڵ هۆگوڵ، شرینە و خانم، خەجێ ئامان خەجێ..تاد

**«خەجێ ئامان خەجێ بەگڵە ژاڵەبێ**
**دایم جە سنعی چواردە ساڵە بێ**
**خەجێ ئامان خەجێ گیانم خەجیجە**
**ماچی کەوەکەی ملەی هەجیجە...»**

(٣) هەڵپەڕکێی گێلایی: لەم جۆرەیاندا کە لەمەیدانی هەڵپەڕیندا نازداران پۆل پۆل دەوەستن، هەندێ لەگۆرانیبێژان، یان دەنگخۆشان تا نۆبەی هەڵپەڕکێی فەتاح پاشایی و چەپێیان بۆ دێتەوە، ئەم جۆرە هەڵپەڕکێی گێلاییە دەکەن و لە شوێن خۆیاندا وەک شنەی با بەم دیوو ئەو دیودا ئەم هەڵپەڕکێیە ئەنجام دەدەن. ئەوەش هەموو ئاوازەکانی خاویان لەگەڵدا دەگونجێن وەک. یاران یاران، ژەنگیانە بووشین لار، چەمە ڕەشەکاڵێ، هاوار بەبێ تۆ..

**«ئەی یاران یاران یارانا بەیدێ**
**یا نەو نادارام نیشانە دەیدێ**
**یاران کێتەروەن وەک من ماتەم بۆ**
**وەهارش پاییز، پاییزش خەم بۆ**
**من خوا خواما، ئی کارە کەی بۆ؟**
**پەنجەی خەنەینت وەبانی بەی بۆ**

**ئەی یاران، یاران، یارانا لۆ دێ
یانە و خاڵخاسام، تەماشە دەیدێ»**

(٤) هەڵپەڕکێی شارۆخی: هەڵپەڕکێیەکە لەسەر وەزنی گۆرانی ئامەکوڵێ بەشێوەی بازنەیی سازدەکرێ مرۆڤەکان دەبێت بەلایەنی کەمەوە پەنجا کەس زیاتر بن، لەناو بازنە گەورەکەدا هەڵپەڕکێکەرانی دی دێن، کە بەشێوەی بازنەی بچووک دەبێت، ژمارەیان بیست و پێنج مرۆڤ دەبن، ئینجا دەهۆڵ و زوڕناژەن و گۆرانیبێژان لەناو هەردوو بازنەکە، گۆرانی دەڵێن و دەهۆڵ و زوڕنا یەک لەدوای یەک ساز دەکرێت، ئەم گۆرانییانە دەوترێن بەتایبەتی کەمەرە، شل ئامین وەی وەی ئامین، عەدلەکە، وەی وەی باڵا بەرز، ئامە کولی... ئەمەش نموونەی گۆرانی ئامە کوڵییە کە دەڵێت(١٤):

**«ئامە کوڵێ گیان فاتە کوڵێ فال جەمیرا وا
چی بییەی کاسەی خوێن ڕژیای بەم ناوا
ئازیز پرسیاری (عەیب و عار) نییا
ئیساڵ مەیلەکەت وێنەی پار نییا
ئازیز مەکەرو دۆعای مەردەنت
هەرچی و دەینما کۆڵێ گەردەنت
ئازیز بەگیانت نیم گیانم مەنەن
ئانیم گیانیچمە بە تۆوە بەندەن»**

(٥) سینە دەرپەڕاندن: ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیە پۆلێ هەڵپەڕکێکەران جارێک بۆ دواوە سنگ دەردەپەڕێنن و جاری دووەم ڕێک دەبنەوە، بۆ جاری سێیەم، دیسان سنگ دەردەپەڕێنن، ئەم جۆرە فرە پەیوەستە بە ئافرەتانەوە و گۆرانی و دەهۆڵ، یان شمشاڵ لەگەڵ ئەم جۆرەدا زۆر بەچاکی بۆی دەلوێ دەرکەوێ. نموونەی گۆرانییەکە بەم شێوەیە دەبێت:

**«ئای پەری پەری گوڵ پەری زادە(١٥)
ڕەحمەت لەو دایکەی تەمیێی تۆی داوە
سەر کەرە سەرین دەمۆ دڵوەشی
دەردە و تۆمە نەما چاش نەوەشی»**

چەندان جۆری تری هەڵپەڕکێ لە دەڤەرەکەدا بەدی دەکرێن، بەڵام ئەمە بابەتێکی دوور و درێژە، هەروەکو ئاماژەم پێدا «٧٢» جۆرە هەڵپەڕکێی کوردەواری هەن، کە بەشی شێریان بەر دەڤەری هەورامانی سەرکەش دەکەون، بۆیە کۆتایی بابەتەکەم بەم چەند دێرە هۆزانەی (مەولەوی) دەهێنم، کە بۆ هەموو جۆرە ئاوازێکی هەورامانی و بۆ هەموو هەڵپەڕکێیەکان زۆر بەباشی دەلوێت کە بەم شێوەیە دەفەرموویت(١٦):

**«مایەم نارەواج دەروونم تەنگەن
قافڵەم تاقام قیامەت لەنگەن
وە بازارە دا وەبانگ بێ شەرم
مەگێلاو مەوات وەزایڵەی گەرم
بازارش کەساس، ڕای بەندەرش بەند
کەس نمە واچۆ سەرمایەش بەچەند»**

**سەرچاوەکان:**
**١- ئەحمەد سالار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٤١) ساڵی ١٩٩٩، هەولێر.**
**٢- ئەحمەد سالار، هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
**٣- بورهان هەژار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٩) ساڵی ١٩٩٨، هەولێر.**
**٤- حوسێن ئیندرقاشی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٩) ساڵی ١٩٩٨، هەولێر.**
**٥- عوسمان شارباژێری، لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کوردی، ساڵی ١٩٧٢، چاپی یەکەم- سلێمانی.**
**٦- بێژەن کامکار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٢) ساڵی ٢٠٠٠، هەولێر.**
**٧- محەمەدی حەمەباقی، مێژووی مۆسیقای کوردی، ساڵی ١٩٩٦، چاپی یەکەم- ئێران.**
**٨- بێژەن کامکار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٢) ساڵی ٢٠٠٠، هەولێر.**
**٩- عەزیز شارۆخ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٨) ساڵی ١٩٩٨، هەولێر.**
**١٠- سیدنی فینگنیشتاین- دەربڕینی ئەندیشە لە موزیکدا، ساڵی ٢٠٠٥ چاپی یەکەم- سلێمانی.**
**١١- شوکور مستەفا، سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری ساڵی ٢٠٠٦ چاپی یەکەم- هەولێر.**
**١٢- عادل محەمەد کەریم، گۆڤاری شاکار، ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٩٧، سلێمانی.**
**١٣- ڕەحیم سابیر، گۆڤاری چلاواز، ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٠٦، هەولێر.**
**١٤- دارا محەمەد عوسمان هەورامانی، فۆلکلۆری هەورامان، چاپ نەکراوە.**
**١٥- دارا محەمەد عوسمان هەورامانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
**١٦- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەولەوی، ساڵی ٢٠٠٦ چاپی یەکەم- سلێمانی.**

# ڕۆژێک تا نەفخی سوور

**جەبار سابیر**
**(سلێمانی)**




دووەمین جـەنگی جـیـهـانـی بووە هەوێنی دەیان شاکاری مەزن لەبواری ڕۆمـــاندا، دەیان ناوی درەوشـــاوەی بواری ڕۆمان کە هەندێکیان خەڵاتی نۆبڵـــیـــان وەرگـــرتووە، بەرهەمی توندوتیـژی و خوێن ڕشتنەکـانی ئەو جەنگە بوون، ڕەنگە تاقە دەسکەوتی مـــرۆڤـــایەتی لـەو جـــەنگەدا ئەو ڕۆمانانە بن کە ئێستا لەبەردەستی ئێمەدان. (جەنگیز ئایتماتۆڤ) یەک لەو ڕۆمـــاننووســانەیە کــە لەدەمی جــەنگەکــەدا لەتافی لاویدا بووە و زۆرینەی کـارەکـانیـشی شوێنەواری ئەو جەنگەیان پێوە دیارە. هەمیشە لەبەردەم ڕۆمـانەکـانی ئـایتـمـاتۆڤـدا بەچۆکـــدا دێیت و نازانیت چی بکـەیت، ئـاخـــر ئەو لـەبـەردەم پەرجـــوویەکـــدا ڕاتدەگـــرێت، پەرجـــوویەک کـــە ڕەنگە هەر ئایتـماتۆڤ بتوانێت بیخولقێنێت. پێت سەیرە ئەم پیـاوە چەشنی تەون کەرێک ڕۆمانەکانی دەچنێت و یاری بە وشـە و ڕسـتـەکـان دەکـات، هەر دەڵێیت وێنەکێشێکی زۆر کارامەیە و لەیەکـەم وەشاندنی فڵـچـەکـەیدا فـیگەرێکت دەداتێ. شـێـوازی ئەم ڕۆمـــاننووســـە تێکەڵەیەکـــە لە تەکـنیـکی هـونەری و وەســـــفـی بەردەوامی سروشت، کە ئەمە زیاتر لەکـــلاســـیکەوە نزیکە، بەڵام وەسفێکە درێژدادڕییەکەی بێزارت ناکـات، ئەو وشـیـارانە ڕۆڵەکـان دابەش دەکـات و کـارەکـتـەرەکـانی ناخـاتە چوارچێـوەیەکی تـەسکەوە و لێیان دەگەڕێت ئازاد بن و خۆیان بۆ خـــــــوێـنـەر ڕووت بـکـەنـەوە، ڕووتبوونەوەیەک کە ڕواڵەت و ناخ تێـــیدا دەگـەنە یەک و تخـووبێک نامێنێت.

(ڕۆژەکـــە لەســـەدەیەک درێژتر دەبێتەوە) ئەو ڕۆمانەی ئایتماتۆڤە کە ساڵانێکە و لەوەتای ئایتماتۆڤم ناســیـــوە بۆی دەگــەڕێم و دواجــار دەستم کـەوت و خـوێندمـەوە. وەک ڕۆمـانەکـانی تری ئەمـیش لەیەکـەم وشـەوە لـەگـەڵ خـۆی دەتبـات و تا

نەگەیتە کۆتایی داتنانیێت، وەک یەکەم وشە قاڵبیە ئەفسووناوییەکەی حەزرەتی سلێمان بێت و تۆش گەڕیدەیەکی تینووی خوێندنەوە.

لە دنیادا زۆر ڕۆماننووس هەن کە پێشتر چیرۆکنووس بوون، یەکێک لە چیرۆکەکانی خۆیان دێنن و هەڵیدەشێلن و لە هەویرەکەی جوانترین ڕۆمانت دەدەنێ. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێک ڕووداو ئەوەندە هەژێنەر و ترسناکن ناکرێت بیربچنەوە، نووسەر هەست دەکات مافی تەواوی نەداوەتە ڕووداوەکە و دەشێ زیاتر خۆی پێوە سەرقاڵ بکرێت. ڕۆماننووسی باش کتومت سروشتی هەنگی هەیە، لە هەڵمژینی ڕوحی شتەکانی دەوروبەری ڕۆمانی جوانت دەداتێ، هەنگیش لە هەڵمژینی هەڵاڵەی گوڵەکان هەنگوینت دەداتێ، هەنگوینێک کە هیچ کارگەیەک ناتوانێ دروستی بکات. ئایتماتۆڤ ڕۆمانێکی هەیە بەناوی (هەورە سپییەکەی جەنگیز خان، یان ئیعدامێک لەسارۆزیک*) لەوێدا (یەدیگای بۆرانلی) گێڕەرەوەیە و (ئەبوو تاڵیب کۆتی بایڤ)یش پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە. لەم ڕۆمانەدا دوو چیرۆک ئاوێتەی یەکتر کراون و دوو سەردەمی زۆر دوور لەیەکتر پێکەوە بەستراونەتەوە، دوو سەرکردەی زۆر خوێنمژی مێژووی مرۆڤایەتیش دەکەونە بەر نەفرەتی ئایتماتۆڤ ئەوانیش (جەنگیزخانی مەغۆل و جۆزێف ستالین)ی سەرۆکی وڵاتی سۆڤیەتی کۆمۆنیزمی جارانە. ڕۆمانەکە لەدەوری ژیانی (ئەبوو تاڵیب) و خێزانەکەی دەخولێتەوە. ئەبوو تاڵیب کۆنە سەربازی یەکێتی سۆڤیەتە و لە جەنگی دووەمی جیهانیدا ماوەیەک لای ئەڵمانەکان دیل بووە و ماوەیەکیش لە یۆگۆسلاڤیا لەبەرەی هێزەکانی پشتیواندا جەنگاوە. ئەبوو تاڵیب وەک ناپاکێک بەرانبەر بە یەکیەتی سۆڤیەت و سەرکردە مەزنەکەی واتا (ستالین) لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت. ئەفسەری لێکۆڵەر ناوی (تانسیق بایڤە) لە ڕۆمانی (هەورە سپییەکە)دا ئەبوو تاڵیب کۆتی بایڤ لەداخی لێکۆڵینەوە خۆی دەخاتە ژێر یەکێک لە شەمەندەفەرەکانەوە و کۆتایی بەژیانی پڕ دەردەسەری خۆی دێنێ. ئایتماتۆڤ ئەو ڕووداوە، واتا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەبوو تاڵیب و کۆتی بایڤ و ئەو زوڵمەی لێی کراوە ئەوەندە کاری تێکردووە کە دیسان لە ڕۆمانی (ڕۆژەکە لەسەدەیەک درێژتر دەبێتەوە) چووەتەوە سەری و هەمان خێزانی کۆتی بایڤی هێناوە و ڕۆمانەکەی لەسەر بنیاد ناوە. چیرۆکی سەرەکی ئەم ڕۆمانە (پێنج سەد و پەنجا لاپەڕە)ییە ناشتنی تەرمی پیرەمێردێکە بەناوی (قازانگاپ) کە لە ڕۆمانی (هەورە سپییەکە)یشدا ڕۆڵی هەیە. قازانگاپ هاوڕێی تەمەنی یەدیگای بۆرانلییەو لەسەر وەسێتی خۆی دەبێت لە گۆڕستانی (ئانا بایت) بەخاکی بسپێرن، کە چەند کاتژمێرێک لە بۆرانلییەوە دوورە. دەوڵەتەکەی ستالین دەوڵەتێکی تۆتالیتاری بوو، بەبۆچوونی (هانا ئارێنت)یش دەوڵەتی تۆتالیتاری وەک دەوڵەتەکەی ستالین پێویستی بە کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی بەردەوامی خەڵک هەیە تا لەسەر پێی خۆی بوەستێت، چونکە لە دەوڵەتی تۆتالیتاریدا خوێنی مرۆڤ باشترین سووتەمەنییە بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی سەرۆکی فەرماندە. ستالین بەهاتنە سەرکاری لەدوای مردنی (لینین)ەوە دەستی بە پاکتاوکردنی ڕیزەکانی حزب کرد، کە لەسەرەوە واتا لە لووتکەی هەرەمەکەوە دەستی پێکرد و دواتر گەیشتە سەر تاک تاکی خەڵکیش. بەکۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی کە نزیکەی بیست ملیۆن کوژراو و دە ملیۆن بریندار و پەککەوتەی لێکەوتەوە، هەر سێ لایەنی براوەی شەڕ ئەمریکاو بەریتانیا لەلایەک وەک بەرەیەک و یەکیەتی سۆڤێتی کۆمۆنیستیش لەلایەکی ترەوە وەک بەرەیەک، کەوتنە دابەشکردنی میراتی هیتلەر و دەستکەوتی سەرکەوتنەکەیان لەو شەڕەدا. ئەمەش کارێکی وای کرد ستالین خۆی وەک هیتلەرێکی براوە دەربخات و لەو ناوەشدا دارودەستەکەی پەنایان بۆ هەموو جۆرە شێوازێکی ترس و تۆقاندن دەبرد تا ستالین پایەدار بێت. کۆتی بایڤ نموونەی تەواوی ئەو خەڵکەیە کە لە یەکێتی سۆڤێتی جاران بوونە قوربانی حەزە شێتانەییەکانی ستالین. لەوەختی بەڕێکردنی تەرمەکەی قازانگاپدا کە یەدیگاو چەند کەسێکی تر کەیەکیان کوڕی قازانگاپە بەرەو گۆڕستان یادەوەری یەدیگا دەڕواتەوە، ئەو ڕۆژەی کە

ئەبوو تاڵیب کۆتی بایڤ وەک یەکێک لە کرێکارەکانی وێستگەی شەمەندەفەر دێتە خاڵی بۆرانلی و دەبێتە دراوسێی یەدیگا.

ئەو لەکەیەی حکوومەتەکەی ستالین بە ئەبوو تاڵیبییەوە ناوە لە سەرانسەری خاکی یەکێتی سۆڤێتی جاراندا بۆ هەر کوێ بڕوات بەشوێنییەوە دەبێت و ئەمەش وا دەکات ناوبراو هەمیشە لەژێر چاودێری دەوڵەت و سیخوڕەکانیدا بێت، کە ئەو کات تەواوی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتیان تەنیبوو، لەهەر کوێ بوونایە بانگەشەی گەورەیی و پایەداری ستالینیان دەکرد، ئەمە جگە لەوەی خەڵک هەمیشە ترسیان لە ئەبوو تاڵیب هەبووە و وەک ناپاکێک لە قەڵەمیان داوە. کاتێکیش هەڵیانداوەتە خاڵی بۆرانلی بۆراناوا بۆ ئەوەی لە وێستگەیەکی شەمەندەفەردا کاربکات دیسان هەر بەشوێنییەوە بوون و هەمیشە چاودێری ڕەفتاریان کردووە، لەو گوندە دوورە دەستەدا ئەوە تەنیا یەدیگایە کە بەدڵ هاوڕێیەتی خۆی و دۆستایەتی خێزانەکەی بەگشتی دەکات و هەست بەبێ تاوانی کۆتی بایڤ دەکات. یەدیگای لەگەڕانەوەیدا بە یادەوەری خۆیدا هەموو ڕۆژان و مانگان و ساڵانی لەگەڵ کۆتی بایڤدا وەک فیلمێکی سینەمایی دێتە بەرچاو، تەنانەت ئەو چرکە ساتەی هەر لەبیرە کە هەواڵی مردنی کۆتی بایڤی پێدەگات، کە گوایا لەژێر ئەشکەنجە و لەدووری ماڵ و منداڵەکەی مردووە. ئەم یادەوەرییانە یەدیگای لەناخەوە دەهەژێنن و وێرانی دەکەن، بەڵام شتێکی تر لە هەموو یادەوەرییەکان زیاتر ئازاری دەدات، ئەو شتەیش عەشقی ئەوە بۆ (زەریفە)ی ژنی کۆتی بایڤ، عەشقێکە کە هەم ناپاکییە بەرامبەر کۆتی بایڤ و هەم دڵسۆزیشە بەوەی نایەوێت دوای مەرگی ئەو ژن و منداڵەکانی هەتیو بکەون. یەدیگا لە چرکەساتی بیرکردنەوە لەکۆتی بایڤ تەنیا ئەو چرکەساتە ئازاری دەدات کە بە منداڵەکانی زەریفەی ژنی کۆتی بایڤ دەڵێت: ناهێڵم بێ باوک بن، لەو چرکەیەوە ئیتر زەریفە ڕووی لێوەردەگێڕێت و هەر ئەو ڕۆژە بنەو بارگە دەپێچنەوە و لەو گوندە دەڕۆن و ئیتر بۆ یەکجاری شوێنە ون دەبن. یەدیگا هەست دەکات کە زەریفە لەبەر ئەو هەستەی ئەم گوندەی چۆڵ کردووە، ئەم خۆی بەتاوانبار دەزانێت لەمەڕ ئەوەی کە بەزەریفەی وتووە خۆشی دەوێت و بەنیازە بیکاتە ژنی خۆی، زەریفە نایەوێ ماڵی ئەمیش وێران بکات و ناپاکی بەرانبەر خێزانێک بکات، کە چەند ساڵە لەگەڵیان یەک ماڵن، نایەوێ ناپاکی لەژنی یەدیگا بکات، کە لە خوشک بۆی باشتربووە.

لێرەدا هەموو پرسە مرۆیی و سیاسییەکان یەکانگیر دەبن و پرسە مرۆییەکە سەردەکەوێت، لەسەردەمێکی ئاوها پڕ ژاوە ژاو و دەردەسەریدا، کەچی هێشتا مرۆڤە پاکەکان نایانەوێ ببنە ئازاری گیانی یەکتر، ئەو مرۆڤانەی لە هەموو شتێکیان کەمە، تەنیا سۆز و خۆشەویستی و ئەمەک نەبێت.

حکوومەتە دیکتاتۆرەکان، ئەو حکوومەتانەی تۆتالیتارییەت تێیاندا دەگاتە لووتکە کە سۆڤیەت نموونەی بەرچاوی ئەو حکوومەتانە بوو، هەمیشە مرۆڤ بەجۆرێک پەروەردە دەکەن کە دایک و باوکی خۆی نەناسێت و بەزەیی بەرانبەر کەس نەجوولێت، ئیتر لەو ناوەدا دوو جۆر مرۆڤ دروست دەبێت، یان زۆر میهرەبان و بەخشندە، یان زۆر دڕندە و ڕق لەدڵ، چونکە ئەوانە، یان دەبێت لەگەڵیان بیت، یان دەبێت دوژمنیان بیت. لەوێدا دارودەستەکەی ستالین لەو جۆرە مرۆڤە دڕندە و دڵڕەقانەن، کە ژیان بە ئەبوو تاڵیبێکی سادە و ساکار ڕەوا نابینن و یەدیگا و زەریفە و ئەبوو تاڵیبیش لەو جۆرە مرۆڤانەن، کە بەخشندە و میهرەبانن و هەرگیز مل بۆ غەریزە کێوییەکانی خۆیان نادەن. ڕاستە یەدیگا عەشقی زەریفە دەبێت و ئەمەش مانای ناپاکییە، بەڵام ئەم عەشقەی یەدیگا لایەنێکی مرۆیی تێدایە بەوەی نایەوێ زەریفە و منداڵەکانی ئەبوو تاڵیبی لەبەرچاو ون بێت، ئەمە جگە لەوەی کە هەمیشە ئەبوو تاڵیبی وەک کەسێکی بێ تاوان و سادە ناسیوە و خۆشی ویستووە. ئەم دەزانێ زەریفە و منداڵەکانی چەندە بێ کەس و پشت و پەنان و نەبوونی ئەبوو تاڵیب ژیانیان وێران دەکات.

ئەو شوێنەی کە بڕیارە تەرمەکەی لێ بنێژن، گۆڕستانێکە چەند کیلۆمەترێک لە بۆرانلییەوە دوورە، قازانگاپیش وەسیەتی کردووە لەوێ بەخاکی بسپێرن، چوون ئەوێ دێرینترین گۆڕستانی ناوچەکەیە و

نەریتی خەڵکی کۆمارەکانی سۆڤیەتی جارانیش هەندێک ڕۆژهەڵاتیانەیە و وەسیەتی مرۆڤ بۆ بەخاکسپاردنی تەرم بەجێ دەهێنن. ئەو گۆڕستانەکە بەناوی کەسێکەوە ناونراوە کە وەک ئەفسانەی لێهاتووە و دەماودەم لەناوچەکەدا ماوەتەوە، ئەو کەسە ژنێکە بەناوی (ئانابایت) کە ڕۆژێک لە سەردەمانێکی دێریندا دەسەڵاتێکی هاوشێوەی ستالین، کوڕەکەی وەک کۆیلە دەبەن و دەیکەنە شوانی حوشتر و یادەوەری دەسڕنەوە و قسەی لەبیر دەبەنەوە، کاتێکیش ئانابایتی دایک دەچێت کوڕەکەی ببینێتەوە هەرچەند دەکات ناتوانێ کوڕەکەی وا لێ بکات دایکی بناسێتەوە و بەدایکە بانگی ناکات، چەند جارێک دەچێت و دواجار پیاوانی دەسەڵات کوڕەکەی فێردەکەن کە دایکی هاتەوە تیرێکی پێوەنێ و بیکوژێت، ئیتر ئەوە ڕوودەدات و کوڕە دایکی خۆی دەکوژێت و ئەو شوێنە بەناوی ئەوەوە دەکەن و تا ئێستایش، واتا تادەمی مردنی قازانگاپ، ئەو گۆڕستانە ناوی (ئانابایت)ە، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە یەدیگا دەیەوێ تەرمی قازانگاپ لەوێ بنێژێت، ئەو ڕۆژەی هێندەی سەدەیەک درێژ دەبێتەوە، لەو ڕۆژەدا کتوپڕ ئەو گۆڕستانە دەبێتە شوێنێکی تر، شوێنێک کە هەر حکوومەتەکەی ستالین زانیویەتی چییە. کاتێک دەگەنە گۆڕستانەکە و لەگەڵ سەربازەکان دەیکەنە مشتومڕ، ڕێگەی ناشتنی تەرمەکەیان پێنادەن و دەڵێن: ئەم گۆڕستانە تەخت دەکرێت، تەقینەوەیەکی گەورە ناوچەکە دەهەژێنێ و یەدیگاش بەسواری حوشترەکەوە سەر لێشێواوانە بەو ناوەدا ڕادەکات.

ئەو دوو بلۆکە (سەرمایەداری و سۆسیالیستی)یە دەیانزانی چیتر لەسەر زەمین ناتوانن کۆنترۆڵی یەکتر بکەن، بۆیە بەنیاز بوون لە ئاسمانەوە یەکتر بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و ئاسمان بکەنە بەشێک لە قەڵەمڕەوی خۆیان. گۆڕستانی ئانابایت لەلایەن دەسەڵاتی ستالینەوە بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی ئاسمانی تەرخان کراوە، تا لەوێوە ڕکەبەری بنکە ئاسمانییەکانی ئەمەریکاو سەرمایەداری بکەن و خۆیان بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک ئامادە بکەن کە گەر ڕوویدابا مرۆڤایەتی بەجارێک فەنا دەبوو.


ئایتماتۆڤ لەم ڕۆمانە و ڕۆمانی (هەورە سپییەکە)شدا کەم و زۆر دەیەوێ قسە لەسەر ئاکامە ترسناکەکانی جەنگی ساردی نێوان هەردوو جەمسەری سەرمایەداری و سۆسیالیستی بکات، ئاکامێک کە ڕەنگە هەر خەڵکانێکی وەک ئایتماتۆڤ زانیبێتیان، چییە و چی لێ دەکەوێتەوە بەو پێیەی خەڵکی ئەو وڵاتانە بوون کە جەمسەرەکانیان بەڕێوەدەبرد. شوورەوی دەیویست دنیا بەکۆمۆنیزم ڕووماڵ بکات و ئەمەریکا و بەریتانیا، یان جەمسەری سەرمایەداریش دەیانویست دنیا بەرەو کرانەوە بەرن و بەرەکە لەژێر پێی کۆمۆنیزم دەرکێشن. ئەوان لەوە دڵنیا ببوون کە لە ڕێگەی زەمینییەوە ناتوانن بەسەر یەکتردا زاڵبن و سەرکەوتن مسۆگەر بکەن، بۆیە پەنایان بۆ ڕێگەی ئاسمانی دەبرد، تا لەوێوە سەرکەوتن بەدەست بێنن. لەم ناوەشدا ئاشی هەردووکیان بەخوێنی خەڵکی ڕەشو ڕووتی لەوێنەی (ئەبوو تالێب کۆتی بایڤ) دەگەڕا، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بوو ئەو هەڵپەو پەلە پەلەی ئەوان بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئاسمان، ئەمڕۆ بەخێر بۆ مرۆڤایەتی گەڕاوەتەوە، بەهۆی ئەو دەستکەوتانەوە مرۆڤایەتی دەیان هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە، هەرچەند دەبێت لە شێوەنی ئایتماتۆڤ و زۆری تریش تێبگەین بەوەی گەر مرۆڤایەتی خەڵکی هۆشیار بەڕێوەی نەبات، ئەوە ئاکامی باش نابێت و هەموو هەوڵە زانستی و شارستانییەکان دەچنە خزمەتی شەڕ و سەرکردەی دڵڕەقەوە، کە ئامادەن هەموو مرۆڤایەتی لە پێناوی ئارەزووەکانی خۆیاندا بکەنە قوربانی.

# ئایینی زەردەشت

**هاشم سەڕاج**

دکتۆر «عەلی شەریعەتی» لە کتێبی «ئایینی زەردەشت»دا لە ئایینە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگای ئاریایی دەدوێت و زانیاری گەلێکی دەگمەن و دانسقە دەخاتە ڕوو و هاوکات لە ئیشکالیاتی لایەنە ئایینی و مێژووییەکان دەکۆڵێتەوە، کە چۆن بەپێی ڕەوتی قۆناغی مێژوویی و هەلومەرجی حوکمڕانی چەمک و هێماکان گۆڕانکارییان بەسەراهاتووە یان بە ئەنقەست شێوێنراون (هەروەکو چۆن هەخامنشییەکان سیمایەکی ناشیرین و ترسناکیان بە (زوحاک)ی کۆتا پادشای میدییەکان دا، بە (زوحاکی مار لەسەرشان ناساندیان) دکتۆر شەریعەتی لە مێژووی «ئارییەکان» لە ئێران و پێش هاتنی ئارییەکان بۆ ئێران دەدوێت و پێکهاتە و بنەمای ئایینی هۆزی «بومی»یەکان دیاری دەکات «بومی»یەکان هەروەک چۆن لە هیندستاندا، ئێستاش هەر هەن و بەچینی ناپاکەکان ناسراون... وەرگێڕی کوردی لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا بەم جۆرە پێناسەی چینی ناپاکەکان دەکات... «واتە ئەوانەی سەر بە هۆزی ئارییەکان نەبوون و پێش ئەوان لە هیندستاندا هەبوون، واتە هۆزە بومییەکان «کۆچەرییەکان» «هەندێک بە ڕەش پێستەکانیان دەژمێرن و دەڵێن هەر لەو هۆزانەن کە دوای ئیسلام بەشی هەرە زۆریان لە باشوور ژیانیان بەسەر دەبرد و لەگەڵ ئەفریقیادا پێوەندیان هەبووە»... بەڵام دەربارەی «بومییەکانی» ئێران لەم کتێبەدا هاتووە.

کە لەبەر ئەوەی کۆچەری بوون، باوەڕیان بە «فتیشیسم- بت پەرستی یان ئەنیمیسم- ئەرواح پەرستی هەبووە..» هەروەها خۆیان بە پەرستنی دیمەنە ڕووکەش و دیارەکانی سروشتەوە خەریک کردووە، بەڵام ئارییەکان دوای گرتنی هیندو ئێران، فەرهەنگ و ژیار و ڕژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەیان هێنایە بوون، هەروەها چەندین ئایینی باڵاش وەک «ڤیدایی» و «بوودایی» لە هیندستان و «میترایی» و «زەردەشتی» و «مانەوی» و «مەزدەکی» لە ئێراندا.. هەڵبەتە



ئارییەکانی ئێران و هیند کە لە یەک ڕەگەز و نەژادن، لە کاتێکی نزیک لە یەکتر بۆ ئەم دوو سەر زەمینە «ئێران و هیند» دێن، کاتێ ئارییەکان دەچنە هیندستانەوە، سەرزەمینێکی تەڕو بەپیت و خاکێکی پڕ ئاوو ڕووبار دەبینن، بەلام لە ئێراندا خاکێکی وشک و برینگ و کەم ئاو و هەتاوی گەرم.. تاد دکتۆر عەلی شەریعەتی سەبارەت بەتایبەتمەندی هەردوو سەرزەمینەکەی ئێران و هیند.. گوفتارێکی «شپینگلەر -Spengler» دێنێتەوە کە دەڵێ: «شارستانێتی تەنیا لە خاکێکدا سەرهەڵدەدات، کە دانیشتووانەکانی بە تێکۆشانی فکری و لاشەی سەخت و دژوار بژین و خۆراکیان دەستگیر ببێ و ژیان بەسەر بەرن».. ئەم گوتەیەی شپینگلەر لەسەر خاکی وشک و برینگ و هەتاوینی ئێران پراکتیزە دەکرێت کە ئارییەکانی ئێران توانیان لەم کەشوهەوا سەخت و دژوارەدا ژیارێکی فرە چەشنی هونەری دروست بکەن، هەڵبەتە ئەمەش بە هەوڵ و کۆشش و ڕەنج و زیرەکی خۆیان، کەچی ئارییەکانی هیند خاکێکی بە پیت و فەڕو ژیانێکی ئاسوودەی پڕ کامەرانی پێشوازی لێ کردن، بۆیە ئەم مەفتەنە بووە زادگەی شیعرو مۆسیقاو نیگارکێشی و بیناسازی و ئایین و عیشق و سۆفیگەری.. من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم پوختەی گۆڕانکارییە ئایینییەکان بخەمە ڕوو، وەک لەم کتێبەدا هاتووە، دکتۆر شەریعەتی دەڵێ «ئەگەر نێوان ئاریەکانی بەرایی (هیند) و (ئێران) لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ ئەم دوو سەرزەمینە، لێک چوونێک ببینین، شتێکی سەیر نییە، چونکە هەردوو لا لەیەک ڕەگەز و ڕیشە و لەیەک جێگە و پێگەوە هاتوون و گەیشتوون بە خاکی جیاواز»... هاوشێوەیی لە ئایینی «ڤیدا»ی هیند و مێهر پەرستی لە ئێرانی پێش زەردەشتدا، لە هیند «میترا» خوایە.. «میترا: واتە خوای خۆشەویستی و ڕەحمەت و میهرەبانی و زەوی، ناوی یەکێکە لە خواکانی هیند.. وەرگێڕی کوردی»... «مێهر: ناوی یەکێکە لە خواکانی پێش ئایینی زەردەشت و یەکێکە لە خواکانی خۆر، واتە لە خۆردا جێگەی هەیە... وەرگێڕی کوردی» لە هندستان «دێو» خوایە و لە ئێرانیش «دێو» بەخوا دەزانن.

«دێو: شەیتان، یان مەلیکە تاووسی یێزیدییەکان، هەمان بیروباوەڕی میترایییەکانی هندستانیان هەیە.. وەرگێڕی کوردی» هەروەها «ڤارونا- خوای ئاسمان» لە ئایینی ڤیداو بەلام لە مێهر پەرستیدا مێهر (چونکە بنەمای مێهرپەرستی یان میترائیسم لەسەر ئەم باوەڕەیە، کە «مێهر» خوای گەورەیە و خواکانی تر بچووکترن لەو» واتە [میترائیسم لەسەر بنەمای پەرستشی ئاگر و مێهرە، مێهر «واتە ئەو خوایەی کە لە خۆردا پێگەی هەیە، نەک خۆر خۆی] هەروەها پەرستنی هێزە سروشتییەکانی وەک باو زریان، سەوزایی و بەهار، ئاسمان و شاخ و دارستان و شەو... تاد خەریک بوون بە سیحر و جادوو هاوکات «هوم، هەوم، هائوما» گیایەکی تایبەتی پیرۆز بووە، کە مێهرپەرستان و زەردەشتییەکان شیلەکەیان دەگوشی و شەرابێکیان لێ دروست دەکرد بەناوی «مەی و مەنگ».. باوەڕیان وابوو بە نۆشینی ئەم شەرابە دەچنە قوولایی ڕوحییەکان و ئیلهامی نهێنییە نادیاریەکانیان بۆ دێ، هەڵبەتە ئەم شەرابە لە ئایینی «ڤیدا»دا «سۆما»ی پێ دەگوترێ.

کە لە دواییدا لە ئایینی مەسیحیدا ناوی شەرابی پیرۆزکراو «متبرک» دەگرێتە خۆی.. ئیتر لێرە بەدواوە لە دەرکەوتنی زەردەشت و بنەما سەرەکییەکانی ئایینی زەردەشتی دەدوێم و هەندێ لە سیفاتەکانی «ئاهورامەزدا» دەخەمە ڕوو،.. ئارییەکانی هیند لە قۆناغ و ژیانی خێڵەکیدا مانەوە، بەلام ئارییەکانی ئێران روویان لە قۆناغی کشتوکاڵی کرد، لێرەو لەم قۆناغەی ئارییەدا زەردەشت ئایینێک ڕادەگەیەنێ کە پێوەندییەکانی لەگەڵ خوادایە و ئایینێک نە پێویستی بە جادووگەری هەیە نە بەقوربانی کردن و نە بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارپان و موغەکان، [زەردەشت بە ریفۆرم «اصلاح»ی ئایینی بەدەوی، ئایینێک بە بوون دێنێ، کە بە تەواوی بنەمای جووتیاری و کشتوکاڵی هەیە و ڕەنگدانەوەی ژیانی تازەی ئێرانییە]

بەلام د. عەلی شەریعەتی لە پرێکدا ڕستەیەکی پرسیار ئامێزی ڕاڕاو خەتەرناک هەڵ دەدا، ڕستەیەک کە هەڵگری دەلالەتێکی سەرسامی و نیگەرانییە و بەشێوەیەکی شاراوە پانتاییە بەرفراوانەکانی جیهانی «سپنتامئی نو- زاتی خێر و چاکە و پاکی» بەسەر جیهانی «ئەنگرمئی نو- زاتی شەڕ و ناپاکی و بەدی» دەسەپێنێ.. واتە کاتێ دەپرسێ «خوای زەردەشت تاقانەیە یان دوانەیە».. ڕستەکە خۆی لە خۆیدا لە دنیای دوالیزمی «ئایینی زەردەشت»دا ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە عیشق و میهرەبانی و ژیری و ڕەهایی پەروەردگارێک دەدا کە بە «ئاهورامەزدا» ناوزەد کراوە، «ئاهورا» بە واتای «رب» پەروەردگار و خاوەن، «مەزدا» بە واتای ئەندێشە و ژیری،

«ئاهورامەزدا- واتە خاوەنی هۆش و ژیری پاک و گەورە» وەک لەم کتێبەدا هاتووە، چونکە زەردەشت «ئاهورامەزدا»ی بەخوای ئەزەلی و ئەبەدی، هۆشمەند و چاودێر و بە تواناو زانا دەزانی، هاوکات ئەم نووسینەی د. عەلی شەریعەتی وەک هەستێکی پەنهان و بۆچوونێکی شاراوە بەرانبەر بە ئاهورامەزدا هەڵگری گۆشە نیگایەکی یەکتاپەرستییە، وەلێ بە شێوەیەکی نیگەران و ناڕاستەوخۆ و پەنهان درکێنراوە، کەچی د. شەریعەتی ڕەخنە لەو مێژوونوس و ئایین ناسانە دەگرێت کە دەیانەوێ سیماو خەسڵەتی یەکتاپەرستی لە ئایینی زەردەشتدا بدۆزنەوە.. ئەوەتا دەربارەی دکتۆر «موعین» دەڵێ: «بەداخەوە ئەم، خۆشی کەوتە ژێر کاریگەری ئەو بیروبۆچوونانەوە، کە ئایینی زەردەشتی بە یەکتاناسینی خوا پیشان دا، لە کاتێکدا ئایینی زەردەشتی، شیرکی تەواوە- هاوشێوەی ئایینی «ڤەدا» و «میترایسم»، کە ئەویش «ئاهورامەزدا» و «ئەهریمەن»ە و ناکۆکی و جەنگی نێوانیان لە جیهاندا تا کۆتاییە»، بەڵام کاتێ لە چەمک و ناوەرۆکی «گاتەکان» دەدوێ بە کۆمەڵە تێکستێکی سەرەتای «ئاوێستا»یان لە قەڵەم دەدات کە بریتین لە چەندین شیعرو سروود بە ناوی «گاسە» یان «گاتەکان».. بە واتای «موقام».. کە ئاهەنگ، یان ئاواز و ڕاز و نیاز دەگرێتەوە، کە د. شەریعەتی لەسەر زاری زمانناسانی وەک «دارمستتەر» ئەوە دەدرکێنێ کە ئەم بەشەی «ئاوێستا»، واتە «گاتەکان» زیاتر لە هەموو بەشەکانی تر نزیکترە لە زمانی زەردەشت خۆیەوە، هەڵبەتە ئەم شیعر و سروودانەش مانەندی تێکست گەلێکی کەرنەڤالی و ڕوحانی لە شێوەی ویرد و دوعاو لالانەوە ئاراستەی پەروەردگاری مەزن و میهرەبان دەکرێن.. واتە سەرلەبەری گاتەکان پاڕانەوەن لە «ئاهورامەزدا».

ئەوەتا لە گاتەکان «سروودەکانی زەردەشت»دا زەردەشت بە پەروەردگار دەڵێت «ئەی ئاهورامەزدا، تۆ تاریکیت دروست کرد، هەروەک ڕووناکیش» کەواتە «ئاهورامەزدا» بەدیهێنەری هەموو شتێکە، یان ڕۆشنکردنەوەی تاریکی، واتای خوڵقاندنی ژیان دەگەیەنێ، ئەم دەستەواژەیەش لە زۆربەی کتێبە پیرۆزەکاندا بەرچاو دەکەون- هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە- کە زەردەشت «ئاهورامەزدا»ی بەخوای ئەزەلی و ئەبەدی، هۆشمەند و چاودێر و بە توانا و زانا دەزانی» «کاتێ ویستی جیهان دروست بکات، سەرەتا گیانێکی ڕەهای دروست کرد بە ناوی «وەهومەن» واتە بە ئاگاو گەورەو بەرز و بیر و هۆش، بیر و ئەندێشەی باش، دوایش «وەهومەن» سەرجەم دیاردەکانی جیهانی دروست کرد»

لە هەمان دیدگاوە ئەگەر لە «گاتەکان» بڕوانین هەست دەکەین ئەو ڕەهایی و شکۆمەندییەی بە «ئاهورامەزدا» دراوە کە وەک پەروەردگارێک بەدیهێنەری سەرلەبەری گەردوونە، بەهیچ شێوەیەک «ئەهریمەن» بەو هێز و پێگەو قەبارەیە یان بەو پانتاییە لە گاتەکاندا ناوی نەهاتووە.

ئێستە چەند نموونەیەک لە «گاتەکان» دەخەینە ڕوو..

**ئەی باشترین مزدا**
**بەرەو من وەرە و خۆتم نیشان بدە**
**تاکو لەبەر تیشکی ڕاستی و ئەندێشەی چاک،**
**وتەکانی خۆم لە دەرەوەی ئەنجوومەنی موغان،**
**بە گوێی خەڵکانی دیکەش ڕابگەیەنم**
**تا بەڵکو،**
**ئەوەی لەسەر ئێمەیە،**
**وە ئەو نوێژەی کە شایستەی تۆیە**
**بۆ ئێمە ئاشکرا بێت**
**٣٣/٧**

**ئەی ئاهورا!**
**ئەوەی کە شایستەی تۆ و ڕێگەی ڕاستییە.**
**لەگەڵ نوێژی تۆدا بەجێی دەهێنین**
**و پێشکەشی تۆی دەکەین تا بەڵکو هەموو خەڵک**
**لەبەر تیشکی ئەندێشەی چاک و شەهریاری تۆدا بە گەورەیی بگەن.**
**ئەی مزدا!**
**بە ڕاستی ئەوەی زانایە،**
**هەمیشە لە هێزی فریشتەیی تۆ بەهرەمەند بێت**
**٣٤/٣**

بڕوانە سروود و گاتەکانی زەردەشت، لە زەردەشتییەوە بۆ فارسی، د. حوسێن وەحیدی، وەرگێڕانی وریا قانیع

دەکرێ بگوترێ ڕەنگە کارپان و موغە توندڕەوەکان بەپێی دیدگاو تێڕوانینی خۆیان لە هەندێ تێکستی زەردەشتیدا زێدە لە پێویست ڕۆڵ و پایەو پێگەیان بە «ئەهریمەن» بەخشیبێ، بەتایبەتی کارپانەکان کە دوژمنی سەرەکی زەردەشت و ئاڤێستا بوون، ڕاستە ئایینی زەردەشت ئایینێکی دوالیزمییە، بەڵام «ئەهریمەن» هەمیشە وەک هێزێکی بەد و شەڕانگێز و هێمای تاریکی باسی لێوە کراوە، ئەگەرچی بەردەوام لەگەڵ «ئاهورامەزدا»ی خوداوەندی خێر و ڕووناکیدا لە کێشە و ململانێدایە، بەڵام لە

ئەدەبیاتی زەردەشتیدا بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی ئەوە ناکرێ لە ڕووی پێگە و توانستی خوداوەندی لە ئاست ئاهورامەزدا دابێ، هەروەها ئەهریمەن وەک شەیتانێکی بەدوگومڕاو ڕووبێن لەسەرجەم کتێبە پیرۆزەکاندا مانەندی ئافەریدەیەکی بەدڕەفتار و نەفرەت لێکراو باسی لێوەکراوە، زۆرجار ئینسان لە پێناو پاراستنی خۆی و دەوروبەرەکەی لە زەبروزەنگی ئەو هێزە بەدو ترسناک و نادیارە ویستوویەتی بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێزی لێ بنێ، ئەم دیاردەیەش لە سرووتە ئایینییەکانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ڕوون و ئاشکرایە کە لە ئەنجامدانی سرووتە شەیتانییەکاندا زۆر جۆرە ماسک و نیشانەی ترسناکیان بەکار دەهێنا و جلوبەرگی سەیر و سەمەرەیان دەپۆشی و زۆرجاریش بە نەعرەتەو نەشئەی سێکسی ڕەچاوی ئەو هێزە پەنهان و شەڕانگێزەیان دەکرد...

د. عەلی شەریعەتی سەبارەت بە شەیتان و لایەنی شەڕانگێزی لە ئایینەکانی پێشوودا بەم شێوەیە لە «زەردەشت» دەدوێ... [زەردەشت کە هات لەگەڵ خواکانی (موغ پەرستان- ڕوحانی پەرستان) و خواکانی هیندی- کە هەردوو ئایینی ئێرانی و هیندی تێیدا هاوبەش بوون- گیرۆدە و کەوتە ناکۆکییەوە، هیندییەکان و ڕوحانی پەرستەکان (کارپانەکان) (دەیاس) یان (دیۆ)، یان (دێو) یان بە خواکانی جیهان دەزانی و فریشتەکانی نزیک لە مانیش هەر بە هەمان شێوە، هەروەها هەمە چەشنە خودا باشەکانیشیان هەر بە خواکانی جیهان دادەنا، زەردەشت سەرجەم ئەمانەی بە شەیتانە گلاوەکان ناوزەد کرد] بەڵام د. شەریعەتی لەم لێکۆڵینەوە قووڵەیدا سەبارەت بە «زەردەشت و ئاڤێستا» بە گومانەوە لەلایەنی یەکتاپەرستی ئایینی زەردەشتی دەڕوانێ، کەچی لە هەمانکاتدا بەبێ دوودڵی هەست بە شەبەنگی یەکتاپەرستییەکی ڕەها دەکا، وەلێ بۆی دەستەبەر ناکرێ، بۆیە لە شوێنێکدا دەڵێ «ئەگەر «انگرمئی نو» خوای شەڕ «ئاهورامەزدا» خوای خێر بێ هەردووکیان بەرانبەر یەک و یەکسان بن پێکەوە، ئەوکات دەبنە دوو خوای زاتی ئەزەلی و ئەمەش شیرک و دوو خواپەرستییە نەک تەوحید» یان دەڵێ «زەردەشت، ڕوونی ناکاتەوە کە ئایا «انگرمئی نو» هەروەک «ئاهورامەزدا» ئەزەلی و ئەبەدی و کۆنە، یان بەدیهێنراوی «ئاهورامەزدا»یە، بەڵام لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

«لە ئایینی زەردەشتی سەرەتادا، گەورەترین دەسەڵات و بەرزی هی «ئاهورامەزدا»یە، کە تەنیا و بێ هاوتایە و هیچ هێز و توانا و دەسەڵاتێک هاوشانی دەسەڵاتی ئەو نییە».. دواتر باس لە پلەو پایەی هێزەکانی خوار ئاهورامەزدا دەکا.. وەک هێزی «سپنتامئی نو» و «انگرمئی نو» خوای خێر و شەڕن»... لە کۆتاییدا دەڵێم منیش وەک خوێنەرێکی ئەم کتێبە دانسقەیە هەست دەکەم لە ئایینی دوالیزمی زەردەشتدا پێگەی بێ هاوتای «ئاهورامەزدا» لە ڕووی عیشق و توانا و شکۆمەندییەوە لە ئاست هێزی «جوانی ڕەها»یە سرووەکانی زەردەشتیش لە «گاتەکان»دا گەواهی ئەوە دەدەن، چونکە «ئایینی زەردەشت، ئایینی ئاو و درەخت و سەوزایی» و جوانییە و ئایینێکە و لە ڕووی فەلسەفییەوە توخم و ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتەی گەردوونی دیاری کردووە.

«لە ناوەرۆکی «ئەڤێستا»دا نیشانە و ئایەتگەلێک هەیە، کە بە ئاشکرا «ئاهورامەزدا» بە دروستکەری هەموو شتێک و کەسێک، خراپ و چاک، ڕووناکی و تاریکی دەزانێ، بەبێ هاوتای ئەزەلی و ئەبەدی دەزانێ، «سپنتامئی نو» و «انگرمئی نو»ش بە دروستکراوی «ئاهورامەزدا» دادەنێ، لە لاپەڕەیەکی تری ئەم کتێبەدا هاتووە «زەردەشت لە سەرەتادا هەموو خواکانی فڕێ دابوون، لە یەک خوای بێ هاوتا، کە «ئاهورامەزدا»یە ناوی بردبوو، خوای هەژار و خوای دەوڵەمەند، پێشەوا و گەل هەموو شتێک، تەنیا یەک پەروەردگارە، کە ناوی «ئاهورامەزدا»یە، بەڵام «موبەدەکان- موغەکان» خوای تاقانەی زەردەشتیان کردە دوو خوای بەڕێزی گەورە»... ئیتر بەم بڕگەیەی وەرگێڕی کوردی کۆتایی بەم بابەتە دێنم کە لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ «خوێنەری بەڕێز، ئەم نووسراوەی لەبەر دەستتایە، وەرگێڕانی دەرسی سیازدەیەم و بەشێک لە دەرسی چواردەیەمی بەرگی دووەمی کتێبی «مێژوو ناسینی ئایینەکان»ە، هی کۆچ کردو «دکتۆر عەلی شەریعەتی»یە سەبارەت بە زەردەشت، کە «٣٣» ساڵ پێش ئێستا لە «حوسەینیەی ئیرشاد» لە تاران پێشکەشی کردووە.»

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: ئایینی زەردەشت**
**ناوی نووسەر: عەلی شەریعەتی**
**ناوی وەرگێڕ: شەهرام ڕەشید قادر**
**چاپ و بڵاوکردنەوەی: نووسینگەی تەفسیر/ هەولێر ٢٠٠٤.**

# دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە

**سەباح ڕەنجدەر**



شمشاڵ دێرین و هاوچەرخە، بە جارێک بیستنی شمشاڵی (قالە مەڕە) هەستی بیستن تەواو ناکرێتەوە و ئامادە و پاراو نابێت. ئەگەر شیعریش لەگیانێکی دامەزراو و گەرمدا ئەفسوونی بوونی خۆی پێک هێنابێت و گیانێکی گەرمیش بەوەرگر بدات، خۆی دەسەپێنێت و دەبێتە پڕۆژەی خوێندنەوەی تەمەن، لەم جۆرە خوێندنەوەیەشدا سەرچاوەکانی (چێژ) و (هەست) و (سۆز) بەیەک دەگەنەوە. هەریەکەشیان دووبارە دەبنەوە هێزێکی سەربەخۆ و کاریگەر بۆ تەکان و جووڵانی ئارەزوو.

هەموو شتەکان لەیەک شت کۆناکاتەوە. چێژ و هەست لە (سۆز)دا کۆناکاتەوە، یان هەست و سۆز لە (چێژ)دا بەرانبەر و هاوسەنگ ناکات، یان چێژ و سۆز لە (هەست)دا ڕووبەڕوو ناکاتەوە. هەریەکەیان وەک بوون و توخم و ڕەگەزی سەربەخۆ دەجووڵێنێت و لە شێوەی یەکەیەکی کاریگەر شوێنیان لە جەستەی شیعردا دەداتێ، بەڵام هەر سێ توخمەکە بەیەکەوە دەخاتە نێوان دوو کەوانەوە، ڕەهەند و پانتاییەک لە نێوانی خودی هۆشیاری و توخمەکان دەهێڵێتەوە. بە بایەخترین شتێک، کە بە ویستەوە کاری لەسەر کردووە هێشتنەوەی ئەو ڕەهەند و پانتاییەیە، واتە ئەو ڕەهەند و پانتاییە بنەمای جووڵان و ناوەند و سەرچاوەی ڕاستەقینەیەتی.

ڕەنگە من بۆ خۆم لە ماوەی جیا جیادا چەند جارێک گەڕابمەوە سەر ئەم کتێبە شیعرییە. ئەو بەردەوام خوێندنەوەیە بۆ کەڵک وەرگرتن نییە لە شێواز و زمان و مانای وشە و ڕستەکان، بگرە بۆ بەهێزکردن و پاراو بوونی گیانە. کاری شیعرییەت بەگشتکردنی بوونەکان و پاراوکردنی گیانە لە خڵت و پیسییەکانی زەمین، نهێنی ئەوە چییە شیعر بەرەو ئەو کاریگەرییە چووە. لێیەوە بە دوای چێژەکانی ژیاندا بچین، چێژیش بە سەربەخۆیی خۆی بهێڵێتەوە، لەم سەربەخۆیی بوونەدا چێژ دەتوانێت و بۆی هەیە وەک جۆرێک لە دەق شێوەی زەینی وەربگرێت.

ئەم شاعیرە لە ئاستێکدا کاری

شیعری خۆی کردووە، کە نەوە یەک لە دوای یەکەکانی شیعری کوردی جۆرە گۆڕان و نوێبوونەوەیەک پەیدا دەکەن و لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن و بەکۆ کار لە شێوە و زمانێک دەکەن. ئەمیش بەم ئاراستە لەسەر خۆیەدا هاتووە و لەگەڵ دەنگی کۆدا بەشداری لەگۆڕان و نوێبوونەوەدا کردووە. کەواتە (بەشدارە) لە گۆڕان و نوێبوونەوە، بەڵام (وەرچەرخێنەر) نییە. گۆڕان و نوێبوونەوەیەکی تاکەکەسی ئەنجام نەداوە بۆ ماوەیەکی نادیار کاریگەری جێ بهێڵێت، وەک دەرکەوتنێکی جیاواز و پڕ سرووش بمێنێتەوە و قەوارەیەک بۆ خۆی وەربگرێت.

(دەمە و ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە)، ناوونیشانی کتێبێکی شیعریی (سەلام محەمەد)ە. ساڵی (١٩٨٨) لە دوو توێی (١٤٩) لاپەڕەدا لە چاپخانەی (حسام) لە بەغدا چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (لەدایک بوون، درۆی ئاوارە، بەیانی دێم ماچت دەکەم، دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە، ئاسۆی خۆرنشین، توانەوە، شەوانی تەنیایی، بارانی ڕەنگاوڕەنگ، داری زەنگیانە، هاوین، تۆکەناری، یان ڕووباری، شیرین و یادگارەکانی ڕەحیماوە، تێنوێتی و زستانی جوان، سۆزانییەکی پیرۆز، گەشت و پێناسین، وەک هەزاران ڕێکەوتی تر، ماڵئاوایی، گیانە لەیلا، گوڵی نەورۆز، سامالی پاش بارانی نیوەشەو، سۆما، ئۆپەرێتی خۆشەویستی، ئاکسل و سارا، خۆڵەمێش، شاری نهێنی، تانیا، بارانی سووتاو، قەرسیل، بۆکچی کوێستان، جنۆکەی ئەندێشەی شاعیر، هیچ و هەزار، وەرزی بەستەڵەک، پڕشنگ، هەنگوینی تاڵ، تریفەی سوور، سێ ماچ.)

**تریفەی سوور**
**ساماڵە شەوی زستانە**
**ئەستێرە بە ئاسمانەوە دەجریوێنێ**
**دەوربەرم یەکپارچە وەک گۆمێکی مەنگ**
**کپ و بێدەنگ و خامۆشە**
**پێخەفی گەرم**
**بۆتە هێلانەی مەلۆتکەی**
**خۆزگە و جووتبوون و خەوبینین**
**شاری ماندوو**
**کراسێکی خۆڵەمێشی لەبەردایە**
**باڵندەی ئەندێشەی منیش**
**باوێشکەدا و خەوی نایە**
**بە گەردوونی بێ سەرەتا و کۆتاییدا**
**دەخولێتەوە**
**فڕی بەڵام چۆن فڕینێک**
**ئێجگار لە هالی خێراتر**
**بەسەر دەیان جیهانی نوێدا تێپەڕی**
**دەیان شاخی گەورە گەورە و**
**دوورگەی پڕ لە تەمومژ و**
**دەریا و ئۆقیانووسی بڕی**
**هەزاران ساڵی هەتاوی**
**لە تۆپە خڕەکەی زەوی دوورکەوتەوە**
**ڕۆیشت**
**ڕۆیشت**
**گەیشتە ئەستێرەیەکی تریفە سوور**
**ویستی بچێتە ژوورەوە**
**بە ماتە مات نزیک بووەوە**
**لە پڕێکدا**
**هێزێکی نادیار و ون**
**بە ئاستەم پاڵی پێوەنا**
**ملیۆنێ ساڵی هەتاوی**
**بۆ دواوە دوور خستەوە**
**کاتێ گەیشتەوە لای من**
**هەر ئەوەتا پەڕوباڵی پێوە مابوو**
**تک تک دڵۆپە ئارەقەی ئاگراوی**
**لە ناوچەوانی دەچۆڕێ**
**بە دەم گریانەوە دەیوت**
**من بە ئەوینی مەرگەوە هاتم بۆ لات**
**تۆش دەیان نهێنی ترت**
**خستە ناو گێژەڵووکەی بیر**
**جار بە جاریش**
**وەک دەروێشێکی گۆشەگیر**
**ناڵەیەکی دڵتەزێنی لێوە ئەهات**
**لای لایە**
**مرۆڤ لای لایە**
**ئەو مەحاڵەی**
**لەم ژیانە و لەم تەمەنەدا نایگەیتێ**
**نووری خودایە**

ئەزموونی ئەم شاعیرە وەک ئەوەی لەم قۆناغەدا، کە تێیدا بەرهەم هێن بووە، ئەزموونێکی وریا و نیمچە کاملە، بەوەی بە وشەی زۆر و ناپێویست وێنەکانی نەشێواندووە و باری هەیکەلی گشتی دەقەکانی گران نەکردووە. بە وریاییەکی ئەفسوونی کاری لە بواری ئەندازەیی وشە کردووە. دەزانێت وێنە چەند وشە و چی لە وشە دەوێت. دوورە لە کەڵەکەکردن و دانە پاڵ یەکی وشە و دەستەواژە و ڕستەی بێ سوود.

کاتێک هەندێک لە شیعرەکانی دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت لەناو هەورێکی پەمۆییدا مەلە دەکەیت، یان لە ناو بەلەمی گەشتێکدایت زۆر بە هێمنی و بێ زۆر لەخۆ کردن دەڕوات و حەز دەکەیت گەشتەکەت درێژ ببێتەوە. لەگەڵ فەزای شینی ئاو و فەزای شینی ئاسمان پێوەندییەک دێتە ناوەوە و دەبێتە بکەر. لە بنیادی پرۆسەی شیعرەوە پەیدابووە و هاتووەتە ناو خانە وردەکانی ژیانمانەوە. کەواتە ئەم جۆرە ئەدەبە، ئەدەبی ڕاستەقینەیە.

ئەم شاعیرە لە شیعر دوورکەوتووەتەوە. پێویستە لە هەقیقەتێکی کاریگەر و ئێستێتیکی بە ئاگابێتەوە و بێت لەناو ماڵی شیعردا نیشتەجێ بێتەوە و ببێت بەکەسایەتییەکی زیندوو، بەوەی ڕوانینە جوانەکان هێشتان نەکوژراون، شاعیر دەتوانێت بۆی بژیێت و بەرهەمی بهێنێتەوە.

# جۆرەکانی ئەدەب – Genres Litteraires

لەوەتەی بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەناو ئەدەبی کوردیدا گەشەی کردووە، کە بێ گومان هێشتا وەک سەرهەڵدان و گەشەکردن لەناو جۆرێک لە هەژاری تیۆری سەرتاپاگیری دەژیێ، سەرنجدان لە جۆرەکانی ئەدەب، بابەتێکی نوێیە، ئەمەش ناساندنێکی ورد و قووڵی دەوێ. بەگشتی ئەوەی تا ئێستا نووسراوە دەشێ بەهەوڵێکی سەرەتایی دابنرێ، ئەم هەوڵە سەرەتاییەش بە دوور نییە لە تەمومژی و ناتەواوی و بەهەڵەدا چوون، کەم وا ڕێک کەوتووە بە لێپرسینەوەوە سەرنجی درابێتێ، لەکاتێکدا دەبینین لە تەواوی بەرهەم هێنانە ئەدەبییەکانی ناو ئێمە، دەستەواژەی جۆرەکانی ئەدەب زۆر دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش لە دووبارە بوونەوەیەکی ڕاگوزاری زیاتر نییە. جۆرەکانی ئەدەب، لەوەتەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی جیهانی، لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە سەری هەڵداوە و بەکۆمەڵێک سەردەم و گەشەسەندنی ئاڵۆز تێپەڕیوە، هەردەم بابەتێکی لە پێشینەوە و گرینگ بووە و بەبایەخەوە لە تۆژینەوە تیۆرییەکانی ئەدەبی و هونەری سەرنجی دراوەتێ. ئەم بوارەش سەرەتاکانی بۆ سەردەمی هێلینی یۆنانی دەگەڕێتەوە (واتە سەردەمی پێش دەستەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆمانی) یان ماوەی پێش زایین لە کولتوور و ڕۆشنبیری یۆنانی. لەگەڵ هۆراس و ئەریستۆ و ئەفلاتون دەست پێ دەکا.

لەڕووی زاراوەوە وشەی: جۆر- نوع- Genre، کە لە ئینگلیزی و فرەنسی و زمانەکانی تری ئۆرووپی بەکاردێ و ڕەگەکەی لاتینییە، دەمێکە لە فۆرمی ژانر، هاتۆتە ناو زمانی کوردی، ئەمەش ئەوپەڕەکەی سی ساڵێک دەبێ. لە ئەدەبیاتی کۆنی کوردیدا (ئەدەبیاتی پێش سەردەمی نوێبوونەوە کە دیارە لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم نوێبوونەوەیە لەگەڵ سەدەی بیستەم دەست پێ دەکا.) دەتوانین جۆرەکانی ئەدەب بۆ دوو جۆر بگێڕینەوە، ئەمانەش شیعری لیریکی و شیعری دراماتیکین. مەبەست لە شیعری دراماتیکی ئەو جۆرە شیعرەیە کە گێڕانەوەی تێدایە. ئەمە یەکێ لە سەرنجدانە بەراییەکانە، چونکە ڕوانینی دیکە هەیە. جۆرەکانی ئەدەب تەنیا لەنێوان ئەم دوو جۆرەدا قەتیس ناکا، بەڵکو بابەتەکە پێوەندی بە ئەدەبی نووسراو و ئەدەبی میللی و فۆلکلۆریشەوە هەیە، هەروەها پێوەندی بەخوێنەر و گوێگریشەوە هەیە، چونکە جۆرەکانی ئەدەب، وەک چەمکێک لە وەسف و لێکدانەوەی ئەدەبی، هەموو بوارەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئەدەب دەگرێتەوە.

شیعر و چیرۆک و وتار و قسەی نەستەق و بەیت و داستان و جۆرەکانی شیعر وەک شیعری لیریکی و دراماتیکی (ئێپیکی)، جۆرەکانی چیرۆک و ڕۆمان، وەک ڕۆمانی مێژوویی، خەیاڵی، زانستی، سایکۆلۆژی، سیاسی و تیۆلۆژی و..تاد، گێڕانەوە- Recit، یاداشت و بایۆگرافی و ئۆتۆ بایۆگرافی، حیکایەت، شانۆگەری، حیکایەتی میللی، ئەفسانەیی ...تاد، هەموو ئەمانە وەک گالەکسی- Galaxie (مجرة) یەک وایە کە بە پێوەندی توندوتۆڵ بەناو یەکتردا ڕەت بوونەوە، وەک تانوپۆ کۆیان دەکاتەوە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، هەردەمیش لەگۆڕان و گەشەسەندنی تایبەتی خۆیانن.

لەسەردەمێکی دیاریکراودا کە باسی جۆرەکانی ئەدەب دەکرا، ڕاستەوخۆ باس لە ئەدەبی کلاسیکی دەکرا، بەو مانایەی سەر بە سستمێکی تایبەت بە خۆیەتی، یان باس لە ئەدەبی میللی دەکرا کە ئەویش سەر بە سستمێکی تایبەت بەخۆیەتی و نووسەرەکەی دیار نییە و پێوەندی بەکۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە هەموو ڕوانینەکان گۆڕان، ئیمڕۆ هەر تێکستێک دەگری، هەتا ئەگەر پەیامێکیش بێ، ناتوانێ لە ئاخاوتنی (Discours) جۆرەکانی ئەدەب دەرباز بێ، ئەمەش وەک ئاسۆیەک وایە لە هەموو تێکستێک هەڵدێ. بۆ نموونە، قەسیدەی «گوڵی خوێناوی» «گۆران» هەرچەندە تێکستێکی ناوێزەش بێ، ڕاستەوخۆ مێژوویەکی شیعری لیریکی کوردی، کە وەک تایبەتمەندی کوردی خۆی پیشان دەدا، لەپشت خۆی دەدۆزێتەوە. «مەم و

زین»ی (ئەحمەدی خانی)، پێوەندی ڕاستەوخۆی بەو جۆرە شیعرە دراماتیکی و ئێپکییەوە هەیە کە بە شێوە، یان جۆری نووسراو و میللییەکەی لەناو کورد هەبووە. هەندێ لە ڕەخنەگران جۆرەکانی ئەدەب وەک جۆرە تێکستێک باس دەکەن کە تایبەتمەندییەکی مێژوویی خۆی هەبێ، هەندێکی دیکە وەک تێکستێکی زیاتر ئەبستریت (تجريدي) باسی دەکەن کە تایبەتمەندییەکی (سەرەوەی مێژوویی) هەبێ. ئەمەش دەشێ بە (گێڕانەوە) بۆ یەکەم بیچوێنین، (نوێنەرایەتی کردن) بۆ دووەم. وەک جۆر و مۆدی ئەدەبی لەشێوەی: ئێپیکی، لیریکی، تراژیدی، ساتیریکی...تاد، یانیش هێشتا فۆرمی سادەتر وەک: چیرۆکی ئەفسانەیی و خورافی، هەقایەت، یان چیرۆکی سەر زمانی گیانداران. لە ڕاستیدا هەموو ئەم پۆلین کردنە کێشەی جۆرەکانی ئەدەب پیشان دەدا. ئەمەش چ لە ڕووی (خزینی تێکستێک بۆ ناو یەکێکی تر بێ- Intertextualite) یان لە ڕووی (پێوەندی تێکست بەسەرەوە- Architcxtualite) بێ کە هەروەکو ژێرار ژێنێت بۆی دەڕوانێ.

لەڕاستیدا زۆر سەختە سنوورێک لەنێوان جۆرەکانی ئەدەب دابنرێ و ببێتە پێوەرێک بۆ لێک جیا کردنەوەیان. بۆ نموونە ئەو چیرۆکە شیعرییانەی (شێرکۆ بێکەس) دەیاننووسێ، کە دەشێ هەندێ جار بەڕۆمانی شیعریش لەقەڵەم بدرێن، خۆی لەناو نەریتی (گێڕانەوەی شیعری) کوردی دەدۆزێتەوە، ڕاستەوخۆ پێوەندی بەگێڕانەوەوە هەیە، بەڵام ئەم کێشەیە لە زمان و ئەدەبی فرەنسی بەشێوەیەکی ترە- گێڕانەوە- Narration، وەک کردەیەکی، یان جۆرێکی سەرەکی دەبینرێ، بەڵام -Recit- کە لەزمانی عەرەبی بەرانبەرەکەی (سرد)ە، وەک جۆرێک لەگێڕانەوە دەبینرێ، گێڕانەوەیەک سەرەکی نەبێ، وەک (بن گێڕانەوە) لەبەرانبەر ڕۆمانێک کە لەناو گێڕانەوەیەکی سەرتاپاگیرییە.

یەکێ لەو ڕوانینانەی کە بایەخێکی مەزنیان هەیە و لەهەمان کاتدا وەک بەربەستێکیش دادەنرێ لەبەرانبەر ڕوانینی تازە و گەشەسەندنی تازە لە بارەی جۆرەکانی ئەدەب، گوایە پرسیارکردن لە جۆرەکانی ئەدەب، ڕاستەوخۆ بۆ پرسیاری سەرەکی تر دەمانگەڕێنێتەوە، ئەمەش ئەو پرسیارەیە، ئەدەب خۆی چییە؟ ئەمەش ڕوانین و تیۆری هیگڵە- Hegel، کە لەم بارەیەوە بەخاوەنی سستمێکی دیاریکراو دادەنرێ کە هەتا ئێستەش درێژە و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. هیگڵ ئەدەب دابەشی سەر سێ جۆر دەکا (Gattungen)، هەڵبەت سێ جۆری سەرەکی: داستان- ملحمة- Epopee، شیعری لیریکی - غنائي- Lyrique، شیعری دراماتیکی- درامي- Dram-tique. ئەمەش وەک دابەش کردنێکی سەرتاپاگیرییە و هەموو لایەنێک و جۆرێک و بوارێک دەگرێتەوە. ڕەخنەگران لەسەدەی بیستەمدا، ڕوانینی ڕەخنەگرانە و بۆچوونی دیکە و سەرنجیان زۆر لەسەر ئەم تیۆرەی جۆرەکانی ئەدەبی هیگڵ هەیە، بەڕای ئەوان ناشێ هەموو ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا چ جای هی جیهان لەم سێ جۆرە کۆ بکەینەوە، ئەم لایەنە هێشتا ئاڵۆزترە. بۆ نموونە، لە ئەدەبی چینیدا داستان بوونی نەبووە. دوایش ناشێ سنوورێکی ئەوها ڕێک و دیار لەنێوان جۆرەکانی ئەدەب هەبێ، ئەم لایەنە زۆر تێک ئاڵاو و تێک چرژاوە، چونکە ئەدەب بەدەر لە چالاکی ئەدەبی و چالاکی شەفەهی نا ئەدەبی. بریتییە لە کەڵەکەبوونێکی مێژوویی هەمیشەیی و ئەبەدی.

زۆرجار جۆرەکانی ئەدەب وا حسێب دەکەن وەک هۆو هۆکار (سببي- Causal)ێک پیشان دەدەن بۆ بوونی تێکستێک. ئەمەش لەزووەوە لەلای ئەریستۆ باسی لێ کراوە کە وەک باوکی تیۆری جۆرەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوایی لە قەڵەم دەدرێ. ئەریستۆ لەزۆر شوێن لە کتێبی: هونەری شیعر- Poetique، تراژیدی وا پێناسە دەکا کە وەک جەوهەرێک بێ بۆ گەشەسەندن و جیاکردنەوەی تایبەتمەندی هەر جۆرێکی ئەدەبی. ئەمەش لەسەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن کۆمەڵێک ڕەخنەگر گەشەی پێدراوە وەک: برونتیێ- Bruntier، کە مێژووی ئەدەب بۆ ئەو ناکۆکی و خەباتە زیندووە دەگێڕێتەوە کە جۆرەکانی ئەدەب وەک جۆرێکی سروشتی پیشانی دەدەن، وەک ئەوەی خاوەن هێز و دەسەڵاتێکی دیاریکراو بن.

ڕوانینێکی تر هەیە کە لە هەمان ئاستی ئەمانەی سەرەوەیە و بۆ سەردەمی گەشەسەندنی ڕەخنەیی و تیۆری سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، ئەمەش لەوەوە خۆی پیشان دەدا کە هەموو جۆرەکانی ئەدەب، سەرەڕای جیاوازی و تایبەتمەندی گشتی بۆ یەک خاڵ دەگەڕێنەوە. ئەمەش دەبێ لە ڕوانگەیەکی ڕێژەییەوە بۆی بڕوانین، چونکە ئێمە دەتوانین لە ڕوانگەی جیاجیاوە باس لە ژیانی کەسێک بکەین، وەک مێژوویی، سیاسی، سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی...تاد. هەریەک لەم تایبەتمەندییانەش وەک خاسیەتی جۆری ئەدەبی خۆیان پیشان دەدەن. وێنەیەکی تایبەتی، یان بۆچوونێکی تایبەتی نیشان دەدەن.

لەڕووی جۆرەکانی ئەدەبەوە، وەک دیاردەیەکی ناوەوە، لەم دوو سەد ساڵەی دوایی ئەدەبی کوردیدا ئاڵۆزبوون و دەوڵەمەندبوونی سەرنج ڕاکێشی تێکەوتووە، لەم سەردەمەی ئێستادا، ئەدەبیاتی کوردی، لەم ڕووەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاستی ئەدەبیاتی میللەتانی ترە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**




# ئەدەبیاتی زارۆکانی کورد

**سەلام مەغی**
**(سلێمانی)**



هەرچەند ئێمەی کوردیش بە پەرۆشەوە باوەشی گەرمان بۆ جگەرگۆشەکانمان گرتۆتەوە و ئەوپەڕی دڵسۆزیمان بۆ دەربڕیون و سروودی خۆشەویستیمان بۆ چڕیون، بەڵام هێشتا نەمانتوانیوە وەک پێویست بە ئەدەبی منداڵان هیواو خەو و خواستەکانیان بێنینە دی و مافی خۆیانیان پێ ڕەوا ببینین و ڕازی و دڵنیایان بکەین، کە بەمەش ڕەزامەندی و دڵنیایی ژیانیان دەستەبەر دەکەن و هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێن و بەرچاویان زیاتر ڕووناک دەبێتەوە و ژیریش دەمامکی ڕوویان هەڵدەماڵێ.

منداڵی وزەیەکی شاراوە و لەبن نەهاتووە، ئەو کانییە سازگارەیە کە هەمیشە خوڕەی دێ، هەتا خۆمان هەوڵ نەدەین و نەیخەینە گەڕ و ئەملاو ئەولاو بەردەمی سەوز نەکەین و چەندین جۆرە بەر و بەرهەمی لێ بەدەست نەهێنین و خەرمانی سووری ئەو وزەیە هەڵنەگرین، مایە پووچ دەردەچین و دەستمان لەبنی هەمانەکەوە دەردەچێت و مەگەرهەر بڵێین ئەم نانە بەو ڕۆنە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللاو دڵسۆزییەشدا پەیمان بەداواو خواستی جگەرگۆشەکانمان نەبردووە و لە ئاستیان دەستەوسان بووین و نەمانتوانیوە ئەدەبێکیان پێشکەش بکەین کە خۆیان گەرەکیانە و خەوی پێوە دەبینن، چونکە زۆربەی ئەوانەی بۆ منداڵیان نووسیوە بەشێوەیەکی لاوەکی لایان بەلایدا کردۆتەوە، کە تاقەتیان لە شیعر و چیرۆک و شانۆ و...تاد. چووە، دەستیان داوەتە قەڵەم و بۆ جگەر گۆشەکانی کورد ئەسپی خۆیان لەو مەیدانەدا تاوداوە.

بەشبەحاڵی خۆیان ڕۆڵیان بینیوە و جێ دەستیان دیارە و شانازیان پێوە دەکرێ و کەس ناتوانێ هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر هەوڵەکانیاندا بێنێ و بە بارگە مەڵۆیان لەسەر شاراو خەرمانی ئەدەبی منداڵان داناوە، کەمن ئەوانەی یەکەم جار قەڵەمیان بۆ منداڵ خستۆتە سەر کاغەز و دەستی بەخشندەییان بۆ ڕاکێشاون و لەو کاروانە دانەبڕاون و مێشک و زەینی منداڵانیان زاخاو داوەتەوە، بەڵام ئەو لایەنە کەمەش تینوێتی منداڵی کورد ناشکێنێ.. ئەوەی ڕاستی بێ کتێبخانەی کوردی پێویستییەکی لە ڕادەبەدەری بە ئەدەبی منداڵان هەیە و ڕەفەکانی خاڵین و بەردەوام دەمەداڵانێی کتێب و گۆڤاری منداڵانن لەبەر ئەوەی پێوەندییەکی سەرومڕی بەوانەوە هەیە، ئەو کتێبانەیش زۆربەیان لەڕووی زمان و داڕشتنەوە بێ هێزن و بە وشەی گران و نامۆ و ڕستەی ئاڵۆز چنراون و بێ گرێ و گۆڵ نین و منداڵ چێژیان لێ وەرناگری.

ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە لە ئامۆژگاری و لایەنی پەروەردەی خوو و ڕەوشت خاڵین، ئەورووپییەکان لەسەدەی (١٩) نۆزدەیەمدا ئەم ڕێبازەیان بڕیوەو لەوەرتەو بەرەی بوونەتەوە.